بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و
ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان
١٩٥٨ - ١٩٧٥

بەرگی دووەم

ئەیوب بابۆ بارزانی

Editions Orient - Réalités Genève

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ١٩٥٨ - ١٩٧٥

ئەیوب بابۆ بارزانی

ئەم کتێبە، لەگەڵ شێوازی فیکری باوی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت، کە بەرهەمی پڕوپاگەندەی چەواشەکاریی حیزبیە، بە دووریشی نازانم کاردانەوەی توند بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەوە ڕووبدات، Dersden James دەڵێت: "کاتێک درۆی باش و ڕێکخراو، بە تێپەڕبوونی نەوەکان و بە هێواشی دەفرۆشرێن، ڕاستییەکان وەک شتێکی نالۆژیکی دەردەکەون و بەرگریکارەکەی وەک شێتێک و وڕێنەکەرێک دەردەکەوێت" ئەمەیش بە تەواوی لە دەروونی کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆدا بەرجەستەیە. بەڵام من دڵنیام کە گەلە تێکۆشەرەکەمان، لەژێر کاریگەریی مادە بێهۆشکەرەکان و پڕوپاگەندەی چەواشەکەردا بەئاگا دێتەوە و ئەو ڕاستییانە ئاشکرا دەکات کە کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنییان هەبووە، لەسەر ئێستا و داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان. ئەمەیش پێویستییەکی مێژوویە و گەلە زیندووەکان لێی بێئاگا نابن، وا دیارە گەلی کوردستان لە کاروانی شۆڕشەکان دوانەکەوتووە کە لە سەرەتای ئەمسااڵەوە (٢٠١١) ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستیان گرتووەتەوە، کە تێیدا دیواری ترس ڕووخاوە و کۆمەڵانی خەڵک داوای گۆڕانکاری دەکەن، دژی گەندەڵیی حکومڕانیی بنەماڵەیی، کە وێنەیەکی نەرێنیی لای زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک هەیە، دەربڕینی ناڕەزایی بەرپایە و داوای گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کوردستان دەکەن.

Editions Orient - Réalités
Case postale 1477 CH.1211 Genève 1- Suisse
9 782940 325197

بەرگی دووەم

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و

ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

١٩٥٨ - ١٩٧٥

ئەیوب بابۆ بارزانی

■ نـووســـەر: ئـەیـوب بابۆ بارزانی

■ بـابـەت: لـێکـۆڵـیـنەوەی مێژوویی

پێداچوونـەوەی زمانەوانـی: هێمن زەنگەنە

■ نـۆرەی چـاپ: یـــەکـــەم 2026

■ ISBN: 978 - 2 - 940325 - 19 – 7

(In a time of universal deceit telling the truth is a revolutionary act.)
George Orwell 1093-1950

ڕاستی گوتن لەسەردەمی تەڵەکەبازیی جیهانیدا کارێکی شۆڕشگێڕانەیە
جۆرج ئۆرویل 1903-1950

(All truth passes through three stages. First, it is ridiculed. Second, it is violently opposed. Third, it is accepted as being self-evident.)
Arther Schopenhauer 1788-1860

هەموو ڕاستییەك بە سێ قۆناغاندا تێدەپەڕێت: یەکەم جار تووشی گاڵتەپێکردن دەبێت. دووەم جار بە تووندیی ڕووبەڕووی دەبنەوە. سێیەم جار پێشوازیی لێدەکرێت لەبەر ئەوەی لە بەڵگە نەویستەکانە
ئارسەر شۆپنهاوەر 1788-1860

(Anyone who has proclaimed violence his method inexorably must choose lying as his principle.)
Aleksandr Solzhenitsyn 1918-2008

هەرکەسێك پەنا بەرێتە بەر تووندوتیژیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، چار نییە دەبێ درۆکردن بکا بە مەبدەئی خۆی.
ئەلیکسەندەر سۆلژنتسن 1918-2008

ناوەڕۆك

مەلا موستەفا و سەددام حوسێن_دوو ئەکتەری مەیدان..... ١١
شکستی سەرکەوتن_ (١٩٧٠ - ١٩٧٥) ٨٩
هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەمەریکا..... ١٤٥
دەزگای (CIA) لە ڕەتکردنەوەوە بۆ مامەڵەکردن_(ڕیزبەندیەکی نوێی سیاسی)..... ١٧٣
فشاری سەربازیی هاوتەریبی دیپلۆماسی ئێرانی ٢٠٥
هەڵاتن و دەستبەردان لە گەلی کورد (کۆتایی گەمەکە)..... ٢٧٥
دیپلۆماسیەتی دەروەستکردنی وەهم ٣١٩
سەپاندنی خۆبەدەستەوەدان..... ٣٤٥
پاشکۆی ١: هەڵسەنگاندنی (CIA) بۆ ئەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥..... ٣٦٩

بەشی دووەم

لەباربردنی داینامیکییەتی کۆمەڵگەی کوردی.

پشت بەستن بە دەرەوە و تێکدانی بەرەی ناوخۆیی.

پڕۆژەی میراتگری وێرانکەر.

مەلا موستەفا و سەددام حوسێن
دوو ئەکتەری مەیدان

لە سیاسەتدا، دوو ئەکتەری سەرەکی یان زیاتر هەن، هەر ئەکتەرێکیش دەبێت خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی بزانێت و لەبەرچاوی بگرێت. هاودەم، ناسینی خاڵی بەهێز و لاواز و بارودۆخی بەرامبەرەکەی بزانێت. ئێمە لێرەدا لە بەردەم ڕۆڵی (سەددام حوسێن) و ڕۆڵی ئەکتەری بەرامبەرداین واتە (مەلا موستەفا)؛ کار و کاردانەوەی هەریەکێکیان لە هەمبەر ئەوی تردا، ئەوەیش بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بۆ خوێنەر بڕەخسێنرێن و توانای تێگەیشتنی لە پێکهاتەی کەسایەتیی هەردووکیان و دیدگاکانیان لە بەڕێوەبردنی ململانێی سیاسیدا هەبێت، وەک زانراویشە هەردووکیان لە پێگەی سەرکردایەتی و بڕیارسازیدا بوون، لەبەرئەوە گرنگە بزانین تا چەند درکیان بە ڕاستییەکانی هێز و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی جەنگی سارد و چوارچێوە نەگۆڕەکانی جوگرافیا و مێژوو کردووە. دەیەی یەکەمی تەمەنی کۆماری عێراق، چوار کۆدەتای سەربازیی بەخۆوە بینی، سیاسەت لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی دیدگای داروینیزم بوو (مانەوە بۆ بەهێزەکانە)، حیزبی بەعسیش دوای ساڵی ١٩٦٨ وەک هێزێکی سیاسی کە هۆکارەکانی مانەوەی لە خۆیدا هەڵگرتبوو، جارێکی تر لە ناو ژینگەیەکدا کە تەمەنی ڕژێمەکان لە دوو ساڵ و چەند مانگێک تێنەدەپەڕین، هاتەوە مەیدان. بۆیە یەکەمین ئاستەنگ کە دەبوو دەرکی بکەن، بریتیبوو لە دۆزینەوەی سیستمێک توانای مانەوەی هەبێت، دووهەم سەلماندنی جۆرێک لە یەکێتی لە ناو وڵاتێکی فرە (ناسنامە، زمان، نەتەوە و مەزهەب)دا، سێهەمیش سیاسەتی تێکەڵکردنی دوو نیشتمان بوو لە یەک نیشتماندا، چوارەمیش ڕێگریکردن بوو لە دەستوەردانی دەرەکی (ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بەهۆی دابەشبوونی ناوخۆییەوە.[1]

[1] The Future of Iraq. Liam Anderson & Gareth Stansfield. Palagrave.2004. Page:49

کۆمەڵگە و نەتەوە شارستانییەکان، کێشەی فرەنەتەوەیی و فرەزمانییان بە گرتنەبەری چارەسەری سیستمی فیدراڵی، یان پیادەکردنی مافی چارەنووسی گەلان چارەسەرکردووە، بەڵام لە عێراقدا لە سایەی حوکمی بەعسدا و لە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئاستەنگەکاندا لەدەیەی یەکەمدا، چارەسەر و هەوڵەکانیان بە گرتنەبەری توندوتیژی سەپاند. هێزی حکومڕانی بە هەموو جۆرە دژەکۆدەتایەک پڕچەککرا، وەک بە بەعسیکردنی (سوپا و ئاسایش و پۆلیس)، دەرئەنجامەکەیشی ڕێژیمی تۆتالیتاری و دەسەڵاتی تاکحیزب، گۆڕا بۆ دەسەڵاتی تاکەکەس بەناوی هەموو حیزب.

کاتێک سەددام حوسێن لەگەڵ وەفدێکی یاوەریدا، سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ مەلا موستەفا کۆبووەوە، (دواتر ڕێککەوتنامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠یان واژۆ کرد) سەددام ئەوکاتە تەمەنی ٣٣ ساڵ بوو، لە کاتێکدا مەلا موستەفا لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا بوو و ئەزموونێکی درێژی لەگەڵ ژیانی خێڵەکیدا هەبوو، بەڵام لە مانۆڕە سیاسییە سەردەمییەکان و هەڵسەنگاندنی دروستی سروشتی ئەم پیاوە گەنجە تێنەگەیشتبوو، سەددام نەرمییەکی نائاسایی نیشان دا و هەموو خواستەکانی لایەنی کوردیی پەسەند کردن، تێگەیشتنی هەڵەی سەرکردایەتیی کورد بۆ سروشتی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست و سەرکردەکانی و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی بەغدا، هۆکارێکی گرنگی ئەو نسکۆیە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٥دا بەسەر گەلی کورددا هات. لە ڕاستیدا سەددام حوسێن لە پێگەیەکی لاوازدا بوو، بەڵام لە ڕێگەی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ لاوازییەکەی گۆڕی بۆ هێز و توانی بە هێواشی هەڵوێستی مەلا موستەفا لاواز بکات، بەڵام ئەوە بەهۆی زیرەکیی سەددام حوسێنەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو هەڵانەوە بوو کە مەلا موستەفا ئەنجامیدان و سەرکەوتنەکانی بەخراپی بەکارهێنان و هەستی بە مەترسی لەسەر گەلی کورد و خەباتە چەکدارییەکەی نەدەکرد، مەلا موستەفا نەیدەزانی ڕێکەوتنەکە بۆ کوێی دەبات، لە کاتێکدا سەددام حوسێن دەیزانی خۆی ڕێکەوتنەکە بەرەو کوێ دەبات. سەددام، ویستی بەپێی سیاسەتی (ئێستا بدە تاوەکو دواتر چەند بەرانبەری ئەوەی داوتە وەریبگریتەوە) لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد نزیک بێتەوە، چونکە بەدەست مەترسیی جیدیی ڕووخانی ڕژێمی حیزبەکەیەوە دەینالاند، ترسی کۆدەتای سەربازی لە

ئارادا بوو، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٣دا ڕووی دا، لێرەدا ئەرکی سەددامی گەنج، ڕەخساندنی بارودۆخی گونجاو بوو بۆ ئەوەی کاتی هەبێت بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی لەناو دەزگاکانی حیزب، سوپا، ئاسایش و حکومەتدا. لەبەرئەوە ئارامکردنەوەی بەرەی کوردی تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، پێویست بوو. سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد ئەوەیان دایە دەست سەددام کە دەیویست، ئەویش بریتی بوو لە (بەدەستهێنانی کاتی پیویست بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات).

مەلا موستەفا وەک سەددام حوسێن، پێویستی بە پاراستنی هەژموونی خۆی نەبوو، چونکە ئەو کامپە سەربازییەی ئاماژەمان پێدا، ساڵانێک بوو لەسەر سنووری ئێران جێگیر ببوو، سەرۆکی حیزبیش لەسەر سنووری ئێران دەژیا، ئەم کامپە سەربازییە کە لە سەرەتادا جوڵاوبوو و دواتر جێگیربوو و ناونرا (بارەگای بارزانی)، ئەم دامەزراوە دارایی و سەربازییە لەژێر هەژموونی ڕاستەوخۆی مەلا موستەفادا بوو، خزمەتکار و دەربار و نزیکەکان و شاعیرانی تێدابوو، مەکتەبی سیاسی و هەواڵگریی لەخۆدەگرت، دامەزراوەیەک نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی و بەسترابێتەوە بە بەڕێوەبردنی گەلەوە بۆ ڕاییکردنی کاروباری کۆمەڵگە، بەڵکو گرێدراوبوو بە خودی مەلا موستەفا و بنەماڵەکەیەوە، بارەگا پەیوەست بوو بە هەبوونی خۆیەوە، بە نەمانی ئەو کۆتایی دەهات، بۆ ئەوە دروستی کردبوو تا لەناویدا خۆی و بنەماڵەکەی تێدا توند بکات، بەرزترین دامەزراوە بوو لە بزووتنەوەی کوردیدا.

سەددام حوسێن لە ٢٨ی نیسانی ١٩٣٧ لە گوندی عۆجەی سەر بە تکریت لەدایك بووە، سەردەمی منداڵی بە سەختی بەسەربردووە، بەو پێیەی هەرکاتێك نەچووایە بۆ شوانی، زڕباوکەکەی لێیدەدا. خاڵی (خەیرووڵڵا تەلفاح) لە تەمەنی دە ساڵیدا گرتیە خۆی، تەلفاح سەرسام بوو بە ئەدۆلف هیتلەر و نازیزم. لە سەرەتای پەنجاکاندا، خەیرووڵڵا بڕیاری دا گوندی عۆجە بەجێ بهێڵێت، چونکە ژیانی گوند خولیاکانی ئەویان تێرنەدەکرد، لەگەڵ سەددام چوونە بەغدا و ژمارەیەک لە تکریتییەکانیش وەک بازرگانی چالاک، ڕوویان لە بەغدای پایتەخت کردبوو. هاوڕێی سەددام، خاڵۆزاکەی بوو (عەدنان خەیرووڵڵا) کە لە هەمان تەمەندا بوو، عەدنان پەیوەندیی کرد بە ئەکادیمیای سەربازیی

نیشتمانیی عێراقی، کە ناوبانگێکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو، لە کاتێکدا سەددام حوسێن پەیوەندیی کرد بە حیزبی بەعسەوە کە تازە دامەزرێنرابوو. دوای دوو ساڵ، سەددام یەکەم تاوانی تیرۆری سیاسیی ئەنجام دا و یەکێک لە خزمە دوورەکانی کردە ئامانج، کاتێک باسی ئەو ڕووداوە دەکرا سەددام شانازیی پێوەدەکرد و ئەمەیشی لەو کتێبانەدا تۆمار کردووە کە باس لە ژیانی خۆی دەکەن.[٢] خاڵی لێکچوونی نێوان بەعسییەکان و نازیزمی ئەڵمانی تەنها (پاڵەوانپەرستی) نەبوو، بەڵکو هەردووڵایان باوەڕیان بە ناسنامەی ڕەگەزپەرستی و ئەو پیلانە شەیتانیانە هەبوو کە لایەنە بیانییەکان دەیگێڕن، هەروەها پێیانوابوو جەنگ ئامرازێکە بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکان.

سەددام، لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا ڕۆڵی هەبوو لە هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم، کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی بە شەقامی ڕەشیددا تێدەپەڕی، دوای شکستی ئەو هەوڵە، سەددام حوسێن توانیی ڕابکات بۆ دیمەشق و لەوێیشەوە بۆ قاهیرە، لە ساڵی ١٩٦٣دا لەکاتێکدا هێشتا لە میسر بوو، هاوسەرگیریی لەگەڵ ساجیدەی کچی خەیرۆڵڵا تەلفاحی خاڵی کرد. بە هاوپەیمانیی بەعسییەکان لەگەڵ عەقید عەبدولسەلام عارف، ڕژێمەکەی قاسم ڕووخێنرا. بۆ ئەوەی هەمووان لە کوژرانی قاسم دڵنیا ببنەوە، تەرمەکەی لە شاشەی تەلەفزیۆنی عێراقەوە پیشاندرا، لێرەدا سەددام حوسێن بە پەلە گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕژێمی نوێدا دەستبەکاربێت، خولیای سەددام بۆ پیلانگێڕی و تواناکانی لە بواری چەواشەکاریی دەروونی، پیشەیەکی نوێی حیزبی پێبەخشی، کە پەیوەست بوو بە ئەشکەنجەدانی نەیاران لە زیندانە سەرەکییەکانی حیزبی بەعسدا، وەک کۆشکی کۆتایی (قصر النهاية).

لە ساڵی ١٩٦٣دا عەقید عەبدولسەلام عارف پۆستی سەرۆککۆمار و لە ڕژێمی بەعسدا ئەحمەد حەسەن بەکر، پۆستی سەرۆک وەزیرانیان وەرگرت، کە هەردووکیان سەربازی بوون، ئەمە یەکەم ئەزموونی بەعسییەکان بوو لە عێراقدا لە پڕۆسەی کۆدەتا

[2] Kenneth R. Timmerman The Death Lobby. How the West Armed Iraq. Houghton Mifflin Company:2-3.

و حکومڕانیدا، بەعس لە حکومڕانییەکەیدا پشتی بە تیرۆر و کوشتن دەبەست و زیاتر لە باندێکی چەکداریی تینوو بە خوێن و تۆڵەسەندنەوە دەچوون، نەک حیزبێکی شارستانی کە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بگرێت. میلیشیاکانیان پابەندی هیچ یاسا و ڕەوشتێک نەبوون، ئەمەیش وایکرد حیزبەکە لە ناو کۆمەڵگەی عێراقیدا پەراوێز بخرێن و قێزەون بن.

دوای ڕاگەیاندنی لەناوبردنی شیوعییە عێراقییەکان لە یەکەم ڕۆژی کۆدەتا خوێناوییەکەیان دژ بە عەبدولکەریم قاسم، حیزبی بەعس لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا هەڵمەتێکی سەربازیی توندی بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد، لە ئاسمان و زەوییەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکان و سیاسەتی خاکی سووتاویان پەیڕەو کرد و ڕێزی هیچ یاسایەکیان نەگرت، مزگەوت و کەنیسەکانیان ڕووخاندن، پاڵنەرەکەیان ڕۆحی دڕندەیی و خوێنڕێژی و ڕەگەزپەرستی بوو. هەڵمەتەکە زۆری نەخایاند، چونکە گەلی کوردستان بەرگرییان کرد و هەڵمەتە سەربازییەکەیان شکستی هێنا، هاوپەیمانیی بەعس لەگەڵ سوپا لەبەریەک هەڵوەشایەوە، عەبدولسەلام عارف، سێیەم کۆدەتای لە ژیانیدا ئەنجام دا. وەک هەمیشە دژی بەعسییە هاوپەیمانەکانی دوێنێ و ئەمڕۆیشی بوو.

کۆدەتاکانی بەغدا و ململانێ ناوخۆییەکانی سوپا، هەر لە مێژەوە ڕەنگدانەوەی پێشینەی ئەو ڕەگەزە خوێناوییەیە لە دروستکردنی گۆڕانکاریی سیاسی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا؛ سیاسەت لە دەرەوەی تونددوتیژی بوونی نییە، عەبدولسەلام عارف لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم بەشداریی لە کۆدەتا کرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، پاشان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەگەڵ بەعس هاوپەیمانیی بەست بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، دواتر لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ کۆدەتای بەسەر بەعسییەکاندا کرد، ئەم کۆدەتایانە بوونە هۆی زیادبوونی تونددوتیژی، تیرۆریان کردە تاکە ئامراز بۆ گۆڕانکاریی سیاسی و مانەوە لە دەسەڵات. سەددام حوسێن، جارێکی دیکە ڕایکرد و پەنای بۆ سوریا برد و پەیوەندییەکی تونددوتۆڵی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکردا هەبوو، کە لە ساڵی ١٩٦٥دا لەکاتێکدا لە مەنفا بوو وەک ئەمینداری

گشتیی حیزب دەستنیشانکرا، پەیوەندیی خزمایەتی و دڵسۆزیی بۆ بەکر، وایکرد کە دواتر پاداشتی بداتەوە و وەک جێگری خۆی دەستنیشانی بکات.[٣]

لە ساڵی ١٩٦٥وە تا گەڕانەوەی دووبارە بۆ دەسەڵات لە ٣٠ی تەممووزی ١٩٦٨ سەددام ڕێکخەری سەرەکیی حیزب بوو، ئەو بوو کە بەعسی گۆڕی بۆ دەزگایەکی بەهێزی وێرانکەر، کە توانای کۆدەتای سەربازی و پاراستنی دەسەڵاتی هەبێت، شێوازی ترۆتسکی و گۆبڵزی گرتەبەر و بە نهێنی گەڕایەوە بۆ بەغدا و چەکی کڕی و خانووی نهێنی و ئارامی بەکرێگرت، هەروەها بنکەی مەشقی بۆ چەکدارە بەعسییەکان دامەزراند و بەشێکی ئەمنیی تایبەتی پێکهێنا بەناوی دەزگای حەنین، کە یەکەم ئەرکی چاودێریکردنی حیزب و ناسینەوەی ئەگەرەکانی جیابوونەوە (ئینشیقاق) و دروستکردنی دڵسۆزییەکی کەسیی توند بوو کە لەسەر بنەمای ترس دامەزرابوو.

حیزبی بەعس، بەوە جیا دەکرایەوە کە ئەندامەکانی لە هەر بەشێکیاندا زیاتر سەر بە هەمان مەزهەب یان هەمان گوند و شار و عەشیرەت بوون. لە گرنگترین ئەم گرووپانە، تکریتییەکان بوون کە دڵسۆزی بەکر و سەددام حوسێن بوون، ئەو پەندە عەرەبییە کە دەڵێت: (من لەگەڵ برامم دژی ئامۆزام، من و ئامۆزام دژی دراوسێمین، من و دراوسێم دژی هەمووان)، ئەو لۆژیکە بوو کە لای سەددام حوسێن باڵادەست بوو. فەرهەنگی سیاسیی سەددام لە تاکتیک و هەناوی کاری نهێنیدا دروست ببوو، بۆیە لە زەینیدا هەستێکی بەهێزی چالاکیی نهێنیی گەڵاڵە کردبوو، هەرچەندە وردە وردە حیزبی بەعسی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە بەکارهێنانی پرەنسیپی (درۆی گەورەی گۆبڵز) بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتیی ناوخۆ و دەرەوە، بەڵام دەستی لە پێکهاتەی خانە نهێنییەکانی بەعس هەڵنەگرت بۆ ئەگەری دووبارە ونبوونەوە، تا بتوانێت پشت بە شانە نهێنییە ناوخۆییەکانی حیزب ببەستێت کە بە تەواوی دڵسۆزی خۆی بوون، دوای ساڵانێکی زۆر و لە ڕێگەی ئەم شانانەوە توانیی چەند مانگێک بە شاراوەیی لە (چاڵێک)دا بمێنێتەوە، کە لایەنگرانی دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە

[3] Ibid,p:5-6

لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆیان ئامادە کردبوو، بەڵام هێزە ئەمریکییەکان لە چاڵەکە دەریانهێنا و وێنەکانی لە شاشە جیهانییەکانەوە پیشاندرا و وەک مرۆڤی ئەشکەوت دەرکەوت.٤

کاتێک هەوڵێکی بەعسییەکان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عارف شکستی هێنا، دەسەڵاتدارانی حکومەت سەددام حوسێنیان لە ماڵێکدا لە بەغدا گەمارۆ دا و دەستگیریان کرد و ڕەوانەی زیندانیان کرد، بەڵام بە هەموو پێوەرێک دۆخی ئەو لە زیندان وەک میوانێک بوو کە خاوەن ئیمتیاز بێت، ناڕەزایەتییەکی زۆر بەرامبەر ڕژێمی عارف هەبوو، سەددام توانیی زۆرێک لە پاسەوانانی زیندانەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ڕێگەیان بە هاوڕێ و خێزانەکەی دەدا سەردانی بکەن و ڕۆژنامە و خواردن و نامەی کۆدکراوی (تەشفیرکراو)ی لە لایەن پشتیوانەکەی، ئەحمەد حەسەن بەکرەوە بۆ بهێنن کە بە وردی لە دەرەوە چاودێریی دۆخە سیاسییەکەی دەکرد. ڕۆژێکیان هاوسەرەکەی لەگەڵ یەکەم کوڕی ساوای، سەردانی دەکات و نامەیەکی زۆر گرنگی پێ بوو کە لە ژێر دایبی (حەفازە)ی منداڵەکەدا شاردبوویەوە. دەستی لە منداڵەکە وەشاند تا بگری و بە چرپە وتی: نامەکە لەژێر دایبیپەکەدایە، باوك (سەددام) دەستی برد بۆ ناو جلەکان و نامە لوولکراوەکەی ئەحمەد حەسەن بەکری وەرگرت، کە تێیدا هاتبوو بەعس زانیاریی هەیە ئەفسەرە ناڕازییەکانی سوپا پیلانی کۆدەتایەکی تر دژی ڕژێمی عارف دەگێڕن، لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەمە دەرفەتێکە نابێت لە دەست حیزب بچێت، هەروەها وردەکاریی پلانی ڕاکردن لە زیندانیشی تێدا بوو.[٥]

سەعدون شاکر، کە هاوڕێی منداڵیی سەددام بوو و ئەویش خەڵکی تکریت بوو، پلانی هەڵاتنی لە زیندان بۆ ڕێکخستبوو، پاسەوانە هاوسۆزەکانی بەعس پێیان ڕاگەیاندبوو سەددام دەگوازرێتەوە بۆ زیندانێکی تر کە ڕێوشوێنی ئەمنیی تووندتر، بۆیە پلانی ڕاکردنەکەیان بەشێوەیەك دارشت کە ئەو ئۆتۆمبێلەی سەددامی دەگواستەوە، لە چێشتخانەیەکی شەقامی ئەبونەواس بۆ نانخواردن بوەستێت، پاشان سەددام داوای

[4] Ibid,p:6

[5]Kenneth R. Timmerman، Ibid, p:7

چوونە سەرئاو دەکات و لە دەرگای پشتەوە دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بە سەعدون حەمادی بگات و بچێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەی کە لە سەرەتای ڕێگەکەدا وەستابوو، پلانەکە بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرا و سەددام بزر بوو، بەمشێوەیە دەزگای هەواڵگریی بەعس سەرکەوتنێکی گرنگی بەدەستهێنا.[٦]

لە سپێدەی١٧ی تەممووزی ١٩٦٨دا سەددام حوسێن لە گۆڕەپانی کۆشکی کۆماری، لەناو تانکێکدا لەگەڵ لیوایەکی زرێپۆش دەرکەوت، هەرچەندە ئەو ئەفسەرێکی سەربازی نەبوو، بەڵام خاوەن هزرێکی سەربازی بوو (هاوڕێ ئەفسەرەکانی پێیانوابوو ئەویش یەکێکە لەوان) بەعسییەکانی تر دەستیان بەسەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و پۆلیسدا گرت، لە ڕاستیدا کۆدەتاکە لەلایەن دوو لایەنگری پێشووی عەقید عارفەوە ئەنجامدرا، ئەوانیش (عەقید عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم داود) بوون، بەعسییەکان لە ڕێگەی دەزگا نهێنییەکەیانەوە پشتگیرییان کردن و بەو شێوەیە سواری شەپۆلەکە بوون، تا خۆیان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە داهاتوودا ئامادە بکەن.

بەکر و سەددام حوسێن، سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو هەڵانە دووبارە نەکەنەوە کە پێنج ساڵ لەمەوبەر ئەنجامیان دابوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوون بەعس ناتوانێت بەشێوەی هاوپەیمانی لەگەڵ سوپا حوکم بکات، بۆ ئەو مەبەستە یەکەمین ئەرکیان ڕزگاربوون بوو لە (عەقید/ عەبدولڕەزاق نایف کە سەرۆکایەتیی ئەفسەرانی شۆڕشگێری دەکرد) پاشان دەستەمۆکردنی سوپا، لێرەدا ئێمە لە بەردەم باندێکداین کە دڵڕەقییەکی بێوێنەیان هەیە. لە بەرامبەردا گەلێکی بێهۆشکراویش کە هیچ دەسەڵات و توانا و یەکدەنگییەکی نییە و چاوەڕێ دەکات ئەو باندە بچنە سەرکورسیی دەسەڵات، تاکو لەژێرپێیاندا چارەنووسیان سەرشۆڕی و وێرانکاری و مەرگ بێت.

سەعدون شاکر، دوای چەندین ساڵ زۆرێک لە وردەکارییەکانی هەڵگەڕانەوە دژی ئەفسەرەکانی کۆدەتای، بە شانازییەوە گێڕاوەتەوە؛ ناوبراو هاوکاریی (فوئاد مەتەر) نووسەری ژیاننامەی سەددام حوسێنی دەکرد و دەڵێت: بە پشتگیریی (ئەحمەد حەسن

[6] ,Ibidp:7

بەکر)، سەددام حوسێن دیمانەیەکی لە کۆشکی کۆماری ڕێکخست، عەبدولڕەزاق نایف زۆر بە سادەیی بەوە ڕازی بوو دوای نانی نیوەڕۆ بچێتە کۆشکی کۆماری، وا دیارە لە کاتی گەیشتنیدا هەستی بە هیچ نیازێکی گلاوی پێشوەختە نەکردبوو لەو بانگهێشتە، سەعدون شاکر لەگەڵ ژمارەیەک لە پاسەوانە تایبەتەکانی، لە ڕێڕەوەکەدا دەوریان گرت و پیاوەکانی نایفیان دەستگیرکردن. لە ناوەوەی کۆشکیش، سەددام حوسێن دەمانچەکەی دەرکرد و دەستی کرد بە لێدانی عەبدولڕەزاق نایف تا ئەوکاتەی دواجار داڕما و بە کوڵ دەگریا و دەیگوت: چوار منداڵم هەیە بۆچی وام لێدەکەیت؟ سەددام حوسێن، بە بێباکییەوە گوتی: خۆت و منداڵەکانت سەلامەت دەبن ئەگەر ڕازی ببیت عێراق جێبهێڵیت و پۆستی باڵیۆز وەربگریت، دوای گفتوگۆیەکی کورت نایف پۆستێکی فەخریی وەک باڵیۆز لە مەغریب وەرگرت، بەڵام بۆ سەرۆکی باندەکە (سەددام) کە دواتر بوو بە سەرۆکی عێراق ئەوە بەس نەبوو، سەددام پێداگری کرد لەسەر ئەوەی تا فڕۆکەخانەی بەغداد یاوەریی بکات. کاتێک ئۆتۆمبێلەکەیان بە بازگە سەربازییەکاندا تێدەپەڕی کە زۆرێک لە پاسەوانە دڵسۆزەکانی نایفی لێ بوو، بە چرپە پێیگوت: ئاسایی ڕەفتار بکە. لەیادت نەچێت دەمانچەکە لەژێر پاڵتۆکەمدایە، سەددام حوسێن چاودێریی فڕۆکەکەی دەکرد کاتێک خەریک بوو بفڕێت. شاکر بەمشێوەیە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: فرمێسک لە چاوەکانی سەددام هاتە خوارێ، فرمێسکی هاوسۆزی نەبوو بۆ نایف، بەڵکو لەپڕ بیری هاتەوە کە دەکرا تەنیا یەک فیشەک کۆتایی بەم شانۆیە بێنێت، ئەمە ئەوەیە کە دواتر سەددام باسیکرد: ئەمە بڕیاری قەدەر بوو. بەڵام سەددام حوسێن لەو کەسانە نەبوو کە تەنیا پشت بە بڕیاری قەدەر ببەستێت، دواتر پیاوانی هەواڵگری یان ئەمنیی سەربازیی نارد بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێک بێت، چاودێریی بکەن و تێی بگەیەنن کە ئەو پیاوێکی مەترسیدارە و هەرگیز ڕێگەی پێنادرێت بگەڕێتەوە نیشتمان، لە تەممووزی ١٩٧٨یشدا دوای دە ساڵ لە تاراوگە، کاتێك لە شوقەکەی خۆی لە لەندەن دەهاتە دەرەوە، نایف بە

دەستی پیاوەکانی سەددام تیرۆرکرا. سەددام حوسێن وانەیەکی باش فێربوو، ئەویش ئەوەیە: هەرگیز هەلی دووەم بە نەیارەکەت مەبەخشە.[٧]

(دڵسۆزی بۆ سەرکردە) و (بڵاوکردنەوەی ترس) لە نێو دۆست و دوژمندا، کۆڵەکەی سیاسەتی سەددام بوون. حامید جبووری وەزیری کاروباری سەرۆکایەتیی کۆمار و ڕاگەیاندن و کاروباری دەرەوە لە سەردەمی هەردوو سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن، کە ئەحمەد مەنسوور لە کەناڵی جەزیرە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە (ڕێکەوتی چاوپێکەوتنەکە: ٢٠٠٨/٦/٢) دەڵێت: بەڵێ، بڕوانە ترسەکە تەنیا کەسی نەبوو. بێگومان مرۆڤ نییە نەترسێت، بەڵام خودا دەزانێت تەنیا من نەبووم، بەڵکو هەموو مرۆڤە شەریف و دڵسۆزەکانی ناو بەعس و گەلی عێراق بەگشتی و هێزە چەکدارەکان بەتایبەتی، لە شێوازی کاری سەددام دەترسان، ئەو کەسەی بەر تووڕەیی سەددام دەکەوت تەنیا خۆی بەئامانج نەدەگیرا، بەڵکو خێزانەکەیشی تووش دەبوون و ناموس و شەرەفی دەشکێنرا. ئەمەیش بابەتێکی زۆر گەورەیە بۆ کۆمەڵگەکانی ئێمە و هەموو کۆمەڵگەیەك، بەڵام بەتایبەت کۆمەڵگەی پارێزکار، ڕق و تۆڵەکانی تا پلەی چوارەمی خزمایەتی بەئامانج دەگیران و پاڵپشتیی یاسایش دەردەکران بۆ سزاکانیان.

حوکمی دووەمی بەعس لە سەرەتادا بە لەرزۆکی دەستیپێکرد، کەشوهەوای سیاسیی عێراق لە ساڵی ١٩٦٨ پڕ بوو لە تەڵە و کێبڕکێ و توندوتیژی، کەمتر لە دوو مانگ دوای هەوڵی کۆدەتاکەی ٣٠ی تەممووز، ژمارەیەک لە لایەنگرانی عارف و ئەفسەرانی لایەنگری جەمال عەبدولناسر هەوڵێکی کۆدەتایان دا، لە مانگی تشرینی یەکەمدا ڕژێمی بەعس ڕایگەیاند کە پیلانگێڕییەکی زایۆنی تێکشکاندووە، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ دادگایەکی "گەل" دەستیکرد بە دادگاییکردنی ١١ جوولەکەی عێراقی، ئەمەیش بەمەبەستی کۆکردنەوەی جەماوەر و بەدەستهێنانی پشتگیرییان بوو دژی دوژمنێکی دەرەکی، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا عێراق نوقمی پەرتبوونێکی ناوخۆیی قووڵ ببوو.[٨] جگە لە سەددام حوسێن، دوو کاندیدی تر هەبوون بۆ جێگرتنەوەی بەکر، بۆ نموونە ساڵح مەهدی عەمماش (وەزیری

[7],Ibid,p:8

[8] Ibid, p:9

ناوخۆ)، بەڵام سەددام حوسێن بەهۆی نزیکیی لە بەکر و میشێل عەفلەق، توانیی هەموو ڕکابەرەکانی پاکتاو بکات، هەندێکیان مردن و هەندێکی تریان سەرکردایەتییان بەجێهێشت، بە وتەی یەفگینی پریماکۆف (پەیامنێری ڕۆژنامەی پراڤدا) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە یەکێک لە ئەرکەکانی باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و بەغداد و پاشان هێنانەدی ئاشتی بوو لە نێوان بزووتنەوەی کورد و ڕژێمی نوێی بەغداد. دەربارەی سەددام دەڵێت: تووندوتیژ، هەڵەشە، ئازا. لەهەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوکارەکانیدا، بێ هەست و سۆز. پێش ئەوەی سەددام حوسێن ببێتە کەسایەتییەکی گەورە و نامۆ لە بەردەم گەلی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا، یەکەمیان (سۆڤیەت) توانای بە سەدام بەخشی ببێتە ڕێبەری عێراق، دووەمیان (ئەمریکا) بەشداربوو لە داڕشتنی دیدگای بۆ جیهان و دابینکردنی ئەو بنەمایەی کە زۆربەی سیاسەتە دەرەکییەکانی لەسەر بونیادنا.[9]

بەعس، هەوڵی دا ئەو وێنە ترسناکەی پێشووی بڕەوێنێتەوە، بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعس بەردەوام جەختی لەسەر دیموکراسیەت و ئازادی دەکردەوە و باسی ڕزگارکردنی فەلەستینیان دەکرد، لەوکاتەدا وڵاتانی عەرەبی تازە لە شەڕی ١٩٦٧ دژی ئیسرائیل بەتێکشکاوی هاتبوونە دەرەوە. هەروەها هەوڵیان دا لە حیزبی شیوعی نزیک ببنەوە، ئەو حیزبەی بەشداریکردنی لە وەزارەتەکانی حکومەت کە حیزبی بەعس دروستی کردبوو، ڕەتکردەوە. کورد بە چوار وەزیر لە سەرەتادا بەشداربیان کرد، دووانیان سەر بە باڵی جەلال تاڵەبانی و دووانەکەی تر سەر بە باڵی مەلا موستەفا بوون، هەروەها هەوڵیان دا لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکەیان لە بەغداد ئێران هێور بکەنەوە و باسی هاوسێیەتیی باشیان دەکرد لەگەڵ ئێراندا.[10]

شەکیب ئاکرەیی، یەکێک لە بەرپرسەکانی دەزگای ئاسایشی کورد (پاراستن)، ڕووداوێکی گرنگ ئاشکرا دەکات کە دەریدەخات سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد تا

[9] Yevgeny Primakov،Russia and The Arabs. Basic Books A Member of the Perseus Books Group. New York.2009. P: 302

[10] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

چەند ملکەچی بڕیاری ئێران بووە و دەڵێت: شۆڕشی کورد، پلانێکی هەبوو بۆ هێرشکردنە سەر یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە ناوچەی ڕەواندوز و داگیرکردنی ناوچەکە بە هێزی چەک، پلانی هێرشەکە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٨دا، واتا پێش ڕووداتی کۆدەتا سەربازییەکەی تەممووزی ١٩٦٨ی بەغداد ئامادەکرابوو، شای ئێران ڕەزامەندیی لەسەر پلانەکە دابوو، ڕێگەی بە تێپەڕبوونی چەک و تەقەمەنی دابوو، مەشقکردن بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوو، کە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە هات، شای ئێران ڕێگریی لە هێرشەکە کرد. شەکیب دەشڵێت: ئەگەر هێرشەکە بکرایە، ڕەنگە ببوایە بە هۆی شکست و کۆتاییهاتنی حوکمی بەعس، چونکە لە سەرەتای کارەکانیاندا بوون و هێشتا نەیانتوانیبوو لەو کاتەدا ڕەگوڕیشەی خۆیان داکوتن.[١١]

ئەو دووانەیەی بە دوانەی (بەکر- سەددام) دەناسرا، خەریکی داڕشتنی نەخشەیەك بوون بۆ دەستبەسەرداگرتنی سوپای عێراق بە خێرایی، کۆدەتا لە دژیان وەک مۆتەکەیەکی ترسناک بوو، بۆیە دەستیانکرد بە پاکتاوکردنی سوپای عێراق لەو ڕەگەزانەی گومان لە دڵسۆزییان دەکرا بۆ دەسەڵات، خانەنشینیان کردن و کەسانی تری دڵسۆزیان بۆ دەسەڵات لە شوێنیان دانان. لێرەدا ئێمە لە بەردەم تواناکانی پیلانگێڕیی سەددام حوسێندایین، چونکە هەوڵەکانی کۆدەتا و کێبڕکێ خوێناوییەکان لە ناوخۆی باندە بەعسییە دەسەڵاتدارەکەدا - چ باڵە سەربازییەکەی و چ مەدەنییەکەی- ئارامییان نەبوو، ئەوەی شایەنی سەرنجە ئەوەیە کەسێکی مەدەنیی وەک سەددام حوسێن، ئەندازیاری دەستەمۆکردنی سوپای عێراق و بێدەسەڵاتکردنی بوو لە بەردەم دەسەڵاتدا. لەهەمان کاتدا بە دڕندەکردنی بوو دژی گەلی کورد و دواتر بەکارهێنانی ئەم سوپایە لە ماوەی سێ دەیەدا وەک ئامرازێکی زۆرەملێ و سەرکوتکردن و چەسپاندنی حوکمە خوێناوییەکەی بەسەر گەلانی عێراقدا. ئەم هەنگاوانە لە سەرەتادا بە کردنەوەی خولی مەشقی سەربازی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی بەعس دەستپێکرد، لێهاتوویی هیچ ڕۆڵێکی نەبوو بەڵکو دڵسۆزیی کوێرانە بۆ دەسەڵات، تاکە مەرجی پەسەندکردن بوو. زۆربەیان

[١١] هـ.س،ل٢٥٠.

دەرچووی خوێندنی ئامادەیی بوون و دوای ماوەیەک لە مەشق، پلەی جێگری ئەفسەر (نائب ضابط)یان پێ دەدرا، پاشان بەرز دەکرانەوە بۆ پلەی (مولازم)، ئەم خولانە سێ ساڵ بەردەوام بوون، وردە وردە سوپا کرایە دەزگایەکی بەعسی و ڤاکسینی ڕەگەزپەرستیی لێدرا، تا لە هەر کاتێکدا دەسەڵات فەرمانی پێ بکات ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی فەرمان و کۆمەڵکوژی.

هێشتا ساڵی ١٩٦٩ تەواو نەببوو، سەددام حوسێن دەستی بەسەر تەواوی دەزگاکانی ئەمن و هەواڵگری لە عێراقدا توندکردبوو. لەوانە: دەزگای حەنین، دەزگای هەواڵگریی سەربازیی سەر بە وەزارەتی بەرگری، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش کە تاوانبارێکی ناسراو بەناوی نازم گزار سەرۆکایەتیی دەکرد (دواتر سەددام کوشتی)، هەروەها تەواوی دەزگاکانی پۆلیسی عێراق. جگە لەوەیش شانە و ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعسی لەناو هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا چاند و پاشان دەستیکرد بە پڕۆسەی بەبەعسیکردنی کۆمەڵگە، بەمەبەستی بەهێزبوونیان و کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێریکردنی هاوڵاتییان.[١٢]

ئەرکی بەکر- سەددام، دابینکردنی هۆکارەکانی مانەوەی ڕژێمی بەعس بوو لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستمێکی تۆتالیتار، هەردووکیان بۆ ماوەی یازدە ساڵ هاوکاریی یەکتریان کرد. بەکر، پێشوازیی لە سەرۆکی دەوڵەتان دەکرد و یاساکانی دەردەکردن و ڕێککەوتنامەکانی واژۆ دەکردن و وتاری ئاگرینی دژی جوولەکە و سەهیۆنیزم و پیلانگێڕییە دەرەکییەکان دەخوێندەوە، هاوکات بانگەشەی دەکرد بۆ لەناوبردنی تابووری پێنجەم و بەرزکردنەوەی ئاڵای نەتەوەیی عەرەبی. سەددام حوسێن، شارەزاییەکی قووڵی هەبوو لە دەستنیشانکردنی ڕکابەرە گریمانەکراوەکان لە داهاتوودا و پێش ئەوەی ببنە مەترسی بۆ سەر حوکمەکەی لەناوی دەبردن، ڕێک وەک ئەوەی پزیشکێک خانە شێرپەنجەییەکان گەمارۆ دەدات، بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەیان بکات، لە سەرەتادا پشتی بە پۆلیسی نهێنی (دەزگای حەنین) بەست، ئەم دەزگایە دوای کۆدەتاکەی ١٩٦٨ فراوانتر بوو و گۆڕا بۆ دەزگای هەواڵگری (مخابرات) و ئەرکی

[١٢]، شكيب عقراوي، ل٢٧٨.

سەرەکیی چاودێریکردنی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان بوو لە کۆمەڵگەی عێراقیدا و لە شیوعیەکانەوە دەستیپێکرد، سەددام ئەم دەزگایەی سپارد بە سەعدون شاکری هاوڕێی منداڵیی خۆی، بۆ ئەوەی سەعدونیش لەژێر چاودێریدا بێت، براکەی خۆی (بەرزان ئیبراهیم حەسەن تکریتی)ی وەک جێگری سەعدون دیاریکرد[١٣]. بنەمای پەسەندکردن و هەڵبژاردنی کەسەکان لای سەددام لە سەرەتای سەرکەوتنیدا بۆ لووتکەی دەسەڵات، تەنیا دڵسۆزیی کەسی بوو بۆ شەخسی خۆی، ئەمە ئەو قسەیەیە کە حامید جبووری وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی و دەرەوە و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە سەردەمی (بەکر و سەددام)، لە بەرنامەی شاهد علی العصری کەناڵی جەزیرە لە ٢٠٠٨/٥/٢٦دا باسی کرد: (دڵڕەقیی لەڕادەبەدەر، یەکێک بوو لە دیارترین خەسڵەتەکانی سەرکردەکانی بەعس، بەتایبەتی سەددام حوسێن کە خۆیشی دانی پێدادەنێت)[١٤] سەمیر خەلیل لە کتێبی کۆماری ترسدا، ئاماژە بە فرەچەشنیی دیمەنەکانی لەسێدارەدان لەبەرچاوی جەماوەردا دەکات. لە ساڵی (١٩٦٩)دا زنجیرەیەک لەسێدارەدان لەم ڕێکەوتانەدا ئەنجام دران: ٢٠ی شوبات، ١٤ی نیسان، ٣٠ی ئایار، ٢١-٢٢ی ئاب، ٨ی ئەیلوول و ٢٦ی تشرینی دووەم[١٥].

---

[13] The Death Lobby. How the West Armed Iraq. Houghton Mifflin Company. Kenneth R.Timmiman,p:9.

[١٤] سەدام حسێن لە سەرەتای شەڕی ئێراندا، بە زمانە لادێییەکەی خۆی بە کۆمەڵێک بەعسی کە وەک خۆبەخش ناویان تۆمار نەکردبوو، گوتووە: "یەڵڵا، پاراستن (حمایە)، هەرکەسێک دەرناچێت لێی بدەن!" کاتێک یەکێک لە ئامادەبووە دەرکراوەکان دەستیکرد بە هوتافکێشان.. سەدام پێیبڕی و گوتی: "قسەم ناوێت.. قسەم ناوێت.. شۆڕش پیاوی خۆی و سەرکردەی خۆی و جەماوەری خۆی هەیە.. ئێوە بە دەرکراوی لە حیزب دەچنە دەرەوە.. سوێند بە خوا هەرکەسێک ببیستم بە چرپەیش بێت لەگەڵ هاوڵاتییەکی عێراقی یان بەعسییەک قسە بکات، بە دەستی خۆم دەیکەم بە چوار پارچەوە.. باش.. بیستتان.. تا سەرکردایەتی بڕیار لەسەر چارەنووستان دەدات.. یەڵڵا بڕۆنە دەرەوە نەعلەت لەو سمێڵانەتان بێت!"هەروەها سەدام لە ساڵی ١٩٧٨دا دەڵێت: "هەرکەسێک لە دژی شۆڕش بوەستێت ئەگەر هەزار کەس بن، دوو هەزار.. سێ هەزار.. دە هەزار بن، سەریان دەبڕم بەبێ ئەوەی یەک تاڵە موو بجوڵێت یان دڵم بۆیان بلەرزێت."

[15] Kenneth Timmerman،The Death Lobby. How the West Armed Iraq. Houghton Mifflin Company.p:9-10.



ئایەتوڵڵای عوزما سەماحەتی ئیمام سەید موحسین حەکیم و شێرکۆ عابید، لە ماڵی ئیمام (شوبات ١٩٦٩)

حەوزە زانستییەکانی شیعە، لە سایەی حوکمی بەعسی کە مۆرکی سوننی - شۆڤێنیی هەڵگرتبوو، ژیانێکی یەکجار سەختیان بەسەردەبرد. دەسەڵات، دەستوەردانی لە کاروباری مەرجەعەکاندا دەکرد، جارێک بە تەماع و جارێک بە چاوسوورکردنەوە بەمەبەستی دەستەمۆکردنیان و تێوەگلانیان لە شەڕی دژی گەلی کوردستان، دەسەڵاتی بەعس داوای لە ئایەتوڵڵا عوزما ئیمام سەید موحسن حەکیم کرد، فەتوایەک بۆ جیهاد دژی بزووتنەوەی کورد دەربکات، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی بەعس، ئیمام لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٩دا فەتوای حەرامبوونی شەڕی دژی گەلی کورد دەرکرد، دوای ئەوە ڕژێمی بەعس سیاسەتێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر حەوزە گرتەبەر، کە خۆی لە پاکتاوکردنی جەستەیی زۆرێک لە زانا ناودارەکانیدا دەبینییەوە، هەروەها شیعەکانی وەک سووتەمەنییەکی هەرزان لە شەڕەکانی داهاتوودا بەکارهێنا، کە تێیدا سەدان هەزار کەس ڕووحیان لەدەست دا.

گومانی تێدا نیە کە بزووتنەوەی چەکداریی کوردی، توانای بەرگریی دژ بە پەلامارەکانی سوپای عێراق لە ساڵی (١٩٦١)ەوە سەلماندبوو، بیرکردنەوەی بەعسیش هەر وابوو کە دەبێت بەچەك پرسی کورد لەناو ببرێت، کۆمەڵگەی کوردییش لە ناوخۆیدا دابەش ببوو. ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزە کوردەکان هاوکاریی حکومەتەکانی بەغدا

بوون، هەروەها باڵی مەکتەبی سیاسیی کۆنیش هاوکاری بەغدا بوو و ڕۆژنامەی (النور)یان چاپ دەکرد و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کاریان دەکرد، بەعس ئومێدی خۆی لەشەڕی دژ بە بزووتنەوەی کورد لەسەر قووڵکردنەوەی دووبەرەکی لە نێوان کورددا، بونیاد دەنا (واتە کوردااندنی شەڕ)، بەعسیش بە پارە و چەک پاڵپشتیی لێدەکرد.

کاتێک لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ شەڕ سەری هەڵدایەوە، سوپای بەعس لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٩دا تاوانێکی قێزەونی دژ بە خەڵکی گوندی (دەکا) ئەنجام دا، خەڵکی گوندەکە پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتێک بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی فڕۆکە، بەڵام هێزەکانی فیرقەی چوار هەستان بە کۆکردنەوەی دار و گژوگیای وشک لە دەمی ئەشکەوتەکە و ئاگریان تێبەر دا، لە ئەنجامدا هەموو ئەوانەی ناو ئەشکەوتەکە لە ژن و پیر و منداڵ خنکان، کە کۆی گشتییان گەیشتە ٦٧ قوربانی. هەروەها سوپای بەعس تاوانێکی تری دژ بە خەڵکی گوندی (سۆریا)ی مەسیحی ئەنجام دا، هێزێك بە سەرکردایەتیی مولازمی یەک (عەبدولکەریم الجحیشی) تەقەیان لە خەڵکی گوندە ئاشتیخوازەکە کرد و ٣٩ کەسی بێتاوانیان کوشتن، لەو ماوەیەدا چەندین شەڕ ڕوویان دا، دوای ئەو شەڕانە بەعس بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت بە هێز کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد بهێنێت، بۆیە ڕووی کردە سیاسەتی چەواشەکردن و خەڵەتاندن.

پاڵپشتیی سیاسی و سەربازیی حیزبی شیوعیی عێراق بۆ بزووتنەوەی کورد، خەوی لە بەعس زڕاندبوو و ببووە هۆکارێکی نەرێنی بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات، بۆیە دەبوو کارێک بکات ئەو هاوپەیمانییە هەڵبوەشێنرێتەوە، (کێنێس تیمەرمان) ئاماژەی بەوە کردووە کە سەددام حوسێن بۆ یەکەمجار مانگی کانوونی دووەمی (١٩٧٠) سەردانی سۆڤیەتی کرد، بە هیوای بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەو وڵاتە و ڕاگرتنی پشتگیریەکانیان بۆ بزووتنەوەی کورد، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی مۆسکۆی کرد، بەڵام (ئەلێکسی کۆسیگین) داواکەی ڕەتکردەوە، بەڵکو پێداگریی کرد لەسەر ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی دژ بە

کوردی عێراق[١٦]. ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، لە کاتی گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی (ستیڤن سۆلارز)، سەددام حوسێن سەبارەت بە هاوکاری نەکردنیان لەلایەن سۆڤیەت، باسی لەوە کرد کە ئەوە بۆ ئەوان وەک ڕاچەنینێکی توند بووە، دەڵێت: ئێمە بەدڵنیاییەوە گەنجانی بەعسی بووین. لە ململانێدا بووین لەگەڵ شیوعییەکان، ململانێیەک کە هەندێکجار خوێناوی بوو. بەڵام ئەو بیرۆکەیەمان لابوو کە یەکێتیی سۆڤیەت جیاواز لەوەی بینیمان ڕەفتار دەکات. لێرەوە سەددام حوسێن دەستیکرد بە سازشکردن لەگەڵ ناوخۆ و دەرەوەیش، بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ ڕادیۆی بەغدا پووچەڵکردنەوەی هەوڵێکی کۆدەتای ڕاگەیاند، کە بە پاڵپشتیی ئێران ئەنجام دەدرا، لەسەر ئەو بنەمایە ١٦ ئەفسەری سوپای عێراق لەسێدارەدران، ئەوە بووە خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی ڕژێمی بەعسدا، بۆیە هەنگاوی بەپەلەی نا بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە لێکتێگەیشتنی سەرەتایی لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد، کە لە بەیاننامەی ١١ئازار/١٩٧٠ بەرجەستەبوو.

دوای زنجیرەیەک سەردانی بەرایی نێوان بەعس و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەوڵەکانی ڕووسیا لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، سەددام حوسێن بە یاوەریی دکتۆر عیزەت موستەفا و فەریق ڕوکن سەعدون غەیدان و عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایەر ئەلنەعیمی و عەقید ڕوکن تاریق تۆفیق، گەیشتنە زۆنی سەرکردایەتیی کورد. سەددام بۆ ماوەی کاتژمێرێک کۆبوونەوەیەکی داخراوی لەگەڵ مەلا موستەفا ئەنجام دا، لێرەوە هەنگاوەکانی گێڕانەوەی ئاشتیەکی کاتی خێراتر بوون، دواتر لە ٩ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ سەددام حوسێن جارێکی تر گەیشتەوە زۆنی سەرکردایەتیی کورد بۆ واژۆکردنی کۆتایی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار.[١٧]

[16]،Ibid,p:11.

[١٧] شکیب عقراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

ئامانج لە گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد، تەنها کاتکوشتن بوو. لایەنی کوردییش بە واژۆکردنی بەیانی ئاداری ١٩٧٠ دڵخۆش بوون و بە یەکێک لە دەستکەوتە گەورەکانی حیزبەکەیان دادەنا. شەکیب ئاکرەیی سەبارەت بە خاڵە لاوازەکانی بەیانی ئاداری ١٩٧٠ دەڵێت: جۆری ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە بڕیار بوو لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ بکرێت، دیارینەکرا. هەروەها بەیاننامەی ئادار ڕێگەی نەدا دەستەیەکی نێودەوڵەتی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان دەوڵەتێکی دۆستی هەردوولا بەشێوەیەکی فەرمی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بڕگە و ڕێکەوتنە واژۆکراوەکان بکات. هەروەها ئەو ناوچەیەی ئۆتۆنۆمی دەیگرێتەوە، لە بەیاننامە مێژوویییەکەدا دیارینەکرا و بابەتەکە بۆ سەرژمێری بەجێهێڵدرا، سەرژمێریەك کە هەرگیز ئەنجام نەدرا. هەروەها دەشڵێت: لە ڕووی یاساییەوە بابەتی ئۆتۆنۆمی سیفەتی یاسایی وەرنەگرت، چونکە ڕێکەوتنی نێوان دوو لایەن لەسەر پرسێکی ئایندە وەک گرێبەستێکی یاسایی دانانرێت.[١٨]



مەلا مستەفا و سەدام حسێن خۆشحاڵن کە لە ساڵی ١٩٧٠ گەیشتوونەتە چارەسەر.

[١٨] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٥-٢٩٦.

سەددام و بەکر، ئاراستەیەکی سیاسییان گرتە بەر نەك بەرەنگاربوونەوەی چەکداری و زمانی هەڕەشە، ئەوان زیرەکانە چەند ڕێوشوێنێکیان گرتەبەر بەمەبەستی گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:

- لێکتێگەیشتن لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی، تاوەکو گۆشەگیر بکرێت و ڕێگرییان لێ بکرێت لە وەرگرتنی یارمەتییە دەرەکییەکانی ئێران.

- سەندنەوەی کارتی کورد لە دەستی شای ئێران.

- لە سەردەمی ئاشتیدا، کڕینی ویژدانی کادیرە سیاسی و سەربازییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردی و چاندنی سیخوڕ لە ڕیزەکانیدا، وەک ئامادەکارییەک بۆ لێدانیان.

- ئاژاوەنانەوە لە نێوان حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە جیا.

- نزیکبوونەوە لە بزووتنەوەی کوردی بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی، چ بە شێوەی سیاسی یان سەربازی یان بە هەردوو میکانیزمەکە پێکەوە، یان لە ڕێگەی تیرۆرکردنەوە.

بەعس، توانیی لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نیشتمانیی بەهێز بۆ نەوت، پاڵپشتیی تەواوی سۆڤیەت بەدەستبهێنێت و لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کوردی دووری بخاتەوە، بە پێچەوانەی سیاسەتی باوی سۆڤیەت کە لە ڕابوردوودا پشتگیریی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەکرد. دابینکردنی پارە لە ڕێگەی خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، بۆ بەهێزکردنی هەژموونی بەعس لە ناوخۆ و دەرەوە، بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و دۆزینەوەی سەرچاوەی جیاواز بۆ دەستکەوتنی چەک و کاڵا لە دەرەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات. سەرکردایەتیی کورد، هیچ پلانێکی پێچەوانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانی سەددام حوسێن نەبوو. مەلا موستەفا دوای بەیانی ئازار، خواستی خۆی خستە سەر پڕۆسەی گواستنەوەی سامان و دەسەڵات بۆ کوڕەکەی و تێکدانی بەرەی ناوخۆیی کورد و دروستکردنی قەیرانی بێ سوود، هەموو ئومێدەکانی لەسەر پشتگیریی دەرەکی هەڵچنی، بێ ئەوەی تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ ئاڵۆزیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە لووتکەی جەنگی ساردا هەبێت، ئەمەیش فاکتەرێکی گرنگ بوو لە شکستی بزووتنەوەی کوردی، وەک چۆن بینیمان.

سەددام حوسێن ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتەبەر:

- پێشکەشکردنی دەستکەوتی ئابووریی گرنگ و پڕبایەخ بە یەکێتیی سۆڤیەت، بەتایبەت لە بواری نەوتدا.

- لێکتێگەیشتن لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد بۆ بەدەستهێنانی کات، چوار ساڵ بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندیی خۆی.

- ڕاکێشانی حیزبی شیوعی بۆ لای خۆی و چوونە ناو بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز لەگەڵیدا.

خۆماڵیکردنی نەوت

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ بەعس هەوڵێکی چڕی دا بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی عێراق و بەرزکردنەوەی پێگەی بەغدا بۆ ناوەندێکی سەرکردایەتی لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی عەرەبی، سەرکردەکانی بەعس دەیانزانی گەیشتن بەم ئامانجە سیاسی و ئابوورییانە، بەبێ پشتگیریی سۆڤیەت ئەستەمە. عێراق جگە لە هەبوونی کێشەی کورد، پرسی خۆماڵیکردنی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتی لە عێراقدا هەبوو، چارەسەری ئەم کێشانە بەند بوو بە هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، هەر لەبەر ئەمەیش بوو هەوڵی دا حیزبی شیوعیی عێراق لەخۆی نزیك بکاتەوە.[19] دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی هاشمی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٨، گومان و نیازی دوژمنایەتی لە نێوان ئێران و عێراق سیمای زاڵی پەیوەندییەکانیان بوو، شای ئێران بە پشتگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپای ڕۆژئاوا، خولیای ئەوەی هەبوو ببێتە هێزێکی خاوەن هەژموونی گەورە لە ناوچەی کەنداوی فارسدا، لەبەرامبەردا بەغدا هەستی بەوە دەکرد کە پێویستە سوپاکەی نوێ بکاتەوە و فراوانتری بکات. بەعس بە ئاشکرا دژایەتیی ڕۆژئاوای ئیمپریالیستی دەکرد، هەنگاو و چارەسەریش بۆ ئەمە دەستکەوتنی چەکی پێشکەوتوو بوو لە یەکێتیی سۆڤیەت، تاوەکو لە دژی

[19] ،Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansk،The USSR and Iraq. 1991 Duke University Press. y. Page: 16-17

کوردەکان و ئیسرائیل بەکاریبهێنێت و شای ئێران لە هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی بەرامبەر بە عێراق پاشگەز بکاتەوە. سەبارەت بە ئامانجەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا دەرفەتی ئەوەی پێ دەدا ڕۆڵی هەبێت لە ململانێی عەرەب – ئیسرائیل، هەروەها بە تووندکردنی پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ عێراقدا ڕۆڵی دەبوو لە ناوچەی کەنداوی فارسدا.

لە ڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە نیسانی ١٩٧٢، عێراق توانیی پشتگیریی سۆڤیەت بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەم پشتگیریە ڕێکەوتنێکی پانزە ساڵی بوو، ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان مۆسکۆ و بەغدا هاوشێوەی ڕێککەوتننامەی میسریی ساڵی ١٩٧١ بوو، ڕێکەوتنەکە چەندین بواری فراوانی دەگرتەوە، وەك هاوکاریی دوولایەنە لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کولتووری و بوارەکانی دیکە. تاقە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بۆ هاوکاریی سەربازی لە (ماددەی ٨)دا هاتبوو: هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر هەماهەنگیکردن لە هەڵوێستەکانیان دا لەکاتی ڕوودانی هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی، لە (ماددەی ٩)دا هەردوولا کار دەکەن بۆ بەهێزکردنی توانا بەرگرییەکانیان، گومانی تێدا نییە کە دەسپێشخەریی ئەم ڕێککەوتننامەیەی ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن بەغداوە بوو، ئامانجە ڕاستەوخۆکەیشی خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوتیی عێراق و بەهێزکردنی هەژموونی بەعس بوو لە ناوخۆ و دەرەوەدا.[٢٠]

وەک دواتر دەرکەوت، یەکێتیی سۆڤیەت ئارەزووی ئەوەی هەبوو دەوڵەتێکی گرنگی دیکەی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، لە ڕێگەی ڕێکەوتنێکی هاوشێوەی ئەوانەی لەگەڵ (هیندستان و میسر) واژۆی کردبوون، لەخۆ بگرێت. لە ڕووی ستراتیژییەوە، عێراق و کۆماری یەمەنی دیموکراتی میللی، تاقە دوو دەوڵەت بوون لە کەنداو و نیمچەدوورگەی عەرەبیدا، کە پەیوەندیی پێشکەوتوویان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت دروست کردبوو، ئەمەیش هەژموونی سۆڤیەتی لەم ناوچە هەستیارەدا فراوانتر کرد. عێراق وەک

[20].Ibid, p:18.

دەوڵەتێکی دژە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەرکەوت، ئەمەیش لەگەڵ هێڵی سیاسیی کریملیندا دەگونجا.

سەرەڕای ناکۆکی لە نێوان هەڵوێستی بەغدا و مۆسکۆ سەبارەت بە ئیسرائیل، (بەعس بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کار بۆ سڕینەوەی ئیسرائیل دەکات، بەڵام هەڵوێستی مۆسکۆ وا نەبوو)، بەڵام ئەم ناکۆکییە لە پەیوەندییە دوولایەنە پراکتیکییەکاندا گرنگییەکی وای نەبوو، بەڵکو لە نێو ژاوەژاوی بانگەشەی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو وڵاتدا بزر ببوو، لە ناوخۆیشدا مۆسکۆ مەیلی بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد و ئازادیی سیاسی بۆ حیزبی شیوعیی عێراق هەبوو، بەعسیش هەندێک نەرمی لەم بوارەدا نیشان دا.[٢١]

خەمی گەورەی سەددام حوسێن ئەوە بوو چۆن بەدەستێکی پۆڵایین، سوپا و حکومەت کۆنترۆڵ بکات، بەم هۆیەوە سەرکردەکانی بەعس دەیانویست پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لەگەڵ حیزبی شیوعیی سۆڤیەت دروست بکەن، بەمەبەستی سوودومەرگرتن لە ئەزموونی درێژخایەنی ئەو حیزبە لە بوارەکانی دەسەڵاتی حیزب بەسەر دەزگاکانی ڕاپەڕاندن و سوپادا، ئەم بابەتە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لە هەردوو پایتەختدا نەبوو، حیزبی شیوعی سۆڤێتی دژی پەیوەندیەکی لەو شێوەیە لە نێوان هەردو حزبدا نەبوو.[٢٢]

بۆ سوودومەرگرتن لە یەدەگی نەوتی باکووری ڕومەیلە، لە مانگی تەممووزی ١٩٦٩ عێراق لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە یەکێتیی سۆڤیەت یارمەتیی عێراق دەدات بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی باکووری ڕومەیلە و دامەزراندنی پیشەسازیی نەوتی عێراقی، کرێملین خۆشحاڵیی خۆی لەم وەرچەرخانە نەشاردەوە چونکە لە ڕێگەی فراوانکردنی ئابووریی نیشتمانییەوە، عەرەبەکان بە نیاز و بە متمانەیەکی زۆرترەوە و وەک دۆست پشت بە بەرەی سۆسیالیستی دەبەستن، لە ئەنجامدا بوارەکانی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی و هاوکاریی

[21] Ibid, p: 18

[22] Ibid, p:18

نێوان عەرەب و وڵاتە سۆسیالیستەکان فراوانتر دەبێت، بۆ ئەوەی پرسە ئابووریەکان بگرێتەوە، لەوانەیش پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت لە جیهانی عەرەبیدا. ئەو دوو ڕێککەوتننامەیەی لە مانگەکانی حوزەیران و تەممووزی ساڵی ١٩٦٩ لە نێوان عێراق و مۆسکۆ واژۆ کران، ڕەنگدانەوەی ئەم ئاراستەیە بوون، هاوکات ڕێکەوتنەکان لێدانێکی توند بوون لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵە بیانییەکان، ڕادەی نیگەرانیی ڕۆژئاوا بە جۆرێک بوو کە ئاژانسی (Associated Press) ئاماژەی بە ڕێکەوتنەکانی ساڵی ١٩٦٩ وەک (یەکەم بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە کە ئامانجی بەهێزکردنی هەژموونی سۆڤیەتە لە کەنداوی فارسدا) دەکرد، ڕۆژنامەی (Izvestia)یش پێیوابوو کە سۆڤیەت لە تەنگەتاوبوونی بانکیی ئەمەریکی دەگات، چونکە نیگەرانیەکانیان تەنها هەر ئەوە نین کە یەکێتیی سۆڤیەت کاریگەریەکی خەیاڵی هەیە، بەڵکو نیگەرانیشن لە هەرەسهێنانی پلانەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوتی وڵاتانی عەرەبی.[٢٣]

یەکێتیی سۆڤیەت، بایەخی بە یەکخستنی بەرەی ناوخۆیی عێراق دەدا و ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەتی ئاماژەیان بە بابەتی مۆنۆپۆڵە بیانییەکان و پلان و پیلانگێڕییەکانیان دەکرد لە دژی حکومەتی عێراق، بۆ نموونە لە تشرینی دووەمی ١٩٧١دا، پاڤێڵ دێمچێنکۆ شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژنامەی (Pravda) نووسی: هۆکاری هەڵکشانی گرژییەکان لە ناوچە کوردییەکان، تەنها بۆ نەبوونی یەکێتی لە نێوان بەعس و حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ پیلانگێڕیی هێزە ئیمپریالیستەکان و کۆمپانیاکانی نەوت و دەست و پەیوەندەکانیشیان دەگەڕێتەوە. دێمچنیکۆ ئەوەیشی زیاد کرد کە ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و کورد، دەرفەت بۆ ئەم هێزانە دەڕەخسێنێت تاوەکو پێگەکانیان لە ئابووریی عێراقدا بپارێزن و قازانج لە پەترۆڵەکەی بچننەوە.[٢٤]

[23] Ibid,p:52.

[24].Ibid, p:52-53

وێڕای هۆشداریدان لە نیازی ئیمپریالیستەکان، ڕۆژنامە سۆڤیەتییەکان بەردەوامبوون لە خۆشحاڵی دەربڕین بەرامبەر پلانی ئابووریی عێراق کە ئامانجی بەهێزکردن و فراوانکردنی پەیوەندیی ئابووریی سۆڤیەت - عێراق بوو. ڕۆژنامەی (Pravda) لەسەر پلانی پێنج ساڵەی حکومەت (١٩٧٠ - ١٩٧٤) بڵاویکردەوە و پشتگیریی خۆی بۆ پلانەکە دەربڕی و بەردەوام بوون لە بەهێزکردنی بەرنامەکانی بە پیشەسازیکردن و پێشکەوتن لە بواری پیشەسازیی نیشتمانیی نەوت، دروستکردنی کارگەکانی پترۆکیمیایی و دروستکردنی کەشتی و لقەکانی دیکەی پەیوەست بە وزە لە پیشەسازیی نیشتمانی عێراقدا، هەموو ئەمانە جێگەی دەستخۆشیی تایبەت بوون، ئەمە جگە لە پلانی گەشەپێدانە گرنگەکان لە کەرتی پیشەسازیی دەوڵەتدا[٢٥]. مۆسکۆ خۆشحاڵ بوو بە هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی عێراقی لە بواری هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، لەسەرەتای ئابی ١٩٧٠ کاتێك سەددام حوسێن سەردانی یەکێتیی سۆڤیەتی کرد، سوپاسی کردن بەرامبەر ئەو پشتگیریە مەزنەی سۆڤیەت بۆ پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەی کردیان، لە سەردانی دووەمیدا بۆ مۆسکۆ لە مانگی شوباتی ١٩٧٢ سوپاسگوزاریی زۆر زیاتری وڵاتەکەی دەربڕی بۆ مۆسکۆ، ئەمەیش کەمێک پێش واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هەماهەنگی بوو کە لە نیسانی ١٩٧٢ واژۆ کرا و دواتریش خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی (IPC) بەدوای خۆیدا هێنا. سەردانەکە لەبەرئەوەی زۆر گرنگ بوو کە بەغدا پشتگیریی سۆڤیەتی بۆ بڕیاری خۆماڵیکردنی (IPC) مسۆگەر کردبوو، سەددام حوسێن لە وتارەکەیدا لە کاتی نانی ئێوارەدا ئاماژەی بە پەرەسەندنی گرنگ لە بواری تەکنەلۆژیا و هەماهەنگی ئابووریی نێوان هەردوو وڵات کرد و گرنگیی هاوکاریی سۆڤیەتی لە بەکارهێنانی سامانی نەوت ڕوونکردەوە و جەختی لەسەر گرنگیی یەکجار زۆری ئەم دەسکەوتە لە ژیانی گەلی عێراقدا کردەوە، کە بڕیاریان داوە (داوای مافە ڕەواکانی گەلەکەیان بکەن لە ململانێیاندا لەگەڵ کۆمپانیا قۆرخکارەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی سەروەری بە سەر

[25] ،Ibid, p: 52-53.

سەرچاوە نیشتمانییەکان)، سەددام زیاتر لەسەر ئەمە دوا و وتی: لەرێگەی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، عێراق پشت بە هێزی خۆی و پشتگیریی دۆستان، بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت دەبەستێت. ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی ئەم پشتگیریە دەنرخێنین[٢٦].

کاتێک ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هەماهەنگیی سۆڤیەت - عێراق چووە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئامانجی هەردوولا چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانیان بوو، ئامادەی سازش بوون لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانیان. سۆڤیەت، عێراقی بە هاوکاریی سەربازیی گرنگ تەیار کرد و پشتگیریی سیاسی و ئابووریی عێراقی کرد، بۆ سەرخستنی هەنگاوی خۆماڵیکردنی نەوتی کۆمپانیا نەوتییە ڕۆژئاواییەکان. لە بەرامبەردا بەعس، ئاسانکارییەکی سنووردار ی بۆ سۆڤیەت کرد لە ئاسمان و دەریای خۆیدا و دەرفەتی ئابووریی زۆر باشی پێ دا، هەردوو وڵات سوودی زۆریان بینی، هەروەها لەبەرچاو گرتن و پارێزگاریکردنی پەیوەندیی باشی نێوان هەردوولایان لەحەفتاکاندا لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووریەوە لەلایەن هەردوو لاوە.[٢٧]

یەکێتیی سۆڤیەت، بەڕاشکاوی پشتگیریی لە پرەنسیپی خۆماڵیکردنی ئەو کۆمپانیا گەورانەی نەوتی ڕۆژئاوای دەکرد، کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا کاریان دەکرد، خواست و دەسپێشخەرییەکان سەرەتا لە لایەن حکومەتی وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان (پێیان دەگوترا وڵاتانی جیهانی سێهەم { وڵاتانی خەوتوو. ئەوە ئەو زاراوەیە بوو کە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو داتاشرابوو}) خۆیانەوە هەبوون و هەرکاتێک بوێری و داوایان بچوایەتە بواری پراکتیکیەوە، کرێملین یارمەتیی مەعنەویی پێشکەش دەکردن. بۆ نموونە لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ڕێکخراوی وڵاتانی عەرەبی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک) لە کوێت لە ئازاری ١٩٧٠، (پراڤدا) هانی بەشداربووانی دا کە فشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان بۆ بەکارهێنانی یەکێک لە گرنگترین سامانەکانی عەرەب بۆ خێروبێری گەلانی عەرەب و باشترین ڕێگەیش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بریتییە لە خۆماڵیکردنی

[26] The USSR and Iraq. 1991 Duke University Press. Oles M. Smolansky with BettieM. Smolansky. Page:. 53

[27] Ibid, p:19.

کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، هەروەها ئەو کۆنگرەیەیش کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت لە جەزائیر بەسترا، گەیشتنە هەمان بڕوا و ئەنجام کە تێیدا هەوڵدرا پلانڕێژی بکرێت بۆ شکاندنی قۆرخکاریی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت، (پراڤدا)یش پشتگیریی ئەو پلانەی کرد و بڵاوی کردەوە: ئامانجی کۆتایی کە لەم ڕێکارانەدا چاوەڕوان دەکرێت لە وڵاتانی عەرەبی، ڕزگارکردنی تەواوەتی هەموو سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتەکانیانە لە سەرمایەی هێزە دەرەکییەکان.[٢٨] سۆڤیەتییەکان گومانیان نەبوو لەوەی کە ئەنجامی ململانێی نێوان کۆمپانیا نەوتییە ڕۆژئاواییەکان، وڵاتانی هەنارەکاری نەوت بە بەهێزبوونی یەکێتیی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کۆتایی دێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کارتێلی ئیمپریالیستی نەوت چی تر ناتوانێت هەژموونی خۆیان بەسەر خاوەندارێتیی نەوتی عەرەبدا بسەپێنن و ئەو هەژموونەیان لەدەست دەدەن.

کاتێک بەغدا لە مانگی ئایاری ١٩٧٢ کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتی لە عێراق تۆمەتبار کرد، بەوەی چالاکیی تێکدەرانە ئەنجام دەدەن، حکومەتی عێراق ئاماژەی بەوە کرد کە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان لە باکووری عێراق بودجەی دەوڵەتی لە (٣٣ ملیۆن) دیناری داهات بۆ مانگی ئازار و نیسان و هەفتەی یەکەمی مانگی ئایار بێبەش کردووە، دەسەڵات وەک وەڵامێک ئاگادارکردنەوەیەکی ئاراستەی کۆمپانیای نەوتی عێراقی کرد و داوای لێ کرد بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ئەوپەڕی توانای لوولەکانی نەوت بەرز بکاتەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی نەوت و سامانە سروشتییەکانی عێراق، هەروەها پلانێکی درێژخایەنی بۆ دەرهێنانی نەوت لە عێراق پێشکەش کرد و ڕێکاری پێویستی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە گرتەبەر.

بەپێی ئەوەی (The New Times) باسی کردووە، حکومەتی عێراق مۆڵەتی دوو هەفتەی دیاریکردووە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان وەڵامی بدەنەوە، لەگەڵ (پاراستنی مافی حکومەتی عێراق بۆ گرتنەبەری هەر هەنگاوێک کە بە پێویستی بزانێت بۆ پاراستنی

[28].Ibid, p:54-55.

بەرژەوەندییە ڕەواکانی). ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەتی، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاگادارکردنەوەکە و (دەستپێشخەریی دەرهێنانی نەوت بە هەوڵی خودی گەلی عێراق)، (مایە و سەرچاوەی تووڕەییەکی گەورەی قۆرخکارانە)، بێگومان پەیوەندی هەبوو لە نێوان ئەنجامی هەردوو دێڕە دەستەواژەکە، ئەویش ئەنجامە بۆ دەستپێکردنی کارکردن لە کێڵگەی باکووری ڕومێلە، کە دەرفەتی خەباتی نوێی بۆ گەلی عێراق ڕەخساند دژی هەژموونی قۆرخکارە بیانییەکان.

هاوتەریب لەگەڵ دێڕەکانی پەیماننامەکانی پێشوو، هەر ئەو دەم حکومەتی سۆڤیەت پشتگیریی بڕیاری خۆماڵێکردنی کرد کە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ دەرچوو، لە بەیاننامە هاوبەشەکەی کۆتایی سەردانەکەی وەزیری دەرەوە مورتەزا سەعید عەبدولباقی بۆ مۆسکۆ لە مانگی حوزەیراندا، لایەنی سۆڤیەتی پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ ڕێکارەکانی حکومەتی عێراق و خەباتی ڕەوای گەلی عێراق بە ئامانجی گەڕاندنەوەی مافی سەروەریی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات، بۆ پەرەپێدان و سەربەخۆیی ئابووریی نیشتمانی ڕاگەیاند.

سۆڤیەتیەکان هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی بەرفراوانیان بۆ پشتگیریی بڕیاری خۆماڵێکردن ئەنجام دا، (The New Times) کۆمێنتی لەسەر هەواڵێکی (Baghdad Observer) دابوو کە دەڵێت: ئەم بڕیارەی خۆماڵێکردنی نەوتی عێراق، وەرچەرخانێکی مێژوویی، لە کاتێکدا (Pravda) بڕیارەکە بە نیشانەی پێداگریی تەواوی حکومەت و گەلی عێراق بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی وڵات و هەنگاونان بەرەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دایە قەڵەم، هاوکات بڕیاری سوریا بۆ خۆماڵێکردنی مووڵک و ماڵی کۆمپانیای نەوتی (IPC)، مۆسکۆ پێشوازیی لە هەردوو هەنگاوەکە کرد و بە لاپەڕەیەکی نوێی لە خەباتی گەلانی عەرەب بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی سامانە سروشتییەکانیان و چەسپاندنی سەروەریی نیشتمانییان دایە قەڵەم، لە کۆتاییدا خۆماڵێکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی گرنگییەکی باڵای هەبوو، چونکە تەنها

سزایەکی ئابووری نەبوو دژی لوتبەرزیی قۆرخکاران، بەڵکو بەرەوڕوو وەستانەوەیەکی سیاسییش بوو بۆ هێزە ئیمپریالیستییەکان.[٢٩]

پریماکۆف، لە بارەی خۆماڵێکردنی نەوتەوە دەڵێت: خۆماڵێکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی لە گرنگیدا، هاوتای خۆماڵێکردنی کەناڵی سوێس بوو بۆ میسر و گەلەکەی، ژمارەیەک لە شرۆڤەکارانی ڕۆژئاوایی پێشبینییان دەکرد کە ڕژێمی ڕادیکاڵی عێراق، تووشی هەمان چارەنووسی دکتۆر موسەدەق دەبێت کە پیشەسازیی نەوتی ئێرانی لە ساڵی ١٩٥١ خۆماڵی کرد. کۆمپانیا گەورەکانی نەوت هەڕەشەیان دەستپێکرد، وەک چۆن دوو دەیە پێشتر دژی کۆمپانیای نەوتی فارسی - بەریتانی کردیان، کە هەر کەسێک بوێرێت نەوتی عێراق بکڕێت، ڕاپێچی دادگای دەکەن. بەو پاساوەی کە ئەم نەوتەیان بەشێوەیەکی نایاسایی لێ زەوتکراوە. پریماکۆف دەیشڵێت: لە ڕاستیدا خۆماڵێکردنی نەوتی عێراق، هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئێرانی سەردەمی موسەدەقدا نەبوو، عێراق بە پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەت سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی پیشەسازیی دەرهێنانی نەوت، لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا لە باکووری ڕومێلە و گرێبەستی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت واژۆ کرد بۆ دابینکردنی نەوتی عێراق بۆ سۆڤیەت، هەروەها لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بولگاریا، هەنگاریا، پۆڵەندا، چیکۆسلۆڤاکیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیایش. [٣٠]پریماکۆف زیاتر دەڵێت: پێگەی عێراق بە پشتگیریی سوریا بەهێزتر بوو، کە لە هەمان کاتدا هەموو مووڵک و ماڵەکانی (IPC) لە ناو خاکەکەیدا خۆماڵیی کرد و ڕێکەوتنێکی لەگەڵ عێراق واژۆ کرد، سەبارەت بە گواستنەوەی نەوتی عێراق بۆ کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست.[٣١]

ئەگەر هەنگاوەکانی خۆماڵێکردن بخەینە ناو چوارچێوە مێژووییەکەیەوە، دەبینین سەرەڕای نەبوونی خشتەیەکی کاتی دیاریکراو بۆ خۆماڵێکردنی پیشەسازیی نەوت لە

---

[29]،Ibid,p:55

[30] ,Yevgeny Primakov ,Russia & The Arabs.. Basic Books A Member of the Perseus Books Group. New York. 2009. P: 306

[31]Ibid,p:306.

ولاتدا، بەڵام وەک پرەنسیپێک جێگەی بایەخی هەموو ئەو سەرکردانە بووە کە لە دوای سەردەمی لیوا ڕۆکن عەبدولکەریم قاسمەوە لە بەغدا هاتوونەتە سەر دەسەڵات و بەعسیش لەم پرەنسیپە بەدەر نەبوو، کاتێک ڕۆژنامەی (L'Orient)ی لوبنانی لە ١٩٧١/٥/١٨ پرسیاری لە جێگری سەرۆکی عێراق سەددام حوسێن لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کرد: "کە ئایا عێراق بە نیازە کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت خۆماڵی بکات؟" لە وەڵامدا وتی: "هیچ ڕژێمێک لەم جیهانەدا نییە کار بۆ ڕزگارکردنی نەوتەکەی نەکات و بانگەشەی ئەوە بکات کە نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازە. ئێمە هەوڵ نادەین هەموو ئامانجەکانمان بە یەکجار بەدیبهێنین، بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا نەتوانین ئەوە بەدیبهێنین، ناتوانین بە خۆمان بڵێین پێشکەوتنخواز" لێرەدا دەبینین سەددام حوسێن زۆر بە وریاییەوە کارتەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا دەجووڵێنێت، چونکە پێویست بوو سەرەتا پارەی دەرەکی و هاوکاریی تەکنیکی بەدەست بهێنێت و بازاڕ بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی عێراق لە سەپاندنی گەمارۆ لەلایەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوتی ڕۆژئاواوە. نموونەی سەرۆک وەزیرانی ئێران د. محەمەد موسەدەق، لە سەرەتای پەنجاکاندا ئەزموونێک بوو کە دەبوو لەبەرچاو بگیرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەگەر و هۆکارەکان. بەغدا پێش خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوت، هەوڵی دا نەوتەکەی لەگەڵ کڕیارانی بلۆکی کۆمۆنیست و هەندێک ڕۆژئاوایی بگۆڕێتەوە لە بەرامبەر کاڵا و خزمەتگوزاریدا[٣٢]. وەک دواتر دەرکەوت، یەکێتیی سۆڤیەت و فەڕەنسا لە یەکەم هێزە گەورەکان بوون کە خوازیار بوون پێداویستییەکانی عێراق دابین بکەن، مۆسکۆ هەستیکرد دەرفەتێکی دەگمەن لە ئارادایە بۆ لاوازکردنی هەندێک لە بەرژەوەندییە ئابووریيەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتێکی عەرەبیی گرنگ لە بواری نەوتدا. دوای واژۆکردنی بەڵگەنامەی لێکتێگەیشتن لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧، ڕێکەوتنێکی دیکە لە نێوان هەردوولا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ واژۆکرا، بەپێی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە: (عێراق هاوکاریی ئابووری

[32] Ibid, p: 47

و تەکنیکی سۆڤیەتی بە بەهای ٧٢ ملیۆن دۆلار وەرگرت، لە بەرامبەریدا ڕێگا درا سۆڤیەت گەڕان بکات بەدوای نەوت و وەبەرهێنان تێیدا لە ناوچەی حەلفایە لە باشووری عێراق)[٣٣]. هەروەها دوای دەسپێشخەرییەکەی حوزەیرانی ١٩٦٩ ڕێکەوتنێکی هاوشێوە کە ٧٠ ملیۆن دۆلاری زیادەی دابین کرد بۆ پەرەپێدانی یەدەگی نەوت لە ناوچەی دەوڵەمەندی باکووری ڕومێلە لە باشووری عێراق لەگەڵ سۆڤیەتدا. ئەو پڕۆژەیە، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراقی بەڕێوەی دەبرد، هەردوو قەرزەکە بە نەوت دەدرانەوە، ئەم ڕێکارەیش دوای بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لە ساڵی ١٩٧٣ قازانجێکی ئابووریی گرنگی بۆ مۆسکۆ دابین کرد.

یەکێتیی سۆڤیەت لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩ - ١٩٧٢ هەنگاوی دیکەی نا بۆ تواناداکردنی عێراق، بۆ دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت. ئەو چوارچێوەیەی کە پەیوەندییە ئابووریی دووقۆڵییەکان تێیدا گەشەی سەند، یەکێک لە ئەنجامەکانی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ بوو. بەپێی ڕێککەوتننامەکە؛ لیژنەیەکی هاوبەشی هەمیشەیی دامەزرێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری و تەکنیکی و بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ڕێککەوتننامەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەبووەوە، ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان هەڵی نەوەشێنێتەوە. گرنگترین بەرنامە و هەنگاوەکان کە لەو ماوەیەدا گفتوگۆی لەسەرکرا، بریتیبوو لە چەندین ڕێکەوتنی دیکە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی باکووری ڕومەیلە و دروستکردنی لوولە نەوت، بەدرێژایی ١٤٣ کیلۆمەتر لە نێوان کێڵگەکە و کەنداوی عەرەبی (فارس) کە لە ئاوە قووڵەکانی فاو کۆتایی دەهات، هەروەها دروستکردنی پاڵاوگەیەک لە مووسڵ و ڕاکێشانی لوولەی نەوتی بۆ بەستنەوەی بەغدا بە بەسرە و ڕێکەوتن لەسەر بەکرێگرتنی کەشتی بۆ گواستنەوەی نەوت لە باکووری ڕومەیلەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، دوای ئەوەی بەرهەمهێنان لە نیسانی ١٩٧٢ دەستپێکرد. جگە لەوانەیش، مۆسکۆ قەبارەی یارمەتییە تەکنیکییەکانی بۆ کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق

[33] ,Ibid,p:47

(INOC) فراوانتر کرد تا ئامێرەکانی زەمینلەرزە و بیرهەڵکەن و دامەزراندنی ناوەندێکی مەشق و ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی کۆمپانیاکە بگرێتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ کاریگەریی سۆڤیەت لە عێراق گەیشتە لووتکە، بڕێکی بێشومار لە چەکی ڕووسی دەگەیشتە بەغدا، ئەو چەکانە هاوکار بوون لە یەکلاکردنەوەی کێشەی کورددا، پەیوەندییەکانی نێوان بەعس و حیزبی شیوعیی عێراق بە ڕواڵەت لە باشترین دۆخدا بوون، شیوعییەکان سێ پۆستی وەزارییان هەبوو و هەردوو حیزب لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازدا، هاوکاریی یەکتریان دەکرد. دوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، بەغدا بەردەوام پشتی بە سۆڤیەت دەبەست بۆ یارمەتیی ئابووری و تەکنیکی، لە بەرامبەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی سۆڤیەتدا، عێراق بە پارەی کاش یان بە گۆڕینەوەی نەوت (مقایضة) پارەکەی دەدایەوە. لە ڕوانگەی مۆسکۆوە، ئەمە باریکی گونجاو بوو بۆ ئەویش، بەڵام ئەم ڕەوشە پڕ دەستکەوتە بۆ کرێملین، زۆری نەخایاند. لە کۆتایی حەفتاکاندا، عێراق بە لەسەرخۆیی بەڵام بە متمانەوە دەستیکرد بە خۆسەپاندن بەسەر ئاغاکەیدا (سۆڤیەت). کاتێک سەیری ڕابوردوو دەکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم وەرچەرخانە لە ڕووداوەکاندا، بەهۆی دوو ڕووداوی جیاوازەوە بوو کە هەردووکیان لە بەرژەوەندیی بەغدادا بوون، ئەوانیش: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دوای شەڕی ١٩٧٣ و شکستی بزووتنەوەی کورد لە بەهاری ١٩٧٥[٣٤]. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، پارەیەکی زۆری بۆ عێراق دابینکرد کە وای لێکرد هەموو پێداویستییە سەربازی و ئابوورییەکانی دابین بکات، نەک تەنها لە ڕێگای یەکێتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕۆژئاوایشدا. هەرەسهێنانی بەرگریی کورد، عێراقی ڕزگار کرد لە پشتبەستنی تەواو بە چەکی سۆڤیەت و لەو پاڵپشتییە سیاسییەی ڕووسیا، کە بۆ هاوسەنگکردنی پاڵپشتیی ئێران و ئیسرائیل، هاوکات پاڵپشتیی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ کوردەکان داڕێژرابوو. بە کورتی چەندین هۆکار هەن، وەک: سەربەخۆیی ئابووری، سەرکەوتنی سەربازی بەسەر

[34] Oles M. Smolansky.Ibid,p:25.

کورددا، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران، وایان لە بەغدا کرد بێ ئەوەی بایەخێکی زۆر بە ویستەکانی مۆسکۆ بدات، خۆی بەشوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگەڕێت. لەم ڕەوشەدا، بەرەی نیشتمانی گرنگیی پێشووی خۆی لای بەعس لەدەست دا. هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ چاککردنەوەی درزەکان، بێسوود بوون. بەعس سازشی لەگەڵ حیزبی شیوعی ڕەتکردەوە و ڕووی لە سەرکوتکردن کرد، لە ئایاری ١٩٧٨دا بە تۆمەتی پیلانگێڕی بۆ ڕوخاندنی ڕژێم، بەعس ٢١ شیوعیی لەسێدارە دان. بەدوای ئەوەیشدا پڕۆسەی سەرکوتکردنی بەردەوام هات و حیزبی شیوعی چی تر وەک هێزێکی سیاسیی گرنگ لە عێراقدا بوونی نەما. هەروەها ئەو بابەتە ناکۆکانەی کە پێشتر بەعس بە ئەنقەست پشتگوێیخستبوون، دووبارە سەریان هەڵدایەوە و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان مۆسکۆ و بەغدا دەرکەوتن، لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە توندی تێکچوون. دواجار لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ - ١٩٨٠ گەیشتە لێواری پچڕان.[٣٥]

سەبارەت بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریی درێژخایەنەکان، حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بوو لە هەوڵەکانیدا بۆ مسۆگەرکردنی بازاڕە ڕۆژئاواییەکان، بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی لە دوای خۆماڵێکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق. لە سەردانێکی سەددام حوسێن (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) بۆ فەڕەنسا لە حوزەیرانی ١٩٧٢، ڕێککەوتننامەیەکی دە ساڵەیان واژۆکرد. ئەو ڕێککەوتننامەیە، ڕێگەی دەدا بە کۆمپانیا فەڕەنسییەکان (کە پشکیان ٢٣%. ٧٥ بوو لە کۆمپانیای نەوتی عێراق)، بتوانن هەمان بڕە نەوتی خۆماڵێکراو بەدەستبهێنن، ڕۆژنامەی لومۆندی فەڕەنسی، دانوستانی نهێنیی نێوان هەردوولای سەبارەت بە گرێبەستێکی چەک بە بڕی (٦ ملیار فرانکی فەڕەنسی) لە بەرامبەر نەوتدا، ئاشکراکرد.[٣٦] سەددام، لەبەرامبەر نەوت چەکی دەویست و حکومەتی فەڕەنسایش ئەمەی ڕەت نەکردەوە و بوو بە هاوبەش لە پڕۆژەکانی پڕچەککردنی سەددامدا. لە پێشهاتێکی تردا، ئیتاڵیا بڕی هاوردەکردنی نەوتی

[35] Oles M. Smolansky with Bettie M.Smolansky. Page:25-26

[36]Kenneth R. Timmerman. P:13.

بەرزکردەوە بۆ ٢٠ ملیۆن تۆن بۆ ماوەی دە ساڵ، دواتر گرێبەستی گەورەی تر لەگەڵ بەرازیل و ئیسپانیا واژۆکران. بەم هەنگاوانە، عێراق توانیی خۆی لە هەڕەشەی بایکۆتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ڕۆژئاوا ڕزگار بکات.[٣٧]

یەکێک لە ئەنجامەکانی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت و هەڵکشانی نرخ، ئەوە بوو کە بەغدا توانی پڕۆژەی ئابووریی پێشکەوتوو بەخێرایی جێبەجێ بکات، گرێبەستەکان تەنها لەگەڵ سۆفیەت و وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی نەبوون، بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی واژۆ کران. لە ساڵی ١٩٧٣ عێراق لەگەڵ کۆمپانیای ئەمریکیی (Brown and Root) ڕێککەوت، بۆ دروستکردنی دوو وێستگەی ئاویی قووڵ لە کەناراوەکانی باشوور. لە ساڵی ١٩٧٤ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی گرێبەستی دروستکردنی لوولەیەکی ٩٨٠ کیلۆمەتریی لە کەرکووکەوە بۆ بەندەری دۆرتێۆلی تورکی وەرگرت، هەروەها ژاپۆنیش لوولەی پێویستی بۆ پڕۆژەکە و لوولەی نێوان بەغدا و بەسرە دابین کرد. [٣٨]

بەهۆی هەڵکشانی بێئەندازی داهاتی نەوت، بەغدا تەنها لە ساڵی ١٩٧٤دا زیاتر لە ٦ ملیار دۆلاری دەستکەوت و ئیتر ڕووی لە بازاڕە جیهانییەکان کرد، بۆ بەدەستهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری، پێش ساڵی ١٩٧٤ عێراق پشتی بە گۆڕینەوەی کاڵا (المقایضة) لەگەڵ سۆفیەت دەبەست، بەڵام دوای ئەوە وڵاتانی پیشەسازیی ڕۆژئاوا بوونە سوودمەندی سەرەکی، ئەمەیش بەهۆی هەبوونی دراوی قورس و ئارەزووی عێراق بۆ کاڵای کوالێتیی بەرزی ڕۆژئاوایی. [٣٩]

ئیدی عێراق بووە ناوەندی ڕاکێشانی بیرمەندە تەکنیکییەکانی عەرەبەبەتایبەت میسر، مەغریب، تووس و جەزائیر. لەو ماوەیەدا ژمارەی هاتووانی عەرەب لە ٣ ملیۆن

---

[37] ،The Death Lobby. How the West Armed Iraq. Houghton Mifflin Company. Kenneth R.Timmerman.Page :22-23.

[38]،. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page:23

[39]،. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page:30

کەس تێپەڕی، بەعس دەیویست لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە دیدگای (یەکێتیی عەرەبی) خۆی بسەلمێنێت و هەروەها گۆڕانکاریی دیمۆگرافیی فراوان ئەنجام بدات، بەمەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کورد لە ڕێگەی ڕاگواستنی زۆرەملێ و سیاسەتی تەعریب، کە دوای هەرەسی بزووتنەوەی کورد جێبەجێکرا، لە بەرامبەردا سەرکردایەتیی کورد سیاسەتێکی پەیڕەوکرد، کە دژی بەرژەوەندیی پارچەکانی تری کوردستان بوو، بە فەرمانی سەرکردایەتیی کورد (سولێمانی موعینی - سەرکردەی حدک ئێران) لە ساڵی ١٩٦٨ شەهیدکرا و تەرمەکەی ڕادەستی ساواکی ئێران کرایەوە. هەروەها فشار خرایە سەر (ئەحمەد تۆفیق)، تا ناچار بوو بچێتە بەغدا و لەوێ لەلایەن بەعسەوە شەهیدکرا. لە ساڵی ١٩٧١دا (سەعید ئێڵچی - سەرکردەی حدک – تورکیا و هاوڕێکەی محەمەد بەگی) بەدەستی هاوڕێکانی و بە پیلانی (پدك)ی عێراق کوژران و[٤٠] شەهیدکران. هەروەها (دکتۆر شڤان و هاوڕێکانی)، بە فەرمانی سەرکردایەتیی کورد لە ١٩٧١/١١/٢٦ شەهیدکران. ئەم کارانە، بوونە هۆی ئیفلیجبوونی چالاکیی حیزبە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵات و باکوور، ئەمەیش جێگەی ڕەزامەندیی ساواکی ئێرانی و میتی تورکی بوو. (پدك) لەکاروباری ناوخۆی (ڕۆژاوای کوردستان – سوریا) نەیانتوانی دەستوەردان بکەن، بەهۆی یەکخستنی هێزە سیاسییەکان و یەکڕیزیی خەباتیان، هەروەها بینیمان بزووتنەوەی سیاسیی کوردی لە لوبنان چالاک بوون و لەناو ڕیزەکانی کۆچبەرانی کورددا تووشی پارچەپارچەبوونی ناوخۆیی بوون.

[٤٠].عبدالحمید درویش، اضواء علی الحرکة الکوردیة في سوریا، الطبعة الثانیة، السلیمانیة،٢٠٠٣، ص١٩٤-١٩٥.



د. شفان لەگەڵ ژن و منداڵەکانی لە کەناری دەریای ئیجە، ئابی ١٩٧٠/ ئاکجای

لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد، لەسەر حیسابی پارچەکانیتری کوردستان ڕێگەی ڕازیکردنی وڵاتانی دراوسێی گرتەبەر، بەوەیش پەیوەندیی هاوکاریی نێوان پارچەکانی کوردستانیان پێشێلکرد، ئەوەیش لە هەمبەر وەرگرتنی چەند کۆمەکێکی ژەهراوی کە دواتر کارەساتیان لێکەوتەوە. بەپێی ئەرشیفی ئەمریکی، وەفدی کورد (د. مەحموود عوسمان و ئیدریس بارزانی) لە ساڵی ١٩٧٢ لە واشنتۆن، بە ڕیچارد هێڵمزی بەڕێوەبەری CIAیان ڕاگەیاندووە؛ کە بزووتنەوەی بارزانی، هیچ چاوتێبڕینێکی لە خاکی ئێران و تورکیا نییە سەبارەت بە داواکاریی گەلی کورد لەناو خاکی تورکیا و ئێراندا. جووڵانەوەی بارزانی، گرنگیی زۆر دەدات بە حکومەتی تورکیا و ڕازی نەبووین کوردی تورکیا بەهیچ شێوەیەک بێنە ناو جووڵانەوەی کوردی عێراق و تەنانەت ١٠ ساڵیش دەبێت یەک فیشەک لەسەر سنووری تورکیا نەتەقێنراوە و ئێمە بووینەتە پاسەوان بەدرێژایی سنوورەکانی تورکیا. هەروەها ئێرانیش بە هەمان شێوە، واتا ئێمە بووینەتە ئاسایش و ئارامیی نێوان وڵاتانی تورکیا و ئێران لەگەڵ عێراقی دوژمندا. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕووی ڕێز و دڵفراوانییانەوە نێوەندگیری بکەن لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا، ئامادەن هەر گەرەنتییەکی سنووری واژۆ بکەن کە تورکیا و ئێران دەیانەوێت. هەروەها دکتۆر مەحموود عوسمان ئاماژە بەوە دەکات؛ کە سەرکردایەتیی مەلا موستەفا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، بەوەی

تەنانەت مەفرەزەی پێشمەرگەی ناردووە بۆ ناو ئێران، بۆ هاوکاریکردنی هێزە ئێرانییەکان لە سەرکوتکردنی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٤١].

دکتۆر مەحمود عوسمان باسی ئەو ئاستە نزمە دەکات کە پەیوەندی پاشکۆیی بۆ ئێران پێیگەیشتبوو، دەڵێت" سەرکردایەتی- مەلا مستەفای بارزانی- هەندێک مەفرەزەی پێشمەرگەی نارد بۆ ئێران بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە ئێرانیەکان بدەن لە سەرکوتکردنی هەندێك بەڕێنگاربونەوەی چەکداری پێشمەرگەی کوردستانی ئێران[٤٢]

ئاگربەست لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد (بەیاننامەی ١١ ئازاری١٩٧٠)

جێی تێڕامانە، سەرکردایەتیی کورد تەنانەت پێش قۆناغی لێکتێگەیشتنان لەگەڵ ڕژێمی بەعس، نهێنیی پیلانگێڕییەکی ئێرانییان دژ بە دەسەڵاتی بەعس بۆ سەرکردەکانی ئەو حیزبە، ئاشکرا کردبوو. پێشتر دەسەڵاتدارانی ئێرانی، سەرکردایەتیی کوردیان لەو هەوڵی کۆدەتایە ئاگادار کردبووەوە، کە بڕیار وابوو لەلایەن عەمید ڕوکن (عەبدولغەنی ڕاوی و موقەدەم ڕوکن عەبدولڕەزاق نایف - وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە عێراق دەرکرابوو) ئەنجام بدرێت. هەر بەو مەبەستەیش، شای ئێران لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا داوای لە مەلا موستەفا کردبوو سەردانی تاران بکات، بۆ ڕاوێژکردن دەربارەی کۆدەتاکە. ناوبراو لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان چوونە تاران و بەشداربیان لەو کۆبوونەوانەدا کرد؛ کە بەرپرسانی ئێرانی تێیدا ئامادە بوون، وا دیار بوو شای ئێران هیوایەکی زۆری لەسەر سەرکەوتنی ئەو کۆدەتایە هەڵچنیبوو. شەکیب ئاکرەیی، یەکێک لە سەرکردەکانی دەزگای (پاراستن) دەڵێت: لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩دا (سەمیر نەجم) ئەندامی سەرکردایەتیی قوتری حیزبی بەعس، لەگەڵ (عەزیز شەریف و لیوای خانەنشین فوئاد عارف) گەیشتنە بارەگای مەلا موستەفا لە دیلمان، ئامانجی سەردانەکە

[41] CIA Archive concerning June, 1972 meeting between the Kurdish delegate and the CIA director

[٤٢]،محمود عثمان تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها ١٩٧٧ أوائل كانون الثاني. ص : ٤٩ – ٥٠

ڕێگەخۆشکردن بوو بۆ دەستپێکردنی دانوستانی جیدی. بەعس بڕیاریدابوو لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە و دانی بە سەرکردایەتیی بارزانیدا دەنا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد.[٤٣]

مەلا موستەفا، دارا تۆفیقی لەگەڵ شاندە حکومییەکە نارەوە بۆ بەغداد و پەیامێکی زارەکیی بۆ سەرکردەکانی بەعس نارد، کە تێیدا هاتبوو: (سەرکردایەتیی کورد، بەکرێگیراوی هیچ لایەنێکی بیانی نییە و بەگوێرەی بەرژەوەندیی گەلی کورد ڕەفتار دەکات، ئەوەی لە کوردستانی عێراقیش دەگوزەرێت خەباتێکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەل). بە فەرمانی بارزانی، دارا تۆفیق زانیارییەکانی دەربارەی پیلانگێڕییە ئێرانییەکە خستنە بەردەم سەددام حوسێن، سەددامیش لە وەڵامدا وتبووی؛ کە ئاگاداری ئەو پیلانگێڕییەیە بە سەرکردایەتی عەبدولغەنی ڕاوی، بەڵام ڕێگەی پێداون تاوەکو هەموو سەرەداوەکانی پیلانەکە و هەموو بەشداربووەکان ئاشکرا ببن، پاشان پێش کاتی جێبەجێکردنەکە دەستگیریان دەکەن.[٤٤]

لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٧٠دا دانوستانەکانی نێوان بەغداد و بزووتنەوەی کورد بەرەو کۆتایی دەچوون، ئایا ڕژێمی بەعس دزەی کردبووە ناو سەرکردایەتیی کورد؟ ئایا سەددام حوسێن ئاگاداری پەیوەندییە نهێنییەکانی مەلا موستەفا بوو، لەگەڵ لایەنی ئێرانی؟ ئایا هەر لەبەرئەوە بوو کە دژایەتیی داواکارییەکانی کوردی نەدەکرد و نەدەیهێشت سەرکردایەتیی کورد لە گەیشتن بە چارەسەر، پاشەکشە بکات؟ لە مانگی ئاداری ئەو ساڵەدا، جۆرە دەستبڵاوییەکی بێوێنە لەلایەن هەردوو لایەنی ئێرانی و عێراقییەوە دەبینرا، بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد، یارییەکی هاوشێوەی پەتپەتێن لە نێوان بەغداد و تاراندا هەبوو، بەعسیش لە یاریی ڕاکێشانی کورد بۆ لای خۆی بەسەر ئێراندا، سەرکەوت. تەنها هەفتەیەک پێش واژۆکردنی بەیانی ئادار، ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا موستەفا لە ٤ی ئاداری ١٩٧٠ گەیشتە تاران، بێگومان ئامانجی ئێران

[٤٣] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٤.

[٤٤] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو،١٦٥.

شکستهێنان بوو بەو دانوستانانەی لە نێوان کورد و بەعسدا بەڕێوە دەچوون، ئەرشیفێکی ئەمریکی ئاماژە بەمانەی خوارەوە دەکات:

١. ئیدریس بارزانی، لەسەر بانگهێشتی دەزگای هەواڵگریی ئێران (ساواک)، بۆ تاوتوێکردنی داهاتووی شۆڕشی کورد گەیشتە تاران. لە ٤ و ٥ی ئادار، ئیدریس بارزانی و سامی سنجاری و ئەمیر قاسم لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئیسرائیل کۆبوونەوە، ئیسرائیلییەکان جەختیان لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە باکووری عێراق کردەوە و بەڵێنی دابینکردنی چەکی دژەفڕۆکە و تۆپخانەی سووکیان بە کورد دا، ئیدریس بارزانی داوای هاوکاریی زیاتری کرد کە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و گواستنەوەی سەربازی بگرێتەوە و ئیسرائیلییەکانیش ڕازیبوون. هەروەها ئیسرائیلییەکان داوایان کرد کورد هەوڵبدات لانی کەم دەست بەسەر دوو تانکی عێراقیدا بگرن، تا وەک پەردەیەک بەکاربهێنن، پاشان ئەوان لە ڕێگەی ئێرانەوە تانکی زیاتر و تیمی تایبەتییان بۆ دەنێرن. ئیدریس بارزانی پێی باش بوو تیمەکان کورد بن و داوای مەشقی کرد، ئیسرائیلییەکانیش دەستبەجێ ڕازی بوون.

٢. لە ٦ی ئادارەا، ئیدریس بارزانی لەگەڵ جەنەراڵ نیعمەتوڵا ناسیری، سەرۆکی ساواک کۆبوونەوە. ناسیری؛ باسی لە پلانی ئێران کرد بۆ زیادکردنی هاوکارییەکان و نیگەرانیی تارانی نیشان دا بەرامبەر دانوستانەکانی نێوان بارزانی و عێراق، ناسیری وتی؛ کە ئێران بە تەواوی پشتگیری لە پلانی ئیسرائیل دەکات بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پێویستە ئیدریس گرنگییەکی زۆر بە پێشنیارەکانی ئیسرائیل بدات.

٣. لە ماوەی مانگی ڕابوردوودا، هاوکارییە دارایییەکانی ئێران و ئیسرائیل گەیشتبووە یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دیناری عێراقی (هاوتای ٣،٣٦٠،٠٠٠ دۆلار).[٤٥]

نازانین ئایا شاندە کوردییەکە، لە ئێران گەڕانەوە و چاویان بە سەددام حوسێن کەوت کە لە ٩ی ئاداری ١٩٧٠ گەیشتە بارەگای سەرکردایەتیی کورد و ڕێکەوتنی ئاداریان واژۆ کرد یان نا؟

[45] ACQ(7 March 1970) Intelligence Information Cable TDCS DB 315/01044-70.

سەرکردایەتیی کورد، بڕارەی ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدای هەڵبژارد، یان ڕەنگە سەددام حوسێن دەرفەتی پاشەکشەی پێنەدابن. شەکیب ئاکرەیی دەڵێت: سەعات ١١:٣٠ی شەوی ١١ لەسەر ١٢ی ئاداری ١٩٧٠، بارزانی و سەددام حوسێن ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداریان واژۆکرد، کە وەک ڕووداوێکی گرنگ چووە مێژووی خەباتی گەلی کوردەوە، هەروەها دەڵێت: سەددام حوسێن لە خۆشیدا، لە ژووری کۆبوونەوەکە هاتە دەرەوە و فیشەکێکی بە دەمانچەکەی تەقاند و ئاماژەی بە دەستپێکردنی ئاهەنگگێڕان کرد.[٤٦]

ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بووە هۆی ڕاگرتنێکی کاتیی وەرگرتنی هاوکارییەکانی سەرکردایەتیی کورد، لە ئیسرائیل و ئێران. لێرەدا سەددام حوسێن توانیی ئەو هەماهەنگی و هاوکارییانە دوابخات و ئاگربەستێکی ٤ ساڵە بەدەستبهێنێت، بۆ بەدەستهێنانی هەلی بەهێزکردنی سوپاکەیان. بێگومان دەنگدانەوەی ئەم ڕێکەوتنە بۆ تاران و تەلئەبیب ناخۆش بوو، لە چەند ڕووەوە:

١. شای ئێران، لە ڕوانگەی جەنگی سارد و مەترسیی هەژموونی سۆڤیەتەوە، سەیری ڕێکەوتنەکەی دەکرد و نیگەران بوو. ڕۆژێک دوای ڕێکەوتنەکە، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران بروسکەیەکی بۆ واشنتۆن نارد و تیایدا هاتبوو: (هوەیدا) سەرۆک وەزیرانی ئێران پەیوەندیی پێوەکردم و وتی کە شەوی (١١ی ئادار)، شا ڕایسپاردووە مەترسییەکانی سۆڤیەت و عێراقی بیر بخەمەوە، شا پێیوایە سۆڤیەت بە دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەنگاوێکی تری بڕیوە، هەروەها وتی کە بارزانی سێ ڕۆژ پێشتر بە نهێنی بە ئێرانی وتووە؛ کاتێک بەغداد ئۆتۆنۆمی و هەموو داواکارییەکانی کورد قبوڵ دەکات، چی تر هیچ بیانوویەکی نییە بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ دژی بەغداد. هوەیدا ئاماژەی بەوەیش کرد کە شا، ڕاستی کردبوو لە پێشبینییەکانی بۆ دەستوەردانی سۆڤیەت و عەرەبە ڕادیکاڵەکان لە ناوچەکە (وەک لیبیا و سوودان و یەمەنی باشوور) و بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، ڕازیبوونی بەغداد بە داواکانی کورد، ئەنجامی ڕاستەوخۆی فشاری مۆسکۆ بووە لەسەر بەغداد.

[٤٦] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

٢. شا، دەیەوێت باڵاترین لایەنە حکومییەکان ئەوە بزانن کە ڕێکەوتنی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، پەرەسەندنێکی مەترسیدارە و هەڕەشەکان لە ناوچەی کەنداو و نیمچەدوورگەی عەرەبی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. ئەوەیش بەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ. وەک ئەوەی دەستەی ڕادیۆی بەریتانی (BBC) ئەم بەیانییە باڵاوی کردەوە، ڕێکەوتنەکە ڕێگە دەدات نزیکەی ٢٠,٠٠٠ سەربازی عێراقی لە کەنداو باڵاوەیان پێ بکرێت.

ب. ئەم ڕێکەوتنە، سەرچاوە و توانای زیاتر بۆ عێراق دەڕەخسێنێت، بۆ چەندین مەبەستی تێکدەرانە دژ بە وڵاتە بچووکەکانی کەنداو.

ج. وا دەردەکەوێت حکومەتی عێراق لەژێر کاریگەریی سۆفیەتدایە، بەهۆی پشتبەستنی بە چەکی سۆفیەتی و یارمەتییەکانی تر، بۆ مانەوە لە دەسەڵات.

د. ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەنگاوی داهاتووی سۆفیەت، کە ئەویش گۆڕینی هەڕێمی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی بۆ دەوڵەتێک، کە لە کۆتاییدا فراوان بێت تاوەکو سنووری هاوبەشی لەگەڵ یەکێتیی سۆفیەت هەبێت، ئەمەیش وایان لێ دەکات بەسەر بەربەستی ئێستا (تورکیا و ئێران)دا زاڵ بن و ڕاستەوخۆ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێن.

و. سۆفییەتیەکان؛ ئێستا هەستە نەتەوەییە بەهێزەکانی گەلی کورد لە ناو کوردانی تورکیا و ئێران ناوروژێنن، بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی بەرفراوان.

٣. شا؛ داوای لە هوەیدا کردووە پێمان ڕابگەیەنێت کە ئەم پەرەسەندنانە لە ڕوانگەی شاوە، هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ئێران بۆ پڕچەککردن و پەرەپێدانی هێزە چەکدارەکانی ئێرانی لە جاران، گرنگتر کردووە، تاوەکو کەمترین ئاستی پێویست لە هێزی بەرپەرچدانەوە هەبێت پێش کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداو لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١دا. جگە لەوەیش شا هیوادارە ئەم پەرەسەندنانە ببنە هۆی چاوخشاندنەوە بە

ڕێژەی سوود (Interest rates) بۆ فرۆشتنی چەک و سیستمی ئیداریی دارایی قەرزەکان بۆ وەجبەی داهاتوو.[٤٧]

شا، هەوڵی دەدا هەڕەشەی عێراق و ڕێکەوتنی لەگەڵ مەلا موستەفا بەکاربهێنێت، بۆ فشارخستنە سەر واشنتۆن تا چەکی پێشکەوتووی زیاتر بەدەستبهێنێت، سەرەڕای دژایەتیی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ئەو جۆرە گرێبەستە سەربازییە گەورانە، شا ئەوەی ویستی بەدەستیهێنا.

لە ١٤ی ئادارەدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باڵێۆزی خۆی لە تاران، لە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە ڕێکەوتنەکە ئاگادار کردەوە: (لەکاتێکدا هاوڕاین کە ڕێکەوتنی ڕاگەیەندراوی نێوان عێراقییەکان و کورد لە هەر ڕێکەوتنێکی پێشوو پابەندکەرترە، بەڵام پرسیارمان لایە درێژەی ئەم پابەندبوونە تا کەی دەبێت؟ خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ١٥ ماددەکەی بەیانی ڕێکەوتنەکە دەریدەخات کە پرسێکی بنەڕەتی، بێ وەڵام ماوەتەوە. ئەویش ئەوەیە کە چ ناوچە و سنوورێکی کوردی، چێژ لە ئۆتۆنۆمی وەردەگرێت؟ بێگومان ئەمە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە هەر ڕێکەوتنێکی هەمیشەییدا، جێبەجێکردنەکەیشی بوونی کەلێنی جیدی و کوشندە دەردەخات. تەنانەت ئەگەر شەڕ و دوژمنکارییش دەستپێنەکاتەوە، پێمانوایە دڵەڕاوکێیەکی شاراوە لای بەغداد بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبێت. بۆیە گومانمان هەیە حکومەتی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ هەست بە ئازادی بکات، بۆ گۆڕینی نیەت و سەرچاوەکانی لە کوردەوە بەرەو ئێران و ناوچەی کەنداوی عەرەبی، هەروەها هەر ئارامییەک لەم بوارەدا ببێتە هۆی جێگیرکردنی هێزەکان لە ئوردن و سوریا لە بری باشووری عێراق.[٤٨]

تێڕوانینی ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو مەترسییانەی شا باسی دەکردن، یەکی نەدەگرتەوە. حکومەتی ئەمریکا هاوڕا بوو کە سۆفیەت ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەدیهێنانی ڕێکەوتنەکەدا، بەڵام ئەوە ئامانجی سەرەکییان نەبووە لەو کاتەدا. گومانمان

[47] From the Embassy in Iran to the Department of State March 12, 1970 1335Z.

[48] Ibid, p:39Z.

هەیە لە هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ڕێڕەوێکی کوردی لە ئێستادا، چونکە ئەم کارە بێگومان پرسیاری گەورە لای دۆستە عەرەبەکانی سۆڤیەت دروست دەکات، چونکە ناوچەیەکی گرنگ لە دەوڵەتێکی عەرەبی دادەبڕن، جگە لەوەیش دوورە سۆڤیەت سەرکێشی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیا بکات، چونکە کارێکی لەو شێوەیە وەک ئەوەی لە بڕگەی ٤دا هاتووە، کاردانەوەی بەهێزی ئێران و تورکیا بەدوای خۆیدا دێنێت. بەگشتی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هاوڕاین، سەبارەت بەوەی ئەمە بەرەوپێشچوونێکی گرنگە و پیویستە بایەخی زۆری پێ بدرێت و ڕێز لە خەمخۆریەکانی حکومەتی ئێران دەگرین و پێشوازی لە هەر بۆچوونێکیان دەکەین[٤٩]

سەبارەت بە حکومەتی ئیسرائیل، وەزیری دەرەوەی تەلئەبیب لە ١٠ی نیسانی ١٩٧٠ بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ڕاگەیاند؛ کە سۆڤیەت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە ڕێکەوتنی کورد و عێراقدا، بە وتەی ئەو: عێراقییەکان بەهۆی پێداگریی سۆڤیەتەوە، ناچار بوون بگەنە چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد. دانوستانکارە عێراقییەکان، بەڕاشکاوی بە کوردانیان وتووە: مەرجەکانتان پێشکەش بکەن و واژۆی دەکەین و پێویست بە گفتوگۆی زیاتر ناکات. وەزیرە ئیسرائیلییەکە ئەمەی بۆ هێز و هەژموونی سۆڤیەت لە عێراق و میسر گەڕاندبووەوە، لایەنی ئەمریکی ئاگاداری دڵەڕاوکێی ئاسایشی نەتەوەیی تاران و تەلئەبیب بوو، بۆیە هەڵوێستی ئەمریکا لەم بارەوە بەرامبەر ئەوەی ڕافائیلی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دەیوت، خۆپارێز بوو: دەزانین ئیسرائیلییەکان سەرچاوەی باشیان لەناو کارووباری کورددا هەیە، بەڵام پێمانوایە ڕافائیل زیادەڕۆیی لە ڕۆڵی سۆڤیەت لە ڕێکەوتنی نوێی عێراق و کورددا کردووە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە کەنداوی فارس بەهزتر بکات.[٥٠]

[49] Telegram 54598 from the Department of State to the Embassy in Israel, April 14, 1970, 0109Z

[50] Telegram 54598 from the Department of State to the Embassy in Israel, April 14, 1970, 0109Z

ایەنی ئەمریکی ئاگاداربوو لەو هەستیارییە ئەمنییە نەتەوەییەی کە لەلای تاران و تەلئەبیب هەبوو، بۆیە هەڵوێستی ئەمریکا شێوەیەکی پارێزکارانەی هەبوو بەرامبەر بەو لێدوانەی کە (ڕافائیل) وەزیری دەرەوەی ئیسڕائیل دایبوو کاتێک وتبووی: "ئێمە دەزانین کە ئیسڕائیلییەکان سەرچاوەی باشیان لەبارەی دۆسیەی کوردییەوە هەیە، بەڵام ئێمە پێمانوابووە کە ڕافائیل ڕۆڵی سۆڤیەتی لە ڕێککەوتنی عێراقی - کوردی نوێدا گەورە کردووەتەوە و زەبەلاح نیشانداوە[٥١]

دانوستانەکان لە (ناوپردان) بە ئامادەبوونی سەددام حوسێن دەستیانپێکرد و لە (بەغداد) واژۆکردنی بەیانی ئاداری ١٩٧٠ ڕاگەیەندرا، پارێزەر جەرجیس فەتحوڵا کە شارەزای نهێنییەکانی بزووتنەوەی کوردە؛ باس لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان دەکات و دەڵێت: شاندی حکومەت لە ڕێگەیاندا بۆ ناوپردان، دیاریی تایبەتییان بۆ سەرۆک (بارزانی) و هەردوو کوڕەکەی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و شاندی دانوستانکار پێبوو، کە زێڕ و خشڵ بۆ ژنەکانیان و قوماش و پارەی تێدا بوو. سەرەڕای بێبایەخییان، بەڵام دیارییەکان ڕەتنەکرانەوە، ئەوەیش سەرەتایەکی شووم بوو بۆ پاساودانی دیاری و بەخششی جۆراوجۆری تر.[٥٢] مەسعوود بارزانی، سەرسامیی خۆی بە سەددام حوسێن ناشارێتەوە و دەنووسێت: ناتوانم لەم ڕووداوە گەورەیەدا، ئاماژە بەو ئازایەتی و جیدییەتە نەکەم کە سەددام حوسێن نیشانی دا، هەروەها ڕۆڵی سەرەکیی ئەو لە لایەنی حکومەتەوە بۆ هێنانەدی ئەم ڕێکەوتنە[٥٣]، (ئەم وشانەی مەسعوود دەربارەی سەددام حوسێن، دوای ئەوە نووسراون کە سەددام دەستی مەسعوودی گرت لە بەغدا دوای دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کووەیت. سەرەتای لێکتێگەیشتنێکی ڕانەگەیەندراو بوو لە نێوانیاندا، کە تا ڕووخانی ڕژێم لە ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، کە تێیدا پارە و پاڵپشتیی سیاسی و سەربازیی بە مەسعوود دەبەخشی).

---

[51]، Telegram 54598 from the Department of State to the Embassy in Israel, April 14, 1970, 0109Z

[٥٢] جرجيس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٣

[٥٣] مسعود البارزاني، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٣.

سەبارەت بە شێوازی دانوستانەکان، جەرجیس فەتحوڵا دەڵێت: دانوستانەکان بەپێی بنەما باوەکان (واتە تۆمارکردنی کۆنووس) بەڕێوەنەدەچوون، زیاتر لە مەجلیسێکی خێڵەکیی (عەرەبی- کوردی) دەچوو، پڕ بوو لە دەربڕینی سۆز و قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ و گێڕانەوەی نوکتە، لەو نێوەندەیشدا قاوە و چایی دەگێڕدران[٥٤].



سەدام و بەکر لەگەڵ کوڕانی مەلا مستەفا و د. مەحمود عوسمان. بەغدا ١٩٧٠

هەروەها دەڵێت: لە بنەماکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە پەیڕەوەکەیدا هاتووە، ئەوەیە کە دەبێت کار بکرێت بۆ گەڕانەوەی ژیانی دیموکراسیی پەرلەمانی لە عێراقدا، چونکە ئەوە گەرەنتیی ڕاستەقینەیە بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان، بەڵام ئەندامانی شاندی حکومەت ڕەتیانکردەوە گوێ لە پێشنیاری هەڵبژاردنی گشتی بگرن و پاساویان ئەوە بوو کە ئەوان بەو شێوەیە نەهاتوونەتە سەر دەسەڵات. بەڵکو لە ڕێگەی شۆڕشێکەوە (کۆدەتا) بووە، کە حوکمێکی پاشکۆی ڕووخاندووە. شاندی کوردییش دەستبەجێ بەم لۆژیکە ڕازی بوون و پێشنیاری هەڵبژاردنیان لای خۆیان پێچایەوە و وتیان؛ ئەم بنەمایە تەنها بۆ مەبەستی تاکتیکی لە پەیڕەودا دانراوە و پارتی وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ، باوەڕی بە دیموکراسیی لیبراڵ و هەڵبژاردنەکانی نییە، بەمشێوەیە دروشمی (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق) هەرەسی هێنا[٥٥]. پاشان سازشکردن لە بنەماکان

[٥٤]، جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو،٥٠.

[٥٥] جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

یەک بە دوای یەکدا هات. یەکێک لە بەرنامەکانی پارتی، کارکردن بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕەگەزنامەی کوردە فەیلییەکان، کاتێک بابەتەکە دواخرا، شاندی حکومەت وتی: (کێشەیەکی زۆر سادەیە و پێویست ناکات بخرێتە کارنامەی کۆبوونەوەوە، با پارتی لیستێک بەناوی شایستەکان بداتە وەزیری ناوخۆ بۆ ئەوەی بڕیاریان بۆ دەربکات)، شاندی کورد بەم بەڵێنە قایل بوون. دوای کەمتر لە دوو ساڵ لە بەیانی ئادار (٨٠ هەزار) کوردی فەیلی بەشێوەیەکی دڕندانە لە وڵات دەرکران و مووڵکومااڵیان زەوتکرا، کە بوو بە پەڵەیەک شەرمەزاری و لەسەر نێوچەوانی ئەو پارتییە مایەوە کە بەناو داکۆکیی لێدەکردن، لەکاتێکدا پارتەکە لە لوتکەی هێزدا بوو کاتێك کاروانی دەرکراوەکان لە لەۆریدا سنوری عێراقیان تێپەڕاند سەرکردایەتی کورد هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی و هیچ خۆپیشاندانێکی نەکرد ، بەڵی، لەڕۆژنامە حزبیەکەیدا گوتارێکی توند بڵاوکرایەوەو ئەو کارەی حکومەت ڕیسوا دەکات ، بەڵام گوتارەکە وەك شیوەنێک بوو بەسەر گۆڕی مردوویەکەوە.[٥٦] باسکردنی مەسەلەی کەرکوک و خانەقین و شەنگال کە ناوچەی نەوتین، دواخرا. شەکیب ئاکرەیی ئاماژە بەوە دەکات کە لە مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی ١٩٧٠ ئامادەکاری بۆ سەرژمێری کرا، بەڵام ئەحمەد حەسەن بەکر لەناکاو داوای لە بارزانی کرد کاتەکەی بۆ بەهاری ١٩٧١ دوابخات و بارزانی و سەرکردایەتیی پارتییش ڕازی بوون.[٥٧]

جەرجیس فەتحوڵا لەم بارەیەوە دەڵێت: دوای دوو مانگ و نیو لە خۆئامادەکردن بۆ سەرژمێری، ڕای گشتیی کورد بە دواخستنی سەرژمێری تووشی شۆک بوو، بە ڕێکەوتنی دەسەڵات و سەرکردایەتیی کورد، لەناو بازنە جۆراوجۆرەکانی پارتیدا وا بڵاوکرایەوە (بە ڕێنمایی سەرکردایەتی) کە ئەم دواخستنە لە بەرژەوەندیی کوردە بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە، بەڵام ئەو قسانە شێواندنی ڕاستیەکە بوو، چونکە ئاوارەکان ئەگەر هەبووبێتن، ژمارەیان کەم بوو. کاریگەرییان نەبوو لەسەر ئاستی سەرژمێری، بەڵکو لەو

[٥٦] جرجيس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

[٥٧] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧-٢٩٨.

کاتەدا سەرژمێری بۆ کورد گرنگ و مسۆگەر بوو، چونکە لە هەموو شوێنێک کورد زۆرینە بوو. پێش گرتنەبەری ڕێوشوێنە حکومیەکان، پێش دواخستن و دوای دواخستنیش، دەبوو سەرژمێری دەستبەجێ بکرێت، چونکە لەو کاتەدا دەسەڵات دەترسا لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ و هێشتا ئامادەکارییەکانی تەواو نەکردبوو بۆ قۆناغی دووەمی پلانەکەی، کە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد کێشابووی[٥٨]، ڕاستیەکەی ئەوەبوو هیچ لایەك متمانەی بەوی تر نەبوو، هیچ لایەك بە جدی سەبارەت بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ئازار هەڵوێستیان ئەرێنی نەبوو. دوای نزیکەی پێنج مانگ سەددام حوسێن نامەیەکی ئاراستەی مەلا موستەفا کرد و تێیدا ڕەخنەی لە هەندێک لە ڕەفتارەکانی گرت، کە پێچەوانەی ڕۆحی بەیاننامەی ئازار بوون. لەو نامەیەدا هاتووە:

سوودمەند لە بەیاننامەی ١١ی ئازار تەنها حکومەت نییە، بەڵکو تەواوی گەلی عێراقە. جێبەجێکردنی هەموو بڕگەکانی بەرپرسیارێتییەکە، دەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا. مەبەستم حکومەت و حیزبی بەعس لەلایەك و بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگە لەلایەکی ترەوە. بۆ ئەوەی قسەکانمان بە بەڵگەوە پشتڕاست بکەینەوە، خۆمان بەدوورگرت لە سووربوون لەسەر ڕادەستکردنی چەک و ئێزگەکە وەک مەرجی یەکەم لە گفتوگۆ و ڕێکەوتندا، هەروەها خۆمان بەدوورگرت لە باسکردن لە پێگەکانی سوپای عێراق لە لای حاجی ئۆمەرانەوە، چونکە ئێمە درک بەو جۆرە گومان و دڵەڕاوکێیانە دەکەین کە لە ئەنجامی ئەم پێشنیارەدا دێنە سەرتان. هەروەها درکمان بەوە کردووە کە بەرپرسیارێتیی ڕێکارەکانی سەلماندنی نیازپاکیمان لە ئێستا و داهاتوودا زیاتر دەکەوێتە سەر شانی ئێمە، نەک کەسانی تر. لەو سۆنگەیەوە بە دڵێکی گەورەوە مامەڵەمان لەو گفتوگۆیەدا کرد، کە بەیاننامەی ١١ی ئازاری لێکەوتەوە. هیچ داواکارییەکتانمان ڕەتنەکردەوە و سوور نەبووین لەسەر هیچ شتێک کە ببێتە مایەی دڵەڕاوکێ و گومان لای ئێوە. ئێمە دەمانویست کە ئەو خاڵە پێویستانە دیاری بکرێن کە ڕێگری لە هەر نارۆشنیەك لە پەیوەندییەکانی داهاتوودا دەکەن.

[٥٨] جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٦-٥٧.

ڕێکەوتن کرابوو هەڵوەشاندنەوەی سوارەکان (جاشەکان) و گرووپەکەی جەلال تاڵەبانی، بەشێوەیەکی تەواو یەکسان لەگەڵ ناردنەوەی ئەو پێشمەرگانەی زیاترن لەو ژمارەیەی کە ڕێکەوتنمان لەسەر کردووە (٦ هەزار کەس)ن، بەو مەرجەی ئەم ژمارەیە وەک پاسەوانی سنوور بن. ئێمە ئەوەمان کرد و هەموومان ناردنەوە ماڵەوە و چەکمان لێ وەرگرتنەوە لە ماوەیەکدا، کە لە مانگێک تێپەڕی نەدەکرد. هەروەها بە زارەکی بەڵێنمان پێدان کە ڕۆژنامەی (النور) لە ماوەی دوو بۆ سێ مانگدا دابخەین، بەڵام پێش ئەوەی یەک مانگ بەسەر بەیاننامەی ١١ی ئازاردا تێپەڕێت، دامانخست.

پاشان لە نامەکەیدا بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ئاگاداری ئەو نهێنی و دژایەتییانەیە کە لای مەلا موستەفا ڕوودەدەن:

برای خۆم؛ کردەوەکان بەپێی نیەتی مرۆڤەکانن، شۆڕشێ ئاماژەی ڕێڕۆیشتنن. ئایا ژیری (عەقڵ) دەیبڕێت چەک لە هێزە پشتیوانەکانمان (جاشەکان) و یەدەگ و هاوکارەکانمان دامااڵین، ئەگەر نیازێکی نادروست و ناپاکمان هەبووایە جا هەرچییەک بووایە؟ ئێمە سوپامان لە زۆربەی ناوچەکانەوە بۆ شوێنە ئاساییەکانی خۆیان کێشایەوە و جاش و گرووپەکەی جەلالمان نارد‌ەوە ماڵەوە، تەنانەت کارەکە تەنها لە سنووری ناردنەوەیان نەمایەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو شێوازە سووکایەتیەی کە چەکیان لێومرگیرایەوە و نێردرانەوە ماڵەوە، ڕەوشەکە گەیشتە ئاستی دژایەتیکردنیان کەچی لای ئێوە چەک و ئێزگەکەمان هێشتەوە و هێزە سەرەکییەکەی پێشمەرگەیش دەستکاری نەکرا. نەک هێزتان کەم نەکردەوە، بەڵکو یەدەگتان زیادی کرد و شوێن و دەرفەتی نوێی کارکردنتان بۆ ڕەخسا؛ کەواتە بۆچی ئەم هەموو گومانە؟ برای خۆم! چیتان دۆڕاندووە، تاوەکو گومانتان بگاتە هەوڵی خۆپارێزیتان؟ بۆچی ئێمە گومان نەکەین؟ لە کاتێکدا تۆ هەستیاریت بەرامبەر پەیوەندیی ئێمە بە سەرۆک جاشەکانەوە هەیە. تەنانەت ئێمە وەک فەرمانڕەوا و ئەوان وەک هاوڵاتییەکی بێ دەسەاڵت. کاتێک ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان دەبڕین، تۆ بانگیان دەکەیت بۆ گەاڵڵە و پارە و چەکیان پێ دەدەیت و لە خۆتیان نزیک دەکەیتەوە. هەندێکیان تۆمەتبار دەکەیت بە سیخوڕی بۆ ئێران وەک محەمەد ڕەشید لۆلان و هۆشداریمان دەدەیتێ لەوەی سوور نەبین لەسەر گەڕانەوەی بۆ شوێنەکەی

خۆی. لەبەرئەوەی پێتوایە ئەو شوێنە دەرفەتی دەداتێ بۆ ئەوەی پەیوەندی بکاتەوە بە ئێرانەوە، کەچی دوای ئەوە بۆمان دەنووسیت (وەک لەو تێبینییانەدا هاتووە کە پارێزگار بۆی هێناوین) بڕەپارەیەک بۆ بەڕێز محەمەد ڕەشید لۆلان خەرج بکەین. جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و گرووپەکەیان، بە سیخوڕی و ڕەوشتخراپ تۆمەتبار دەکەیت، کەچی لەم ماوەیەی دواییدا دەبیستین کە پەیوەندی لە نێوان ئێوە و جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد لە عێراق و لەندەن لە ئارادایە، بەمەبەستی ڕازیکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەی برام! ئەم هەمووە بە چی لێک دەدەیتەوە؟

برای من، باوکی ئیدریس! هیواخوازم لە قسەکانم وا تێنەگەیت کە ئێمە دژی تەبایی و دژی بیرۆکەی یەکخستنی کورد و کۆتاییهێنان بە هەموو قین و کینەیەک بین لە نێوانتاندا. بەڵکو بەپێچەوانەوە من لەگەڵ ئێوەدا باسم کردووە و هەموومان لەگەڵ برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کاتی گفتوگۆکان و دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار باسمان کردووە، کە حەز دەکەین لە فەرامۆشکردنی ڕقوکینەی نێوانتان و کۆکردنەوەی هەموو کورد لەژێر سەرکردایەتیی ئێوەدا و لە ئاراستەی پەرۆشی بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازار. بەڵام ناڕەزایەتیی ئێمە لەسەر ئەم دژیەکانەیە لە هەڵسەنگاندن و هەڵوێستەکاندا. کەسێک بە سیخوڕ و بەکرێگیراو و لە ڕووی ڕەوشتەوە بە نزم دادەنرێت، کاتێک لەگەڵ دەسەڵاتدایە کە دەسەڵاتی خۆتانە و ئێوە بەشێکن لێی. بەڵام دوای ماوەیەک دەبێتە نیشتمانپەروەر و کەسێکی دڵسۆز کاتێک ئێوە لێی ڕازی دەبن. ئەم هەڵسەنگاندنە دژبەیەکانە؛ لای زۆر کەس وا نیشان دەدرێت کە بابەت و هۆکارەکە دژایەتی لە هەڵسەنگاندنا نییە بەرامبەر کەسەکان، بەڵکو ئارەزوویەکە بۆ گەمارۆدانی ئەم کەسانە بۆ ئەوەی ناچار بکرێن ئەگەر لە هەر پێگەیەکدا بن کە لە داهاتوودا شەڕی دەسەڵاتیان پێ بکەن و لە هێڵی ئێوە دەرنەچن، پێموانییە لە بەرژەوەندیماندا بێت لای هاوڵاتیان ئەم وێنەیە بۆ ڕەفتارەکانتان دروست بێت، کە ئێمە پەرۆشین بۆ هەڵسەنگاندنی لە لایەن گشت هاوڵاتیانەوە، چ عەرەب بێت یان کورد. وەک گوزارشتێکی ڕاستەقینە بێت لە پەرۆشی بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازار و دوورخستنەوەی هەر ئەگەرێکی گەڕانەوەی لۆژیکی هێز لە جیاتی گفتوگۆی برایانەی هێمن.

ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگای سەرسوڕمان، خێرایی سەرسامبوونی لایەنی کوردییە بە پۆست و پارە و ئیمتیازە حکومییەکان، جەرجیس فەتحوڵڵا وەک سەرنجێک دەڵێت: (دەسەڵات، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لەو تاقیکردنەوە دەروونییەی کە سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕشی پێدا تێپەڕاند، یەکێک لەو بەرتیلانەی دەسەڵات پێشکەشی سەرکردایەتیی کرد، ئەوە بوو {ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەتانەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هاوردەی دەکەن لە باج و ڕەسمی گومرگی بەخشران}. ئیتر هەندێکیان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ کڕین و پاشان فرۆشتنەوەیان، بۆ ئەوەی لەو جیاوازییە گەورەیەی نرخ سوودمەند بن، یەکێک لە وەزیرەکان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، ئەم ئۆتۆمبێلە تایبەتەی خۆی فرۆشت و بە پارەکەی خانوویەکی کڕی. ئەمە گەورەتر لەوە بوو کە لە کادیرانی پارتەکە بشاردرێتەوە. کاتێک سەرکردایەتی ناچار بوو چارەسەری بارودۆخەکە بکات و بڕیارێک بۆ ڕاگرتنی ئەم هەڵپەکردنە بدات، کەچی یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی کرد، تا ئەوکاتەی مامەڵەی ئۆتۆمبێلەکەی کە لە دەرەوە دەهات، تەواو دەبێت).[٥٩]

هەندێك لە کوڕانی ئەحمەد ئاغای زێباری، هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس (بارزانی)یان دا لە شەوی ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، واتە کەمتر لە ساڵێک دوای دەرچوونی بەیاننامەی ئازار، لەکاتێکدا ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدادا تێدەپەڕی، درایە بەر دەستڕێژی گوللـە. ئیدریس خۆی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا نەبوو، بەڵام هاوڕێکەی (حەمید بەرواری) بریندار بوو و تا ئێستایش ئیفلیجە. مەلا موستەفا، ئیدریسی ناردبووی بۆ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان بە سەرکردایەتیی بەعس، دەسەڵاتدارانیش تاوانبارانیان ڕادەستی دادگا کرد. هەروەها مەلا موستەفا و دکتۆر مەحموود عوسمان لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١دا، بەرەوڕووی هەوڵێکی تیرۆرکردن بوونەوە و بە پەرجوو (موعجیزە) لێی ڕزگار بوون.

[٥٩] جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥-٥٦.

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە؛ کە بەعس بەشێوەیەک ڕێگەی بۆ تەخت بوو، بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد کە لە سەرەتادا باوەڕی نەدەکرد، چونکە بەعس پێشبینیی دەکرد ڕووبەڕووی بەرەیەکی کوردیی یەکگرتووی بەهێز و دڵسۆز بۆ پەرەنسیپەکانی خۆی ببێتەوە، بەڵام لە جیاتی تەبایی لە نێوان کورددا، لێکترازان و پەرتەوازەیی بینی. ئەو، پێشبینیی یەکدەنگیی کوردی دەکرد، بەڵام دابەشبوونی فیکریی بینی.[٦٠] هیچ شتێک وەک ڕەفتاری نامۆی سەرۆکی پارتی (خودی مەلا موستەفا) گوزارشت لەوە ناکات، ئەو ڕەفتارانەی ئەو دەیکردن بۆ لەناوبردنی یەکڕیزیی بنەماڵەی بارزانی و ڕەخساندنی بوار بۆ گەشەکردنی ڕووحی دوژمنایەتی لە نێوان کوڕەکانی خۆیدا، ڕەنگیاندایەوە تا ئاستێک کە گەورەترین زیانی بە دۆزی کورد گەیاند و ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی ڕژێمی بەعسدا شکایەوە.

مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، بەشێوەیەکی زەق لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بڵاوبووەوە، لێپرسینەوە لەو سەرپێچییە نایاساییانە نەدەکرا، کە هەندێک لە ئەندامانی پارتی و شۆڕش ئەنجامیان دەدا. جەرجیس فەتحوڵڵا لەسەر ئەم دیاردەیە دەڵێت: دەبوو سەرکردایەتی بۆ ڕاگرتنی ئەم سەرپێچییانە بە هەمان ئەو تووندییە ڕەفتار بکات، کە دەیکرد بۆ ڕاگرتنی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بەناوی حکومەتەوە. بەڵام لە هەردوو بارەکەدا دەستەوەستان مایەوە، هەندێکجار دەنگی چرپە لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانەکان لەناو سەنگەری شۆڕشەوە دەبیسترا، کە کورتییەکەی ئەوە بوو ئەوانە لە کەسە نزیکەکانی سەرۆکن و ئەو باڵی بەسەردا کێشاون. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت و لێی بڕوانین، ئەوا چ بیانوویەک دەمێنێتەوە بۆ سەرکردایەتی کە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی پارتی و ڕەگەزەکانی ڕەوشت و هێزی لە ڕابوردوودا پشتگوێخستووە، کە ئەویش بنەمای ڕەخنەگرتنە لە خود (النقد الذاتی)، ئاشکرایە بۆ سیاسەتی گشتیی پارت و بۆ ڕەفتاری ئەندامان، چ بچووک بن یان گەورە، پێویست بوو بەجێبەجێکردنی سزای دیسپلینکردن لە دژیان.[٦١]

---

[٦٠] جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

[٦١]، جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨

ئامادەکردنی سوپای عێراق

دوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتیی ساڵی ١٩٥٨، عێراق بە چەکی سۆڤیەتی پڕچەککرا، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانیشدا، عێراق دووەم کاروانی چەکی سۆڤیەتی وەرگرت. مۆسکۆ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧١دا، بەردەوام بوو لە دابینکردنی چەک بۆ عێراق، چەکەکان بریتیبوون لە (١١٠ فڕۆکەی جەنگیی MiG-21)، فڕۆکەی جەنگیی ((SU-7) و زیاتر لە ٢٠ هێلیکۆپتەر و ڕاهێنەر، هەروەها لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ تانک و ٣٠٠ بارهەڵگر و نزیکەی ٣٠٠ تۆپی مەیدانی و کاتیۆشا و ڕۆکێت بە عێراق دران. دوای واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هەماهەنگی، بەغدا موشەکی (SA-3)ی زەمین - ئاسمانیی جۆری ((SAM) و فڕۆکەی بۆمبهاوێژی مەودا مامناوەندی (TU-22)ی وەرگرت، (لەو سەردەمەدا یەکەمجار بوو بدرێت بە وڵاتێك لە دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات)، هەروەها موشەکی ((Scud) و فڕۆکەی جەنگیی (MiG-23)ی پێشکەوتووتر کە سۆڤیەت لە دەرەوەی وڵاتەکەی تەنها بەعێراقی دابوو، بێگومان پڕچەککردنی سوپای عێراق کە ببوە (سوپای بەعس نەك گەلی عێراق)، تواناکانی هێزی ئاسمانیی عێراقی زۆر پەرەپێدا، لە کۆتاییشدا مۆسکۆ بڕێکی زۆر لە زرێپۆش، تۆپ، مووشەک و بەلەمی دەورییەی جۆری ((Osa) و بەلەمی تۆرپیدۆی (p.6)یدا بە عێراق.[٦٢]

لە ڕووی سەربازییەوە، سەددام حوسێن هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەهێزکردنی تواناکانی سوپای عێراق بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە کوردستان، کاتێک هێڵە سیاسییە نوێیەکان لە هەڵوێستەکانی بەعس و بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا ڕوون بوونەوە، مارشاڵ ئەندرێ گرێچکۆ Andrei Grechko وەزیری بەرگریی سۆڤیەت لە ٢٣ی ئازاردا، لەناکاو سەردانی بەغدای کرد، لەو کاتەدا ڕۆژنامەگەریی ڕۆژئاوایی ئاماژەیان بەم سەردانە لەناکاوە دا و وەک ڕەنگدانەوەی ئارەزووی مۆسکۆ بۆ نێوەندگیری لە ململانێی کوردەکاندا، وەسفیان کرد. چونکە یەکێتیی سۆڤیەت پەیوەندییەکی باشی

[62]، Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page:19.

لەگەڵیاندا هەبوو، بەڵام ئەم پێشبینییە ڕاست نەبوو، لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤دا یەکێتیی سۆڤیەت لە هەڵوێستی مەلا موستەفا بۆ لایەنگریی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دڵنیا بوو. لە ڕوانگەی سۆڤیەتەوە، پاڵپشتیی ڕۆژئاوا بۆ مەلا موستەفا ئامانجی لاوازکردنی هاوپەیمانیی ڕژێمی مۆسکۆ بوو تا دەگات بە کۆتاییهێنانی هاوپەیمانێتییان، هەروەها پێیانوابوو شەڕی نێوان بەعس و بزووتنەوەی کورد بەمزوانە هەڵدەگیرسێتەوە، گەیشتنی وەزیری بەرگریی سۆڤیەت بۆ بەغدا بە ئامانجی نیشاندانی پاڵپشتیی تەواوی سۆڤیەت بوو بۆ حکومەتی عێراق. ڕۆژنامەی (Pravda) لەسەر سەردانەکە نووسیویەتی کە ڕەنگدانەوەی بایەخدانی وەزارەتی بەرگریی سۆڤیەتە، بەو ڕێکارانەی حکومەتی عێراق گرتوویەتیە بەر بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی و سەروەریی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکەکەی. ئەم لێدوانە، بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ بایەخدانی سۆڤیەت بە ئامادەکارییە سەربازییەکانی عێراق، بەخێرایی دەرکەوت کە بڕێکی زۆر لە چەکی پێشکەوتووی ڕووسی لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا، خزێندرایە ناو عێراقەوە، کە لە نێوانیاندا مووشەکی سەکۆدی زەمین بەزەمین و فڕۆکەی میگی (٢٣) هەبوون، جگە لەوەیش بایەخدانی سۆڤیەت لەوەدا ڕەنگی دایەوە کە لەگەڵ کۆتایی پایزی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥دا ڕێگەی دا فڕۆکەوانە سۆڤیەتییەکان خۆیان بۆردومانی کوردستان بکەن. ئەم هێرشە ئاسمانییانە لە ڕێگەی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی (Tupolev - 22) ئەنجامدران، کە پێش دەستپێکی شەڕی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣ ڕادەستی عێراق کرابوون، هەروەها لە ڕێگەی فڕۆکە میگەکانی (MiG - 23s) کە تازە گەیشتبوونە عێراق، چونکە لەو کاتەدا هیچ فڕۆکەوانێکی عێراقی ڕاهێنانی لەسەر بەکارهێنانی ئەم دوو جۆرە فڕۆکە جەنگییە نەکردبوو، بەکارهێنانی فڕۆکە و فڕۆکەوانە سۆڤیەتییەکان بەڵگەیەکی بەرجەستە بوو بۆ پاڵپشتیی سۆڤیەت لە هەوڵە جەنگییەکان دژی کورد،[٦٣]

[63] ,Ibid ,p:89

کاردانەوەی مەلا موستەفا بەرامبەر بە هاوکارییەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق، بریتی بوو لە داواکردنی دەستوەردانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕاگرتنی نفووزی ڕووسیا لە عێراق، لە ڕێگەی هاوکاریی مەعنەوی، سیاسی، سەربازی و ئابووریی کوردەوە.[٦٤] هەروەها وەزارەتی بەرگریی عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا فیرقەی هەشتی پیادەی لە شاری هەولێر پێکهێنا و عەمید ڕوکن تەها شەکرچیی وەک فەرماندەی فیرقەکە دیاریکرد، کە یەکێک بوو لەوانەی بە دوژمنایەتیی گەلی کورد ناسرابوو و بە ئاشکرا دەربارەی پاکتاوکردنی کورد قسەی دەکرد.[٦٥]

گۆڕینی هەڵوێست: سۆڤیەت و سەرکردایەتیی کورد

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨، یەکێتیی سۆڤیەت بە بەردەوامی بەرگری لەوە دەکرد کە خۆی ناوی نابوو مافە ڕەواکانی کورد لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەمەیش لەو هەڵوێستەدا ڕەنگی دایەوە کە حیزبی شیوعیی عێراق گرتبوویە بەر، لە ڕاپۆرتێکدا کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعیی عێراق لە ئاداری ١٩٦٢دا بڵاویکردەوە هاتووە: (دیموکراسی هیچ واتایەکی نامێنێت، مەگەر گەرەنتی دابین بکرێت بۆ ئەوەی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بەهرەمەند بێت، ئەمەیش تەنها لە ڕێگەی ئۆتۆنۆمییەوە بەدیدێت). ئەم دەستەواژەیە، بەو مانایە بەکاردەهات کە (کاروبارە کارگێڕییەکانی ئەم ناوچانە لەژێر دەستی ئەنجومەنێکی یاساداناندا بێت و ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی لێ بکەوێتەوە، کە لە بەردەم گەلدا بەرپرسیار بێت). یەکێتیی سۆڤیەت، یەکەم لایەن بوو کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ەوە کۆمەکیی دارایی پێشکەش بە بزووتنەوەی کورد کرد، بە بڕی ٣٦٠,٠٠٠ دۆلار ساڵانە (نزیکەی ١٢٠,٠٠٠ دیناری عێراقی)، پاشان لە ساڵی ١٩٦٩دا ئەم بڕەی کرد بە نیو ملیۆن دینار، ئەم کۆمەکە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو،[٦٦] هاوکارییە داراییەکەی سۆڤیەت سنووردار بوو، بە جۆرێک تا ئاستێکی کەم بووە بەربەست لە

---

[64] Ibid, p:90

[٦٥]، شكيب عقراوي، ل٣٧١.

[٦٦] مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل٣٩٥.

بەردەم پەرەسەندنی گەندەڵی لەناو سەرکردایەتیی کورددا (بەرگرییان لە بەرامبەر پارەدا لاواز بوو)، بووە هاندەرێک بۆ گەشەپێدانی سەرچاوە ناوخۆییەکان {هەموو ئەم پارانە ڕاستەوخۆ دەگەیشتە دەستی سەرۆکی (پ. د. ک).

یەکێتیی سۆڤیەت و حیزبی شیوعیی عێراق، هیچیان باوەڕیان بە بانگەشەکانی بەغدا نەدەکرد؛ کە دەیگوت شۆڕشە کوردییەکانی پێشوو دژی حکومەتی ناوەندیی عێراق، ئەنجامی پیلانگێڕیی بیانی بوون. بەڵکو بە بەرهەمی چەوسانەوەی نەتەوەیی تا ئەوپەڕی سنووریان دادەنا، داخوازییەکانی کورد جێگەی بایەخی سۆڤیەت و حیزبی شیوعیی عێراق بوون، جگە لەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، برایەتیی عەرەب و کورد دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی ناوخۆیی بەهێز دەکات، دیموکراسی جێگیر دەکات، سەربەخۆیی نیشتمانی مسۆگەر دەکات و هۆکارێك دەبێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەیشەوە هەر هەوڵێک بۆ چەوساندنەوەی کورد؛ لەڕێگەی بەکارهێنانی تووندوتیژیەوە، دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پیلانگێڕییەکانی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان، بۆ تێکدانی تەبایی نێوان هەردوو گەل. مۆسکۆ؛ پلانی دکتۆر بەزازی ساڵی ١٩٦٦ی بە هەنگاوێک بە ئاراستەی دروست دانابوو، کە دانی نابوو بە مافی بەشداریکردنی کورد لە کارگێڕیی ناوچەکانی نیشتەجێبوونیاندا. گەرەنتیی پەرەپێدانی خوێندنی بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ناوچەکەدا، دەکرد. بەڵام دواتر دەرکەوت کە ڕژێمەکەی عەبدولڕەحمان عارف، لە جێبەجێکردنی چاکسازییە بەڵێنپێدراوەکانیدا، جدی نەبووە.

سەرکردایەتیی کورد گومانی لە نیازی بەعس هەبوو، دوای ئەوەی لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨دا گەڕانەوە سەر دەسەڵات، شرۆڤەکارانی سۆڤیەتیش هەمان هەستیان هەبوو، لە کۆمێنتێکدا لەسەر دەستووری کاتی کە حکومەتی عێراق لە مانگی سێپتێمبەری ١٩٦٨دا پەسەندی کرد، هاتبوو کە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی ناڕوونە و ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ترسیان هەبێت لەو ئۆتۆنۆمیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ڕاگەیەندراوی حکومەتی عێراقدا، پشتگیریکردنی ئەو یەکە سەربازییانە بوو کە لایەنگری تاڵەبانی بوون، لەو شەڕانەی لەگەڵ هێزەکانی مەلا

موستەفا (کە بە پێشمەرگە دەناسران) لە ئارادا بوو. کاتێک دەسەڵاتدارانی بەعس ڕێکارە سەرکوتکارییەکانیان دژی کورد چڕکردەوە، مۆسکۆ هەڵوێستێکی ڕاشکاوانەی لە پشتگیریی مەلا موستەفا گرتەبەر، لە زنجیرەوتارێکی گرنگدا کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی حکومەتی سۆڤیەت بوو، پەیامنێری ڕۆژنامەی (Pravda)ی ڕووسی؛ ئیڤگینی پریمەکۆف هەڵوێستی هاوسۆزیی نەریتیی بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی دووپاتکردەوە و ڕوونی کردەوە کە ئەو گوزارشت لە دیدگای کورد دەکات، بەو پاساوەی کە بەڵگەنامەکان و پاساوەکانی کورد قایلکەرن، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە هەندێک لە پاساوەکانی لایەنی بەرامبەریش (حکومەتی عێراق) ڕاستن. بۆ نموونە وتەی یەکێک لە سەرکردە عەرەبەکانی (کە ناوی ئاشکرا نەکردبوو) هێنایەوە کە گوتبووی: نابێت کەمینە نەتەوەییەکان هەوڵ بدەن لاوازی لەناو جیهانی عەرەبیدا دروستبکەن، لە کاتێکدا ئێمە لە ململانێیەکی سەختداین دژی ئیمپریالیزم و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی دەستدرێژیی ئیسرائیل، بەڵام لای پریمەکۆف ئەمە پاساوێک بوو کە دەتوانرا سوود و بەرژەوەندیی گرنگ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانەی تەواو بۆ کێشەی باکووری عێراق بەدیبهێنێت، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب و کورد بکات وەک یەک.

بە درێژایی ساڵی ١٩٦٩هەڵوێستی کرێملین بەرامبەر بە دۆزی کورد، بەبێ گۆڕانکاری مایەوە و ستایشی ئەو هەنگاوانەی دەکرد کە حکومەتی عێراق گرتبوویە، بەر بۆ چالاککردنی ئابووریی عێراق، لەڕێگەی بەهێزکردنی کەرتی دەوڵەت و لاوازکردنی پێگەی ئیمپریالیزم؛ بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا. هەروەها یەکێتیی سۆڤیەت پشتگیریی خۆی بۆ چەند ڕێکارێک دەربڕی، وەک کردنەوەی زانکۆیەکی کوردی لە سلێمانی و دروستکردنی پارێزگای دهۆک و سەرمایەگوزاری بۆ گەشەپێدانی ئابووریی ناوچەکانی باکوور. بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە کە مافی ئۆتۆنۆمی بوو بە کورد، بەبێ چارەسەر مایەوە. پریماکۆف؛ پێیوابوو ئەمە جێگەی داخە، چونکە تێپەڕبوونی کات بەبێ هەوڵێکی جدی بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەیەک کە جێی ڕەزامەندیی کورد بێت و خواستە نەتەوەییەکانی مسۆگەر بکات، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا لە بەرژەوەندیی تووندڕەوەکانی هەردوولادا دەبێت.

سۆڤیەتیەکانیش بەشداربوون لەو پەیوەندییانەی لە نێوان بەعس و مەلا موستەفا، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن لەسەر مەسەلەی کورد بەدرێژایی ساڵی ١٩٦٩ بەردەوامییان هەبوو، سۆڤیەتییەکان ئارەزووی ئەوەیان دەکرد هەردوولا (بەغدا و کورد) بەرەو لێکتێگەیشتن، هەنگاو بنێن. بایەخدانی مۆسکۆ بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەپەلە لە وتارێکی گرنگدا، ڕەنگی دایەوە کە لە ڕۆژنامەی (Pravda) پەخشکرا و تێیدا لێدوانی لەسەر هەوڵی کۆدەتا شکستخواردووەکەی دژی حکومەتی بەعس لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا دەدا: (یاخیبوونەکە، دەستی کۆنەپەرستە توندڕەوەکان بوو، کە پشتگیرییان دەکرا لەلایەن هەواڵگریی ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکانی ترەوە). پریمەکۆف نووسیبووی: مەبەستی لە هێزە دەرەکییەکانی تر، ئێران بوو. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ئامانجی سەرەکیی کۆدەتاچییەکان، تێکدانی دیالۆگی کوردی - عێراقی بوو، کە بەرەو سەرکەوتن دەچوو. هەروەها نوسیبووی: ئارەزووی ڕێگریکردن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی کورد، لە دەرەوە هەڵبەستراوە و بۆ ئەوە داڕێژراوە کە عێراق بە لاوازی بهێڵێتەوە، لە کاتێکدا گەلانی عەرەب لە ململانێیەکی سەختدان دژی ئیمپریالیستەکان. هەروەها جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگیی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە لە باکوور بۆ دەوڵەتی عێراق و بۆ دۆزی عەرەب بەگشتی. پریمەکۆف وتارەکەی بەوە کۆتاییپێهێنا کە یەکێتیی سۆڤیەت؛ هەمیشە پشتیوانی لە دۆزینەوەی چارەسەری دیموکراتییانە و ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد دەکات.[٦٧]

پێش بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠، حکومەتی سۆڤیەت لەو بڕوایەدا بوو کە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو نەتەوەکە لە عێراقدا، بە ڕێکەوتنێکی کاتیی چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەییە، کە دەبێت دەست بۆ ڕیشەیی کێشەی کورد ببرێت. ڕۆژنامەی ((Pravda) پشتگیریی ئەو ئاراستەیەی دەکرد کە سەددام حوسێن لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ پریماکۆف لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠ دەریبڕیبوو. نووسی: داننان بە بوونی نەتەوەی کورد لە عێراقدا

[67] Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page:69-70.

لە تەک نەتەوەی عەرەبدا، خاڵی سەرەتای کارەکەیە. ئەم دوو نەتەوەیە لەسەر خاکێکن و یەکگرتوون و چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە. دەبێت هاوکێشەیەکی دەستووری بدۆزرێتەوە، کە مافە نەتەوەییەکانی کورد بسەلمێنێت. ئێمە چارەسەرێکی سەرپێیی (ئیرتیجالی)مان ناوێت. دەبێت بگەینە ڕێکەوتنێکی هەمیشەیی بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا، تا نەوەکانی داهاتوو بەهۆی ئەو کێشانەوە نەچەوسێنرێنەوە.

کرێملین، بە جۆش و خرۆشەوە پشتگیریی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ی کرد و ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەوە کرد، کە گەلانی سۆڤیەت هەمیشە ئامۆژگاریی چارەسەری ئاشتییانەی دیموکراسییانەی ئەم مەسەلەیەیان کردووە، کە گرنگییەکی زۆری بۆ عێراق هەیە. لە بروسکەیەکی فەرمیدا لە ١٧ی ئاداری ١٩٧٠ لەلایەن سەرۆکایەتیی سۆڤیەتی باڵا (نیکۆلای پۆدگۆرنی) و (ئەلێکسی کۆسیگین) سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت؛ گوتیان: ئەم ڕێککەوتننامە گرنگە، بەشدار دەبێت لە چەسپاندنی یەکێتیی نیشتمانی و دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی برا لە کۆماری عێراقدا و مۆسکۆ چاوەڕوانی ئەوە دەکات، کە بەیاننامەی ئادار بەشدار بێت لە ئاسانکاریی یەکگرتنی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوودا لە وڵاتدا. [٦٨]

ئیڤگینی پریمەکۆف دەنووسێت: لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ – ١٩٧٠ ڕەنگە من تاکە نوێنەری سۆڤیەت بووبێتم، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چاوم بە مەلا موستەفا دەکەوت. لە هەندێک لە گەشتەکانمدا هەندێک لە دیپلۆماتکارانی سۆڤیەت وەک ڤیکتۆر پوڤالیوک و ئۆلێگ پێرێسیپکین یاوەرییان دەکردم، بەڵام قورسایی ئەرکەکە لەسەر شانی من بوو وەک پەیامنێری برافدا. هەموو هەوڵێکی خۆمم دا بۆ دروستکردنی پرد لە نێوان هەردوو لایەندا (بۆ یەکەمجار لە کاتی حکومڕانیی عەبدولڕەحمان عارف لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا چاوم بە مەلا موستەفا کەوت). بارزانی باوەشی پیاکردم و گوتی: یەکێتیی سۆڤیەت لە پلەی باوکدایە بۆ من، هەروەها گوتی ئەو پێشوازی لە هەوڵەکانی چارەسەری ئاشتییانە دەکات، بەڵام متمانەی بە بەغدا نییە کە تێیدا تووندڕەوەکان

[68]Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page73-74.

ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیان پێکهێناوە و ڕێگری دەکەن لەوەی حکومەت بەندەکانی ئاگربەست کە هەردوولا لەسەری ڕێککەوتبوون، جێبەجێ بکات. جەختی دەکردەوە کە تەنانەت ئەگەر حکومەتی عێراق داوای جیابوونەوەیشمان لێ بکات، ئێمە قبوڵی ناکەین[٦٩].

پێش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئادار، پریماکۆف و عەزیز شەریف لە میواندارییی مەلا موستەفا بوون و لەو بارەیەوە دەنووسێت و ئاماژە بە ڕووداوێک دەکات کە دەریدەخات پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران چۆن بوون: هەرسێکمان پێکەوە نانمان خوارد و بوتڵێک کۆنیاکی ئێرانیمان دابەش کرد (بەڵێ ئێرانی). بارزانی کراوە بوو و زۆر قسەی دەکرد و پێشنیاری کرد کە پێکێک بە نۆشی گەلی ڕووس و یەکێتیی سۆڤیەت بخۆینەوە، بە ستایشەوە بۆی باسکردین کە پێشنیارەکانی سۆڤیەت دەورێکی گەورەیان بینیوە لە قایلکردنیدا، بۆ چوونە ناو دانوستان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا و گوتی: تەنها ڕەزامەندی لەسەر گفتوگۆکردن، دەتوانێت پێگەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بکات.[٧٠]

هەروەها ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەت، باسی لە ڕۆڵی بنیاتنەرانەی حیزبی شیوعیی عێراق کرد، کە خەباتی بێ وچان و بێ پچڕانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە لە باکوور دەکرد، هەروەها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤیەت لە بەدیهێنانی ڕێکەوتنەکەدا کرد، ئەویش لە ڕێگەی ئاماژەدان بە لێدوانەکانی دکتۆر مەحموود عوسمان بۆ ڕۆژنامەی (Pravda) کە گوتبووی: یەکێتیی سۆڤیەتی دۆستمان، پشتگیریی لە چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد کرد و بەتایبەتی هانی گفتوگۆی دا، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامانەی کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی عەرەب و کورد مسۆگەر دەکەن[٧١]

---

[69]Yevgeny Primakov, Russia & The Arabs. Basic Books A Member of the Perseus Books Group. New York. 2009. P: 329.

[70] , Yevgeny Primakov, Russia & The Arabs. Basic Books A Member of the Perseus Books Group. New York. 2009. P:333.

[71] The USSR and Iraq. 1991 Duke University Press. Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page: 74

.هەر چوار لایەنە ڕکابەرەکە: یەکێتیی سۆشیالیست، حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار (سەددام حوسێن)، پارتی دیموکراتی کوردستان (مەلا موستەفا) و حیزبی شیوعیی عێراق، هەریەکەیان بەجیا هەوڵی دەدا پێگەی خۆی بەهێز بکات، هەردوو لایەنەکە سەددام و مەلا موستەفا، هەوڵیان دەدا پشتگیریی سۆشیالیست بەدەستبهێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە عێراقدا، مۆسکۆیش هەوڵی دەدا هاوسەنگی لە نێوان ئەم لایەنانەدا ڕابگرێت، بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی لە وڵاتدا، بەڵام سیاسەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی بەعس کۆتاییهات، بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە لەوانە: (بادانەوەی بزووتنەوەی کورد بەرەو ئێران و ڕۆژئاوا، بەبێ ئەوەی ئیعتیبار بۆ سۆشیالیست دابنێن)، (بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دوای جەنگی تشرینی ١٩٧٣)، (گرنگیی ستراتیژی عێراق لە ململانێ لەگەڵ ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا). بۆیە یەکێتیی سۆشیالیست وای بینی پشتگیری لەو چارەسەرە بکات کە بەعس لە ساڵی ١٩٧٤دا بەسەر کورددا سەپاندی، هەروەها بەکارهێنانی ئەو چەکەی لە یەکێتیی سۆشیالیستەوە هاوردە دەکرا، یارمەتیدەر بوو لە تێکشکانی مەلا موستەفادا ساڵی ١٩٧٥دا، وێڕای ئەوەی سۆشیالیستەکان دەیانزانی کە تێکشکانی بزووتنەوەی کورد، ئەنجام پشتبەستنی بەغدا بە کرێملین کەمدەکاتەوە.

سەبارەت بە بەغداد، کوردستان سەرچاوەیەکی دارایی گەورە بوو بەهۆی نەوتەوە، گرنگییەکەیشی دوای بەرزبوونەوەی زۆری نرخی نەوت زیادی کرد لە مەودای درێژخایەندا، مۆسکۆ نەیدەتوانی کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکات، لەبەرئەوە ناچاربوو دان بەو چارەسەرەدا بنێت کە بەغدا سەپاندبووی.[٧٢]

وەک ئۆلیس م. سمۆلانسکی دەڵێت: دەکرێت ڕۆڵی سۆشیالیست لە کۆتایی شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا، بە ڕۆڵی کاریگەر لە ئاسانکاریی پاراستن وەسف بکرێت، چونکە مۆسکۆ بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە جاران سەرچاوەی پێویستی بۆ حکومەتی بەغدا دابین کرد تاوەکو شەڕی کورد بکات، بەڵام دەسپێشخەری و پلاندانان لەلایەن

[72].Ibid, p:283.

حکومەتی ناوەندییەوە بوو. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە عێراقییەکان خۆیان بەشێوەیەکی سەرەکی؛ ڕووداوەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد و بڕیاریان لێ دەدا.

ئامانجەکانی مۆسکۆ لەم پڕۆسەیەدا ڕوون نەبوون، ئەگەر وردەکاریی ڕەوشی ئەوکاتە و باری دەروونیی سەرکردەکانی سۆڤیەت لە سەردەمی جەنگی ساردا بەهەند وەربگرین، دەبینین (ڕەنگە دەستێوەردانی سۆڤیەت تەنها بەشێك بێت لە زنجیرەی کاریگەری دانان لە ڕێگەی پابەندکردنی حکومەتی عێراق، وەک دەوڵەتێکی کڕیار بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ململانێی نێوان خۆی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا)، ڕووداوەکان دەرهاویشتەی پلانی زلهێزەکان نەبوون. تەنانەت کۆتاییهاتنی شۆڕش، هەنگاوێکی ڕاستەوخۆی لایەنی عێراقی یان لایەنی کوردییش نەبوو، بەڵکو بەهۆی بڕیارێکی شای ئێران بوو بۆ ڕاگرتنی هاوکارییەکانی بۆ بزووتنەوەی کورد، وەک بەشێک لە پڕۆسەی نزیکبوونەوە لە عێراق بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی نێوان بەغدا و تاران لە جەزائیر. سەیر و ستەم لەمەدایە؛ سەرکردایەتیی کورد دەستبەجێ ڕێکەوتنەکەی کردە بیانوو بۆ پاساودانی کۆتاییهاتنی بزووتنەوەی کورد، ئەمەیش وایکرد تەرازووەکە بەلای بەغدادا بشکێتەوە، لەباتی چارەسەرکردنی کێشە و داخوازییەکانی کورد، بەعس توانی هەنگاوێکی تر بنێت بەرەو بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە دەسەڵات و هاوکات لەناوبردنی هەژموونی حیزبی شیوعیی عێراق و قۆرخکردنی دەسەڵات بە تەواوی.

لە ڕوانگەی سۆڤیەتەوە؛ سەددام حوسێن هەر کە هەستی کرد تەواوی دەزگاکانی سەربازی، ئەمنی و حکومیی کۆنترۆڵ کردوون، ئیتر دەستیکرد بە دوورکەوتنەوە لە سۆڤیەت، دواتریش لە ١٧ی تەممووزی ١٩٧٩دا، بە بۆنەی یادی کۆدەتای بەعسەوە[73].

ئەحمەد حەسەن بەکری خستە ژێر دەسەڵاتی مانەوەی زۆرەملێ، شایانی باسە تەنانەت لە ساڵانی یەکەمی هەژموونی گرنگی سۆڤیەتدا، بەعس قبوڵی نەدەکرد حیزبی شیوعیی عێراق خاوەنی پێگەیەکی یەکسان بێت لەگەڵیدا، بەڵکو جۆرێک لە لێبووردەیی

[73] ,Yevgeni Primakov, p:309.

(تەساموح)ی نیشان دا بۆ بەشداربیان لە وەزارەتدا، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەعس هەمیشە ئەم جۆرە سازشانەی وەک ڕێکاری کاتی بینیوە، تا ئەوکاتەی دەگاتە سەربەخۆیی تەواو و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوخۆیی و خاوەندارێتیی هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتدارێتی. ئەوەی سۆڤیەتیەکانی تووشی سەرسوڕمان کرد، گفتوگۆی سەددام حوسێن بوو لەگەڵ شای ئێران و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا، بەبێ نێوەندگیریی سۆڤیەتیەکان یان ڕاوێژپێکردنیان.[٧٤] هەمان شت بۆ شای ئێرانیش ڕاست بوو، ئەویش کاتێک ڕێککەوتننامەی جەزائیری واژۆکرد، گرنگیی بە کاردانەوەی واشنتۆن یان تەلئەبیب نەدا.

عێراق لەم قۆناغەدا خاوەنی ئازادیی بڕیاردان بوو، هەرچەندە لە ڕووی جوگرافییەوە زۆر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە دوور نییە، بەڵام سەرکردەکانی کرێملین لەمێژبوو هەستیان بەوە کردبوو؛ کە ڕۆژئاوا قبوڵی ناکات سۆڤیەت ئیرادەی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت بە هۆکاری سەربازی، ئەویش بەهۆی گرنگیی ستراتیژیی پترۆل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەستیاریی زۆری ڕۆژئاوا بەرامبەر بە هەر دەستێوەردانێکی سۆڤیەت، کە هەڕەشە لە ڕۆیشتنی پترۆل بکات بۆ ڕۆژاوا، ئەمەیش وایکرد هەر هەڕەشەیەکی سەربازیی ڕووسیا بۆ دەستێوەردان لە ناوچەکەدا کارێکی یەکجار مەترسیدار دەبێت. عێراقییەکان درکیان بەم ڕاستییە کردبوو، بۆیە ئەم ڕاستییەیان زۆر باش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆستەوە. لێرەدا ئێمە لە بەردەم دۆخێک و ڕاستییەکداین لە نێوان سۆڤیەت و عێراقدا، کە سۆڤیەت وەک زلهێزێک نەیدەتوانی دەستێوەردانی سەربازی لەعێراقدا بکات، واتا کاریگەریی سۆڤیەت بەسەر عێراقەوە سنووردار بوو.

وەک چاوەڕوان دەکرا؛ کەڵەکەبوونی سەرمایەی زەبەلاح لە دەستی بەعسدا (سەردەمی وەرچەرخانی ئابووریی نەوتی جیهانی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا) و تێکشکانی بزووتنەوەی کورد لە ئاداری ١٩٧٥، وایکرد تەرازووی پەیوەندییەکانی عێراق

[74] Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page: 283

و سۆڤیەت بەلای عێراقدا بشکێتەوە. بەعس بەبێ ترس لە سۆڤیەت، درێغیی نەکرد لە پلیشاندنەوەی حیزبی شیوعیی عێراق لە کاتێکی زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، بەعس هەرگیز لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا، شلگیریی نەدەکرد و پەلەی کرد لە لەسێدارەدانی نوخبەیەک لە ئەندامانی حیزبی شیوعیی عێراق، ئاساییە کە مۆسکۆ بە توندی ناڕەزایەتیی دەربڕی، بەڵام لە کۆتاییدا مۆسکۆ جگە لە دوو بژاردە هیچی تری لە بەردەمدا نەبوو: (پشتگیریکردنی هاوڕێ ئایدۆلۆژییەکانی (کە ڕەنگە بێئەنجام بووایە) لەسەر حیسابی تووڕەکردنی بەعس) یان (سووکایەتییەکە بە ناچاری قووت بدات و هاوڕێیانی حیزبی شیوعی بۆ چارەنووسی خۆیان جێبهێڵێ). سۆڤیەتیەکان، دوای هەوڵێکی ماندوونەناسانە بۆ بەدەستهێنانی دڵی بەعس بۆ ماوەی چەندین ساڵ، بژاردەی دووەمیان هەڵبژارد[٧٥]

بەم شێوەیە یەکێتیی سۆڤیەت، یەک لە دوای یەک لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانە بەعسییەکەی و لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی خۆی، کارتی بزووتنەوەی کورد و حیزبی شیوعیی عێراقی لە دەست دا، هەروەها بزووتنەوەی کورد و حیزبی شیوعیی عێراق لە بەرژەوەندیی بەعس، پشتگیریی سۆڤیەتیان لەدەست دا، بەعسیش ئەوەی ویستی بەدەستیهێنا.

بەڵام چی وای لە (پارتی) و (شیوعی) کرد کە هەردووکیان هاوبەشی مەینەتی لەسەردەستی بەعس بوون و پێشتر لێکنزیکبوون، کەچی لێکترازان و دوورکەوتنەوە و کەوتنە ململانێی یەکتر و هەر لایەکیشان بە جیا هاوپەیمانیی لەگەڵ ڕژێمێکدا ببەستن، کە بە دیکتاتۆر، فاشیست، خوێناوی و دژەدیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان ناویان دەبرد؟ لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٦٣دا تامی چەوسانەوە و تووندوتیژییان لەسەردەستی ئەو ڕژێمە چەشتبوو، هەروەها ڕازی بوون بە دەستکەوتی کاتی (بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان) و چوونە ناو (بەرەی نیشتمانیی عێراقی بۆ حیزبی شیوعیی عێراق لە ١٧ی تەممووزی ١٩٧٣)، دەستکەوتگەلێک کە هەر کاتێک بەعس

[75] Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page: 284.

ویستبای، دەیتوانی دەستیان بەسەردا بگرێتەوە؟ بێگومان هیچیان شیاوێتیی سیاسی و ستراتیژیی دروستی دوورمەودایان نەبوو، بەعسیش ئەمەی قۆستەوە و لە کۆتاییدا کۆتایی بە هەردوکیان هێنا.

کاتێک بەعس لە ساڵی ١٩٧٤دا بە یەکلایەنە پڕۆژەی ئۆتۆنۆمیی ڕاگەیاند و لایەنی کوردی بایکۆتی کرد، حکومەتی عێراق پشتگیریی مۆسکۆی بۆ هەڵوێستەکەی مسۆگەر کردبوو و لایەنی کوردییش دوو هاوپەیمانی گرنگی لەدەست دا: یەکێتیی سۆڤیەت و حیزبی شیوعیی عێراق. مۆسکۆ، پاساوەکانی هاوپەیمانە بەعسییەکەی سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی لە لایەن سەرکردایەتیی کوردەوە، کردە پاساو. گۆڤاری (The New Times) ئاماژەی بە پاڵنەرە ڕاستەقینەکەی هەڵوێستی مەلا موستەفا کرد و وتەی یەکێک لە نەیارەکانی ئەوی، لەناو وەزارەتی عێراقدا هێنایەوە: (لە ساڵانی دواییدا هاوپەیمانییەک لە نێوان کۆنەپەرستیی ناوخۆیی و هێزە ئیمپریالیستەکان پێکهاتووە). یەکێک لە نیشانەکانیشی، دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ بەرەی نیشتمانی، کردنەوەی سنوورەکان لەگەڵ ئێران و لێدوانەکان سەبارەت بە قبوڵکردنی هاوکاری لە هەر لایەکەوە بێت، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، پێشنیارەکان بۆ مسۆگەرکردنی ئاسانکاری بۆ ئەمریکییەکان لە کێڵگە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی کەرکوکدا. گۆڤاری (The New Times) ئەم هەڵوێستەی بە سەیر نەدەزانی، چونکە خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە زۆربەی سەرکردە کوردەکان، توخمە دەرەبەگەکانی بۆرژوازیین و بایەخ بە بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان دەدەن، ئەمەیش پاڵیان پێوە دەنێت ڕێگری بکەن لەو چاکسازییانەی کە بەغدا ئەنجامیان دەدات. [٧٦]

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە وەڵامدا گوتی: (هەڵوێستی مۆسکۆ، پەیوەندیی برایانەی نێوان گەلی کورد و گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت بریندار دەکات)، بەرپرسیارێتیی نێوان کورد و عەرەبیشی خستە ئەستۆی فەرمانڕەوایانی بەغداد و ئەوانەی پشتیگیرییان دەکەن، وە بیری کرێملینی هێنایەوە (کە لە ڕابوردوودا بەعس زۆر دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقدا کردووە و حیزبی بەعس، چۆن بەو ڕابوردووە

[76] Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page: 88.

تاوانکارییەیەوە دەتوانێت ببێتە بونیادنەری سۆسیالیزم لە عێراقدا؟). ڕادیۆی دەنگی کوردستان پرسیاری کرد: ئەگەر کەسێک وا بیر بکاتەوە کە ئەم گۆڕانکارییە لە هزر و کردەوەدا ڕووەدات، ئەوا هەڵەیەکی مێژوویی گەورە دەکات کە گەل لێی خۆش نابێت. وەڵامی ڕادیۆی مۆسکۆ سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی، ئەوە بوو کە (باڵی ڕاستڕەوی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێگەی هەڵخەڵەتاندنی گەلی کوردەوە، هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆیی هەڵبژاردووە). پارتەکە، بەم کارەیشی ئەو ڕاستییەی پشتگوێخستووە، کە جێبەجێکردنی یاساکەیە و بە تەواوی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییە هەستیارەکانی عێراق و داهاتووی، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری. لەگەڵ بەردەوامیی ناکۆکییەکە، ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەت سەرنجی خۆی خستە سەر دوو هێڵی تەریب: زیادبوونی گۆشەگیریی کۆنەپەرستەکان لەناو بزووتنەوەی کورددا و گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان.[٧٧]

بێگومان سەرکردایەتیی کورد، نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگی کوردی دەکرد و تەنانەت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی جاشە دەرەبەگەکانیشی دەگرتەوە، ئەمەیش یەکێک بوو لە گرنگترین دژایەتییەکان لە ڕەوتی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا. سەرکردایەتییەکی کۆنەپەرست، سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دەکرد، جەماوەر پشتگیریی دروشمەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییان دەکرد، بەڵام نەیاندەزانی سەرکردایەتیەکی کۆنەپەرستیان هەیە. قورسایی قوربانیدانەکان کەوتە سەر شانی چینی جوتیاران، لە کاتێکدا سەرکردایەتی لە خزمەتی دەرەبەگایەتیدا بوو، بەڵام بە درۆ دروشمەکانی ئازادی و پێشکەوتن و دیموکراسی و خزمەتکردنی جوتیارانی بەرز کردبووەوە. بوونی سەرکردایەتییەکی دووڕووی دەرەبەگ و جەماوەرێکی سادە، لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە گەلێک لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەشکراوە و بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، مافی ئەوەی هەیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەهرەمەند بێت. لێرەیشدا سەرکردایەتیی کورد کارەسات بۆ گەلێک دەهێنێت، کە بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی دەکات، مۆسکۆیش ڕاکێشرا بۆ پشتگیریکردنی

[77] Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page:90.

حکومەتی بەغدا و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بە پێچەوانەی دروشمەکانی خۆی کە بریتی بوون لە بەرگریکردن لە مافی گەلانی چەوساوە و داگیرکراو.

کاتێک سۆڤیەتیەکان لە نیازەکانی مەلا موستەفا دڵنیا بوون، زانییان کە بە تەواوی بەلای ئێران و ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لایداوە، سۆڤیەتیەکان هەڵوێستی پشتگیریکردنی حکومەتی بەغدایان گرتەبەر، ئەم هەڵوێستەیش ئاسان و بێ ئازار نەبوو، چونکە بە واتای دەستبەردار بوون بوو لە سیاسەتێک، کە ساڵانێک بوو پەیڕەوی لێدەکرا و کەڵکیشیان لێوەرگرتبوو، تەنانەت کاتێک بڕیاری پشتگیریکردنی بەغدا دژی کورد درا، سۆڤیەتیەکان بۆ ماوەیەکی درێژ خۆیان پاراست لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد، هەتا ئەوکاتەی مەلا موستەفا بە ڕوونی هەڵوێستی لایەنگریی خۆی بۆ ڕۆژئاوا ڕاگەیاند، ڕەنگە هەڵوێستی مۆسکۆ ڕەنگدانەوەی ئەو مەترسییانە بووبێت کە هەیانبوو لە پێشکەشکردنی هاوکاریی گەورەی ڕۆژئاوا و ئێران بۆ کورد، چونکە ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی ململانێیەکی چەکداری لە ناوچەکانی باکوور، ڕەنگە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی ڕژێمی بەعسی دۆستیان لە عێراقدا. لە دۆخێکی ئاوەهادا، سەرکردایەتیی نوێ لە بەغدا ڕەنگە وڵاتەکە (عێراق) لە دۆستایەتیی سۆڤیەت دوور بخاتەوە و زیاتر لە وڵاتە عەرەبییە میانڕەوەکانی وەک میسر و تەنانەت لەگەڵ هێزە ڕۆژئاواییەکان نزیک بخاتەوە. لەڕوانگەی هەندێک شرۆڤەکارەوە (بڕیاری کرێملین بۆ پشتگیریکردنی بەعس لە ڕووبەڕووبوونەوەی (پ.د.ک)دا، بە پلەی سەرەکی لە ئەنجامی دەستپێشخەریی مەلا موستەفا خۆی بوو، سیاسەتی نەزانانەی مەلا موستەفا، زەمینەی هاوبەشی سۆڤیەت و عێراقی بەرامبەر بە دۆزی کورد دروستکرد)، دەرکەوت کە هەوڵەکانی مۆسکۆ لەگەڵ مەلا موستەفا و حکومەتی ناوەندیدا، بێسوود بوون. تەنانەت کاتێک هەردوو لایەنی ناکۆک لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٣دا بە میانڕەوی ڕەفتاریان دەکرد، ئەوە ئەنجامی فشاری سۆڤیەت نەبوو، بەڵکو ئەنجامی بڕیاری سەربەخۆ و کاتیی خۆیان بوو، لەبەرئەوەی نەیانویست [شەڕ] ڕووبدات.[٧٨]

[78] Oles M. Smolansky with Bettie M. Smolansky. Page:97-98.

[حشع] و [پدك] له يەكتر جيا دەبنەوە

پێش ئەوەی هەنگاو بنێن بۆ ڕوخاندنی ڕژێمەکەی عەبدولڕەحمان عارف لە حوزەیرانی ١٩٦٨دا، سەرکردایەتی حیزبی بەعس (ئەو سەرکردایەتییەی کە سەر بە میشێل عەفلەق بوو و حیزبی شیوعیی عێراق بە ڕاستڕەویان دەزانین) داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتیی (حشع) کرد، بۆ تاوتوێکردنی دۆخی سیاسی[٧٩].

موکەڕەم تاڵەبانی (حشع) لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر کۆبوونەوە و دەرکەوت کە بەعسییەکان خەریکی ئەنجامدانی کۆدەتایەکی سەربازیین و داوای هاوکاری لە (حشع) دەکەن، گوتیان کە ئەوان جدین و داوای وەڵامیان دەکرد. دکتۆر ڕەحیم عەجینە ئەندامی دیاری (حشع) دەڵێت: ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خوێنی شەهیدانی قوربانییانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی بەعس لە شوباتی ١٩٦٣دا، هێشتا لای کادرانی حیزب و جەماوەری گەل وشک نەبووبووەوە، متمانە بەم باڵەی بەعس نەبوو، لەلایەکی ترەوە ئێمە تازە لە کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی سێیەم ببووینەوە، کە هاوکاریی لەگەڵ بەعسی ڕاستڕەوی حەرام کردبوو. [٨٠]

دوای سەرکەوتنی کۆدەتاکە لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨، سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی عێراق نامەیەکی لە بەکرەوە پێگەیشت، کە تێیدا داوای کۆبوونەوەی دووبارەی لەگەڵ (حشع) دەکرد، موکەڕەم تاڵەبانی لە کۆشکی کۆماری سەردانی کرد و پیرۆزبایی سەرکەوتنی پڕۆسەکەیانی لێکرد، (بەکر)یش باسی خۆشحاڵیی حیزبی بەعسی کرد بۆ بەدەستهێنانی هەلی دووەم، بۆ سەلماندنی بوونی خۆی و جێبەجێکردنی بەرنامەکەی. هەروەها گوتی: خۆشحاڵیم گەورەتر دەبوو ئەگەر بهاتمایەتە ناو کۆشکی کۆماری و تۆ (مەبەستی موکەڕەمە) لە لای چەپم و بەعسییەک لە لای ڕاستم بووایە.[٨١]

پاشان کۆبوونەوەکان لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی بەعس بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، پەرەیانسەند. لەگەڵ بەردەوامیی سەرکوتکردن و تیرۆرکردنی شیوعییەکان، وەک ئەوەی

---

[٧٩] د . رحيم عجينه . ,الاختيار المتجدد . الطبعة الأولى ١٩٩٨ . توزيع دار الكنوز الأدبية. ص: ٩٣ .

[٨٠] د.رحيم عجينه . س.پ. ص: ٩٤ .

[٨١]، هـ.س، ٩٤.

لە هێرشکردنە سەر مانگرتنی کرێکارانی ڕۆنی ڕووەکی و کۆبوونەوەی جەماوەری لە گۆڕەپانی سباع لە بەغدا لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٨دا ڕووی دا. ڕەحیم عەجینە دەڵێت: لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەوە زانیمان کە سەددام حوسێن، خۆی سەرکردایەتیی هێرشەکەی سەر کۆبوونەوەکەی کردووە.[٨٢]

حیزبی شیوعیی عێراق؛ حیزبێکی جەماوەری بوو، بەڵام سوودی لەم جەماوەرە وەرنەگرت بۆ پێشخستنی دۆزەکەی و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات، لێرەدا دیاردەیەکی گرنگ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە ک لە (وڵاتێکدا بژیت کە پشت بە هێز و دڵڕەقی دەبەستێت. جەماوەر هیچ گرنگیەکی نیە). (حشع) خاوەنی جەماوەرێکی فراوان بوو، بەعس خاوەنی بنکەی جەماوەری نەبوو، بەڵام لە ڕێگەی کۆدەتاوە کاری دەکرد. بەو هۆیەوە لە سەندنی دەسەڵاتدا سەرکەوتوو بوو. بەو هۆیەوە حیزبی شیوعیی عێراق شکستی هێنا و بوو بە قوربانیی زەبرە کوشندەکانی بەعس، لەو کاتانەدا کە سەرکردەکانی بەعس دیاریان دەکرد، سەرکردایەتی (حشع) هیچ بژاردەیەکی لە بەردەمدا نەبوو جگە لە چەند کاردانەوەیەکی بێ گاریگەری و نەگونجاو، لەگەڵ ئەو سەرکوتکارییەی بەعس پەیڕەوی دەکرد دژیان. ڕەحیم عەجینە دەڵێت: سەرکردەکانی بەعس؛ بەرگەی چالاکییەکانی حیزب و پەیوەندییە جەماوەرییەکانیان نەدەگرت، هەموو خەمیان ئەوە بوو کە هێزی ڕێکخراوەیی و هەژموونی حیزب بۆ کەمترین ئاست کەم بکەنەوە. ئەگەر نەشیانتوانی، چالاکییان کەم بکەنەوە، ئەوا هەوڵ بدەن لەناویانبەرن. دەیانزانی کە ناتوانن حیزب لە گۆڕەپانی عێراقدا دەربکەن، ئەگەر هەستیان بکردایە حیزب لە ڕێکخستنەکانیدا یان لە دابەشکردنی ڕۆژنامە نهێنییەکانیدا فراوان بووە. ئەودەم پەنایان بۆ دەستگیرکردنی سیستماتیک دەبرد، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ تەها جەزراوی، من و عامەر عەبدوڵڵا ئەم سەرنجانەمان وروژاند کە پێچەوانەی قسەکانی بەعس بوون، دەربارەی هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ حیزبدا. جەزراوی هەڵوێستی حیزبەکەی نەشاردەوە و وتی: ئەوان (بەعس) وەک

[٨٢]، ه.س، ٩٦.

حیزبێکی سیاسی، پێشتر لە بارودۆخی نهێنیدا کاریان کردووە و دەزانن کە حیزب، چاپخانە و ڕۆژنامەی خۆی هەیە و هەوڵی دابەشکردنی ئەو ڕۆژنامانە دەدات و کۆبوونەوە دەکات و پەیوەندی بە جەماوەرەوە دەکات. بەڵام ئێمە (واتا بەعس) کاتێک بەڵگەیەکمان لەسەر چالاکییەکی لەو شێوەیە دەست بکەوێت، ناتوانین بێدەنگ بین و هەر کەسێک ئەو کارە بکات دەستگیری دەکەین، پاشان کاغەزێکی هێنا و بازنەیەکی بەسەردا کێشا و گوتی: ئێمە ڕێگە دەدەین حیزبی شیوعی تەنها لە ناو ئەم بازنەیەدا چالاک بێت، ئەگەر هەوڵی دا لێی بچێتە دەرەوە، ئەوا دەیخەینەوە ناو بازنەکە.[٨٣]

عەجینە دەڵێت: پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی ئادارەدا لەگەڵ بەعس ڕێککەوت و ڕۆژنامەی (التآخی)، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە بابەتێك بۆ دابەشکردنی هەژموونی سیاسی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەعس درێژکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و پارتییش، درێژکراوەی بەعسە لە کوردستان.[٨٤]

بەعس دەیزانی چۆن ئەندێشەی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ختوکە بدات و کێشیان بکات بۆ ئەو شوێنەی کە دەیەوێت و کەلێنێک لە نێوان ئەوان و حیزبی شیوعیی عێراقدا دروست بکات و ڕۆژبەڕۆژ فراوانتری بکات، کەلێنەکە هێند فراوان بوو تا ئاستی پچڕانی تەواو، بەمەیش بەعس توانیی بزووتنەوەی کورد لەڕووی سەربازییەوە لاواز بکات. گەر سەرنجێک لە ڕابوردوو بدەینەوە، دەبینین بەشداریی شیوعییەکان لە بەرەی دژی بەعسدا هاوشانی پارتی، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە بەدەستهێنانی هەندێک لە گرنگترین سەرکەوتنە سەربازییەکان پێش بەیاننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠. بە دوورخستنەوەی حیزبی شیوعی لە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی کورددا تەنها خاڵێکی لاوازیی سیاسی نەبوو، بەڵکو خاڵێکی لاوازیی سەربازییش بوو. لە

[٨٣] رحیم عجینة، س.پ،ل ٩٧

[٨٤] هـ.س، ١٠٩.

ئەنجامی ئەمەدا حیزبی شیوعیی عێراقیش، بوو بە نێچیرێکی ئاسان بۆ دڕندەیی بەعس. بەمشێوەیە دەبینین کە سوودمەندی یەکەم ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس بووە.

ئێران و حکومەتی بەعس لە بەغدا، هەوڵیان دەدا دووبەرەکی بخەنە نێوان (پ.د.ک) و (حشع)، وا دیارە سەرکردایەتیی پارتی مەیلی بۆ دژایەتیکردنی حیزبی شیوعیی عێراق هەبوو، لە پێناوی ڕازیکردنی تاران و هاوپەیمانەکانی. (عەزیز محەمەد) سکرتێری حیزبی شیوعیی عێراق لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣دا، نامەیەکی بۆ مەلا موستەفا نووسی دەڵێت: بەداخەوەم؛ پێت ڕابگەیەنم کە هەوڵەکانمان لەم پێناوەدا و هەستکردنمان بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی و مێژوویی، لەلایەن هەندێک لە برایانی ناو سەرکردایەتیی (پ.د.ک)ـەوە نەک هەر بە هەڵوێستێکی نەرێنی یان مامەڵەی هاوشێوەی ئەوان وەڵام نەدراوەتەوە، بەڵکو بێدەنگیی ئێمەیان بە نیشانەی مایەپووچی و پەرۆشیمان بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو حیزبەکە قۆستووەتەوە، بۆ بەردەوامبوون لە دژایەتیکردنی حیزبی شیوعیمان و بەردەوامبوون لە ڕاوەدوونانی ئەندامان و لایەنگرانی لە کوردستان. هەڵمەتی دەستدرێژی بۆ سەر هاوڕێیانمان و ڕێکخستنەکان لە زۆربەی ناوچە کوردییەکان، بە شێواز و ڕێگەی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە گوندەکاندا، بەردەوامە و هێشتایش هەر ماوە. ڕۆژانە هەواڵی باوەڕپێکراومان پێدەگات و نیگەرانمان دەکات دەربارەی گواستنەوەی هاوڕێیانمان لەو زیندانانەی تێیدا بوون بۆ زیندانی قەسرێ و ڕایات، کە لەوێ جۆرەها ئامرازی ئەشکەنجەیان بەرامبەر بەکاردەهێنرێت بۆ ناچارکردنیان بە وازهێنان لە حیزبی شیوعی و پێدانی زانیاری دەربارەی پەیوەندی و چالاکی و درکاندنی نهێنییە حیزبییەکانمان. تا ئێستا سەرەڕای داواکاریی بەردەواممان، وەڵامێکمان دەربارەی چارەنووسی دوانزدە هاوڕێمان دەستنەکەوتووە، کە پێشتر بە ئاگاداریی بەرپرسانی (پ.د.ک)، نیشتمانیان جێهێشتووە و بە ئاگاداریی ئەوانیش گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و لەلایەن هەندێک لەوانەوە (بەرپرسانی پارتی) پێش زیاتر لە سێ مانگ ڕفێنراون. مەلا موستەفا؛ بە نامەیەکی موجامەلە لە ڕێکەوتی ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣ وەڵامی

دەداتەوە، بەڵام هیچ شتێکی دەربارەی چارەنووسی شیوعییەکان بۆ باس ناکات کە هەموویان پاکتاو کرابوون، ئەوە تاوانێک بوو کە هیچ پێویست نەبوو ئەنجام بدرێت.

بەعس چاوی لەوە بوو ببێتە فەرمانڕەوای تەواوی نەتەوەی عەرەب، لای سەرکردایەتیی بەعس سێ ڕەوتی بنەڕەتی لە جیهاندا هەبوون: بەعسی، ناسری (جەمال عەبدولناسر) و شیوعی (جگە لە سەرمایەداری). ناسریزم، بە شکستی جەنگی شەش ڕۆژە، کۆتاییهات. ڕۆژئاوای سەرمایەدار و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش، ڕێگە نادەن ڕەوتی شیوعی کۆنترۆڵی هیچ وڵاتێکی جیهانی عەرەبی بکات. ماوەتەوە ئەو تەوژمەی کە شیاوێتیی هەیە؛ ئەویش ڕەوتی بەعسیزمە، کە دەسەڵات دەگرێتە دەست. نەک تەنها لە جیهانی عەرەبیدا، بەڵکو وەک تەوژمێکی ڕابەری تەواوی جیهانی سێیەم، لە بەرامبەر کەمپی شیوعی و سەرمایەداریدا. [٨٥]

کۆنگرەی دووەمی حیزبی شیوعیی عێراق، لە کوردستانی ئازادکراو بەسترا و ناوی نرا کۆنگرەی هەندرێن، کە ناوی شەڕێکە و تێیدا ئەنسار (پێشمەرگە) شیوعییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە شەستەکاندا، شوێنی کۆنگرەکە لە دامێنی چیای کارۆخ بوو لە ناوچەی ڕەواندز. [٨٦]

لەو کۆنگرەیەدا، هەڵوێستی حیزبی شیوعیی عێراق هەموارکرایەوە لە حەرامکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ بەعس (کە هەڵوێستی کۆنفرانسی سێیەمی حیزب بوو لە (١٩٦٧)دا سەبارەت بە کارکردن و هاوپەیمانی لەگەڵیدا)، هەروەها لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر، ئەگەر پێداویستییەکانی هاوپەیمانی نەڕەخسێنن. [٨٧]

دوای ئەوەی بەعس بەم کۆنگرەیەی زانی، هەڵمەتە تیرۆریستییەکانی بۆ سەر کادر و چالاکییەکانی حیزبی شیوعیی عێراق توندتر کرد، نیشانەکانی توندکردنی هەڵمەتی

---

[٨٥] رحیم عجینة، س.پ، ١٠١.

[٨٦] هـ.س، ١٠٢.

[٨٧] هـ.س، ١٠٣.

تیرۆر دوای ماوەیەکی کورت لە ڕێکەوتنی حکومەتی بەعس لەگەڵ مەلا موستەفا لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەرکەوتن.[٨٨]

ڕەحیم عەجینە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧١دا لەگەڵ مورتەزا حەدیسی (کە سەرکردەیەکی دیاری حیزبی بەعس بوو) کۆببوونەوە، داوای لێکردبوو بەردەوام بن لە دیالۆگ و کارکردن بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن، وتبووی: بەتایبەتی ئێمە دەچینە ناو جەنگێکەوە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە ملهوڕەکاندا و پێویستە هێزە نیشتمانییەکان، چالاکییەکانیان لەم جەنگە نیشتمانییە گەورەیەدا یەکبخەن لەگەڵماندا[٨٩].

عەجینە لە وەڵامدا پێیگوت کە دەبێت دەستبەجێ هەڵمەتی تیرۆر ڕابگیرێت، کە کادران و ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی گرتووەتەوە و دەبێت هەموو دەستگیرکراوەکان ئازاد بکرێن. مورتەزا وەڵامی دایەوە؛ بەوەی هەڵمەتەکە دەستبەجێ ڕادەگیرێت و سەرکردایەتی لەو بارەیەوە بڕیاریداوە.[٩٠]

بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزە نیشتمانییەکان و بەمەبەستی سەرکەوتن لە جەنگی خۆماڵیکردنی نەوتدا (تأمیم ألنفط)، بەعس پڕۆژەیەکی بۆ هاوپەیمانیی نیشتمانی خستەڕوو، تێیدا داوای لە هێزە سیاسییەکان کرد بچنە ناوییەوە، حیزبی بەعس پێشتر هەڵمەتێکی فراوانی لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا لەژێر دروشمی (تۆ دەپرسیت و بەعس وەڵام دەداتەوە) ڕێکخستبوو، کە سەددام حوسێن ئەنجامی دەدا، تێیدا دیدگای بەعس و مەرجەکانی بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی عێراقدا دەخرانەڕوو، مەرجەکان کورت دەبوونەوە لە: دانان بە شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەممووز و دانان بە حیزبی بەعس وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ.[٩١]

قۆرخکردنی کارکردن لە ناو هێزە چەکدارەکان بۆ حیزبی بەعس، هەروەها قۆرخکردنی کاری جەماوەری، بابەتی (حیزبی پێشڕەو/ قائد). قۆناغێک لە

---

[٨٨] ه.س، ١٠٣.

[٨٩] رحیم عجینة، س.پ، ١١٠.

[٩٠] ه.س، ١١١.

[٩١] هـ.س، ١١١.

کەمبوونەوەی فشار و تیرۆر لەبەرژەوەندیی حیزبی شیوعیی عێراق هاتەئاراوە، وەک زانراوە سەرکردایەتیی (حشع) پڕۆژەکەی بەعسی وەک بنەمایەکی گونجاو بۆ دیالۆگ دانا و دیالۆگ لەو بارەیەوە لە شوباتی ١٩٧٢ دەستیپێکرد، تا ئەوەی لە ١٦ی تەممووزی ١٩٧٣دا لەسەری ڕێکەوتن.[٩٢]

پڕۆژەکە؛ پێشکەش بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرا کە پێنج وەزیری لە حکومەتەکەی بەعسدا هەبوو، بەڵام هەڵوێستێکی نەرێنیی وەرگرت و پارتی لە وەڵامیاندا جەختی لەسەر لایەنە ناکۆکەکان کردەوە. دکتۆر ڕەحیم عەجینە سەبارەت بە نەچوونەناوەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیکردەوە بچێتە ناو وتووێژی سێ قۆڵییەوە دەربارەی بەرە (الجبهة)، لە کاتێکدا بە پێنج وەزیر لە حکومەتدا بەشدار بوون، بەمەیش دەرفەت بۆ بەعس ڕەخسا کە لەگەڵ هەر حیزبێکدا بە جیا وتووێژ بکات، بە تێڕوانینی منیش ئەگەر شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ بوونایە، بەرنامەیەکی باشترمان دەستدەکەوت لەوەی کە لە نێوان بەعس و حیزبی شیوعیدا ڕێکەوتنی لەسەرکرا. بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەو زانیارییانەی لای من هەبوون و ئەو ئەنجامانەی پێیان گەیشتم، وایان لێکردم بەو لایەدا بشکێمەوە؛ کە پارتی دیموکراتی کوردستان پەرۆش و ئارەزوومەند نەبوو ڕێگە بە حیزبی شیوعی بدات، ڕۆڵی تەواوی خۆی بگێڕێت. ئەویش لەبەر مەترسیی ئەوەی کە ئەو کارە لە کوردستاندا چی دەگەیەنێت. ڕەنگە بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دیدگایاندا لە یەکتر نزیک بووبێتن سەبارەت بە ڕێگەنەدان بەوەی حیزبی شیوعی کاریگەر و خاوەن هەژموون بێت لە وڵاتدا. ئەم پەیوەندییە لێکترازاوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعی، سەرەڕای بوونی بنەمای هاوبەش لە نێوان هەردوو حیزبەکە و هاوکاریی خەباتگێڕانەی نێوانیان بۆ ساڵانێکی زۆر، بەڵام ئەم لێک ترازاوییە زیانێکی زۆری بە هەردوو حیزبەکە بەگشتی و بە

[٩٢] رحيم عجينة، س.پ، ١١١.

بزووتنەوەی نیشتمانیی و کوردی بەتایبەتی گەیاند و فاکتەرێك بوو بۆ بەهێزکردنی دیکتاتۆرییەتیی بەعس و پاشانیش تاکڕەویی سەددام حوسێن.[٩٣]

سەرکردایەتیی (پ.د.ک)، زیاتر و زیاتر لە ئێران و هاوپەیمانەکانی نزیک دەبووەوە، باشترین بڕوانامەیش کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێرانەوە ببەخشرێت (بڕوانامەی دژایەتیکردنی شیوعیەتە)، ڕەنگە لەم ڕوانگەیەوە بێت کە سەرکردایەتیی (پ.د.ک) هەستا بە دەستگیرکردن و کوشتنی ١٢ شیوعی، کە لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە گەڕابوونەوە. ڕەحیم عەجینە، تاوانەکە بە شکستێکی گەورە کە تووشی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ (پ.د.ک) هات، وەسف دەکات. لە کاتێکدا (دکتۆر مەحموود عوسمان) ئەندامی دیاری مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) دەڵێت: بەکارهێنانی تیرۆر دژی گەل لە ساڵانی دواییدا و هەروەها دژی ئەندامانی هێزە نیشتمانییەکانی عێراق کە لە کوردستاندا هەبوون، بەشێوەیەك شکایەوە کە پێچەوانەی بەرژەوەندیی گەلی کورد بوو. بەهۆی تیرۆرکردنی ١٢ شیوعی لە ڕێکخستنەکانی لیژنەی ناوەندی و دوو لە سەرکردایەتیی ناوەندی لەلایەن فەرماندەی هێزی زاخۆ (عیسا سوار)ـەوە و بە ئاگاداریی سەرکردایەتیی بارزانی،[٩٤] هەروەها ڕێگریکردن لەلایەن دەزگای پاراستنی (پ.د.ك) لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە ئەنجامدانی چالاکیی ناڕەزایی دەربڕین لەو ناوچانەی کە لەلایەن پارتییەوە بە ناوچەی قەدەغەکراو (محرم) بۆ شیوعییەکان دادەنران، ئیدی پەیوەندییەکان لەگەڵ (پ.د.ك) تێکچوون. [٩٥]

لەلایەن بەعسییەکانەوە؛ فشارەکان لە ماوەی وتووێژە دووقۆڵییەکاندا لەگەڵ (حشع) زیادیان کرد، ئەمجارەیان نەک لە ڕێگەی تیرۆرەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو ڕێکارانەی تر کە گرتوویانەتەبەر وەک بەستنی پەیماننامەی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیی

---

[٩٣]، رحيم عجينة، س.پ، ١١٢.

[٩٤]، هــ س، محمود عثمان، س.پ، ٢٤.

[٩٥]،رحيم عجينة، س.پ ١١٣

سۆڤیەت و داننان بە ئەڵمانیای دیموکرات لە کاتێکی زووەدا و لە کۆتاییشدا ئەو دەستکەوتانەی لە جەنگی نەوت و خۆماڵیکردنیدا بەدەستیانهێنا.[٩٦]

دوای ئەوەی حیزبی بەعس لە سوریا، گەیشتە هاوپەیمانییەکی بەرەیی لەگەڵ (حیزبی شیوعیی سوریا) و لایەنەکانی تر، ئیدی فشارەکان لەسەر (حشع) زیاد بوون، بەعسی سوریا توانیی حیزبی شیوعیی سوری ناچار بکات، دان بنێت بە پێشڕەوێتیی حیزبی بەعسدا، ئەمەیش وای لە بەعسییەکانی عێراق کرد فشار بکەن بۆ بەدەستهێنانی هەمان شت لەلایەن حیزبی شیوعیی عێراقەوە.[٩٧]

کۆبوونەوەی یەکلاکەرەوە لە نێوان شاندی هەردوو حیزبەکەدا؛ لە ڕۆژی ١٥ی تەممووزی ١٩٧٣دا بوو، لەلایەن بەعسییەکانەوە (سەددام حوسێن، شبلی عەیسەمی، عەلی غەنام، نەعیم حەداد و تاریق عەزیز) ئامادەبوون، لە لایەنی ئێمەیشەوە وەک ڕەحیم عەجینە باسی دەکات (عەزیز محەمەد، عامەر عەبدوڵڵا، موکەڕەم تاڵەبانی، مەهدی عەبدولکەریم و ڕەحیم عەجینە) ئامادەبوون، هەمان ئەو بابەتە هەڵپەسێردراوانە مانەوە و سپێردران بە سەرکردایەتیی هەردوو حیزبەکە.[٩٨]

ڕەحیم عەجینە لەگەڵ محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان (سامی)، کە پۆستی وەزیری کاروباری باکووری هەبوو کۆبوونەوە و بابەتی کاری بەرەیی لەگەڵدا باسکرد، ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێشتا لەسەر تێبینییەکانی دەربارەی بوونی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و دەسەڵاتەکانی و لەسەر کێشەی تێکچوونی دۆخی ئۆتۆنۆمی سووڕە، هەروەها تێبینییەکی وروژاند کە جێی سەرنجە؛ ئەویش ئەوەیە کە پڕۆژەی ڕێکەوتنەکە ناوەڕۆکێکی چینایەتیی هەیە، چونکە باس لە چاکسازیی کشتوکاڵی لە کوردستان دەکات، چاکسازییەکی لەم شێوەیەیش لە ئێستادا دژی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە[٩٩]

---

[٩٦]، هـ.س، ١١٤.

[٩٧]، هـ.س، ١١٥.

[٩٨]، رحيم عجينة، س.پ، ١١٥.

[٩٩]،هـ.س، ١١٥.

چونکه مەلا موستەفا حیزبەکەی گۆڕیبوو بۆ ئامرازێک لە دەستی ئاغاکاندا، یان بە واتایەکی تر بەرژەوەندییەکانی حیزبی خستبوونە ژێر بەرژەوەندیی ئەو ئاغایانەی کە لای ئەو پەسەند بوون. شۆڕشێک هەبوو لە چاکسازیی کشتوکاڵی دەترسا، لە کاتێکدا سووتەمەنییەکەی چینی جوتیاران بوو. ئەم هزر و لۆژیکە، ئەو ستەمە گەورەیە دەردەخات کە جوتیاری کورد لەسەردەستی سەرکردایەتییەک چەشتوویەتی، کە بایەخی بە قوربانییە گەورەکانی ئەوان نەدەدا. ڕەحیم عەجینە دەڵێت: (پ.د.ك) دەیویست هاوکاریی بەرەیی سەرەتا لە نێوان هەردوو حیزبە سەرەکییەکەدا واژۆ بکرێت واتا بەعس و پارتی، پاشان حیزبەکانی تر واژۆ لەسەر ڕێکەوتنەکە بکەن. واژۆکردنی بەڵێننامەی کاری نیشتمانی لە ١٧ی تەممووزی ١٩٧٣، لە نێوان عەزیز محەمەد و ئەحمەد حەسەن بەکردا ئەنجامدرا.[١٠٠]

لە دیدی عەجینەدا بەعس سوور بوو لەسەر ئەوەی (حشع) لە گۆڕەپانی کاری سیاسی بکاتە دەرەوە. ئامانجی بەعس لە پشت ئەم ڕێکەوتنەوە، ئەوە بوو کە حیزبی شیوعی بکاتە حیزبێکی پاشکۆ و لایەنگر و پشتیوانی بەعس و تاکو پێگەی جەماوەریی لێ بسەنێتەوە بە چەندین یاسای زۆرەملێ.

ئەگەریش (حشع) هەوڵی دا ئەو کۆتە بشکێنێت کە دەوری گەردنی داوە، ئەوا لەڕێگەی تیرۆر و تۆقاندنەوە ملکەچی بکات، بەعس دەیویست کەڵك لە پێگەی (حشع) وەربگرێت، بەو پێیەی چوونەناو بەرەیەک لەگەڵ بەعسدا دەبێتە جۆرێک لە ڕەواییدان بە بەعس لەسەر ئاستی جەماوەری (ئەو جەماوەرەی شیوعی، شارەزا بە ئەزموونی پێشوویان لەگەڵیاندا، بەتایبەتی لە کۆدەتای ١٩٦٣ بەدواوە ئیتر بە چاوی بێ متمانەیی و ڕقەوە لە بەعسیان دەڕوانی)، هەروەها ویستیان سوود لە پەیوەندییە عەرەبی و جیهانییەکانی (حشع) وەربگرن، بۆ گۆڕین و جوانکردنی وێنەی بەعس لای ئەو ناوەندانە.[١٠١]

---

[١٠٠]، رحيم عجينة، س.پ، ١١٥.

[١٠١]، ه.س، ١١٦

هەروەها عەجینە دەڵێت: هیچ گومانم نییە لەوەی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس، پلانێکی هەبوو بۆ لێکترازاندنی ڕیزی ئەو هێزانەی زەمینەی کاری هاوبەشیان هەبوو پێکەوە، بۆ لێکدابڕان و سەرقاڵکردنیان بەیەکترەوە، پێموایە پلانێکی لەم شێوەیە ئامانجی شاراوەی ڕێکەوتنەکە بوو، بەتایبەتی کە کەشێکی گرژ لە نێوان بەعس و (پدك)دا دروست ببوو و ڕۆژانە قوونڵتر دەبووەوە. [١٠٢]

ساڵح خەرسان لەسەر ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان دەسەڵاتی بەعس و حیزبی شیوعیی عێراق و کاریگەریی لەسەر سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ دەڵێت: وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە هەستی گۆشەگیرییەک کە بەهۆی گواستنەوەی شیوعییەکان بۆ بەرەی ڕۆژئاوا تووشی ببوون، پارتی دەستیکرد بەوەی وەک ڕکابەرییەک بەرامبەر بە حیزبی شیوعیی عێراق داوا بکات کە: دەبێت گفتوگۆ دەربارەی بەرە، تەنها لە نێوان نوێنەرانی هەردوو نەتەوە سەرەکییەکەی عێراقدا بێت، واتا پارتی و بەعس، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پارتی لە دانوستانەکانی ئاداری ١٩٧٠دا جەختی لەسەر پێویستیی بەشداریکردنی شیوعییەکان دەکردەوە.[١٠٣]

پاشان دەڵێت: کاردانەوەکانی پارتی؛ تەنها لەم ئاستەدا نەوەستان، بەڵکو بڕیاریان دا بەشێوەیەکی ورد و قۆناغ بە قۆناغ لە حشع بدەن. بۆ ئەو مەبەستە، فەرمانی دەستگیرکردنی کۆمەڵێک لە شیوعییەکان و بێسەروشوێنکردنیان دەرچوو. جێبەجێکردنەکەیش لەلایەن یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی شۆڕشەوە بوو، کە ئەویش (عیسا سوار بارزانی)ی فەرماندەی هێزی زاخۆ بوو، کە هەستان بە ڕفاندنی ١٢ خوێندکاری شیوعی، کە تازە خوێندنیان لە یەکێتیی سۆڤیەت تەواوکردبوو و لە ئابی ١٩٧٣دا لە ڕێگەی سوریاوە بە زاخۆدا دەگەڕانەوە بۆ عێراق و لەوێ لەناویانبردن. هەروەها دوو کەسی تر لە ئەندامانی ڕێکخستنی حیزبی شیوعیی عێراق -

---

[١٠٢]، رحيم عجينة، س.پ، ١١٦

[١٠٣]، صلاح الخرسان. التيارات السياسية في كردستان العراق. ١٩٤٦ – ٢٠٠١ . الطبعة الاولى ٢٠٠١ . مؤسسة البلاغ. بيروت . ص : ٢٠٢ – ٢٠٣

سەرکردایەتیی ناوەندی، ئەم تاوانە بە ئاگاداریی مەلا موستەفا ئەنجامدرا، کە پێیوابوو ئەم جەنگە لاوەکییە ڕەنگە سوودبەخش بێت، چونکە وای دەبینی کە ئەو لێدانە دەبێتە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر بایەخ بە شۆڕش بدات و هاوکاریی زیاتری پێشکەش بکات. هەروەها دەزگای (پاراستن)؛ هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی ئەنجام دا، کە چەندین شیوعیی کوردی گرتەوە، بەتایبەتی مامۆستاکانیان لە ناوچەکانی زاخۆ و شێخان و ناوچەکانی تری بادینان. [١٠٤]

بەم ڕەفتارەی، کە خاڵی بوو لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی بەرامبەر بە داهاتووی هەردوو حیزبەکە، پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ك) و (حشع) ئاڵۆز بوون، تا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ گەیشتنە ئاستی پێکدادانی چەکداری لە نێوانیاندا، ئەوەیش ڕاستەوخۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بەعسی کرد، هەروەها ساڵح خەرسان دەڵێت: سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد، هەڵمەتێکی گشتگیری دژی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعیی عێراق دەستپێکرد، کە لە هەموو ناوچە کوردییەکاندا تێکەڵاوی ڕێکخستنەکانی پارتی بوون. ئەمەیش وای لە شیوعییەکان کرد پەنا بۆ ئەو ناوچانە بەرن، کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا بوون. هەڵمەتەکەی پارتی تەنها حیزبی شیوعیی عێراق - لیژنەی ناوەندیی نەگرتەوە، بەڵکو ڕێکخستنە مارکسییە دژەدەسەڵاتەکانیشی گرتەوە. عەلی عەبدوڵڵا (ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و پارێزگاری سلێمانی)، هەستا بە دەستگیرکردنی پێنج ئەندامی (سوپای ڕزگاریی گەل) و ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی کردن لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا، ئەم کەسانە ڕێکخستنێکی مارکسی بوون و باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو، ڕژێمیش لەسێدارەیدان، بە کۆتاییهاتنی ئەو هەڵمەتە تونده، ئیتر پەیوەندیەکانی نێوان حشع و پارتی بەتەواوەتی پچڕان. [١٠٥]

گومانی تێدا نیە کە سەرکردایەتیی (پ.د.ك)، کاری بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی دەرەکی دەکرد، ئەو پشتگیریانەیش چەندین مەرجیان بەسەر پارتیدا سەپاند. حیزبی

---

[١٠٤]، صلاح الخرسان، س.پ، ٢٠٣.

[١٠٥]، صلاح الخرسان، س.پ، ٢٠٣.

شیوعیی عێراقییش کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەڵوێستی دۆستانەی سۆڤیەت بەرامبەر ڕژێمی بەعس و نەیدەتوانی هەڵوێستێکی دژبەری مۆسکۆ بگرێتەبەر. بەڵام بۆچی هەردوولا پەنایان بۆ دانایی و دووربینی نەبرد، بۆ ڕێگریکردن لەوەی کارەکان بە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا نەڕۆن و بیریان لە داهاتووی پەیوەندییە دوولایەنەکانی نێوان (پ.د.ك) و (حشع) نەکردەوە؟ بەتایبەتی کە ڕژێمی بەعس جێی متمانە نەبوو، ئەزموونی ڕابوردووی سیاسی و دڕندایەتیی ئەو ڕژێمە لەلایەن هەردوو لایەنەوە، ڕوون و ئاشکرا بوو. لێرەدا ئێمە لە بەردەم کورتبینییەکی سیاسیی ڕوونداین، کە لە ماوەیەکی کەمدا کارەساتی بۆ تەواوی عێراق و بەتایبەتی بۆ کوردستان هێنا، هاوپەیمانییەکان لەگەڵ دەرەوە بوونە هۆی جۆرێک لە پاشکۆیی، کە وایانکرد هەردوو لایەنەکە (پارتی و حشع) سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی لەدەست بدەن. ڕەنگە ئەوەی سەرنجی زیاتر ڕابکێشێت لە مەڕ ململانێی حیزبەکان لە عێراقدا، ئەوەیە کە چەمکی نیشتمان و هاوڵاتیبوون نەچەسپا، چونکە سەرکردەی حیزبەکان (بەعس، پ.د.ك، حشع) بەدوای سەرکەوتنی حیزبییدا دەگەڕان، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان سەرکەوتنی دۆزە بنەڕەتییەکانی گەلان و سەرکەوتنی حیزبێک بەسەر حیزبەکانی تردا، سەرکەوتنی بەعس ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی کۆمەڵگە نەبوو، چونکە بەعس هەموو ئیمتیازێکی حکومڕانیی لە پارە و هێز و هەژموونی سیاسیی قۆرخ کرد، لە کاتێکدا کۆمەڵگە بێبەش بوو لە پەیڕەوکردنی سیستمی دیموکراسی و ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و دادپەروەری، لە دابەشکردنی سامانی بێشوماری عێراق. سەرکەوتنی دیکتاتۆرێک، واتای کەوتنی دیموکراسی و زەلیلکردنی گەلێک بوو، کۆمەڵگەی عێراقی لەژێر سێبەری بەعسدا ژیانێکی هاوشێوەی ڕانەمەڕی بەسەربرد و کەوتە دوای ئارەزووی سەرکردە سەرکێشەکانی، کە پەلکێشی جەنگە وێرانکەرەکانیان کرد و خەڵکیان پەکخست و وڵاتیان ڕووخاند.

شکستی سەرکەوتن
(١٩٧٠ - ١٩٧٥)

گومانی تێدانیە خەباتی سیاسی کاتێک بە سەرکەوتن کۆتایی دێت توانای گەورەی ماددی و وزەی مەعنەویی دابین دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی گەل خەباتی بۆ کردوون و قوربانیی لە پێناودا داوە. با ببینین سەرکردایەتیی کورد دوای ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بە (گوایا سەرکەوتنەکەی) چییان کرد، کە لەلایەن هەردوولاوە واژۆکرا. سەرکردایەتیی هەردوولا (پدك و حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست) لە ناو تەپڵ و زوڕنالێدانی هەردوولا کە چەند هەفتەی خایاند، ئەگەر وا دابنێین سەددام حوسێن و مەلا موستەفا دوو سەرکردەی شارستانی بوونایە و بەڕاستی بڕوایان بە بنەما دیموکراسییەکان هەبووایە و کاریان بکردایە بۆ چەسپاندنی بنچینەکانی دیموکراسیەت لە کۆمەڵگەدا و بۆ چاکەی هەردوو گەلەکەیان و نەوەکانی داهاتوو خەباتیان بکردایە، ئەوا بەیاننامەی ١١ی ئازار دەبووە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسییەت و خۆلادان لە تاکڕەوی و جەنگی ماڵوێرانکەر. دەکرا ئەو ڕێکەوتنە، خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بووایە لە دەوڵەتێکی نەوتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بەرەو گەشەپێدانی ئابووری و یەکسانی لە دابەشکردنی سامانی وڵات و سەقامگیریی لە سیستمە سیاسییەکەیدا بڕوات و هەموو شتێك ژێربارى ویستی گەل دەبوو. گریمانە دەکرا سیستمی عێراقی بگۆڕدرێت بۆ سیستمێک، هاوشێوەی سیستمی کەنەدی کە مافی هەردوو نەتەوە سەرەکییەکە گەرەنتی بکات، ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن و کێبیکییەکانی تر کە بە زمانی فەڕەنسی دەدوێن، لەگەڵ گەرەنتیکردنی مافی نەتەوە و شێوەزارەکانی تر. لە عێراقیشدا؛ سەرەڕای کورد و عەرەب، کەمە ئیتنیکەکانی ئاشووری، کلدانی و تورکمانەکان هەن کە دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتەکەن، بەڵام بەداخەوە هەردوولا (پارتی و بەعسی) بە ڕێگەیەکی تردا هەنگاویان نا، کە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەل بوو، لە دەربڕینی

ئەوەی بۆ داهاتووی خۆیان و نەوەکانی داهاتووی هەموو پێکهاتەکان بێ جیاوازی، بە گونجاو دەبینرا. ئارەزووی دیکتاتۆری لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەواو زاڵ بوو، پارتەکان بەگشتی ڕەوشتی ستالینی بوون، کۆنەپەرستەکان بەناوی پێشکەوتنخوازی و سۆسیالیزمەوە، حوکمیان دەکرد و بەرژەوەندییە بنەماڵەیی و خێڵەکییەکانیان پەرەپێدا و بە بەرگی نەتەوەیی و نیشتیمانی، خۆیان دادەپۆشی.

هەردووکیان (سەددام حوسێنی گەنج و مەلا موستەفا کە تەمەنی بەرەو حەفتا ساڵی دەچوو)، بەیاننامەی ئازاریان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بە شێوازێکی جیاواز لە یەکتر بەکارهێنا، سەددام حوسێن بە پێچەوانەی مەلا موستەفا لە قۆناغی سەرکەوتندا بوو بە پەیژەی دەسەڵاتدا، پێویستی بەوە بوو بنەما نەتەوەییەکان بکاتە دروشم بۆ خۆنواندن، دروشمەکانی (یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم و دژایەتیی ئیسرائیل و ئیمپریالیزم و پشتگیریکردنی چینی هەژاری کۆمەڵگە و...هتد)ی لەسەر زار بوون، ئەو هێشتا لە لووتکەی دەسەڵاتدا نەبوو، لە کاتێکدا مەلا موستەفا لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوو، پێویستی بەوە نەبوو خۆی بنوێنێت. سەددام حوسێن، دەیزانی دوای بەیاننامەی ئازار بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت، قۆناغ بە قۆناغ و بەشێوەیەکی پلان بۆدارێژراو دەچووە پێش و سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا و باش دەیزانی هێزەکەی لە ژێر خاکەکەیدایە، لە سەرچاوەکانی نەوت لە کوردستان و ناوچەکانی باشووری عێراق و دەشێت ئەو هێزە بەکاربهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵگەی عێراقی و بونیادنانی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بەڵام مەلا موستەفا، نەیدەزانی دوای بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ بەرەو کوێ دەچێت، نەیدەزانی کە نەوتەکەی و هێزەکەی لە یەکخستنی گەلی کورد و وابەستەبوونی بە داخوازییەکانی گەلەکەی و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پێشکەوتنخواز و ڕزگارکردنی کورد لە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتیی کوردی و بونیادنانی پارتێکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕدایە، پارتێکی شۆڕشگێڕ کە کار بکات بۆ چەسپاندنی بەهاکانی دادپەروەری، یەکسانی، ڕزگاری و بڵاوکردنەوەی زانست بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ...هتد. بەڵام خەمی ئەو، مانەوە بوو لە لووتکەی دەسەڵات و بە میراتگرێتیی کوڕەکەی و کارکردن بۆ بەدیهێنانی (پڕۆژە خێزانییە) ڕانەگەیەندراوەکەی،

بەپشتبەستن بە بەهێزکردنی دەرەبەگ و نۆکەرەکان و قۆرخکردنی توانای مادیی بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەمەیش پێویستی بەوە بوو ئەو کەسانە لە ناوبەرێت، کە خاوەن لێهاتوویی سەرکردایەتیین، ئەو پاشەکشەی دەکرد و هەموو ئەو شتانەی دەڕووخاند کە بزووتنەوەکە بە قوربانیدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ماوەی دەیەیەک لە تێکۆشانی سەخت بەدەستیهێنابوو. جەماوەر چاویان لە پێشکەوتن و کرانەوە و دادپەروەری بوو، لە کاتێکدا سەرکردایەتیی کورد پاشەکشەی دەکرد و بەرەو داخراویی زیاتر هەنگاوی دەنا. هیچ گونجانێک لە نێوان ئارەزووەکانی سەرکردایەتی (کە چالاکییەکانی لە چوارچێوەی پڕۆژە خێزانییەکانیدا دەسووڕانەوە) و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت ڕۆشنبیرانی کورددا نەبوو، هەڵوێستەکانی مەلا موستەفا لە قۆزاخەیەکدا قەتیس مابوون، ستراتیژێکی دانەڕشتبوو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی یان پاراستنی بزووتنەوەکە لە گۆڕانکاریی لەناکاوی هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان، یان هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی پشتگیریی بزووتنەوەکەیان دەکرد. سیاسەتی خۆبەهێزکردنی بە هێزی دەرەکی و ڕووخاندنی بەرەی ناوخۆی گرتەبەر و هەوڵی دەدا کۆمەڵگەیەکی نەزۆک، کە تەنها ماستاوچی و گوێڕایەڵ بەرهەم بهێنێت و دەستەبەری سەرکردایەتی تەنها بۆ کوڕە دڵخوازەکانی بمێنێتەوە، دروست بکات. بەمەیش ڕێگەی لە بەردەم دەرکەوتنی سەرکردایەتیی لێهاتوو گرت بە پێدانی دەسەڵاتی تەواو بە دوو کوڕەکەی؛ کە هێشتا لە خوار ئاستی پێگەیشتنی هزری سیاسییەوە بوون،ئەوان چوونە لای سەرووی پارتەکە و عەقڵییەتی سیاسیی چەقبەستوو و بێسەروبەری بڵاوکرایەوە، هەروەها پارتەکە ڕەسەنایەتی و گەشەسەندنی سروشتی خۆی لەدەست دا، بەهۆی ئەو کۆت و زنجیرانەی کە بەسەر سەرکردایەتیی سیاسییدا سەپێندرابوون، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی گوێڕایەڵیدا بمێننەوە. ڕێگەیان نەدا پێکهاتەی هێزی هۆزایەتیی کوردی (پێشمەرگە) کەمێکیش بێت، بە ڕووی سیستمی سوپایەکی شۆڕشگێڕی سەردەمیانەدا بکرێتەوە. عەقڵییەتی کۆن؛ زاڵ بوو بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا و ڕێگەی لە هەر دەربازبوونێک لە دەرەوەی خۆی دەگرت، لە کۆتاییدا هەموو شتێک لە دەستی یەک

خێزاندا قۆرخکرا، هەروەها گوێ بە قەبارەی ئەو ئاستەنگە مەترسیدارانە نەدرا کە ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبوونەوە و دوژمنان بۆ بزووتنەوەی کوردایەتییان دەنایەوە.[١٠٦]

مەلا موستەفا بە چەندین ساڵ، پێش سەددام حوسێن کەوت لە تاکڕەوی لە هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکاندا، لە ناوچەکانی کوردستاندا. لە کاتێکدا سەددام تکریتی، قۆناغەکانی سەرکەوتنی بەسەر دەسەڵاتدا بە وریاییەوە دەبڕین، دوای لادانی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ١٦ی تەممووزی ١٩٧٩دا بە تەنها بڕیارە چارەنووسسازەکانی گرتنەدەست، قۆرخ کردنیبڕیارە چارەنووسسازەکان لەلایەن هەردووکیانەوە، بووە هۆی کارەساتی نیشتمانیی گەورە. ڕەوتەکانی پێشکەوتنی دیموکراسی و ئازادییە گشتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردستانی و عێراقی بەگشتی، پاشەکشەیان کرد. سەددام حوسێن، ئەو چوار ساڵەی (خەڵاتێک بوو سەرکردایەتیی کورد بەخۆڕایی پێی دا) کە بەدوای بەیاننامەی ئازاردا هات، بەکاریهێنا بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆی و حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست بە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکەیەوە، ئەوەیش لە لەناوبردنی نەیارەکانی لە ناوخۆدا لەسەر ئاستێکی فراوان و بونیادنانی سوپایەکی بەهێز و بە بەعسیکردنی و یەکخستنی هێزەکانی ئەمن و پۆلیس لەژێر فەرمانی خۆیدا، بونیادنانی هاوپەیمانییەکی

---

[١٠٦] مەلا موستەفا سەرکردایەتیی تەواوی دەزگای ئەمنی (پاراستن)ی ڕادەستی مەسعوودی کوڕی کرد، بەبێ ئەوەی مەسعود خۆیندنی تەواو کردبێت. سەرەڕای کەمیی تەمەن و ئەزموونی. (دەیشید کرۆن) ڕووداوێکی زۆر گرنگ دەگێڕێتەوە کە پوختەکەی ئەوەیە: (میرخان) - کە ناوی خوازراوی مەسعوودی کوڕی مەلا موستەفایە وەک کەسایەتییەکی کورد کە لە ئیسرائیل ئەرکی پێ سپێردرابوو، بۆی پشتڕاست کردوومەتەوە و تا ئێستا لە ژیاندا ماوە - مەسعوود لەپڕ بە دەیشید کرۆن دەڵێت: کە ئەو زیانەی نەخۆشخانەکە کە ئیسرائیلییەکان دایانمەزراندووە پێیان دەگەیەنێت زیاترە لە سوودەکەی، چونکە هەواڵەکەی گەیشتووەتە عێراقییەکان و بووەتە سەرچاوەی کێشە. دەیشید کرۆن دەڵێت: "هەستم کرد خۆێن لە دەمارەکانمدا دەکوڵێت و گوتم: ئەوەی ئێمە دەیکەین بۆ بەرژەوەندیی کورد، ئەگەر نەخۆشخانەکە بووەتە هۆی کێشە، ئەوا بابەتەکە زۆر سادەیە، خێمەکان کۆدەکەمەوە و پزیشکەکان لەگەڵ خۆم دەبەمەوە بۆ ئیسرائیل." مەسعوود هەوڵی هێورکردنەوەی دەدات و دەڵێت مەبەستی ئەوە نەبووە، بەڵام من لەسەر ڕای خۆم سوور بووم، چونکە تەنانەت چاکەیش دەبێت سنووری هەبێت. خێمەکان و ئامێرەکانمان کۆکردنەوە و پزیشکەکانم لەگەڵ خۆم بردن بۆ تاران و لەوێوە بۆ ئیسرائیل. دەبوو کوردەکان بەشێوەیەکی باشتر داوا بکەن دوای ئەوە، تا ڕازی بین بە کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی نوێ. (شلۆمۆ نیکدیمۆن - مۆساد لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ، ل: ٢٢٧).

کاتی لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراق بۆ ئەوەی دواتر بە ئاسانی هەڵیتەکێنێت و لێدانی بزووتنەوەی کورد و کۆمینی وێژدانی چەندین بەرپرسی کورد، خۆی دەبینییەوە. دوای خۆماڵیکردنی نەوت، توانای دارایی دەسەڵات زیادی کرد و نەوت، هێزی ئەوەی دایە کە لە ناوخۆ و دەرەوەیش کاریگەریی زیادی هەبێت. سەددام، ڕێککەوتنامەی دۆستایەتیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت بەست بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپای عێراق لە چەکی پێشکەوتوو، لە کاتێکدا مەلا موستەفا لە لووتکەی دەسەڵاتدا دەژیا و کاری دەکرد بۆ ئەوەی بیداتە میراتی کوڕەکەی بە پاڵنەرێکی سۆزداری و بێ ڕاوێژکردن بە کەس، هەروەها مەیلی تاکڕەوییەکەی بەشێوەیەکی مەترسیدار دوو هێندە بوو، ئەوەی بۆی مابووەوە لە ماوەی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد لە بەیاننامەی ئازارەوە تا ڕووخانی لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥، بریتی بوو لە دروستکردنی قەیرانی ناوخۆیی کە هیچ پێویست نەبوون و ڕاستەوخۆ وەک دەبینین لە بەرژەوەندیی ڕژێمی دیکتاتۆری و کەسیی سەددام حوسێن شکانەوە. سەددام، توانیی هەڵەکانی مەلا موستەفا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، هەردووکیان کاریان دەکرد بۆ بونیادنانی دەسەڵاتی تاکحیزبی و ناوەندگەراییەکی توند و دروستکردنی لایەنگریی شەخسی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تۆقاندن و خەڵاتکردن (الترهیب والترغیب)، بۆ بەدەستهێنانی گوێڕایەڵیی ڕەها. ئەوان خاوەن فەرمان و ڕێگری بوون لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندییان بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ نیشان دەدا و هەردووکیشیان پشتیان بە سەرکوتکردن و چەوسانەوە دەبەست، هەردووکیان لە هەژموونی خێزانی بەسەر دامەزراوەکانی پارت و دەسەڵاتداریدا، هاوبەش بوون و پشتیان بە هێز و پارە دەبەست، لە هەردوو بارەکەدا ململانێ لە ناو بازنەی خێزان و خێڵدا زاڵ بوو، چەک و پارە بەکارهێنرا بۆ سەرخستنی یەکێک یان هەندێکیان بەسەر ئەوانی تردا، مەلا موستەفا و سەددام حوسێن و تیمی هەڵبژێردراویان لە کوڕ و دەست و پێوەندەکانیان، ململانێی نێوان زڕبراکانی (بەرزان و وەتەبان و سەبعاوی) لەگەڵ ئەوانی تر لە خێزانی دەسەڵاتدار، هەروەها ململانێی نێوان حوسێن کامل و سەددام حوسێن و ململانێکانی تر کە عودەی و قوسەی و ئەوانی تر لە ناو خێزانەکەدا ئەنجامیان دەدا. هەروەکو چۆن

مەلا موستەفا چووە ناو ململانێیەکی بێ مانا دژی برازاکەی (عوسمان شێخ ئەحمەد) و دژی دوو کوڕەکەی خۆی (عوبەیدوڵڵا و لوقمان) و کوشتنی بەکۆمەڵی خێزانی (محەمەد ئاغای مێرگەسۆر)ی کە لە خاڵوانی خۆی بوون. سەددام حوسێن و مەلا موستەفا کە هەریەکێکیان بانگەشەی نەتەوەییان دەکرد و سەر بە دوو خێزانی هەژار بوون و هەریەکەیان سەرکردایەتیی نەتەوەیەکیان دەکرد، بەڵام هەردووکیان سەر بە یەك خوێندنگە بوون، هەردووکیان بەهۆی کردەوەکانیان مۆراڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەیان تێکدابوو، بەو هۆیەوە کۆمەڵگە چۆکی دادابوو و تەواو بێ توانا کرابوو لەوەی بتوانێت دژی ڕژێمێکی دیکتاتۆری بوەستێتەوە. هەر یەکێک لەو دوو حیزبەیش پەیوەندییان بە دیموکراسیەتەوە نەبوو تەنیا لە میدیادا نەبێت، کە ئەوانیش لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی خۆیاندا بوون.

دوای ڕێککەوتننامەی ئازار، ئەستێرەی مەلا موستەفا وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو گەشایەوە، بەهۆی ئەوەی توانیی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق بەدەستبهێنێت و بزووتنەوەی کورد بە سەرکردایەتیی ئەو، تاجی سەرکەوتنی لەسەر نا و حکومەتی عێراق بە واژۆکردنی بەیانامەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دانی پێدا نا. ڕووپاگەندەی پارتی، جەختی لەسەر ئەم دەسکەوتانە دەکردەوە و لە ڕۆژنامەکان و لە ڕادیۆوە بەگوێی گەلی کوردیاندا دەدایەوە. ئەگەر وا دابنێین مەلا موستەفا ڕاستەوخۆ دەستی لەکاربکێشایەتەوە و قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی ئازاری بۆ کەسانی تری لێهاتوو جێبهێشتایە بۆ سەرکردایەتیکردنی گەلی کورد، ئەوا باشترین کات دەبوو بۆ دەستلەکارکێشانەوە و وەک پاڵەوانێک لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەمایەوە، کە هیچ کەس لە سەدەی بیستەمدا هاوتای نەدەبوو. بەڵام ئارەزووی توندی دەسەڵات، ڕوای بە وەستان نییە لە کاتی پیریدا، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ سەپاندنی پڕۆسەی بەمیراتگرتن بۆ کوڕەکان بە هەر نرخێک بێت، ڕووخاندنیش لای ئەو گرنگ نییە، مادام گەل باجەکەی دەدات، کە لە نێو حیساباتی سەرکردایەتییەکی لەو شێوەیەدا نرخەکەی سفرە. حکومەتی عێراق دوای ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار، هەموو سەرۆکجاشە کوردەکانی ئاگادارکردنەوە کە هاوکارییان لەگەڵ کردبوون، کۆتایی بە هاوکارییەکانیان دژی بزووتنەوەی کورد هاتووە، دواتر ئاشتەوایی

نیشتمانی له نێوان بزووتنەوەی کورد به سەرکردایەتیی مەلا موستەفا و ئەو کوردانەی لایەنگری حکومەت بوون، ڕاگەیەندرا. ئاشتەواییەکە، هەموو ئاغا و جاشە دێرینەکان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆنیشی بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد دەگرتەوە، گەڕانەوەی هەموو ئەمانە بۆ بینینی مەلا موستەفا لە بارەگاکەی، وەک دانپێدانانێک بوو بە شکستی کارەکانیان و ئەوەی مەلا موستەفا لەسەر هەق بووە.

لێرەوە مەلا موستەفا، بوو بە کەسایەتییەکی ناسراو لە ڕۆژنامەگەریی دەرەوەدا و ناوبانگی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بڵاوبووەوە، هەروەها حکومەتی عێراق هاوکاریی دارایی دیاریکراوی بۆ تەرخانکرد، لە هەمان کاتدا هاوکارییە دەرەکییەکانی ئەو وڵاتانەی یارمەتیی بزووتنەوەی کوردیان دابوو لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمەکانی بەغداد، نەپچڕان بەڵام کەمیان کردەوە. مەلا موستەفا کەوتە ناو وەهمی سەرکەوتنی بەیانی ئازارەوە، ئەمەیش وایکرد شەپۆلەکانی نێرگسییەتی زیاد بکات، تا ئەو ڕادەیەی وەهمی کوشندەی بۆ دروست بوو سەبارەت بە تواناکانی خۆی، کە وایکرد هەست بەو دژبەری و مەترسییانە نەکات کە دەوری گەلی کوردیان دابوو. لە کۆتاییشدا گەلەکەی بەرەو قووڵایی ئەو تەڵەیە برد کە دوژمنان بۆیان نابووەوە، بزووتنەوەی کورد بوو بە ڕاستییەکی بەرجەستە لە گۆڕەپانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ڕۆژنامە جیهانییەکان لەسەریان نووسی.

بەڵام بارودۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠، چۆن بوو؟ بارودۆخی هێزەکانی کوردی (پێشمەرگە)؟ بارودۆخی بارزان؟ ئەمانە ئەو کۆڵەکانە بوون کە بزووتنەوەی چەکداریی کوردی لەسەر بونیاتنرابوو، وەک ئاماژەمان پێدا هیچ هێزێکی تری کوردی لەگەڵ حکومەتدا نەمایەوە و هەموویان هەڵوەشێنرانەوە و ئاشتەوایی لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورددا کرا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی سیاسییە کوردەکانی ناو بزووتنەوەکە، لەوانە دکتۆر مەحموود عوسمان (سکرتێر) کە نزیکترین کەس بوو لە مەلا موستەفا، هەروەها سامی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان) بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیان بە فاکتەرێکی زۆر گرنگ نەکردووە، کە ئەویش فاکتەری سۆزداریی لە دارشتنی هەڵوێستە سیاسییەکانی مەلا موستەفادا،

بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٠. مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت لەم غیابە لە ناو شیکردنەوە و دەرئەنجامە سیاسییەکانیاندا، سەرەڕای ئەوەی لە نزیکەوە هاوکاری مەلا موستەفا بوون لە تێکۆشانی سیاسیدا، چونکە بەبێ تێگەیشتن لەم لایەنەی کەسایەتیی مەلا موستەفا، مەحاڵە لە هەڵوێستەکانی تێبگەیت. ئایا ئەمە لە ترسان بووە؟ یان مەلا موستەفا توانیویەتی نییەتەکانی خۆی بە لێهاتوویی لێیان بشارێتەوە و هەمووان چەواشە بکات؟ یان ئەوان نەیانتوانیوە لەم لایەنەی کەسایەتییەکەی تێبگەن؟

وێنەی ڕاستەقینەی سەرکردە لە دوای سەرکەوتن دەردەکەوێت، چونکە چی تر ڕێگا و بیانویەکی نییە بۆ ڕاکردن لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە جەماوەری تێکۆشەری دابوو، ئەو لە لووتکەی دەسەڵاتدایە و تواناکان بەردەستن بۆ بەدیهێنانی زۆرێک و هەنگاو بە هەنگاو لە ئاواتەکانی جەماوەر و تێکۆشەران، کە بەشداربوون لە بەدیهێنانی سەرکەوتندا و گەلیش متمانەی تەواوی پێداون، لێرەدا هەوڵ دەدەین کارەکانی مەلا موستەفا بخەینە بەردەم شرۆڤە و تاقیکردنەوەوە. ئەو، گۆڕا بە کەسێکی نامۆ بۆ لایەنگرە دڵسۆزەکانی، کە سەرکەوتنەکانی ئەویان دروست کردبوو، هزرە کۆنەپەرستیەکەی بە ئاشکرا دەرکەوت و پشتی کردە هاوڕێ چەکدارەکانی و ڕێگری لەسەر بنەما نیشتمانی و ئەخلاقییەکان و ئەو دروشمانەی کە (پ.د.ك) بەدرێژایی قۆناغی خەباتی چەکداریی گەلی کورد، بەرزی کردبوونەوە. دەبوو بەیاننامەی ١١ی ئازار بگۆڕدرێت بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوان و ڕێکخراو، کە ئاراستەیەکی پێشکەوتنخوازیی هەبێت دژی کۆنەپەرستیی کوردیی نۆکەر و بەها سواوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و سیستمێکی دادپەروەرتری کۆمەڵایەتی بونیات بنرێت و کولتوور و زانست لە کۆمەڵگەدا دابین بکرێن، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان بگۆڕدرێت بۆ پارتێکی نموونەیی و پێشکەوتنخواز و دیموکراتی و ڕاستگۆ لەگەڵ ئەو دروشمانەی کە بەرزی کردبوونەوە، بەرژەوەندیی جەماوەری فراوان لە جوتیاران و کرێکاران و کاسبکاران و ڕۆشنبیران بەرجەستە بکات. بەڵام مەلا موستەفا، پارتیی کرد بە ئامرازێک بۆ ئاغاکان و هێزە کۆنەپەرستەکان و جاشەکان و خۆی لە ڕێڕەوی نیشتمانی دزییەوە.

مەلا موستەفا، هەمیشە بە گومان بوو، دەترسا لە ڕەوشی ئاشتی کە دوای بەیانی ١١ی ئازار باڵکێش بوو، ترسی هەبوو لە (باڵێک لە مەکتەبی سیاسیی پارتی) ئەم دۆخە بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆی و دەسەڵاتی ئەو بەسەر پارتەکەدا لەناو ببات، لەبەر ئەمە کاری کرد بۆ کۆتوبەندکردنی پارتەکە، توندتر لەوەی لە کاتی شەڕدا هەبوو، بە شێوازێکی وا کە بە ئاشکرا پێچەوانەی دەستووری پارتەکە بوو. سەبارەت بە ناوچەی بارزانیش، بیانووی دروست کرد بۆ لێدانی و لەناوبردنی بەها ڕوحییەکانی، بەتایبەت کە ڕێگەکەی بۆ تەخت بوو بە کۆچی دوایی سەرکردە ڕوحییەکەی (شێخی بارزان) لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا. هەروەها وای دەبینی کە دەتوانێت ئەوانەی لە خێزانی بارزان ماونەتەوە بکڕێت یان بە لای خۆیدا ڕایانبکێشێت لە ڕێگەی بەرتیل یان ڕێگای ترەوە. مەلا موستەفا دەیزانی کە بیروڕای بارزانیەکان و ڕەوشتە تایبەتەکەیان و دڵسۆزیی جەماوەری بارزان، پەیوەستن بە شێخی بارزان و بەرنامە ڕوحییەکەیەوە کە دژی زوڵمی ئاغاکان بوون، ویستی ئەم کەلەپووڕە بڕوخێنێت تا دڵسۆزیی خەڵکەکە بۆ خودی خۆی بگۆڕێت و پاشان ڕێگە خۆش بکات بۆ پڕۆسەی بەمیراتگرتن، کە لەسەر بنەمای سۆزداری بۆ مەسعوودی کوڕی داڕێژرابوو بە دەورەدرانی بە جاشەکان، وەک چۆن دەمانبینین.

مەلا موستەفا؛ پشتی بەو چینە بەست کە هەڵپەرستترین و کۆنەپەرستترین چینی ناو کۆمەڵگەی کوردی بوون، بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی. سەرەڕای دوژمنایەتیی مێژوویی ئەوان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و خیانەت و نیشتمانفرۆشییە ڕەهاکەیان و شەڕکردنیان دژی هێزە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان، لێرەدا مەترسیدارترین هەنگاوی دەبینین کە ئەویش بەکارهێنانی هەژموونی خۆیەتی بۆ خزمەتی پێداویستییەکانی بەمیراتگرتنی دەسەڵات بۆ مەسعوودی کوڕی، کە لە ڕووی سۆزدارییەوە زیاتر بە جاشەکانەوە بەستراببووەوە، ئەم دیاردەیەیش ڕەنگدانەوەی بنەمای فیکریی سەرکردەکەیەتی کە باوکێتی. ئەو، زۆر ڕقی لە کولتوور و زانست بوو، هەمیشە ئاغاکانی پێ باشتر بوون بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتییە سەربازییەکان، یان تەنانەت پێدانی پلەی بەرز بە نەخوێندەوارە گوێڕایەڵەکان لە سەرکردایەتیی پارتیدا، بۆ ئەوەی ڕێگری لە ڕۆڵی ڕۆشنبیران بکات تێیدا. گرنگی بە جۆری بوون (جەودە)ی بەشداربووانی ناو بزووتنەوەکە نەدەدا، بەڵکو گرنگیی بە ڕادەی گوێڕایەڵیی بۆ خودی خۆی دەدا. شەڕی کەسانی لێهاتووی

دەکرد و لە پۆستە هەستیارەکان دووری دەخستنەوە، لە ڕابوردوودا بە هەموو شێوەیەک ڕێگریی لە بارزانییەکان دەکرد بچنە ناو پارتەکەوە. بارزانییەکانی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ - ١٩٦٥ بەکارهێنا بۆ لێدانی نەیارەکانی ناو پارتەکە، تا ئەوکاتەی تەسلیمی ئیرادەی ئەو بوون یان تەرەی کردن و ڕاوینان، وەک چۆن لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا باسمان کرد. دوای ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوی پارتەکەی کرد و مەکتەبی سیاسیی بۆ خۆی دروست کرد، لە ساڵی ١٩٧٠وە دەستی کرد بە بەکارهێنانی هێزەکانی پارتەکە بۆ لێدانی بارزان، تا بێنە ژێر هەژموونییەوە. نە یەکەمیان و نە دووەمیان لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد نەبوون لای ئەو، بەڵکو هەموویانی لە سۆنگەی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و خێزانییەوە دەبینی، خاوەندارێتیی هێزی چەکدار و قۆرخکردنی پارە، یارمەتیدەری بوون لەمەدا. بەرتیلی لەسەر ئاستێکی فراوان بەکارهێنا و ئەمەیش بوو بە بەڵایەک بۆ کۆمەڵگەی کوردی و لەناوبردنی سیستمە ئەخلاقییەکەی و تێکدانی ڕەوشتی چەندین کەسایەتی.

با ببینین چۆن بڕیاری دا بە شێوازێک هێرش بکاتە سەر بارزان و لەناوی ببات، ئەم هۆکارانەی خوارەوەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەکارهێنا: پارە، ئیبتزاز و پڕوپاگەندەی چڕ لە ناوجەرگەی ستراتیژییەکەیدا بوو، کە خۆی بکات بە خاوەنی ئەو شتەی کە دەیەوێت بیڕووخێنێت، بۆیە بەناوی پاراستنی بارزانەوە، بارزانی ڕووخاند. هەروەها لەژێر دروشمی ڕزگارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم پارتەی ڕووخاند و کردی بە ئامرازێکی گوێڕایەڵ لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی و خێزانەکەیدا، پلانی لێدانی بارزان تەنانەت پێش ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار هەبوو، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سەختی شەڕ و لە زیندوومانی شێخی بارزان و زەحمەتی هێرشکردنی ئاشکرا بەهۆی دڵسۆزیی بارزانییەکان بۆ بیروباوەڕیەکەیان، پەنای بۆ شێوازی فێڵ و بەرتیل و دروستکردنی فیتنە و سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بە برد. بەڵام دوای بەیانی ئازار، پەردەی لەسەر دەموچاوی خۆی بەتەواوی لادا، با سەیری ڕاستییەکان بکەین:

دوای بەیاننامەی ئازاری١٩٧٠ و لەژێر دروشمی ئاشتەوایی نیشتمانی، ئەو تاقمەی دەوریان دابوو بەشێوەیەکی ئاشکراتر لە ڕابوردوو، دەستیانکرد بە تێکەڵکردنی کارتەکان و دروستکردنی شێواوییەکی فیکریی گەورە لە کۆمەڵگەدا، پڕۆژەکەی چڕکردەوە لە سڕینەوەی

ئەو هێڵە ڕوونانەی لە نێوان جاش و پێشمەرگەدا هەبوون. تێکۆشەری دێرین و ئەوەی تازە پەیوەندیی کردووە. خەباتگێڕی پاک و ماستاوچیی هەلپەرست. ئاغایەک کە ساڵانێکی زۆر یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی دابوو بەرامبەر ئاغایەکی جاش، کە شەڕی بزووتنەوەکەی کردبوو و ڕاستەوخۆ دوای بەیانی ١١ی ئازار گەڕابووەوە، دوای ئەوەی هەموو بژاردەکانی تری لەدەست دابوون، لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە! (پاک و پیس، جوان و ناشرین، ڕەش و سپی، تێکۆشەر و هەلپەرست.. هتد). ئامانجی ئەم هەنگاوە، گۆڕینی دیدگای خەڵک و ئەخلاقیان بوو، بۆ ئەوەی پێوەرێکی نوێ لە کۆمەڵگەدا دروست بێت، تا هەموو ئەو شتانە قبوڵ بکەن کە لەگەڵ بەهاکانی کەرامەت و خەبات و نیشتمانپەروەریدا ناگونجێن. واتا گۆڕینی گەل بۆ گەلێک، کە سووکایەتی و زەلیلی و زاڵبوونی بەهای پارە قبوڵ بکات، لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا ئەرکی گرنگی ماوە و پێویستییەکی زۆری بە بەها شۆڕشگێڕییەکان و ئەخلاقی قوربانیدان و لەخۆبردەیی ماوە. هەموو ئەمانە زەمینەسازی بوون بۆ هەنگاوێکی مەترسیدارتری داهاتوو، کە ئەویش باڵادەستکردنی هێز و هزرە کۆنەپەرستە کوردەکان بوو لە کۆمەڵگە و لە سەرکردایەتیی پارتی و لە بارزاندا، کە هەژموون و باڵادەستیی بۆ خاڵەکانی مەسعوود گێڕایەوە کە جاش بوون و لەلایەن خودی سەرکردەی بزووتنەوەی کوردەوە پشتگیری دەکران. ئەمەیش پێچەوانەی ئەوە بوو کە ڕاگەیاندرابوو، چونکە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئاشتەوایی نیشتمانی کە لێبوردنی جاشەکان و ڕێگەدان بە گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان و دەستپێکردنەوەی ژیانێکی ئاسایی وەک خەڵکانی تر، لەگەڵ ئەوەی مەلا موستەفا کردی کە تەواو پێچەوانە بوو، مەلا موستەفا نەک تەنها ڕێگەی پێدان بگەڕێنەوە، بەڵکو جاشەکانی وەک سەرکردە بەسەر گەلی کورددا سەپاند، لە هەمان کاتیشدا کاری بۆ ئەوە کرد سەرکردە ڕاستەقینەکانی پێشمەرگە سووکایەتی و زەلیلی ببینن لە بەردەم جاشەکاندا و ناچار بە چەمانەوەیان بکات لە بەردەمیاندا. لێرەدا ئێمە لە بەردەم وەرچەرخانێکداین لە بەردەم کەسایەتیی ئەودا، کە ناتوانین بە ئاسانی لێی تێپەڕین. ئەمە پڕۆسەی لەناوبردنی تەواوی ئەو دەستکەوتانە بوو، کە پاڵەوانانی بزووتنەوەی کورد بە قوربانییە گەورەکانیان لە ماوەی دە ساڵ تێکۆشاندا بەدەستیانهێنابوو و بەهۆی قارەمانێتیی ئەوانەوە بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەدایک بووبوو.

سیاسەتی مەلا موستەفا؛ خۆی دەبینییەوە لەوەی (چی دەخوازیت بیکە)، بەڵام دەبێت پڕوپاگەندە بەردەوام بێت لە وتنەوەی ژێیە ئەرێنییەکان و ئەمەیش لەناو کۆمەڵگەی کوردی کە نوقمی سادەیی بوو، سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا، ژمارەیەک لە پیاوماقوولانی خێزانی بارزان و دەرەوەی خێزانەکە، هەوڵیان دا مەترسیی ئەم خلیسکانەی وەبیر بهێننەوە و ڕێگریی لێ بکەن، بەڵام بەر دیوارێکی قایمی مێشکڕەق کەوتن، مەلا موستەفا ناوبانگی بۆ گرنگ نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی دەویست. چارەنووسی گەلی کورد، بوو بە بارمتەی میزاجی سۆزداریی سەرۆکی پارتەکە، ئەمە سەیر بوو بۆ کەسایەتییەک، کە گەلی کورد سەربڵند ڕایانگرتبوو بۆ بەرزترین پلە و تەمەنیشی نزیکەی حەفتا ساڵ دەبوو، کەچی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بەها و بنەماکانی بزووتنەوەکە هەڵگەڕایەوە کە خواستی لەمێژینەی گەلی کورد بوو و متمانەکەی بەو درابوو، ئەو هیچ گرنگییەکی بە ڕەنگدانەوەی کارەکانی لەسەر لایەنی حکومی نەدەدا کە چۆن هەڵە گەورەکانی ئەو دەقۆزنەوە، بە پێداگرییەوە کاری دەکرد بۆ دابەزاندنی ئاستی ئەخلاقی گەل، لە ڕێگەی چاندنی بەهاکانی هەلپەرستی و دووڕوویی و گوێڕایەڵیی ڕەها و تەممەڵی و پشتبەستن بە کەسانی تر و...هتد. ئەو ڕێگایانەی پەیڕەو دەکردن، کە هەستی کەمی و بچوکی و سووکایەتی و بێنرخکردنی لەلای خەڵك دەچاند. ئەم نموونە و شێوازە وێرانکەرە، ڕەفتاری سەرکردایەتیمان نیشان دەدات لەناو خەڵک و خواستی پلانگێڕی ئەوانی تردا. حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی، سەرکردە و بەرپرسی بەرەی ئاکرێ - شێخان بوو. بەڕاستی مرۆڤێکی دەستپاک بوو، ئەرکی نیشتمانیی خۆی، بێ بێزاربوون جێبەجێ دەکرد. بە نەرمی و گفتوگۆی هێمن لەگەڵ ئەوانەی جیاواز بوون، دەناسرایەوە. لە ساڵانی شەستەکاندا هەوڵی دەدا بچێتە ناو بەرەکانی جاش و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات بۆ قایلکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشتمان، بەرەکەی ئەو بەدرێژایی ساڵانی شەڕ لە ڕووی سەربازییەوە، لەژێر هەڕەشەی جاشەکاندا بوو، لەژێر فەرمانی ئاغاکانی زێباری و جاشەکانی تری بادینانداا، شەڕی زۆریان لەگەڵدا کرا و چەندین پێشمەرگە لە شەڕەکاندا شەهید بوون. حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی لە قۆناغی شەڕی پێش بەیانی ئازاردا، متمانەی تەواوی بە مەلا موستەفا هەبوو، بڕوای بە دڵسۆزیی ئەو هەبوو بۆ بەهاکانی شۆڕش و دژایەتیکردنی زوڵم و ستەم.



بەکر زیوکی و حەسوو میرخان. عەقرە ١٩٩٤

حەسۆ لەگەڵ سولەیمان میرخانی برایدا، ساڵی ١٩٤٧ هاوەڵیی مەلا موستەفایان کردبوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، حەسۆ لەوێ فێری زمانی ڕووسی ببوو، هەروەها لە سیاسەت و مێژوودا خوێندبووی، خۆی و حاجی میرخانی برای بەشداربیان لە زۆربەی ئەو شەڕانەدا کرد، کە لە بەرەکانی بادینان ڕوویاندابوو. سولەیمان میرخانی برای، کە هاوڕێی نزیکی من بوو لە یەکێک لەو شەڕانەدا شەهید بوو.

پلانی ئامادەکردنی جاشەکان بۆ گرتنەدەستی سەرکردایەتی، لە نێو بازنەیەکی داخراودا دادەڕێژرا (دوور لە چاو و گوێی تێکۆشەران). مەلا موستەفا، حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕیی بانگکرد بۆ ئەوەی بێتە بەردەمی، کە هات بە ڕووخسارێکی تاڵ و گرژەوە فەرمانێکی ئاراستە کرد: لە ئێستاوە تۆ لەژێر فەرمانی زوبێر مەحموود ئاغای خاڵی مەسعوودداییت، گوێڕایەڵیکردنی لەسەرت واجبە، ئەو لە ئێستاوە فەرماندەی گشتیی ناوچەی ئاکرێ و شێخانە! ئەم هەڵوێستگۆڕینە لەناکاوەی مەلا موستەفا، لە هەورەبرووسکە زیاتر بوو نەک تەنها بۆ حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕیی فەرماندەی بەرەی ئاکرێ و شێخان، بەڵکو بۆ هەر نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز لەناو بزووتنەوەی کوردیدا، حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی ماوەی دە ساڵ شەڕی ئەو جاشانەی کردبوو، کەچی ئێستا

بەرهەمی خەباتە تاڵەکەی لەلایەن ڕێبەری شۆڕشەوە، بەوە دەچنێتەوە کە لە بەردەم جاشێکی دێرینداکرنوش بەرێت. ئەمە شێوازی مەلا موستەفا بوو بۆ ئاراستەکردن و تێگەیاندنی خەڵک، تا پێیان بڵێت ڕەوشتی بەرزی نیشتمانی سوودی نییە و دەبێت لەگەڵ ڕەوشتی سەرۆکدا، خۆیان بگونجێنن و بە دەوری ئەودا بسووڕێنەوە، بۆ ئەوەی کاروباری ژیانیان پەکی نەکەوێت. بنەمای سیاسەتی مەلا موستەفا لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا، بریتی بوو لە دروستکردنی کەسانێکی پووچ و بێکەرامەت، ئەمەیش مەترسیدارترین قۆناغە کە (سەرکردەی نەتەوە) بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی خۆی و بۆ میرات جێهێشتنی دەسەڵات بۆ کوڕەکانی، پێی بگات. پێچەوانەی سیاسەت و هەنگاوی سەرکردە مێژوویی ڕاستەقینەکان کە لەناو کۆمەڵگاکەیاندا بەهای خەبات، ماندویی و ئاستەنگەکان، دڵسۆزیی دۆز، هاوکاری و قبوڵنەکردنی زەلیلی دەچێنن، حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی فەرمانی سەرۆکی حیزب و فەرماندەی باڵای هێزەکانی پێشمەرگەی ڕەتکردەوە و وتی: ئەم کارە کاریگەریی لەسەر ناوبانگی کەسیی خۆتان دەبێت لەناو کۆمەڵی کورەواریدا بەگشتی و بەتایبەتی لەناو پێشمەرگەدا، چونکە ئەوان وێنەیەکی تریان لەسەر بەڕێزتان هەیە. ئەمە کارێکە نە ئەو کەسانە قبوڵی دەکەن کە لە ساڵانی شۆڕشدا خەباتیان کردووە و قوربانییان داوە، نە ویژدان زیندووەکانیش قبوڵی دەکەن.

کۆبوونەوەکە گرژیی تێکەوت و دوو هەڵوێستی دژبەیەک هەبوون: هەڵوێستی ڕێبەری شۆڕش کە لە بەیاننامەی ١١ی ئازار سەرکەوتبوو و خۆی بە سەرپشک دەزانی لە ئەنجامدانی هەرچییەک بیەوێت و خۆی لە هەموو پابەندییەکی نیشتمانی بەدەر دەبینی، هەڵوێستی حەسۆ میرخان کە لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە پێشمەرگە بوو.

لێرەدا با تەماشای ئەم دوو ئاراستە دژبەیەکە بکەین، لە ڕاستیدا ئەمە گفتوگۆ نەبوو، بەڵکو سەپاندنی فەرمان بوو، بەراوردی لۆژیکی هەردوولا:

هەڵوێستی مەلا موستەفا (سەرۆکی حیزب و فەرماندەی باڵا)	هەڵوێستی حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی (فەرماندەی کەرتی ئاکرێ - شێخان)
بە ڕوخسارێکی تووڕەوە پێشوازیی لە حەسۆ کرد: من دەزانم چی بۆ هەمووان باشە و چی زیانە، دەبێت لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵم بیت، لە ئێستاوە تۆ لەژێر فەرمانی زوبێر مەحموود ئاغایت، ئەو فەرماندەی گشتیی ناوچەکەیە و هەموو ناوچەکە بۆ ئەوە.	حەسۆ وتی: ئەمە کاریگەریی لەسەر ناوبانگی ئێوە دەبێت، هەروەها لای گەلی کورد و پێشمەرگە، خەڵک بەشێوەیەکی تر سەیری ئێوە دەکات، تێکۆشەران و خاوەن ویژدانەکان ئەمە قبوڵ ناکەن.
سەرۆک تووڕەیە و هەڕەشەی سزا دەکات. (بە وتەی نەشیاو و سووکایەتی و هەڕەشە بە دەنگێکی بەرز، ڕوخساری سوورهەڵگەڕاوە و دەلەرزێ وەک ئەوەی بیەوێت پەلاماری بدات). نایەوێت گوێ لە حەسۆ بگرێت و قسەکانی پێ دەبڕێت، پێداگری دەکات کە دەبێت حەسۆ بە ڕەهایی گوێڕایەڵی خاڵی مەسعوود بێت. [١٠٧]	هەزاران کەس، قوربانییان بۆ ژیانێکی سەربەرزانە داوە و ئێمە بەڵێنی پاراستنی کەرامەتمان پێداون، ئەوەی ئێوە دەتانەوێت دژی ئامانجەکانی شۆڕشە، گەلی کورد خەباتی نەکردووە تاوەکو جارێکی تر جاشەکان حوکمی بکەن، دەستی ئەوان بە خوێنی گەل سوورە.
سەرۆک لە لووتکەی توڕەییدا: ئایا تۆ کوێریت؟ شێت بوویت؟ ئەقڵت لەدەستداوە؟ ئایا نازانیت ئـــەو	من دەزانم ئەو خاڵی مەسعوودە، بەڵام جاشێکی سەرسەختی دژی شۆڕش بووە. دەتوانن بە نهێنی ڕێزی لێبگرن و دیاریی پێ بدەن، بەڵام دامەزراندنی بە فەرمی

[١٠٧]،مەلا مستەفا شێوەیەك وەڵامی دایوە وەک کەسێک کە توشی شۆك بوە، چونکە (حەسۆ میرخان) ئەوڕاستیەی نەدەزانی کەوە ڕۆژی ڕوناك بوو، ئیدی چۆن لەبەردەمیدا کڕنوش نابات.

هەڵوێستی مەلا موستەفا (سەرۆکی حیزب و فەرماندەی باڵا)	هەڵوێستی حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی (فەرماندەی کەرتی ئاکرێ - شێخان)
خاڵی مەسعوودە؟ (وشەی نەشیاو و هەڕەشە). تۆ دەتەوێ ناوبانگی خاڵی مەسعود لە کەدار بکەیت..... من ئەمەت لێ قبوڵ ناکەم. هەڕەشەی لێدان و زیندانی کردنی لە حەسۆ میرخان کرد..... و جنێوی پێدا..... و سووکایەتی ..... و ئیهانە کرا.....	وەک فەرماندە، کارێکی باڵا مەترسیدارە و خەڵکی ناوچەکە قبوڵی ناکەن. " ئەزبەنی (وشەیەکی ڕێزگرتن). ئەم هەڵوێستە لەگەڵ خەبات و ناوبانگتدا ناگونجێت. خەڵک چاوەروانیتر جیاوازیان لە تۆ هەیە؛ کاتێک لەم هەڵوێستەی تۆ دەزانن زۆر بێهیوا دەبن." جەماوەری تێکۆشەر دەیەوێت بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی خۆی بچنێتەوە و قبوڵ ناکات ئەوەی بە خوێنی خۆی بەدەستی هێناوە ڕادەستی بەکرێگیراوان بکات کە تا دوێنێ لە هەموو بەرەکاندا هێرشیان دەکردە سەر گەل. جاش پێشینەی دەستدرێژی هەیە و دەستی بە خوێنی پێشمەرگە و گوندنشینە هەژارەکان سۆربۆنە. ئایا پێویست بە لەکەدارکردنی ناوبانگەکەی هەیە؟ نەخێر. حەسۆ میرخان گوێڕایەڵی ڕەت دەکاتەوە و چاوپێکەوتنەکە کۆتایی دێت. زوبەیر مەحمود ئاغا دەبێتە فەرماندەی عەقرە و شیخان و بە پارێزگاری ڕاستەوخۆ و بێ مەرجی مەلا مستەفا و مەسعود.

مەلا موستەفا بە شێوازێکی وا وەڵامی دایەوە، وەک ئەوەی سەری سوڕمابێت کە چۆن (حەسۆ میرخان) ئەم ڕاستییە وەک خۆر درەوشاوەیە، پشتگوێ دەخات و چۆن لە بەردەمیدا چۆک دانادات، مەلا موستەفا (بە تووڕەیی و هەڕەشە): زمانت بگرە و سنووری خۆت بزانە.

لە ڕاستیدا؛ مەلا موستەفا گۆڕانکاریی بەسەر ڕەوشتی کۆمەڵگای کوردیدا هێنا، بەرەو گەندەڵبوون و سەپاندنی ڕەوشتی خۆهەڵواسین و دووڕویی و خۆبەکەمزانین. ئەوەی بەرامبەر ئەم تیکۆشەرە کردی، وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ بەرەو گەندەڵی و سپڵەیی و سەرپێشۆڕکردنی تێکۆشەران، بەرامبەر بەکرێگیراوان. ئەوەی بەسەر حەسۆ میرخاندا هێنرا، سووکایەتییە بەرامبەر هەموو هاوڕێ تێکۆشەرەکانی کە پێکەوە لە یەکێتیی سۆڤیەت بوون لە ١٩٤٧ەوە، هەروەها هەموو تێکۆشەران کە چەکی شۆڕشیان هەڵگرتووە، بۆ بەرگری لە ئابڕووی گەلی کورد (پێشمەرگە) هەر لە ساڵی ١٩٦١ەوە. حاچکێ جەمی، لە ناودارترین کەسایەتییەکانی بارزان بوو، ئەو بەناوی باپیرییەوە (حاجی جەمی) ناونرابوو، باپیری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەکاتی بەرگریکردن لە خاکی بارزاندا دژی داگیرکەران، شەهید بووبوو. پێشتر لە پەرتووکی (بارزان و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)، ئاماژەمان پێداوە، بە ڕەوشتبەرزی و دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕەکەی ناسرا بوو، ڕێزێکی زۆری لە ناو بارزانییەکاندا هەبوو، پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزم لەگەڵ حاچکێ جەمی لە حاجی ئۆمەران دروستکرد، لێم نزیک بووەوە و داوای کرد بە تەنیا پیاسەیەک بکەین، زۆر تووڕە بوو لە مەلا موستەفا، قسەکانی تا ئیستا لە گوێمدا دەزرنگێنەوە. بێگومان ئەو لەو بۆچوونانەدا، قسەی دڵی بارزانییە دڵسۆزەکانی بۆ مەبدەئەکانیان دەکرد، ناوی مەلا موستەفای بە ئاشکرا نەدەهێنا.



حاجی جەمی و ژنە ڕووسییەکەی ڤالێنتینا

پێیگوتم: کوڕی مامەکەت؛ هەموو ئەو شتانەی لێ زەوتکردین کە شانازیمان پێوە دەکردن. خەباتی بێ وچانمان، قوربانییەکانمان و پرانسیپەکانمان، چی تر شکۆمان بۆ نەماوەتەوە. هەموو ئەو شتانەی لێ داماڵیین کە پێیان سەربەرز بووین، هەموو شتێکی داڕمان. کاتێک لێمپرسی ئایا دەکرێت کارێک بکرێت بۆ ڕاگرتنی؟ وەڵامی دامەوە: بەڕاستی کۆدەتایەکی ڕاستەقینەیان دژی ئێمە ئەنجام دا، ئەوان هەر کەسێک بەرهەڵستییان بکات، دەیکوژن. چی تر شێخی بارزان نەماوە، هەموو شتێک لە بەرژەوەندیی جاشەکان کۆتاییهات، جگە لە سووکایەتی، هیچی ترمان بۆ نەماوەتەوە. لە دیدارێکی تردا دوای ئەوەی بزووتنەوەی کوردی هەرەسی هێنا، ڕووداوێکی تری تاڵ باس دەکات، کە چۆن حەزی قۆرخکردنێکی زۆر لای مەلا موستەفا دەرکەوت کە لە بەهاکانی بارزاندا جێی نابێتەوە. حاچکێ بۆی گێڕامەوە: مەلا موستەفا بانگیکردم و ڕایسپاردم بچم بۆ کڕینی هەندێک زەوی، ئازارم چەشت و پێمگوت: ئایا لە ڕابوردوودا و لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی شۆڕشدا، کاتێک لە دەوروبەری ناوچەکانی سلێمانیدا لە جووڵەی بەردەوامدا بوین، بەسەرسوڕمانەوە بە ئێمەتان نەدەگوت لێرە هەموو شتێک موڵکی شێخە؟ ئەوە کێڵگەی شێخە، ئەمە باخی شێخە، ئەوەی تر ماڵی شێخە و ئەوەیش زەویی شێخە؟ ئایا پێتوانییە ئێمە بە هەمان ئاراستەدا دەڕۆین؟ قسەکەی منی بەدڵ نەبوو، بۆیە کەسانی تری هەڵبژارد بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکەی.

ئەم پیاوە ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆی و پرانسیپەکانیدا، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: بڕوام نەدەکرد مەلا موستەفا لە دەیەی کۆتایی ژیانی، تا ئەم ئاستە بگۆڕێت. ئەوەی لە ڕابوردوودا لە کەسایەتیی تێگەیشتبووین، خەباتگێڕی و دژایەتیی ستەمکاری و قبوڵنەکردنی سووکایەتی و پشتیوانیکردنی هەژاران بوو، بەڵام ئیتر بووەتە کەسێکی دژ بە کەسایەتییە کۆنەکەی خۆی و ناسینەوەی ئەستەم بووە. مەلا موستەفای ئیمڕۆ، مەلا موستەفای دوێنێ نەبوو. ناکۆکییەکە سەرسوڕهێنەر بوو. نە من و نە کەسانی تریش چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەو شێوەیەی بەسەردا بێت. تەنانەت وای لێهاتبوو نامەی تیکۆشەرە دێرینەکانی ڕەت دەکردەوە و بەم قسەیە وەڵامی دەدانەوە: (ئەگەر ئێوە متمانەتان بە کوڕەکانم نییە، کەواتە متمانەتان بە منیش نییە)!

ئەو گرووپەی دەوروبەری، توانییان گۆڕانکاریی سەرسوڕهێنەر لە کەسایەتیی ئەودا بکەن و گۆڕا بۆ کەسێک، کە بە تەواوی جیاواز بوو لەو کەسەی لە ڕابوردوودا دەماننناسی.[١٠٨]

کەسایەتییەکی تری بارزانی هەیە کە (حەسەن خاڵ هەمزە)یە، ئەویش پەنای بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بردبوو، بە دڵسۆزی و دەسپاکی و خەباتی بێوچان، دەناسرا. پێیگوتم: ساڵانێکی زۆر واماندەزانی ئەو (واتە مەلا موستەفا) لەسەر پرەنسیپەکان جێگیرە و نالەرزێت، لێرەدا هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ ئەو هەڵە بوو، ئەوەتا ئێستا باجی ئەو متمانە کوێرانەیە دەدەین، هەرچییەکمان لەم هەموو ساڵانەدا کردبوو، دۆڕاندمان. بەڵێ هەموو شتێکمان دۆڕاند، ئایین و دونیامان دۆڕاندن و هەرچی کردمان، بوو بە هەڵم و بە (با) چوو. نیشانەکانی خەم و نائومێدییەکی قووڵ، بە سیمای ئەم تێکۆشەرە دێرینەوە دیار بوون. بێ هیچ گومانێک، مەلا موستەفا بە کردەیی ڕووخابوو، پێش ئەوەی نەکسەی ساڵی ١٩٧٥ی بەسەردا بێت.

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها بەمەیش نەوەستا، بەڵکو کاتێک (زوبێر مەحموود ئاغا) و پیاوەکانی نارد بۆ گوندی (هەرنی)، بۆ کۆکردنەوەی باج لە جووتیاران، وەک ئەوەی لە سەردەمی کۆندا (واتە پێش ساڵی ١٩٥٨) کە کۆکردنەوەی باج بەو شێوەیە بوو، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی شۆڕشی کوردەوە، ژمارەیەک لە دانیشتووانی گوندەکە بەرەنگاریی ئەم هەنگاوە بوونەوە کە ئاماژە بوو بۆ گەڕانەوەی هەژموونی ئاغا جاشەکان بۆ ناوچەکە، مەلا موستەفا بۆیان لە کەمیندا بوو، پاسەوانەکانی ناردن و هەڕەشەی کوشتن و تووندترین ئەشکەنجەی لێکردن، ئەگەر لە بەرامبەر ویستی زوبێر مەحموود ئاغا بوەستنەوە، ئەوانیش ناچار بوون بەبێ ویستی خۆیان تەسلیم بن و تووشی نائومێدییەکی گەورە بوون. لێرەیشدا ئێمە لە بەردەم دیاردەیەکی نامۆداین و دەبینین سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو ڕۆحیەتی بەرگرییەی دژ بە زوڵم و چەوسانەوە؛ کە بەهێزترین پاڵنەر بوو بۆ هەڵگیرسان و بەردەوامیی بزووتنەوەی کورد،

[١٠٨]، دیدار لەگەڵ حاجی جەمکی ل ١٩٨٤/٧/١١ لە تاراوگەی ئێران .

ئەو تێکی دەشکێنێت و بەهاکانی کەرامەت و دادپەروەری لەناو دەبات و نەوەیەکی شەرمن و کڕنوشبەر بەجێدەهێڵێت. نەوەیەك لە بەردەم هەر کەسێکدا دەچەمێتەوە کە دەسەڵات یان پارەی هەبێت، ئەو سەرکەوتوو بوو لە سیاسەتی دروستکردنی ستانداردی نوێی بەکۆمەڵ، کە تا ئاستێکی زۆر بەرپرس بوون لە شکستە سەربازییەکانی ساڵی ١٩٧٥ و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەهاکانی جاشایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد کە کاتی خۆی لە جەماوەر دەپاڕایەوە؛ تا بەردەوام بن لە تێکۆشان و قوربانیدان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات، کەچی ئاواتەکانی خەڵکی لەگۆڕنا و ئەو دروشمانەی بەرزی کردبوونەوە پێچەوانە بوونەوە، ئەو سیستمە سیاسییەی کە بونیادنرا گوزارش بوو لە دەسەڵاتێکی تاکەکەسی، کە لە زۆربەی دۆخەکاندا نەدەچووە ژێر باری یاسا یان چاودێری یان لێپرسینەوە.

سەرۆک بەردەوام بوو لە کۆدەتاکەی بەسەر بەها شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازەکاندا، ئەو کەمینەیە لە زێبارییەکان کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردەوە کردبوو و لە بەرەکاندا خزمەتیان کردبوو، ئەوان دژ بە ستەمی ئاغا جاشەکان وەستابوونەوە، بەڵام مەلا موستەفا ناچاریکردن بگەڕێنەوە ژێر سایەی ئاغا و فەرمانی پێکردن کە گوێڕایەڵی زوبێر مەحموود ئاغا بن، ئەم پێشمەرگانە هەستیان بە گەورەیی تەڵەکە کرد، بەڵام هیچ ڕێگەی دەربازبوونیان نەبوو، چونکە سەرۆک بە هەموو شێوەیەک سوور بوو لەسەر بەردەوام بوون لەسەر شێوازی میراتگریی چینایەتی و دەرەبەگایەتیی پێشتر کە هەبوون، جا هەرچییەک دەربارەی ئەو بوترێت یان باجەکەی هەرچییەک بێت. یەکێک لەوانە گوتی: بڕیارەکان لە ماڵی مەحموود ئاغای زێبارییەوە دەردەچن، نەک لە بارەگای مەلا موستەفاوە. لەلایەکی ترەوە ئەو تیمەی کە لە بارەگاکەیدا لە دەوری خۆی کۆی کردبوونەوە، لە فێڵباز و دووڕووەکان و ئەوانەی شارەزای زمانلووسی و ماستاوکردن بوون و هەمیشە ئامادەییان تێدا بوو بۆ ئەنجامدانی کارە قێزەونەکان و بەستنی ماسکی ئابڕوومەندی و داوێنپاکی، بۆ خۆبردنە پێشەوەیشیان، دەستیانکرد بە پیاهەڵدان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی زارەکی لە بەرژەوەندیی مەلا موستەفا وەک: ئەو داهاتوویەکی دوور دەبینێت و ئێمە کوێرین و سبەینێ نابینین و هەرچییەکی دەیکات

بێ حیکمەت نییە، بەڵام کورتبینییەکانی ئێمە پێی ناگات، ئەو شوان و ئێمە ڕانەمەڕین، چەند بەختەوەرین کاتێک شوانەکەمان مەلا موستەفایە، یەکێک لە ڕەخنەگرانیش وتی: ئەو شوانێکە، لایەنگریی گورگەکان دەکات. سەیر لەوەدایە ئەو کەمینە تێکۆشەرەی زێبارییەکان، هەستان بە ئاشکراکردنی پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان زوبێر مەحموود ئاغا و حکومەتی عێراق، بەڵام مەلا موستەفا گوێی نەدەگرت و بە کەللـەڕەقییەوە ڕەتی دەکردەوە ئەو ڕاستیانە ببینێت، کە خراونەتە بەردەمی و بێزار دەبوو لە هەر وشەیەک کە لە بەرژەوەندیی زوبێر مەحموود ئاغا یان خودی مەحموود ئاغادا نەبووایە، ئیتر هەمووان دەمیان بەست و زانییان سەرۆک نایەوێت گوێی لە هیچ بێت، مەگەر ماستاو بۆ زێبارییەکان بکەیت. مەلا موستەفا، کەلتووری ماستاوکردن و دووڕوویی لە دەمارەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا چاندبوو، بەڵام زۆری نەبرد زوبێر مەحموود ئاغا هەوڵی تیرۆرکردنی ژمارەیەک لە پێشمەرگە دێرینەکانی دا و ئەوانیش بەڵگەی تەواویان پێشکەش بە مەلا موستەفا کرد، بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، لەمەوە بۆ زۆر کەس وابوو کە مەلا موستەفا چۆتە پاڵ ئەوان نەک پێچەوانەکەی، ئەو ڕقی لە ڕاستی دەبووەوە و لە ڕاوێژ دەترسا و ڕەتیدەکردەوە ڕاستیەکان ببینێت، کاتێک بۆنی سکانداڵی پەیوەندیی نێوان زوبێر مەحموود ئاغا و دەزگای هەواڵگریی عێراق بڵاوبووەوە و بوو بە باسی ناو خەڵکی، بەڵام بە چرپە خەڵک بۆ یەکیان باس دەکرد لە ترسی سەرۆکی پارتی، دواتر بۆ پەردەپۆشی ئابڕووچوونەکان و بەمەبەستی نیشاندانی جۆرێک لە سزادان و لێپرسینەوە، مەلا موستەفا پەنای بۆ فێڵکردن لە گەلەکەی برد، کارێکی ئەنجام دا کە لە ڕواڵەتدا سزادان بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەهێزکردنی هەژموونی جاشەکان بوو لە کوردستان. پیاوەکانی دەربار و دەوروبەری کە بەکرێگیرابوون، بە فێڵبازییەوە ڕسواییەکەیان گۆڕی بۆ پیاهەڵدان و گەورەکردنی سەرۆک، کە گوایە تەنانەت سزای خاڵی مەسعوودیش دەدات لەبەر کەرامەتی گەل و نیشتمان، بەڵام لە ڕاستیدا کارەکە بریتی بوو لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەسعوود، لە ڕێگەی فراوانکردنی دەسەڵاتی کوڕەکانی مەحموود ئاغای زێبارییەوە، کارەکە تەنها بریتی بوو لە گواستنەوە (نەک دەرکردن یان زیندانیکردن)ی زوبێر مەحموود ئاغا بۆ ناوچەی (قەڵادزێ)، لە کاتێکدا

برایەکی تری زوبێر لە ناوچەی ئاکرێ - شێخان بوو، واتا فراوانکردنی هەژموونی جاشەکان بۆ ئەوەی ناوچەکانی ئاکرێ - شێخان و پشدەریش بگرێتەوە، هەروەها (حەسۆ میرخان ژاژۆکی)یان ناچار کرد، کە گوێرایەڵی زوبێر مەحموود ئاغا بێت. جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین (سەرکێشیکردن بە بەها نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکان، ئەنجامدانی بەم ڕادە بێباکیە مەگەر لە دۆخی ڕووخانی ئیرادە و بەرگریی ناوخۆیی کۆمەڵگە و تێکدانی بەها نیشتمانییەکان و سەپاندنی کەلتووری بێدەنگی بۆ ڕێگری لە لەدەستدانی بژێویدا بێتە دی)، وەک دەبینین نە (مەکتەبی سیاسیی دەستەمۆی حیزب)، (نە تۆژە ڕۆشنبیرە لاوازەکە)، (نە هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە). هتد، نەیانتوانی ببنە ڕێگر لە بەردەم هەڵوێستە نانییشتمانییەکانی مەلا موستەفا. نیشتمانپەروەری، بوو بە قامچییەک کە سەرکردایەتییەکی دابڕاو لە ئاواتەکانی گەلەکەی بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی خۆی بەکاری دەهێنا، دوای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ماوەی شەستەکان و خوارتریشدا بەهۆی ستەمی دەسەڵاتی ناوەندەوە ڕووبەڕووی هەڵکێشانی قوولی ڕەگوڕیشەی هۆشیاریی شۆڕشگێڕی و نیشتمانی و مرۆیی بووەوە، کە بووە هۆی ئەوەی لەسەر ستەم و نادادی، خۆی ڕابهێنێت (ئەگەر ستەمکاری ناوخۆیش بێت)، هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ڕووخانی کۆمەڵگەی کوردی و ڕادەستبوونی وەک ئەوەی دواتر بەسەر هەموو کۆمەڵگەی عێراقدا هات، لەژێر سایەی حوکمی سەددام حوسێندا.

دەرئەنجامی ئەم کارانەی مەلا موستەفا، چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی لە ناوچەی ئاکرێ - شێخان تووشی ئیفلیجی کردن و لێپرسراوی پارتی (غازی مزووری) بەرەو ئاکرێ هەڵات و سکاڵاکان زیادیان کرد، بەهۆی حوکمی جاشەکان کە خزم و کەسی مەلا موستەفا بوون، بەڵام بەو پێیەی ئاگاداری هەڵوێستی مەلا موستەفا بوون لە پشتگیریکردنی جاشە خۆشەویستەکە (زوبێری مەحموود ئاغای زێباری)، سکاڵایان پێشکەش نەکرد، بەڵکو سووکایەتییەکەیان بە ناچاری قبوڵ کرد. لە ڕاستیدا کاتێک خاڵی مەسعوود (زوبێر) جاشی حکومەتی عێراق بوو، دەبوو هەندێک سنوور بپارێزێت و زێدەڕۆیی لە دەستدرێژییەکانیدا نەکات، بەڵام کاتێک مەلا موستەفا دوای بەیاننامەی

ئازار کردی به فەرمانده و نزیکەی (٣٥٠ تفەنگی جۆری برنۆ)ی پێ دا،[١٠٩] ئیدی دەسەڵاتەکانی زیادی کرد و توانای دارایی ڕاستەوخۆ و بەبێ لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی کوردییەوە دەدرایە دەستی، لەگەڵ ئەمانەیشدا مەلا موستەفا دەیپاراستن و دژایەتیی ئەو کەسانەیشی دەکرد کە نەدەچوونە ژێر باری سووکایەتی و کڕنوشبردن بۆیان. کارەکە گەیشتە سەیرترین ئاست، کاتێک خودی سەددام حوسێن بۆ سەرۆکی بزووتنەوەی کوردی نووسی و لە چوارچێوەی ئەو پێشێلکارییانەی بەیاننامەی ئازار کە لایەنی حکومی دەیبینی، لە خاڵی (١٦)دا دەڵێت: دەبێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەو زانیارییانەی لای ئێمە بەردەستن و لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە هاتوون، ئەوە دەردەخەن کە زوبێر زێباری خراپەکاریی گەورەی دەرهەق بە ناوبانگی ئێوە و ناوبانگی دەوڵەت کردووە، بەهۆی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی بۆ سەر هاوڵاتییان لە پارێزگای نەینەوا، هیوادارین سنوورێکی بۆ دابنێن.[١١٠]

بە ئەگەری زۆرەوە، سەددام حوسێن ئاگاداری پاڵنەرە ئاشکراکانی مەلا موستەفا بووە لە ئازادکردنی دەستی خاڵی مەسعوود، بۆ ئەوەی لە سەرووی یاساوە بێت و ڕەنگە تێبینییەکەیشی بێ ئاماژەی شاراوە نەبێت، کە پێی بڵێت من پاڵنەرە ڕاستەقینەکانت دەزانم، مەلا موستەفا گوێی بە دۆست و دوژمن نەدا لە بەهێزکردنی هەژموونی دەرەبەگایەتیی جاشایەتیی کوردیدا، چونکە سۆز پێویستی بە پاساوەکانی عەقڵ یان بەها نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکان نییە، سۆز لە بارودۆخێکی وەک ئەوەی بزووتنەوەی کورد تێیدا تێپەڕی، دەبێتە ئامرازێکی وێرانکەر بۆ هەموو کاروانەکە. لە بەدبەختیی بزووتنەوەی کورد بوو کە ئەم کەسە لە لووتکەی هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و داراییدا بوو. لەو نامەیەی ئاماژەی پێدرا، سەددام حوسێن خۆی لە سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە پێشکەوتنخوازتر دەرخست. یەکێک لەو پارادۆکسە (دژبەرییە) گرنگانەی کە جێگەی تێڕامانە، ئەوەیە کە سەرکردایەتییەک بانگەشەی

---

[١٠٩]، شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشو، ل٣٠٩

[١١٠]، نامەیەکە سەدام حسێن ناردویەتی بۆ مەلا موستەفا لە بەروار ١٩٧٠/٨/١. نامەکە بە (ايها الاخ العزيز أبا ادريس) دەست پێدەکات.

خەباتی ڕزگاریخوازی بکات بۆ ڕزگارکردنی گەلێک لە چەوسانەوەی نەتەوەیی. بناغەی سەرەکیی ئەم خەباتەیش چینی جووتیاران بن، کەچی سەرکردایەتییەکەی بە ڕادەیەک دژی چاکسازیی کشتوکاڵی بێت، جێی پرسیاری گەورەیە. خودی سەددام حوسێن (داگیرکەری مافە نەتەوەییەکانی کورد) لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی (پدك) ئاگاداری بکاتەوە و پێی بڵێت: برای بەڕێز! هێڵی خەباتی نەتەوەیی کورد لە هێڵی خەباتی نەتەوەیی عەرەب باشتر نەبووە و ڕیزەکانی لە توخمی تێکدەر و تابووری پێنج بەدەر نەبوون، وەک چۆن لە ڕیزەکانی خەباتی نەتەوەیی عەرەبیشدا هەبوون. ئەمەیش وا دەخوازێت دووبارە چاو بە هەڵسەنگاندنی ئەو توخمانەدا بگێڕنەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەرکەکانی قۆناغی ئێستادا کە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار هاتووە و بە تەواوی جیاوازە لە قۆناغی پێش خۆی. بە سوودوەرگرتن لە خەباتی گەلی عەرەبی براتان، بە خۆبەدوورگرتن لەو شکستە تاڵانەی کە لە نێوان ساڵانی ٥٨ بۆ ١٩٦٨ تووشی بووین، ئەو دەرەبەگەی کە لە ڕیزەکانی ئێوە یان لە ڕیزەکانی ئێمەدا پێش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار جەنگاوە و پاڵنەرەکەی هەرچییەک بووبێت. یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەوە بووە کە ئەو زەوییەی هەیەتی لە دەستی نەدات وەک ئەوەی بڕیاری لێدراوە لە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی ئەم دواییەدا. ئەوەیش وامان لێ دەکات بەبێ دوودڵی لە ڕیزەکانمان دووریان بخەینەوە، یان لانی کەم چاو بە ڕێکخستنی پێگەکانیدا بخشێنینەوە، بەجۆرێک کە کار نەکاتە سەر ئامانج و کاروانی ئێستامان. ئەو جۆرە کەسە دەستکەلا بەشدارە، کە هێشتا بەهۆی بارودۆخی خەباتی نەتەوەیی یان هەر هۆکارێکی ترەوە کاتی ئەوە نەهاتووە دەربکرێت و ڕاوبنرێت و بزووتنەوەکەی لێ پاک بکرێتەوە. لێرەوە دەبێت کاربکرێت بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیەی ئێوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و بنەماکانی حیزبی پێشڕەو لە دەسەڵاتدا واتا حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست بگونجێت. هیوادارم ئەم قسانەم وەک دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی بزووتنەوەکەتان تێنەگەن.

بەڵکو تەنها ویستم لە ڕوانگەی پەرۆشی و برایەتی و بەرپرسیارێتیی هاوبەشەوە، ئاگادارتان بکەمەوە[١١١].

مەسعوود بەو ئاراستە ئاشکرایەی باوکی دڵخۆش بوو، چونکە خەونەکەی بۆ لەناوبردنی ئەوانەی حەزیان بە مەسعوود نەدەکرد، دەهێنایە دی. لە کاتێکدا خۆی لە پشت باوکییەوە شاردبووەوە، کاتێک حکومەتی ئوردن زەمالەی خوێندنی بەخشییە خوێندکارانی کورد. مەلا موستەفا، کوڕی مەحموود ئاغای زێباریی هەڵبژارد لەبری کوڕی شەهیدێک، ئیدریس لەم کارە بێزار بوو، لای کەسە جێگا متمانەکانی، نیگەرانیی خۆی دەربڕی بەرامبەر هەڵوێستی ڕاشکاوانەی باوکی کە لەگەڵ بەرژەوەندیی جاشەکاندا دەهاتەوە و وتی: ئەم ئاراستەیە هەموومان بەرەو کارەسات دەبات. بەڵام نەیدەوێرا بە ئاشکرا دژایەتی بکات، چونکە دەیزانی باوکی چەند سوورە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی و پاشگەز نابێتەوە لێیان.

پلانە نهێنییەکە پێویستی بەوە بوو کە پێکهاتەی خێزانیی بەتەواوی هەڵبوەشێنرێتەوە، لێرەدا ململانێی نێوان کوڕەکان سەرهەڵدەدات، کە لە ڕاستیدا لەسەر دەسەڵات و سامان و میرات بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا پەردەی سیاسەت و نیشتمانپەروەری و خیانەتی بەسەردا درا. ململانێی نێوان باوک و کوڕە گەورەکەی (عوبەیدوڵڵا) بە ئاشکرا تەقییەوە، باوک کوڕەکەی بانگکرد و تۆمەتباری کرد بەوەی هەوڵی کۆدەتا دەدات دژی (مەلا موستەفا) و پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا هەیە، لە نێوانیاندا دەمەقاڵێ دروست بوو، کاتێک عوبەیدوڵڵا دەستی برد بۆ پشتێنەکەی تا چەرخەکەی دەربهێنێت و جگەرەکەی دابگیرسێنێت، باوکی ترسا و وایزانی دەمانچە دەردەهێنێت، بۆیە هاواری بۆ پاسەوانەکان کرد تا عوبەیدوڵڵا دەستگیر بکەن، عوبەیدوڵڵا پێیگوت: چ سوودێکی هەیە پەیوەندیی نێوان باوک و کوڕ بگاتە ئەم ئاستە لە بێمتمانەیی؟ من دەمانچەم پێ نییە، تەنها دەمویست بەم چەرخە جگەرەکەم دابگیرسێنم.[١١٢]

---

[١١١]، نامەیەکە سەدام حسێن ناردویەتی بۆ مەلا موستەفا لە بەروار ١٩٧٠/٨/١. نامەکە بە (ایها الاخ العزیز أبا ادریس) دەست پێدەکات.

[١١٢]، ئەم قسەیەم لە نەوەکانی مەلا موستەفا بسیستوە و تائێستاش لە ژیاندان.



له لای ڕاستەوە عوبەیدوڵا، له ناوەڕاستدا مەلا مستەفا، پاشان لوقمان له لای چەپەوە

دابڕان له نێوان باوک و کوڕدا ڕووی دا و باوک فەرمانی بەندکردنی عوبەیدوڵڵای دا، له ڕاستیدا عوبەیدوڵڵا گەورەترین مەترسی بوو بۆ سەر پڕۆسەی میراتگری، چونکه له باوکی ڕۆشنبیرتر بوو و له ژیانی سەردەمیانه نزیکتر بوو، خاوەنی هەمان زیرەکی و فێڵبازیی باوکی بوو، لەبەرئەوە ڕزگاربوون لێی کارێکی زۆر گرنگ بوو بە لای باوکییەوە. بە هاوکاریی هەندێک له پاسەوانەکان، عوبەیدوڵڵا ڕۆیشت و پەنای بۆ (عوسمان) برد له بارزان، بەڵام مەلا موستەفا سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕادەست بکرێتەوە، ئەگەرنا بە هێزەوە هێرش دەکاتە سەر بارزان. لێرەدا عوبەیدوڵڵا، بارزانی بەجێهێشت و پەنای بۆ حکومەتی عێراق برد، لێرەدا دەبینین باوک ڕێگەچارەیەکی نابەرپرسانە هەڵدەبژێرێت و دەرفەتی زێڕین بۆ سەددام حوسێن دەڕەخسێنێت، تا ململانێ خێزانییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا درێغیی نەکرد لەوەی حکومەتی عێراق تۆمەتبار بکات بەوەی دووبەرەکیی خستۆته نێوان کوڕەکانی. کاتێک له سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧١دا چاوی به وەزیری دەرەوەی عێراق و ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمیی حیزبی بەعس (مورتەزا حەدیسی) کەوت، بەتوندی گلەیی لێکردن لەسەر هەڵوێستیان بەرامبەر عوبەیدوڵڵا[١١٣] و پێیگوتن که ئەوان سیاسەتی پارچەپارچەکردنی خێزانەکەی پەیڕەو دەکەن، له ڕاستیدا ئەو بەغدای تۆمەتبار دەکرد

[١١٣] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢.

بەو سیاسەتەی کە خۆی دەرهەق بە بنەماڵەکەیان و بەتایبەت دەرهەق بە کوڕەکانی شێخی بارزان، پەیڕەوی دەکرد.

لێپرسراوە کوردەکان بە دووڕوییەوە بە مەلا موستەفایاندا هەڵدەدا و گەورەیان دەکرد و خستیانە سەرووی هەموو ڕەخنەیەکەوە، بەجۆرێک کە خۆی ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی کە گوایە هەڵە ناکات، ئەویان بە بەرپرس نەدەزانی لە هەموو ئەو هەڵانەی ڕوویان دەدا و هەموو دەستکەوتەکانیش دەگەڕێنرانەوە بۆ زانایی و بلیمەتیی ئەو، ئەم ڕەوشە تەنانەت لە ڕەفتارە خێزانییەکان و پەیوەندیی لەگەڵ کوڕەکانی خۆیشیدا ڕەنگی دابووەوە، لە مێشکی ئەو و ئەوانی تریشدا ئەوە دروست بوو هەرچی ڕوودەدات، هەڵە و تاوانی سەرکردە نییە. کاتێک یەکڕیزیی کوڕ و کەسە نزیکەکانی بەهۆی لایەنگریی ڕەهای بۆ سۆز و حەزەکانی خۆی تێک دا، وتیان هەڵەکە لەو نەبوو. بەڵکو لە کەسانی ترەوە بوو؛ لە بەعسییەکان یان لە سەرەڕۆیی کوڕ و کەسە نزیکەکانیەوە بوو، ئەو هەرگیز هەڵە ناکات. تەنانەت کارەساتی ١٩٧٥یش کە بەسەر گەلی کورددا هات. هەڵەکە ئەوە بوو کە ئەمریکا خیانەتی کرد، ئیسرائیل خیانەتی کرد، شای ئێران خیانەتی لە بزووتنەوەی کورد کرد، سەرکردایەتیی کورد هەڵە ناکات.

سەددام حوسێن، هیچ یەکێک لە کەسەکانی خۆی دەرنەکرد تا پەنا بۆ مەلا موستەفا بەرن، بەڵام هەموو ئەوانەی مەلا موستەفا دەریکردن سەددام حوسێن لەخۆی گرتن، مەلا موستەفا دەریدەکردن و سەددام پێشوازیی لێدەکردن و دواتر دەیکوشتن، هەریەکێکیان ئەرکی ئەوی تری تەواو دەکرد بۆ لەناوبردنی بارزان و بەها و سیستمە ڕووحییەکەی و پاکتاوی جەستەیی دانیشتووانەکەی، تا ئاستی جینۆساید. بەڵام ئەو بارزانییانەی کە مەلا موستەفا دەرینەکردن، پێی باش بوو دەستگیریان بکات و خۆی فەرمانی کوشتنیان دەربکات، چونکە دەربازبوونی ئەوان لەژێر دەستی خۆی، بە مەترسیی گەورەی بۆ سەر پڕۆسەی میراتگری دەزانی، بۆیە دەرفەتی بە سەددام حوسێن نەدا بیانکوژێت، مەبەستمان لەوانە لەناوبردنی بنەماڵەی (محەمەد ئاغای مێرگەسۆری)یە، لە نێوشیاندا (فاخیر مێرگەسۆری)ی پاڵەوان هەبوو.

دوژمنایەتیی ئەم دوو کەسە (مەلا موستەفا و سەددام) بۆ بارزانیەکان، وایکرد هەڵوێستێکی یەکگرتوو و وەک یەکیان هەبێت بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، هەریەکەیان بە شێوازێک و بەمەبەستێک، گومانی تێدا نییە کە هەڵوێستی دوژمنکارانەی مەلا موستەفا بەرامبەر بارزان، لە بەرژەوەندیی حکومەتی عێراق و جاشەکاندا بوو، کە مژدەی کۆتاییهاتنی یەکڕیزی بارزانییان پێ دەدرا و ئەمەیش لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد نەبوو، هەرچەندە ئەو خۆی بە (بارزانی)ی ناو دەبرد و نامەکانی بەو ناوەوە واژۆ دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا چی تر پابەند نەبوو بە بەهاکانی بارزانەوە و بە توندی دژایەتیی دەکردن. ئەم سەرکردەیەی کە گەلی کورد بەرزی کردبووەوە بۆ پلەی سیمبول، کاتێک تەمەنی لە حەفتا ساڵ تێپەڕیبوو، ئەو سەرمایەیەی کە کۆی کردبووەوە لە هێز یان حیکمەت یان ڕۆشنبیری یان ڕووحی، پەرۆشیی بۆ دەستکەوتە نیشتمانییەکان یان تەنانەت ناوبانگی کەسی یان نواندنی کەمترین ئاستی ڕێز بۆ هاوڕێیانی خەبات و قوربانییەکانیان، هەمووی کۆتایی هاتبوو. بەجۆرێک کە چی تر بەشی ئەوەی نەدەکرد تەنانەت یەکڕیزیی کوڕەکانی بپارێزێت، ڕسواییە خێزانییەکان و قۆرخکردنی بودجەی شۆڕش لەلایەن کوڕەکانییەوە، شکۆی کەسیی ئەویان ڕوخاندبوو. دیاردەی دزین و گەندەڵیی دارایی، بوون بە شتێک کە کەس لەسەری سزا نەدەدرا، ئەو بەردەام ڕەوشی سیاسیی بە هەڵە لێکدەدایەوە و هەستیاری و بێباکیی بەرامبەر هەستی گشتی و ئەو مەترسییە گەورە جدییانەی گەلی کوردیان گەمارۆدابوو، دابەزیبوون، تووڕەییەکانی زیاتر ببوون. هەروەها سەرسامبوونی بە کەسایەتیی خۆی، وای لێکرد لە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵگەکەی دایببڕێت و تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتیی زیاتر ڕەنگ بداتەوە.

دوای هەڵاتنی کوڕەکەی (عوبەیدوڵڵا)، مەلا موستەفا بە ئاشکرا هەوڵی دا بارزان بشێوێنێت، وەک وتمان پێشتر لایەنی (محەممەد خالید)ی مسۆگەر کردبوو لە پرۆسەی جێگرتنەوەی مەسعوود، کاتێک کچەکەی خواست بۆ مەسعوود (هاوپەیمانییەکی کاتی)، چونکە دوای ئەوەی مەبەستی خۆیان پێکا، مەسعوود لە ساڵی ١٩٩٣دا لە خەزوری هەڵگەڕایەوە و هەڕەشەی کوشتنی لێکرد، ئەگەر لەماڵەکەی بێتەدەر. دوای ساڵی ١٩٧٠

عوسمان بارزانی، به ئاشکرا ڕەخنەی لە هەڵوێستی مەلا موستەفا گرت، چونکە لایەنی جاشەکانی دەگرت، ئەو توشی شۆك ببوو لەم گۆڕانە گەورەیەی لە کەسایەتیی مەلا موستەفادا ڕوویدابوو، لێرەدا مەلا موستەفا سەرنجی خستە سەر دوژمنایەتی و تێکدانی عوسمان و سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بەی لە نێوان کوڕەکانی شێخی بارزان پەیڕەو کرد، پاساوی دروست دەکرد بۆ لەناوبردنی برازاکەی (عوسمان)، چونکە هیچ بەڵگەیەک و پاساوێکی دژی نەبوو، پەنای بۆ تۆمەت دروستکردن برد و فەرمانی کرد نامەیەک بەناوی (حوسێن ئاغای خدر ئاغای سوورچی)[١١٤] بنووسرێت، کە یەکێک بوو لە سەرۆک جاشە ناسراوەکان و کەسێک لە (دەزگای پاراستن) نامەکە دەبات بۆ عوسمان و داوای وەڵامی لێ دەکات. پاشان لە هەمان ڕۆژدا دەگەڕێتەوە و هاوشێوەی نامەکە دەداتە دەست مەلا موستەفا. عوسمان نەیدەزانی ئەوە بەشێکە لە پیلانگێڕیی مامی و (مەلا موستەفا) تەڵەی بۆ ناوەتەوە، وایزانی مەلا موستەفا ئاگای لەم شتانە نییە، بۆیە عوسمان وەڵامی نامەکەی نووسییەوە و سوپاسی کرد و تێیدا نووسی؛ کە لە بارودۆخی ئێستادا، پێویستی بە هیچ نییە. مەلا موستەفا وەڵامی نامەکەی قۆستەوە و بە محەممەد خالیدی وت؛ کە عوسمان پەیوەندیی لەگەڵ جاشەکان هەیە و دەست نادات ببێتە نوێنەری بارزان.

مەلا موستەفا، (محەممەد خالید)ی وەک ئامرازێکی پەرتکردن بەکارهێنا و وای تێگەیاند کە ئەو شایستەی سەرۆکایەتیی بارزانە و بۆ خەڵکییش وای نیشان دەدا کە ململانێکە لە نێوان دوو برادایە و پەیوەندیی بەوەوە نییە، بەمەیش مەبەستە ڕاستەقینەکانی خۆی شاردەوە، مەلا موستەفا بە محەممەد خالیدی وت: ئێمە وای دەبینین لە بەرژەوەندیی گشتیدایە تۆ ببیتە سەرۆکی ناوچەی بارزان، چونکە تۆ برای گەورەی خێزانەکەیت و ئێمەیش هەموو خزمەتگوزاری و پشتگیرییەکتان پێشکەش دەکەین. مەبەست لەم پێشنیازە، ڕووخاندنی ئەو شێوازە کارگێڕیە بوو کە شێخی بارزان دایڕشتبوو، بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ سەقامگیری و تەبایی ناوخۆیی (سەرەڕای

[١١٤] سەرچاوە: محمد خالد شیخ احمد.

ناخۆشییەکان) دابین کردبوو. مەلا موستەفا باوەڕی بەو پێشنیارە نەبوو کە دەریبڕی، بەڵکو تەنها بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە ناو خێزانەکەدا بەکاریهێنا، خۆی لە هەڵبژاردنی میراتگرەکەیدا بەم لۆژیکە کاری نەکرد، ڕێگەی لە (ئیدریس) گرت کە ژیرتر و زیرەکتر و گەورەتر بوو، تا مەسعوود وەک میراتگر بەسەر هەموواندا بسەپێنێت تەنها لە ڕوانگەی سۆزێکی ڕەهاوە، ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی عوسمان تووڕە بکات کە سیاسی نەبوو و درکی بەو پیلانگێڕییە نەدەکرد کە لێی دەکرێت. عوسمان سەرسام بوو بەوەی مەلا موستەفا ئەو ساڵانەی لە کاتی مەترسییەکان لە بەرەکانی جەنگدا بەشدار بوو، لەبەرئەوە دەیویست کردەوەکانی لەبیر بکات، بەڵام مەلا موستەفا گەمارۆی عوسمانی دا و هێزێکی گەورەی پارتیی لەدژی کۆکردەوە و بەو هێزانەوە چووە ناو بارزان، عوسمانی لەگەڵ ژمارەیەک لە پیاوەکانی دەرکرد و ئەویش دواجار پەنای بۆ سەددام حوسێن برد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤، ئەوانیش لە ساڵی ١٩٨٣دا لەگەڵ دوو کوڕیدا بە دەستی سەددام حوسێن کوژران.

دکتۆر مەحموود عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێت: بارزانی، خۆی و کوڕەکانی لە هیچ ڕۆژێکدا نەچوونە هیچ بەرەیەکی جەنگ و پلانیان بۆ هیچ هێرشێکی ڕێکخراو یان وەشاندنی گورزێکی یەکلاکەرەوە یان شەڕی پارتیزانی دانەناوە، بارزانی تەنها یەک جار چوو بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەویش بۆ بارزان بوو بۆ دەرکردنی شێخ عوسمان بارزانی و هاوەڵەکانی[١١٥]، بێگومان سەددام حوسێن زۆر ئاسوودە بوو بەم ڕەفتارانەی مەلا موستەفا، کە خزمەتی ڕژێمەکەی دەکرد و ڕەنگە لە دڵیشەوە سوپاسی کردبێت.

نووسەرانی کتێبی (داهاتووی عێراق - The Future of Iraq) لە نووسینی لیام ئەندەرسۆن و گارێس ستانفیلد، لەسەر شکستی دیپلۆماسیی سەرکردایەتیی کورد دەڵێن: دوای ئەوەی لە ڕواڵەتدا وا دەرکەوت کە کوردەکان مافی خۆبەڕێوەبەرییان لە کوردستاندا مسۆگەر کردووە و بە هەوڵێکی زۆر بەدەستیان هێناوە، لەپڕ لەدەستیان دا.

[١١٥] محمود عثمان، سەرچاوەی پێشو،ل٣٦.

سەددام حوسێن زۆر بە ئاسانی لە کایەی سیاسیدا بەسەریاندا سەرکەوت و مەلا موستەفای (نەمر)ی ناچار کرد پاشەکشەیەکی پێشوەختە بکات.[١١٦]

لێرەدا، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاژاوە دەخاتە نێوان هەردوو برا (محەمەد خالید و عوسمان) بۆ خزمەتکردنی پڕۆژە خێزانییەکەی، کە لە لای ئەو لە پێشینەی کارەکانیدا بوو. ئەمەیش هەمان ئەو شتە بوو کە بەغدا و خۆفرۆشە کوردەکان (جاشەکان) هیوایان بۆ دەخواست، بەمەیش ئەو هاوکێشە بەڕێوەبردنەی تێک دا، کە شێخی بارزان بە دانایی خۆی دیاریکردبوو، چونکە کاروباری پەیوەندیدار بە حکومەتی عێراق لەلایەن محەمەد خالیدەوە بەڕێوەدەبرا و کاروباری ناوخۆیش لەلایەن عوسمانەوە. لە ڕاستیدا ئەم هاوکێشەیە سەرکەوتوو بوو و ڕێگریی لە پێکدادانی نێوان هەردوو براکە دەکرد، بەڵام مەلا موستەفا باش دەیزانی کە عوسمان دژی هاوپەیمانێتییەکەیەتی لەگەڵ جاشەکاندا، بۆیە عوسمان بە ئاشکرا ڕەخنەی لە ڕەفتارەکانی مەلا موستەفا دەگرت، کە پێچەوانەی بەهاکانی شۆڕش و بەهاکانی بارزان بوون.

مەلا موستەفا، پەیوەندیی بە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانییەوە کرد و پارەی بەسەردا دابەش کردن (بەرتیلێکی ئاشکرا)، بۆ ئەوەی هانیان بدات دژی عوسمان بوەستنەوە، بابەتەکەی لەسەر بنەمای پەیوەندییە خزمایەتییەکان پیشان دەدا و دەیگوت: برای گەورە مافی سەرکردایەتیی بارزانی هەیە (مەبەستی محەمەد خالید بوو کە قایل ببوو بە پلانە نانیشتمانییەکانی مەلا موستەفا) و برای بچووکیش دەبێت گوێڕایەڵی برای گەورە بێت، واتا دەیویست عوسمان لە هەموو دەسەڵاتەکانی دابماڵێت بۆ ئەوەی بەربەستی بارزانی لە بەردەم پڕۆسەی میراتگریدا لابدات، هێزی بەرتیلەکە گەیشتە ئاستێک کە پاسەوانە تایبەتەکەی عوسمان بەناوی (ئەحمەد وەسەمان)، خودی عوسمانی جێهێشت و مەلا موستەفایش وەک پاسەوان لای خۆی دایمەزراند. عوسمان

[116] The Future of Iraq. Liam Anderson & Gareth Stansfield. Palgrave Macmillan. 2004. Page:168.

زۆر نیگەران بوو لە هێرش و هەڕەشەکانی مەلا موستەفا بۆ سەر بارزان بە هێزی پارتییەوە، بۆیە پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقەوە کرد بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزێت، لێرەدا بێدەسەڵاتیی عوسمان و پیلانی مەلا موستەفا دەبینین لەبارەی تەڵەنانەوە بۆ نەیارەکانی، کە سەرەتا تۆمەتباری کرد بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی بەعس و تاوانی خیانەتکاری[117]، دواتر بۆ قووڵکردنەوە و فراوانکردنی ئاژاوە و دووبەرەکی، عەبدولموهەیمنی بانگ کرد کە خوشکەزای عوسمان بوو، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی هێزێک بکات دژی خاڵی خۆی (عوسمان)، واتە داگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی لەناو یەک بنەماڵەدا. ئەمە پێویست نەبوو، هەروەها لە بەرژەوەندیی پارتی و گەلی کوردیشدا نەبوو کە فیتنە بنرێتەوە، لە کاتێکدا بەرژەوەندیی نیشتمانی پێویستی بە یەکڕیزیی کورد هەبوو بۆ ناچارکردنی بەغدا، بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئازار، ئەگەر مەلا موستەفا سەقامگیری کوردستانی بویستایە، دەیتوانی زۆر بە ئاسانی و بێ ماندووبوون لە هەموو ئەو کارانە دووربکەوێتەوە، بەڵام قەیران و دوژمنایەتیی دروست دەکرد، بۆ گەیشتن بە ئامانجە شاراوەکانی کە پەیوەست بوون بە پڕۆسەی میراتگری و حەزی دەسەڵاتەوە، ئەو بە حەز و سۆزەوە کاری دەکرد، کاتێک بەرژەوەندیی نیشتمانی لەگەڵ سۆزەکانی دەریەک نەدەهات، ئەوا هیچ بایەخێکی بۆ بنەما نیشتمانییەکان نەدەهێشتەوە.

هێرشەکەی مەلا موستەفا بۆ سەر عوسمان؛ بە دەستەواژەی دوور لە ڕاستی پاساوی دەهێنایەوە و بە بارزانییەکانی دەگوت (ئەمەیش ئەوەیە کە من خۆم بە شەخسی بیستوومە): عوسمان دەیەوێت خۆی لە شوێنێکی بەرزەوە فڕێبداتە خوارەوە و من ڕێگریی لێ دەکەم، ئایا دەکرێت مام خێری برازاکەی نەوێت؟ لە کاتێکدا لە ڕووی کردارییەوە، پێگەی زوبێر مەحموود ئاغای بەرز دەکردەوە کە لە زۆر بەرەی شەڕدا، دوژمنایەتیی کردبوو. کەچی وەک فەرماندەی پێشمەرگە دەریدەخست و لە هەمان کاتدا

---

[117]، شایانی باسە بە پاساوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و یەپارچەیی خاکی عێراق لە مەترسی ئێرانی و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان مەسعود بارزانی داوای کۆمەکی سەربازی لە صدامم کرد بۆ گرتنەوەی هەولێت وڕادەستکردنی بە پارتی لە ساڵی١٩٩٦.

به هەموو هێزییەوە دژایەتیی عوسمانی دەکرد، کە چەندین جار بە نهێنی شەڕڤانی بۆ بزووتنەوەکە ناردبوو بۆ شەڕکردن لەو بەرانەی لە کاتە سەختەکاندا هەڕەشەیان لەسەر بوو، هەر لەو کاتەیشدا بوو کە مەلا موستەفا بڕیاری دا خاڵی مەسعوود بەرز بکاتەوە و هێزێکی هەزار کەسیی بۆ پێکهێنا و هاوکاریی دارایی بۆ تەرخان کرد، ڕێک وەک ئەوکاتەی کە لە ڕیزی جاشەکانی حکومەتی عێراقدا بوو، شێوازەکە هەر هەمان شێوازە و ئەو بەهایانەی لە هەردوو بارەکەدا زاڵ بوون، بەهای خۆفرۆشی (ارتزاق) بوون.[١١٨]

لە دووەم ڕۆژی ڕۆشتنی عوسمان بۆ لای حکومەتی عێراق لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٧٤، فەرامەرز بەنانی هات و لە بارزان لە بەردەم شایەتحاڵەکاندا (کە منیش یەکێک بووم لەوان) چاوی بە مەلا موستەفا کەوت، داوای بەزەیی لە سەرۆک دەکرد کە خێزان و منداڵەکانی عوسمان لە بارزان دەرنەکات، بە تۆنێکی پاڕانەوەوە گوتی: ئەوان حەز ناکەن ئەم خاکە بەجێبهێڵن، دەیانەوێت لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە، ژن و منداڵان هیچ تاوانێکیان نییە لەوەی ڕوویداوە، بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی تەواو مرۆیی بوو، پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نەبوو. بەڵام مەلا موستەفا بە پێچەوانەی یاساکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و بێبەزەییانە و دوور لە هەر ڕەوشتێکی کەسایەتی و خێڵەکی و مرۆڤایەتی، ئەم تاوانەی کرد و دەریکردن؛ بە بیانوویەک کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبوو. بەڵکو دەیویست خۆی لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی بدزێتەوە لە دروستکردنی قەیرانێکی بێ واتادا، هەروەها دەیگوت ئەمە لە دەسەڵاتی منداا نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە محەمەد خالیدەوە هەیە، چونکە ئەو سەرۆکمانە و ئێمە گوێڕایەڵی ئەو دەبین، ئەمە وەڵامی ئەو بوو بۆ فەرامەرز بەنانی، ڕاستی بگوترێت بینیم کە مەلا موستەفا دڵخۆش بوو بەوەی ڕوویداوە، بێ ئەوەی لایەنی مرۆیی لەبەرچاو بگرێت. دایک و منداڵەکان لە خاک و ماڵی خۆیان دەرکران و بەرەو لای حکومەتی عێراق ڕۆیشتن، دواتر زۆرێک لەوانی تریش لە ئۆردوگای (قوشتەپە) لە ساڵی ١٩٨٣ ڕووحیان لەدەست دا، کاتێک مەفرەزەکانی سوپای عێراق ماڵەکانیانی دەورە دا و هەموو نێرینە

[١١٨] شكيب عقراوي، ل٣٠٩.

بارزانییەکانیان دەستگیرکردن و لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا سەرنگومکران و دواتر بەڵگەکان دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، کەوتنە بەردەست و چارەنووسیان ئاشکرا بوو. بێگومان کار و کردەوەی سەرکردە؛ دەبێتە هۆی وێرانکردنی کۆمەڵگا ئەگەر خەسڵەتی ڕقوکینە هەڵبگرێت، بۆ مەرامی کەسی لە جیاتی خۆشەویستی و نرخاندنی تێکۆشان و ئامانجی ڕەوای گەلەکەی. سەددام حوسێنیش؛ هەمان سیاسەتی دڕندانەی لەسەر ئاستێکی فراوان پەیڕەوکرد، لە دەرکردنی ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان یان کوڕەکانیان پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردەوە کردبوو، لە کاتی شەڕی دژی ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا.

دوای پەنابردن بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٧٥، تێبینییەکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی بەریتانی (دەیڤد ئەدەمسۆن)م دەخاتەوە یاد. سەبارەت بە کەسایەتیی مەلا موستەفا کە دەڵێت: ئەو نایەوێت فێربێت، چونکە ئەو لەناوجەرگەی شکستی ئازاری ١٩٧٥دا لە کەرەج دەژیا. بەڵام ڕاستییە تاڵەکانی ژیان کە لە بەردەم و چاویدا بوون سەبارەت بە مەینەتییەکانی گەلی کورد، نەیانگۆڕی. ئەم ڕووداوەی خوارەوە، ڕەنگدانەوەی کەسایەتییە مەترسیدارەکەی و گوێنەدانێتی بە ئەنجامەکان.

دوای چەند ڕۆژێک لە ڕاگەیاندنی شکست و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥، لوقمان (کوڕی مەلا موستەفا) پێی باش بوو تەسلیمی حکومەتی بەغدا نەبێت و بڕیاری دا ماڵ و موڵکی خۆی جێبهێڵێت و پەیوەندیی بە باوکییەوە بکات، کە پەنای بردبووە بەر ئێران، دوای گەشتێکی دوور و تاقەتپڕوکێن لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەی، گەیشتە نەغەدە لە ئێران. بەڵام بوونی مەلا موستەفا لە نەغەدە؛ جێگەی پەسەند نەبوو بەڵکو لە کەرەج بوو، چونکە بەپێی پلانە شاراوەکە، پڕۆسەی میراتگری و قۆرخکردنی میراتی دارایی لەدەست دەچوو.

حکومەتی عێراق؛ لەو کاتەدا لە ڕێگەی وەزیرە کوردەکانەوە نامە یان شاندی دەنارد بۆ هاندانی پەنابەرانی کورد لە ئێران، تا بگەڕێنەوە بۆ عێراق و بەڵێنی دەدا کە بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لوقمان؛ نامەیەکی لە عوبەیدوڵڵای برایەوە پێگەیشتبوو کە داوای لێدەکرد بگەڕێتەوە بۆ عێراق، لوقمان هیچ تاوانێکی نەبوو لە


ناردنی ئەو نامەیە لەلایەن عوبەیدوڵڵاوە، هەروەها موقەدەم عەزیز ئاکرەیی کە وەزیرێکی بێ وەزارەت بوو، هات و چاوی بە زۆرێک لە پەنابەرانی کورد کەوت لە ناوچەکانی ئێران و داوای لێکردن بگەڕێنەوە بۆ عێراق. کاتێک مەلا موستەفا زانیی نامەکە لە عوبەیدوڵڵاوە گەیشتووەتە دەست لوقمان، داوای کرد بێت بۆ تاران. کاتێک گەیشت، مەلا موستەفا لە دانیشتێکدا بوو کە کەسایەتییەکانی ساواکی ئێرانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوو، لەم دانیشتنەدا مەلا موستەفا تووشی باربێکی دەمارگیریی نائاسایی بوو، لە جیاتی ئەوەی چاوەڕێ بکات میوانەکان بڕۆن و دواتر بە تەنها چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت و داوای لێ بکات بایەخ بەو نامەیە نەدات کە داوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لێدەکات (کە بێگومان کوڕەکە گوێڕایەڵی باوکی دەبوو و چیرۆکەکە بێ دەنگەدەنگ کۆتایی دەهات). کەچی لە تووڕەیدا، بێڕێزی بەرانبەر دانیشتووان و کوڕەکەی و تەنانەت خۆیشی کرد، تەواوی تووڕەیی خۆی بەسەر لوقمانی کوڕیدا هەڵڕشت و دەستیکرد بە جنێودان بە کوڕەکەی، وشەی نەشیاوی دەرهەق بەکارهێنا و ئامادەبووانی شۆککردن، ئەو ببووە کەسێکی تاکڕەهەند و تەنها لایەنێکی دیاریکراوی کێشەکەی دەبینی کە لایەنی کەسی بوو، جگە لەوەیش نە بایەخی بە گەلە لێقەوماوەکە دەدا و نە بە نیشتمانە لەدەستچووەکە، هەموو کەناڵەکانی پەیوەست بە دۆزی نیشتمانی لە بیرکردبوون و تەنها یەک کەناڵی بە کراوەیی هێشتبووەوە، ئەویش کەناڵی حەز و سۆزی بوو کە تەنها لەو ڕێگەیەوە مامەڵەی دەکرد، ئەو لە جەنگدا بوو لەگەڵ ئەو کوڕانەی کە لەگەڵ پلانە شاراوەکانی میراتگرییدا نەدەگونجان، ئەمە تەنها خەمی بوو تا کۆچی دوایی لە واشنتۆن لە ساڵی ١٩٧٩، کێشەی ئەو ئەوە بوو کە بەردەوام بوو لەوەی وەک تەنها سەرکردەی گەلی کورد ڕەفتار بکات، لە کاتێکدا شکستی لە بەرانبەر شا و سەددام حوسێن قبووڵ کردبوو، بەڵام لە بەرانبەر گەلی کورد قبووڵی نەدەکرد، لە هەمان کاتدا تەواوی وزەی ماوەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ گواستنەوەی پارە و سەرکردایەتی بۆ مەسعوودی کوڕی وەک میرات.

لوقمانی کوڕی مەلا موستەفا؛ کەرامەتی بە قووڵی بریندار بوو، هەستا و گوتی: من هەموو شتێکم جێهێشت بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکەم، کەچی تۆ ئاوام لەگەڵ

دەکەیت. ماڵئاوا! هەر کە لە مەجلیسەکە هەستا و گەیشتە سەر شەقام، تاکسییەکی ڕاگرت و داوای لە شۆفێرەکە کرد ببیات بۆ باڵیۆزخانەی عێراق لە تاران، بەهۆی ڕۆیشتنی لوقمان بۆ باڵیۆزخانەی عێراق و گواستنەوەی بۆ بەغدا خۆشحاڵییەکی زۆر دروست بوو، چونکە ئەمە بە سەرکەوتنێک بۆ پڕۆژەی میراتگریی مەسعوود دادەنرا، دواتر لوقمان بە ژمارەیەک لە هاوڕێکانی گوتبوو: ئەگەر باوکم بیبردمایەتە لایەکەوە و تێروپڕ لێی بدایەم قبووڵم دەکرد، بەڵام سووکایەتی پێکردنم لە بەردەم پیاوانی ساواکدا، شتێک بوو قبووڵم نەدەکرد، بۆیە چوو بۆ باڵیۆزخانەی عێراق لە تاران بەو هیوایەی پاسپۆرتێک بەدەستبهێنێت و نیازی وابوو پەنا بۆ وڵاتێکی ئەوروپی ببات، بەڵام باڵیۆزخانەی عێراق خستیانە ناو فڕۆکەیەک و بۆ عێراقیان گەڕاندەوە. بێگومان سەددام حوسێن بەم هەڵوێستەی مەلا موستەفا شاگەشکە بوو، چونکە خزمەتگوزاریی بێ بەرانبەری پێشکەش دەکرد، دوای چەند ڕۆژێک لە کوشتنی عوبەیدوڵڵای برای لە ساڵی ١٩٨٠، سەددام حوسێن لوقمانیشی کوشت، هەروەها دواتر سەددام چوار لە نەوەکانی مەلا موستەفا و کوڕی سێیەمی (سابیر)ی لە ساڵی ١٩٨٣ کوشتن، وەک لە بەشێکی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، بە مردنی پێشوەختە و لەناکاوی ئیدریس لە ساڵی ١٩٨٧ ئیتر هیچ کام لە کوڕەکانی مەلا موستەفا لە ژنە بارزانییەکانی نەمانەوە و ململانێی ناوخۆیی بە قازانجی کوڕ و نەوەکانی مەحموود ئاغای زێباری یەکلایی بووەوە و دەستیان بەسەر هەموو پارە و دەسەڵاتی خێڵ و پارتیدا گرت بەپێی پڕۆژە شاراوەکە!

تێگەیشتن لە هەڵوێستی مەلا موستەفا؛ لە پارچەپارچەکردنی خێزانەکەی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ یەکێک لە گەورەترین نەیارەکانی (سەددام حوسێن) لە جێبەجێکردنی پلانەکەیدا دژی گەلی کورد، سەختە. لە کاتێکدا دەیتوانی زۆر بە ئاسانی ڕێگری لەوە بکات ئەگەر هەڵوێستێکی نیشتمانیی بگرتایەتە بەر کە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد و بەرژەوەندییەکانی خێزانەکەی بەگشتی ڕەچاو بکردایە، ڕەنگە نزیکترین شرۆڤەکاری بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، ئەوە بێت کە ئەو بە پێچەوانەی ئەو وێنەیە بوو کە پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی پارتیی لە خەیاڵی گەلی کورددا دروستی کردبوو، لە ڕاستیدا کەسێکی کورتبین بوو، حەز و سۆز بەسەریدا زاڵ بوو.

نەخۆشییەکەیش، ئەم زاڵبوونی سۆزەی لە هەڵوێستەکانیدا گەیاندە سنوورێکی زۆر مەترسیدار، ئەو بەردەوام بوو لە ڕەفتارکردن وەک تاقە سەرکردەی گەلی کورد، لەولایشەوە هەموو پارەکانی بزووتنەوەی کوردی لای خۆی هێشتبووەوە، بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی هەڵەی وێرانکەر هەرلە بەیانی ١١ی ئازارەوە تا ساڵانی شکست دوای ١٩٧٥ و تا کۆتاییپێهاتنی. لێرەدا دەبینین کە دۆخی سەرکەوتن لە ساڵی ١٩٧٠، خاڵە نەرێنییەکانی بەهێزتر کردن و تاکڕەوییەکەی دوو بەرامبەر کرد و لەسەر هەمان ڕێچکەی مەترسیدار بەردەوام بوو لە ساڵانی شکستدا تا کۆچی دوایی، سەرمایەی بەجێماو (کە بە دەیان ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا لەژێر دەستی خۆیدا بوو)، دەستەیەکی لە کەسانی دەستپاک پێک نەهێنا، بۆ ئەوەی دەستپەنا (ئەمانەت)کەیان ڕادەست بکات و بۆ ئەوەی لە سزای مێژوو ڕزگاری بێت، کە وەک دەست بەسەرداگرتنی پارەی تایبەتی گەل و شۆڕش نەبینرێت، بەتایبەت کە ئەو هۆکاری ڕاستەقینەی شکستی شۆڕش و خەباتی گەلی کورد، بیری لەوە نەکردەوە وەک سەرکردەیەکی سەرکەوتوو بمایەتەوە، مادام مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردی بە خۆی دا، بەڵام دوایی بۆ زۆرینە دەرکەوت، کە ئەو هەموو ئەمانەی لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە دەبینی، کە ئەمەیش بووە ماڵوێرانی بۆ نەتەوەی کورد و باجی گەورەی لە دوا درا، ئەم ڕەفتارەی مەلا موستەفا تا ئاستێکی زۆر بەرپرس بوو لە داڕمانی ڕووحیی جەنگاوەری و قوربانیدان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کاتێک شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٧٤ دەستپێکردەوە، بەڵام ئەو هەر لە خەیاڵی بەجێهێنانی پیلانە ژەهراوییەکانیدا بوو، بە پاکتاوی نەیارەکانی تا گەیشت بە لەناوبردنی کۆی بنەماڵەی محەمەد ئاغا مێرگەسۆری، کە لە خزمە نزیکەکانی خۆی بوون.



نیشانەی (x) ئاماژەیە بەو کەسانەی کە سەدام حسەین کوشتنی لە کوڕ و نەوەکانی مەلا مستەفا.

١. حسەین شەهید کرا لەکاتی بەرگری کردن لە بارزان لە هاوینی ١٩٦٣.

٢. عەبدوڵا بریدنداربوو لە شەری (مەزنێ) لەگەڵ محەمەد سەدیق برای شێخی بارزان.

٣. مستەفا کە لە دوای ١٩٢٠ خنکا لەکاتی بە هاناوەچوونی لەگەڵ لەشکرێك بۆ بەرگری لە بارزان، لەڕێگا بەهۆی خوڕی ڕووبارەکەوە ئاو بردی.

مەلا موستەفا بەشێوەیەکی نائاسایی، بایەخی بە سیخوڕیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دەدا و بە فاکتەرێکی گرنگی دەزانی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، هەر بۆیە مەسعوودی کوڕی کردە بەرپرسی دەزگای (پاراستن)، لەم پیشەیەشدا ڕەوشت ون دەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ ڕەفتاری ماکیاڤیلی و داڕمانی ڕەوشتی و بێویژدانی خۆش بکات، کاتێک جەمیل محەمەد ئاغا مێرگەسۆری لە هەولێر بە فەرمانی مەسعوود لە ١٩٧١/٢/١٤ کوژرا، مەلا موستەفا هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس و مەسعوود)ی ناردن بۆ سەرەخۆشی لە باوکی کوژراوەکە (حەمەد ئاغا مێرگەسۆری)، چونکە ناسنامەی بکوژەکان تا چەند ڕۆژێک دوای تیرۆرکردنەکە بە نادیاری مابوونەوە، مەلا موستەفا و کوڕەکانی پێیانوابوو ناسنامەی تاوانبارەکە بە نادیاری دەمێنێتەوە و ئاشکرا نابێت و دەتوانن ڕۆڵی پرسەگێڕییش ببینن. دوای سەرەخۆشی لە حەمەد ئاغا مێرگەسۆری کە لە لایەن باوکیانەوە نێردرابوون، مەسعوود و ئیدریس گەڕانەوە ڕێزان و لەوێ چاوم بە هەردووکیان کەوت. مەسعوود پێیگوتم: ئەگەر ئێمە جەمیلمان کوشتبا، ئایا دەکرێت بچین و سەرەخۆشی لە باوکی بکەین؟ نەخێر. ئەگەر ئەوەمان کردبا، نەدەچووین بۆ سەرەخۆشی لە خێزانەکەی. منیش بە تەواوی باوەڕم پێکرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ڕووداوەکان پێچەوانەکەیان سەلماند و زۆری نەخایاند فاخیر مێرگەسۆری ناسنامەی بکوژەکەی دۆزییەوە و ڕووبەڕووی مەلا موستەفا بووەوە، فاخیر خۆی بۆی گێڕامەوە و گوتی: بە مەلا موستەفام گوت: ئێمە دەزانین؛ حسێنی برام لە ساڵی هاوینی١٩٦٣ چۆن و بۆچی کوژرا؟ - حسێن لە بەرگری دژی سوپای عێراق و جاشەکان جەنگا تا آخیر هەناسە لە کاتی یەکەم هێرشی سوپای بەعسدا، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە داگیرکردنی بارزان و تا شەهید بوو - . بەڵام نازانین جەمیل بۆچی کوژرا؟ سوپاست دەکەین ئەگەر هۆکاری کوشتنەکەی جەمیلمان بۆ ڕوون بکەنەوە؟




وێنەکەی لای ڕاست: حسێن محەمەد ئاغا میرگەسۆری، شەهید بوو لە کاتێکدا بەرگری لە بارزان دەکرد ساڵی ١٩٦٣. وێنەکەی لای چەپ: وەهاب ئاغا جوندیان، محەمەد ئاغا میرگەسۆری و ئەحمەد مستەفا کانیالەنجی لە زیندانی موسڵ (؟١٩٥٠).

سەعید؛ برای فاخیر بە کوشتنی کارمەندێکی مەسعوود لە پاراستن بەناوی (حەمە ڕەئوف)، تۆڵەی براکەی کردەوە. واتە ئەو کەسەی کە مەسعوود فەرمانی پێکردبوو جەمیل بکوژێت. مەلا موستەفا و مەسعوود ئەمەیان بە کێشەیەکی ئاشکرا بۆ خۆیان دانا، بۆیە هەموو خێزانی حەمەد ئاغایان خستە زیندانەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە هۆکاری ڕاستەقینەی دوژمنایەتیی مەسعوود و باوکی بۆ خێزانی حەمەد ئاغا، لە ترسی دروستبوونی هاوپەیمانییەک بوو لە نێوان عوبەیدوڵڵا و فاخیر مێرگەسۆری، کە ئەمە وەک بەربەستێک بۆ پڕۆژەی میراتگری (تەوریس) دەبینرا.

فاخیر، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو لە کاتی شەڕی چیای هێندرێن و ڕزگارکردنی لە داگیرکاریی سوپای عێراق، ئەم ناوبانگە لای مەلا موستەفا پەسەند نەبوو، هەروەها مەلا موستەفا هەڵوێستی نەرێنیی فاخیری بەرانبەر خاڵوانی مەسعوود (کە جاش بوون) دەزانی، چونکە فاخیر دەیویست وەک هەر جاشێکی تر مامەڵەیان لەگەڵ بکات، بێ هیچ ئیمتیازێک تەنها لەبەرئەوەی خاڵی مەسعوودن، هەر بۆیە فاخیر مەیلی بۆ مەسعوود

نەبوو، چونکە وابەستەی خاڵوانی بوو لە ڕووی سۆزداریيەوە. فاخیر لە ڕووی فکرییەوە لە ئیدریسەوە نزیکتر بوو، بەڵام پێوەری نزیکی لای مەلا موستەفا، قبووڵکردنی سەرکردایەتی و گەورەیی خاڵەکانی مەسعوود بوو، هەر کەسێک سەرکردایەتیی زوبێر مەحموود ئاغای قبووڵ نەبووایە، بە نەیاری مەسعوود دادەنرا و دەبوو پاکتاو بکرێت یان دووربخرێتەوە یان ناوبانگی بزڕێندرێت یان بە هۆکارێک تێکبشکێنرێت. جگە لەوەیش، ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانی لەگەڵ عوبەیدوڵڵا، ببووە مۆتەکەیەکی ترسناک لای مەلا موستەفا و مەسعوود، لەبەرئەوە پێش هەڵاتن بۆ ئێران، ئەوانەی لە براکانی و باوکی مابوونەوە هەمویان لەناوبران.

سەبارەت بە ململانێ لەناو خێزانی دەسەڵاتداردا (جەمیل مەحۆ، سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردی لە لوبنان) دەڵێت: تەنها یەک بوختانی درۆ بەسە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی ڕاپێچی ناخی زیندانەکان بکرێت"[١١٩]

خۆیشی بوو بە قوربانییەکی بێتاوان لەناو ژینگەی پیلانگێڕی و ئەو قینە دێرینەی کە لە بارەگای مەلا موستەفادا باڵادەست بوو. جەمیل محۆ، سەبارەت بە سەرەتای وێنای خۆی بۆ مەلا موستەفا (لە دووڕەوە) کە لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی حیزبدا بووە، دەڵێت: بە پیرۆزترین مرۆڤی کوردم دەزانی کە لەسەر زەوی دەرکەوتبێت.[١٢٠]

بەڵام دوای لێنزیکبوونەوە، ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن. جەمیل مەحۆ، وردەکارییەکانی ئەو کەشوهەوا ژەهراوییەی ناو خێزانی مەلا موستەفای نەدەزانی، بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو کوڕەکانی مەلا موستەفادا دەکرد وەک کوڕی سەرکردە، بەڵام پەیوەندییەکەی لەگەڵ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەو ئەنجامی شووم بوو، چونکە جەمیل مەحۆ

[١١٩] جميل محو سكرتير عام الحزب الديمقراطي الكردي، مذكراتي داخل سجون الثورة الكردية.. ١٩٨٢". ص: ١٨٤

[١٢٠] هـ.س، ٥٧.

بەهۆی پەیوەندییە ئاساییەکانی لەگەڵ عوبەیدوڵڵا دەستگیرکرا، ئەمەیش دەری دەخات باوک و کوڕەکەی [مەسعوود]، تا چەند لە عوبەیدوڵڵا تۆقیبوون.[١٢١]

جەمیل مەحۆ لە ١٩٧١/٥/٢٤ چاوی بە مەسعوود کەوت و ئەویش بە جەمیلی وت: هاوکارییت لەگەڵ عوبەیدوڵڵا، خیانەتێکی گەورەیە لە شۆڕش و لێت خۆش نابین، ئیدریسیش وتی: ڕاستە ئەو برای گەورەی ئێمەیە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی ئێمە کار ناکات و ئێستا زیندانییە و لەژێر چاودێریی بەردەوامی باوکماندایە. جەمیل مەحۆیش وەڵامی دایەوە: ئەی بۆ منتان لێ ئاگادار نەکردەوە؟ پاشان لە ١٩٧١/٥/٢٨ جەمیل مەحۆ بانگهێشتکرا بۆ ئەوەی لە بەردەم مەلا موستەفادا ئامادە بێت، ئەم دیدارە دەریدەخات چۆن کێشە خێزانییەکان بە درۆ و بە پەردەی شۆڕش و نیشتمانپەروەری دادەپۆشرێن. مەلا موستەفا دەستیکرد بە جنێودان و لە تووڕەییدا دەلەرزی و پێیگوتم: کوڕی کێ و کێ، تۆ خیانەتکار و سیخوڕیت، تۆ دژی شۆڕش کار دەکەیت، تۆ هاوکاریی عوبەیدوڵڵا دەکەیت. جەمیل مەحۆ ڕەتی دەکاتەوە و داوای بەڵگە بۆ تۆمەتەکان دەکات، جێگەی سەرسوڕمانی بوو کە مەلا موستەفا بەوپەڕی توڕەییەوە، فەرمانی زیندانیکردنی دا و ڕەوانەی زیندانی خەلانی بەدناوی کرد.

لە زیندانداا چاوی بە فاخیر مێرگەسۆری (پاڵەوانی شەڕی هەندرێن) کەوت، فاخیر ویستی ئازارەکانی کەم بکاتەوە و داوای لێکرد کەمێک لە ژوورەکەیان بێنە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوا، لەوێ زانییان کە عوبەیدوڵڵا لە دەست پاسەوانەکانی باوکی هەڵاتووە و بەرەو بارزان ڕۆیشتووە، ئەوەیش لە ١٩٧٢/٦/٦دا بوو.[١٢٢]

هەوڵی کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی لوبنان بۆ ئازادکردنی جەمیل مەحۆ لە زیندانە نایاساییەکەی، سوودی نەبوو. لە ١٩٧٢/٧/٢٤ جەمیل مەحۆ بانگکرا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدریسی کوڕی مەلا موستەفا.

---

[١٢١] جمیل محو، س.پ، ١٦٣-١٦٤.

[١٢٢] ه.س، ١٦٧.

جەمیل مەحۆ بە ئیدریس دەڵێت: بۆچی هۆکاری دەستبەسەرکردنی جەمیل مەحۆ و ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون، بۆ ڕای گشتیی کورد ئاشکرا ناکەن؟ بۆچی دادگایی ناکەن، ئەگەر بەڵگە لەسەری هەیە؟ من ئامادەم لە بەردەم دادگای شۆڕشدا بوەستم. ئیدریس لە وەڵامدا دەڵێت: تۆ پیاوێکی مەترسیداریت، ئێمە زیاتر لە تۆ دەترسین وەک لە دەسەڵاتی عێراق. پاشان بە توندی هێرشی کردە سەر عوبەیدوڵڵا، کە بە خیانەتەکانی ناوبانگی بنەماڵەی بارزانیی زڕاندووە. وتیشی: تۆ بوویتە قۆچی قوربانی لە پێناوی ئێمە و لە پێناوی ململانێ ناوخۆییەکانماندا، پێمگوت: مادام دەزانیت من بوومەتە قوربانیی ململانێکانتان، ئەی تاوانی من چییە؟ وەڵامی دایەوە: دەترسین ئەگەر ئازادت بکەین، هاوپەیمانیی لەگەڵ عوبەیدوڵڵای برامان بکەیت و دژمان کار بکەن. [١٢٣]

خەمی ڕکابەریی خێزانی بۆ مسۆگەرکردنی پڕۆسەی میراتگری، بە توندی عەقڵیەتی ڕێبەری شۆڕش و مەسعوودی کوڕی داگیرکردبوو، تەنانەت لە سەختترین بارودۆخدا کە بزووتنەوەی کورد دادەڕما، خەمی یەکەمی سەرکردە چارەنووسی گەلی کورد نەبوو، بەڵکو چۆنیەتیی بەدیهێنانی پڕۆژە خێزانییەکەی بوو، کاتێک سەرکردایەتیی کورد لە ئاداری ١٩٧٥دا شکا و لەو ڕۆژە ڕەشانەدا کە شکستی گەورە بوو. لەو ڕۆژەدا خێزانی محەمەد ئاغا مێرگەسۆری کۆمەڵکوژکران و هەندێکیان بە کەلەپچەوە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە. ئەوێ دەمێ مەلا موستەفا لە ئاوارەییدا لە شاری (نەغەدە) لە مانگی نیساندا چاوی بە جەمیل مەحۆ کەوت، جەمیل مەحۆ لە خەلان زیندان بوو، لە ڕۆژی هەڵات هەڵاتەکەدا پاسەوانەکانی زیندانی خەلان ئەرکەکانیان جێهێشتبوو و ڕایانکردبوو. جەمیل مەحۆیش لە ژوورەکەی هاتبووە دەرەوە و شوێن ئەوان کەوتبوو بەرەو ئێران، مەلا موستەفا چاوی پێکەوت و گرنگترین مەبەستی خۆی پێگوتبوو: تەنها یەک شتم لە تۆ دەوێت و لە بەرامبەر ئەم شتەدا هەرچی پارەت دەوێت، پێتدەدەم. پێمگوت: ئەو شتە چییە کە لە منت دەوێت گەورەم؟ دوای ساتێک بێدەنگی و لە کاتێکدا مەلا موستەفا سەری داخستبوو، وتی: ئ"ەگەر دەتوانیت عوبەیدوڵڵای کوڕم بکوژیت،

[١٢٣] ه.س، ٢٠٧-٢٠٨.

من ئامادەم ئەو بڕە پارەیەت پێ بدەم کە دەتەوێت، کاتێک ئەمەم لێ بیست لەرز دایگرتم، چونکە چاوەڕێی بیستنی شتێکی وام نەدەکرد و خودا شاهیدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم بێدەنگ مام و نەمتوانی قسە بکەم و وەڵامم نەدایەوە"[١٢٤]

، لە کۆتاییدا بە هاوکاریی باڵیۆزخانەی لوبنان لە تاران، جەمیل مەحۆ گەڕایەوە بۆ بەیروت، لە دواییدا یاداشتەکانی دەربارەی مەینەتییەکانی ساڵانی دەستبەسەرکردنی لە زیندانەکانی خێزانی دەسەڵاتدار نووسی، تاقە تاوانی ئەو بۆ زیندان کردنی، لەسەر بنەمای گومانی مەلا موستەفا و کوڕەکەی بوو، کە گوایە هاوکاری لە نێوان جەمیل مەحۆ و عوبەیدوڵڵادا هەبووە. کتێبەکەی جەمیل مەحۆ باسی مەینەتییەکانی دەکات و هەندێکجار زمانی بریندارکەر بەرامبەر ئەو کەسانە بەکاردەهێنێت کە، بە بەرپرسیاریان دەزانێت لەو ستەمەی لێیکراوە.

مەلا موستەفا نەیدەزانی ئەم ئاواتەی لەلایەن سەددام حوسێنەوە بەدیدەهێنرێت، تەنها ساڵێک دوای مردنی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عوبەیدوڵڵا لە ساڵی ١٩٨٠ کوژرا، پاشان کوڕی دووەمی (لوقمان) دە ڕۆژ دوای ونبوونی عوبەیدوڵڵا، کوژرا. پاشان کوڕی سێیەمی (سابیر) لە ساڵی ١٩٨٣دا کوژرا. پاشان سەددام حوسێن چوار لە نەوەکانی مەلا موستەفای کوشتن، کە ئەمانە بوون: سەلاح، ئازاد، بێداد و نەوزاد، پاشان لە ساڵی ١٩٨٣دا هەزاران بارزانیی تری لەناوبردن. لەو کاتەی مەلا موستەفا بەرەی ناوخۆی کوردی تێکدەدا، پێیوابوو لە دەرەوەدا بەهێزە و ئەمەیش لە ڕوانگەی ئەوەوە گرنگ بوو، وەک بینیمان پشتبەستن بە دەرەوە و تێکدانی بەرەی ناوخۆ، ڕێگریی لە ڕووخانی نەکرد. گوێی نەدەدا بەوەی گەلی کورد یان هاوڕێیانی خەبات چ هەستێکی نەرێنییان بەرامبەر کەسایەتیی ئەو لا دروست بووە. چونکە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، هەرکەسێکی بویستایە دەیکوشت و هاوکارییە دەرەکییەکان (پارە و چەک) ڕاستەوخۆ دەگەیشتنە دەستی خۆی. ئەو ماوەیەی لە تەمەنی مابوو. واتا لە بەیانی ئاداری ١٩٧٠وە تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٧٩، لایەنە

[١٢٤] جمیل محو، س.پ، ٢٥٣.

خراپەکەی کەسایەتیی مەلا موستەفا (کە تێیدا زۆر دیار و کاریگەر بوو) جێوفرۆشییەکەی بوو. بێ هۆکارێکی ڕەوا، جێوی دەدا. نزیکەی هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و یاریدەدەرەکانی، بە سیخوڕی و دزی تۆمەتبار دەکرد. ئەوەی شێخی بارزان ئاماژەی پێدابوو سەبارەت بە بوونی مەیلی وێرانکاریی تێیدا، بە تەواوی هاتەدی، هەروەها ئەوەی ڕۆژنامەنووسی بەریتانی دەیڤد ئادەمسن (David Adamson) هەستی پێکردبوو دوای چەندین کاتژمێر گفتوگۆ لەگەڵی. هەروەها ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی کریس کۆچێرایش لەسەر ئەوە هاوڕایە و دەڵێت: یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی بە وردی سایکۆلۆژیای ئەم کەسایەتییە ئاڵۆزە دەناسێ (مەبەستی مەلا موستەفایە) دەڵێت: ئەو نایەوێت هیچ فێر بێت. ئەوەی جێگەی داخی زیاترە ئەوەیە کە ڕەنگە خۆشی هەستی پێ بکات. ئەو سەرسامە بە خەیاڵەکانی و تا ڕادەیەک بە کەسایەتییە ئازاکەی، بەڵام ئەم ڕۆژنامەنووسە نەیتوانیوە هەست بە بوونی شتێکی ڕووخێنەر و نەرێنی لە ناخیدا بکات. [125]

سەبارەت بە دۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان و گۆڕینی بۆ ئامرازێک بە دەست هزرە کۆنەپارێزەکانەوە، ئاماژە بە وتەی کەسێکی ناو ماڵی پارتی دەکەین، کە ئاگاداری وردەکارییە شاراوەکانە، ئەویش سەرکردەی ناسراو دکتۆر مەحموود عوسمانە کە دەڵێت:

"ڕەفتارێکی نوێ لەلایەن ئەم سەرکردەیە (کە لە بنەڕەتدا بڕوای بە پارتایەتی نییە) دوای بەیاننامەی ئادار دەرکەوت، کە دەستی کرد بە سەپاندنی هەژموونی خۆی ڕاستەوخۆ بەسەر ناوخۆی پارتیدا، چونکە دەیزانی پارتی لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ئەویش لە ڕێگەی سەپاندنی هەندێک کەس بەسەریدا، ئەمەیش لە کۆنگرەی هەشتەمی ١٩٧٠دا ئاشکرا بوو کاتێک ئیدریس و مەسعوود چوونە ناو سەرکردایەتیی پارتی و چەند توخمێکی (کەسێکی) نوێ بەسەر ئەم سەرکردایەتییەدا سەپێنران، بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەمەیش بەشێوەیەکی نایاسایی، زۆرێک لە کەسانی

[125] . Chris Kutschera ،Ibid, P.27.

دەرەوەیان هێنایە ناو هۆڵی کۆنگرە کە پارتییش نەبوون، بە جۆرێک نزیکەی سێ بەشی ئەندامانی کۆنگرەیان پێکدەهێنا[126]".

" وەک چۆن لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا باوە، دەزگای ئاسایش و هەواڵگری ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە مانەوەی ڕژێمدا. دکتۆر مەحموود دەڵێت: دوای بەیاننامەی ئادار و تا کۆتایی شۆڕش، بارەگای بارزانی لە ڕێگەی دەزگای پاراستن و هەژموونی کەسییەوە دەستی کرد بە چاندنی توخمی گوێڵەمستی خۆی لە ناو ڕیزەکانی پارتیدا، ئەوەیش بۆ لاوازکردنی پارتی و پەکخستنی هەر ڕۆڵێک کە وەک دەزگایەکی سەرکردایەتی لە شۆڕشدا بیگێڕێت، دەسەڵاتەکان لە دەست توخمە سەربازییەکان و توخمەکانی پاراستندا کۆکرانەوە، کە بێ چەندوچوون گوێڕایەڵی بارەگای بارزانی بوون. سەرکردایەتیی بارزانی، کەسانی نەخوێندەوار و تازەی پێ باشتر بوون لە کەسانی کۆنی ناو پارتی و شۆڕش و دەرفەتی پێشکەوتنی بۆ دەڕەخساندن، تاوەکو دڵنیابێت لەوەی گوێڕایەڵی دەبن. بەمشێوەیە دەوری پارتی و شۆڕش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و لەسەر هەموو ئاستەکان لاواز دەبوو". [۱۲۷]

لەلایەکی ترەوە، جەرجیس فەتحوڵڵا کە یەکێکە لەوانەی ئاگاداری ڕووداوەکانی پشت پەردەی پارتی بووە، سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی هەشتەم کە لە تەممووزی ۱۹۷۰ بەسترا، دەڵێت: پلان بۆ خراپکردنی ناوبانگی جەماوەریی پارتی دانرا و لیژنەی ناوەندی بە کەسانی لاواز و شەکەت پڕکرایەوە و پێداگری کرا لەسەر هێشتنەوەی کەسە لاوازەکانی پێشوو.[۱۲۸]

لە ڕاستیدا هەموو شتێک لەلایەن مەلا موستەفا خۆیەوە دیاری دەکرا، بەڵام بەشێوەیەك کە ئاشکرا نەبێت. بەکرێگیراوانی ناو میدیای ئەوەی دەوترا و دەبیسترا (زارەکی و نووسراو) بە پێچەوانەکەیەوە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد، کە گوایە سەرکردە دژی ئەوەیە لیستێکی ناوی ئەو کەسانە پێشکەش بکات کە دەیەوێت هەڵبژێردرێن،

---

[126] د محمود عثمان، س.پ، ۱۷.

[۱۲۷] ه.س، ۱۷-۱۸.

[۱۲۸] جرجیس فتح الله، س.پ ٦٥.

کاتێک لە تەممووزی ١٩٧٠ کۆنگرەی هەشتەم بەسترا، ئەو وەستا و هۆشداری دایە ئەندامانی کۆنگرە کە ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر کەسێک کە دەیانەوێت بۆ سەرکردایەتی. ئەمەیش تەنها یاریيەک بوو کە هەڵبژاردنەکانی خستە بەر ساختەکاریيەکی بەرفراوان بە فەرمانی سەرکردە. جێگەی تێڕامانە کە ساختەکاری، زۆر بە ڕوونی بوو بە یەکێک لە بنەماکانی سەرکردایەتیی خێزانی، ساختەکاری لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی پارتی کە بە سەرکردایەتیی کوڕی مەلا موستەفا (مەسعوود) ئەنجامیداون، تەنانەت لەسەر ئاستی گەلی کوردیش دوای ساڵی ١٩٩١. با چاوێک بە نەخۆشیی ساختەکاریی درێژخایەن و ئاشکرادا بخشێنین، لە کاتی کۆنگرەی هەشتەم لە تەممووزی ١٩٧٠:[١٢٩]

جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: بەڕاستی لیستێک هەبوو؛ کە گرووپێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد و ئەوانی تریش ڕازی بوون، بە ئاماژەیەک (هەندێکجار بە دەقیش دەیانگوت) کە ئەم لیستە جێگەی ڕەزامەندیی خودی بارزانییە، بەو بەڵگەیەی ناوی هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس و مەسعوود)ی تێدابوو، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: داڕێژەرانی ئەو لیستە (کە هیچ ڕکابەرێکی نەبوو) لە پاساوی دانانی هەندێک کەسانی نەخوێندەوار و نەزان کە پێشتر کاری سیاسییان نەکردبوو، دەیانگوت: ئەمانە لە فەرماندەکانی پێشمەرگەن، کە لە کاتی شەڕەکاندا قارەمانێتییان نواندووە و دوای بەیاننامەی ئادار و هاتنی ئاشتی، پلە سەربازییەکانیان لەدەستداوە، لە کاتێکدا نەکراوە پۆستی حکومییان پێ بدرێت، بۆیە هێنایانن بۆ ناو سەرکردایەتی (وەک نوێنەرایەتی پێشمەرگە)، ئەمەیش دەبێتە قەرەبوو و پاداشت بۆیان.[١٣٠]

هەروەها دەڵێت: وەک بڵێی ئەوە بەس نەبێت، سەرکردایەتی هەستا بە پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی، بە قبوڵکردنی ئەندامی نوێ لە شەوی بەستنی کۆنگرەدا، تەنها لەبەرئەوەی ئەم (ئەندامە نوێیانە) دوای دوو یان سێ ڕۆژ دەبنە ئەندامی لیژنەی

[١٢٩] جرجیس فتح الله، س.پ، ٦٦.

[١٣٠] جرجیس فتح الله، س.پ، ٦٦.

ناوەندیی نوێ، لە کاتێکدا پەیڕەوی پارتی دەڵێت: نابێت ئەندام کەمتر لە دوو ساڵ ئەندامێتیی پڕ نەکردبێتەوە، ئەگەرنا ناتوانێت خۆی بۆ لیژنەی ناوەندی کاندید بکات.[١٣١]

دیاردەی ساختەکاری لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەشێکی دانەبڕاوە لە هزری سەرکردایەتی، ئەوە نەخۆشییەکی درێژخایەن و چارەسەرنەکراوە. ساختەکاری لە هەلومەرجێکدا کرا، کە هیچ مەترسییەک لەسەر هەژموونی مەلا موستەفا نەبوو، وەک ئەوەی لە کۆنگرەی هەشتەم لە تەممووزی ١٩٧٠ ڕووی دا، ئەمەیش هیچ سەرسوڕمانێک ناهێڵێت بەرامبەر ئەو شاڵاوە گەورەیەی ساختەکاری لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی ١٩٩١.

جەرجیس فەتحوڵڵا؛ دەربارەی دیاردەی ساختەکاریی ئاشکرا دەڵێت:

"کاتێک ئەندامانی کۆنگرە پێداگرییان کرد لەسەر ئازادیی هەڵبژاردنی کاندیدەکانیان و لیستەکەیان پڕکرد لە ناوی ئەو کەسانەی کە بە شایستەیان دەزانین، سەرکردایەتی بڕیاری دا دەستوەردان بکات و ئەنجامەکان ساختە بکات لە ڕێگەی بەرتیل پێدان بەو کەسانەی، ناوی کاندیدەکانیان دەخوێندەوە و تۆماریان دەکردن بە بەڵێنی پێدانی پۆست پێیان. بەشێک لەم ساختەکارییە کاتێک ئاشکرا بوو، کە ئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکان بۆ هەریەکە لە ئیدریس و مەسعوود بە یەکسانی دەرچوو، لەبەر ترسی ئەوەی یەکێکیان تەنها یەک دەنگ لەوەی تر زیاتر بهێنێت و ئەو یەکسانییە تێکبچێت کە هەمووان وەک دوو برا سەیریان دەکردن، ماستاوێکی بێمانا کە لە سنووری ڕەوشت دەرچوو و بوو بە جێگەی پرسیاری گەورە، دەڵێت هەردووکیان (ئیدریس و مەسعوود) یەکی ٤٥٠ دەنگیان هێنا. زۆرتر دەڵێت: یەکێکیان هاتە لام و کاغەزێکی نیشاندام کە بە دەستوخەتێک نووسرابوو، خاوەنەکەیم باش دەناسی، تێیدا نووسرابوو: (لە بەغدا وەرە لام، خانوویەکت لەسەر تاپۆ دەکەم)[١٣٢]. لێرەدا ئەو وتەیەی کە بە ستالین دەگوترێت، بۆ ئەم شورەییە دەگونجێت: «ئەوانەی دەنگ دەدەن بڕیار نادەن، ئەوانەی دەنگەکان

[١٣١] ه.س، ٦٦-٦٧.

[١٣٢] جرجیس فتح الله، س.پ، ٦٧.

دەژمێرن هەموو شتێک دیاری دەکەن». دکتۆر مەحموود بە توندی دژایەتی کرا، جەرجیس فەتحوڵڵا دەربارەی ئەو دەڵێت: نازانم ئەگەر سێ لایەنەکەی ناو لیستەکە نیازیان بووبێت گورزێکی تر لە مەحموود عوسمان بوەشێنن لە هەڵبژاردنەکاندا یان نا، بەڵام وا دیارە نەیانتوانیوە لەوە زیاتر دژ بە ناوبراو ساختەکاری بکەن. چونکە نوێنەرەکان سووربوون لەسەر(د. مەحموود). هەرچەندە لە زۆر کارتی هەڵبژاردنەکاندا، ناوەکەی پشتگوێخرابوو، ئەوە بێجگە لەو پڕوپاگەندانەی دژی دەکران، بەڵام نەیانتوانی زیاتر لە ١٠٠ دەنگی لی بسوتێنن لە سەروو ئەو دەنگانەی هێنابووی، یان بتوانن زیاتر لە ١٠٠ دەنگی فەرامۆش بکرێت. ئەو ٣٧٥ دەنگەی هێنابووی، ئاڵەنگارییەکی گەورە بوو بۆ ئەوانەی نیازی خراپیان بەرامبەری هەبوو.[١٣٣]

ئەمە دۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو دوای بەیاننامەی ئادار و پێش ئەوکاتەیش، لێرەدا دەردەکەوێت حیزبێکی لەو شێوەیە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵەنگارییە گەورانەی نەبوو کە ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبووەوە، ئامانجی ئەوان ببووە پاراستنی دەسەڵات و سامان و کۆکردنەوەیان لە دەستی خۆیاندا، کە ئەمە شتێکە جیاوازە لەوەی هەستیت بە ڕێکخستنی شۆڕشێکی جەماوەری، لەسەر بنەمای سەردەمیانەی دیموکراسی و پێشکەوتنخواز بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، ئەم دوو شتە تەواو لێک جیاوازن و پێکەوە کۆنابنەوە.

سەبارەت بە دۆخی هێزەکانی پێشمەرگە، دکتۆر مەحموود عوسمان دەڵێت: سەپاندنی بەرپرسی ناشایستە و نەزان بەسەر هێزە چەکدارەکاندا، بەردەوام بوو. وردە وردە پەیوەندیی نێوان پێشمەرگە و هەندێک لەم بەرپرسانە گۆڕا بۆ شتێک، هاوشێوەی پەیوەندیی نێوان دەرەبەگ و پاشکۆکانیان. واستەکاری و خزم خزمێنە زیادی کرد و بەرپرسەکان دەستیانکرد بە ژیانێکی شاهانە بەراورد بە تواناکانی شۆڕش، لە کاتێکدا ئەم خۆشگوزەرانییە نەگەیشتە ڕیزەکانی پێشمەرگە. ئەم بابەتە جۆش و خرۆشی پێشمەرگەی بۆ شەڕ لاواز کرد، چونکە ئەو هەستەیان لادروست بوو کە ئەوان قوربانی

[١٣٣] جرجیس فتح الله، س.پ، ٦٨.

دەدەن و دەستکەوتەکان بۆ بەرپرسانە کە لە بەرەی دواوەن و بە خۆشی دەژین، ئەم دیاردەیە لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا بە ڕوونی ئاشکرا بوو، هیچ هەنگاوێک لەلایەن سەرکردایەتییەوە نەنرا بۆ چارەسەرکردنی، چونکە سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان (بارەگای بارزانی) خۆیشیان هەمیشە لە پشتی بەرەکانەوە بوون و فەرمانیان دەردەکرد، بێ ئەوەی چاودێریی جێبەجێکردن بکەن یان سەردانی بەرەیەک بکەن تا بزانن چی دەگوزەرێت."[١٣٤]

دوای بەیاننامەی ئادار، دیاردەی ڕابواردن بە پارە و چێژ و پۆست، زیادیان کرد. لە بارەگای مەلا موستەفا کە دوور بوو لە مەترسییەکانی بەرەی جەنگ، ورگی گەورە و گەندەڵی دەرکەوتن. لە ڕاستیدا دوو جیهانی تەواو جیاواز هەبوون، جیهانی پێشمەرگەی ئاسایی دڵسۆز، کە لەسەر هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ بە دەست نەبوونی و سەختیی ژیانەوە دەیاننااڵند. هاوەم جیهانی سەرکردایەتیی کوردی شارستانی و سەربازی، کە لە خۆشگوزەرانی و گەشتی دەرەوە و خواردنی باش و ژیانی لاف و گەزافدا دەژیان و دەورەدرابوون بە خزمەتکار و پاسەوان، لە ڕاستیدا بارەگای مەلا موستەفا لە هەمووان دوورتر بوو لە کەشی شەڕ و لە هەمووانیش زیاتر لەناو دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیدا بوون و ڕۆژانە لە بازاڕەکانی ئێرانەوە، باشترین خواردنیان بۆ دەهێنرا.

جەرجیس فەتحوڵڵا؛ دەربارەی دیاردەی گەندەڵی کە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ بڵاوبووەوە، دەڵێت:

"زۆربەی سەرکردە حیزبی و فەرماندە سەربازییەکان لە پشتەوە مانەوە، یان پەنایان دەبردە بەر ئەشکەوتە شاخاوییە پارێزراوەکان کە بە هەموو هۆکارێکی پشودان و پاراستنی تەواوەتی دەورەدرابوون بە کۆمەڵێک مشەخۆر. هەندێکیان کاتی خۆیان بە عارەقخواردنەوە و خواردنی باشەوە بەسەردەبرد و هەریەکەیان چاوەڕێی سەرەی خۆی دەکرد بۆ سەفەری دەرەوەی سنوور، تا چاوی بە خێزانەکەی بکەوێت و مۆڵەتێکی درێژ لەوێ بەسەر ببات. هیچ کارێکیان لە بەرەکانی جەنگدا نەبوو جگە لە گواستنەوەی

[١٣٤] د.محمود عثمان، س.پ، ٢٨.

هەواڵەکان بۆ بارەگا و ناوەندە بەرپرسەکان، بەشێوەیەکی شێوێنراو و دوور لە ڕاستی. تاوەکو وێنەیەکی دڵخۆشکەر و گەشاوە دەربارەی دۆخی سەربازی و شەڕ نیشان بدەن. [١٣٥] "

"هەستی بێباکی و داڕمانی ڕەوشتی لەناو زۆربەی فەرماندە سەربازییەکاندا بڵاوببووەوە، بێگومان ئەوەیش گەیشتە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە. بووە دەردێکی کوشندە لە ناویاندا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٤ و هەموو جۆش و خرۆش و وڕە و ئازایەتییەکیانی گۆڕیبوو، ڕووحی جەنگاوەریی تووشی ئیفلیجی کردبوو، ئەو هێزەی کە پێشتر ناوبانگی جیهانیی پێ بەخشیبوون و ترسی خستبووە دڵی دوژمنانەوە، ئەفسانەی پێشمەرگە بەڕاستی کۆتاییپێهات. ئەو شەڕڤانە ئازایەی ژیانی خۆی بە لاوە گرنگ نەبوو، ئێستا دەست دەگرێت بە یەک دڵۆپە خوێنی خۆیەوە و ئامادە نییە بیڕێژێت، ئەودەم ماندووبوون و برسێتیی بە شەڕەف و شانازی دەزانی. ئێستا بە ڕق و ئێرەیی بردنەوە، لێپێچینەوە لەگەڵ فەرماندەکانی دەکات لەسەر بڕی ئەو ئەرک و کارەی پێی دەسپێردرێت و ئەو پارە و خواردەمەنییەی پێی دەدرێت و بەراوردی دەکات بەوەی بە کەسانی تر دەدرێت، تا دەگات بەوەی دوودڵ نابێت لە قۆستنەوەی دەرفەت بۆ ئەوەی لە ئەرک ڕابکات"[١٣٦].

سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد، دژی گۆڕین یان گواستنەوەی فەرماندە سەربازییەکان بوو لە ناوچەکانی بادینان، ئەمەیش پێچەوانەی پڕۆسەی نوێکردنەوەی ڕووحی شەڕڤانی و پەرەپێدانی تاکتیکی سەردەمیانە بوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و هاوسەنگی و تاکتیکی سەربازی لە نێوان بەغدا و بزووتنەوەی کورددا، لە ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٧٠ مەلا موستەفا ئەو فەرماندە سەربازییانەی کە دڵسۆزی خودی خۆی بوون، لە پۆستەکانیاندا هێشتنییەوە، سیاسەتی وەستان و چەقبەستوویی لە بادینان سەپاند، هەر فەرماندەیەک لە ناوچەکەی خۆیدا وەک حاکمێکی ڕەها وا بوو، هەموویان

[١٣٥]، جرجیس فتح الله، س.پ، ٩١.

[١٣٦]، جرجیس فتح الله، س.پ، ٩١

گۆڕایەڵ و ملەکەچ بوون، بەڵام دوای بەیانی ئادار دۆخەکە بەرەو خراپتر گۆڕا. گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتە کۆنە چەقبەستووەکەدا سەپێنرا، بە گرتنەبەری سووکایەتیکردن بە پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکان لە ناوچەی ئاکرێ - شێخان و ناوچەکانی تر. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ئاغاکانیان وەک فەرمانده سەپاند و خستیانننە شوێنی فەرمانده دێرینەکان کە خەباتیان کردبوو و قوربانییان دابوو، بەمەیش نەرێنییەکان لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا کەڵەکە بوون و ڕەنگیاندایەوە لە دابەزینی ڕووحی شەڕڤانی و بەرخۆدان، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕەکان لە هاوینی ١٩٧٤دا ئەمە بەرچاوکەوت، ئیدریس چەندین جار بۆی گێڕاومەتەوە کە ئەم سیاسەتە، یەکێک بوو لە گرنگترین هۆکارە ناوخۆییەکانی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا.

سەرکردایەتیی کورد لە بێئاگاییەکی تەواودا بوو، سەبارەت بە هەر شتێک کە پەیوەندیی بە چارەنووسی گەلی کوردەوە هەبووبێت، بۆیە" هیچ پلانێکی سەربازی نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە گشتییەی کە ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٧٤دا دەستیپێکرد، تەنانەت دوای دەستپێکردنی هێرشەکەیش، بیری لە دانانی پلان نەکردەوە مەگەر تەنها بەرگری لە بەردەم هێرشەکاندا لێرە و لەوێ کرابێت، بەم هۆیەوە سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان تووشی شکستی خێرا و یەک لە دوای یەک هات، شکان و کشانەوەی بێ پاساو خودی دوژمنیشی تووشی سەرسوڕمان کردبوو، تەنانەت هەندێک جار وایان دەزانی تەڵەی سەربازییە"[١٣٧]

ئاساییە لە و هەلومەرجی گەندەڵییە ڕەوشتییەدا کەس چاوەڕێی ئەوە نەکات لەو بەکرێگیراوانەی مەلا موستەفا وەک فەرمانده دایمەزراندبوون، بەرگری لە بزووتنەوەی کورد بکەن. سیاسەتی نانیشتمانیی مەلا موستەفا و بەرهەمە تاڵەکانی لە کاتی شەڕی ١٩٧٥دا بە تەواوی خۆی نمایش و پێناسە کرد. من خۆم گوێم لە پێشمەرگە بووە دەیگوت: ئایا شەڕ بکەین بۆ ئەوەی مەلا موستەفا؛ بەکرێگیراوەکان بکاتە دەسەڵاتدار

[١٣٧] جرجیس فتح الله، س.پ، ٩٣.

بەسەرمانەوە؟ جنێویان بە خۆیان دەدا، ئەگەر یەک فیشەک بەرەو سنگی دوژمن بتەقێنن.

نەخۆشیی کۆکردنەوەی پارە لە لوتکەی سەرکردایەتیی کوردەوە، گوازرایەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە سەربازییەکان کە لە ڕابوردوودا نموونەی قوربانیدان بوون (خەڵک لەسەر دینی پاشاکانیانن). جەرجیس فەتحوڵڵا ئاماژە بە دوو ناوچەی ستراتیژی دەکات، کە مەیدانی دوو هێرشی گەورەی عێراق بوون، سەبارەت بە میحوەری زاخۆ کە لەژێر فەرمانی عیسا سواردا بوو، دەڵێت: ئەو هێزەی حکومەت کۆی کردبووەوە، لە دوو لیوا پێک هاتبوو (لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٤٠٠٠ سەرباز و ئەفسەر) کە تۆپخانە و تانک و فڕۆکە پاڵپشتییان دەکرد، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٧٤ پڕۆسەکە بە تۆپباران و بۆردومانی چڕ دەستپێکرد کە نزیکەی شەش کاتژمێری خایاند. پاشان ڕەتڵی تانکەکان بەرەو دەمی گەلییەکە پێشڕەوییان کرد، لەوێ ڕەتڵەکە وەستا لە ترسی هەبوونی مین یان ڕووبەڕووبوونەوەی موشەکی دژەتانک کە پێشمەرگە ئەوکاتە هەیبوو. نزیکەی هەزار و پێنج سەد پێشمەرگە (هێزی زاخۆ) لە شوێنە نایابەکان و هێڵەکانی بەرگری لە هەردوو لای گەلییەکە خۆیان قایم کردبوو، فەرماندەی ئەم هێزە (عیسێ سوار) پێی باش بوو لە زاخۆ بمێنێتەوە و فەرماندەی مەیدانیی بسپێرێت بە کەسێک بەناوی (حاجی قادۆ)، پێشمەرگە ئەم کەسەیان وەک سەرۆکی تۆڕی قاچاغچێتی دەناسی و یارمەتیی عیسێ سواری دەدا لە پڕۆسە دارایی نایاساییە نهێنییەکانیدا و بریکاری بوو لە گرێبەستە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا، پێشمەرگەکان هێرشەکەی حکومەتیان بە دەرفەت زانی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و ڕشتنی قینیان بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە ساڵانی ڕابوردوودا ڕوویاندابوو، بۆیە گەلییەکەیان تا دوا پیاو بە ئارەزووی خۆیان جێهێشت، بێ ئەوەی فەرمان وەربگرن یان یەک فیشەک بتەقێنن، شوێنە قایمەکانیان جێهێشت و کشانەوە بۆ دواوە. گەلییەکە بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر چۆڵ بوو و کەسی تێدا نەبوو، هێزەکانی حکومەتیش دەترسان پێشڕەوی بکەن و نەیاندەزانی شەڕقانە کوردەکان کشاونەتەوە. بێدەنگی باڵی کێشا و هیچ جووڵەیەک نەبوو، کاتێک تاریکی داهات، فەرماندەی هێزەکەی حکومەت دەستەیەکی لە بەکرێگیراوە زێباراییەکانی نارد

به سەرکردایەتیی (لەتیف زێباری) ناسراو بە (لەتۆ)، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵگری، مەفرەزەکە پێشڕەوی کرد و چووە ناو گەلییەکە و پێیدا تێپەڕ بوو بەرەو زاخۆ، تا گەیشتە دووری پێنج کیلۆمەتر لە شارەکەوە، لەوێ ڕووبەڕووی تەقەی دوو سریەی پێشمەرگە بوونەوە و بۆ ماوەیەک فیشەکیان بەناو یەکدا چوو، پاشان دەستە بەکرێگیراوەکە کشانەوە تا فەرماندەیی لەوە ئاگادار بکەنەوە کە گەلییەکە چۆڵە، هێزەکانی حکومەت پێشڕەوییان کرد و گەلییەکەیان گرت و پاشان بێ کێشە چوونە ناو شاری زاخۆوە. هێزەکانی پێشمەرگە و سەرکردایەتییەکەی شارەکەیان چۆڵ کردبوو، پاشەکشەیان کردبوو بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی زاخۆ بەرەو ئامێدی، هەواڵی ئەم کشانەوە گەمژانەیە گەیشتە بارەگای گشتی و سەرکردایەتیی پارتی، ئەوانیش فەرمانیان دا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نهێنی کە لەژێر ناوی (لیژنەی بەرزکردنەوەی وڕەی پێشمەرگە) کاری دەکرد و ئامانجی سەرەکی، گەڕان بوو بە دوای هۆکاری کشانەوەی پێشمەرگە بێ بەرگری. لیژنەکە لە ئەندامانی لقی یەکی پارتی (نەجمەدین یوسفی، مەلا سالّح حاجی، شەعبان سەعید) پێکهاتبوو و دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە و گوتەی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی (هێزی زاخۆ)یان وەرگرت و ناردیان بۆ بارەگا. وەڵامەکانیان زۆر ڕاشکاو بوو و نەیانشاردەوە چی لە دڵیاندا هەبووە، وتەکان ئەوە بوو (ڕەتمان کردەوە شەڕ بکەین بۆ تۆڵەکردنەوە لە عیسێ سوار). بەڵێ: (پێش بەیاننامەی ئادار دەجەنگاین و چەندین جار بەسەر سوپادا سەردەکەوتین، بەڵام لە ئادارداا ئەم پیاوەیان (مەبەست عیسێ سوارە) بە پلەی سەربازی کردە فەرماندەی یەکەکەی ئێمە و ئێمەیان کردە پاسەوانی سنوور، ئەویش مووچە و پارە و خواردنەکەی ئێمەی دەبرد و دەیفرۆشتەوە. زۆربەمان لەم ساڵانەدا ناچار بووین وەک کرێکار و جوتیار کار بکەین، بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکانمان)[١٣٨]

[١٣٨] جرجیس فتح الله، س.پ، ١٠٨- ١٠٩- ١١٠- ١١١

عیسا سوار، وێنەیەکی بچووککراوەی سەرکردایەتیی مەلا موستەفا بوو، کاتێک ڕاپۆرتی لیژنەکە گەیشتە مەکتەبی سیاسی و بارەگای بارزانی، (عیسا سوار) وەک فەرماندەی هێزە شکاوەکە مایەوە تا کۆتایی شۆڕش.[١٣٩]

جەرجیس فەتحوڵڵا بەردەوام دەبێت و نموونەیەکی تری گەندەڵیی سەرکردایەتیی سەربازی دەهێنێتەوە، کە ئەویش (فارس باوە)یە، یەکێک لە متمانەپێکراوترین کەسەکانی مەلا موستەفا. نەخوێندەوار بوو، کەچی مەلا موستەفا هێنای بۆ ناو لیژنەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دواتر دەرکەوت کە ناوبراو خۆی بە دەسەڵاتدارانی عێراق فرۆشتووە، لە سەردەمی هێوربوونی سەرەتای حەفتاکاندا. جەرجیس دەڵێت: لە یەکی ئایاردا هێزەکانی حکومەت هێرشیان کردە سەر بەرەی دەشتی هەولێر و لە (بێستانە)وە پێشڕەوییان کرد، تا گەیشتنە ناوچەی (دەربەندی گۆمەسپان) کە دەربەندێکی شاخاوییە لە نێوان کۆیە و هەولێر، ئەم دەربەندە تەواو قایم کرابوو، کلیلی ناوچەیەکی بەرفراوان بوو. هێزێک بەرگریی لێ دەکرد کە بەناوی (هێز)ەوە و فەرماندەییەکەی لە مێژ بوو لە دەستی (فارس باوە)دا بوو، ئەو جگە لەوەی ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی بوو. چیرۆک و قارەمانێتیی زۆر دەربارەی ئەم فەرماندەیە دەگوترا، هێزەکانی بەم دواییانە بە چەکی پێشکەوتووی وەک تۆپی دژەتانکی (B10) پڕچەککرابوون> کە نوێترین چەکی دژەتانک بوو لەو سەردەمەدا، هیچ ڕێگەیەک نەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە مەگەر بە گرتنی دەربەندەکە، چاوەڕێ دەکرا سوپای عێراق لە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەم دەربەندەدا تووشی شکستی یەک لە دوای یەک و زیانی گەورە ببێت> بەهۆی ناوبانگی فەرماندەکە و مێژووی هێزەکە و توانای چەکەکانی< بەڵام ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە هێزەکانی حکومەت هیچ بەرگرییەکیان لە دەربەندەکەدا نەبینی، لە دەربەندەکەدا هیچ ئێشکگر و پاسەوانێکی شەوانە نەبوو و هەموو خەوتبوون و کەس بیری لە پێشڕەویی سوپا نەدەکردەوە (جگە لە یەک کەس). تۆپە نوێیەکان وەک غەنیمە کەوتنە دەست سوپا، کە تەنها دە ڕۆژ بوو گەیشتبوون و یەک

[١٣٩] ه.س، ١١٠.

بۆمبیان لێوە نەتەقێنرابوو، هێزی دەشتی هەولێر بڵاوەی لێکرا و شۆڕەواری نەما، دواتر دەرکەوت کە (فارس باوە) لە شۆڕەکە نەبووە، دیارە بە ئەنقەست بووە (تێبینیی نووسەر). فارس فەرماندەییەکەی سپاردبوو بە جێگرەکەی کە (سابیر شێخ جاهی) بووە، ئەمە ئەو (کەسە) بوو کە ئاماژەمان پێدا، ئەوکاتی پێشڕەویی سوپای دەزانی، چونکە پێشتر حکومەت (فارس باوە)ی کڕیبوو لە ڕێگەی ئەو پڕۆسە بەرفراوانەی کڕینی ویژدان کە لەگەڵ پیاوانی شۆڕشدا ئەنجامی دا لە ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٤.[١٤٠]

جێی باسە هەموو فەرماندە سەربازییە بارزانییەکان شۆڕشی پێی گەندەڵیی سەرکردایەتییەکەیان نەکەوتن، بۆ نموونە (عەلی خەلیل کە کوڕی خەلیل خۆشەوییە)، لە تێکۆشان و ڕەوشتی کەسیدا بە دڵسۆزی مایەوە و داوی دەسەڵات و پارە نەیگۆڕی. ئەو هەمیشە دژی بەرژەوەندیی ئاغاکان بوو، ئەو دەترسا لە هەژموون و دەسەڵاتی نەڕێنییان کە بەسەر بزووتنەوەی کورددا دەیانهێنا، جەماوەرێکی زۆری لە ناوچەکەی خۆی لە بادینان هەبوو، بەتایبەت لە ناو بەرواریی‌یەکاندا، جەرجیس فەتحوڵڵا دەربارەی ئەو دەڵێت: لە هێرشە سەرتاسەرییەکەدا، هێزی دهۆک بە فەرماندەیی (عەلی خەلیل خۆشەوی) خۆڕاگر بوو بەرامبەر هێرشەکان، لە (گەلی دهۆک) بەرەنگاریی بێوێنەیان کرد و حکومەتیان تێکدەشکاند، سوپای عێراق یەک هەنگاویش پێشڕەویی نەکرد تا ئەوکاتەی فەرمانی پاشەکشە و دانانی چەک دەرچوو دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥.[١٤١]

[١٤٠] جرجیس فتح الله، س.پ، ١١١.

[١٤١] جرجیس فتح الله، س.پ، ١١١-١١٢.

هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەمەریکا

پڕەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری عێراق بەرکارە، نەک تەنیا
لە ئاستی کێشەی کورد، بەڵکو لەگەڵ هەمو لایەنەکان.
دیپلۆماتکارێکی ئەمەریکی لە بێروت
بۆ حەبیب محەمەد کەریم
١٩٧١/١١/٢

دیپلۆماسییەتی بزووتنەوەی کورد، بەدەست چارەنوسی جوگرافیایەکی دابڕاوی کوردستانەوە دەینالاند، هیچ ئەگەرێکی پێگەیشتنی یارمەتی لە دەرەوەی نەیارەکانی (تورکیا یان سوریا) لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٤دا نەبوو، لە کاتێکدا سەرکردایەتیی کورد هاوکاریی سەربازی و دارایی بەشێوەیەکی تایبەت لە ئێرانەوە وەردەگرت. بەڵام بەدرێژایی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا (سەرکردایەتیی کورد)، هەڵوێستی سواڵکردنی گرتبووەبەر. دوای واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان عێراق و یەکێتیی سۆڤیەت، هەندێک دەرفەت هاتنە پێش کە دەکرا تێیدا لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد مەرج بەسەر ئێراندا بسەپێنرێت. چونکە شای ئێران لە بارودۆخێکی نیگەرانیدا بوو، هیچ کارتێکی فشاری دژی حکومەتی عێراق نەبوو جگە لە بزووتنەوەی کورد، بەدووری نازانین کە سەرکردە کوردەکان هەستیان بەمە کردبێت، بەڵام لە جیاتی پێداگری لەسەر پەیوەندییەکی هاوسەنگ کە خزمەت بە دۆزی کورد بکات و گەرەنتیی نووسراوی ئێرانی لەگەڵدا بێت، کەچی مەیل و چاوەڕوانییان بریتی بوو لە داواکاری لە شا و ساواکی ئێرانی، بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن لە دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. شا، ڕەزامەندیی لەسەر ئەو پەیوەندیە دا، چونکە هیچ تێچوویەکی بۆ ئەو تێدا نەبوو. پێش داواکارییەکەی شا لە سەرۆک نیکسۆن

لە کۆتایی ئایاری ١٩٧٢دا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادە نەبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی لەو شێوەیە، چونکە بەرژەوەندییەکی تێدا نەبوو. ئەوەی شایانی باسە هەموو ئەو دەوڵەتانەی هاوکاریی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردیان دەکرد، سوور بوون لەسەر پاراستنی نهێنیی ڕایەڵەی پەیوەندییەکە، ئەمەیش بوارێکی پێ دەدان کە بە ئاسانی خۆیانی لێ بدزنەوە (نکوڵیی لێ بکەن). پەیوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد لە ساواکی ئێرانییەوە گەشەی کرد بۆ مۆسادی ئیسرائیلی و پاشان بۆ (C. I. A)ی ئەمریکی، سەرکردایەتیی کورد نەیتوانی پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی تۆکمە و شایستە بە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، لەگەڵ حکومەتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات یان بلۆکی ڕۆژئاوا بونیاد بنێت.

یەکێتیی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەردەوام بوو لە پشتگیرییە دارایی و سیاسییە سنووردارەکەی بۆ بزووتنەوەی کورد، ئەم پشتگیریانە تا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوون، پاشان لە ساڵی ١٩٧٢دا بڕەکەی زیادکرا بۆ یەک ملیۆن دۆلار، بەڵام دوای ڕێکخستنە سیاسییە نوێیەکان و ڕوو وەرگێرانی سەرکردایەتیی کورد بەرەو بەرەی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی ئاشکرا، ئیدی ئەو هاوکارییە بڕدرا. شایانی باسە کە ئەم هاوکارییە دارایی‌ەی سۆڤیەت، بە بەرنامە بوو بۆ بزووتنەوەی کورد، بواری بە سەرکردایەتیی کورد نەدەدا کە ئارەزووی گەندەڵیی پەنگخواردووی ناوخۆیان دەربخەن و کۆمەڵگە تێکبدەن، بەڵام هەر کە سەرکردایەتیی کورد لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا پارەی لە ئێران وەرگرت، ئیتر گەندەڵی بەشێوەیەکی دیار بەسەریاندا دەرکەوت. پشتگیریی سۆڤیەت لەو سۆنگەیەوە بوو کە نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی ستەملێکراوە و مافی ڕەوای هەیە کە دەبێت بەدیبێن. ئەمەیش ڕێگر دەبێت لەوەی بزووتنەوەی کورد لەلایەن ناوەندە ئیمپریالیستەکانەوە بۆ مەبەستی تایبەت بەکاربهێنرێت، هەروەها عێراقیش دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ئیمپریالیەکان و ڕەگەزە کۆنەپەرستەکان لە ناوچەکەدا، کە ئەمەیش لە بەرژەوەندیی سۆڤیەتدا بوو. لە کاتێکدا پشتگیریی ئێران و ئەمریکا، ئامانجی پەکخستن و لاوازکردنی هەردوو لا بوو (حکومەتی عێراقی لایەنگری سۆڤیەت و بزووتنەوەی کوردیش) و بڕینی ڕێگا لە بەردەم هەژموونی

سۆڤیەت، تاوەکو ئێران بتوانێت سازش بە بەغدا بکات لە کێشە سنوورییە هاوبەشەکانی و کێشەکانی کەنداوی عەرەبی (فارسی).

گەڕان بەدوای پارەدا، خەمی سەرەکیی سەرکردایەتیی کورد بوو، بەشێوەیەك دەگەڕان کە تەواو لە شێوازی سوالکەران دەچوو، سەرۆکی حیزبەکە هیچ ڕێگەیەکی تری نەدەزانی بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری. (یڤگینی پریماکۆف) پەیامنێری پراڤدا کە دواتر بوو بە بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی دەرەوەی ڕووسیا و پاشان وەزیری دەرەوە و دواتریش سەرۆک وەزیرانی ڕوسیا، وەها دەگێڕێتەوە: دوای ڕۆشتنم لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٣، لە بەغدا چاوم بە سەددام حوسێن کەوت، ئەو هانی دام کە سەردانی بارزانی بکەم و وتی: مەلا موستەفا تێناگات. هەروەها پێیگوتم: بۆچی دوای سێ ساڵ لە سەردانی پچڕپچڕ بۆ عێراق سەردانی ئەوم نەکردووە؟ هەروەها وتی: لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە مەلا موستەفا هەست نەکات یەکێتیی سۆڤیەت پشتی تێکردووە. ئەمە قسەی سەددام حوسێن بوو بۆ من و زیادی کرد: ئێمە جێکەوتی تۆ لەسەر ئەو دەنرخێنین. پریماکۆڤ بەرەو کوردستان بەڕێکەوت و فڕۆکەیەکیان بۆ ئامادە کرد بۆ کەرکوک و پاشان بە هەلیکۆپتەر بۆ ناوچەی ڕواندز بۆ بینینی مەلا موستەفا، پریماکۆڤ بەردەوام دەبێت: حکومەتی عێراق بەتایبەتی نیگەران بوو (دەبێت دان بەوەیشدا بنێین کە کرێملینیش نیگەران بوو) لە گەشەکردنی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ڕۆژئەی ئێران، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر کاری بۆ بەهێزکردنی کردبوو. [١٤٢]هەروەها زانیاریی باوەڕپێکراو هەبوو سەبارەت بە سەردانی نێردراوەکانی بارزانی بۆ تەلئەبیب، ئیسرائیل لە هەوڵیدا بۆ قۆستنەوەی کێشەی کورد لە عێراق بۆ لاوازکردنی نەیارەکەی، بڕە پارەیەکی کەمی بۆ بزووتنەوەی کورد ناردبوو، کاتێک ڕاستەوخۆ لە بارزانیم پرسی سەبارەت بە سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شای ئێران؟ لە وەڵامدا گوتی: لە

[١٤٢]بە بڕوای پریماگۆڤ وشنتۆن حەزی نەدەکرد پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد دروست بکات، بەڵام لەبەر خاتری شای ئێران و بە پێداگریی ئەو پەویەندیی دروستکرد، ئەوەش دوای سەردانەکەی نیکسۆن بوو بۆ مۆدکۆ و ڕاوەستانی لەتاران کە لەوکاتەدا شاو چاوی بە نیکسۆن کەوت لە ٣٠-٣١ ئایار ساڵی ١٩٧٢ (کۆمینتی نوسەر)

دەرگایەکم دا و داوای نانم کرد، هیچم پێنەدرا (مەبەستی بەغدایە) دەبێت چی بکەم؟ ئایا لە برسان بمرم؟ دواتر لە دەرگایەکی ترم دا، کێ دەبێت سەرزەنشت بکرێت؟ من یان ئەو کەسەی دەریکردم؟ [١٤٣]

لە پەرتووکی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (جۆناسان ڕاندڵ)دا هاتووە: مەلا موستەفا وتوویەتی: (کورد) وەک ئەو نابینایەیە کە لەبەر دەرگای مزگەوتەکان دادەنیشێت، تا نوێژخوێنان کاتێک دوای تەواوبوونی نوێژ لە مزگەوت دێنە دەرەوە، خێری پێ بکەن، (کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم کەسەی بەناوی تەواوی گەلێکەوە پارە کۆدەکاتەوە، هەر کە دەستی بەو پارانە دەگات ئیتر دەبنە موڵکی کەسیی خۆی و بە ئارەزووی خۆی خەرجیان دەکات، بێ لێپرسینەوە و شەفافییەت و تەنانەت نەتوانینی گەنگەشەکردنێکی بابەتەکەیش لەلایەن هیچ کەسێکەوە)، مۆڵگەی نەگبەتیی گەورە لە تێکدانی بونیادی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی کوردیدا لێرەدا خۆی حەشارداوە.[144]. مەکتەبی سیاسی و لیژنە سەربازییەکانی تر کە لە ڕووی دارایییەوە پشت بە سەرۆکی پارتی دەبەستن، ناتوانن دژایەتیی سیاسەتە هەڵەکانی بکەن. چونکە پشتبەستن بە دارایی، هۆکارە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بۆ بڕیاردان لە هەرکارێک لە بەردەم کەسە پارە بە دەستەکەدا ئیفلیج دەکات، سەرۆکی حیزب زۆر بەتوندی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ئەو ئازاد بێت لە چۆنێتیی مامەڵەکردن بە دارایییەوە. ئەمەیش شێوازی باڵادەست بوو لە کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٤ - ١٩٧٥، پاشان هەمان نموونە دوای ساڵی ١٩٩١ و تا ئەمڕۆیش دووبارە دەبێتەوە.

لەدوای سەردانی یەکەمی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (دانا ئادەمز شمێد) بۆ مۆڵگەکانی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٦٢، سەرکردایەتیی کورد هەوڵی زۆری دا بۆ نزیکبوونەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام بێ ئەنجام بوو. لە ئەرشیفێکیدا دیالۆگێکی ئەمریکی دەبینین کە ڕێکەوتی ١٩٦٩/٥/٢٩ی لەسەرە بە ناونیشانی:

[143] Yevgeny Primakov ،Ibid, p:336.

[144] محمود عثمان، س.پ، ٦٣-٦٤.

(هەڕەشەی کورد بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک، پشتگیریی ئێران و ئیسرائیل بۆ ئاشوورییەکان) ئاماژە بەوە دەکات کە قسە لە نێوان (Zaya Malek Isma'il, Sam (Andrews, William Yonan, Rodger P. Davies, Bryan H. Baas) و چەند کەسێکی تردا هەبووە، کە نوێنەرایەتیی لایەنی ئەمریکییان کردووە. ئەندرۆس ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو و ئیسماعیل لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٦٩ سەردانی ئێرانیان کردووە و پاشان چوونەتە کوردستان و لە ٢٠-٢٣ی نیسانی ١٩٦٩ لەگەڵ مەلا موستەفا کۆبوونەتەوە و نامەیەکی مەلا موستەفایان پێیە، بۆ ڕۆجەرز وەزیری دەرەوە کە بە عەرەبی نووسراوە، نامەکە دوای هەفتەیەک بە فەرمی لەگەڵ شەفیق قەزاز نوێنەری کورد لە واشنتۆن ڕادەست دەکرێت.

ئەرشیفەکە دەڵێت: مەلا موستەفا دەیەوێت ئاگادارمان بکاتەوە کە لەژێر فشاری شوێنکەوتووانیدایە بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکان، کوردەکان لە داهاتوودا گرنگی بەم بابەتە دەدەن، ڕاستی ئەوەیە کە پترۆڵ پارە بۆ حکومەتی عێراق دابین دەکات و چەکی پێ دەکڕدرێت بۆ هێرشکردنە سەر کورد، ئەندرۆس لە وەڵامی پرسیارێکی (برایان باس)دا وتی: مەلا موستەفا هیچ شتێکی ناوێت لە بەرامبەر ڕێکەوتنی هێرش نەکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکان. مەلا موستەفا تەنها ویستی ئێمە ئاگادار بین. هەروەها وتی: بە دڵنیاییەوە مەلا موستەفا چاوی لە پشتگیرییە لە هەر کوێیەکەوە بێت. هەروەها وتی: مەلا موستەفا وتوویەتی ئارەزوو دەکات کوردستان ببینێت کە بووەتە ویلایەتی ٥١ی ئەمریکا.[١٤٥]

ئەم سەردانەی ئەوان بۆ کوردستان، وایدەخواست مۆڵەتی شای ئێران وەربگیرێت و وا دیارە نوێنەرانی ئاشووری لە ئەنجومەنەکەدا ئەم ئەرکەیان ڕێکخستووە، ئامانجی سەردانەکە بۆ کوردستان بۆ زانینی بارودۆخی ئاشوورییەکان بووە لە شوێنە کوردنشینەکاندا.

[145] Memorundom of Conversation, Washington, May 29, 1969. Archives RG 59, Central Files 1967-69, PET IRAQ.

شا، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بونیادنانی پەیوەندییەکی سنووردار و نهێنی. لەوەی سەرکردایەتیی کورد بە هەڵە بە پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ حکومەتی ئەمریکای دادەن، مەلا موستەفا جیاوازی نەدەکرد لە نێوان ڕۆڵی دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی (C. I. A) و ڕۆڵی حکومەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ڕیچارد نێکسۆن و ڕۆڵی کۆنگرێس، ئەمەیش بووە هۆی دروستبوونی متمانەیەکی زۆری لە ڕادەبەدەر بە خۆی، سەرەڕای نەبوونی بەڵگەی جیدی بۆ ئەم پشتگیرییە، لێرەدا پێویستە بەدواداچوون بۆ گەشە و پەرەسەندنی ئەم پەیوەندییە مەترسیدارە بکرێت، لە نێوان سەرکردایەتییەک کە بانگەشەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دەکات و دەزگای (C. I. A) کەبە دوژمنایەتیکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان و پشتگیریکردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییە تۆتالیتارەکان، لە نێویاندا ڕژێمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە.

پێش هەوڵی تیرۆرکردنە سەرنەکەوتووەکەی مەلا موستەفا لە ١٩٧١/٩/٢٩، مەلا موستەفا پارێزەر (زەید عوسمانی ٤٧ ساڵ)ی ڕاسپارد بۆ پەیوەندیکردن بە ئەمریکییەکانەوە، ئەرشیفێکی ئەمریکی بە ڕێکەوتی ١٦ی تەممووزی ١٩٧١ کە لە باڵیۆزخانەی بەیروتەوە نێردراوە، بەڵگەنامەیەکە ئاماژە بەو دیالۆگە دەکات کە زەید عوسمان نێردراوی مەلا موستەفا ئەنجامی داوە و تێیدا وتوویەتی: خەونی مەلا موستەفا، هاوکارییە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەیەوێت ئەمریکا بزانێت کە کورد داواکارییەکانی حکومەتی عێراقیان بۆ ئەنجامدانی کاری دوژمنکارانە دژی ئێران ڕەتکردووەتەوە. هەروەها ئەوان کوردی تورکیایان دژی حکومەتەکەیان هان نەداوە و دەستوەردانیان لە کاروباری تورکیادا نەکردووە. هەروەها مەلا موستەفا ئامادەیە بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەموو کاروبارێکی سیاسی، بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکا و لەناوبردنی هەموو ئەو توخمانەی کە دوژمنی ئەمریکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا. هەروەها مەلا موستەفا ئارەزووی دروستکردنی ڕایەڵەیەکی نهێنی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات تا 'ئامۆژگارییان لێ وەربگرێت سەبارەت بە ئاراستەکردنی کاری شۆڕشگێڕانە دژی ڕژێمی بەغدا'. لە

حاڵەتی قبوڵکردندا ئەوا مەلا موستەفا (ئیدریسی کوڕی) تەمەن ٢٧ ساڵ دەنێرێت بۆ واشنتۆن، کە یەکێکە لە لێهاتووترین کوڕەکانی لەناو شەش کوڕەکەیدا. ئەو بەو شێوەیەی پێویستە بە ئینگلیزی قسە ناکات، بەڵام زەید عوسمان هاوەڵی دەبێت[١٤٦]. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زەید عوسمان، پێشتر چاوی بە شا فەیسەڵ کەوتبوو.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیروت لە ١٩٧١/١٠/٣ تەلەگرافێکی بۆ وەزارەتی دەرەوە نارد، کە وێنەیەکی بۆ تاران بوو سەبارەت بە دیدارێک کە لە ١٩٧١/١١/٢ لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم ئەنجامدرا، [١٤٧]کە پۆستی سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەبوو، تێیدا هاتووە (ناوبراو هاتبوو داوای پشتگیریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات، پرسیاری ئەوەی دەکرد بۆچی هیچ وەڵامێک لە ئەمریکاوە نەهاتووە سەبارەت بە چەندین داواکاریی پێشووتری مەلا موستەفا، لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە لە تاران و بەیروت، بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیی دژی حکومەتی بەغدا. وەڵامەکە ئەوە بوو کە پەرەنسیپی دەستوەردانەدان لە عێراقدا جێبەجێ دەکرێت. نەک تەنها بەرامبەر کێشەی کورد بەڵکو بۆ هەموو لایەنەکان). وەک ئەرشیفەکە ئاماژەی پێدەکات (لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەم جۆرە دیدارانە بێبەرهەمن و ڕەنگە هیوای درۆیینە و لێکتێگەیشتنی هەڵە لە داهاتوودا دروست بکەن). [١٤٨]

لە ڕاپۆرتێکی (ساواک)دا لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١دا هاتووە: حکومەتی بەرەی نیشتمانیی عێراق، دوژمنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دەبێت و دەڵێت: ڕێبەری کورد مەلا موستەفا بارزانی، تەنها کەسە کە لە ڕێگەیەوە دەکرێت دژی حکومەتی بەرەی نیشتمانی کار بکرێت، هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و مۆسکۆ و فشارخستنە سەر کورد بۆ چوونە ناو بەرەکەوە

[146] Airgram 222 from the Embassy in Lebanon to the Department of the State.16 July 1971.

[١٤٧]، پاش هەرەسی شۆڕشی کورد (١٩٧٥) حبیب محمد کریم لەڕێگەی قاهیرەوە گەڕایەوە بۆ بەغداد (کۆمینتی نووسەر).

[148] Telegram 9689 From the Embassy in Lebanon to the Department of State, November 3, 1971

دەکات. ساواکی ئێرانی ئەم پەرەسەندنانەی بە نیشانەیەک دەبینی بۆ پێشڕەویی هەژموونی سۆڤیەت و بەهێزبوونی لە عێراقدا، بەڵای ساواکەوە دەبێتە هۆی کێشەنانەوە بۆ ئێران و وڵاتانی کەنداو لە ئەنجامی ئەم پەرەسەندنانەدا، ساواک جارێکی تر داوای یارمەتیی ئەمریکای کرد دژی ڕژێمی بەعسی عێراق، لە یارمەتی دارایی و کەرەستەی سەربازی و پشتگیریی سیاسی، هەموو ئەمانەیش لە دەوری مەلا موستەفا دەسووڕانەوە.

هەروەها لە نامەیەکی تری ساواک لە ١٥ی ئاداری ساڵی ١٩٧١ بۆ (C. I. A) هاتووە: مەلا موستەفا داوای لە ساواک کردووە حکومەتی ئەمریکا ئاگادار بکاتەوە، کە ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا عێراق هەمان پێگەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی دەبێت کە پاشکۆی یەکێتیی سۆڤیەتن، ساواک جارێکی تر داوای لەئەمریکا کرد تا یارمەتیی پێشکەش بە مەلا موستەفا بکات، بۆ ڕێگری لە پێکهێنانی حکومەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق، بەواتایەکی تر ڕێگری لە پێکهێنانی حکومەتێک کە هەژموونی شیوعییەتی بەسەردا زاڵ بێت. پێشنیارەکەی ساواک بەردەوام دەبێت و دەڵێت: دەکرێت یارمەتییەکان بە نهێنی لە ماوەی (.....) بنێردرێن، کە هیچ کەس جگە لە مەلا موستەفا پێی نەزانێت. هەروەها ئەرشیفی ئەمریکی دەڵێت: داواکاریی هاوشێوە لەلایەن ساواکەوە وەک نوێنەرایەتیی مەلا موستەفا، لە ماوەی یەک دەیەدا پێشکەش بە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کراوە.

هەڵسەنگاندنی ئەمریکا بۆ پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢دا بە مەترسیی دەزانی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتننامە سەربازییەکەی مانگی سێپتێمبەری ١٩٧١ نێوانیان فراوانتر بوو، چونکە قەبارەی یارمەتییە سەربازییەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق حەوتسەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندبوو.[١٤٩]

هەروەها هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی دوورگەکانی کەنداو لەلایەن ئێرانەوە، نیشانەیەک بوو بۆ ئەوەی سۆڤیەت تێبگات کە توانای نیە بەسەریاندا

[149]. Telegram Department of State 12737. To the Embassies in Iran, the United Kingdom and Soviet Union, January 22, 1972.

و هۆکاره بۆ نەبەستنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئێراندا. تەلەگرافەکە دەڵێت: "لە نیگەرانیی ئێران تێدەگەین؛ سەبارەت بە ڕێکەوتنی نوێی سۆڤیەت و عێراق بۆ دابینکردنی چەک بۆیان، بەهۆی گەمژەیی و چاوتێبڕینی عێراق لە کەنداودا، بەڵام پێمان وا نییە سۆڤیەت یارمەتییە سەربازیەکانیان بۆ عێراق وەك بەشێک لە سیاسەتی دژایەتیکردنی ئێران بێت لە ناوچەکەدا. بەڵام لە حاڵەتی زیادبوونی وەبەرهێنانەکاندا، ڕەنگە سۆڤیەتییەکان کەمتر ئارەزووی ئەوە بکەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق بخەنە مەترسییەوە، هەرچەندە خواستێکی کەمتریان هەبێت لەوەی بەرامبەر فشارەکانی عێراق بەمەبەستی دەستکەوتنی هاوکاریی سەربازی و ئابووریی زیاتر. بە بڕوای ئێمە ڕێککەوتننامە سەربازییەکە تەنها بۆ ڕازیکردنی بەغدایە و هیچ هەڕەشەیەک بۆ شا دروست ناکات،" [150]هەروەها تەلەگرافەکە ئاماژە بەوە دەکات کە خەسڵەتی سیاسەتی سۆڤیەت، کارکردنە لەگەڵ هەردوو لایەنی شەقامەکە و ئەمەیش تەنها بۆ ئێران و عێراق نییە. بەڵکو هەمان سیاسەتی مەترسیدار لە هەردوو یەمەنەکەیش پەیڕەو دەکەن.

سەرکردایەتیی کورد؛ وایدەبینی کە بارودۆخ گونجاوە بۆ هەوڵێکی نوێ، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی ئەمریکییەکان. ئەویش لە ڕێگەی نیشاندانی فشارەکانی سۆڤیەت لە مەلا موستەفا بۆ چوونە ناو حکومەتی بەرەی نیشتمانییەوە، مەلا موستەفا پێیوایە "بزووتنەوەی کوردیی عێراق و گەلی عێراق لە مەترسیدان و ناچارن تەسلیم بن. مەگەر ئەوەی هاوکاری لە دەرەوەی عێراق وەربگرن، دەرەنجامی ئەمەیش ئەوە بوو کە مەلا موستەفا دووبارە پلانی ناردنی کەسێکی دارشت، بۆ ئاگادارکردنەوەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نیگەرانییەکانی و ڕێکخستنی سەردانێکی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی خۆی بتوانێت داواکاری و پاڕانەوە بۆ دۆزەکەی پێشکەش بکات[151]"، مەلا موستەفا ئاماژەی بەوەیش کردووە کە هیچ ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ

[150] Ibid

[151] Memorandom from the Chief of the Near East and South Asia Division of the C.I.A (Waller) to the Assistant Secretary of state for Near Eastern and South Eastern Asia Affairs (Sisco), Washington, March 9, 1972.

حیزبی بەعسی عێراق واژۆ ناکات، تا ئەوکاتەی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر دۆزەکەی هەڵدەسەنگێنێت. لە هەمان کاتدا ساواکی ئێرانی، باڵیۆزخانەی ئەمریکای لە تاران ئاگادار دەکردەوە لە زیادبوونی هەژموونی سۆڤیەت لە عێراق و داوای هاوکاریی ئەمریکای دەکرد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و پێکهێنانی حکومەتێک لە پەنابەرە عێراقییەکان، کە بنکەکەی لە باکووری عێراق بێت و لەژێر پاراستنی مەلا موستەفادا بێت. بەڵام نوێنەری ئەمریکا لە تاران تەنها بەوە وەڵامی دانەوە؛ کە ئەم زانیارییانە بۆ ناوەند دەنێرێت. [١٥٢]

ئەم هەوڵانە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٢ بەرهەمیان نەبوو، با سەیری ئەو ئەرشیفانەی ئەمریکا بکەین کە تیشك دەخەنە سەر هەوڵە بەردەوامەکانی سەرکردایەتیی کورد بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە ڕاستیدا تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێش واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ مۆسکۆ سەبارەت بە مەترسیی عێراق، لەگەڵ تێڕوانینی شا یەکی نەدەگرتەوە، چونکە واشنتۆن پێیوابوو عێراق نابێتە هەڕەشە. هەروەها سۆڤیەتییەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ شادا ناکەنە قوربانیی بەغدا، هەروەها ئەمریکییەکان پێیانوابوو عێراق لە پراکتیزە سەربازییە نوێیەکاندا خاوە، سەرەڕای توانای سوپای عێراق بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی خۆیان، بەڵام توانای بەرگریکردنی لە ئاست هێرشی تورکیا یان ئێراندا نییە، هەوڵەکانی بەعس بۆ ملپێکەچکردنی سوپا بۆ دەسەڵاتەکەی و پاکتاوکردنی جەستەیی ئەو ئەفسەرانەی لایەنگری بەعس، نین سوپاکەی لاواز کردووە. واشنتۆن ئاگاداری ئەوە بوو کە سۆڤیەتییەکان ئامادەکارییان بۆ کەشتیڕانیی خۆیان لە بەندەری ئوم قەسری عێراقی کردووە، هەروەها ئەوەیشیان دەزانی کە سۆڤیەتییەکان لە هاوپەیمانەکەیان (عێراق) ڕازی نین، لەبەرئەوەی نەگەیشتووەتە ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و قەرزەکانیشیان نەداوەتەوە، بەڵام

[152] Memorandom from the Chief of the Near East and South Asia Division of the C.I.A (Waller) to the Assistant Secretary of state for Near Eastern and South Eastern Asia Affairs (Sisco), Washington, March 9, 1972.

واشنتۆن لەو بڕوایەدا بوو کە ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ کوردەکان، عێراق بەهێز دەکات و ئازادیی جووڵەی لە کەنداودا پێدەبەخشێت، بەڵام دوای ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان بزووتنەوەی کورد و حکومەتی بەعسدا و پێداگرییان لەسەر هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەها بەسەر عێراقدا، نیشانەی ئەوە بوو کە ناسەقامگیری لە عێراقدا بەردەوام دەبێت، وێڕای ئەوەی واشنتۆن سیاسەتەکانی بەغدای بەدڵ نەبوو، بەڵام ڕەتی دەکردەوە هاوکاری پێشکەش بە کوردەکان بکات، ڕەنگە واشنتۆن وای بینیبێت کە عێراق وڵاتی پاشاگەردانی و کۆدەتا خوێناوییە یەک لەدوای یەکەکان بێت و ڕژێمی بەعسیش دوور نییە لە ئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان ئەندامە ڕکابەرەکان لەسەر دەسەڵات لە ناو حیزبەکەدا، بڕووخێت. سەددام حوسێن درکی بەو مەترسییانە کردبوو کە ڕووبەڕووی ڕژێمە نوێیەکە دەبنەوە، بۆیە توانیی سەرکەوتوو بێت لە بەهێزکردنی ڕژێم بە واژۆکردنی ئەوەی ناونرا بەیاننامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ کە ئامانجی سەرەکی تێیدا، خۆتەرخانکردن بوو بۆ لەناوبردنی نەیارانی ناوخۆ و چەسپاندنی چنگیان بەسەر پایەکانی دەسەڵاتدا و پاشان لێدانی بزووتنەوەی کورد.

ئەرشیفێکی تری ئەمریکی لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٣/٢٠ دەڵێت: دوای سەردانەکەی سەددام حوسێن تکریتی بۆ مۆسکۆ لە مانگی شوباتدا، حکومەتی بەعسی عێراق پەیوەندیی بە ڕێبەری کوردەوە کردووە و داوای لێکردووە واژۆ لەسەر (پەیمانی نیشتمانی) بکات، دوای چەند ڕۆژێک لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٢/٢٨ شاندێکی سۆڤیەتی کە پێکهاتبوو لە چوار دیپلۆماتکار، گەیشتنە بارەگای مەلا موستەفا، گەیشتنی ئەوان ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، ئەندامانی شاندەکە بریتی بوون لەمانە:

- ڕومانیتسیف RUMANYTSEV لە بەشی نێودەوڵەتی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت.
- فیۆدۆرۆڤ (FIODOROV) کە وەک یاریدەدەری کەسی یەکەم ناسێنرا (کەسێک بە هەمان ناو لە ناو باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا کاری دەکرد. ڕەنگە هەر هەمان کەس بێت).
- ئازارۆڤ (AZAROV): سکرتێری یەکەم لە باڵیۆزخانەی بەغدا.

- خاجییف (KHAJIEFF): ناسنامەکەی دیار نییە.
- وەفدەکە ئەم پێشنیارانەیان پێشکەش کرد:
- دەبێت کوردەکان پەیمانی نیشتمانی واژۆ بکەن و بچنە ناو بەرەی گەلی بە سەرکردایەتیی حیزبی بەعس و شیوعییە عێراقییەکانیش دەچنە ناو هەمان بەرەوە.
- سۆڤیەتییەکان ناوەندێکی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان دادەمەزرێنن کە ئامێری پەیوەندیی (W/T)ی تێدایە لە بارەگای مەلا موستەفا، ئەرکی ئەم ئامێرە پاراستنی پەیوەندییەکان و مەلا موستەفا دەبێت.
- بارزانی بانگهێشت دەکرێت بۆ سەردانی یەکێتیی سۆڤیەت و پارێزراویی دەستەبەر دەکرێت.
- بەڵێنی پشتگیریی سۆڤیەتیان بە بارزانی دا، ئەگەر ئەو پێشنیارانە قبوڵ بکات.
- ئەرشیفە ئەمریکییەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەگەری هەیە ئەم هەنگاوەی سۆڤیەت، ڕەهەندی جیۆستراتیژیی گرنگی هەبێت، پێدەچێت ئامانجی سۆڤیەت لەمەدا ئازادکردنی سوپای عێراق بێت بۆ مەبەستی سەربازی و سیاسی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی لە ناوچەی کەنداوی فارس و ئاراستەکردنی بێت دژی بەرژەوەندییە نەوتییەکان لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای هەوڵەکانی سەرکردایەتیی کورد لە ناردنی نێردراوەکانی بۆ پەیوەندیکردن بە باڵیۆزخانە ئەمریکییەکانەوە (وەفدی ئاشووری، حەبیب محەمەد کەریم، زەید عوسمانی پارێزەر) و پشتگیریکردنی ئەم هەوڵانە لەلایەن ساواکی ئێرانییەوە، بەڵام هەوڵەکان بێبەرهەم بوون، وەک ئەوەی ئەرشیفێکی ئەمریکی ئاماژەی پێدەکات کە لە ٢٧ی ئاداری ١٩٧٢ کە لە تارانەوە نێردراوە دەڵێت: ساواکی ئێرانی دووبارە [.....] بە پێداگرییەوە داوای لێکردین کە هاوکاری لە ڕێگەی [.....] پێشکەش بە ڕێبەری کورد مەلا موستەفا بکەین، لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا، هەمان داواکاریمان پێگەیشتووە و ڕەتمانکردووەتەوە، هەروەها بەریتانییەکانیش خۆیان لە تێوەگلان پاراستووە، ئیسرائیلییەکان ڕەنگە مانگانە بڕە پارەیەکی گرنگ بە مەلا موستەفا بدەن، کاتێک شا حوسێن دێتە ئێرە ڕەنگە داوای دەستوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات [.....]،

پاشان ئەرشیفەکە ئاماژە بەوە دەکات کە سۆڤیەتییەکان فشار دەخەنە سەر مەلا موستەفا و کوردەکان، تا بچنە ناو حکومەتی بەرەی نیشتمانیی عێراق کە شیوعییەکان و ناسرییەکان و کوردەکان بە سەرکردایەتیی حیزبی بەعس لەخۆدەگرێت. پاشان دەڵێت: ئامانجی جووڵەی ئێرانییەکان هەوڵدانە بۆ ڕووخاندنی حکومەتی بەعس و کەمکردنەوەی دەرفەتی بەهێزبوون و ڕۆڵی سۆڤیەت لە عێراقدا، ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە هەوڵەکانی سۆڤیەت دەکەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ عێراق، هاوشێوەی ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت – میسر. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی (C. I. A) حەز لە تێوەگلان ناکەن، چونکە هەر هاوکارییەک کە بارزانی پێویستی بێت، ئێران و ئیسرائیل دەتوانن بۆیان دابین بکەن. ئەوان هیچ شتێکیان لە ئێمە ناوێت تەنها تێوەگلانمان نەبێت، فاکتەرێکی تر ئەوەیە کە چانسی سەرکەوتن لە بەرژەوەندیی کوردەکاندا نییە، هەروەها دەستوەردانمان بۆ یەکەمجار لەم بارودۆخەدا، ڕەنگە سۆڤیەتییەکان وەک کارێکی ئاراستەکراو دژی خۆیان ببینن. بۆیە من خۆم وای دەبینم کە دوور بکەوینەوە، وەک ئەوەی لە ڕابوردوودا کردوومانە. بەڵام ئێوە بزانن کە ئەم بڕیارە بەهۆی هۆکار و هەبوونی سۆڤیەتەوەیە بۆ ئاگاداریتان.

ئەرشیفێکی تر لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئاداری ١٩٧٢ بە واژۆی ڕیچارد هێڵمز، ئاماژە بە هەوڵەکانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و سۆڤیەت: ڕێبەری کورد مەلا موستەفا لە مانگی ئاداری ١٩٧٢ نوێنەرێکی نارد بەناوی (زەید عوسمان)، بۆ پەیوەندیکردن بە حکومەتەکانی (ئوردن و ئەمریکا) بۆ مەبەست و داوای هاوکاری و بانگهێشتکردنی سەرۆکوەزیرانی پێشوو (جەنەراڵ عەبدولڕەزاق نایف)، بۆ بەشداریکردن لە حکومەتێکی عەرەبی - کوردی لە باکووری عێراق، نێردراوەکە وتی؛ مەلا موستەفا پێیوایە ڕۆژئاوا چاوپۆشی لە ئاماژە نوێیەکانی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق ناکات. هیوای خواست وەڵامێکی ئەرێنی وەربگرێت بۆ چەند داواکارییەک کە هەیانە:

١. بەردەوامیی دیالۆگی سیاسی.

٢. پێدانی هاوکاریی دارایی.

٣. دابینکردنی (وێستگەیەکی پەخشی ڕادیۆ) و مەشقکردن بۆ بەگەڕخستنی.

٤. هاوکاری لەگەڵ هەواڵگریی کورد بە سەرۆکایەتیی مەسعوود.

٥. بەخشینی هەندێک هەلی خوێندن بە کوردەکان، بۆ خوێندن لە زانکۆ ڕۆژئاواییەکان.

پاشان نێردراوەکەی مەلا موستەفا، بارودۆخی گشتیی عێراق شی دەکاتەوە و چەند زانیارییەک دەدات. وەک (ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان مۆسکۆ و بەغدا گەشە دەکەن) و (پەیماننامەی دۆستایەتی کە سەددام حوسێن لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ مۆسکۆ لە شوباتی ١٩٧٢ باسی کرد) و (فشاری سۆڤیەت بۆ سەر کوردەکان، بۆ واژۆکردنی پەیمانی نیشتمانی لەگەڵ بەعسی عێراق و حیزبی شیوعیی عێراق).

هەروەها زەید عوسمان وتی؛ ئەم پەرەسەندنانە، کوردەکانیان خستووەتە گۆشەیەکی تەسکەوە. ئەگەر ناچاریان بکەن ڕازی بن بە پەیمانی نیشتمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی و حیزبی بەعس، ئەوا لە داهاتوودا ڕزگاربوون لێی، مەحاڵ دەبێت. بەتایبەتی لەگەڵ قەبارەی پشتگیریی سۆڤیەت بۆ حکومەتی بەعس لە بەغدا. بەڵام ئەگەر کوردەکان ڕەتی بکەنەوە؛ ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی پێشبینییەکانی دەستپێکردنەوەی شەڕ ببنەوە. لە کاتێکدا سۆڤیەتییەکان فشار دەخەنە سەر کورد بۆ چوونە ناو بەرەکە. بەڵام ئێرانییەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن بۆ قەناعەتپێکردنی کوردەکان، کە نەچنە ناو ئەو بەرەیە. ئێرانییەکان داوایان لە ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا موستەفا کرد؛ کە لیستێکیان بۆ بنێرێت لە پێداویستییە هەنووکەییەکانیان لە کەرەستەی سەربازی و مادەی، کە بەشێوەی سەرەتایی ڕەزامەندییان لەسەر ناردنیان دەربڕیوە. بەڵام بەو شێوەیەیش متمانەیان بە ئێران نییە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیاندا.

زەید عوسمان بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی: کوردەکان چی تر بە تەنها لە چوارچێوەیەکی کوردیی پەتی بیر ناکەنەوە، بەڵکو خۆیان لەناو پەرەسەندنە نوێیەکاندا دەبینەوە، لە چوارچێوەی کێشەی نیشتمانیی عێراقیدا. جگە لەو دەرەنجام و لێکەوتانەی کە لە واژۆکردنی چاوەڕوانکراوی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی عێراق - سۆڤیەت دەکەوێتەوە لە هەموو ناوچەکەدا، لە هەوڵێکیاندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکە لە

ناوەڕۆکە نیشتمانییەکەیدا، کوردەکان پەیوەندییان بە گرووپە پەنابەرە عەرەبەکانەوە لە قاهیرە کرد، بەڵام متمانەیان پێنەکردن، (.....) پێشنیاری کرد ئەگەر (.....)ڕوای هێنا و ئەگەر ساتی گونجاو هات، ئەو خۆی دەبێت بەشداری بکات لە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی عەرەبی - کوردی کە بنکەکەی لە کوردستان بێت و دروشمی شۆڕشی عێراقی لە باکوور هەڵدەگرێت. دەبێت لیژنەکە (عەرەبی – کوردی) پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەگەڵ جیهان دروست بکات و حکومەتێکی نیشتمانی لە باکوور پێکبهێنێت (دوای ئامادەکردنی بنەمایەکی دەستووری بۆ ڕژێمێکی نوێ). پاشان داوا لە سوپای عێراق بکات بۆ هاوکاری و دەرکردنی بەعس لە بەغدا، دەبێت لیژنەی عەرەبی - کوردی بۆ ئێرانی ڕوون بکاتەوە کە لە کاتێکدا هاوکاریی سەربازی و ماددیی ئێران قبوڵ دەکات، بەڵام هاوکات حەز بە هەژموونی ئێران و دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی عێراق ناکات. ئەزموونی درێژخایەنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا، هیچ جێگەیەک بۆ گومان ناهێڵێتەوە کە ئەو (ئێران) دەیەوێت حکومەتێکی لاواز لە بەغدا دابمەزرێنێت بە سەرکردایەتیی سەرکردەی نەشیاوی وەک (عەبدولغەنی ڕاوی).

یاداشتەکە ئاماژە بە زەید عوسمان دەکات و دەڵێت: ئەو درکی بەوە دەکرد کە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر کورد بەشێوەیەکی نەریتی لەسەر بنەمای تێوەنەگلان دارێژراوە [.....] و ئەو قسانەی عوسمان دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێت: کوردەکان باوەڕ ناکەن هێزە ئەوروپییەکان بە بێدەنگی بمێننەوە، کاتێک گرنگیی ئەو پەرەسەندنانە دەبینن کە عێراق بەخۆوەی دەبینێت. زەید عوسمان دەڵێت؛ نامەیەکی نووسراوی مەلا موستەفای بە زمانی عەرەبی پێبوو، کە پێشکەش بە (Rogers, William P)ی بکات بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕۆژئاوا لە بەهێزبوونی هەژموونی سۆفیەت لە عێراق و ئەو فشارانەی سۆفیەت و بەعس دەیخەنە سەر کورد، بۆ چوونە ناو بەرەی نیشتمانیی عێراق، ئاگادارکردنەوەیان لەوەی کە ئەمە چ زیانێک بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا دروست دەکات و دەڵێت: جگە لەوەیش کوردەکان پێیانوایە سۆفیەتییەکان بەتەمان عێراق بۆ مەبەستی تێکدەرانە بەکاربهێنن، نەک تەنها لە ناوچەی کەنداو، بەڵکو دژی ئێران و تورکیایش. زەید عوسمان قسەکانی کۆتاییپێهێنا و وتی کە مەترسییەکان گەورەن و تەنها ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت ڕێگری لە تەشەنەکردنی سۆڤیەت لە عێراقدا بکات، ئەویش لە ڕێگەی پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کورد بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

هەروەها یاداشتێکی گفتوگۆ لە نێوان نێردەی بەرپرس لە کاروباری ئوردن (T. J. Scotes) و زەید عوسمان، نێردراوی مەلا موستەفا هەیە، (کۆبوونەوەکە لە هۆتێلی (Hay – Adams) لە واشنتۆن لە ١٩٧٢/٤/٣ دا ئەنجامدراوە)، سێ کۆبوونەوە لەسەر داوای زەید عوسمان بەڕێوەچوون و پوختەی قسەکان ئەوە بوو:

١. دوای سەردانەکەی سەددام حوسێن بۆ مۆسکۆ، هەژموونی سۆڤیەت لە عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

٢. سۆڤیەتییەکان، فشار دەخەنە سەر مەلا موستەفا بۆ چوونەناو حکومەتی بەرەی نیشتمانی، لەگەڵ (حیزبی بەعس و شیوعی) وەک بەشێک لە هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ بەهێزکردنی هەژموونیان لە عێراقدا.

٣. مەلا موستەفا نایەوێت بەشداری لە حکومەتی بەرەی نیشتمانیدا بکات، چونکە بە پیلانێکی دەزانێت بۆ لەناوبردنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤. مەلا موستەفا داوا لە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات پشتگیریی دارایی و سەربازییان پێشکەش بکات، تاوەکو بتوانێت حکومەتێکی عێراقی لە تاراوگە پێکبهێنێت لە کورد و عەرەب، کە بنکەکەی لە کوردستان بێت و لە ڕێگەیەوە کار بکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس. هاوکارییەکان دەکرێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێشکەش بە بارزانی بکرێن یان بە ناڕاستەوخۆ، بۆ نموونە لە ڕێگەی شا حوسێنەوە. ئەم هاوکارییانە ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا نەگات، ئەوا مەلا موستەفا ناتوانێت لە بەردەم فشاری سۆڤیەت و بەعسدا خۆی ڕاگرێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق بکەوێتە ژێر هەژموونی سۆڤیەت. ئەمەیش هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی جیهانی ئازاد لە کەنداوی فارس و تورکیا و ئێران دروست دەکات. لە یاداشتێکی تردا لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٥/٤ کە (Andrew I. Killgore) ناردوویەتی سەبارەت بە داواکاریی کورد بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەمریکا، وەرگێڕانی یاداشتەکەیشی لەگەڵدایە کە زەید عوسمان پێشکەشی

کردووە، کە دەڵێت: ئێمە بە نەرێنی وەڵامی داواکاریەکانمان دایەوە کە لەسەر تێڕوانینی ئێمە بووە وەک:

أ. سیستمێک کە بارزانی بیەوێت بەسەریدا زاڵ بێت، بە زەحمەت دەتوانێت خۆی ڕاگرێت لە بەرامبەر ئەو ئۆپۆزسیۆنە یەکگرتووە عەرەبییەی، کە دەیانەوێت لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق دروستی بکەن.

ب. هەژموونی ئابووریی سۆڤیەت لە عێراقدا تا ئاستێک چەسپاوە، کە تەنانەت ئەگەر بارزانی سەرکەوتوویش بێت لە کۆتاییهێنان بە ڕژێمی بەعس، ئەوا دیسان دیار نییە بتوانێت پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ مۆسکۆدا بپچڕێنێت. مەگەر لە دۆخێکدا کە ئێمە ئامادەبین بۆ دەستوەردانی دەستبەجێ و ڕەنگە بە هاوکارییەکی هەمەلایەنەی گەورە.

ج. پشتگیریکردنی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کۆدەتایەک، کە لە باشترین دۆخدا وا دەردەکەوێت ئامادەکارییەکی خراپی بۆ کرابێت، شاردنەوەی ئەستەم دەبێت. سەرکێشی دەکات و ئاستەنگ دروست دەکات لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، بەهۆی پشتگیریکردنی بزووتنەوەیەکی ناعەرەبی کە لەلایەن دەوڵەتانی ناعەرەبەوە (ئێران و ئیسرائیل) دژی 'عەرەب' پشتگیری کراوە.

د. ئاسانکاری بۆ هاتنە سەرکاری حکومەتێک لە بەغدا؛ کە کورد پشتیوان و پشتگیریی بکات، ڕەنگە ببێتە هۆی بەهێزکردنی هەستی ڕزگاریی کوردەکان لە ئێران و تورکیا. ئەمەیش لانی کەم لەگەڵ تورکیادا نیگەرانی دروست دەکات، ئەگەر نەڵێین لە ئێرانیش.

هـ. هەر هاندانێک بۆ کوردەکان، پاڵنەرێکی تر دەداتە خولیای نەتەوەیی کورد، کە ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی سەربەخۆیە و هەنگاوێکە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی زیاتری بارودۆخی ناوچەیەک، کەخۆی پێشوەختە پارچەپارچە کراوە.

بەڕاستی و بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین: بەبێ بوونی ئەرشیفێکی کوردیی جێگەی متمانە، ئەستەمە وردەکارییەکانی خلیسکان و لادانی تەواوەتی بەرەو تاران و هاوپەیمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە سۆڤیەتییەکان بزانرێت، نازانین ئایا گەنگەشە لە مەڕ ئەم بابەتە گرنگانە ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کراوە یان نا. وێڕای بانگەشەی هەبوونی کەسانی چەپ و ڕادیکاڵ لەناو مەکتەبی سیاسیدا

وەک (دارا تۆفیق، سالّح یوسفی، نووری شاوەیس و محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان – سامی -)، وا دیار نییە کێش و سەنگی ئەوان کاریگەریی نەبووبێت لەسەر ئاراستەکردنی سەرکردایەتیی کورد بەرەو تاران و هاوپەیمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە سۆڤیەتییەکان، بەڵام من وایدەبینم کە ئەم هەڵبژاردنە لە قۆناغی بەهێزبوونی هاوکاریی نێوان مۆسکۆ و بەغدا و پاشان توندکردنی فشارەکان لەسەر کورد، بۆ چوونەناو بەرەی نیشتمانی هاتبێت، کە سۆڤیەت و بەعس پێشنیاریان کردبوو و حیزبی شیوعییش چوبووە ناوی. بەپێی پێشنیارەکان کە لەڕێگای شاندەکەی سۆڤیەتەوە پێشکەش بە سەرکردایەتیی کوردیان کردبوو (پێشتر ئاماژەمان پێدا بە چوار بڕگە)، مۆسکۆ ویستوویەتی چارەسەرێک بۆ کۆکردنەوەی کورد و بەعسی و شیوعییەکان بدۆزێتەوە و لایەنی سۆڤیەتی ئامادەبووە بەشداری لە پڕۆسەکەدا بکات، تێڕوانینی سۆڤیەتییەکان وابوو هەر بازنەیەك کە لە هەر سێ لایەنەکە پێکهاتبێت، تووندوتۆڵ دەبێت و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی پیلانە دەرەکییە ڕۆژئاواییەکان دژی چەسپاندن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت. یەڤگینی پریماکۆڤ لە کتێبەکەیدا؛ ئاماژە بەوە دەکات کە لە دواییین سەردانی بۆ لای مەلا موستەفا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ و دوای ئەوەی قسەکانی لەگەڵ مەلا موستەفا تەواو کردن، ناوبراو لەگەڵ کاروانێکی پاسەوانەکاندا ڕۆیشت. یەڤگینی، لەگەڵ مەحموود عوسماندا پێش ڕۆیشتنیان، پشوویەکیان دا و سەرخەوێکیان شکاند. لە شوێنی پشووەکەیاندا، مەحموود عوسمان ڕای خۆی دەربارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا بۆ ناوبراو درکاندووە: "مەحموود عوسمان داوای لێکردم هەوڵ بدەم بۆ قەناعەتپێکردنی مەلا موستەفا، تاوەکو ئاستی داواکارییەکانی لەگەڵ بەغدا دابەزێنێت".[١٥٣] بەڵام ڕووداوی تیرۆرکردنەکە، مەلا موستەفای بە ڕادەیەک تووڕە و نیگەران کردبوو، کە توانای بیرکردنەوە و هاوسەنگیی لەدەستدابوو. هیچ بژاردەیەکی تری نەهێشتبووەوە، جگە لە دووڕکەوتنەوەی تەواو و کۆتایی لەگەڵ حکومەتی بەغدا.

[153] Yevgeny Primakov, Ibid, p:336.

سۆڤیەتییەکان درکیان بە مەترسییەکانی سەر ژیانی ئەو کردبوو، بۆیە گرێنتیی پارێزراوییان پێ دا، بەڵام بێ سوود بوو.

مەلا موستەفا، هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوەوە، خەونی بە نزیکبوونەوەی ئینگلیز و ئەمەریکیەکانەوە دەبینی، هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە بۆ ڕۆیشتن بەو ئاراستەیەدا. لە ئەرشیفێکی (C.I.A)دا کە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٣/٣١ی لەسەرە، لە بەڕێوەبەری هەواڵگریی ناوەندیی ڕیچارد هێڵمزەوە بۆ یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری نێردراوە، زانیارییەکان لە سەرچاوەکانی سەرکردایەتیی کوردەوە وەرگیراون و تێیدا هاتووە: پێشبینیی کوردەکان بۆ ئەگەری گەیشتنی بریژنێف یان کۆسیجین بۆ بەغدا لە مانگی نیسانی ١٩٧٢، بەمشێوەیەیە:

١. بەپێی زانیاریی ناو ئەرشیفەکە، سەرکردە کوردەکان پێیانوایە سەردانەکەی سەددام حوسێن تکریتی (سکرتێری گشتیی حیزبی بەعس و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) بۆ مۆسکۆ لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٧٢، قۆناغێکی نوێی لە هاوکاریی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە بەغدا دەستپێکردووە. نوێنەرانی کورد لە بەغدا؛ ڕاپۆرتیان ناردووە دەربارەی تێبینییە ئەرێنییەکانی ئەفسەرێکی باڵا، سەبارەت بە واژۆکردنی ڕێکەوتنێک لە مۆسکۆ، بۆ دابینکردنی هاوکاریی سەربازی لە کاتی سەردانەکەی سەددام حوسێندا، کە (مینی دەریایی، بەلەمی تۆرپیدۆ، تانک و هەروەها بەڵێنی پێدانی فڕۆکەی MIG – 23) لەخۆدەگرێت. {تێبینیی وێستگەکە}. سەرچاوەکە ئاماژەی بە جۆری ئەو فڕۆکەیە نەکردووە کە سۆڤیەتییەکان بەڵێنی دابینکردنیان داوە، چونکە عەرەبەکان کاتێک ئاماژە بە فڕۆکەی Foxbat دەکەن ناوی MIG-23 بەکاردەهێنن.

٢. کوردەکان ئاگادارن کە ئەفسەرانی سۆڤیەت، وەک ڕاوێژکار لە دروستکردنی سیستمێکی بەرگری بۆ مووشەکەکانی (SAM) لە بنکەی شوعەیبە کار دەکەن، ئەوەی لە ڕوانگەی کوردەوە گرنگترە، ئەو پێشنیارەیە کە سەددام حوسێن پێشکەشی یەکێتیی سۆڤیەتی کردووە، بۆ خۆماڵیکردنی هەموو دامەزراوە نەوتییە بیانییەکان لە عێراق و

بانگهێشتکردنی سەرکردە سۆڤیەتییەکان بۆ بەغدا، کە لایەنی سۆڤیەتی بەشێوەیەکی سەرەتایی پەسەندی کردووە. کوردەکان وایدەبینن کە سەردانی سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت لیۆنید برێژنێف یان سەرۆک وەزیران ئەلێکسی کۆسیجین، ڕەنگە لە مانگی نیسانی ١٩٧٢دا ڕووبدات. لەو سەردانەدا لایەنی عێراقی پەیماننامەیەکی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت واژۆ دەکات، هاوشێوەی پەیماننامەی دۆستایەتیی سۆڤیەت - میسر کە لە ئایاری ١٩٧١دا واژۆکرا.

٣. تاقە مەرجێک کە یەکێتیی سۆڤیەت پێداگریی لەسەر کردووە بۆ پشتگیریی تەواوەتیی حکومەتی بەعس لە بەغدا، واژۆکردنی پەیمانی نیشتمانی (المیثاق الوطنی)یە لەلایەن حیزبی بەعسی عێراق و شیوعییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها بەدوای واژۆکردنی پەیماننامەکەدا، حکومەتێکی تر پێکدەهێنرێت کە وەزیرانی شیوعی و کوردیش لەخۆبگرێت.

٤. لە کاتی سەردانیان بۆ کوردستان لە شوباتی ١٩٧٢ شاندێکی سۆڤیەتی (کە شەوێک لەوێ ماونەتەوە)، فشاری ڕاستەوخۆیان خستۆتە سەر کورد. وەفدەکە ئەندامێکی جێگری لیژنەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و نوێنەرانی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی لە بەغدا تێدا بووە و ئەفسەرێکی هەواڵگرییشیان لەگەڵدا بووە. {تێبینیی وێستگەکە}. ڕاپۆرتەکانی تر باس لەوە دەکەن؛ کە ئەم نوێنەرەی لیژنەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ناوی (V. P. Rumyantsev)ە. بەرپرسی بەشی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەشی نێودەوڵەتیی لیژنەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت. بەڵام ئەندامی کاندیدی لیژنەی ناوەندی نییە. لە کاتی گفتوگۆکەدا لەگەڵ شاندەکەی سۆڤیەت، ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا موستەفا بارزانی، بە توندی هێرشی کردە سەر مێژووی سەددام حوسێن تکریتی و حکومەتی بەعس و بۆ میوانە سۆڤیەتییەکانی ڕوونکردەوە، کە ئەزموونی کورد لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەعسدا چۆن بووە. ئاماژەیشیان بەوە کرد کە کورد پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێراندا پەرەپێداوە و بەتەمان ئەو پەیوەندییە بپارێزن. میوانە سۆڤیەتییەکان لە وەڵامدا وتیان (ئەوەی لەسەر کورد پێویستە، پشتبەستن بە ئێران کەمبکاتەوە لەدوای واژۆکردنی پەیمانی نیشتیمانی و

دوای ئەوەی متمانەی لەگەڵ بەعس بۆ دروست دەبێت)، هەروەها پێشنیاری ناردنی ئەفسەرێکی پەیوەندیی سۆڤیەتییان کرد، تا بە هەمیشەیی لە بارەگای بارزانی بمێنێتەوە و گرێنتیی سەلامەتیی بارزانییش بکات.

٥. دوای ڕۆیشتنی شاندی سۆڤیەتی، نوێنەرە کوردەکان لە بەغداوە بانگهێشتکران، لەوانە: {محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان (سامی)، وەزیری دەوڵەت سالح یوسفی، نووری شاوەیس (لە لایەنگرانی مۆسکۆ)، دارا تۆفیق (شیوعی)، بەڕێوەبەری شارەوانییەکان (ئیحسان شێرزاد) و وەزیری کشتوکاڵ (نافیز جەلال)}. لە نێوان هەموو ئەمانەدا، تەنها (سامی عەبدولڕەحمان) متمانەی ئەو گرووپە دەسەڵاتدارەی دەوروبەری بارزانیی هەبوو، کە بریتی بوون لە هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس و مەسعوود). دکتۆر مەحموود عوسمان و حەبیب محەمەد کەریم و کوردەکانی بەغدا، ڕایانوابوو کە (بەعس شتی زۆر دەبەخشێت، بەڵام کوردەکان هەڵەیان هەیە. بەتایبەتی لە پشتبەستنیان بە ئێران). ئەوان ئەوەیان درکاند کە (بەعس دەیەوێت بە دڵسۆزییەوە لەسەر پەیمانی نیشتمانی گفتوگۆ بکات). وەڵامی بارزانی، دووبارە هێرشێکی توند بوو دژی بەعس و ڕەتیکردەوە گوێ لە بۆچوون و پاساوەکانیان بگرێت. بەڵام بەو جۆرەیش لیژنەیەک لە (سالح یوسفی، دارا تۆفیق و محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان (سامی)) پێکهێنرا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەعس، دەستبەجێ ڕاسپاردە درا بە لیژنەکە؛ کە قورسترین مەرج لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ بەعس داوا بکەن، بە ئامانجی کاتکوشتن و پەکخستنی ڕێکەوتنێکی خێرا تاوەکو کورد کاتی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە، کە بریتی بوون لەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. جێبەجێکردنی دەستبەجێی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان، وەک لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا هاتووە.

ب. ناوچەکانی کەرکوک بخرێنە سەر کوردستان.

ج. داواکردنی پشکی ٢ لەسەر ٥ لە داهاتەکانی عێراق بۆ ناوچە کوردییەکان. واتا بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە عێراقدا.

٦. سەرکردە کوردەکان چاک دەزانن کە بەعس ئەو مەرجانە قبوڵ ناکات، بەڵام لەوە دەترسن وەک تاکتیک پێشنیاری واژۆکردنی ڕێکەوتنێک بکەن بە ئامانجی هەڵلووشینی کورد و دواتر بەعس خۆی لە جێبەجێکردنی مەرجەکانی پەیماننامەکە بدزێتەوە، کوردەکان پێیانوایە بەعس هەموو دەرفەتێک دەقۆزێتەوە بۆ پیلانگێڕی لە دژیان، کڕینی ویژدانی ئەو کوردانەی پەیوەستبون (ولاء)یان لاوازە و لەو ڕێگایەوە هەوڵدەدەن بارزانی گۆشەگیر و لاواز بکەن، بە ئامانجی تیرۆرکردنی یان شەڕکردن لەگەڵی کاتێک بە تەواوی لاواز دەبێت. بارزانی دوودڵە لەوەدا بڕیار بدات دژی بەعس بە ئاشکرا دەست بە جووڵە بکات، چونکە دەترسێت سۆڤیەتییەکان بکاتە دوژمنی خۆی. سۆڤیەتییەکانیش بە ڕوونی وتوویانە کە دژی هەرکەسێك دەوەستنەوە کار دژی بەعس بکات، بارزانی پێیوایە بەو هاوکارییە کەمەی لە ئێرانەوە پێیدەگات، شەڕکردن لە ئێستادا ئەستەمە.

٧. ئەگەر بکرێت (حکومەتێکی عێراقی لە تاراوگە، پێکبهێنرێت و کورد و عەرەب بگرێتەوە)، بنکەکەی لە باکوور بێت و لەلایەن گرووپەکانی دەرەوە پشتگیری بکرێت، ئەوا هیوایەکی باش دەبوو بۆ لەناوبردنی بەعس، ئەگەر هاوکاری دابین نەکرێت (کوردەکان پێیانوایە زیادبوونی ئیرادەی سۆڤیەت بۆ پشتگیریی بەعس، تواناکانی ئەوان بۆ هەڵوێستێکی سەربەخۆ لاواز دەکات و ڕێگا بۆ کۆنترۆڵی بەعس بەسەر هەموو ناوچەکانی عێراقدا دەکاتەوە).

کۆپییەك بۆ یاریدەدەری سکرتێر بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا.[154]"

پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا، هەڵەیەکی ستراتیژی بوو؛ لە کاتێکدا هیچ گەرەنتیەکی ڕۆژئاوایی نەبووبێت، تاکە ئامرازی سەرکردایەتیی کورد بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران و بەرەی ڕۆژئاوا، بریتی بوو لە دوژمنایەتیکردنی شیوعییەت تا ئاستی کوشتن بێ هیچ پاساوێک، جگە لەو ئامانجە شاراوەیەی لە خەیاڵیاندا هەبوو، کە گوایە ئەمە ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا قەناعەت پێ دەکات بۆ پشتگیریکردنی سەرکردایەتیی کورد، ئەم هەڵوێست و کردەوە خراپە لە یەک کاتدا، خزمەتی سەددام

[154] CSDB-312/01481-72

حوسێن و شای ئێرانی پێکەوە کرد، کاتێک سەرکردایەتیی کورد پەڕییەوە بۆ لایەکی تری پردەکە کە شا و هاوپەیمانەکانی لێ بوون، هیچ ڕێگەیەکی گەڕانەوەی نەهێشتەوە. یەکێتیی سۆڤیەت، بە تەواوی بەرەو لای بەغدا هات دوای ئەوەی لە هەڵوێستی سەرکردایەتیی کورد بێئومێد بوو. [١٥٥]

یەکێکیتر لە ئامرازەکانی نزیکبوونەوە لە شای ئێران، لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بۆ ئەوەی شای ئێران هاوکاریی زیاتر پێشکەش بکات. سەرکردایەتیی کورد، سلێمانی موعینیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان شەهیدکرد و تەرمەکەیان ڕادەستی ساواک کرد.

دوای توندکردنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵیاندا، نۆرەی ئەحمەد تۆفیق سکرتێری (حدک)ی ئێران هات، ئێران داوای لە مەلا موستەفا کرد ڕادەستیان بکات. ناوبراو بۆ ناوچەکانی بەرواری لە بادینان دوورخرایەوە و چالاکییەکانی (حدک)ی ئێران سڕکران، لێرەدا وەک گەواهیدەرێک ئەم ڕووداوە مێژوویییە دەگێڕمەوە: (ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بوونە میوانمان لە ڕێزان؛ کە لێی نیشتەجێ بووین. وەک خووی هەمیشەیی، سەرەڕای ناڕەحەتیی بارودۆخەکە، هەمیشە زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو. ئەو لە مەنفاکەی لە بەرواریەوە هاتبوو دوو شەو لای ئێمە مایەوە. ئامانجەکە سەردانی باوکم بوو بۆ ئاگادارکردنەوەی لەو فشارانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. باسی کوژرانی سلێمانی موعینی و ڕادەستکردنی تەرمەکەی لەلایەن سەرکردایەتیی (پ.د.ك - عێراق) بە ساواکی ئێرانیی کرد، کە ساواک تەرمەکەی خستبووە سەر عەرەبانەیەکی کراوە و لە ناو شەقامی شارە کوردییەکان گێڕابووی، تا خەڵک ببینن! ساواک بە دانیشتوانە کوردەکەی ڕاگەیاندبوو کە مەلا موستەفا تەرمەکەی ڕادەست کردوون، پاشان بە باوکمی گوت: ڕەنگە منیش ڕادەستی ساواک بکەن، چونکە لە بەرواری فشاری زۆرم لەسەرە و

---

[١٥٥]، بەپێی زانیاریەکانم صالح یوسفی تاکە کەس بوو دژی ئەو کارە بوو، بەڵام هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پشتیان نەگرت، کوڕەکەی یوسفی(لاوێن) ئەو دەستنوسەی پیشاندام کە باوکی نوسیبوو، ئەو لەلەندەن ساڵی(١٩٩٦) ئەو دەستنوسەی پیشاندام .

ڕۆژانه هەستی پێدەکەم، بەڵام بۆ یەک مەبەست هاتووم بۆ لات، تکایە بە مەلا موستەفا بڵێ: من ڕازیم ڕادەستی ساواک بکرێم، بەڵام بە مەرجێک لە بەرامبەر وەرگرتنی دە تانکی ئێرانی کە بدرێت بە بزووتنەوەی کورد. من پێموایە نرخی دە تانک دەهێنم. لەو حاڵەتەدا ئەو ئازادە و من ڕادەستکردنەکە قبوڵ دەکەم، باوکم لەم قسەیە شۆك بوو و پێیگوت ئەمە لە دابونەریتی ئێمەدا نییە، ئەحمەد تۆفیقیش وەڵامی دایەوە و وتی: دەزانم، بەڵام سلێمانی موعینی نموونەی ئەم ڕاستییە نوێیەیە، باوکم بەڵێنی پێ دا کە بە هیچ جۆرێک ڕازی نابم ڕادەست بکرێیت، دوای ئەوە ئەحمەد تۆفیق گەڕایەوە بۆ مەنفاکەی لە بەرواری، بەهۆی فشار و دڵەڕاوکێی بەردەوام بە نهێنی مەنفاکەی جێهێشت و چوو بۆ بەغدا و داوای مافی پەنابەریی سیاسیی کرد، دواجار لە بەغدا دوای بەیانی ئاداری ١٩٧٠ بینیمەوە، ڕژێمی بەعس نزیکەی دوو ساڵ دوای بەیاننامەی ئادار ناوبراوی لەناوبرد، شای ئێران بە سەرکەوتوویی سەرکردایەتیی (پ.د.ك – عێراق)ی بەکارهێنا بۆ تێکدانی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی کوردستان و لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران.

لە ٣١ی ئایاری ١٩٧٢دا؛ واتا نزیکەی ٣٥ ڕۆژ پێش گەشتی دکتۆر مەحموود عوسمان و ئیدریس بۆ واشنتۆن بۆ بینینی ڕیچارد هێڵمز، (نووسینگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا)[١٥٦] ڕاپۆرتێکیان پێشکەشکرد بە ناونیشانی: (کوردی عێراق و ئەگەری پێکردنەوەی یاخیبوون) کە ڕایەکی ڕوونیان دەربارەی سەرکردایەتیی کورد هەبوو، تیا هاتووە کە دەڵێت: مەلا موستەفا، خاوەنی ئەو کەسایەتییەیە کە پێویستە بۆ یەکخستنی زۆرێک لە هۆزەکان لە هێزێکی سەربازیی نیمچە ڕێکخراودا. لە سەرەتادا و لە چلەکاندا دژی عێراقی پاشایەتی وەستایەوە و لە عێراقەوە بۆ ئێران و پاشان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەرکرا، کە ١١ ساڵ تێیدا ژیا و فێر بوو متمانە بە سۆڤیەتییەکان نەکات. ماوەیەکی کورت دوای شۆڕشی ١٩٥٨ گەڕایەوە بۆ عێراق. لە ساڵی ١٩٦١دا

[156]. Bureau of Intelligence and Research (INR) Near East and South Asia. The Kurds of Iraq: Renewed Insurgency? May 31, 1972

توانیی ببێته ڕێبەرێکی بێ ڕکابەر لە ناو هۆزە کوردەکاندا و سەرکردایەتیی شەڕی دارستانەکانی کرد، کە بەشدار بوو لە پڕۆسەکانی گۆڕینی ڕژێمدا. لە شەڕە بەردەوام و تونديەکاندا کە چوار ساڵیان خایاند، هێزەکانی مەلا موستەفا هاوکاری و کەرەستەیان لە ئێرانەوە پێدەگەیشت، عێراقییەکان گومانیان هەبوو کە هاوکاریی تریان لە وڵاتانی ترەوە و لە ڕێگەی ئێرانەوە پێبگات. ئێران مەبەستی بوو لە ڕێگەی ئەم هاوکارییانەوە، هەژموونی جەمال عەبدولناسر لە وڵاتێکی هاوسێی لاوازدا کەم بکاتەوە، هەروەها بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی کێشەکان لە نێوان کوردەکانی ئێران خۆیشیدا، لەم ڕاپۆرتەدا ئاراستەیەک هەیە بۆ بەستنەوەی سەرکردایەتیی مەلا موستەفا بە خێڵگەراییەوە

هەمان ڕاپۆرت بەردەوام دەبێت و ئاماژە بەوە دەکات کە مەلا موستەفا؛ درکی بەوە کردووە کە حکومەت و سۆڤیەتییەکانیش لە پشت هەوڵەکانی تیرۆرکردنی خۆی و کوڕە گەورەکەی (ئیدریس)ەوە بوون لە هاوینی ڕابوردوودا، هەروەها متمانەی تەواوی بە لایەنەکانی تر نییە بۆ ئەوەی هاوپەیمانییان لەگەڵدا بکات، لە کاتێکدا پێشنیاری بۆ کراوە[۱۵۷]..

کە کەسانی ڕیفۆرمخواز و چەپی گەنج لە ناو کورددا بوونیان هەیە، کە جەلال تاڵەبانی وتەبێژیانە، ئەو لە کاتی شەڕدا دڵسۆزیی خۆی بۆ مەلا موستەفا دەردەبڕێت، بەڵام لە کاتی ئاشتیدا دژی بەرنامەکەی دەوەستێتەوە، هەژموونی ئەو زۆر کەمترە لە هەژموونی مەلا موستەفا لە ناو خێڵەکاندا (کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە ناو دەرەبەگەکان و هۆزەکاندا نییە)، ئەو جۆرە سەرکردایەتییەک پیادە دەکات کە حکومەت و (سۆڤیەتییەکانیش) سەرکردایەتیەکەی ئەویان پێ باشترە لەبری مەلا موستەفا، ئەگەر مەلا موستەفا شەڕ نەکات ڕەنگە سەرکردایەتییە کەسییەکەی بەرەبەرە لە ڕێگەی ئەم جۆرە هەنگاوانەی ترەوە بەرەو نەمان بچێت (واتا سەرکردایەتیی مەلا موستەفا تەنها بەهۆی شەڕەوە لەسەر پێ ماوەتەوە)، هەروەها کات لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە، چونکە

[۱۵۷]، پێموانیە سۆڤێت هەوڵی تیرۆرکردنەکانی دابێت، چونکە بەرژەوەندیەکانی سۆڤێت وایدەخواست کوردستانو عێراق ئارام بن .

تەمەنی ٦٩ ساڵە بەڵام هێشتا بەهێزە، شۆێنکەوتووەکانی کە شەڕ شەکەت و ماندووی کردوون ڕەنگە دوای ماوەیەکی زۆر کورت لە حەسانەوەیان لە دوای ساڵانێک لە خەبات لە شەستەکاندا، ئیتر سڵ بکەنەوە لە دووبارە هەڵگرتنی چەک.

هەمان ڕاپۆرت، ئاماژە بە ئاراستەیەکی گرنگ دەکات بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەبارەت بە کەسایەتیی مەلا موستەفا و دەڵێت: بارزانی؛ لە هەر کەسایەتییەکی تری ئەم نەوەیە، بەهێزترە. ئەو بەشێوەیەکی توند ڕێگریی کردووە لە کارەکانی هاندان یان ڕێکخستنی سیاسیی کورد لە وڵاتانی دراوسێ. ئەو سەرکردایەتییە چەپە گەنجەی کە ڕەنگە شۆێنی ئەو بگرنەوە، لەوانەیە وەک ئەو وریایی ئەوەیان نەبێت. ئەگەر سۆڤیەتییەکان ڕاستەوخۆ تێوەگلان لە کاروباری کورددا، ئەوا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سیاسیی قورس دەبنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئامرازێکی فشاریان بەدەستەوە دەبێت لە دژی ئێران و لە ئاستێکی تەسکتردا دژی تورکیا، بەڵام ئەگەر بڕیاری بەکارهێنانیان بدەن دژیان.

ڕاپۆرتەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لە خراپترین ئەگەرەکاندا لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ، ڕەنگە مەلا موستەفا و شۆێنکەوتووەکانی لە عێراق دەربکرێن یان ڕووبەڕووی ململانێیەکی ماندووکەر ببنەوە، کە تێچووی لە جاران زیاتر بێت. لە باشترین دۆخیشدا ئەوەی بەدەستیدەهێنێت لەوەی پێشتر بەدەستیهێناوە زیاتر نابێت، کە ئەویش پاراستنی ناوچە شاخاوییە سنووریەکانی باکووری عێراقە. بە دیوێکی تردا ڕەنگە یاخیبوونێکی درێژخایەن ببێتە هۆی ڕووخانی حکومەتی بەعس، چونکە حکومەتێکی جەماوەری نییە. بەڵام لەوە دڵنیا نین کوردەکان بتوانن جۆری ئەو ڕژێمە دیاری بکەن کە شۆێنی ڕژێمی ئێستا دەگرێتەوە، پەنابەرە عێراقییەکانیش (بەپێی ڕاپۆرتەکان) ئەگەر بیانەوێت پلان لەگەڵ کوردەکان دادەڕێژن، لە ژێر تیشکی ئەدای ڕابوردوویاندا. دیسان وا دیار نییە توانای پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر و بەردەوامییان هەبێت و لە دواتریشدا ئەم حکومەتە تازەیە ناتوانێت کۆتایی بە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت بهێنن لەناو عێراقدا، چونکە تەواوی دەزگای سەربازیی عێراق و زۆرێک لە پلانەکان و هەنگاوەکانی گەشەپێدان، پشت بە هاوکاری و

تەکنیکەکانی سۆڤیەت دەبەستن. لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت: بەدڵنیاییەوە ئەگەر بەرەیەکی ناو بەعس یان سۆڤیەت کۆنترۆڵی کوردستانی عێراق بکەن، ئەوا دەتوانن فشار بخەنە سەر ئێران و تەنانەت سەرئێشە بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیایش دروست بکەن. لەڕاستیدا وا دیارە حکومەتی عێراق ئامادەیە لەپشت هەڵنانی کوردەکانەوە بێت، تا بیانکاتە سەری ڕمێک لە هەمبەر تورکیادا.

هەروەها ڕاپۆرتەکە دەڵێت: لەبەرئەوەی سۆڤیەتییەکان پەیوەندیی باشتریان لەگەڵ ئێراندا دروست کردووە، هاوکات وەبەرهێنانی زۆریشیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کردووە، نایانەوێت کورد ببینن کە کێشە لە هیچ کام لەو دوو ئاراستەیەدا دروست بکات. بۆیە لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە فشار و بەرتیلەوە، هەوڵ دەدەن کورد ڕازی بکەن بۆ سەقامگیری و گونجان لەگەڵ پلانی عێراقدا. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: دڵنیایی ئەوە هەیە کە لە دۆخی دەستپێکردنەوەی شەڕدا، سۆڤیەتییەکان خۆیان بە ناچار دەبینن کە زیاتر لە تەنیشت حکومەت بوەستن و ڕاوێژ و هاوکاریی پێشکەش بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەمە سەرکێشیی زیانگەیاندنیش بێت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران. [١٥٨]

[158]. Bureau of Intelligence and Research (INR) Near East and South Asia. The Kurds of Iraq: Renewed Insurgency? May 31, 1972

دەزگای (CIA) لە ڕەتکردنەوەوە بۆ مامەڵەکردن
(ڕیزبەندیەکی نوێی سیاسی)

سەرانی سۆڤیەت پێوەرە ئەمنیەکان
لەسەرو شیوعیەتەوە دادەنێن
ریچارد نیکسۆن بۆ شای ئێران ١٩٧٢/٥/٣٠

بڕیار وابوو سەرۆک نێکسۆن لە ٣٠ - ٣١ی ئایاری ١٩٧٢ دوای سەردانەکەی بۆ مۆسکۆ، لەگەڵ شادا کۆببێتەوە. بەو بۆنەیەوە هێنری کیسینجەر ١٢ ڕۆژ پێش وادەی چاوپێکەوتنەکە، یاداشتێکی پێشکەش بە نێکسۆن کرد لەژێر ناونیشانی (گفتوگۆکانتان لەگەڵ شای ئێران لە ٣٠-٣١ی ئایار). ئەم یاداشتە وردە، ئەو خاڵانەی تێدابوو کە پێویست بوو سەرۆکی ئەمریکا باسیان بکات و ئەم بابەتانەی لەخۆگرتبوو. (پاشخان و ئامانجەکان، نیگەرانییە دیاریکراوەکانی شا، ئەوەی ئێمە لەم سەردانەدا چیمان دەوێت). کیسینجەر بە سەرۆکەکەی دەڵێت: ئامانجی سەرەکی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ شادا بریتییە لە:

١. دڵنیابوون لە تێگەیشتنی ئەو (شا) بۆ ستراتیژی جیهانیی ئێوە.

٢- هاندانی (شا)؛ بۆ بەردەوامبوون لەهەوڵەکانیان بۆ بەهێزکردنی هاوکاریی هەرێمی، بۆ ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت بەرەنگاریی فشارەکانی سۆڤیەت ببنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم یاداشتەدا بەهیچ شێوەیەك ناوی کورد نەهاتووە. وا دەردەکەوێت کە ئەمریکییەکان گرنگییان بە داواکارییەکانی لایەنی کوردی و هەوڵەکانی ساواکی ئێرانی بۆ هاوکاریی جووڵانەوەی کورد نەدابێت، پێش ئەوەی سەردانەکەی نێکسۆن بۆ تاران دەستپێبکات. بەڵام وا دیارە شا بۆ یەکەمجار کارتی کوردی لەگەڵ نێکسۆن لە کاتی کۆبوونەوەیەک لە کۆشکی (سەعدئابادی) تاران هێنابێتە بەرباس.

ئەم کۆبوونەوەیە لە سەعات ٥:٣٥ بۆ ٦:٣٥ی ئێوارە بەردەوام بوو، ئامادەبووان بریتی بوون لە: (شا، نێکسۆن و کیسینجەر)، لێرەدا شا پیرۆزبایی لە سەرۆکی ئەمریکا کرد بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی لە لووتکەی مۆسکۆ و ئاماژەی بەوەیش کرد کە هاوپەیمانەکانمان هەست بە ئارامی دەکەن، بەڵام نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نێکسۆن سوپاسی شای کرد بۆ پێشوازییە گەرمەکەی و باسی ئەوەی کرد کە لە لووتکەی مۆسکۆدا ڕووی دا و وتی: "چوونمان بۆ چین، وایکرد گەشتەکەمان بۆ مۆسکۆ گونجاو بێت). {گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لە ڤێتنام (وەک ڕێوشوێنەکانی ٨ی ئایار) لووتکەی مۆسکۆی هەڵنەوەشاندەوە}. هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ خۆشیی دەربڕینی ئێمە بۆ ئەوەی وا بزانین سەرکردە سۆڤیەتییەکان دەستیان لە ئامانجە درێژخایەنەکانیان هەڵگرتووە. ئەوەی ئێمەی قەناعەت پێکرد ڕەفتاری سۆڤیەت بوو لە قەیرانی هیندستان و پاکستاندا لە ساڵی ١٩٧١دا. سەرکردە سۆڤیەتییەکان ڕەچاوکردنی ئارامی و ئاسایش دەخەنە سەرووی کۆمۆنیزمەوە. ئەوان بێگومان ئەورووپا و چینیان لە خەیاڵدایە و هەوڵدەدەن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەمارۆ بدەن" سەرۆک نێکسۆن بەردەوام بوو لە گفتوگۆ و گوتی: "ویلایەتە یەکگرتووەکان هەنگاو بە هەنگاو دەڕوات. لە هەر جێگایەک کە بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەبێت دەگەینە ڕێکەوتن، نێکسۆن بە بریژنێقی ڕاگەیاندووە: دەبینین چی لە هیند و چین ڕووەدات. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەری زیاترە، مەکتەبی سیاسیی (سۆڤیەت) پەیوەندیی باشتری لەگەڵ ئێمە دەوێت و ئێمەیش هەر وامان دەوێت، بەڵام جەختمان لەوە کردەوە کە ڕێگری بکەین لە گۆڕینی قەیرانی بچووک بۆ قەیرانی گەورە" هەروەها سەرۆک وتی: "ئێمە پێزانینمان هەیە بۆ ڕۆڵی شا لە باشووری ئاسیا، هەروەها ڕای وابوو ئەگەر هیندستان بە چەکی سۆڤیەتەوە دەست بەسەر ڕۆژئاوای پاکستاندا بگرێت، ئەوا دەوڵەتانی تریش دەکەونە مەترسییەوە نەک لەلایەن هیندستانەوە، بەڵکو لەلایەن سۆڤیەتەوە" هەروەها وتی: "ئێمە هاتین بۆ ئێران، تا ئەم سەردانە هێمای پشتگیریی بەهێزمان بێت بۆ دۆستەکانمان. ئێمە دەستبەرداری دۆستەکانمان نابین".

پاشان کیسینجەر، ستراتیژی سۆڤیەتی کورت کردەوە کە بریتییە لە (هەڵبژاردەیی لە سیاسەتی ئاشتەواییدا). ئەوان لە هەندێک بابەتدا لەگەڵ هەندێک نەیار دەگەنە چارەسەر، بۆ ئەوەی ئەوانی تر (بەتایبەت چینییەکان) گۆشەگیر بکەن. شا هاوڕای بوو و وتی سیاسەتی ڕووبەڕوو ئەستەمە، بەڵام ناوچەی گرنگ هەن کە نابێت پشتگوێ بخرێن وەک ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شا ئاماژەکی خستەڕوو لەسەر پشتبەستنی ئەوروپا و ژاپۆن بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نێکسۆن و شا هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی دکتۆر موسەدەق گەمژە بووە، شا جەختی کردەوە کە دەستبەرداری وڵاتەکەمان نابین و بەرگری لە بست بە بستی دەکەین. شا، داوای شارومەند (خەبیر)ی سەربازی و چەکی پێشکەوتووی کرد و وتی: ئێران وەک ئیسرائیلە و دەبێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. شا نیگەرانیی خۆی دەربڕی لەوەی (سۆڤیەتییەکان هاوپەیمانییەک لە کوردەکان و بەعسییەکان و کۆمۆنیستەکان پێکدەهێنن). کێشەی کورد لە بری ئەوەی 'دڕک' بێت لە پشتیان، کەچی ئەوان بیانەوێت بیگۆڕن بۆ 'سەرمایەیەک' بۆ بەرژەوەندیی کۆمۆنیستەکان، لێرەدا کیسینجەر پرسی چی دەکرێت بیکەین؟ شا وەڵامی دایەوە: ئێران دەتوانێت لە بابەتی کورددا هاوکاری بکات.

پاشان سەرۆک؛ پرسیاری دەربارەی یۆنان لێکرد، وەڵامی شا ئەوەبوو (شای یۆنان؛ مرۆڤێکی باشە بەڵام ناجێگیرە، دوودڵ بوو بەهۆی (باباندرۆ) و دەسەڵاتی جەنەراڵ، پێویستە هاوکاری بکرێت، شای یۆنان دەتوانێت بمێنێتەوە ئەگەر بێدەنگ نەبێت).

پاشان سەرۆک پرسیاری دەربارەی دۆخی ئەفگانستان کرد؟ شا وەڵامی دایەوە کە شای ئەفگانستان کەسێکی تەمبەڵە. لە ڕۆژئاوای پاکستان، بەلوچستان و پشتونستان فشار هەیە. ئامانجی یەکێتیی سۆڤیەت ئەوەیە ئێران گەمارۆ بدات و ڕێگای گەیشتن بە دەریا بۆ خۆی دابین بکات، هەروەها شا وتی یەحیا (سەرۆک وەزیرانی ئەفگانستان) کەسێکی بێ ئاگایە، بەڵام یەحیا ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایەی سەریانی پێ قبوڵ نییە. پاشان سەرۆک، گریمانەکانی پێشکەشکردنی یارمەتیی ئابووری بە هندستان تاوتوێکردن، شا ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر بتوانین هەندێک هاوکاری پێشکەشی هندستان بکەین بۆ ڕزگارکردنی پاکستان، ئەوا شتێکی باشە. بەڵام کێشەی سەرەکی، ڕزگارکردنی ڕۆژئاوای پاکستانە. سەرۆک

قسەکانی شای پشتڕاستکردنەوە و پێشنیاری کرد گفتوگۆکان سەبارەت بەم بابەتە لە سبەینێدا بەردەوام دەبێت، شا پێشنیاری کرد کە دەکرێت ئێران لەباتی پاکستان ببێتە پێشەوا. (د. کسنجەر) ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمە پێویستی بە بەرنامەیەک هەیە، بۆ نۆژەنکردنەوەی پاکستان و توانای ئەوە هەبێت هاوکارییەکان لە ئێرانەوە بۆ وڵاتی سێهەم بگوازێتەوە، پێویستە هەستین بەو کارە. ئەگەر ئەوە نەکەین ئەوا دەکاتە بازهەڵدان بەسەر پاکستاندا، شا ئاماژەی بەوە دا لە ئەنجامدا دەبێتە کێشە و مەترسی بۆ سەر ئەفگانستان.

دواتر سەرۆک وتی: ئەو دەیەوێت باسی پرسی بەکارهێنانی کەشتیگەلی ئەمریکی لە کەنداوی فارسدا بکات، شا ئاماژەی بەوە کرد دەیەوێت زلهێزەکان لە ناوچەی کەنداو دووربخاتەوە دوای کشانەوەی بەریتانییەکان، هەر بۆیە نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە توانای کەشتیگەلی ئەمریکی دەربڕی، کە لە کەنداوی فارسدا جێگیر بوون، هەروەها وتی دوای ڕێککەوتنی هیندستان و سۆڤیەت، پێویستە شتێک هەیە؛ بیڵێت. لە پێناوی هەڵکردن و نیشاندانی ئالّا، لێرەدا و لە هەر دۆخێکدا ئێران تاکە وڵاتە کە توانای هەموو جووڵە و هەڵسوکەوتێکی هەیە بەبێ هیچ دەستگیرۆیی و دەستبارییەکی دەرەکی، خاوەن توانای خۆیەتی. [159]

ڕۆژی دواترلە ١٩٧٢/٥/٣١ کۆبوونەوەیەکی تر لە سەعات ١٠:٣٠ بۆ ١٢:٠٠ لە هەمان شوێن ئەنجام درا بە هاوبەشیی سەرۆکی ئەمریکا و کیسنجەر و شا. شا، هیچ کام لە وەزیرەکانی ئێرانی بانگ نەکردبوو، نە ڕۆژی پێشتر و نە ئیمڕۆیش، بە هۆی ئەوەی خۆی دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا، شا باسی لە تیرۆر و فشاری چەپەکان کرد و وتی: کێشەکان لە بەغداوە سەرچاوە دەگرن یان هیچ نەبێت بەغداد سودمەندە تێیاندا. هەروەها باسی مەترسییەکانی سەر عومان، کە لەلایەن هەڵگەڕاوەکانەوە دەکرێتە سەریان و لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە هاوکاری دەکرێن. هەروەها مەترسییەکانی سەر سعودیەیش. هەروەها کێشەی هەبوونی سیستمی دواکەوتوو لە ناوچەکە کە هیچ مەیلێکیان بەرەو چاکسازی نییە و تا ئێستایش حەزیان لە سوپای مۆدێرن نییە و دەیانەوێت وەک چەکداری لادێی بمێننەوە. لادانێکی کورت لە

[159]. Memorandum of Conversation. E. O. 12958.

گفتوگۆکانیاندا ڕووی دا و تێیدا باسی شێوازی تەلارسازیی مەرقەدەکانی ئێران کرا! شا گەڕایەوە سەر بابەتی سعودییە، شا لەو بڕوایەدا بوو سعودیە لەلایەن میسرییەکان بەدەر نابێت، تا ئەوکاتەی میسر کێشەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل چارەسەر دەکەن، ئەوان گرێی باڵادەستییان هەیە بەڵام جەنگاوەری خراپن، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (C. I. A) لە سعودییە پێشنیاری ئەوەی کرد کە کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هەر سێ وڵاتی (سعودییە، ئێران و میسر) کۆمەڵەیەک پێکبهێنن بۆ ڕووبەرووبوونەوەی کۆمۆنیزم. شا وتی: ئەو بەدەم داوای سوڵتانی عومانەوە دەچێت ئەگەر داوای یارمەتیی کرد لەپێناو شکستپێهێنانی یاخیبووان. شا وتی: لەگەڵ بەریتانییەکاندا باس لە بابەتەکانی دەریای هیندی دەکات، لە ئەگەری ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازیی هاوبەش لە کەنداو.

شا جەختی لەسەر گرنگیی بەدەستهێنانی هەندێک سەرکەوتن لە ڕێڕەوی چارەسەرکردنی عەرەب – ئیسرائیلدا کردووە، دانی بەوەدا نا کە ئیسرائیل بە جدی گرنگی بە ئاسایشی خۆی دەدات، دوای ئەوەی سێ شەڕی لە پێناودا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە تێڕوانینی شاوە، ئیسرائیلییەکان زۆر شەڕخوازن، لەلایەکی ترەوە عەرەبەکان پێگەیشتوو نین و ژاوەژاویان زۆرە و دەنگەدەنگ دەکەن و هەمیشە مافی خەڵکانی تر پێشێل دەکەن.

شا لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە ئێران وتی: کەنداوی فارسی، کلیلێکە کە ئێران لە ڕێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەسیوبیا و باشووری ئەفریقا بەستووە، بۆ دڵنیابوون لە دروستکردنی سیاسەتێکی هاوبەش لە زەریای هیندیدا، هەروەها بۆ هەمان مەبەست و هەمان ئامانج لەگەڵ ئوسترالیەکان کار دەکات. تورکیا توخمێکی بنەڕەتییە لەم ستراتیژییەدا، ئەگەر پێکهاتەی ناوخۆیی بڕووخێت، کارەساتی گەورە ڕوو دەدات بەڵام ئەوەیان تێپەڕاندووە و لەم دواییەدا هەڵمەتێکیان بۆ سەر هەڵگەڕاوەکان ئەنجامداوە و ٢٠٠٠یان لێ دەستگیرکردوون.

پاشان هەردوولا لە گفتوگۆ بەردەوام بوون و باسی چەندین بابەتی جیهانییان کرد، لەوانە (چین، ناکۆکیەکانی نێوان عەرەب - ئیسرائیل، پردی ئاسمانی لە نێوان میسر و مۆسکۆدا هەیە، بۆ ئەوەی چەکی سۆفیەت بە میسر بگات)، نێکسۆن بە شای گوت

(نیگەرانم بە بوونی هەندێک خوێندکاری ئێرانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە گومان لەسەریانە هەنگاو بەرەو تێکدەریی بنێن. ئایا کێشە بۆ ئێوە دروست دەکات؟ ئایا دەتوانن لەو بارەیەوە شتێک بکەن؟ شا دەربارەی ئەوە ئاماژەی دا کە سوپا کێشە قبوڵ ناکات لە هیچ کەس. بەڵام پێویستمان بە زیادکردنی شارەزایانی تەکنیکیی سەربازی هەیە. هتد.

هیچ گومانێک نییە کە لە ساڵی ١٩٧٢دا ئێران لە ڕووداوەکانی عێراق دەترسا، شا هیچ ئامرازێکی فشاری لەسەر حکومەتی بەعس نەبوو جگە لەلایەنی کوردی، کە لە کەسایەتیی مەلا موستەفادا خۆی دەبینییەوە، ئەمە بە دانپێدانانەکانی شا و دەزگای هەواڵگریی ساواکیش، شا هەوڵی دا کارتی کورد بە چالاکی لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە ڕێکەوتنی کورد لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندییەکی بچووکی لەگەڵ (CIA) بۆ دروستکردن، کە لەڕاستیدا کاریگەرییەکی گەورەی نەبوو لە ململانێی نێوان کورد و بەعسدا، لایەنی کوردی نەیتوانی بەپێی پێویست سوود لە ئێران و ئیسرائیل وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی ناوخۆیی خۆی، چونکە تێگەیشتنی سەرکردایەتیی کورد بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان سنووردار بوو و لایەنی کەسی زاڵ بوو بەسەر هەڵوێستەکانیاندا، تەنانەت سیاسەتی دەرەوەیان کە کەمێک پێشکەوتووتر بوو. ئەندازیارەکەی دکتۆر مەحموود عوسمان بوو، بەڵام ئەو بڕیارەدەری کۆتایی نەبوو، وەک بینیمان ئەمەریکیەکان نهێنیی ئەو پەیوەندییەیان لە ئاستێکی بەرتەسکدا لەناو ئاژانسی هەواڵگرییدا هێشتەوە، بە بێ ئاگاداریی کۆنگرێس.

لە ئەرشیفێکی ئەمریکیدا هاتووە؛ ١١ ڕۆژ دوای کۆتاییهاتنی سەردانەکەی نێکسۆن بۆ تاران، واتا لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٦/١٢ ناونیشانی بابەتەکە بریتییە لە: پاشخانی هەوڵە هەنووکەییەکانی سەرکردەی کورد (بارزانی) بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەمریکا. ئەم یاداشتە ئاراستەی بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی (CIA) کراوە لە ڕێگەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی بۆ داڕشتنی پلانەکان و تێیدا هاتووە: ئەمانەی خوارەوە پێشنیارەکانن سەبارەت بەو کارانەی کە دەبێت لە ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێن بۆ سەرکردەی کورد (مەلا موستەفا)، کۆپییەکی چاپکراوی ئەمەیش بۆ جەنەڕاڵ هێگ ئامادەکراوە.

بارودۆخی کورد بە کورتی

١. پەرەسەندنی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و حکومەتی بەعس لە عێراق، ئەو فشارانەی سۆڤیەت و بەعس دەیگرنەبەر بۆ قەناعەت پێکردنی کورد بۆ چوونە ناو حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی لە بەغدا. بیانووی دایە دەست کورد کە بەبێ هاوکاریی دارایی کە ناچار بێت لە هەندێک سەرچاوەوە هاوکاری وەربگرێت بۆ دابینکردنی مووچەی هێزەکانیان (پێشمەرگە)ی سەر بە بارزانی، ئەمە جگە لە پشتگیرییەکانی تر بەتایبەت پشتگیریی مەعنەوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی بەعسی پشتگیریکراو لەلایەن سۆڤیەتەوە، ئەگەر وا نەکەن ڕەنگە کوردی عێراق خۆیان بە ناچار بزانن جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ نەیارەکانیان قبوڵ بکەن.

٢. شای ئێران نیگەرانە لەوەی عێراق بکەوێتە ژێر هەژموونی سۆڤیەت و لێکەوتەکانی و زیانگەیاندن بە ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا لە کەنداوی عەرەبی (فارس)، لەبەرئەوە ئێران بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکدایە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی سۆڤیەت لەسەریان، لەم بارەیەوە پێیوایە باشترە بارزانی بەو ڕادەیە بەهێز بمێنێتەوە، کە بتوانێت بەردەوامی بە بەرگری دژی ڕژێمی بەعس لە بەغدا بدات.

٣. لە بنەڕەتدا و بەهۆی ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێکرا، بارزانی و ساواکی ئێرانی (وەک نوێنەری شا) هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ڕۆژئاوا، بەتایبەت پشتگیریی مەعنەویی ئەمریکا و بەریتانیا لە بەرامبەر پشتگیریی سۆڤیەت بۆ بەعسییەکان، سەرەڕای ئەوەی مەلا موستەفا بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەر پابەندبوونێکی مەعنەویی ئەمریکا، بە نهێنی دەهێڵێتەوە، بەڵام سوودی پابەندبوونێکی لەو شێوەیە کەم دەبێت ئەگەر نەتوانێت بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری بەکاری نەهێنێت، ئەمەیش بە واتای ئەوەی ئاشکرای دەکات.

٤. بنەمایەکی پراگماتیکی هەیە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی دارایی، ئەو هاوکارییانەی کە حکومەتی بەغدا گەرەنتی کردبوون دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٧٠ بەم دواییانە وەستان (واتا دوای دروستبونەوەی گرژی و ئاڵۆزیی نێوان بەغداد

و مەلا موستەفا)، هەروەها ئەو هاوکارییە ئێرانیانەیش کە پێش کۆتایی ئەو شەڕە پێشکەش بە بارزانی دەکران زۆر کەمی کرد، کاتێک هاوکاریی بەعسییەکان گەیشت (دوای ساڵی ١٩٧٠)، لە ئەنجامی ئەمەدا لە چەند مانگی ڕابوردوودا، بارزانی ناچار بوو مووچەی هێزەکانی بە تەواوی کەم بکاتەوە و لە ئەنجامدا زۆر کەس خزمەتیان بەجێهێشت، ئێمە پێمانوایە بارزانی ساڵانە پێویستی بە ٧,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ساڵانە هەیە، بۆ دابینکردنی مووچەی هێزەکانی کە بانگەشەی ئەوە دەکات ١٥,٠٠٠ سەربازن. پێشنیاری کردووە ژمارەی هێزەکانی بۆ ٥٠,٠٠٠ پیاو زیاد بکات، ئەمەیش وای لێدەکات پێداویستییان بگاتە نزیکەی ٢٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دۆلار ساڵانە. جگە لە کەرەستە و چەک.

ئەم یاداشتە ئەمریکییە، سەرەڕای ئەوەی کۆت و بەندی نهێنیی لەسەر هەڵگیراوە، بەڵام خاڵەکانی [١٠، ١١، ١٢، ١٣] بە تەواوی سڕدراونەتەوە و زانیاریی گرنگ شاردراونەتەوە، لە خاڵی ٩دا دەردەکەوێت شا داوای کردووە مەلا موستەفا چاوی بە (ویلیام ڕۆجەرز) یان (کیسینجەر) بکەوێت لە کاتی سەردانەکەیان بۆ تاران، بەڵام ئەم پێشنیارە بە بیانووی کەمیی کات ڕەتکراوەتەوە، دواتر شا داوای کرد نوێنەرانی مەلا موستەفا چاویان بە کیسینجەر و بەڕێوەبەری CIA بکەوێت. وەڵامەکە بۆ شا ئەوە بوو کە CIA نوێنەرەکان لە واشنتۆن دەبینێت، شا زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕێ بگرێت لە هەر لێکتێگەیشتنێک و لێکنزیکبوونەوەیەکی تەواو لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و بەغدا، لەوەیشدا سەرکەوتوو بوو. لەلایەکی ترەوە سەرکردایەتیی کورد نەیتوانی زیاتر لە سنوورێکی دیاریکراو سوود لە پەیوەندی لەگەڵ واشنتۆن و تاران و تەلئەبیب وەربگرێت، چونکە کلیلی پەیوەندییەکە لە دەستی شادا بوو، سەرکردایەتیی کورد پڕۆژەیەکی ستراتیژیی بۆ مانەوە نەبوو لە بارودۆخی بڕینی هاوکاریی دەرەکی، چونکە پەرەپێدانی سەرچاوە ناوخۆییەکانی فەرامۆش کردبوو، بەشێوەیەك هەموو بوونی خۆی لەسەر پشتگیرییەکی دەرەکیی لەرزۆک بونیاد نابوو.

لە ئەرشیفێکی تردا کە ڕێکەوتی ٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ی لەسەرە. لەژێر ناونیشانی نامەیەک لە شاوە سەبارەت بە کورد، ئەم نامە ئەرشیفییە لەلایەن هارۆڵد ساندەرز (ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) لە ڕێگەی دیک هێڵمزەوە پێشکەش بە دکتۆر

هێنری کیسنجەر کراوە کە دەڵێت: شای ئێران پێیوایە پێویستە لەگەڵ دوو نوێنەری مەلا موستەفا بارزانی قسە بکرێت، کە بەمزوانە گەشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن، دوای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کێشەکانیان، شا ئارەزوو دەکات ئێوەیش (ئەمریکییەکان) هاوبەشی بکەن لەو ڕا و سەرنجانەی دوای گفتوگۆکە بۆتان گەڵاڵە دەبێت. بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی ئێستای عێراق، شا پێیوایە دەبێت کورد لەژێر کاریگەریی کۆمۆنیستەکان بپارێزرێن و ڕێگری بکرێت لەوەی بەپێی پلانەکانی حکومەتی عێراق بجوولێنەوە، بابەتەکە ئەوەیە لە دەمی چاوپێکەوتنتان لەگەڵ نوێنەرەکان، ڕەنگە داوای پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن، ئەگەر بڕیارمان دا یارمەتییان بدەین وا باشترە ڕۆڵی ئێمە ئاشکرا نەبێت.

پاشان ئەرشیفەکە ئاماژە بە پاساوە سەرەکییەکان دەکات بۆ یارمەتیدانیان و دەڵێت: هاندانیان (کوردەکان) بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەی ناسەقامگیری لە عێراقدا بمێننەوە و ڕۆڵیان بۆ پەکخستنی هەوڵەکانی سۆڤیەت لە بەهێزکردنی (حکومەتی یەکێتیی نیشتیمانی) وەک بنکەیەکی گونجاو بۆ هەژموونی سۆڤیەت هەبێت، ئێرانییەکان و ئوردنییەکان و ئیسرائیلییەکان لە قۆناغی جیاجیادا وەک ئامرازێک بۆ سەرقاڵکردنی هێزەکانی عێراق لە ناوخۆدا، یارمەتیی کوردیان داوە، ئێمەیش ئاسایشی ئەوان بە بەرژەوەندیی خۆمان دەزانین، سەرەڕای ئەوەی ئاماژە هەن بۆ دەستوەردانی چالاکانەی عێراق لە کەنداو، بەو هۆیەوە ناسەقامگیریی ناوخۆیی عێراق دەبێتە هۆی لاوازبوونیان.

(.....) سراونە تە وە

(.....) سراونە تە وە

پاساوە سەرەکییەکان دژی پاڵپشتیکردنی کورد:

- ئێمە خۆمان پابەند دەکەین بە هەوڵەکانی شەڕی پارتیزانییەوە، ئەگەر سەرکەوتنی گەورە بەدەستهات لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی بەغدا، ئەوا پارێزگاریی ئۆتۆنۆمیی کورد دەکرێت، ئەگەر کورد لە شەڕەکەدا شکا، ئێمە نە ئامادەییمان هەیە و نە بەرژەوەندیمان لەوەدایە پاڵپشتییەکی یەکلاکەرەوەیان پێشکەش بکەین.

- بەڕاستی سەرچاوە داراییەکان لە سعودیە و ئێران هەن، ئەمە پرسێکە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە ڕاوێژی لەسەر بکات کە لەمێژە بە شێوازی جیاواز پاڵپشتیان پێشکەش دەکرێت، دەبێت ڕاشکاوانە پێیان بڵێین کە هەست دەکەین ئەمە پرسێکی ناوچەییە نەک پرسێک کە ئێمە ڕاستەوخۆ پاڵپشتی بکەین.

- پێویستە هەڵسەنگاندن بکەین لە ڕووی ئاڵۆزییەکانی پشتگیریکردنی کورد لە چوارچێوەی لووتکەی مۆسکۆدا. دوای ئەوەی سۆفیەت هەوڵێکی زۆری دا بۆ قایلکردنی کورد بۆ چوونە ناو حکومەتی یەکێتیی نیشتیمانی لە بەغدا لەگەڵ حیزبی بەعس، پشتگیریکردنی کورد وەک جووڵەیەکی ڕاستەوخۆی دژەسۆفیەت دەردەکەوێت.

سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەمێژە خۆی لە تێوەگلان لە کاروباری کورد بەدوور گرتووە، لە کاتی سەردانی سەرۆک؛ بۆ تاران وەڵامەکە جەختکردنەوە بوو لەسەر دوورەپەرێزی لەو بابەتە. کاری دەوڵەت کورت کرایەوە تەنها بۆ پێشوازیکردن لە نوێنەرە کوردەکان لە ئاستێکی دیاریکراودا. لە ئێستادا (C. I. A) هیچ پێشنیازێکی نییە، بۆیە بابەتەکە ئەوەیە ئایا ئێوە وەک ئەوەی شا داوای کردووە؛ پێشوازی لە شاندی کوردەکان دەکەن یان نا؟ ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بەوەی تا چەند هەست بە پابەندبوون بەرامبەر شا دەکەن لەم خاڵە تایبەتەدا. هەستی خودی خۆم ئەوەیە کە باشترە لەم قۆناغەدا دەستوەردان نەکەیت، چونکە ئەوە بە واتای تێوەگلانی سەرۆک دێت (لانیکەم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ). پێموایە دەتوانیت ڕاشکاوانە بە شا بڵێیت؛ کە ئێوە منتان ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بە تەواوی گوێیان لێ بگرم و ڕاپۆرتێک پێشکەش بکەم. هەروەها هێڵمزیش قسەی لەگەڵ کردوون.

"شا دەیەوێت پێش گەشتەکەی بۆ ئەورووپا ڕۆژی دووشەممەوەڵامی دەستبکەوێت".

پێشنیارەکان:

ناردنی ئەم وەڵامەی خوارەوە بۆ شای ئێران کە دەڵێت: ڕەنگە پێشوازیکردنی من لە نێردراوە کوردەکان، پاڵیان پێوە بنێت بەرەو هەڵەیەکی وا کە پێشبینی زێدەڕۆیی (موبالغە)ی تیا بێت، سەبارەت بە پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆیان. وەک دەزانن تا ئێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە، بەڵام من داوا لە یاریدەدەری یەکەمم لە

کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم بە تەواوی گوێیان لێ بگرێت و ڕاپۆرتێکم بۆ ئامادە بکات. پاش ئەوەیش هەڵوێستی خۆمتان بۆ دەنێرم. ئەمە پێچەوانەی ویستی شا بوو، چونکە ئەو داوای دەکرد کیسنجەر خۆی چاوی بە نوێنەرەکان بکەوێت، [160]بەڵام لە کۆتاییدا ئیدارەی ئەمریکا خواستی بۆ هەڵوێستی (هارۆڵد سۆندەرز - Harold Saunders) نیشان دا.



بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی، ڕیچارد هێڵمس

پاش ئەوەی ڕیچارد هێڵمز (بەڕێوەبەری هەواڵگریی ناوەندی) و کۆلۆنێل کەنەدی و ئەفسەرێکی CIA لەگەڵ نوێنەرانی مەلا موستەفا (مەحموود عوسمان و ئیدریس بارزانی) لە واشنتۆن کۆبوونەوە، لە بەڵگەنامەی داهاتوودا دەبینین چی گوزەراوە:

کۆبوونەوەکانی واشنتۆن لەگەڵ نوێنەرانی کورد

واشنتۆن، ٥ی تەممووزی ١٩٧٢

١. .....

٢. وەک وتەبێژی سەرەکیی میوانەکان (.....) کۆبوونەوەکەی ٣٠ی حوزەیرانی بە پێشکەشکردنی سڵاوی تایبەتی مەلا موستەفا بارزانی بۆ سەرۆک نیکسۆن و گەلی ئەمریکا دەستپێکرد. سوپاسی بارزانیی دەربڕی بۆ ئەم دەرفەتەی کە مێژوویەکی درێژە چاوەڕوانی دەکرێت، بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ حکومەتی

[160] NCC Files. Box 138 Kissinger Office Files

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و داوای ڕاشکاویی تەواوی لە هەردوولا کرد، (.....) پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی کورد و خەباتی لەپێناو ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا خستە ڕوو، دواتر بەردەوام بوو لە وەسفکردنی پێگەی جوگرافی و سیاسیی کوردستان، وەک تاقە بەربەست لە بەردەم کۆنترۆڵی تەواوی سۆڤیەت بەسەر عێراقدا و ئەو دەرئەنجامانەی کە لەوەوە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر وڵاتانی تری ناوچەکە، بەتایبەت ئێران، تورکیا، عەرەبستانی سعوودی، ئوردن و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. پاشان بە وردەکارییەوە باسی لە هەوڵە هاوبەشەکانی سۆڤیەت و عێراق کرد بۆ خستنە ژێر ڕکێفی کورد لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە بەغدا، بەتایبەتی ئاماژەی بەو فشارانە کرد کە ڕاستەوخۆ سۆڤیەت بۆ سەر سەرکردە کوردەکان دەیکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە سەردانی ئەندامانی باڵای پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) بۆ لای مەلا موستەفا، (.....)، ڕاپۆرتێکیان نارد لە بارەی داواکارییەکانی سۆڤیەت لە مەلا موستەفا بارزانی لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٧٢ بۆ وەرگرتنی وەڵامێکی ڕوون بۆ پێشنیارەکانی پێشووی سۆڤیەت بە کورد، بۆ چوونەناو حکومەتی بەرەی نیشتمانیی عێراقی، ئەو هەوڵەکانی سۆڤیەتی وەک تەواوکەری چالاکییە ئابووری - سەربازی و تیرۆریستییەکانی عێراق وێنا کرد، کە ئامانجیان لەناوبردنی بارزانی و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی عێراق بوو. (.....)وتی بارزانی و سەرکردە کوردەکانی تر ناتوانن زیاتر لە شەش مانگ لە بەردەم فشاری هاوبەشی سۆڤیەت و عێراقدا خۆبگرن، بەبێ هاوکاریی دەرەکیی گرنگ، ئەگەر ئەم هاوکارییە نەگات ئەوا کوردەکان پێیانوایە لە ماوەی شەش مانگدا ناچار دەبن یان ڕێکەوتنی سیاسی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق بکەن یان شەڕێک بکەن کە شکستیانی تێدا مسۆگەرە.



ئیدریس بارزانی و دکتور مەحمود عوسمان

٣. (.....) جەختی لەسەر ئارەزووی بارزانی کردەوە بۆ زیادکردنی هاوکارییە دەرەکییەکان، نەک تەنها بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکە دژی سۆڤیەت و عێراقییەکان، بەڵکو ئەو پێی باشە کوردستان بکاتە یارمەتیدەری ویلایەتە یەکگرتووەکان و دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەت (تورکیا، ئێران، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی، ئوردن و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی)، جگە لەوەیش (.....) ئاماژەی بە قەناعەتی مەلا موستەفا کرد کە (سۆڤیەتیەکان کۆنترۆڵی هەلومەرجی عێراق دەکەن و کات لە بەردەم ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی کە هاوسنووری عێراقن، کەم بووەتەوە)، هەروەها بارزانی پێیوایە (کوردستان سەرەڕای بچووکییەکەی، بەڵام دەتوانرێت پێگە ستراتیژییەکەی و هێزە جەنگییە شاراوەکەی وەک ئامرازێکی کاریگەر بەکاربهێنرێت لە هەوڵەکانی جیهانی ئازاد، بۆ گۆڕینی هاوسەنگییەکان دژی تەشەنەکردنی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەڕانەوەی دەسپێشخەری بۆ دەستی جیهانی ئازاد و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا). هەروەها لەم چوارچێوەیەیشدا وتی: کە زۆربەی سەرچاوەکانی نەوتی عێراق، دەکەونە ناوچە کوردییەکانەوە. کوردستانێکی بەهێز دەتوانێت کێشێکی گرنگی هەبێت لە سیاسەتی نەوتیی حکومەتی عێراقدا.

٤. (.....) و ڕوونی کردەوە کە لە چوارچێوەی ئەم باسەی پێشوودا، مەلا موستەفا چاوەڕوانی هاوکاریی دارایی، سەربازی و هەواڵگری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بەمشێوەیە:

أ. داننان بە ئامانجی کورد؛ کە خۆی لە ئۆتۆنۆمیدا دەبینێتەوە و بەردەوامبوونی پێوەندییە نهێنییەکانی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکومەتی ئەمریکا.

ب. هاوکاریی دارایی پێویست بۆ گۆڕینی کورد بۆ هێزێکی سەربازیی هێرشبەر، بەمەبەستی ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لە بەغدا، یان لانی کەم سەرقاڵکردنی زۆربەی هێزەکانی سوپای عێراق لە شەڕێکی نادیاردا، بۆ لەناوبردنی ڕژێمی عێراق کە مەترسییەکی ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتە دژی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی جیهانی ئازاد و هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا.

ج. دابینکردنی هاوکاریی سەربازی.

د. دروستکردنی پەیوەندییەکی هەواڵگری لە نێوان کورد و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە دابینکردنی هاوکاری بۆ هەواڵگریی کورد لەخۆبگرێت.

٥. لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەی سەرەوەدا بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی نێوان سەرکردایەتیی ئەوان و سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، (.....) وتی کە مەلا موستەفا بارزانی پێشنیاری کردووە (.....) ئامادەیی کاتی یان هەمیشەیی لە حاجی ئۆمەران هەبێت، لە بەرانبەریشدا بزووتنەوەی کورد ئەنجامدانی پەیوەندییەکان لە هەر شوێنێکی گونجاو کە حکومەتی ئەمریکا پێی باش بێت، قبوڵ دەکات. (.....) وتی کە مەلا موستەفا بارزانی لەلایەن خۆیەوە پەرۆشە بۆ سەردانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە هەر کاتێکدا کە بارودۆخی سیاسی ڕێگەی پێ بدات، هەروەها (.....) جەختی کردەوە کە لە بەرانبەر ئەو هاوکارییانەی لە سەرەوە باسکران، مەلا موستەفا بارزانی ئامادەیە بزووتنەوەکەی و شەڕڤانانی (پێشمەرگەکانی) پابەند بکات بە سیاسەتەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها (.....) قسەکانی زیادی کرد و وتی (پێش بەجێ هێشتنی واشنتۆن ئەو و (.....) بەڵگەنامەیەک لەسەر پاشخان و وردەکاریی داواکارییەکانیان پێشکەش بە (.....) دەکەن، سەیری هاوپێچەکان بکەن.

٦. بابەتەکەی بەوە کۆتایی پێهێنا کە بایەخدانی مەلا موستەفا و ئەو داواکارییانەی پێشکەشیان کردووە، پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بە ئاماژەکەی سەرۆک نیکسۆن لە

کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی ٢٩ی حوزەیراندا، سەبارەت بە هەڕەشە و سەرکێشییەکانی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەر ئاشتیی جیهانی، (.....) وتیشی کە هەوڵەکانی سۆڤیەت و عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان، بریتیە لە دواییین بەشی سەرکێشییەکانی سۆڤیەت بۆ گۆڕینی عێراق بۆ دەوڵەتێکی پاشکۆی خۆی، ئەمەیش هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٧. (.....) جگە لەویش ئەو (.....) پێستە پڵنگێکی کوردستانیان وەک دیاری لە مەلا موستەفا بارزانییەوە بۆ سەرۆک نیکسۆن هێنابوو، وتی کە دیارییەکە لە ڕێگای بەڕێوەبەرەوە دەنێرێت، تاوەکو ئەو بەناوی ڕێبەری کوردەوە پێشکەشی سەرۆکی بکات، لە کۆتاییدا وتی کە مەلا موستەفا بارزانی هیواداڕە گەیشتنی نوێنەرەکانی بۆ واشنتۆن لە کاتێکی نزیک لە ئاهەنگی ئەمریکییەکان بەبۆنەی جەژنی سەربەخۆیی (١٤ی تەممووز) حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هان بدات، وەڵامێکی ئەرێنیی هەبێت بۆ داواکارییەکانی کورد سەبارەت بە هاوکارییەکان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کورد.

٨. بەڕێوەبەر هێڵمز سوپاسی (..... و .....) کرد بۆ سەردانەکەیان بۆ واشنتۆن و ستایشی (.....)ی کرد بۆ خستنەڕووە نایابەکەی، سەبارەت بە هەڵوێست و داواکارییەکانی گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی و وتی کە ئەو و کۆلۆنێل کەنەدی لەلایەن دکتۆر کیسنجەرەوە ڕێپێدراون، بۆ دەربڕینی هاوسۆزیی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بزووتنەوەی کورد و سەرکردایەتیی مەلا موستەفا، هێڵمز ئاماژەی بەوە کرد کە تەنها هەبوونی نوێنەرانی کورد لە فەرمانگەکەی ئەو، بەڵگەیە بۆ هەڵوێست و ئامادەیی ئێمە بۆ لەبەرچاوگرتنی داواکارییەکانیان لە پێشکەشکردنی هاوکاریدا، بەڕێوەبەر وتی کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئارەزوو دەکات بەردەوام بێت لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد، کە بە ڕەسمی دەستی پێکرد بە پێشکەشکردنی (.....). سراونە تە وە

٩. (.....) سراونە تە وە

١٠. پاشان بەڕێوەبەر داوای لە (.....) کرد کە (.....) بە زووترین کات وردەکاریی پێداویستییە دارایی و سەربازییەکانی کوردی بۆ بنێرێت، تاوەکو حکومەتی ویلایەتە

یەکگرتووەکان بە تەواوی لەبەرچاویان بگرێت، بەڕێز هێڵمز دانی بەوەدا نا کە کات بۆ کوردەکان زۆر گرنگە و حکومەتەکەمان هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ دابینکردنی ئەم هاوکارییانە، لە زووترین کاتدا. هەروەها ئاماژەی بەوەیش کرد کە وەڵامی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی (.....)، بۆ مەلا موستەفا بارزانی دەنێردرێت و ئێمە ڕێکی دەخەین، بەڕێوەبەر هێڵمز هۆشداری دا کە زۆر قورس دەبێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ چەک بۆ کوردستان دابین بکات، بەبێ ئەوەی ئاشکرا ببێت. بۆیە پێشنیاری کرد کە باشتر وایە ئەم هاوکارییانە لە ڕێگەی (.....) یان حکومەتی ئێرانەوە بگوازرێنەوە، بەڕێوەبەر ڕوونی کردەوە کە نهێنییارێزی لەم پەیوەندییە نوێیەدا، کارێکی داواکراوە و زۆر گرنگە و شکستهێنان لە پاراستنی نهێنییەکان ڕەنگە پەیوەندییەکە تێک بدات.

١١. (.....) وەڵامی دایەوە کە سەرکردایەتیی کورد لە پێویستییەکانی نهێنییارێزی تێدەگات و ئامادەیە ڕێکارەکان بەو شێوەیە بپارێزێت، کە لایەنی ئێمە دەیەوێت و بەگوێرەی هاوکاریەکان بە گوێرەی فەرمانەکانی ئێمە بە ڕێکاری نهێنی بێت، وەک ئاماژەیەک بۆ نیازپاکی لەم بوارەدا وتی: کە تەنها حکومەتی ئێران ئاگاداری ئەم سەردانەی کوردە بۆ واشنتۆن (.....).

١٢. کۆلۆنێل کەنەدی، دەستخۆشیی دکتۆر کیسنجەری دەربڕی بۆ ئەم خستنەڕووە نایابە، کە وێنەیەکی ڕوونی پێداین سەبارەت بە بارودۆخی مەترسیداری کوردستان و ئەو توانایانەی کە هەیەتی بۆ گێڕانی ڕۆڵێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها ستایشی (.....) کرد بۆ خستنەڕووە نایابەکەی بەناوی مەلا موستەفا بارزانییەوە، کۆبوونەوەکە کۆتاییهات بە ڕێکەوتن لەگەڵ میوانەکان، بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ (.....) بۆ پێشکەشکردنی وردەکاریی زیاتر بۆ پشتگیریکردنی ئەوەی لە بەردەم بەڕێوەبەر و کۆلۆنێل کەنەدی خستیانە ڕوو.

ئەم یادداشتە، پاشبەندێکی لەگەڵدایە کە لەم بابەتانەی خوارەوە پێکهاتووە و لەسەر بنەمای ئەو وتووێژانە داڕێژراوە کە لەگەڵ نوێنەرانی کورد ئەنجامدراون: (سیاسی، دارایی، سەربازی و هەواڵگری)، بۆ نموونە: ئەو پاشکۆیەی پەیوەندی بە لایەنی

سیاسییەوە هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی کورد، بریتییە لە بەدیهێنانی «ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتدا». دەکرێت ئۆتۆنۆمی بەراورد بکرێت بە ویلایەتێک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە تێیدا کۆنترۆڵی کاروباری ڕۆشنبیری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیانی خۆیان دەکەن و بە هیچ شێوەیەک بەراوردکردنی لەگەڵ سەربەخۆیی تەواوەتیدا نییە. ئامانجی دووەمیش بریتییە لە پەیڕەوکردنی دیموکراسی وەک سیستمێکی سیاسی بۆ حکومەتی عێراق، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات: ئۆتۆنۆمی لە مێژووی (١٩٢٢/١٢/٢٤)وە لە جارنامەی سەری ساڵدا ناسێنراوە، کاتێک بەریتانییەکان بەشێوەیەکی تایبەت دانیان بە ئۆتۆنۆمیی کورددا نا و گەرەنتی درا بە دەسەڵاتێکی کوردی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان. بەداخەوە بەریتانییەکان و عەرەبە عێراقییەکان هەرگیز ئەم ڕاگەیاندنەیان جێبەجێ نەکرد، ئەمەیش بووە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی یەک لە دوای یەکی کورد، ئامانجی کورد لە شەڕی ئێستایاندا، دانپێدانانی فەرمییە بە ئۆتۆنۆمییەک کە پێشتر لە (جارنامەی سەری ساڵ)دا پێیاندراوە.

یاداشتەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: هەوڵەکانی بەعس بۆ دەستەمۆکردنی کورد تا ئەمڕۆیش بەردەوامە، لەگەڵ چڕکردنەوە و فراوانکردنی فشاری سیاسی لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) و بولگاریا و وڵاتانی تری کۆمۆنیست، بۆ پاراستنی زیاتری ڕژێمی بەغدای پاشکۆی خۆیان، سۆڤیەتیەکان فشاریان خستە سەر میسر کە دوژمنێکی لەمێژینەی حیزبی بەعسە، تاوەکو هەڵوێستێکی دۆستانەتر بەرامبەر عێراق بگرێتە بەر. تەنانەت سوورییەکانیشیان قایل کرد کە لایەنێکی دژبەری بەعسی عێراقن، تاوەکو کۆتایی بە دوژمنایەتییەکەیان دژی عێراق بهێنن، ئەم پێشهات و هەنگاوانە لە قۆناغێکدا دێن کە لەو وڵاتەدا تیرۆرکردن و ئەشکەنجەدان لەسەر دەستی پارتی بەعسی عێراق بە سەرکردایەتیی سەددام حوسێن تکریتی بەردەوامە، بۆ ئەوەی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی پاشکۆی سۆڤیەت، سەرەڕای ئەوەیش وەک ئەوەی لە چیکۆسلۆڤاکیا ڕووی دا، زۆرینەی دانیشتووان ڕقیان لە

ڕژێمەکەیە، بەڵام تیرۆری ڕێکخراو و توندوتیژیی بەعسییەکان دەستەمۆ و بێدەنگی کردوون.

کوردستانی ئەمڕۆ، تاقە بەربەستە لە بەردەم باڵادەستیی سۆفیەت بەسەر عێراقدا، لە ڕێگەی سەددام تکریتییەوە. ئەگەر ئەمەیشیان بۆ نەچووە سەر، ئەوا سۆفیەتیەکان دەتوانن عێراق و یەمەنی باشوور (کۆماری دیموکراتیی میللیی یەمەن) وەک کارەکتەری تێکدەر و ڕووخێنەر لە دژی وڵاتانی لاوازی کەنداوی عەرەبی بەکاربهێنن، هەواڵگریی کورد زانیارییان داوە کە ڕێبەری یەمەنی باشوور (عەبدولفەتاح ئیسماعیل) لەگەڵ کۆسیجین ڕێککەوتووە، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی لەو شێوەیە لە کەنداو بە هەماهەنگی لەگەڵ عێراقدا بگێڕن.

... لە کاتێکدا کوردەکان دان بە بچووکیی ڕۆڵی خۆیاندا دەنێن لە چوارچێوەی ناوچەیەکی فراواندا، بەڵام ڕێبەرە کوردەکان پێیانوایە دەتوانن ڕۆڵی باشیان هەبێت وەك هاوبەش بۆ پاراستن و تەنانەت پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆتا خاڵ کە هەردوو نوێنەرە کوردەکە ویستیان بە تۆندی جەختی لێبکەنەوە، ئەوە بوو کە مەلا موستەفا بارزانی ئارەزووی هەیە، بزووتنەوەکەی ببەستێتەوە بە کارکردن لە چوارچێوەی ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا و بەپێی ئاراستە سیاسییەکانی ئەوان، لە بەرانبەر پێدانی هاوکاری بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کورد. هەردوو نوێنەرە کوردەکە ئەم هاوکارییەیان بەوە خەملاند؛ کە گونجاوە لەگەڵ ئەو فەلسەفە سیاسییەی کە کوردستان و ئەمریکا هاوبەشن تێیدا، وەک ژیانی ئازاد و بەڕێوەبردنی کاروباری کەسی، نوێنەرە کوردەکان بەتایبەتی چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دان بنێت بە ئامانجە سیاسییەکەی کورد کە خۆی لە ئۆتۆنۆمیدا دەبینێتەوە. سەرەڕای ئەوەی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانیان پێداناوە، لەوانە حکومەتی بەغدا، یەکێتیی سۆفیەت و وڵاتانی تری کۆمۆنیست، کوردەکان درک بەوە دەکەن کە بەهۆی پێویستیی بە نهێنیپارێزی لە هەر پەیوەندییەکدا کە لە نێوانیان و حکومەتی ئەمریکادا دروست دەبێت، دەبێت ئەم هاوسۆزی و دانپێدانانە بە هەڵوێستەکەیان تا کۆتایی بە نهێنی

بمێنێتەوە. بەڵام هیوادارن کاتێک دەرفەت هات ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هێمنی و بە ئاشکرا دان بنێن بە کوردستاندا، وەک قەوارەیەکی سیاسی کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

کاتێک شای ئێران لە ٤ی حوزەیران داوای کرد، شا خۆی بە تەواوی پابەند کرد بە دوو ڕێڕەوی کارکردن لەگەڵ ئامانجی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی؛ یەکەم: بەکارهێنانی کورد و عێراقییە نەیارەکانی بەعس، بۆ ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لە عێراق، کە ئەم ڕێڕەوەیان لای شا پەسەندتر بوو. ڕێڕەوی دووەم: بریتییە لە کەمترین ئاستی پاڵپشتی بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە ناوچەکانی عێراقدا، تاوەکو بتوانێت لەسەر پێی خۆیان بوەستن و توانای بەرگریکردنیان هەبێت لە بەرانبەر هەموو ئەو هەوڵانەی ئامانجیان لەناوبردنێتی. ئەمە ڕوونترین دانپێدانانە بە ئۆتۆنۆمیی کورد کە تا ئێستا لەلایەن ئێرانییەکانەوە دەربڕابێت.

ئەرشیفێکیتر هەیە کە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٧/٢٨ی لەسەرە، لەژێر ناونیشانی: «پێشبینییەکان و کێشەکانی پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ کورد».

(هێڵمز و کەنەدی)؛ ئەو دوو کاراکتەرەن کە چاویان بە ئیدریس و مەحموود کەوتبوو (لەلایەنگرانی پێشکەشکردنی هاوکاریی سنووردار بوون بۆ بارزانی، بەڵام نەک بێ مەرج و تێبینی). بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوانەی لە میسر دەگوزەران و ئەو قەیرانانەی لەگەڵ سۆڤیەتیەکان هەیانبوو لەو وڵاتەدا، کەپێیانوابوو ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی سۆڤیەت هەوڵەکانی خۆی لە عێراقدا چڕ بکاتەوە، جەختکردنەوەیەکی توند هەیە لەسەر ئەوەی هاوکارییەکان بەشێوەیەك بگەن، کە ئیدارەی ئەمریکا بتوانێت دەستوەردانی خۆی لە هاوکاریکردنی کورددا نکوڵی لێ بکات. هەروەها دەبێت هاوکارییەکان لە سنووڕێکدا بن، کە کاردانەوەی سۆڤیەت نەوروژێنن و گرژییە نێودەوڵەتییەکان زیاد نەکەن. هەروەها ئەمریکییەکان لێکۆڵینەوەیان لە ئەگەری دەستوەردانی ڕاستەوخۆی سۆڤیەت لە شەڕ لەگەڵ کوردەکاندا دەکرد، هەرچەندە ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، پەیوەندیی سۆڤیەت و ئێران تووشی گرژی دەکات. بەڵام «سۆڤیەتیەکان ئامادەن لەپێناو پاراستنی وەبەرهێنان و پێگەی خۆیان لە عێراقدا، باجی ئەوە بدەن و

ئەم پێداگرییەیان نابێت لە هاوکێشەکان وەلابنرێت....»، هەروەها لێرەدا هەستیاریی تورکیا بەرانبەر ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە ئارادایە، کە ئەمەیش بابەتێکی گرنگە بیزانین، ئەرشیفەکە ئاماژە بەوەیش دەکات: «نفووز و کاریگەریی بارزانی لە ناوەندی کوردیدا سنووردارە بەهۆی دابەشبوونی ڕێکخراوەیی، تەنانەت لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە خۆی سەرۆکایەتیی دەکات، هەروەها کێشەکانی تەمەن و نەبوونی میراتگرێکی گونجاو بۆ دەسەڵاتە سیاسییەکەی لە نێوان کورددا». جگە لە هەبوونی ئەو ئاڵۆزییانەی کە بڕیارە هاوکاری و پاڵپشتیی ئۆپەراسیۆنەکانی کورد بکەن بە شێوەی نهێنی، لە کاتێکدا ئیدارەی ئەمریکا لێکۆڵینەوەی خۆی دەکات لە کردنەوەی بەشێکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا.

هەڵسەنگاندنی حکومەتی ئەمریکا بۆ ڕژێمی بەعس؛ بەمشێوەیە بوو: «مێژووی سەرکێشییەکانی بەعسی عێراق، دەریدەخات کە سیاسەتی ڕازیکردنیان بە سازشکردن، شکستی هێناوە. ئەوان سوود لە لاوازی وەردەگرن، وا دەردەکەوێت کە تەنها ترس لە دەرئەنجام و شکست یان هێشتنەوەیان لە دۆخی بەرگریدا، تاقە شێوازی ڕێگریکردنیانە بۆ وازهێنان لە ڕەفتارە شەڕانگێزییەکانیان"[١٦١]

١٣. ئەرشیفەکە لە بڕگەی ١١دا دەڵێت: ڕەوشی هەنووکەیی دەڵێت؛ ڕژێمی بەعس کێشەی دابەزینی داهاتی هەیە، لە کاتێکدا کە سەرکردایەتیی سیاسیی ڕێکخراوی کورد هێشتا توانای بەرگریکردنی هەیە، ئەوە کۆتا هەلی بێ ئومێدانەی ئێمەیە بۆ سەرقاڵکردنیان لە پڕۆسەیەکی تردا، کە ئامانجەکەی لانی کەم بێزارکردنی بەعس بێت، کە بتوانین ڕەخساندنێکی تر و بەشداریەکی تریان پێ بکرێت بۆ بارودۆخێکی ئەرێنی لەلایەن توخمەکانی تڕەوە، کە کەمتر دوژمنکار بن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمە و دۆستەکانمان لەم ناوچەیەدا. دەبێت ئەوەیش قبوڵ بکەین کە ڕەنگە بەعس بەهۆی ئۆپۆزسیۆنی کوردەوە ناچار بێت داوای پاڵپشتیی زیاتری سۆڤیەت بکات. بەڵام ئەگەر

[161]. Memorandum for: Henry Kissinger. From Al Haig. July 1972

ڕێگە بدەین بەرگریی کورد بەهۆی نەبوونی پاڵپشتییەوە بەرەو لاوازی و لەناوچوون بچێت، ئەوا واتای ئەوەیە کورد ناچار دەبێت بچێتە ناو بەرەی نیشتمانی لەژێر چاودێریی سۆڤیەتدا، کەواتە بەعس لێرەوە دەتوانێت بەبێ هیچ ڕێگرییەک بەردەوام بێت لە پلانەکانی لە ناوچەکەدا، ئەگەر ئەمانە بخەینە تەرازووەوە، دەبینین باشتر وایە ئەو مەترسییە (سەرکێشییە) بکەین بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی بەرگریی کورد».

لێرەدا پێداویستیی یەکگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران دەبینین، بۆ پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی کورد لە چوارچێوەی شەڕی شەکەتکردن (حرب استنزاف)، نەک بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان بۆ کورد، زۆر بە ڕوونی دیارە کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد، سەرنجی ئەم پلانەی نەداوە و هیچ کارێکی نەکردووە بۆ چەسپاندنی پشتگیرییە ناوخۆییەکانی. بەڵکو بە هەنگاوی خێرا بەدرێژایی هێڵەکە لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا ڕۆیشتووە، کە خۆی لە پشتبەستن بە پاڵپشتیی دەرەکیدا دەبینێتەوە.

١٢.ئاماژە بەوە دەکات: لە ڕوانگەی ئێمەوە وا دەبینین باشترە ئەوەندە هانی بارزانی بدەین و پاڵپشتیی بکەین کە وای لێ بێت پیویستی بەوە نەبێت پشت بە ڕژێمی بەغداد ببەستێت و بتوانێت ڕووبەڕووی هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپای عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردییەکان ببێتەوە، هەتا ئەو دەمەی ئەم پێگە بەهێزەی کورد هەبێت، ڕەگەزە جیاوازەکانی تر (ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنەکان) لەناو سوپا و کایەی سیاسیی عێراقدا بێ ئومێد نابن لە هەوڵەکانیان بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی تر بۆ ڕوخاندنی ڕژێم، پاراستنی کورد تەنانەت لە ئاستێکی بەرگرییشدا، تواناکانی ڕژێم بۆ سەرکێشیی شەڕانگێزیی دژی ئێران و ئوردن و لە کەنداودا سنووردار دەکات.

هەروەها ئەرشیفەکە ئاماژە بەوە دەکات: ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی ئەو وڵاتە زۆرانەی کە بارزانی پەیوەندیی پێوەکردوون، یەکێتیی سۆڤیەت و بەعس ئاگاداری هەوڵەکانی بارزانی بن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی، ئەمە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ ئەوەی

یەکێتیی سۆڤیەت و بەعس هەڵمەتێکی پێشوەختە دژی بارزانی دەست پێبکەن، پێش ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بکەن.[١٦٢]

یادداشتنامەکە زیاتر لەسەر داواکاریەکانی بارزانی لەڕووی کۆمەکی دارایییەوە لە هەنووکەدا و لەسەر ئاستی دوور دەڵێت:

١٦:ئەگەر بارزانی توانیی خۆی لە هێرشی نزیکی عێراق بپارێزێت، ئەوا پێشینەی کارەکانمان دەدەینە پێداویستییەکانیان لە مەودای دووردا، بەپێی ئەو سێ ستراتیژەی کە نەیارەکانی ئاماژەیان پێداوە، ئەوان پێداویستییە لۆجیستیەکانی خۆیانیان لە سێ ئاستدا خستنەڕوو: (بەرگری، هێرشبەری و قۆناغی شۆڕشگێڕی).

١٧، ئاستی یەکەم قۆناغی بەرگری: وتیان ئەمە کەمترین ئاستی هاوکارییە دەرەکییەکان دەگرێتەوە، کە ڕێگە بە بزووتنەوەکەیان بدات دۆخی ئێستا بپارێزن و لە ڕووی سیاسی و ئابووری و فشارە سەربازییەکانی بەعسەوە بۆ ماوەیەکی نادیار بەرگری بکەن.

١٨،ئاستی دووەم قۆناغی هێرشبەری: کە بارزانی خوازیارە ئامرازی دارایی و سەربازی بۆ کورد دەستەبەر دەکات. نەک بۆ پاراستنی دۆخی ئێستایان، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانن ڕژێمی بەعس بۆ ئاستێک ڕاپێچ بکەن، کە چی تر نەتوانن لە ڕووی سەربازییەوە هەڕەشە لە دراوسێکانیان و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا بکەن، نە لەلایەنی سەربازی و نە لە ڕێگای کاری تێکدەرانەوە. مەبەست لە خواستە سەربازی و دارایییەکانی بارزانی، ئەوەبوو بگاتە ئەم ئاستە لە چالاکی.

١٩، ئاستی سێیەم قۆناغی شۆڕشگێڕی: گۆڕینی کوردستان بۆ بنکەیەکی گەرەنتیکراو، کە لێیەوە ڕژێمی بەعس بڕووخێنرێت بە هاوکاری ئەو عێراقییانەی دژی ڕژێمن، دوو نوێنەرەکەی کورد ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم ئاستە لە چالاکی، پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاتر هەیە لە ئاستی دووەم. هەروەها پێویستی بە دابینکردنی هاوکاریی دارایی هەیە بۆ هاوکارە عەرەبەکان.

---

[162] Memorandum for: Henry Kissinger. From Al Haig. July 1972

٢٠، لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر جۆری ئەو شتانەی بۆ قۆناغی هێرشبەری پێویستیانە، دەرکەوت کە کوردەکان بیرۆکەی هەڵە و ناڕاستیان هەیە دەربارەی کارە سەربازییەکان و جۆری ئەو کەرەستانەی دەتوانن بەکاربهێنن، گرنگیدانی ئەوان بە تانک بۆ بەکارهێنانی لە دەرەوەی چیاکان، ئەو ئاماژەیە دەدات کە دەتوانن لە جەنگێکی کلاسیکیدا شەڕی سوپای عێراق بکەن، ئەمەیش پێویستی بە بنکەیەکی لۆجستی هەیە لە ئێران، هاوشێوەی ئەوەی قێتنامی باکوور بۆ قێت کۆنگ دابینی کردبوو، دوو نوێنەرەکە ڕاشکاو بوون و دانیان بەوەدا نا کە پێویستیان بە ڕێنمایی سەربازی هەیە.

٢٩، دوای وردبینی لەو چەکە کۆگاکراوانەی کە دەکرێت بە کوردەکان بدرێت، دەبێت پێشینە بدەین بەو جۆرە چەکانەی کە ڕاهاتوون لەسەر بەکارهێنانیان. هەروەها گرنگی دەدەین بە دژەفڕۆکە و دژەتانک، لەوانە مینی زەمینی و مووشەک. دڵنیایی لەسەر سووکی و ئاسانیی گواستنەوەیان، واتا دەبێت کوردەکان پشت بە مووشەک و هاوەن ببەستن لە بری هەوڵدان بۆ زیادکردنی پشتبەستن بە تواناکانی تۆپخانەی کلاسیکی. پاشان یاداشتەکە باس لە ئەگەری کاردانەوەی سۆڤیەت دەکات بەپێی ڕێککەوتنامەی هاوکاری و دۆستایەتیی سۆڤیەت – عێراق، چونکە بۆ سۆڤیەتیەکان قورسە چاوپۆشی لە دەستتێوەردانێکی دەرەکیی گەورە بکەن لە کاروباری عێراق، هەرچەندە ئارەزووی ئەوەیش بکەن کە پەیوەندییە نەرمەکانیان لەگەڵ شا ئاڵۆز نەبێت، سۆڤیەتیەکان بەرژەوەندیەکی گەورەیان لە عێراقدا هەیە و حکومەتی بەغداد زیاتر لە هەر حکومەتێکی پێشوو، دەستکەوتی پێداون. تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنامەکە بڕگەی نهێنییشی تێدا نەبێت، ئەوا دەستتێوەردانی سۆڤیەت لە کاتی پێویستدا بۆ پاراستنی سەلامەتی ڕژێمەکە ئەگەرێکی کراوەیە، بۆیە یاداشتەکە پێشنیار دەکات کە دەبێت نوێنەرانی بارزانی بگەنە ئەو بڕوایەی کە دەبێت ئومێدەکانیان لە چوارچێوەیەکی واقیعییدا بهێڵنەوە (چوارچێوەی بەرتەنگیی لۆژیک و گونجاو) (deniability) جێبەجێ

دەکرێت، هەروەها ئامۆژگاری بکرێن کە دوور بکەونەوە لەو کارانەی دەبنە هۆی هەڵکشانی گرژییە نێودەوڵەتییەکان.[١٦٣]

پاشان یاداشتەکە بە ڕوونی باس لە جۆری هاوکارییەکان و مەرجەکانی دەکات: شێوازی دابینکردنی پشتگیریی دارایی و سەربازی، بەندە بە پلەی ئەو نهێنییەی کە دەمانەوێت و ئاستی ئەو توانا سەربازییەی کە ئێمە دەمانەوێت دابینی بکەین و ئەو ئامانجانەی دەمانەوێت بیهێنینە دی.

یاداشتەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

35، پارە وەک چەک نییە، دەکرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕادەست بکرێت و کێشەی ئاشکرابوونی کەمە. لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە هاوکارییە دارایییەکانیان لە ڕێگەی (.....) ئێرانییەکانەوە پێ بدەین، بۆ بەهێزکردنی هەستی بەشداریکردنی ئەوان (ئێرانییەکان)، هەروەها لەبەر هۆکاری دڵنیایی ئاسایشی (ئەمنی)، هەروەها دەبینین لە بەرژەوەندیدایە هەندێک هاوکاریی دارایی، ڕاستەوخۆ بدەینە کوردەکان بۆ بەهێزکردنی هەژموونی خۆمان سەرەڕای گرتنەبەری هەندێک ڕێکاری گەرەنتی (کۆنترۆڵی خەرجکردنی تەنها لای خۆمان بێت)، وەک ئامرازێک بۆ سوودومەرگرتنی هەواڵگری.

سەبارەت بە ئەمریکییەکان و پلانەکەیان و ئەو مەترسییانەی ڕەچاویان کردووە، یاداشتەکە دەڵێت: کوردەکان زۆر دابەش بوون و دزەکردن لە ڕیزەکانیاندا هەیە، بە جۆرێک ناتوانن نهێنییەکان لە دەزگا ئەمنییە دەرەکییە شارەزاکان بشارنەوە و تێوەگلانی لایەنی سێیەم، ئەگەری ئاشکرابوونی نهێنیەکانی لێدەکەوێتەوە. پێشتریش ڕژێمی بەعس تۆمەتباری کردووین بە یارمەتیدانی دوژمنەکانیان، دەبێت ئاگادار بین کە هیچ بەڵگەیەک نەدەین بەدەستەوە کە ئەو تۆمەتانە بسەلمێنێت لە هەموو بارودۆخێکدا. تەنانەت ئەگەر هیچ کارێکیش نەکەین، ئەوان بەردەوام دەبن لە تۆمەتبارکردنمان.

[163] Memorandum for: Henry Kissinger. From Al Haig. July 1972. See points: 32, 33, 34.،

پاشان یاداشتەکە لە ماددەی ٥١دا باس لە دابەشبوونەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، پاشان ماددەی ٥٢ جەخت دەکاتە سەر دابەشبوونەکانی ناو خێزانی مەلا موستەفا، کە لە ڕاستیدا زانیاریی نادروستن و بەشێکیان هەڵەن.

٥٢، بارزانی تەمەنی ٦٩ ساڵە. هێشتا تەندروستیی باشە، بەڵام دیارە ساڵانی سەرکردایەتیی سنووردارە، هەندێک لە کوڕەکانی بەتایبەت گەورەکەیان لوقمان[١٦٤] و یەکێکی تریش بەناوی عوبەیدوڵڵا، چوونەتە پاڵ حکومەتی بەغداد. ئیدریس و مەسعوود یارمەتیی باوکیان دەدەن. مەسعوود، سەرکردایەتیی دەزگای هەواڵگری دەکات و ئیدریس لە بواری بەدەستهێنانی پشتگیریی دەرەکی، کاردەکات. هیچ کامیان خاوەنی کارێزمایی باوکیان نین و وا دیارە کاندید نین بۆ جێگرتنەوەی باوکیان بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد دوای کۆچی دوایی ئەو. وا دەردەکەوێت سەرکردایەتییەکی لەو شێوەیە، زیاتر بۆ جەلال تاڵەبانی یان کەسێکی وەک ئەو بێت.

ئاگاداریی ئێمە بۆ ئەم دابەشبوونە ڕێکخراوەییە (حیزبییە) قووڵانەی نێوان کوردەکان، ڕێگریمان لێ ناکات لە دابینکردنی هاوکاریی نهێنی بۆ بارزانی یان کەسانی تر وەک بەشێک لە هەوڵێک بۆ لاوازکردنی هەڵمەتەکانی بەعس و سۆفیەت دژی هاوڕێیان و بەرژەوەندییەکانمان، تێگەیشتنمان بۆ دابەشبوونی کوردەکان، دەبێت بمانپارێزێت لەو خەیاڵانەی کە گوایە پشتگیریکردنمان بۆ بارزانی، توانای ئەوەی پێدەدات کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەی باکووری عێراق بکات و سوود لە سەرچاوەکانی وەربگرێت، وەک ئەوەی ئەو دوو نێردراوە باسیان کردووە.[١٦٥]

ڕەزامەندیی ئەمریکا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی نهێنی، دوای زنجیرەیەک ڕووداوی سیاسی هات وەک:

١. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان مۆسکۆ و بەغداد.

---

[١٦٤]، لوقمان تا دوای شکست١٩٧٥ لەگەڵ باوکی مایەوە و نەچوە لای حکومەتی بەعس تا ئەو کاتەی باوکی سووکایەتی پێکرد لە هاوینی١٩٧٥ لە تاران.

[165] ،Henry Kissinger،Memorandum for:. From Al Haig. July 1972

٢. خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق.

٣. تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداد و بزووتنەوەی کورد.

٤. داواکارییە بەردەوامەکانی شا لە ئەمریکییەکان، بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کورد و هەروەها داواکارییە بەردەوامەکانی مەلا موستەفا لە شا و واشنتۆن، بۆ پشتگیریکردنیان.

٥. هەروەها ئیسرائیل ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندییەکی لەو شێوەیەدا. کاتێک واشنتۆن ڕازی بوو یارمەتیی نهێنی پێشکەش بکات - هەرچەندە کەمیش بوو - سەرکردایەتیی کورد هەستی بە سەرکەوتن کرد و لەخۆبایی بوو، ئەم لەخۆباییبوونە لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کورد و بە کەمگرتنی ئەو مەترسییانەی دەوریان دابوو، ڕەنگی دایەوە وەک لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بینیمان، سەرکەوتن لای سەرکردایەتیی کورد لە دەرەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ئەنجامی قوربانیدانی گەلی کورد و خەباتەکەیەوە.

لێرەدا وەک پێویستییەکی مێژویی بە باشی دەزانین قسەیەک دەربارەی یارمەتییە دەرەکییەکان لە مێژووی ڕاپەڕینە کوردییەکاندا بکەین، لە سەدەی بیستەمدا چەندین ڕاپەڕین لە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی داگیرکراو و دابەشکراودا ڕوویان دا: ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ١٩٠٧ - ١٩٠٨ و ڕاپەڕینی دووەمی ١٩١٣، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی لە سییەکاندا، ڕاپەڕینی ئاگری (ئارارات) ١٩٢٧ - ١٩٣٠ و چەندانی تر. هەموویان بە نزیکەیی گەمارۆدرابوون و هاوکاریی دەرەکییان پێ نەدەگەیشت، ئەمەیش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی شکستخواردنیان. وەک ڕاستییەکی مێژوویی ئاماژە بەوە دەکەین کە زۆرێک لە کەسایەتییە سەرکردەکان کە سەرکردایەتیی ئەم ڕاپەڕینانەیان کرد، لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوودا لەوانە جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا فەرماندەی سەربازیی شۆڕشی ئارارات، بەپێی لۆژیکی بەدیهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد خەباتی کرد و قوربانییان دا و لە دۆخێکی ماددیی خراپدا ژیان، لە کاتێکدا هەڵوێستەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوودا، بەتەواوی گۆڕا بۆ شێوازێکی تر کە لە دەرکەوتنی

ئاراستەیەکی بازرگانیی ڕوون لای سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورددا بەرجەستە بوو، سەرکردایەتی (PDK) بۆ چەندین ساڵ پێداویستیی لە دەرەوە وەردەگرت. ئەمەیش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی بزووتنەوەی کورد، چونکە هەر حیزبێک بەو فراوانییە لە دەرەوە پێداویستییەکانی دابین بکرێن، قورسە بتوانێت بەرگەی فشارەکان بگرێت. بەتایبەت لە نەبوون و کەمایەسیی توانای تێگەیشتن لە واقیعی جیۆستراتیژی، بەمەیش سەرکردایەتی لە فاکتەرێکی ئەرێنی لە سەرکردایەتیکردنی خەباتی چەکداریی گەلەوە گۆڕا، بۆ بارگرانییەک بە سەرییەوە.

دۆزی کورد لە ئامانجەوە گۆڕا بۆ هۆکارێک، کە کۆکردنەوەی سامان بوو لە ڕێگەی دوو ئاراستەی دژبەیەکەوە: (بنەماڵە دەرەبەگ و بەکرێگیراوە کوردەکان، کە بوونە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر، بەهۆی شەڕکردنیان دژی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ سوپای عێراق) هەروەها (بنەماڵە سەرکردەکانی ناو بزووتنەوەی کورد و خزمەکانیان، بوونە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر لە ڕێگەی گرتنەبەری پیشەی بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد). هەردوولا لەسەر حسابی مەینەتییەکانی گەلی کورد و قوربانییە گەورەکانی بوونە خاوەن سامان.

ئەو بزووتنەوە کوردییەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتیی مەلا موستەفا (١٩٦١ - ١٩٧٥) ڕێبەریی دەکرد، سەرەڕای خۆڕسکییەکەی، سەرنجی جیهانی دەرەوەی ڕاکێشا و ملیۆنان دۆلاریان لە هەردوو جەمسەرە ڕکابەرەکە (سۆسیالیست و سەرمایەداری) و بڕێکی زۆر چەک لەلایەن ئەو وڵاتانەی پشتگیریی بزووتنەوەی کوردییان دەکرد، وەرگرت. پەیوەندییەکان لەگەڵ تاران و تەلئەبیب بەخێرایی دوای هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ بەغداد دروست بوون، دکتۆر مەحموود عوسمان دەڵێت: هەر لە سەرەتای بزووتنەوەی چەکداریی کوردەوە، پەیوەندیی نێوان کورد - ئێران هەبوو. ئێرانییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە یارمەتیدان و هاندان و زەمینەسازی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کورد لەگەڵ ئیسرائیل، هەروەها ئاماژە بەوەیش دەکات: سەرەڕای نەگونجان و ناخۆشییەکانی نێوان مەلا موستەفا سەرۆکی پارتی و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری حیزب لەسەر زۆر بابەت، بەڵام لەسەر پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بەتەواوی هاوڕا بوون،

ئەگەر هەندێک ناکۆکی و هەستیارییش لە نێوانیاندا هەبووبێت، لەسەر ئەوە بوو کە کێ دەبێت سەری گوریسەکە بە دەستەوە بگرێت. واتا کێ (سەرۆک یان مەکتەبی سیاسی)ی پەیوەندییەکان بەڕێوەببات؟[١٦٦] شێوازی بەکارهێنانی ئەم هاوکارییانە لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، وڵاتانی بەخشەر ڕەخنەی گرنگیان لە سەرکردایەتیی کورد گرت، هەروەها شێوازی پێداگری لە داواکردنی هاوکاریی دارایی و چەکی زیاتر، بە جۆرێک کە وەک ئەوەی بزووتنەوەکە لاواز بێت و لە لێواری ڕووخان بێت وای لەو لایەنانە دەکرد کە هاوکاری پێشکەش دەکەن هاوکارییەکانیان سنووردار بکەن، چونکە پێیانوابوو هاوکارییەکانیان بێ سوود پێشکەش دەکرێت[١٦٧]. سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد هەمیشە لە دەوری سەرکوتکردن لە ناوخۆ و پەنابردن بۆ دەرەوە دەخولایەوە.

چاودێر تووشی شۆک دەبێت، کاتێک ئەو زنجیرە ڕووداوانەی بیر دەکەوێتەوە کە بوونە هۆی ڕووخانی سەرکردایەتیی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا، چونکە ئەو سەرکردایەتییە چەندین ساڵ بوو لە دەرەوەی سەردەم و ڕۆژگاردا دەژیان، بێباکییەکی تەواو بەسەر هەڵوێستەکانیاندا زاڵ بوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیشدا، پاشکەوتوویی و دەستەوەستانییەکەیان زیاتر دەبوو، هەموو ڕێگاکانی گۆڕانکاریی لە ناو ئەقڵییەتێکی چەقبەستووی داخراو و پێکهاتەیەکی سەرکردایەتیی نیمچە ئیفلیجدا، مابوونەوە. ئەو سەرکردایەتییە نەیدەزانی کە پێشبڕکێیەکی توند لە ئارادایە لەگەڵ چەندین لایەنی نەیار و چالاک، کە خاوەنی نەخشەیەکی ڕوون و لیژنەی توێژینەوەی ستراتیژیین، کە پارەیەکی زەبەلاح بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان خەرج دەکەن. لێرەدا ئێمە لە بەردەم سەرکردایەتیەکداین، کە خۆی ڕادەستی بارودۆخ کردووە، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان ئەوان و سەرکردایەتییەک کە کار دەکات، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕام بکات. زۆربەی بایەخی سەرکردایەتیی کورد، تەنها لەسەر

[١٦٦] مجلة الوسط. حوار مع الدكتور محمود عثمان، القصة الكاملة للعلاقات الكردية الاسرائلية. ١٣/١٠/١٩٩٧

[١٦٧] شلومو نكديمون. الموساد في العراق ودول الجوار. ترجمة بدر عقيلي. دار الجليل للنشر١٩٩٧. ص: ٣٢٠

پاراستنی جڵەوی دەسەڵات و پارە و بەدیهێنانی پڕۆژە کەسییەکانی خۆیان چڕبووبووەوە، بەبێ هەبوونی پلانی ستراتیژی کە لەسەر بنەمای ڕێکخستن و کۆکردنەوەی وزەکانی نەتەوە لە خەباتێکی درێژخایەندا بونیادنرابێت. وەک چۆن زانراوە لە دۆخی شۆڕشی جەماوەریی ڕاستەقینەدا، دەبێت سەرکردایەتی خاوەنی نەخشەیەکی ستراتیژی بێت (چ بەرگری و چ هێرشبەری)، کە ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە ناو هەستیارترین ناوچەکانی دوژمن لە ڕووی ئابووری، سیاسی و سەربازییەوە، جگە لە بەهێزکردنی بەردەوامی بەرەی ناوخۆیی گەلی ڕاپەڕیو و بەرخۆدەر، ئەو سەرکردایەتییەی هەست بە بەرپرسیارێتییە مێژوویییەکەی دەکات، ئەوا خراپترین ئەگەرەکان لەبەرچاو دەگرێت بۆ ئەوەی خۆی لەو کارەساتانە بپارێزێت، کە دوژمن پلانی بۆ دادەڕێژێت.

سەرۆکی حیزب، دەستی بەسەر ماڵی گشتیدا گرتبوو، بەبێ ئەوەی هیچ پڕۆژەیەکی ئابووریی هەبێت، کە تا ڕادەیەک خۆبژێوی بەدیبهێنێت، پارە لە ماڵی ڕێبەری بزووتنەوەکەدا وەک ماڵی کەسی، کەڵەکە دەبوو. هیچ هەوڵێکیش نەدرا بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە نائاساییە لەلایەن مەکتەبی سیاسییە دەستەمۆکراوەکەوە، بەڵکو قسەکردن لەسەر ئەو پارانەی کە ڕێبەری بزووتنەوەکە لە ماڵەکەیدا دەیناشتن، قەدەغە و حەرام بوو! بۆ دوورکەوتنەوە لە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر هەستیارە، سەرۆک پەنای بۆ دۆخێکی دەروونیی توند (تووڕەبوون) دەبرد، تا لایەنی بەرانبەری لە قسەکردن بوەستێنێت. لە کاتێکدا دەیزانی بۆ خۆی لە قەیراندایە، کاتێک ڕۆژنامەنووسی ناسراوی میسری (محەمەد حەسەنێن هەیکەل) لە هاوینی ١٩٧٥ لە تاران چاوی پێیکەوت (مەبەستی مەلا موستەفایە) و کەسی سێیەمیشیان لەگەڵ نەبوو، پێیگوت: دەمەوێت لە زمانی خۆتەوە؛ لە نهێنیی شۆڕشی کورد تێبگەم. یەکێک لە جەنەڕاڵەکانت؛ جەنەڕاڵ ئاکرەیی پێیگوتم: کە تۆ؛ بە لۆژیکی دەرەبەگی و خێڵەکی، سەرکردایەتیی شۆڕشت کردووە تا ئەو ڕادەیەی خەزێنەی شۆڕشی کورد چەند سندوقێکی پارە بوون لەژێردەستی کوڕە بچووکە خۆشەویستەکەتدا (کە لە دوا هاوسەرتە) بووە. تەنها بە فەرمانی تۆیش خەرج دەکرا. وەک ئەوەی خەرجیی شۆڕش، بابەتێکی خێزانی یان تەنانەت کەسی بێت.

مەلا (مەبەست لێی مەلا موستەفایە) جارێکی تر هاواری کرد: مار و گورگ و دووپشکن، هەموویان مار و گورگ و دووپشکن. ئەوانە جێگەیان ئاگرە و سەرئەنجامێکی خراپیان هەیە (صدق الله العظیم).[١٦٨] بایەخدانی زۆر بە پارە، سەرچاوەی مەترسییەکی گەورەیە، لەم بارەیەوە بنیامین فرانکلینی سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: ئەوانەی لەسەر ئەو بڕوایەن کە پارە دەتوانێت هەموو شتێک بکات، گومان بۆ خۆیان دروست دەکەن، کە ئەوان هەموو شتێک لە پێناوی پارەدا دەکەن.

بە هەزاران پێشمەرگە هەبوون، بەڵام بەبێ هۆشیاریی سیاسیی شۆڕشگێڕانە و بەبێ نوێکردنەوەی شێوازەکانی شەڕ، کە خەسڵەتێکی خێڵەکی و دڵسۆزیی کەسی هەبوو. بە هەزاران کادری خوێندەوار بەبێ چالاکی مانەوە، چونکە کاروباری بنەڕەتی لە دەستی هێزە کلاسیکییەکانی دەرەبەگی کورددا مابووەوە، ئەمەیش سەرنجی ئەو پسپۆڕە ئیسرائیلییانەی ڕاکێشا کە یارمەتیی سەرکردایەتیی کوردیان دەدا، چەندین ئەفسەر لە سوپای عێراق هەڵاتبوون و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، بەڵام مەلا موستەفا بەردەوام گومانی لێیان هەبوو[١٦٩]، بۆ ئیسرائیلییەکان زۆر قورس بوو بۆ مەلا موستەفای ڕوون بکەنەوە کە پێویستە پشت بەو فەرماندانە ببەستێت و دەسەڵاتیان پێ بدات.[١٧٠]

دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتی؛ تەنها لە سەردانی ناوبەناو بۆ ئەم وڵات و ئەو وڵات کورت ببووەوە، بۆ باسکردنی مەینەتییەکانی گەلی کورد و سکاڵاکردن لە هەڵمەتە ستەمکارانەکانی سوپای عێراق، دژی بێتاوانان و پیر و منداڵان، یان ناردنی جارجارەی یاداشت بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ پارە و سۆز کۆکردنەوە. لە ڕاستیدا ئەوە سەرکردایەتییەک بوو کە چاوەڕێی ڕووداوەکانی دەکرد، نەک بەشداری بکات لە دروستکردنیاندا و تەنها کاتێک دەهاتنە لەرینەوە کە هەستیان دەکرد زەوی لەژێر پێیاندا دەجووڵێت. ئەوکاتەیش پەنایان بۆ دۆخێکی دەروونیی توند دەبرد، وەک کاردانەوەیەک

[١٦٨] جريدة الانوار، السبت ٦ أيلول ١٩٧٥. بصراحة يكتبها محمد حسنين هيكل.

[١٦٩] شلومو نكديمون. س. پ ل: ١٢٥

[١٧٠] هـ.س،ل١٢٥

بۆ ڕووداوێک که چاوەڕێیان نەدەکرد وەک ئەوەی بیانەوێت بە هاوار و جوێندان، بابەتەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کۆتاییپێبهێنن.

سەرەڕای دابەشبوونەکانی ناو سەرکردایەتی و گەندەڵی و بێباکی و ناشیاوی لە سەرکردایەتیکردنی گەلی کورد، بە بڕوای زۆر کەس، بزووتنەوەی کورد بە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، ئەمەیش واتای ئەوە بوو کە ڕێبەری بزووتنەوەکە و پلانەکانی، سەرکەوتوو بوون و دەبێت کاروبارەکان بۆ لێهاتوویی سیاسی و دووربینیی ئەو، جێبهێڵدرێن بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاستییەکان، بەڵام لە ڕاستیدا سەرکەوتنەکە ئەنجامی داینامیکییەت و قوربانیدانی کۆمەڵگەی کوردی بوو لە بەرەکاندا، لەپێناو ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانە، هەروەها پێویستیی بەعس بە کات، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی و مسۆگەرکردنی مانەوەی لە دەسەڵات، وای لێکرد بەیانی ئازار وەک ڕێکارێکی کاتی واژۆ بکات. سەرکردایەتی لە ساڵانی کۆتاییدا، لە ژیانی بەرەکان دوورکەوتبوونەوە و لە جیهانێکی شاهانە و خۆشگوزەراندا دەژیان، تەنها دوو کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوور بوون (بە دیاریکراوی لە حاجی ئۆمەران)، تەنانەت خۆراک و پۆشاکیشیان لە بازاڕەکانی ئێرانەوە بۆ دەهات، تاوەکو هەر کاتێک گۆڕانکاری ڕووی دا، بتوانن لە ماوەی چەند خولەکێکدا بە ئاسانی ڕا بکەن، سەرکەوتنی بەرەکانیش لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕاگەیاندنی پارتییەوە (چ زارەکی و چ نووسراو) وا نیشان دەدرا کە ئەنجامی نەخشەی سەرکردایەتی و بلیمەتیی سەربازیی بێوێنەی ئەوانە!

پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕا بۆ ئامرازێک لە دەستی ئاغاکاندا، کەسانی نەخوێندەوار لە سەرکردایەتییەکەیدا دانران بۆ لاوازکردنی هەژموونی ڕۆشنبیران و پێشکەوتووخوازەکان، ئەمەیش بۆ ڕێگریکردن بوو لە هەر جووڵە و پێشکەوتنێک لە دەرەوەی بازنەی خێڵەکی، کە سەرۆکی پارتی تێیدا ئاسوودە دەبوو و تەنها لە ناو ئەو بازنەیەدا هەستی بە ئاسایش دەکرد. بنەماڵەی فەرمانڕەوا، لە ئیمتیازاتی دارایی و سیاسیی گەورە بەهرەمەند بوون و نەیاندەویست ئەو دۆخە بگۆڕێت، بەوەیش ڕێگەیان لە گۆڕانکاری بە تەواوی بەست. سامی عەبدولڕەحمان، دوای هەرەس و پەنابردنی بۆ

بەریتانیا، وەسفی ئەم دۆخەی دەکرد، وەک ئەوەی لێیم بیستووە کە: سەرکردایەتی، هەستی بەو مەترسیانە نەدەکرد کە زۆر بە تووندی دەوری گەلی کوردیان دابوو.

چەقبەستوویی لە هەڵوێستی سەرکردایەتیدا ڕەنگی دایەوە، ئەم سەرکردایەتیە نە فێر دەبوو و نە لە قەبارەی ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەدا بوو کە لە ناوچەکەدا ڕوویان دەدا، هیچ پلانێکی ئەلتەرناتیڤی لەبەرچاو نەدەگرت بۆ کاتی ڕوودانی گۆڕانکاریی لەناکاوی هەڵوێستی ئێران یان عێراق یان هێزە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە ململانێی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وێڕای ئەوەی هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵکو لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییەکانی سەر زەوی، سەرکردایەتی پەنای بۆ خەیاڵ دەبرد، بەڵام کێشە گەورەکە کەموکوڕیی زیهنی گەلی کورد بوو، کە بەڕاستی و لۆژیکی خەسڵەتی سەرکردایەتیی نەدەناسی و باوەڕی بە پڕوپاگەندە چەواشەکارە پارتایەتییەکان دەکرد. لێرەدا باجەکە زۆر گران بوو، کاتێک گەل خۆی کێشا بە ڕاستیی شکستی سەرکردایەتیدا، لە بەردەوامی پێنەدانی بزووتنەوەکە لە قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیری (نێوان عێراق و ئێران). بۆ گەل، جەوهەر و ناوەڕۆکی نوخبەی حیزبی پێشڕەو و سەرکردە دەرکەوت، کە نزیکەی چوارده ساڵ بوو فەرمانی لێ وەردەگرت، بەڵام دوای ئەوەی کات بەسەرچوو بوو، هیچ شتێک سودی نەبوو و تازە نەدەگەڕانەوە دواوە.

فشاری سەربازیی هاوتەریبی دیپلۆماسی ئێرانی

شای ئێران بۆ کیسنجەر:
ئێمە ڕێگرین لە هاوپەیمانیی نێوان بەعس و شیوعی و کورد
کیسنجەر دەیەوێت دڵنیابێت و دەڵێت:
دەتوانین ڕێگە لەڕێکەوتنیان بگرین؟
شای ئێران: بەڵێ

هێنری کیسنجەر دەڵێت: ساڵی یەکەمی هەوڵە نهێنییەکانی کورد، وا دیار بوو ئامانجەکەی خۆی پێکاوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢دا ڕاپۆرتێکم بۆ سەرۆک نیکسۆن گواستەوە کە لە (ڕیچارد هێڵمز - بەڕێوەبەری CIA)وە پێمگەیشتبوو (کە دواتر بوو بە باڵێۆزمان لە تاران). تێیدا ئاگاداری کردبووینەوە؛ کە کوردەکان دوو لەسەر سێی سوپای بەعسیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردووە، بەوەیش [سوپای عێراق] ناتوانێت کردەوەی تێکدەرانە ئەنجام بدات و تیمی تیرۆرکردن بۆ ناو ئێران بنێرێت.[١٧١]

هێڵمز بە کیسنجەر دەڵێت: پارە و چەکمان لە ڕێگەی ئێرانییەکانەوە، بێ هیچ ئاستەنگێک گەیاندووەتە دەست بارزانی، پارە و چەکی زیاتریش لە ڕێگەن، نەک تەنها لە پاشەکەوتەکانی ئاژانسەکە. بەڵکو لە (..... چەند وشەیەک سڕدراوەتەوە)، ئەو چەکانەی فیداییەکان کە دەستیان بەسەرداگیراوە. بارزانی بۆ دوو مانگی یەکەم (تەممووز و ئاب) پارەکەی بە کاش ومرگرتووە. هەروەها دەڵێت: هاوکارییەکی نایاب هەیە لەگەڵ (وشەی سڕدراوە.....) شا. ڕاپۆرتەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕژێمی بەغدا و سۆڤیەتییەکان، یەکجار نیگەرانن لە خۆنیشاندان و هەوڵ و ئاراستە

[171] Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000. Page : 585

سەربەخۆکەی بارزانی، هەروەها کەمبوونەوەی داهاتی نەوت، پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندی دارایی هەیە ئەمەیش ناڕەزایەتی دروست دەکات.[١٧٢]

مەلا موستەفا هەوڵی دا زیاتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیک بێتەوە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پێشنیازێکی تایبەت و بەپەلە لە کاتی شەڕی ئۆکتۆبەردا، بەڵام کیسنجەر پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە چونکە سیاسەتی ئەمریکا لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیدا بوو و بێباک بوو بەرامبەر ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد.

لە نۆیەمین ڕۆژی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هاوکات بوو لەگەڵ ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا کاتێک سوپای ئیسرائیل توانیی سوپای میسر ناچار بکات لە سینا بکشێتەوە. نامەیەکی بەپەلە لە مەلا موستەفاوە گەیشت، کە تێیدا ڕای ئیدارەی ئەمریکای دەویست سەبارەت بەوەی ئایا پێویستە ڕاوێژ بە ئەفسەری پەیوەندییەکانی ئیسرائیل بکرێت، بۆ دەسپێکردنی هێرشێک لە ناوچە دەشتاییەکاندا دژ بە هێزەکانی عێراق؟ ویلیام کۆڵبی (بەڕێوەبەری نوێی CIA) دژی پێشنیازەکە بوو. هەروەها شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی، پشتگیریی لە ڕای بەڕێوەبەری CIA کرد، بە دەربڕینێک کە وتی؛ کوردەکان بۆ کردەوەی هێرشبەری ئامادەنەکراون، بەتایبەتی لە زەوییە تەختەکاندا. هێنری کیسنجەر دەڵێت: ئەو پێشنیازەی ئیسرائیل، دەبووە هۆی لەدەستدانی تەواوەتی کارتی کورد، هەر بۆیە حکومەتی ئەمریکا پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە[١٧٣]. بەڵام ڕایەکی تر هەیە کە جیاوازە لەوەی هێنری کیسنجەر باسی دەکات و ئاماژە بەو پاڵنەرە شاراوەیە دەکات کە لە پشت ڕەتکردنەوەی کیسنجەرەوە بووە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە: ڕاپۆرتی بنکەی تاران لە لیژنەی چلدا بە سەرۆکایەتیی کیسنجەر تاوتوێکرا. ڕای کیسنجەر وابوو کە (لەوانەیە مەلا موستەفا لەم بارودۆخەدا سەرکەوتنێک بەدەستبهێنێت، کە زۆر زیاتر بێت لەوەی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمە دەبێت)، هەر بۆیە کیسنجەر نامەیەکی بۆ مەلا

[172] Kissinger to President Nixon. October 5, 1972. Progress Report on the Kurdish Support Operations

[173] Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000.page: 587

موستەفا نارد و ئامۆژگاریی کرد کە ئەم دەرفەتە نەقۆزێتەوە، بەڵام هۆکارە ڕاستەقینەکەی پشت ئەم ئامۆژگارییەی پێنەگوت و تەنها پێیگوت: 'من دەترسم ئەوە ببێتە هۆی ئاڵۆزبوونی کێشەکەتان'![١٧٤]

کیسنجەر، بەرگری لە بۆچوونی خۆی دەکات و دەڵێت: هەر بڕیارێکی تر، مەترسیی تێکشکانی کوردەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت، بێ ئەوەی خزمەتێک بە ئیسرائیل بکات. بارزانی نامەکەی منی لە هەمان ئەو ڕۆژەدا پێگەیشت کە جەنەڕاڵ ئاریێڵ شارۆن لەگەڵ هێزە زرێپۆشەکانیدا خەریکی تێپەڕین بە کەناڵی سوێس بوون. شەش ڕۆژ دوای ئەوە جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەستا.[١٧٥]

لێرەدا ناڕوونییەک هەیە لە نێوان ئەوەی کیسنجەر دەیڵێت و ئەوەی مەسعوود مەلا موستەفا دەیڵێت، سەبارەت بە داواکاریی ئەفسەری پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لە سەرکردایەتیی کورد بۆ هەڵگیرسانی جەنگ دژ بە سوپای عێراق لە زەوییە تەختەکاندا لە کاتی جەنگی ئۆکتۆبەردا، لای کیسنجەر: ئەمە لەو جۆرە پێشنیازانە بوو، کە ئەفسەرێکی پەیوەندی لە ڕێگەیەوە دەیەوێت پێگەی خۆی لە وڵاتەکەی بەرز بکاتەوە[١٧٦]، لە کاتێکدا مەسعوود لە پەراوێزی کۆمێنتەکەیدا لەسەر ئەوەی لە کتێبەکەی کیسنجەردا هاتووە، دەڵێت: ئەو پێشنیازەی ئەفسەرە ئیسرائیلییەکە پێشکەشی کرد لە بری حکومەتەکەی و هاوپەیمانەکانی (ئەمریکا و ئێران) بوو[١٧٧]، ئەوەی مەسعوود باسی دەکات لۆژیک نییە، چونکە ئەستەمە ئەفسەرێکی پەیوەندیی ئیسرائیلی نوێنەرایەتیی کەسێک بکات جگە لە حکومەتەکەی خۆی و ناکرێت نوێنەرایەتیی سێ حکومەت بکات (ئەمریکا، ئێران و ئیسرائیل)! لێرەیشدا جۆرێک لە تێکەڵبوونی هەڵسەنگاندن دەبینرێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو سێ دەوڵەتە بە تەواوی هاوتەریب نەبوون، ئێران

---

[١٧٤] محمد حسنين هيكل، الحل والحرب. شركة املطبوعات للتوزيع والنشر. بيروت . ١٩٧٧ ص :١٣٩

[175] Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000.page:587،

[176] Ibid page: 587،

[١٧٧]، مسعود بارزانی، س.پ، ٨٧٢.

گوێی نەدەدا بەوەی هەڵوێستی تەلئەبیب یان واشنتۆن چی دەبێت، کاتێک ئامانجەکانی خۆی لە ڕێگەی یارمەتیدانی بزووتنەوەی کوردەوە دەهێنایە دی. سەبارەت بە پێشنیازەکەی ئەفسەرە ئیسرائیلییەکەیش بۆ هێرشکردن لە کاتی جەنگی ئۆکتۆبەردا، هێنری کیسنجەر بۆ مەلا موستەفا دەنووسێت: ئێمە ئامۆژگاریتان ناکەین و دووبارەی دەکەینەوە، ناکەین هیچ کارێکی سەربازیی هێرشبەریی وەک ئەوەی ئیسرائیلییەکان پێشنیازیان کردووە، ئەنجام بدەن.[١٧٨]

لەلایەکی ترەوە ئەگەر وا دابنێین ئەوەی مەسعوود دەیڵێت ڕاستە، ئەوا ئەو پرسیارەی دێتە پێش ئەوەیە: ئەی بۆچی تاران و واشنتۆن پێشنیازی فەرمانبەرێکیان ڕەتکردەوە کە نوێنەرایەتییان دەکات (مەبەست ئەفسەرە ئیسرائیلییەکەیە)؟

بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئیرادەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوێدا بوو؟ ئایا سەرکردایەتیی کورد، ئیرادەی خۆی لەدەستدابوو؟ بە فەرمانی دەرەوە نەبێت نەدەیتوانی بجووڵێت؟ بۆچی ئەفسەرێکی ئیسرائیلی پێشنیاز دەکات و سەرکردایەتیی کوردیش، پێشنیازەکەی دەباتە بەردەم واشنتۆن تا دڵنیا بێتەوە لە هێرشکردن یان پاشەکشە لێی؟ کەی واشنتۆن یان شا یان ئیسرائیل پابەندبوون بە بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکانی کوردەوە؟ ئایا ئەم هەڵوێستە پاشکۆیە بۆ دەرەوە، بەو مانایە نایەت کە سەرکردایەتیی کورد وەک ئامرازێک لە دەست هێزە دەرەکییەکاندا ڕەفتاری کردووە و دەستبەرداری سەربەخۆیی بڕیاردان بووە؟ ئایا ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو دروشمە ڕزگاریخوازانەی سەرکردایەتیی کورد بەرزی کردبوونەوە، تەنها بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بوون و تەنانەت لەگەڵ گەلەکەی خۆیشیاندا ڕاستگۆ نەبوون؟

سپێدەی ٢٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٧٣، شای ئێران لەگەڵ ڕیچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا کۆبوونەوە، ئەم کۆبوونەوەیە بە ئامادەبوونی هێنری کیسنجەر لە نووسینگەی (هێلکەیی Oval Office) ئەنجام درا، گفتوگۆکە لە کاتژمێر ١٠:٣٤ی بەیانی دەستپێکرد

[178] ،Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000.p: 587

و تا کاتژمێر ١٢:٣٥ی پاش نیوەڕۆ بەردەوامبوو، دوابەدوای ئەوە و لە هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەیەکی تر لە پاشنیوەڕۆدا بەڕێوەچوو کە تێیدا کیسینجەر، ڕیچارد هێڵمز و هارۆڵد سۆندەرز لەلایەنی ئەمریکی، لەلایەنی ئێرانیشەوە شا و ئەردەشێر زاهیدی ئامادەبوون. (ئەردەشێر زاهیدی باڵیۆزی ئێران بوو لە واشنتۆن)، کۆبوونەوەی دووەم لە کاتژمێر ٥:٠٠ دەستیپێکرد تا کاتژمێر ٦:٤٠ی ئێوارە. شوێنەکە: ئەو هۆڵەی کە شا پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد لە Blair House. لە کۆبوونەوەی بەیانی کە بە ئامادەبوونی نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا و کیسینجەر بەڕێوەچوو، شا تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە پرسەکانی جەنگی سارد خستەڕوو، کە جێی بایەخی خۆی و جێی سەرنجی کۆشکی سپی بوون، لەنێو ئەم بابەتانەدا: (فەڕەنسا و ترسی لە پشتگوێخستنی ئەورووپا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە)، (سۆڤیەتیەکان هەمیشە سیاسەتی هەڕەشە پەیڕەو دەکەن)، (ئەڵمانییەکان لە سیاسەتی بڕێژنێف دەترسن لە دروستکردنی شۆکدا)، سۆڤیەتیەکان هەوڵیان دا هەمان سیاسەت لەگەڵ ئێمەیشدا پەیڕەو بکەن، بەڵام من پێمگوتن: ئەگەر ئێوە سیاسەتی هێز بەکاربهێنن، ئێمەیش بەکاری دەهێنینەوە. دەبێت سۆڤیەتیەکان تێبگەن کە ئێمە بڕیارمان داوە بە سەربەخۆیی بمێنینەوە، نیکسۆن لە وەڵامیدا دەڵێت: ئێوە ئامادەی مردنن لەو پێناوەدا، کەنگێ ئامادەن بۆ مردن لەو پێناوەدا.

دواتر باسی پاکستان و هیندستان و ئەو کۆدەتایەی کە بە پاڵپشتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان ڕووی دا، دێتە پێشەوە. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە سۆڤیەتیەکان بەرەو ئۆقیانووسی هیندی فشار دەهێنن، پاشان باس لە وڵاتانی کەنداو و عێراق دەکرێت ...هتد، سەبارەت بە کورد شا دەڵێت: ئێوە لە عێراقدا پاڵپشتیمان دەکەن. لەبەر هۆکاری دەروونی، گرنگە کوردەکان بزانن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو مەزنیەوە پاڵپشتییان دەکات. بەریتانیا هاوکارییان پێشکەش دەکات و هەروەها ئیسرائیلیش. تورکیا نایەوێت هاوکاری بکات و خاڵی لاوازیی هەمیشەیی بەرامبەر عێراق، ترسی لە کورد هەیە. ئێمە ڕێگری لە هاوپەیمانیی نێوان بەعسییەکان و کورد و

کۆمۆنیستەکان دەکەین. پاشان شا دەستەواژەکە دووبارە دەکاتەوە: ئێمە ڕێگری لەوە دەکەین؟[۱۷۹]

تێڕوانینی شا لە سەرەتای حەفتاکاندا، وابوو کە ئاسایشی وڵاتەکەی بە پلەی یەکەم لە دوو تەوەرەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت: یەکەمیان یەکێتیی سۆڤیەت لە باکوورەوە و دووەمیان لە ڕۆژاواوە عێراق و هێزە ڕادیکاڵە عەرەبە هاوپەیمانەکانی سۆڤیەت. سیاسەتی ئەو، کورت دەبووەوە لە دروستکردنی بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانیی گەورە لەگەڵ دەوڵەتان، لەوانەیش یەکێتیی سۆڤیەت بە جۆرێک کە ڕێگری لە دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتەکەی بکات، ڕوو لە نیکسۆن دەکات و دەڵێت: دڵنیاتان دەکەمەوە کە هیچ شتێک لە ڕووسەکان وەرناگرین، کە دەست لە سەربەخۆیی و ڕێڕەوی پێشکەوتنمان بگرێت. بۆ ئەوەی بەرگری بکەین، دەبێت پێشکەوتن بۆ وڵاتەکەمان بەدیبهێنین. دەبێت جووتیاران و کرێکاران هەست بکەن بەشدارن لەدەسەڵاتدا، چونکە کۆمەڵگەیەک مافی بەشداریی هەمووانی تێدا بێت، لە هەمبەر کاری تێکدەرانە پارێزراو دەبێت. بە هەموو توانایەکمانەوە کار بۆ ئاشتی دەکەین. پێمانوایە ئەمریکا دەبێت هاوکێشەیەک بۆ ململانێی عەرەب و ئیسرائیل بدۆزێتەوە و نابێت جیهانی عەرەبی لە دۆخێکی نائومێدیی تەواودا جێبهێڵین، چونکە لەو کاتەدا سادات کۆنترۆڵ لەدەست دەدات. ئێمە گرنگی بە کردنەوەی نۆکەندی سوێس نادەین، بەڵام دەبێت ئیسرائیل سازش بکات و دەبێت ئیسرائیل گەرەنتیی دەستکەوێت. من کار دەکەم بۆ دروستکردنی هێڵێکی بۆری، کە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەورووپا. بەوەیش هەستێک دروست دەبێت کە ئاسایشی ئێمە لە ئاسایشی ئەورووپا جیا نییە. چونکە تاقە دەوڵەتی هەناردەکاری نەوت بۆ ئەورووپا، ئێرانە. بەستنەوەی وڵاتەکەم بە ئەورووپاوە لە ڕێگەی هێڵی غازەوە، وایان لێدەکات بایەخمان پێ بدەن. ڕووسەکان ناتوانن سیاسەتی ئارامیی نێودەوڵەتی (Detente) لەگەڵ ئەورووپا و تووندگیری لەگەڵ ئێمە بەکاربهێنن. دەبێت سیاسەتی ئارامیی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێمە و ئەورووپا پێکەوە، بەکاربهێنن. ناتوانن بە تەنها

[179] ،Memorandum For The President's File. The White House. EO 12958.

مامەڵەمان لەگەڵ بکەن. ئەم سیاسەتە باشترین چەکی دەستمە لە نەبوونی چەکی ئەتۆمیدا.[١٨٠]

لەو دوو کۆبوونەوەیەدا، شا تێڕوانینەکانی خۆی بە وردی سەبارەت بە پرسەکانی جیهان و بەتایبەت بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پلانەکانی سنووردارکردنی هەژموونی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، خستنەڕوو. گفتوگۆکە باسی لە شانشینی عەرەبستانی سعوودی و ئەگەری گۆڕانکاری لە ڕژێمی سعوودیدا کرد، چ لە ڕێگەی کۆدەتاوە بێت یان دەستوەردانی دەرەکی. ئەو ئەگەرەیش جێی مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شا و کیسینجەر باسیان لە گرنگیی پووچەڵکردنەوەی پیلانێکی وەها کرد، ئەویش لە ڕێگەی پلانێکی نائاسایی زۆر نهێنییەوە بەبێ ئاگاداریی کۆنگرێس. بەپێی ئەو پلانە، ئێران دەستوەردانی سەربازی دەکات و شا ئاماژەی بەوە کرد، شا وتی: زۆر گرنگە دان بەوەدا بنێین کە کۆدەتایەک لە سعوودیە ڕەنگە هیچ پەیوەندییەکی بە پلانەکانی سۆڤیەتەوە نەبێت، ڕەنگە هێزی تر ئەنجامی بدەن.

کیسینجەر: کاتێک پلانێکی نائاسایی سەبارەت بە سعوودیە پێشکەش دەکەن، نابێت لەگەڵ کەسدا باسی بکەن جگە لە هێڵمز. ناتوانرێت لە ڕێگەی تەلەگرافەوە باس بکرێت، ئەمەیش واتە باڵیۆز زاهیدی بە نووسراو ئاگاداری نابێت.

شا وتی: هاوڕام، ئێمە ئەوە لەگەڵ کوردەکان دەکەین و تەنها پەیوەندیی زارەکیمان لەگەڵیان هەیە.

کیسینجەر: سەبارەت بە مەسەلەی کورد، ئەوەی لە تواناماندا بێت دەیکەین. پێموایە بەڕێزتان ئاگادارن کە دەبێت هەردووکمان هاوکاریی زیاتر پێشکەش بکەین. ئەگەر بینیتان پێداویستیی تریش هەیە، بە جدی لێی دەکۆڵینەوە.

هێڵمز: خاوەن شکۆ، دوێنێ لەگەڵ دکتۆر کیسینجەر لێکۆڵینەوەیەکمان دەربارەی دۆخی ئێستا ئەنجام دا. ئەو چەکەی کە ساڵێک لەمەوبەر ڕەزامەندیی لەسەردرا، ئێستا

[180] Memorandum For The President's File. The White House. EO 12958،

ئامادەیە. ئەوەی ئێستا پێویستمانە ئەوەیە بزانین چۆن دەتوانین کوردەکان ئامادە بکەین، تاوەکو ئەوەی هیوای بۆ دەخوازین ئەنجامی بدەن. لەسەر بنەمای ئەم پێداچوونەوەیە بڕیار دەدەین چ پێداویستییەکی ترمان هەیە بۆ ئەوەی دابینی بکەین.

کیسینجەر: دەبینین ئایا پێداویستیی تریش هەیە کە پێویست بکات ئەنجام بدرێت؟

شا وتی: دەبێت دڵنیا بینەوە کە هەموو ئەوەی پێویستیانە هەیانە. هەروەها دەبێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا هاوکارییان بکەین. ئەگەر بۆ نموونە پێویستیان بە ڕێکخراوێکی تەندروستی بوو، دەبێت سەیری بکەین بزانین دەتوانین هاوکارییان بکەین؟

کیسینجەر: سەرۆک لەگەڵ جەنابتان لە ئامانجە گشتییەکاندا هاوڕایە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە لێرە لە واشنتۆن بەشێوەیەکی پێویست شارەزا نین، تا بڕیارێکی ڕوونمان هەبێت لەوەی دەبێت چی بکرێت. بەرنامەیەک دادەڕێژین و لە پەیوەندیدا دەبین لەگەڵ جەنابتان.

شا: شتێکی تریش هەیە، دەبێت بکرێت. پێویستە ژمارەیەک لەو عێراقیانە بدۆزینەوە کە کۆچبەر نین و بیانێرین بۆ باکوور نزیک ناوچە کوردییەکان، بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیی یەکگرتوو یان هەر ناوێکی تر کە دەیانەوێت. کوردەکان دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە و داوای چارەسەر لە عێراق بکەن. بەڵام تاقە ئامرازمان بۆ کاریگەری لەسەر حکومەتی عێراق، تەنها کوردەکانن.

کیسینجەر: سەرۆک دەیەوێت هەوڵێکی گەورە بدرێت. ئایا هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی سەر بە ئێوە کراوە، یان پڕۆسەیەکە تەنها ئەمریکیەکان دەبێت پێی هەڵسن؟

هێڵمز: هەماهەنگیی تەواو کراوە و بە کارکردنی (دێرەکان سڕدراونەتەوە).

شا: بەڵێ باشە، ئەوە دەبێتە پاساوێک بۆ کوردەکان تاوەکو لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکنەکەون.

کیسینجەر: ئایا دەتوانین ڕێگرییان لێبکەین لەوەی بگەنە ڕێکەوتن؟

شا: بەڵێ، بەڵام ڕووسەکان فشارێکی زۆر دەخەنە سەر کوردەکان، بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێبکەون و بچنە پاڵیان. بەڵام بارزانی (سەرکردەی کورد) بەڵێنی داوە

که هیچ شتێک بەبێ ڕەزامەندیی ئێمە ئەنجام نەدات. داوای پاڵپشتیی مەعنەویی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد. منیش پێمگوتن دەتوانین ئەوە دابین بکەین. بە بارزانیم گوت کە نامەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکات، چونکە ئەوە دەبێتە سەرچاوەی ترسێکی گەورە بۆ تورکیا. ئێمە نامانەوێت تورکەکان بەبێ هۆ بترسێنین. ئەمە کارتێکی براوەیە و نامانەوێت لەدەستی بدەین.

کیسینجەر: سەرۆک هاوڕایە.[١٨١]

سەرکردایەتیی کورد دەیانتوانی سوود لەم خاڵە لاوازەی شا وەربگرن و هەندێک مەرجی گرنگی بەسەردا بسەپێنن، ئەوەیش پێش ئەوەی مەلا موستەفا بەڵێن بە شا بدات کە هیچ شتێک بەبێ ڕەزامەندیی ئەو ئەنجام نادات، بەڵام پێکهاتە نادیموکراسییەکەی سەرکردایەتیی کورد و زاڵبوونی لۆژیکی خێڵەکیی تاکەکەسی، ڕێگر بوو لە ئەنجامدانی گفتوگۆی بەرفراوان لە مەکتەبی سیاسی بۆ گرتنەبەری ستراتیژێکی درێژخایەن و دوورکەوتنەوە لەو تەڵانەی کە هاوپەیمانە کاتییەکان دایاننابوو، قۆرخکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان لەلایەن مەلا موستەفاوە و لاوازیی مەکتەبی سیاسی، بووە هۆی پەککەوتنی توانای کورد لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، شێوازە کەسییەکەی کورت ببووەوە لە داواکردنی یارمەتی، بەتایبەتی یارمەتیی دارایی، دیارە کە هەژار و مشەخۆر ناتوانێت مەرج بسەپێنێت، ئاشکرایە کە مەلا موستەفا بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر ڕەوایی بە شا دەدا و پێی دەوتەوە کە ئەو لەژێر فەرمانی ئەودایە، ئەمەیش هەمان شێوازی مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ ئەفسەرە بەریتانییەکان لە چلەکاندا. هەر جارێک دەچووە لای شا، دەستی ماچ دەکرد و گوێڕایەڵیی ڕەهای بۆ دەردەبڕی، سەرەڕای ئەوەیش شا باوەڕی پێ نەدەکرد، یەکێک لەو سەرکردانەی کە لە زۆربەی دیدارەکانیدا لەگەڵ شا هاوڕێی مەلا موستەفا بووە، ئەمەی بۆ پشتڕاست کردمەوە (ئەو کەسە هێشتا لە ژیاندا ماوە) وتی: ئێمەیش ناچار دەبووین بە ناچاری دەستی شا ماچ بکەین،

[181] The White House Washington. Memorandum. Exclusively Eyes Only. Tuesday, july 24,1973. 5:00-6:40 p.m.

سەرەڕای مامەڵەکردن لەگەڵ مۆسکۆ، واشنتۆن، تاران، بەغدا، تەلئەبیب و لەندەن بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ، کەچی عەقڵییەتی سەرکردایەتیی کورد بە ڕۆحی سەردەمەوە نەبەستراوەتەوە و لەناو چوارچێوەی خێڵەکیی چەقبەستوو، دەرنەچوو. نەیتوانی دۆزی کورد لە کایەی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ڕزگار بکات و تەنها وەک - کارتێکی فشار لە دەستی هێزە نەیارەکانی مافی گەلی کورد - مایەوە.

شا نیگەران بوو لە وەی کۆدەتا لە سعوودیە و ئوردن ڕووبدات، بە کیسینجەری وت: ئەگەر ئوردن بکەوێت، هیچ داهاتوویەک بۆ سعوودیە یان کوێت نامێنێتەوە.

کیسینجەر وەڵام دەداتەوە: ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئوردن، جارێکی تر هانی ئیسرائیل دەدەین تا هێزەکانی کۆبکاتەوە و بە هانایانەوە بچێت. ئێمەیش هەندێک هەنگاو دەگرینە بەر، توانای مانۆڕکردن کەمتر دەبێت لەوەی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٧٠دا هەبوو. لەو کاتەدا عێراق هەڕەشەی لە ئوردن دەکرد. وا باشە بزانین کە شیاوە هێزەکانی ئێران ئامادەباشی بکەن، یاخود تەنانەت چالاکیی سەربازی ئەنجام بدەن لەوکاتەدا؟ ئەمە بۆ ئێمە گرنگە بیزانین.

شا: بەڵێ کوردەکانیشمان هەن، سەبارەت بە کورد هەردووکمان دەتوانین تا ڕادەیەک پاڵپشتیی ڕاستەوخۆتریان پێشکەش بکەین. حیزبی بەعس ئێستا هەست بە لاوازی دەکات. ئەوان ئێستا شتی باش بە ڕۆژاوا دەڵێن، بۆ ئەوەی کات بەدەست بهێنن. بەڵام من بە کوردەکانم وتووە کە نابێت هەرگیز بەشداری لە هیچ هاوپەیمانییەکی حکومیدا بکەن. پێمگوتوون دەبێت لە پێشوازیکردنی نوێنەرانی سۆڤیەت یان نوێنەرانی بەعس لە بەغدا بوەستن. بەڵام ئەم داواکارییەی ئێمە لەوان، پێویستی بەوەیە پارەی زیاتریان پێ بدەین.

باڵیۆز هێڵمز: بەڵێ ڕەنگە پێویست بێت کەمێکی تریان پێ بدەین.

کیسینجەر: لە ڕووی مەبدەئیەوە دەتوانن پشت بەوە ببەستن (.....)

کیسینجەر: خاوەن شکۆ، سەبارەت بە ئوردن من لەو بڕوایەدام کە گرنگە پێش ڕوودانی قەیرانەکان، لە پلانەکان بکۆڵینەوە. هەر کە قەیرانەکان دەستیانپێکرد، لێڵییەکی زۆر دروست دەبێت کە بە زەحمەت دەزانرێت چی بکرێت. ئایا دەکرێت

جەنابتان فەرمانی داڕشتنی پلانی نائاسایی بدەن بۆ بارودۆخێک، کە تێیدا ئوردن ڕووبەڕووی هێرشی سوریا و عێراق ببێتەوە؟ ڕەنگە بەسوود بێت تێڕوانینەکانمان لەم بارەیەوە بگۆڕینەوە، وەک چۆن لە پلانی نائاسایی سعوودیەدا هەمانبوو. ئەمە تەنها لەگەڵ هێڵمز ئەنجامی دەدەن و ئەویش لای خۆیەوە لە ڕێگەی نوێنەرەکەیەوە ئاگادارمان دەکاتەوە. ئەمە گرنگە تا بزانین چی ڕووەدات.

شا: ڕەنگە پەیوەندی بە مەلیک حوسێنەوە بکەم، دەکرێت کارتی کورد بەکاربهێنین و هانیان بدەین بۆ دەستپێکردنی پێکدادان. ئەمە دەبێتە هۆی کێشانی هێزەکان بەرەو باکووری عێراق و دوورکەوتنەوە لە ئوردن. هەروەها دەتوانین سنوورەکانمان توند بکەین.[۱۸۲]

.....

.....

لەو گفتوگۆیانەوە دەردەکەوێت کە سیاسەتی تاران و واشنتۆن، مافەکانی گەلی کوردیان فەرامۆش کردووە، پێش هەموو شتێک خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا پێ دەکرد و بە شێوازێک مامەڵەیان لەگەڵ سەرکردایەتیی کورددا دەکرد، کە دەست لە کەرامەتی نیشتمانی دەدات و لای ئەوان شایستەیی ئەوەیان نییە وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی بیر بکاتەوە، کە ئامانجی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلێک بێت، کە دەینالێند بەدەست چەوسانەوەی نەتەوەییەوە، بەڵام بەرپرسیارێتیی ئەم جۆرە مامەڵە نزمە، دەبێت بخرێتە ئەستۆی سەرکردایەتیی کورد کە وەک سوالکەر ڕەفتاریان دەکرد نەک وەک بەرجەستەکردنی خەباتی گەلێکی شۆڕشگێڕ، کە قوربانیی زۆر دەدات لە جەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی خۆیدا.

سەبارەت بە حیزبی شیوعیی عێراق، یەکێتیی سۆڤیەت فشاری خستە سەر بۆ ئەوەی بچێتە ناو بەرەی نیشتمانی و لەگەڵ بەعس ڕێبکەوێت، لێرەدا ئێمە لە بەردەم دۆخێکداین

[182] Memorandum of Conversation. The Shah of Iran, Ardeshir Zahedi, Henry Kissinger, Richard Helms, Harold H. Saunders. Friday, July 27, 1973.

که هێزە گەورەکان پێداویستییەکانی دیموکراسی و سەقامگیریی ناوخۆیی لە عێراق و تەنانەت بەرژەوەندیی دۆستە ناوخۆییەکانیشیان پشتگوێ دەخەن، لەپێناو بەرژەوەندیی هێزە نێودەوڵەتییەکان، ئەکتەرە ناوخۆییەکانیش بە گوێی ئەو سیاسەتە دەکەن کە لەدەرەوە بۆیان دادەڕێژرێت، سەرکردایەتیی کورد شوێن ئامۆژگارییەکانی شا دەکەوێت و حیزبی شیوعیی عێراقیش شوێن بڕیارەکانی مۆسکۆ دەکەوێت، بە دەربڕینێکی وردتر ڕۆڵی ئەکتەرە ناوخۆییەکان، بووە ڕۆڵێکی پاشکۆ کە سەربەخۆیی بڕیاریان دۆڕاندبوو، لێرەوە پاشکۆیەتیی سیاسی بۆ دەرەوە چەقی بەستبوو، تێکچوونی هاوکاریی نێوان (حشع) و (پدك) ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی سەددام حوسێن و شای ئێران و واشنتۆن و مۆسکۆدا بوو، ئەوەیش کارەسات بوو بۆ حیزبی شیوعیی عێراق و گەلی کورد لە یەک کاتدا. کاتێک کیسینجەر بە جۆرێک لە نیگەرانییەوە لە شا دەپرسێت دەربارەی ئەگەری ڕێگریکردن لە لێکتێگەیشتنی (کورد - شیوعی - بەعسی)، لە وەڵامەکەیدا دەردەکەوێت کە تا چ ئاستێک تێکدانی یەکێتیی نیشتمانی لە عێراقدا، لە بەرژەوەندیی ئامانجەکانی ململانێی کۆمۆنیستی - سەرمایەداریدا بووە لە ناوچەکەدا و لە گەرمەی جەنگی ساردا.

پێویستە ئەوەیش بزانین کە ئەمە بەو واتایە نییە کە یەکێتیی نیشتمانی، تەنها بەهۆی دەستوەردانی دەرەکییەوە تێکچووە، بەڵکو نوخبەی دەسەڵاتدار و حیزبەکانیش سەلماندیان کە هزر و ژیرییان پێنەگەیشتوون و کاڵوکرچن و ناتوانن خزمەتی کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی بکەن و هەمیشە ڕۆحی تاکەکەسی و بژاردەی حیزبی یان مەزهەبی یان تائیفی بەسەر ڕەفتاری سەرکردە ناوخۆییەکاندا زاڵ بووە. ئەوان سیاسەتی کۆمەڵگە لە خزمەت نوخبەدا، نەک نوخبە لە خزمەت کۆمەڵگەیان پەیڕەو کردووە، هەروەها لەدەستدانی سەربەخۆیی حیزبی سیاسی لەلایەن حیزبی شیوعیی عێراق و تێوەگلانی سەرکردایەتیی کورد لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، سەلماندی خۆیان کۆنترۆڵیان لەدەستداوە و ئەوەیش کارەساتی خوڵقاند بۆ گەلی کورد.

دوای زیاتر لە دە ساڵ لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد، بۆچی سەرکردایەتیی کورد نەیتوانی هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی تاران بکات وەک ئەوەی کە هەیە؟ ئایا ژیری بڕی ئەوە دەکات دەوڵەتێکی دوژمن بە مافەکانی کورد، یارمەتی پێشکەش بکات جگە

لەوەی بۆ خزمەتی ئامانجەکانی خۆی نەبێت؟ یارمەتیی شا نەبووایە باشتر نەبوو لەوەی ژەهراوی و کوشندە بێت؟ کاتێک ئەم پەیوەندییە لەلایەن سەرکردایەتییەکی سادە و گەمژەوە بەڕێوە دەبرێت کە بێباکە لە پڕۆژە پڕ تاکتیکە شاراوەکانی شادا، سەرکردایەتیی کورد بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) دڵخۆش بوو، وایان دەزانی کە (ترافیکی ئێران)یان تێپەڕاندووە بەرەو جیهانێکی تر، بەبێ ئەوەی لە ڕەهەندەکانی پەیوەندیی نێوان تاران و تەلئەبیب و واشنتۆن تێ بگەن، سیاسەتی شا ئەوە بوو کە سەرکردایەتیی کورد بە [نەزان] و [لاواز] و [دابڕاو] بهێڵێتەوە، تاوەکو بەکاریان بێنێت بۆ بەدیهێنانی پڕۆژەکانی خۆی، ڕەنگە ئەو هۆکارەی یارمەتیی سەرکەوتنی سیاسەتی شای دا هۆکاری (دەستگرتنی سەرکردایەتیی کورد بوو بە لۆژیکی خێڵەکی و تێنەگەیشتن لە سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی ململانێی دیپلۆماسی و ڕقلێبوون لە فێربوونی شتی نوێدا لە دەمە دەمی جەنگی ساردا) کورتی دەهێنا و خۆی دەبینییەوە، لێرەوە دروستکردنی خەیاڵێک یان بە وردتر (دروستکردنی هیوایەکی بێ بنەما) لای سەرکردایەتیی کورد ئاسان بوو، لە ڕێگەی کردنەوەی دەروازەیەک بەرەو واشنتۆن و تەلئەبیب و هێزی ئەوان (سەرکردایەتیی کورد) گەیشتووەتە ئەوەی پشتیان بە سێ دەوڵەت بەستووە نەک یەک دەوڵەت بە تەنها. ئەم خەیاڵە زۆر کوشندە بوو، چونکە تاران ئەو سەرچاوەیە بوو کە ئەم سیاسەتەی لەگەڵ تەلئەبیب و واشنتۆن داڕشتبوو، کلیلەکانی ئەم پەیوەندییەیش هەر بەدەستی خۆیانەوە بوو، وەک بینیمان سەرکردایەتیی کورد هێزی لە دەرەوە وەردەگرت و بەرەی ناوخۆی کوردی تێکدەدا و بێئاگا لە هەستی گەلی کورد و ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگە، سەرکردایەتیی کورد تینووی هەموو ئەو شتانە بوو کە پەیوەست بوون بە پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە، تا ئاستی دەستبەرداربوون لە کەرامەتی کەسی و بە نەفەسێکی بەهێز لە بەهاکانی بەکرێگیراوی. سەرۆکی حیزب بە پیاوانی شاندە ئیسرائیلییەکەی دەوت: ئەو، ئیسرائیل بە دەوڵەتێکی مەزن دادەنێت. بە سەرسامی و پێزانینەوە دەیگوت کە جووەکان کۆنترۆڵی زۆربەی پارەی جیهانیان کردووە، سەرکردایەتیی کورد نەیانتوانی لەو هۆکارانە تێبگەن کە ڕێگری لە ئیسرائیل ناکەن

مانگانە یەک ملیۆن دۆلار بخەنە ژێر فەرمانیان، یان قەرزێکیان بە قەبارەی بودجەی ساڵانەیەک پێ بدەن و دڵنیایان دەکەنەوە ئەم پارانە تا دواییین (سەنت) دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئیسرائیل لە دوای سەرکەوتنمان.[١٨٣]

مائیر عەمیت (بەڕێوەبەری مۆساد) لەسەر هەمان بابەت دەڵێت: لەو کاتەی کە هەوڵمان دەدا لەگەڵیدا (مەبەستی مەلا موستەفایە)، لە لایەنی سەربازی و ڕێکخستنی یاخیبوون و پێویستیی وەشاندنی گورزی توند لە عێراقییە تێک شکاوەکان بدەین. بارزانی بەدرێژایی کات دەستی کردبوو بە قسەکردن دەربارەی بارودۆخی ئابووریی ترسناک و تاقەتپڕوکێن، کە تا بێ کۆتا نیگەرانی دەکرد. کاتێک هەوڵمان دەدا ئەو ناڕەحەتییانەی بۆ باس بکەین کە تووشمان دێت (مەبەستی گەلی ئیسرائیل و جووە) چونکە گەلێکی بچووکین، وا دەردەکەوت کە گوێی لەوە نییە ئێمە دەیڵێین و تێناگات لێمان، کەچی ئەو پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی بڵێت: ئێوە دەتوانن هەموو شتێک بکەن و هاوکاریمان پێشکەش بکەن.[١٨٤]

کاتێک بارودۆخەکە لەگەڵ بەغدا لە ساڵی ١٩٧٤دا لە تەقینەوە نزیک دەبووەوە، شای ئێران هۆشداریدایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە تێکشکانی کوردەکان یەکێک لەو چوارچێوانە تێکدەشکێنێت کە هاوسەنگی لەناو عێراقدا پێکدەهێنێت و ڕادیکاڵیزم و هەژموونی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا زیاد دەکات. بەمەیش هەڕەشەی سەر کەنداو و ئێران گەورەتر نیشان دەدا[١٨٥]، هەروەها دەنگی سەرکردایەتیی کورد بەرزبووەوە بۆ داواکردنی هاوکاریی دارایی زیاتر لە هاوپەیمانەکانی دوای شکستی دانوستانەکان لەگەڵ بەعس، کیسینجەر دەڵێت: لە ١٦ی ئازاری ١٩٧٤ بارزانی دوو بژاردەی بۆ ستراتیژییە پێشنیارکراوەکەی خستە بەردەممان: پێدانی ١٨٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئۆتۆنۆمیی تەواو. لەگەڵ ٣٦٠ ملیۆن دۆلار بۆ دامەزراندنی ئەوەی ناوی نابوو ژێرخانی

---

[١٨٣] شلومو نکدیمون.سەرچاوەی پێشوو،ل: ١٢٥.

[١٨٤] شلمو نکیدون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

[185] Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000. page 588.

گونجاو بۆ سەربەخۆیی،[186] ئێمە نازانین چۆن ئەم ئەژمارە کراوە و چۆن سەرکردایەتیی کورد گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامە نامۆیە؟ یەکێکیان بۆ ئۆتۆنۆمی و ئەوی تریان بۆ سەربەخۆیی، (لێرەدا دەبینین سەرکردایەتیی کورد لە تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کۆڵن، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادە نەبوو ئێران یان تورکیا لەپێناو کورددا تووڕە بکات، هەروەها ئامادە نەبوو کەمترین بڕی داواکراو بە سەرکردایەتیی کورد بدات) چونکە ئەوە هەموو ئەو بودجەیەی تێدەپەڕاند، کە بۆ ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تەرخانکرابوو بە وتەی کیسینجەر[187]، لێرەیشدا ئێمە لە بەردەم دۆخێکی جێی پرسیارداین، سەرکردایەتیی کورد بژاردەی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بۆ واشنتۆن جێدەهێڵێت، تا یەکێکیان هەڵبژێرێت و هاوکاریی دارایی دیاریکراو بۆ هەر بژاردەیەک – ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی - بەپێی ئەوەی واشنتۆن دەیەوێت، تەسلیم دەکات. سەرکردایەتیی کوردیش چاوەڕێی ئەم دیاریکردنەیە، یان ڕاستتر بڵێین چاوەڕێی فەرمانە تا ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت کە واشنتۆن دیاریی دەکات، سەبارەت بە ئیرادەی گەلی کوردیش لای سەرکردایەتیی کورد هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە گەل تەنها ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی حەزی دەستخستنی سەرکردایەتییەک کە چاوەڕێی فەرمانی دەرەوەیە.

لە یەکەم ڕاپۆرتی سالانەدا دەربارەی سیاسەتی دەرەوە، کە سەرۆک نیکسۆن پێشکەشی کۆنگرێسی کرد لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٠، نزیکەی سێ هەفتە پێش واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠ تێیدا هاتووە: ئامانجمان لە دەستپێشخەریی یەکەمدا، چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانمانە بۆ ماوەیەکی درێژ، لە ڕێگەی سیاسەتێکی دەرەکیی هاوسەنگەوە، هەرچەندە ئەو سیاسەتە لەسەر هەڵسەنگاندنێکی واقیعی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆمان و بەرژەوەندییەکانی تر بنیات بنرێت. ڕۆڵمان لە جیهاندا کاریگەرتر دەبێت. دەستوەردانمان لە کاروباری جیهانیدا؛ لەبەرئەوە نیە پابەندیمان

[186] ،Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000. P:588.

[187] ،Ibid. Page: 588

هەیە، چونکە تێوەگلاوین. دەبێت بەرژەوەندییەکانمان، پابەندییەکانمان دیاری بکەن نەک بەپێچەوانەوە[188]، سەرۆک ئاماژەی بە هیچ پابەندییەکی ئەخلاقی بۆ هیچ لایەنێک نەکرد.

بەڵام کیسینجەر دەڵێت کە ڕێنمایی داوە بە هێڵمز (Helms)، تاوەکو هەردووکیان (شا و مەلا موستەفا) ئاگادار بکاتەوە بەمشێوەیەی خوارەوە: دەبینین بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەمانەدا کورت دەبێتەوە:

أ. ڕێگەدان بە کوردەکان؛ بۆ هێشتنەوەی توانایەکی گونجاو بۆ دانوستان لەپێناو داننان بە مافەکانیان لەلایەن حکومەتی بەغداوە.

ب. کۆنترۆڵکردنی جووڵەی حکومەتی ئێستای عێراق.

ج. دابەشنەکردنی عێراق بەشێوەیەکی هەمیشەیی، چونکە ناوچەیەکی کوردیی سەربەخۆ و خاوەنی ژێرخانێکی تۆکمەی ئابووری نیە، کە پێویست بێت بۆ مانەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندیی نییە لە داخستنی دەرگاکان لە بەردەم پەیوەندییەکی باش لەگەڵ عێراق، بە هەبوونی سەرکردایەتیەکی میانڕەو.[189]

بڕگەی (أ) لەگەڵ پلانەکانی شا نەدەگونجا، چونکە ئەو ئامانجی بوو بەغدا ناچار بکات ڕێککەوتنامەیەکی نوێ قبوڵ بکات لە بەرژەوەندیی ئەمریکا، بەرامبەر فراوانکردنی خاکەکەی کە تا نیوەی شەتولعەرەب بگرێتەوە، لە هەمان کاتدا بەڕە لەژێر پێی بزووتنەوەی کورد دەربهێنێت، تاوەکو لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕژێمی بەغدا دووبارە نەبێتەوە وەک ئەوەی لە بەیانی ئازاری ١٩٧٠دا ڕووی دا. شا لە لایەنگرانی زیندووکردنەوەی پەیمانی بەغدا بوو، واتا هاوکاریی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و دژایەتیکردنی ڕەوتی کۆمۆنیستی، لەبەر ئەمە لە

[188] Years of Renewal. Henry Kissinger. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000. page: 98

[189] ،Years of Renewal. Henry Kissinger. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000. page:589

ڕاستی ئەوەی کیسینجەر دەیڵێت، گومان هەیە، ئەگەر ڕاستیش بێت بۆچی کیسینجەر وەڵامی ئەو نامەپڕ لە هاوارانەی نەدایەوە، کە مەلا موستەفا لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناردنی؟ بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچی نەکرد بۆ ڕزگارکردنی بزووتنەوەی کورد لەو هەرەسهێنانە توند و لەناکاوە؟ ئایا ئەوان نائومێد بوون لە تواناکانی سەرکردایەتیی کورد؟

لە کاتی گفتوگۆی نێوان شا و کیسینجەر لە ٢٤ی تەممووزی ١٩٧٣ بینیمان کیسینجەر بەم دەقە پرسیار دەکات: Can we keep them from coming to terms?[١٩٠](ئایا دەتوانین ڕێگرییان لێ بکەین لەوەی بگەنە ڕێکەوتن؟) ئەمە دەیسەلمێنێت واشنتۆن و تاران کاریان دەکرد بۆ ڕێگریکردن لە لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان لەناو عێراقدا، گەرەنتی نەکردن بۆ گەلی کورد باجێکی گەورەی پێداین بەهۆی نەزانی و خۆپەرستیی سەرکردەکانییەوە.

ڕێککەوتننامەی (Detente) - سیاسەتی ئارامیی نێودەوڵەتی - کە لە نێوان نیکسۆن و بریژنێڤدا واژۆکرا لە مانگی ئایاری ١٩٧١، دەقەکەی دەیوت (هەردوولا هەموو ئەوەی لە توانایاندایە دەیکەن، بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ململانێکان بەرەو زیادکردنی گرژییە نێودەوڵەتییەکان) یان (دروستنەکردنی مەترسیی جدی لە پەیوەندییەکانیاندا و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوانیاندا)، بەڵام دیاردەی جەنگی بەوەکالەت دەبینین، هەر یەکێک لەو دوو زلهێزە کۆمەڵێک دەوڵەتیان هەبوو، کە بەرژەوەندییەکانیان بە بەرژەوەندیی یەکێک لە هێزە گەورەکانەوە بەسترابوونەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو کاتەدا (هەژموونی یەکێتیی سۆڤیەت لە میسر، سوریا، عێراق، یەمەن و سۆماڵ) زاڵ بوو، لە کاتێکدا (هەژموونی ئەمریکی و ڕۆژاوایی لە ئوردن، سعوودیە، دەوڵەتە نەوتییەکانی کەنداو، ئێران، تورکیا، لوبنان و ئیسرائیلدا) بوو، پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بە ئامانجی لاوازکردنی

[190]The White House Washington. Memorandum. Exclusively Eyes Only. Tuesday, July 24, 1973. 5:00-6:40 p.m.

هەژموونی سۆڤیەت بوو، (ئیسرائیل وەک جێگرتنەوەی ئەمریکا بوو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا)، وەک ئەوەی لەگەڵ میسردا ڕووی دا، کیسینجەر دەڵێت: کاتێک ڕیچارد نیکسۆن لە ساڵی ١٩٦٩ سەردۆکایەتیی وەرگرت، بینیمان کە ڕووسەکان دابینکەری سەرەکیی چەک بوون بۆ عەرەبەکان. (لانیکەم ئەو عەرەبانەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی بەرەیی ئیسرائیلدا بوون) و پاڵپشتیی بەرنامە ڕادیکاڵییەکەیان دەکرد، بۆ ئاشتی لەگەڵیاندان. بۆیە (ئەمریکییەکان) سیاسەتێکمان دارشت کە بەپێی ئەوە هەر جووڵەیەک کە بە چەکی سۆڤیەت پاڵپشتی بکرێت، پەکی بخەین. بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی عەرەبی تووشی نائومێدی بن و لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە ڕوو لە ئێمە بکەن و دواتر ڕێ خۆش بکەین بۆ بارودۆخێک کە بتوانین خۆمان کۆنترۆڵی دارشتنەوەی هەنگاوی سیاسەتیان بکەین.

یەکێک لە ئەنجامەکانی جەنگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ (ئۆکتۆبەر) ئەوە بوو، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو بە دابینکەری سەرەکیی چەک بۆ ئیسرائیل و بەمەیش شوێنی فەڕەنسای گرتەوە، کە پێش جەنگەکە دابینکەری سەرەکی بوو، هەروەها جەنگی ڕۆژی لێخۆشبوون (یوم الغفران) و بەکارهێنانی چەکی کاریگەریی نەوت لەلایەن دەوڵەتە عەرەبەکان و بەرزکردنەوەی نرخەکەی، کە بووە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا و ژاپۆن و بووە هۆی ئامادەیی چڕتری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لە هێزی سەربازیی ئیسرائیلدا سوودیان بینی بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردنی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە، سەرکەوتنی سەربازیی ئیسرائیل ڕێگەی خۆش کرد بۆ دیپلۆماسییەکی ئەمریکیی سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا.

ململانێی عەرەب و ئیسرائیل لە هەردوو بەرەی سەرمایەداری و سۆشیالیستییەوە؛ چەکی بۆ دابین دەکرا، بەڵام دەبینین سیاسەتی ئەمریکا لەسەر مەودای دوور سەرکەوتووتر بوو، سەرەڕای هەوڵە دیپلۆماسییە مەزنەکانی سۆڤیەت و دروستکردنی پردێکی ئاسمانی و دەریایی بۆ گەیاندنی چەکی پێشکەوتوو بە میسر و سوریا لە کاتی جەنگی ١٩٧٣دا، یەکێتیی سۆڤیەت بە خێرایی هەژموونی خۆی لە میسر لەدەست دا. سادات، بایەخی بەو هاوپەیمانە نەدایەوە کە وای لێکردبوو لە جەنگدا گورزێکی

سەربازیی گرنگ لە ئیسرائیل بوەشێنێت، هەروەها سەددام حوسێنیش هەمان شتی لەگەڵ سۆفیەت کرد. دوای ئەوەی بە پاڵپشتیی ئەوان، نەوتی نیشتمانی کرد و بە چەکی سۆفیەتی دژی بزووتنەوەی کورد جەنگا، کەچی ڕێککەوتنامەی جەزائیری واژۆ کرد بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە سۆفیەت بکات، واشنتۆن توانیی سەرکەوتنی سەربازیی ئیسرائیل بەکاربهێنێت بۆ دوورخستنەوەی هەژموونی سۆفیەت لە میسر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خۆی شوێنی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا میسر ئێستا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بە تووندی بە ئەمریکاوە بەستراوەتەوە و پشت بە هاوکارییە ئابووریییەکانی ئەوان دەبەستێت و بە ڕێککەوتنامەی (کەمپ دەیڤید) بە ئیسرائیلەوە گرێدراوە. سەبارەت بە هەژموونی واشنتۆن لە عێراقیش، پێویستی بە چاوەڕوانی بوو تا جەنگی عێراق و ئێران ڕووی دا، بۆ ئەوەی واشنتۆن لەگەڵ عێراق بوەستێت دژی ئێران، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق بە هێزی سەربازی داگیر بکات.

ئاسایشی نیشتمانیی هەر گەل و دەوڵەتێک، لە خاکی نیشتمان و لەناو گەلدایە لە ڕێگەی بەستنەوەی ڕاستەقینە بە ئازار و ئاواتەکانیانەوە، دادی کۆمەڵایەتی لە بیری سەرکردایەتیی کورددا ون بوو، چەندین بەڵگەیشمان بۆ ئەمە هێناوەتەوە، ئاسایشی نیشتمانی بە پەیوەندی دەرەکی ناپارێزرێت وەک ئەو پەیوەندییەی سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ (ساواک)ی ئێرانی یان (CIA)ی ئەمریکی یان (مۆساد)ی ئیسرائیلی دروستی کردبوو، سەرکردایەتیی کورد هەوڵی نەدا سوود لە هاوکاریی دەرەکی وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ و ئامادەکردنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگارییەکان و بەدیهێنانی سەرکەوتنی سەربازی کە ململانێکە بۆ بەرژەوەندیی کورد بگۆڕێت و دەوڵەتانی دەرەوە حسابێکی جدیی بۆ بکەن، بەڵکو هاوکارییەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەژموونی تاکەکەسیی بەکارهێنا. پەیوەندییە دەرەکییەکان، تەواوکاری ئەرکەکانی ناوخۆ نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونە هۆی تێکدانی بەرگریی ناوخۆیی، پێویست وایە سیاسەتی دەرەوە خزمەتی ئەرکە ناوخۆییەکان بکات، بۆ بزووتنەوەی کوردیش دەبوو پەیوەندییە دەرەکییەکان بنکەی بزووتنەوەکە و هێزی پێشمەرگە بەهێز بکات، بۆ بەردەوامی و شکستپێهێنانی هێزەکانی عێراق، سیاسەتی دەرەوەیان خاڵی لاواز و گەورە

بوو که وای کرد بزووتنەوەکە بکەوێتە ناو کایەی مامەڵەپێکردن لە نێوان دەوڵەتە دوژمنەکان و هەژموونگەرا خاوەن بەرژەوەندییە زەبەلاحەکاندا و سەربەخۆیی بڕیاری خۆی لەدەست دا.

سەبارەت بە گونجانی بەرژەوەندیی ناوخۆ و ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە، دەبێت سیاسەتی دەرەوە بەرژەوەندیی ناوخۆ بەهێز بکات، هێنری کیسینجەر لەبارەی جەنگی ڤێتنامەوە دەڵێت: هیچ سیاسەتێکی دەرەوە لە بنکە ناوخۆییەکەی بەهێزتر نییە[۱۹۱]

هەر لێرەیشەوە ئەمریکا لە ڤێتنام شکا. سەبارەت بە کوردیش، سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی ناوخۆ نەبوو، بەڵکو بەرژەوەندیی ناوخۆ خرایە خزمەت بەرژەوەندیی دەرەکی (واتە عارەبانەکە خرایە پێش ئەسپەکە)، لێرەدا بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتیی کورد، چونکە ناچار نەبوو بنکەی جەماوەری و ناوخۆیی فەرامۆش بکات. ئەمەیش نیشانەی کورتبینی و پاشکۆییان بوو لە تێگەیشتن لە یاساکانی ململانێی جەنگی سارد و پابەندبوونیان بە بیرکردنەوەی خێڵەکی، وێنایان بۆ پەیوەندییەکان سەرەتایی بوو، وایان دەزانی جیهان تەنها مۆسکۆ و واشنتۆنە و هەموو دەوڵەتانی تر بەکرێگیراوی ئەوانن، بۆیە لای ئەوان بەکرێگیراوی ببووە شتێکی ئاسایی.

نووسەری ئەمریکی (جۆناسان ڕاندڵ) [۱۹۲]دەڵێت: شا؛ ئاگاداری متمانەی کوێرانەی مەلا موستەفا بوو بە ئەمریکا، بۆیە شای ئێران ئەمریکای ڕازی کرد پاڵپشتیی کورد بکەن، تاوەکو گومانەکانی بارزانی بڕەوێنێتەوە، بەڵام بارزانی کە داوای لە شا و ئیسرائیل کرد کەناڵێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندییان لەگەل ئەمریکییەکاندا بۆ بکەنەوە، کەوتە ناو ئەو تەڵەیەوە کە خۆی بۆ خۆی نایەوە.

بە گەڕانەوە بۆ ساڵی ١٩٤٦ دەبینین پاڵپشتیی ئەمریکا بۆ شا، ڕێگەی لە هەڕەشەکانی سۆڤیەت گرت و ڕێگریی لێکرد لە فراوانخوازییەکانی بەسەر ئاسیای ناوەڕاستدا و

[191]Years of Renewal. Henry Kissinger. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000. page: 470

[192], After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Jonathan C. Randal. P: 150

دەسەڵاتی شای بەسەر ئازەربایجان و کوردستاندا گەڕاندەوە، ئێستایش جارێکی تر جەنگی سارد لە بەرژەوەندیی شای ئێران شکایەوە، کاتێک عێراق و سۆڤیەت لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢ پەیمانی دۆستایەتییان واژۆکرد بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، شا توانیی بە ئاسانی یاری بە کارتی ململانێی زلهێزەکان بکات، لەوکاتەیشدا سۆڤیەت توانیی پەیماننامە لەگەڵ میسر و سوریادا بکات، ئەمریکییەکان نیگەران بوون لەوەی سۆڤیەت فشار بخاتە سەر دەوڵەتە نەوتییە لاوازەکان (سعوودیە و کەنداو)، میرنشینی عەرەبیی سعودی دانیشتوانی کەمە. هەروەها وڵاتەکانی تری کەنداویش هەموویان لاوازن و ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، کیسنجەر لە زاری شاوە کە پێیگوتووە جەنگی سارد ئەرێنییە و حەقی ئەوەی هەیە لەگەڵیدا هەنگاو هەڵێنین بە سوودی خۆمان. دوای گەڕانەوەی سەرۆک نیکسۆن لە تارانەوە، لە ڕۆژی دووەمدا شا ئاگاداری ئەسەدوللە عەلەمی کرد کە کیسنجەر بە توانایەکی زۆرەوە بەرپرسیارێتی و ئارامیی ئێران و هەموو ناوچەی خەلیجی فارس لە ئەستۆ دەگرێت، هەروەها پێیگوتووە کە پێیوایە ڕووسەکان زۆر لە عێراق نزیک بوونەتەوە و دەبێت شتێک بکرێت بۆ ڕاگرتنی ئەم گەندەڵییە.[١٩٣]

پاڵنەری سێهەم؛ کە بووە هۆی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمریکادا، بریتی بوو لەڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق لەلایەن عێراقەوە، چونکە لای ئەمریکا و شا ئەو پەیماننامەیە وەک دزەکردنێکی گرنگی سۆڤیەت دەردەکەوت بۆ ناو وڵاتێکی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەمەند بە نەوت و هاوسێی ئێران.

لە ڕاستیدا هاوکارییەکانی ئەمریکا بەراورد بە هاوکارییەکانی شا، زۆر کەم بوون، بەڵام وەک (ڕاندڵ) دەڵێت: بەشی ئەوەندە بوو کە مەلا موستەفا تووشی ئەو خەیاڵە مەترسیدارە بکات کە گەرەنتییەکی ڕاستەقینەی ئەمریکی بۆ کوردەکان [١٩٤]

شا دەترسا لە لێکتێگەیشتنی (بەعس، شیوعی و کورد) بۆیە هەوڵی دەدا مەلا موستەفا لە بەغدا دووربخاتەوە تا وەک کارتێکی فشار بۆ بەرژەوەندیی خۆی بیهێڵێتەوە. وەک

[193] After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Jonathan C. Randal. P: 151

[194] Ibid, page: 152

پێشتریش ئاماژەمان پێ دا؛ شا ترسی هەبوو لە لێکتێگەیشتنی نێوان سێگۆشەی (بەعس، شیوعی، کورد) هەر بۆیە هەوڵی دەدا مەلا موستەفا لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا دوور بخاتەوە،[١٩٥] بۆ ئەوەی وەک کارتێکی فشاری گرنگ لە خزمەت سیاسەتەکانی ئەودا بمێنێتەوە. بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆری و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی، دەبوو ئەو سێ هێزە بە دڵسۆزی، هاوپەیمانی بکەن. بەڵام چونکە لایەنەکان کورتبین بوون و چاوتێبڕینی کەسی و حیزبی و خێڵەکییان هەبوو، بوونە نێچیری پلانی بێگانە. دوای پەیوەندی لەگەڵ (IA،C) سەرکردایەتیی کورد بوێرتر بوو لەگەڵ بەغدا و سۆفیەت، ئەم پەیوەندییە دەرەکییانە تەنها بۆ خەڵەتاندنی خود و وروژاندنی هەستی نەتەوەیی بەرپرسە کوردەکان بەکاردەهات، کە زۆربەیان لە ڕاستی پەیوەندییەکان بێئاگا بوون، چونکە ئەو پەیوەندییانە قۆرخ کرابوون لەلایەن [سەرۆکی حیزب و دوو کوڕەکەی] و تا ڕادەیەک دکتۆر مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمانەوە، بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزییان دەزانی.

لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی ١٩٧٣/١٢/٢٠دا لیژنەی ناوخۆیی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆبونەوەیەکی فراوانیان بەست بە ئامادەبوونی سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بارزانیی سەرکردەی کورد؛ لەناو کۆبوونەوەکەدا وتارێکی خوێندەوە و وتی کە ئەگەر جەنگ دەست پێبکاتەوە بە هەمان ئەو چەکانە دەجەنگێت کە سوپای عێراق هەیەتی،[١٩٦] لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩٦٦وە مەلا موستەفا بنکەکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران جێنەهێشتبوو، لەوێوە کۆنترۆڵی ئەو دەروازەیەی دەکرد کە پارە و چەکی لێوە دەهات، کاروباری بەرەکانی جەنگی بۆ دەوروبەرەکەی جێهێشتبوو تا کاتی هەرەسهێنانیش هەر لای ئەو دەروازەیەوە مابوو، دواجاریش هەر لەوێوە بەرەو ئێران ڕۆیشت،.

[195] Memorandum. Sensitive Exclusively Eyes Only. Authority E.O 12958

[١٩٦]، شكيب عقراوي، س.پ، ل:٣٧١

ئەو لێدوانە گەشبینە نابەرپرسانەیە، بووە هۆی دروستبوونی هەستێکی درۆیینەی هێز لای خەڵک و زۆر کەس لە شارەکانەوە چوونە ناو شۆڕش. شەکیب ئاکرەیی دەڵێت: زۆریی ژمارەی پەیوەندیکارەکان، بووە هۆی پشێوی و زیادبوونی ئەرکە ئیداریەکان و قوربانییەکان.[١٩٧] هەروەها دەڵێت: کاتێک لە ئازاری ١٩٧٤ هەوری جەنگ لە ئاسمانی کوردستان دەرکەوت ، هێزەکانی کورد مەشقپێکراو و ئامادە نەبوون و سوود لە سەردەمی ئاشتی وەرنەگیرابوو بۆ خۆ ڕێکخستنەوە. لەڕیزەکانی شۆڕشگێرانی کورددا .[١٩٨]

شکیب عقراوي دان بەودا دەنێت:جگە لەوەیش سەرکردایەتیی کورد ناوچە ئاوەدانەکانی چۆڵ نەکرد کە بووە هۆی ئەوەی لە بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق لە نیسانی ١٩٧٤دا لە گەلاڵە، قەڵادزێ، چوارتا، هەڵەبجە و زاخۆ و شوێنەکانی تر نزیکەی هەزار کەس ببنە قوربانی، بەبێ هیچ پاساوێک و تەنها بەهۆی پشتگوێخستنی سەرکردایەتیی کوردەوە.[١٩٩]

هیچ گومانێکی تێدا نییە کە سەرکردایەتیی کورد بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک دەسەڵاتی پەیڕەو کردووە، ئەگەر لێپرسینەوە هەبووایە، سەرکردایەتی پڕکێشیی نەدەکرد کەمتەرخەم و تەممەڵ بێت تا ئەو ئاستەی ببێتە هۆی دروستبوونی زۆرێک لەو نەهامەتییانەی گەلی کورد بەتایبەتی بە خوێنی ڕۆڵەکانی باجێکی قورسی بۆ داوە، با ئاماژە بە هەندێک ڕاستیی ڕاشکاو بکەین، کە پێویستیی ئامادەکردنی ئەلتەرناتیف بۆ بەردەوامیی بزووتنەوەی کورد و خۆدوورخستنەوە لە کەوتنە نێو تەڵەیەکی کوشندە دەسەلێنن، بەڵام سەرکردایەتی پشتگوێی خستن و سوور بوو لەسەر فەرامۆشکردنی ئەو مەترسییانەی دەوری گەلی کوردیان دابوو، بەتایبەتی کە ئەوان (سەرکردایەتی) لە هەر ساتێکدا بێت ئامادەگیی تەواویان هەبوو بۆ ڕزگارکردنی ڕووحی خۆیان و ئەو دەستکەوتانەی کە لە ڕێگەی حاجی ئۆمەرانەوە کەوتبووە دەستیان وەک پێشتریش

---

[١٩٧]، ه.س، ل:٣٧١

[١٩٨]، ه.س، ٣٧٦

[١٩٩]، ، هـ.س، ل٣٧٠

باسمان کرد، ماوەی دە ساڵ بوو سەرکردایەتی لەسەر هێڵی سنووری لەگەڵ ئێران دەژیان.

دکتۆر مەحموود عوسمان دەڵێت: هێڵمز زۆر ڕاشکاو بوو، پێیگوتین کە ئەو پێشوازیمان لێ دەکات، چونکە شا داوای لە حکومەتی ئەمریکا کردووە یارمەتیتان بدات، عوسمان ئەوەیشی بۆ زیاد کرد: ئەوە تاکە هۆکار بوو بۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات. تا ئەوکاتەی شا بەردەوام بێت لەو سیاسەتە، واشنتۆنیش بەردەوام دەبێت. من بە شەخسی هەستم بە ئارامی نەدەکرد. من چووم بۆ واشنتۆن چونکە بارزانی داوای ئەوەی کردبوو و ئەرکی خۆم جێبەجێ کرد، بەڵام قەناعەتم نەبوو کە ئەم پەیوەندییە بۆ ئێمە جیدی بێت. ئەمریکییەکان بە تەواوی پشتگیرییان لێنەکرد و هیچ گەرەنتییەک نەبوو، هەروەها منیش گەشبین نەبووم.[٢٠٠]

(هێنری کیسنجەر) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت: لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١دا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و بەغدا جارێکی تر گەیشتنە لێواری داڕمان، چونکە کوردەکان سەددام حوسێنیان تۆمەتبار دەکرد بە هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی بارزانی و گومانیان هەبوو لە هەنگاوەکانی سەددام بۆ پێکهێنانی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی، کە حیزبی شیوعی لەخۆبگرێت، ئەمەیش کوردەکانی گۆشەگیر کرد. لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧١ و دواتر لە مانگی ئاداری ١٩٧٢دا، شا داوای لە نیکسۆن کرد هاوکاریی بکات لە پشتگیریکردنی بارزانیدا، لە ٢٨ی ئاداریشدا شای ئوردن لەسەر داوای بارزانی، لەلای نیکسۆن نێوەندگیریی کرد. ئیسرائیل هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوای هاوکاریی دارایی نەکردبوو، بەڵام پابەند بوو بەوەی ئاگادارمان بکاتەوە لە بایەخدانی خۆی بەو ئاراستەیەی کە سیاسەتی عێراق بەرەو ئۆتۆنۆمیی ناوچە کوردییەکان دەیگرێتەبەر.

[200] ،After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Jonathan C. Randa. P: 152

ئێمە ئەو بۆچوونەمان ڕەتکردەوە کە هاوکاریی ڕاستەوخۆیان لەخۆدەگرت، چونکە نەماندەویست چەک و هەژموونی سۆڤیەتی زیاد بکات، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران (جۆزێف فارلاند) ئاماژەی بەوە کرد و هۆشداری دا کە ئەگەر ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکە دەستپێبکات، ئەوا مەترسی ئەوە هەیە ببێتە پڕۆسەیەکی کراوەی بێ کۆتایی، ئەگەریش وەستینرا ئەوا ڕووبەڕووی چەندین لێکدانەوەی هەڵە دەبینەوە.

لە کاتێکدا تریتا پارسی (tryta parsy) ئاماژە بەوە دەکات: لە کاتی سەردانەکەی سەرۆک نیکسۆن و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هێنری کیسنجەر بۆ تاران لە مانگی ئایاری ١٩٧٢، شا قەناعەتی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێنا کە ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێت لە یارمەتیدانی کورد، کە تا ڕادەیەکی زۆر تا ئەو ساتەوەختە تەنیا ئیسرائیل و ئێران یارمەتییان دەدان. دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی (CIA) و وەزارەتی دەرەوە دژی بەشداریی ئەمریکا بوون، چونکە وایان دەبینی دواجار کوردەکان لەلایەن تارانەوە خیانەتیان لێ دەکرێت.[٢٠١] بەڵام کیسنجەر پێچەوانەکەی بڕیار دا و وتی ئەمە ڕێگەیەکی باشە بۆ ئەمریکا تا پشتگیریی خۆی بۆ داواکارییەکەی ئێران نیشان بدات.

شای ئێران دەترسا لەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت و سەرکەوتوو بێت لە پێکهێنانی ڕێکەوتنێک لە نێوان سێ حیزبەکەدا: (بەعس، پارتی و حشع)، ئەگەر سۆڤیەت لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو بووایە، ئەوا یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی فشاری سیاسی و سەربازیی لە دەست دەردەچوو، ئەمەیش دەبووە هۆی لاوازییەکی زۆر لە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر عێراق و سۆڤیەت و هەروەها لە ناوچەی کەنداوی فارسییشدا، لە ئەنجامی هەڵوێستی هاندەرانەی شا بۆ پشتگیریکردنی سەرکردایەتیی کورد، دەرگای هاوکاریی ئەمریکی بۆ بزووتنەوەی کورد دەستپێکرد، بەڵام بە دیاریکردنی ئاستێکی دیاریکراو و بە ڕەچاوکردنی پلانی لاوازکردنی هەردوولا (حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد)، شای ئێران هەوڵی دا کورد لە هاوپەیمانییەکی

[201] Treacherous Alliance. Trita Parsi. Yale University press/New Haven and London. 2007.page: 54

سێ قۆڵی (کوردی - شیوعی – بەعسی) بە سەرپەرشتیی سۆڤیەت دەربهێنێت و لەوەیشدا سەرکەوتوو بوو بەهۆی سێ هۆکارەوە: (فریودانی دارایی، گوێرایەڵیی مەلا موستەفا بۆ شای ئێران، نەبوونی متمانە لە نێوان بەغدا و سەرکردایەتیی کورد دوای زنجیرەیەک هەوڵی تیرۆرکردن و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠)، شا دەیزانی چۆن مەلا موستەفا لەم هاوپەیمانییە بکێشێتەوە، چونکە درکی بە گرنگیی واشنتۆن دەکرد لە دڵنیاکردنەوەی سەرکردایەتیی کورد. ئێرانییەکان، نیازی مەلا موستەفا و کەسایەتییەکەیان بە وردی دەناسی، بۆیە تاکتیک و هەلی گونجاویان بۆ پلانەکانی دۆزییەوە، ئەویش کاتێک بوو کە نیکسۆن لە مانگی ئایاردا (٣٠ و ٣١ی ١٩٧٢) سەردانی تارانی کرد، لەم سەردانەدا نیکسۆن ئەوەی بۆ شا ڕوونکردەوە کە ئەو وەك سەرۆکی ئەمریکی بەراورد بە سەرۆکە ئەمریکیەکانی تر، کارتێکراو نیە بە پەیوەندیە کەسیەکانی لەگەڵ سەرکردە زلهێزەکانی کۆمۆنیستی. لە دەستپێکی قسەکانیدا، نیکسۆن جەختی لەسەر بڕیاری خۆی کردەوە بۆ وەستان لە گەڵ هاوڕێکانی ئەمریکا و شکستپێهێنانی سەرکێشییەکانی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.کیسنجەر دەڵێت: شا بینیی کە نیکسۆن بەباشی گوێ دەگرێت، کاتێک نیگەرانیی خۆی دەربڕی لەوەی کە سۆڤیەتیەکان کار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەک دەکەن کە کورد و بەعسی و شیوعییەکان لەخۆبگرێت. لەبری ئەوەی کێشەی کورد ببێتە دڕکێک لە پشتیان، کەچی دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەی هێز بۆ کۆمۆنیستەکان[٢٠٢]

لەم ئەم کۆبوونەوەیەدا، نیکسۆن دوو بڕیاری دا: گرتنەبەری ڕێکارێکی هاوشێوە بەرامبەر بە گرێبەستی چەک لە نێوان سەددام و کۆسیگین، بۆیە ڕەزامەندیی دا لەسەر فرۆشتنی فڕۆکەی زۆر پێشکەوتوو کە شا داوای کردبوون، کە تا ئەوکاتە بەهۆی ناکۆکییە بیرۆکراسییەکانی نێو پێنتاگۆن، ئەم پێفرۆشتنە دواخرابوو کە لەسەر دوو هۆکار بوو، ئەوانیش یان هەڵبژاردنی ڕادەستکردنی فڕۆکە جەنگییەکانی F-15ی سەر بە هێزی

[202] ،Henry Kissinger. Years of Renewal . Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000.p: 582.

ئاسمانی، یان F-14ی سەر بە هێزی دەریایی. نیکسۆن کێشەکەی بە قبوڵکردنی هەردوو ئاراستەکە چارەسەر کرد و شای سەرپشک کرد لە هەڵبژاردنی هەرکامێکیان، لە هەمان کاتدا نیکسۆن بڕوای وابوو ڕاپەڕینی کورد بەبێ پشتگیریی ئەمریکا لە بەرامبەر بەغدا، شکست دەهێنێت. لەبەرئەوە پێویستی بە جۆرێک لە بەشداریی ئەمریکا هەبوو بۆ پێدانی وزەیان و هێشتنەوەیان هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانە سەرەکییەکانی وەک ئێران و ئوردندا دەیکەین، بەبێ گوێدانە جیاوازیی پاڵنەرەکانیان. هەروەها وەک بەشداریەک بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزە هەرێمیەکان[٢٠٢]

دوای ماوەیەک لە سەردانەکەی نیکسۆن بۆ پایتەختی ئێران، باڵێۆزی ئێران لە واشنتۆن (ئەمیر ئەسلان ئەفشار) لە شای پرسی: ئایا سەرۆک نیکسۆن وەڵامی داواکارییەکانی دایەوە؟ وەڵامی شا ئەمە بوو: بەڵێ زیاتر لەوەی ویستم، زیاتر لەوەی چاوەڕێم دەکرد. ڕۆژنامەنووسی ئەمریکیی (ڕاندڵ)، سەبارەت بە ئەنجامی سەردانەکەی نیکسۆن بۆ تاران و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی شا، دەڵێت: لە ڕاستیدا ئەم سەردانە چیرۆکێکی هۆشداریدەر و پەندئامێز بوو. مەترسیی نزا و پاڕانەوە نیشان دەدات کە لە شا و مەلا موستەفا قبوڵ کران. سەرۆک نیکسۆن، بەبێ مەبەست بەشدار بوو لە ڕووخانی شا و دروستبوونی دۆخی ناسەقامگیری بۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەیش لە ڕێگەی (شێوازی حکومڕانیی تاکڕەویی ڕەهای شا) و (تینوێتیی بێ سنووری بۆ چەکە پێشکەوتووەکانی ئەمریکا). ئەم دوو هۆکارە، پێکەوە بەشدار بوون لە هەرەسی ئابووریی ئێران و نەمانی متمانە بە کەسایەتیی شا. لە ئەنجامدا هەلی ڕەخساند بۆ شۆڕشەکەی ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومێنی دوای پێنج ساڵ.

بێ بیرکردنەوەی لۆژیکی لە ئەنجامە گریمانەکراوەکان بۆ ئەوەی دڵی شا زیاتر خۆش بکات، نیکسۆن بڕیاری دا بەشداری بکات لە دابینکردنی بەشێکی کەم لە خەرجییە گشتییەکانی بارزانی، بۆ بەردەوامیدان بە یاخیبوون دژی حکومەتی عێراق، ئەم بڕیارە کە وەرچەرخانێکی کتوپڕ بوو لە هەڵوێستی پێشووی ئەمەریکا کە هەر تێوەگلانێکی لەم

---

[203] Ibid. p: 583،

بابەتەی ڕەت دەکردەوە، دواجاریش بووە هۆی پاڵنانی کورد بەرەو یەکێک لە گەورەترین شکستەکان لە مێژووی خۆیدا، کۆتاییشی بە چەندین دەیەی سەرکردایەتیی بارزانی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هێنا.[٢٠٤]

سیاسەتی پێشووی ئەمریکا کە نێکسۆن جێبەجێی نەکرد، بریتی بوو لە دوورخستنەوەی شا لە خولیا سەربازی و جیۆسیاسییەکانی، بەڵام شا توانیی ئەو گەمارۆیە بشکێنێت و توانیی هەڵوێستی ئەمریکا بگۆڕێت سەبارەت بە یارمەتیدانی ئەو یاخیبوونەی کە بارزانی دژی حکومەتی عێراق سەرکردایەتیی دەکرد[٢٠٥]، ئەمە دوورکەوتنەوەیەکی گرنگ بوو لە سیاسەتی پێشووی ئەمریکا کە کیسنجەر بە بەنهێنی هێشتبوویەوە. چونکە پێشتر و بۆ سێ جار فەرمانبەرانی حکومەتی ئەمریکا و (CIA) ڕەتیان کردبووەوە هاوکاریی نهێنی بدەنە کورد، وەك ئەوەی لەلایەن شا و ئیسرائیلەوە پێشنیار کرابوو. تەنانەت سێ مانگ پێش دیداری سەرۆک نێکسۆن بۆ تاران، کیسنجەر و ئیدارەی ئەمریکا هەر دژی ئەم بەرنامەیە بوون.[٢٠٦]

جۆرج بۆڵ (George W. Ball) {یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوە} ئەو ڕێوشوێنانەی دەستنیشانکردن؛ کە بووە هۆی هەردوو کارەساتەکە (ڕووخانی شۆڕشی کورد و شای ئێران) و وتی: (شا)مان وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانمان لە ناوچەی کەنداوی فارس وێنا کرد و تەواو پشتمان پێبەست. هەروەها لە ڕاپۆرتە نهێنییەکەیدا دەڵێت: ئێمە وەک بڵێی (ئێران و هێزی شا یەکسانە بە ئەمریکا) جوولاینەوە. کاریگەریی هاوپەیمانەکەمان (ئێران) لەسەر سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتە ئاستێکی ئەوتۆ، کە (شا) لە کۆتاییەکانی بەرنامە نهێنییەکەدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ هاوبەشە ئەمریکییە پلە نزمەکانی نەدەکرد[٢٠٧]، ئەم دەستەواژەیە دواتر لە ڕاپۆرتی (Pike)دا هات، کە باسی وردەکاریی

[204]After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Jonathan C. Randal. P:146

[205] Ibid. page: 147

[206] Ibid. page: 148

[207] Ibid. page: 147

ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکانیان لە ئەنگۆلاوە تا کوردستان دەکرد، کاتێک هەواڵەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا دزەیان کرد و ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردۆتەوە چۆن شا بە چاوپۆشیی ئەمریکا سەرەتا بارزانیی فریو دا بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی عێراق و دواتریش بە ئەنقەست کوردی بێبەش کرد لە ئامرازە پێویستەکانی سەرکەوتن، ئەمە بێگومان بەبێ هیچ ناڕەزایەتییەک لەلایەن واشنتۆنەوە. لە مانگی ئاداری ١٩٧٥دا کاتێک شا گەیشتە خواستەکانی خۆی، ئیتر لەناکاو دەستی لە کوردان بەردا تا بکەونە ژێر چەپۆکی حکومەتی بەغدا.[٢٠٨]

بێ گومان هاوکارییە دەرەکییەکان، بەشدار بوون لە بەهێزکردنی هەژموونی مەلا موستەفا لە کوردستان، بەڵام نەبوونە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کورد، هاوکارییە دەرەکییەکان پێویستییەکی گرنگ بوون، کە ناکرێت نکوولّی لە گرنگییان بکرێت بەتایبەتی لە بارودۆخی گەلێکی بێ بەرگری و گەمارۆدراو بە دوژمن لە هەموو لایەکەوە، بەڵام ئەو ڕەخنەیەی لە سەرکردایەتیی کورد دەگیرێت شێوازی بەکارهێنانی هاوکارییە دارایی و سەربازییەکان بوو، بە جۆرێک کە پشکی شێری هەبوو لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و داڕمان و لاوازکردنی بەهاکانی شۆڕشگێڕی و پێداویستیی بەدیهێنانی ئامانجە ڕزگاریخوازییەکانی شۆڕش. سەرکردایەتی، ستراتیژی خۆی لەسەر پشتیوانیی دەرەکی بونیاد نا. وەک چۆن نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەڵێت: (ڕقی زۆریان بۆ ئەلتەرناتیڤی ناوخۆیی، ئەنجامەکەی وانە و پەندەکانی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بوو).

کیسنجەر دەڵێت: (ئامانجمان ئەوە بوو تێچوویەکی زۆر بخەینە سەر عێراقییەکان، بە سەپاندنی بەسەر سیستمەکەیاندا بە بەهێزکردنی پێگەی کورد. بەمەیش بەغدا ناچار بکەین سیاسەتێک بگرێتە بەر کە ئاسایشی دراوسێکانی و ئۆتۆنۆمیی کەمینەی کورد لەبەرچاو بگرێت، پێشبینییەکە وابوو بەشداریی لەگەڵ ئەمریکا، دەرخەری بنەمایەک بێت بۆ هەماهەنگیی هەموو مەبەستە جیاوازەکان لە نێوان ئەو هاوبەشانەی بایەخێکی

[208] Ibid. page: 147

زۆریان بە پەیوەندییەکانیان و بەشداریی داراییان داوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا). کیسنجەر تێبینییەکی زۆر گرنگ زیاد دەکات: وەک دەبینین هیچ ڕێگرییەکی ئەمریکا لە دەستبەرداربوونیان لە کورد، بوونی نەبوو. کیسنجەر هەوڵی نەدا گەرەنتی لە شا وەربگرێت بۆ ڕێگریکردن لە فێڵکردن لە کورد، دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥سەرکردایەتیی کورد داوای لێکردن دەستوەردان بکەن لە بەرژەوەندییان، بەڵام ئەوان خۆیان دزییەوە لە وەڵامدانەوەی نامەکانی مەلا موستەفا کە داوای فریاکەوتنیان دەکرد، ئەمە ڕوونە کە نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل و نە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد داوای گەرەنتیی نووسراویان لە شا نەکردبوو، بۆ ئەوەی دەستبەرداری کورد نەبێت لە بارودۆخی بنبەست لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕژێمی بەغدا.

جیدییەت نابینین لە پەیوەندییەکانی کوردی - ئەمریکیدا، تەنانەت لە نامەکانی هێنری کیسنجەر بۆ مەلا موستەفادا ئەمە بە ڕوونی دەبینین، مەلا موستەفا دەیویست سەردانی واشنتۆن بکات بە شێوازی کۆنی خۆی بۆ بەدەستهێنانی سۆز، ٣ فەرشی دروستکراوی ئێرانیی بۆ هێنری کیسنجەر نارد، پاشان ملوانکەیەکی دروستکراو لە زێڕ و مرواریی بۆ نارد، بەبۆنەی هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ نانسی ماگینیس، بەڵام ئەم شتانە هیچ سوودیان نەبوو. مەلا موستەفا جارێکی تر هەوڵی دا سەردانی واشنتۆن بکات، کە لەو کاتەدا کیسنجەر ئاگاداری وردەکاریی بابەتەکە بوو، دکتۆر مەحموود عوسمان سەبارەت بە نامەکەی مەلا موستەفا کە ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ی لەسەر بوو دەڵێت: کیسنجەر مانگێکی ویست تا وەڵامی 'جەنەڕاڵە ئازیزەکەم' بداتەوە و دڵنیای بکاتەوە لە سەرسامبوون پێی، نامەکانی بایەخێکی زۆریان هەیە لە لایەن بەرزترین ئاستەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە[٢٠٩]، ئەم جۆرە نامانەی کیسنجەر کە پڕن لە دەستەواژەی سەرسامی و پیاهەڵدان، ئەو جۆرە نامانەن کە لە لای دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باویان هەیە و خۆشی دەخەنە دڵیانەوە و وایان

[209] After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Jonathan C. Randal. P:162

لێ دەکەن هەست بە گەورەیی و گرنگیی خۆیان بکەن، بەڵام خاڵین لە هەر مانایەک کە پەیوەندی بەو کێشە بنەڕەتییانەوە هەبێت، کە گەلان پێیانەوە دەناڵێنن. کیسنجەری فێڵباز؛ ئەم شێوازەی لەگەڵ زۆرێک لە سەرکردەکانی جیهانی سێیەم بەکارهێناوە، چونکە دەیزانی بەم شێوازە ڕازاوەیە مەست دەبن.

محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەڵێت: هێزی خودی و دەرکەوتنی ئیرادەی ناوخۆیی لە خەباتدا، هۆکار و کاریگەریی بنەما نێودەوڵەتییەکان دەپارێزێت و ڕێزی دەوڵەتانی بۆ ڕادەکێشێت، نەک دەنگی هانابردن و گریان. بۆ نموونە؛ کاتێک جەنگی سوێس لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ دەستپێکرد و سوپاکانی ئیسرائیل و فەڕەنسا و بەریتانیا هێرشیان کردە سەر میسر، تەواوی گەلی میسر ڕاپەڕین و بە بڕیار و پێداگری و دڵنیایی جەنگان. ئەمەیش بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندیی میسر، هەیکەل لەسەر ئەوە دەڵێت: (هەمرشۆلد سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان) دەڵێت: 'ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ، دەمەوێت ئەمەی خوارەوە ڕابگەیەنم. بنەماکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترن لەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتیی ئەم بنەمایانە دەکەن. هەروەها ئەو ئامانجانەی پەیوەستن بەم بنەمایانەوە و وا بڕیارە پاراستنیان بسپێردرێت بە ڕێکخراکە، پیرۆزترن لە سیاسەتی هەر نەتەوەیەک یان هەر گەلێک. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک خزمەتکارێکی ئەم ڕێکخراوە، ئەرکی سەرشانیەتی بەردەوام بێت لە پاراستنی کاریگەریی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە و ناتوانێت دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت بە دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی هەڵوێست لە ململانێی نێوان دەوڵەتە ئەندامەکاندا. چونکە کاتێک دەست بۆ بنەماکانی پەیماننامەکە دەبرێت، سکرتێری گشتی دەبێت بوەستێت و دەنگی بەرز بکاتەوە و دەنگی بگەیەنێتە جیهان. ئەو وەستا، تا بڵێت دوو دەوڵەت لە دەوڵەتە ئەندامە هەمیشەییەکان کە ئینگلتەرا و فەڕەنسا بوون، پەیماننامەکەیان پێشێل کردووە، چونکە دەستدرێژییان کردووەتە سەر میسر و دواتر سەرپێچییان لە بەیاننامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە لە ساڵی ١٩٥٠ دەرچووە'

هەیکەل زیاتر دەدوێت و دەڵێت: لە یادمان نەچێت؛ بۆچی سکرتێری گشتی ئەم هەڵوێستەی وەرگرت؟ تەنها بۆ بنەماکان نەبوو. بەڵکو بنەماکان لە دەستی ئەوانەدا بوون

که بەکاریاندەهێنان، لەگەڵ ئەوانەیش کە دەیانپارێزێت. گەلی میسر بەرگریی دەکرد. نەتەوەی عەرەب لە جیهانێکی پڕ جۆش و خرۆش و بەرگرییەکی بەردەوامدا بوون. ئەگەر ئەم بەرگرییە بکەوتایە، هەموو شتێک دادەڕما و هەڵوێستی (هەمرشۆلد) یان هەر کەسێکی تر هیچ سوودێکی نەدەبوو. بەڵام من کاتێک کۆنووسی دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایش و هەموو گفتوگۆکانی ناویم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت تا چ ئاستێک بەرگری، توانیویەتی ویژدانی جیهان بهەژێنێت و کەسێکی بەرپرسیار لە یاسای نێودەوڵەتی بجووڵێنێت. لێرەدا جێبەجێکردنی یاسا نایەتە دی تەنها بۆ خاوەن دۆزەکان نەبێت، کە لە پێشەنگی خەباتگێڕان و بەرگریدا دەمێننەوە. یاسا و داوا و کێشە بە هیچ شێوەیەک سوودی نییە، مەگەر خاوەنەکەی توانای بەرگریی لێی هەبێت و ئیرادەی پێویستی هەبێت بۆ وەستان و بۆ ئەوەی جیهان ببینێت کە مافێک هەیە بەرگری لێ دەکرێت، نەک مافێک کە خاوەنەکەی بیری چووبێتەوە و لێی خەوتبێ.[٢١٠]

هیچ گومانێک نییە کە هاوسەنگیی هێز لە دژایەتیی بزووتنەوەی کوردەوە، دەگۆڕا بۆ پشتگیریی ئەرێنی، ئەگەر سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥، بۆ چەند مانگێک بەرخۆدانی بکردبایە، بەڵام خۆی ڕانەگرت. عیسمەت شەریف هەوڵی دا سەرکردایەتیی کورد هان بدات بۆ بەردەوام بوون لە شەڕ و دەڵێت: بە هەموو جۆرێك هەوڵم دا جەنابی موستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی قەناعەت پێ بکەم، بۆ بەردەوامبوون لە بەرگری و پاشگەزبوونەوە لە شەڕی بەرەیی کلاسیک، کە گەلەکەمان بەبێ هاوکاریی دەرەکی توانای ئەنجامدانی نییە. گەڕانەوە بۆ شەڕی (پارتیزانی) شۆڕشگێڕانە و شێوازەکانی و بۆ پاکی و بێگەردیی شۆڕش، وەک چۆن لە ساڵانی یەکەمی جەنگی کوردستاندا دەماننناسی. ئەو شێواز و پاکییەی کە وای کرد شۆڕشەکەمان زۆرێک لە حکومەتەکانی عێراق شکست پێ بهێنێت و لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر باز بدەین. لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٢٥ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیم لە ژنێف بەست و تێیدا بەیاننامەیەکم ئاراستەی سەرکردایەتیی شۆڕش و

[٢١٠] مع هيكل. قناة الجزيرة. تاريخ الحلقة: ٩/٦/٢٠٠٨

پێشمەرگە کرد، بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ. کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی شیوعی کوردستان و کۆمەڵەی خەباتی گەلی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان) بۆی ڕێکخستبووم و دەیان ڕۆژنامەنووس ئامادەی بوون و ئاژانس و ڕادیۆکان هەواڵەکەیان گواستەوە. پاشان لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٢٦نامەیەکم بۆ جەنابی بارزانی و مەکتەبی سیاسی نووسی و تکام لێ کردن، بەردەوام بن لە شەڕی شۆڕشگێڕانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و کەرامەتی گەلەکەمان و چارەنووسی. شاندێک بە نوێنەرایەتیی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) نامەکەیان هەڵگرت کە لەسەر داوای من چووبوون. بەڵام کاتێک شاندەکە گەیشتنە ئێران، مەخابن جەنابی بارزانی و مەکتەبی سیاسی؛ کوردستانیان بەرەو ئێران بەجێهێشتبوو مەخابن. عیسمەت زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێت و دەڵێت: ئەم جەنگە درێژخایەنە، هێزی گەلەکەمانی پەکخست. هەروەها سستی و بێدەربەستیی سەرکردایەتیی داڕماو وڕەیانی لاواز کرد. سەرکردایەتیی داڕماو کارێکی کرد کە لێخۆشبوونیان نییە. تاوانێکی لەوە گەورەتر کە لەگەڵ خاک و گەلەکەمان کردیان، بوونی نییە. بەوەی هاندانی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانیان دا بۆ هەڵاتن بە جۆرێک کە خەریک بوو ناوچەکە لە دانیشتووان چۆڵ ببێت (حیزبی بەعس لەوە زیاتری ناوێت)[٢١١]

هەیکەل دەڵێت: کێشەکە ئەوە نییە لەگەڵ کێ مامەڵە دەکەیت یان لەگەڵ کێ پەیوەندی دروست دەکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە لەسەر زەمینەیەکی جێگیر و پتەوتر ڕاوەستابیت، کە دەتوانیت لەگەڵ هەر کەسێک بتەوێت هاوکاری بکەیت. بەڵام مەرجی بنەڕەتی ئەوەیە باوەڕمان وابێت کە ئێمە لەسەر ئەو زەوییەی دەجوڵێینەوە چەندین بەڵێننامەی پابەندکەر هەبن. چونکە خەیاڵ و ڕۆمانسییەت و جوامێری لەم پرسانەدا، کێشە و ململانێکان چارەسەر ناکەن. ئەوەی کێشە و ململانێکان چارەسەر دەکات، تەنیا ئەوەیە کە لایەنەکان پەی بەوە بەرن کە دەبێت دەست بە شتگەلێکی ڕاستەقینەوە بگرن، نەک وەهم و تراویلکە .[٢١٢]

[٢١١] نامەیەکی عیسمەت شەریف وانلی، بەرواری ١٩٧٥/٥/٣، لۆزان.

[٢١٢] مع هيكل، قناة الجزيرة، بەرواری ئەڵقە: ٢٠٠٨/٦/٩.

ڕەنگە متمانە بە تاران نەبووبێت، وەک چۆن مەلا موستەفا لە چەند بۆنەیەکدا دەریبڕیوە، بەڵام ئەمە بەس نییە چونکە ئەگەر سەرکردایەتیی کورد بەڕاستی پەرۆشی مانەوە و بەردەوامیی بزووتنەوەکە بووایە، ئەوا ڕێگایەکی تری دەگرتە بەر کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆیی و پێگەکانی بزووتنەوەی کورد، لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووریییەوە و بەشداری پێکردنی گەلی کورد لە ڕێگەی هەنگاوگەلێکەوە، کە ڕێگایان پێ بدات بوونی خۆیانی تێدا بسەلمێنن لە دروستکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکان و ئامادەکردنیان بۆ پشتبەستن بە خۆیانە بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و تەنانەت کاتێک هاوکارییە دەرەکییەکان دەبڕدرێن. لەبەرئەوەی شا دەترسا لە یەکێتیی هێزە سیاسییەکان لە ناوخۆی عێراقدا، ئەوا دەکرا لەبەرئەوە هەندێک مەرجی بەسەردا بسەپێنرێت، ئەو (شا) نیگەرانیی خۆی بۆ سەرۆک نێکسۆنی ئەمریکی دەربڕی، دوای گەڕانەوەی نێکسۆن لە مۆسکۆ لە مانگی ئایاری ١٩٧٢ و سەردان و مانەوەی لە تاران. لێرەدا دەبینین کە لایەنی ئێرانی، وەک لایەنی عێراقی دەیزانی بەرژەوەندییەکانیان لە کوێدان و لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد ڕەفتاریان کرد، شا دەیزانی چۆن ڕەفتار بکات وەک چۆن سەددام حوسێن دەیزانی، یەکەمیان لەگەڵ واشنتۆن و دووەمیان لەگەڵ کرێملن.

ئێران وای دەبینی لە بەرژەوەندیدایە هەژموونی کەسیی مەلا موستەفا بەهێز بکەن، لەبەر چەند هۆیەکی ڕوون. دەیانزانی کە ئاسان نییە فێڵ لە سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ بکرێت بۆ تێپەڕاندنی پلانە شاراوەکانیان، لە کاتێکدا لەگەڵ دیکتاتۆرێکدا ئاسانترە، بەتایبەتی کە مەلا موستەفا لە بەردەم شادا زۆر ملکەچ بوو تا ئاستێکی وا پێناسەکردن و وێناکردنی ئاسان نییە. هەروەها سەرکردایەتیی بەکۆمەڵی دڵسۆز بایەخ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا دەدات، لە کاتێکدا بایەخەکانی دیکتاتۆر لە دەوری خود دەسووڕێنەوە، هەروەها ئاسان نییە کاریگەری بکرێتە سەر گرووپێکی سیاسی، کە خەبات دەکات بۆ ڕزگاری یان بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلێک، کە چووەتە نێو

گۆڕەپانی ململانێی چەکداریيەوە، لە کاتێکدا فریودانی تاک و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئاسانترە.

سەرنج دەدرێت شای ئێران زۆر باوەڕی بە خۆیەتی، کە کلیلی جووڵانەوەی کوردی لەدەستە. لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی (هواری بومدین)، نوێنەری شاندی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٤دا لە کاتی ئاهەنگەکانی جەژنی سەربەخۆیی جەزائیردا وتی (لە ڕاستیدا جەنگی ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ بەغدا، جیاواز بوو لەو شەڕانەی پێشووتریان بەهۆی زیادبوونی ڕۆڵی سەربازی و دارایی ئێران لە کۆنترۆڵکردنی سەرکردایەتیی کورددا، تا ئەو ڕادەیەی هەستێکی وای لای شا دروست کردبوو کە کلیلی ڕێکەوتن لەگەڵ عێراقی لەدەستە).

حامد الجبوری لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیی کەناڵی جەزیرەدا دەڵێت: بومدین جیای کردمەوە و داوای لێ کردم قسەی لەگەڵ بکەم، تەنها من و ئەو بووین. باڵیۆزی عێراق و ئەندامەکانی تری وەفدەکەیش لەوێ بوون. تەنها من و ئەو کۆبوونەوە لەناو کۆشکی کۆماری لە جەزائیر و ئەمەی پێ ڕاگەیاندم: کە ئەو شای ئێرانی بینیوە و ئامادەیی هەیە لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ عێراق بکاتەوە. شا دەزانێت عێراق نیگەرانە لە جووڵانەوەی کوردی لە باکووری عێراق و دەزانێت ئەمریکییەکان و شا هەردووکیان بە هاوکاریی مەعنەوی و چەک و ڕاگەیاندن، پاڵپشتیی دەکەن. خودالێخۆشبوو بومدین تەنانەت شتێکی لەسەر زاری شاوە بۆ گێڕامەوە. بومدین هەندێک جار ئەوەی پێی دەڵێن بە ئینگلیزی (Sense of Humor) واتە حەزی بە نوکتە و گاڵتەجاڕیی زۆر بوو، پێیگوتم: تەنانەت شا ئەم دەستەواژەیەی بۆ باسکردم و وتی: جووڵانەوەی کوردی لە باکووری عێراق وەک بەلوعە وایە (وشەی بەلوعە کە ڕەسەن وشەکە کوردییە و لە بەلووڵە یان بە لوولاو. واتە بە لووڵە ئاو هاتووە و وردە وردە گۆڕاوە بۆ بەلوعە)، کەی بمەوێت دەیکەمەوە و کەی بمەوێت دەیگرمەوە. ئیتر کەیفی خۆتانە بەلووعەکە بە کراوەیی بهێڵمەوە یان بیگرمەوە[٢١٣].

[٢١٣] احمد منصور، بەرنامەی (شاهد على العصر) گفتوگۆ لەگەڵ حامد الجبوري ١٩٧٤/٦/٩

لە ڕاستیدا ئێران زۆر بەنهێنی دەگەڕا بەشوێن ڕێکەوتنێکدا لەگەڵ بەغداد، ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی (CIA) ئەوەی ئاشکرا کرد کە کۆبوونەوەیەک لە ئەستەمبوڵ بە بانگهێشتی ئێران لە مانگی ئابی ١٩٧٢ ئەنجامدراوە، کە حکومەتی جەزائیر ڕێکیخستبوو. تێیدا وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق کۆبوونەوە و شەتولعەرەب خاڵی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە بوو. ئامانجەکە، چارەسەرکردنی ململانێی عێراق - ئێران و بەهێزکردنی ڕێکخراوی ئۆپێک (OPEC) بوو[٢١٤].

وێڕای ئاگاداریی سەرکردایەتیی کورد لەم کۆبوونەوەیە، بەڵام لە ڕەهەندەکانی تێنەگەیشتن، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢دا (ئێریک ڕۆلۆ) پەیامنێری ڕۆژنامەی (Le Monde)ی فەڕەنسی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە سەرکردایەتیی کوردی ڕاگەیاند کە شا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا؛ بە شانازییەوە وتوویەتی کە مانەوەی جووڵانەوەی کورد لەژێر دەستی ئەودایە، وەک (بەلولاوێک – بەلووعەیەك) کە بە ویستی خۆی دەیکاتەوە یان دەیگرێتەوە. (ئێریک ڕۆلۆ) شۆک بوو بەو فەرامۆشیەی کورد بەرامبەر ئەم هۆشدارییە تونده‌ی شا نیشانی دا و وا دەردەکەوت کە ڕەهەندەکانی بە تەواوی فەرامۆش بکات، گومانێکی تەواو لای ڕۆلۆ دروست بوو سەبارەت بە توانای شیکردنەوە لای کورد، ڕۆلۆ بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کە زانیارییەکانی من پێمدان، ڕای نەچڵەکاندن و گەڕاندمەوە بۆ کەمئەزموونییان لە شانۆی جیهاندا [٢١٥]. (جۆناتان ڕاندڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت: زۆربەی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەت ئەو گرووپەی لە مەلا موستەفاوە نزیک بوون، تا کاتێکی درەنگ خۆیان قایل کردبوو کە ئێران لەگەڵ عێراق ڕێناکەوێت. بەڵام لە ڕووی لۆژیکییەوە واشنتۆن چۆن دەتوانێت ڕێگری لە شا بکات کاتێک شا خۆی بیەوێت؟ ئەم مەتەڵە بەبێ وەڵام مایەوە[٢١٦]

---

[214] ،After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan. Jonathan C. Randal. P: 159

[215] Ibid,p:159.

[216] Ibid,p:160.

ڕاندڵ بەردەوام دەبێت و دەڵێت: بارزانی لەوە قوڵ نەببووەوە، کە شا توانایەکی بێ پایانی هەیە لە بڕیاردان لەکاتی گونجاودا. ئارەزوویەکی نامۆی هەیە بۆ ئەوەی زۆر بە دڵرەقی و خوێنساردیەوە کاری دڕندانە ئەنجام بدات. هەر لە سەرەتاوە گەمەکە هی شا بوو نەک کەسی تر،[٢١٧] ئەگەر شێواز و ئامانجەکانی بەکارهێنانی (ناوخۆیی) ئەم یارمەتییە دەرەکییانەیش لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوەی بۆ زیاد بکەین، ئەوا خۆی لە خۆیدا کارەساتێک پێکدەهێنێت.

سنووردارییی پابەندبییەکانی ئەمریکا بۆ ناو کەمپی کوردی زۆر بە نهێنی مایەوە، تەنها ئەندامانی خێزانی مەلا موستەفا و ژمارەیەکی زۆر کەم لە یاریدەدەرە کۆنەکانی نەبێت، کەسی تر بە پەیوەندبییەکانی نێوانیانی نەزانی. پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی بەعس ژمارەیەک لە کادرە کۆنە نیشتیمانپەروەرەکان پرسیاریان لەبارەی بوونی پاڵپشتیی دەرەکی کرد، بارزانی و ئیدریس و دکتۆر عوسمان جەختیان کردەوە کە گەرەنتیی پێویست هەیە.[٢١٨]

لە کاتی شەڕدا لە هاوینی ١٩٧٤ شا چەندین هەنگاوی گرنگی گرتنەبەر، ئەو هەنگاوانە بوونە هۆی دڵنیاکردنی خەیاڵەکانیان و پشتبەستنی زیاتری سەرکردایەتیی کورد بە شای ئێران، سنووردارەکانی بەڕووی هەزاران پەنابەری کورددا کردەوە، بۆ ئەوانەی لە ناوچەکانی خۆیان ڕایانکردبوو و لە کەمپ یان شارەکانی ناو ئێران نیشتەجێکران، لێشاوی پارە بۆ سەرکردایەتیی کورد بەشێوەیەك زیادی کرد کە بەراورد نەدەکرا بە یارمەتییەکانی پێشوو، تا ئەو ئاستەی بە تەواوی نابینای کردن لە بینینی ئەوەی لە پشت ئەم یارمەتییانەوە دەگوزەرێت، کاتێک بارودۆخی سەربازیی کورد تێکچوو، شا چەند یەکەیەکی تۆپخانەی نارد بۆ بۆردومانکردنی پێگەکانی عێراق، هەروەها دژەفڕۆکەیشی نارد. هەموو ئەمانە، وێنایەکی ساویلکانەی لای سەرکردایەتیی کورد دروست کرد، سەبارەت بە سەرکەوتن و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە

[217] Ibid, p:160.

[218] Ibid, p:157.

دەرەکییەکاندا و ئەوەندەی تر پشتیان لە بەدیلی ناوخۆیی کرد، لە ئەگەری گۆڕانی هەڵوێستی ئێران. سەرکردایەتیی (پدك) دڵخۆش بوون بە لێشاوی پارە و بەشداریی کردەیی تۆپخانە و دژەفڕۆکەی ئێرانی لە جەنگەکەدا و داوای پارە و چەک و خۆراکی زیاتریان دەکرد، شەکیب ئاکرەیی کە سەرکردەیەکی دیاری ناو دەزگای ئەمنیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو دەڵێت: هاواری سەرکردایەتیی شۆڕش لە هانابردنی بۆ شای ئێران و لایەنەکانی تر کە یارمەتیی شۆڕشی کوردییان دەدا، زۆر توند بوو.[٢١٩] بەڵام ویستی شەڕ و بەرگریی نیشتمانیی جووڵانەوەی کورد لە نزمترین ئاستدا بوو، ئەمەیش خاڵێکی جەوهەرییە لە ژیانی گەلێکدا، کە خەبات دەکات بۆ مافەکانی و بەرگری لە کەرامەتی خۆی دەکات. هیچ گومانێک نیە وەک بنەمایەک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە سستی لە بەرگریدا، ڕێزی نێودەوڵەتی بۆ جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی ناهێنێت، تەنانەت بۆ دەوڵەتێکی زلهێزیش کاتێک ڕێزی لێ دەگیردرێت، کە سووربوون و ئیرادەی خۆی لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیدا بسەلمێنێت و ئامادە بێت باجەکەی بدات. سەرۆکی ئەمریکا ڕیچارد نیکسۆن، باس لەوە دەکات؛ لە ئەنجامی چاندنی مین لە بەندەری (Haiphong) و زیادبوونی چڕیی بۆردومانی ئاسمانی بۆ سەر ڤێتنامی باکوور لە ٨ی ئایاری ١٩٧٢، هەندێک کەس پێشبینییان دەکرد سۆڤیەت بایکۆتی (لووتکەی چاوەڕوانکراو)ی حوزەیران بکەن. برێژنێف و هاوەڵانی، هەڵوێستێکی پاڵپشتییان بۆ هاوپەیمانە کۆمۆنیستەکەیان تەنها بە قسە دەربڕی. تەنها لەسەر ئاستی جەماوەری دژی کردەوەکانمان، لە ڤێتنام وەستانەوە. بەڵکو بەردەوام بوون لە (لووتکەی کۆبونەوەی چاوەڕوانکراو)، چونکە پێویستیان بە پەیوەندیی باشتر بوو لەگەڵماندا، بەتایبەت بەهۆی نزیکبوونەوەمان لە چینی میللی. کردەوە سەربازییەکانمان لە ڤێتنام، نیشانی دا کە ئێمە تەنها هێزمان نییە، بەڵکو ئیرادە و بوێریی بەکارهێنانیشیمان هەیە، کاتێک بەرژەوەندییەکانمان هەڕەشەی دەکەوێتە سەر.

[٢١٩] ،شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٠

ئێمە لە پێگەی هێزەوە چووین بۆ لووتکە[٢٢٠]. بەڵام سەرکردایەتیی کورد سەلماندی کە ناتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات، بەهۆی ڕەفتاری ناشۆڕشگێڕی و گەندەڵیی کەڵەکەبووی ساڵەها و قەتیسبوونی لە چوارچێوەیەکی کەسیی چەقبەستوودا. دەوڵەتانی پشتیوان؛ هەستیان بە ناکارایی و نامۆراڵیی سەرکردایەتیی کورد کرد، بۆیە سەرکردایەتیی کورددیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکارهێنا. ئەوەی مایەوە گەلێکی ڕەنجەڕۆ و دەستخەڕۆ بوو، کە بەرهەمی ئەو هەموو قوربانییەی نەچنییەوە.

لایەنی کوردی؛ زیاتر جەختی لەسەر وەرگرتنی پارە دەکردەوە، لەبری داواکاریی هاوکاریی بواری ستراتیژی، کە پێویستیی جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی بێت بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی سەربازی و سەپاندنی مافە ڕەواکانی، عەقڵییەتی سەرکردایەتیی تاکڕەو و بێ مۆراڵ، ڕقی لە ئەلتەرناتیڤی ناوخۆیی دەبووەوە (مەبەستم ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردی و ئامادەکردنی بۆ جەنگێکی هەمەلایەنە و درێژخایەن)، ئەمە هەلی گەورەی بۆ شای ئێران و سەددام حوسێن ڕەخساند بۆ ڕێکەوتن، لەسەر حیسابی جووڵانەوەی کورد.

لە مانگی سێپتێمبەری ١٩٧٤دا پێشڕەویی هێزەکانی عێراق و پاشەکشەی هێزەکانی کورد بەردەوامیی هەبوو، بارودۆخی سەربازی گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، دوای ئەوەی لەلایەن ئێرانەوە هێزە کوردییەکان بە تۆپخانەی دوورمەودا و مووشەکی دژەتانک تەیارکران. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا بارودۆخی سەربازیی هێزەکانی کورد، بە مەترسیداری مایەوە. ئەسەدوڵڵا عەلەم، وەزیری دەرباری شا لە کتێبەکەیدا کە دوای مردنی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی شا بڵاوکرایەوە، دەڵێت: لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ شا زۆر دڵخۆش بوو بەو ڕاپۆرتانەی، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە هێزەکانی ئێران وەک شێر دەجەنگن[٢٢١]. لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکان لە چەند لایەکەوە بەردەوام بوون بۆ

[220] The Real War. Richard Nixon. Warner Books Edition. 1980. Page: 112

[221] Jonathan C. RandalIbid. P: 161

چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان تاران و بەغدا، بەتایبەت لە ڕێگەی سادات و هواری بومدین و تەنانەت شا حوسێنیشوە. لە بەرەوپێشچوونی دانوستانە نهێنییەکانی نێوان تاران و بەغدا، شا بە فێڵبازی؛ سەرکردایەتیی کوردی خەڵەتاندن و سەرقاڵیکردن. هەوڵی دەدا سەرکردایەتیی کورد بێ ئاگا بمێننەوە لەوەی لەپشت پەردەوە دەگوزەرێت. ئامۆژگاریی سەرکردایەتیی کوردی کرد سەردانی شا حوسێن بکەن لە ئوردن، بۆ پێکهێنانی حکومەتێک لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری تاراوگە. نێردراوەکان گەیشتنە عەممان، یەک هەفتە چاوەڕێیان کرد، لە کۆتاییدا شای ئوردن ڕەتیکردەوە بیانبینێت! لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٧٥دا شای ئێران، سەردانی قاهیرەی کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر سادات، بابەتی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران، تەوەری باسەکەیان بوو. دواتر لە شوباتی ١٩٧٥دا مەلا موستەفا دوو لە نێردراوەکانی بە سەرۆکایەتیی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان - سامی) ناردن بۆ قاهیرە بۆ بینینی سادات، لەوکاتەدا سەرۆکی میسر زۆر گەرموگوڕ بوو لەگەڵ شاندی کوردیدا، لێرەدا سەرکردایەتیی کورد ئاگاداری بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی نێوان شای ئێران و سادات نەبوو، بەرژەوەندییەکانی سادات لەگەڵ شا و سەددام حوسێن بوو نەک لەگەڵ لایەنی کوردی، ئەویش توانیی سوود لە کارتی کورد وەربگرێت بۆ دروستکردنی پێگەیەک لای هەردوو دەوڵەتە نەوتییەکەی عێراق و ئێران. ڕاندڵ دەڵێت: لەو کۆبوونەوەیەدا سادات، عەبدولڕەحمانی فریو دا بەوەی قبوڵی بکات پێشنیارێکی سازش بۆ سەددام حوسێن ببات کە میسر بەناوی کوردەوە ئەنجامی دەدات، بەڵام بەبێ ئاگاداریی لایەنی کوردی. سادات گفتوگۆکەی تۆمار کرد و بۆ شای نارد. شا بەم کارە زۆر تووڕە بوو[٢٢٢]، ڕەنگە هەر لێرەوە بێت کە شا هەنگاوەکانی خێرا کردن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥.

هێنری کیسنجەر؛ سەبارەت بە پاڵنەرەکانی شا بۆ ڕاگرتنی پاڵپشتییەکانی بۆ جووڵانەوەی کورد، ئاماژە بەوە دەکات کە شای ئێران بینیی ڕۆڵی حکومەتی ئەمریکا لە

[222] Jonathan C. Randal. P: 162

ماوەی دوو ساڵدا بەشێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە: بڕینی پارە لە هیندۆچینی (Indochina) لەو کاتەدا فاکتەرێکی هاندەر نەبوو بۆ شا، تا وڵاتەکەی بخاتە مەترسیی جەنگێکی کراوە لەگەڵ عێراق، کە ئەوکاتە تەنیا بژاردەی بوو، یان گوێنەدان بەو سنوورە درێژەی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هەیەتی، بەبێ گەرەنتییەکی بەهێز لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، لە کاتێکدا ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە بارێکی ئەوتۆدا نەبووین بتوانین ئەو گەرەنتییانە بدەین.

کاتێک لە ١٨ی شوبات لە زیورخ، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە (شا)م بینی، پێی ڕاگەیاندم کە خەریکی لێکۆڵینەوەیە بۆ دانوستان لەگەڵ سەددام حوسێن. منیش ڕاپۆرتێکم لەو بارەیەوە بۆ سەرۆک فۆرد نارد (لە وەڵامی هەوڵێکی عێراقیدا، شا پلانی هەیە پیاوە بەهێزەکەیان سەددام حوسێن ببینێت). شا وتی (ئەو، حاڵەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی قبوڵ ناکات کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیی کۆمۆنیستی عێراقدا بێت). ئەو گومانی هەیە عێراقییەکان پێکدادان لەسەر سنووری عێراق - ئێران دروست بکەن، بەمەبەستی بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرس و کێشەکانیان، کە ئەمەیش بە کارێکی زۆر خراپ دەزانێت. بە کورتی وا دەردەکەوێت کە هەوڵ دەدات سەبارەت بە کورد، بەرەو جۆرە لێکتێگەیشتنێک لەگەڵ عێراق هەنگاو بنێ، بەڵام ڕوونە هەر خۆی گومانیشی لەوە هەیە ئەم دانوستانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبێت. لەبەرئەوە بەردەوامی دەدات بە سیاسەتی پاڵپشتیکردنی کورد وەک فشار بۆ سەر عێراق بەمەبەستی بەدەستهێنانی خواستەکانی خۆی.

کیسنجەر دەیشڵێت: هۆشداریيە بەردەوامەکانم بیری شا هێنانەوە و پێمگوت هەرەسی کورد، ناسەقامگیری لە هەموو ناوچەکەدا دروست دەکات، پێمگوت هەر گەرەنتییەک سەددام حوسێن لەسەر حوکمی ناوچەی کوردی بیدات، بێ کەڵك دەبێت. بەو پێیەی سۆڤیەت کشانەوەی ئێران وەک نیشانەیەک بۆ پاشەکشەی ڕۆژئاوا دەبینێت، لەبەرئەوە ڕەنگە سەرکێشییەکانیان زیاد بکات، تەنانەت لەو لایەیشەوە.

لە کاتی بینینی ئیسحاق ڕابین، کیسنجەر پێی دەڵێت کە شا بەشێوەیەکی گریمانەیی پێیگوتووە: ئەگەر سەددام حوسێنم لە جەزائیر بینی (لە کاتی کۆبوونەوەی ئۆپێک). (ئەوەی وەک ڕێکەوت ڕووی دا و تەنها وەک بیرۆکەیەک باسی کردووە)، منیش (کیسنجەر) بە توندی پێمگوت کە بیرۆکەیەکی خراپە، بەتایبەت ئەوەی کە شا باوەڕی بەوە کردبوو سەبارەت بەو گەرەنتییەی کە عێراقییەکان دەڵێن (کۆمۆنیستەکان ناخەنە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە). کیسنجەر، پاساو دێنێتەوە بۆ ئەوەی کە مەلا موستەفای هان داوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە بەرگریکردن، تەنانەت دوای ئەوەی شا پێیگوتووە بە نزیکبوونەوە و دیدار لەگەڵ سەددام، سێ ڕۆژ دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر بە ئیسحاق ڕابینی وتووە: شا باسی ئەوەی نەکردووە کە لەگەڵ سەددام ڕێکەوتبن، یاخود ئەوە پەسەند بکات کە سەددام ناوچە کوردیەکان کۆنترۆڵ بکات.[٢٢٣]

لە ڕوو ومرگێڕانی شا بەرەو بەغدا و لێک تێگەیشتن لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا و وازهێنان لە جووڵانەوەی کورد، پاڵنەرێکی تر هەبوو. تا ئەو جێگەیەی من بزانم، لە ئەرشیفەکانی حکومەتی ئەمریکادا ئاماژەی پێنەکراوە و لە سەرچاوەکانی تریشدا نەمبینیوە، سەرچاوەکەیشی پیاوێکی شا بەناوی ئەردەشێر زاهیدییە کە ڕۆژنامەنووس (Andrew Scott Cooper) لە کتێبەکەیدا بەناوی (ملوک النفط) ئاماژەی پێکردووە:[٢٢٤] (کاتێک شا لەم دواییانەدا سەردانی مۆسکۆی کرد، سەرکردەی سۆڤیەت لیۆنید برێژنێف گلەیی لێکردووە لەسەر ئەوەی شا ئاگری ڕکابەریی نێوان زلهێزەکان لە ناوچەی کەنداو خۆش دەکات و دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات. برێژنیف بە توندی کێشای بە سەر مێزەکەدا، بەتایبەت ئاماژەی بە پاڵپشتیی ئێران بۆ کوردی عێراق کرد و دژی دروستکردنی هێزی سەربازیی شا بوو لە ناوچەی کەنداوی فارس. وەک دەردەکەوێت شا سەرسام بووە بە دیپلۆماسییەتە ڕاستەوخۆ و ڕەقەکەی برێژنێف. هەروەها گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە کارتی کورد بێکەڵك بووە. هەروەها قەناعەتی هێنا کە کوردەکان لە

[223] Henry Kissinger. p:592-593.

[٢٢٤]، سەردانی شا بۆ سۆڤێت لە ١٩٧٤/١١/١٨دا بوو.

بەرەکاندا دەشکێن و ناکرێت ئێران سەرکێشی بکات و ڕاپێچ بکرێت بۆ جەنگێکی کراوە لەگەڵ دەوڵەتێکی عەرەبیی دراوسێ. سەرەڕای ئەوەی لایەنە نەرێنییەکانی جووڵانەوەی کورد، زیاتر بوون لەلایەنە ئەرێنییەکانی.[٢٢٥]

ئەوەی تا ئاستێک دڵنیاین لێی، ئەوەیە کە یارمەتییە نهێنییەکانی ئەمریکا (CIA) لە ڕێگەی (زاهیدی)یەوە تێدەپەڕین، کە وەک خۆی دەڵێت لە سەرەتاوە دژی تێوەگلان بوو لە پرسی کورد، ئەم هەڵوێستەیشی لە هەڵوێستی حکومەتی تورکیاوە نزیکە، کە بریتیە لە وەڵامنەدانەوەی داواکانی سەرکردایەتیی کورد بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵیاندا.[٢٢٦]

سەرکردایەتیی کورد تووشی شەلەل بوو و کۆتایی جووڵانەوەکەی ڕاگەیاند، دوای چەند ڕۆژێک لە لێکتێگەیشتنی نێوان بەغدا و تاران لە وڵاتی جەزائیر و بووە سەرسوڕمانی هەموو جیهان، (هەیکەل) لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥دا لە تاران لە مەلا موستەفای پرسی: پێم بڵێ چۆن لێکدانەوە بۆ ئەوە دەکەیت کە لەم دواییانەدا ڕووی دا؟ بەڵێ، حکومەتی ئێران دەستی لە شۆڕشی کورد هەڵگرت، دوای ڕێکەوتنێک لە جەزائیر لە نێوان شای ئێران و سەددام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق، کەچی تۆ خۆت بەدەستەوە دا. واتای ئەوە چییە؟ ئایا واتای ئەوە نییە کە جووڵانەوەکەت پشتوپەنای لە ناوخۆوە نەبووە، بەڵکو لە دەرەوە بووە؟[٢٢٧]

مەلا موستەفا: من خۆم بەدەستەوە نەداوە، بڕیارم دا کۆتایی بە شۆڕش بهێنم لە ئێستادا. دەمتوانی لە بەرگری بەردەوام بم دوای داخستنی سنوور لەگەڵ عێراق، بەڵام پێم باش بوو خوێنی گەلی کورد و گەلی عێراق بپارێزم، هەروەها وتی: کاتێک لەگەڵ ئێران ڕێککەوتن، لە خۆم پرسی: تا کەی؟ بە خۆم وت: خەڵک لە ئازار ڕزگار بکەم و بچمە دەرەوەی عێراق.[٢٢٨]

---

[225] Andrew Scott Cooper. The Oil Kings. 2011.SIMON & SCHUSTER, p: 241

[226] Ibid.

[٢٢٧] جريدة الانوار. ٦ أيلول ١٩٧٥ . أحاديث ٢ . مناقشات مع صقر عجوز . بصراحة. محمد حسنين هيكل.

[٢٢٨] هـ.س .

ئەو جێگرەوە ناوخۆییەی کە سەرکردایەتیی کورد ڕقی لێ بوو، ئەوانە بوون کە هەوڵ و کۆششیان بە ئاراستەی پێویستیی گەشەپێدان و پەرەپێدانی هێزە زاتییەکان بوو لە کۆمەڵگەدا، هەوڵەکانیان بە ئاراستەی گۆڕینی پارتەکە بوو بۆ پارتێکی شۆڕشگێڕی ڕێکخراو و مۆدێرن، کە وابەستە بێت بە بەرژەوەندییەکانی جوتیاران و خواستەکانی هێزە نیشتمانییە دڵسۆز و قوربانیدەر و کاراکان لە ناو جووڵانەوەکەدا، پێشخستنی کەسانی لێهاتوو و دڵسۆزبوو بۆ ناو ناوەندی بڕیاری بزووتنەوەکە و هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی ناوخۆیی، هەروەها کۆتاییهێنان بە قۆرخکردن و دەستبەسەرداگرتنی سامان و پارەکانی جووڵانەوەی کورد لەلایەن ڕێبەری جووڵانەوەکەوە. سەرۆکی پارتەکە (مەلا موستەفا)، ئامادە نەبوو بۆ گۆڕانکاریی لەو شێوەیە، چونکە زیاتر و زیاتر نوقمی شێوازی تاکڕەوی ببوو. کاتێک هەستی دەکرد فشار بۆ گۆڕانکاری لە سەری کەڵەکە دەبێت، ئەوا کاری دەکرد بۆ لەباربردنی هەر فشارێک، پێش ئەوەی توند بکرێت لەسەری، لەم بارەیەوە محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەڵێت: سیستمی خێڵەکی لە بەڕێوەبردنی جووڵانەوە جەماوەرییەکاندا، لە کۆتاییدا خۆی دەدۆڕێنێت بەهۆی دژایەتیی لەگەڵ ڕووحی سەردەمیدا، چونکە سەرۆکە خێڵەکییەکە نازانێت ئازادی بۆ کێ لە نێوان لایەنگرەکانیدا فەراهەم بکات و کۆتوبەند بخاتە سەر کێ؟ ئەو بەزۆر ئازادی، ئەوانە سنووردار دەکات کە خاوەنی خەسڵەتی سەرکردایەتین و ئازادی بۆ کەسە گوێڕایەڵ و ملکەچەکان فەراهەم دەکات. ئەو کەسانەی ئامادەی سەرکردایەتیکردنن، کەسانێکن کە دەتوانن خزمەت بە ئامانجەکانی جووڵانەوەکە بکەن، لە کاتێکدا گوێڕایەڵ و ملکەچەکان بارگرانین لەسەر ئەم ئامانجانە و وەک پارچەیەک ئاسنی هەڵواسراون بە شتێکەوە.

ئیسرائیلیش دواتر تێگەیشت بەرژەوەندییەکانی لە کوێدان، ئەوان دەیانزانی کە ڕێکەوتن لە نێوان شا و دەسەڵاتدارانی بەغدا کارێکی چاوەڕوانکراوە، بەڵام ڕێکەوتنی ئیسرائیلی - عەرەبی کارێکی ئەستەمە، لەبەرئەوە مانەوەی جووڵانەوەی کورد و بەردەوامیی ململانێ لەگەڵ بەغدا، لە بەرژەوەندیی ئەواندا بوو. ئەوەیشیان دەزانی کە شای ئێران هەڵوێستی دەگۆڕێت، هەر کاتێک بەغدا بۆ مەرجەکانیان سازش بکەن.

لەبەرئەوە ئیسرائیل دەیویست یارمەتیی جووڵانەوەی کورد بدەن و هۆکارەکانی مانەوەی بۆ دابین بکەن، تەنانەت ئەگەر شا سنوورەکانیشیان لێ دابخات. لە بەهاری ١٩٦٥دا بەڕێوەبەری مۆساد مائیر عمیت، دەیڤید کەمحی ڕاسپارد بۆ ئەنجامدانی یەکەم پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەلا موستەفا لە چیاکانی کوردستان و چەندین ڕاوێژ و گفتوگۆ ئەنجامدران و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل (بن گۆریۆن) تێیدا بەشدار بوو، کە تێیدا باسی: (داڕشتنەوەی چۆنێتیی هاوکاریکردنی کورد لە ئەگەری گۆڕانی هەڵوێستی ئێران)[٢٢٩] دەکرا، مەلا موستەفا لەلای ئەوان ڕایدەگەیاند کە متمانەی بە ئێرانییەکان نییە و ئەوانیش وەک عێراقییەکان دوژمنن،[٢٣٠] بەڵام وەک ڕوونە ئەم هەڵوێستە نەبووە هۆی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی ناوخۆیی واتە ڕێکخستنی گەلی کورد، ئەمەیش تا ڕادەیەکی زۆر لە خاوەن ماڵێک دەچێت کە دەزانێت دز هەن و شتومەکی ماڵەکەی دەدزن، بەڵام پێیباشە بەردەوام بێت لە خەوتن، کاتێک بەیانی لە خەو هەڵدەستێت دەبینێت ماڵەکەی هیچی تێدانەماوە، لێرەدا دەست دەکات بە جوێندان بە دزەکان و نەفرەتیان لێ دەکات و ستەملێکراویی خۆی نیشانی هەمووان دەدات، تا بەزەییان پێیدا بێتەوە!!

ئاراستەی بیرکردنەوەی ئیسرائیل، بەرەو گەشەپێدانی کشتوکاڵی لە کوردستان ڕۆیشت، بۆیە (ئیگال ئەدمۆنی) بەڕێوەبەری بەشی نیشتەجێکردنی لە ئاژانسی جوولەکە نارد بۆ کوردستان، تا لەسەر پەرەپێدانی بەرهەمی پەلەوەر لەگەڵ کورد ڕاوێژ پێشکەش بکات، ئەدمۆنی دەڵێت لە ساڵی ١٩٦٦دا ئەو هەستەی لا دروست بوو کە بەرهەمی کشتوکاڵی سەرەڕای گرنگییەکەی بۆ گەلی کورد، بەڵام جێگای لە بیرکردنەوەی سەرکردایەتیەکەیدا بایەخی نەبووە، چونکە تاکە پرسێک کە خەوی لە چاوی بارزانی زڕاندبوو، یارمەتییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمریکا بوو[٢٣١]. دەرفەتەکانی چالاککردنی ژیانی کشتوکاڵی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا هەبوو، بەڵام ئەوانەی سەرنجیان بۆ

[٢٢٩] شلومو کیدمون، سەرچاوەی پێشوو، ل:١١٩.

[٢٣٠] هـ.س،ل١٩٩

[٢٣١] هـ.س،ل٢٧٣.

گەشەپێدانی بواری کشتوکاڵی ڕاکێشابوو، تووشی نائومێدی بوون، بەهۆی بێباکیی سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر بابەتەکە.

بیرۆکەی پەیداکردنی پارە، بە تەواوی بەسەر بیرکردنەوەی سەرۆکی (پدك)دا زاڵ بوو، لە یەکێک لە ئێوارە سەردانەکانیدا بۆ تیمی نەخۆشخانەی ئیسرائیلی کە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان نیشتەجێ بوون ساڵی ١٩٦٨دا وتی: ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو جەنگەی لە ڤێتنام دەیکات تەنها بۆ سێ ڕۆژ ڕایبگرێت، ئەوا دەتوانم بەو بڕە پارەیەی کە بەو هۆیەوە دەستدەکەوێت هەموو ململانێی عێراق - کورد کۆتایی پێبهێنم. ڕووی تێکردین و وتی: ئێوەی ئیسرائیلی کاریگەرییەکی زۆرتان لەسەر سەرۆکی ئەمریکا هەیە. کێشەکەمان بخەنە بەردەستی ڕەنگە ئەمە یارمەتیمان بدات، بەڵام ئەگەر دەستمان لێ هەڵبگرن و ئێرانییەکان خیانەتمان لێ بکەن، ئەوا چل پێشمەرگە دەبەم و دەچمە سەر چیاکان.[٢٣٢]

سەرکردایەتیی کورد، گەشەپێدانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان و ڕێکخستنی ئابووریی خۆیانیان لە ناوچە ئازادکراوەکان لەبیرکردبوو. بۆ سەرکردایەتیی (پدك)، گرنگترین شت بەدەستهێنانی (پارە) بوو. بەرپرسانی باڵا لە تەلئەبیب، نامە لە دوای نامەیان دەنارد بۆ شاندەکانی خۆیان لە کوردستان و داوایان لێ دەکردن کوردەکان قایل بکەن بە قبوڵکردنی شارەزایانی ئیسرائیلی، تاوەکو لێکۆڵینەوە لەسەر سوودی دروستکردنی پڕۆژەکان لە کوردستاندا بکەن. [٢٣٣]

ل"مو یاداشتنامانەی کە یەکێک لە ئەندامانی شاندی ئیسرائیلی نووسیویەتی، دەڵێت: قورسە بۆ بەرپرسانی ڕوون بکەینەوە سروشتی ئەوەی لێرە دەیبینین چۆنە. بە کورتی کوردەکان بۆ ئەوە ئامادە نین. بەڵام بەرپرسانی ئیسرائیل دەستیان لەو بیرۆکەیە هەڵنەگرت و نامەیەکیان نارد، تێیدا دەڵێن پێنج کورد بدۆزنەوە کە لەدەرەوەی وڵات

---

[٢٣٢]، شلۆمۆن کیدمۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

[٢٣٣]، ه.س، ١٧٩.

خوێندنیان تەواوکردبێت و بیاننێرن بۆ ئیسرائیل، بۆ بینینی خولێک لەسەر پرسی پەرەپێدان[٢٣٤].

کاتێک (ئیسحاق عیبادی) لە یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٦٨دا، بەمەبەستی باشترکردنی ژێرخانی ئابووری ڕووی لە کوردستان کرد، بۆی دەرکەوت کە کوردەکان لە ڕاوێژی کشتوکاڵی شارەزاییان نییە و وەک پێویست قەدری نازانن[٢٣٥].

ئیسرائیل؛ نیگەران بوو لە نزیکبوونەوەی سۆڤیەت لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد؛ لە مانگی ئازاردا شاندە سۆڤیەتییەکان سەردانی مەلا موستەفایان لە بارەگاکەی خۆیدا کرد، ئامانجەکە واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی بوو لەگەڵ عێراق، ناکۆکیەکانی کورد و عێراق ڕێگر بوون لە بەردەم ڕێکەوتنەکەدا، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە سەرۆکی مۆساد ئامادەی بوو، بڕیاردرا سەرنجی واشنتۆن بۆ ئەگەری دەستتێوەردانی سۆڤیەت ڕابکێشرێت[٢٣٦].

ئیسرائیل، هەوڵی دا بارزانی قایل بکات کە وەڵامی دەستپێشخەرییەکەی سۆڤیەت نەداتەوە، کەسایەتییەکی باڵای ئیسرائیلی لە ٣١ی ئازاری ١٩٧٢دا هەڵوێستی خۆی بە مەلا موستەفا ڕاگەیاند و وتی: ڕووکردنی سۆڤیەت لە تۆ، هەڕەشەیەکە و تەنها بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت هاتوون. چونکە سۆڤیەتییەکان، مەبەستیانە پێگەیەک بۆ بەشداریکردن لە کایەی هێزە ناوخۆییەکان بەدەست بهێنن. جگە لەوەیش ئامانج لە هەر هەبوونێکی سۆڤیەت لە ناوچەکە، لاوازکردنی هێز و خەباتی ئێوەیە.[٢٣٧]

ئەو کەسایەتییە باڵایەی ئیسرائیل زیاتر دوا و وتی: ڕەنگە گرنگیدانی سۆڤیەت بە ڕووداوەکانی وڵاتتان ببێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا بایەخی زیاتر بدات بە دۆزی ئێوە. ئەمە بەو مەرجەی لە بەردەم ئەم هەوڵە سیاسییەدا خۆڕاگر بن هەروەک چۆن تا ئێستا لە پرسی شەڕ و ئاشتیدا خۆڕاگر بوون. گومانمان لەوەدا نییە کە ئەمە هەڵبژاردنی هەلی

---

[٢٣٤]،هـ.س،ل١٧٩.

[٢٣٥] شلومو نکدیمون، ل٢١٩

[٢٣٦] شلومو نکدیمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.

[٢٣٧] هـ.س،ل٢٦٣

ڕاستەقینەیە بۆ خۆت و سەرکردایەتییەکەت و بۆ هەموو بەشداربووانی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی کورد. ئێمە لەو دەمەوە کە ئازارەکانتان دەناسین، پشتیوانتان بووین، بەتایبەتی لە ڕۆژانی سەختی شەڕدا. هیوامان وایە پشتگیریی ئێمە و ئەو چەکانەی پێماندراون و ئەو مەشقانەی پێمانکروون، ببنە هۆی سەرکەوتنی خەباتی سەربازیتان. ئەو خەباتەی شکستی بەو سوپایە هێنا، کە هەوڵی لەناوبردنی ئێوەی دەدا.

هەروەها ئەو نوێنەرە، مژدەی بە مەلا موستەفا دا کە حکومەتی ئیسرائیل جگە لە هەڵوێست و پشتگیریی بۆ ئێوە و گەلەکەتان، هاوکات تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ کارکردن لای حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکە، بۆ بەرژەوەندیی ئێوە و تاکو سەرنجی هەموو لایەک ڕابکێشین بۆ ڕووداوەکانی کوردستان. دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم ئەرکە ئاسان نییە و کاتێکی زۆری دەوێت. سەرەڕای ئەوەیش ئێمە لە تەنیشتتانەوە دەوەستین و بڕیارتان هەرچییەک بێت، ئێمەیش پشتگیریی لێدەکەین، بەپێی ئەوەی بەرژەوەندیی خۆتان دەیخوازێت. ئەمەیش لەبەر باوەڕمان بەوەی بەرژەوەندیی هەردوو گەل ئەوە دەخوازێت.[٢٣٨]

ئەم وشانە، کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر دەروونی مەلا موستەفا هەبوو، بێگومان یەکێک بوون لەو هۆکارانەی وایان لێکرد چوونە ناو (بەرەی نیشتمانیی عێراقی) لەگەڵ (بەعس، حشع و حیزبی شیوعی) ڕەت بکاتەوە، هەروەها وای لێکرد لە سۆڤیەتییەکان دووربکەوێتەوە و زیاتر پشت بە سێکوچکەی (تاران - تەلئەبیب - C. I. A) ببەستێت، بێ ئەوەی ڕێگەیەک بۆ گەڕانەوە و سەلامەتیی بزووتنەوەی کورد بهێڵێتەوە لە کاتی گۆڕانی هەڵوێستە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا.

لێرەدا دەبینین پشتگیریی دەرەکی ئامادەیە، بەڵام سوودومەرگرتن لێی بۆ بەهێزکردنی بنکەی بزووتنەوەی کورد، بە تەواوی ون و نادیارە. ڕێبەری بزووتنەوەکە، ئومێدەکانی لەسەر پشتگیریی دەرەکی هەڵچنیبوو، بەڵای ئەوەوە هیچ سەرکەوتنێک بەبێ ئەم پشتگیرییانە بەدی نایەت، هەر لێرەیشەوە گرنگیی بەرەی ناوخۆ کەم بووەوە و بە تەواوی

---

[٢٣٨]، هـ.س،ل٢٦٤

بایەخدرا بە هاوکارییە دەرەکییەکان، لە ڕاستیدا دەیویست وڵاتانی پشتیوان هەموو شتێکی بۆ بکەن. دوای دروستکردنی خانووەکە کلیلیان لێ وەربگرێت، بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست پشتی بە یارمەتیی دەرەکی بەستبوو،لە بەهاری ١٩٧٤دا هەستا بە ناردنی خێزانی خۆی و خێزانی کوڕ و نزیکەکانی بۆ ئێران، بەمەبەستی پاراستنیان لە بەهاری ١٩٧٤دا، ئەمە لە کاتێکدا گەلی کورد لە هاوینی ١٩٧٤دا و دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ بەغدا، لەژێر بۆردومانی ڕۆژانەی تۆپخانە و هێرشە ئاسمانییەکانی عێراقدا دەیگوزەراند. سەرکردایەتیی کورد خراپترین نموونەی شکستخواردووی (انهزامی)یان نیشان دا و دەریانخست کە شایەنی ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە نەبوون، ئەمەیش سەرەڕای هەبوونی چەکی دژەفڕۆکە، کە تەنها بۆ پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی تەرخانکرابوون.

لایەنی ئەمریکی هەڵوێستیان ڕوون بوو و پێویستیان بە لێکدانەوە نەبوو، وەک چۆن بە گوێی ئیدریس بارزانی و دکتۆر مەحموود عوسمانیاندا دا لە واشنتۆن و دووبارەیان دەکردەوە، لە یەکەم دیداریاندا لەگەڵ [بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) ڕیچارد هێڵمز] لە تەممووزی ١٩٧٢دا وتی: ئێمە لەسەر داواکاریی شای ئێران، هاوکاریتان پێشکەش دەکەین،[٢٣٩] کاتێک شاندە کوردەکە لە واشنتۆن گەڕانەوە و لە تاران چاویان بە بەرپرسی نووسینگەی هەواڵگریی ئەمریکا (کۆلۆنێل کلارک) کەوت و هەمان شتی دووبارە کردەوە: هاوکاری و پەیوەندییەکە لەسەر داوای شای ئێران دەبێت[٢٤٠]، بڕیارەکەیش (هاوکاریی مانگانە بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد بە بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دۆلار تەرخان بکرێت).[٢٤١]

کیسنجەر دەڵێت: کاتێك حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ گەڕایەوە بۆ دەسەڵات لە بەغدا، لەسەر ئاستی ناوخۆ پڕۆگرامی سۆشیالیستی ڕادیکاڵیی گرتەبەر و دوژمنایەتیی

---

[٢٣٩]، شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣٤.

[٢٤٠]، هـ.س،ل٣٣٥.

[241] Henry Kissinger. Years of Renewal. Published by: Simon & SCHUSTER. New York. 2000.p:584

خۆی بۆ ڕۆژئاوا ڕاگەیاند، جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە عێراق لە سایەی سەددام حوسێندا لە یەکێتیی سۆڤیەت نزیک دەبووەوە، لەوکاتەدا بوونی پازدە هەزار سەربازی سۆڤیەتی لە میسر، ئاماژە بوو بۆ مەترسیی کەوتنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر کاریگەریی ستراتیژیی سۆڤیەتیدا، جا بارودۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەرچۆنێک بووبێت، تێڕوانینی ئێمە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی هەژموونی سۆڤیەت بوو لە ناوچەکەدا، وەک ئامانجی ناوەندیی ستراتیژیمان. لە ڕاستیدا تێڕوانین و تاکتیکی ئێمە بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، بریتی بوو لە ڕێگایەک بۆ گەمارۆدانی سەرکێشیەکانی ئەو ستراتیژە.[٢٤٢]

ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بە هەڕەشەلێکراو دەزانی لەلایەن دەسەڵاتی نوێی عێراقەوە، (ئەردەن و ئێران) بوون کە هەردووکیان سنووردێکی درێژیان لەگەڵ عێراقدا هەیە، هەروەها ئیسرائیل کە ترسی لەو ڕژێمە عەرەبییە ڕادیکاڵانە هەبوو کە بە چەکی سۆڤیەتی پشتگیری دەکران. ئەم سێ دەوڵەتە، دۆستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون و هاوکاریی نهێنییان پێشکەشی کورد دەکرد، وەک کارتێک مەمەڵەیان دەکرد بە داواکارییەکانی کورد لە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چیا سەختەکانی باکووری عێراق، بەمەبەستی دوورخستنەوەی وزە و سەرچاوەکانی ڕژێمی بەعس لە سنوورەکانی خۆیان. هەرچەندە ئێمە بەشدار نەبووین لە پێشکەشکردنی هاوکاریی نهێنی (بێگومان کیسنجەر باسی ساڵانی شەستەکان دەکات کە هێشتا ئەمریکا هاوکاریی بزووتنەوەی کوردی نەکردبوو)، بەڵام دەزگاکانی هەواڵگریمان زانیارییان لە هاوتاکانیان لە هەر یەکێک لەم دەوڵەتانە وەردەگرت، ئەم دەوڵەتانەیش هاوکاریی ئابووری و سەربازییان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەردەگرت.

ئەوەی سەرکردایەتیی کورد تێی نەگەیشت یان نەیویست لێی تێبگات سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی جەنگی ساردا، شای ئێران و سەرکردەکانی دەسەڵات لە بەغدایش لێی تێگەیشتن و هەردوو لایان لەسەر بنەمای تێگەیشتن پلانیان

[242] ،Ibid, p:580.

دانا. هۆشداری بۆ مەلا موستەفا لەلایەن خودی دوژمنەوە هات، سەبارەت بە مەترسیی نەکەوتنە ناو تەڵەی ئێرانەوە، خودی سەددام حوسێن لە ڕێکەوتی ١٩٧٢/٤/٧ بۆ مەلا موستەفای نووسی و بە ڕوونی و بێ تەمومژ هۆشداریی پێ دا : (برام ئەبوئیدریس! ئەوەی گرنگە بەرژەوەندیی گشتییە کە لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە دەمێنێتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە دەگەڕێمەوە بۆ نووسین بۆت، بێ گوێدانە ئەوەی چۆن سەیری ئەم نامەیە دەکەیت. بەڵام ئەوەی هەمیشە بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە کە لە داهاتوودا بە جۆرێک یادت بێتەوە ڕاستی ئەوە بسەلمێنێت کە باسی دەکەم، ئەوەی باسی دەکەم بەوپەڕی باوەڕەوە بڕوام بە ڕاستیەکەی هەیە. برام! داوات لێ دەکەم زۆر بیر بکەیتەوە لەو پیلانەی کە ڕەنگە ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکان و حکومەتی ئێران لە تۆ و لە ئێمە و بەتایبەت لە تۆی بکەن، دوای ئەوەی مەبەستە کاتییەکانیان تەواو دەبێت. ئەوەی ئەوان دەیانەوێت نە بەختەوەریی گەلی کوردە و نە دەیانەوێت کارەکان بۆ کورد بە جیابوونەوە کۆتاییان بێت. بەڵکو دەیانەوێت شەڕ دەست پێ بکات، بێ ئەوەی کۆتایی بێت. بە دیاریکراوی دەیانەوێت خوێنڕشتنی گەلی کورد سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. بە دوایدا ڕووخاندنی حکومەتی بەغدا، وەک ئەوەی هەمیشە باسی لێوە دەکەن، لەوێوە هاندانی توخمە لایەنگرەکانیان بۆ لایان و دواتریش بەپێی سەودایەکی گەورە و گشتگیرتر لە ناوچەکەدا پانتان دەکەنەوە. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە ئێمە دەیبینین و وا دەرناکەوێت ئێوەیش بێئاگا بن لەم تێڕوانینانە، بەڵام ئەوەی لەم نامەیەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ڕێگا مەدەن هۆکارەکان یان خەیاڵە سۆزدارییە نادروستەکان هەندێکجار واتان لێ بکات، ئەم ڕاستیانەتان لەبیر بکەن). [٢٤٣]

ئاستی تێگەیشتنی سەرکردایەتیی کورد سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، جگە لە حاڵەتی دەگمەن لە سنووری پارانەوە بۆ هاوکاریی دارایی، تێپەڕی نەدەکرد و گرنگییان نەدەدا بە فراوانکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە نەوتییەکان لە کوردستان یان ناوچە نەوتییەکانی تری عێراق و هەڕەشەکردنی جدی لە ڕەوتی نەوت،

[٢٤٣] مسعود بارزانی، س.پ، ٨٣٥.

تاوەکو بتوانن کێشی خۆیان لە مامەڵەی نێودەوڵەتیدا بسەپێنن، ئەمەیش پێویست بوو ئەگەر هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لە نێوان (پ.د.ك) و (حیزبی شیوعی) جێگیر بووایە و مەلا موستەفا دەستبەرداری شێوازی خێڵەکیی خۆی بووایە لە سەرکردایەتیکردنی [پ.د.ك]دا. حیزبی شیوعی لە کۆتایی شەستەکاندا؛ لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق چالاک بوو، بوونێکی سەربازیی ڕێکخراوی هەبوو لە کوردستان و لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی بزووتنەوەی کورددا و دەورێکی گەورەی گێڕا لە بەدیهێنانی هەندێک لە گرنگترین سەرکەوتنە سەربازییەکان لە کوردستان.

پەیوەندییە دەرەکییەکانی حیزبی شیوعیی عێراق، لە ناو ئەو چوارچێوەیەدا بوون کە سیاسەتی سۆڤیەت دەیخواست، ئەمەیش بوو بە ماڵوێرانی بۆ شیوعیەکان و پەککەوتنی کاروانیان و کەوتنە ناو تەڵەی هاوپەیمانی لەگەڵ بەعس، تاوەکو وردە وردە پێگە و جەماوەری خۆیان لەدەست دا[٢٤٤]، خراپیی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەردوو لایەن (حیزبی شیوعی) و (پ.د.ك) هۆکارێکی گرنگ بوو لە شکستی سیاسییاندا، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی عێراق، دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: ئێمە لەلایەن خۆمانەوە دیلی نەریت و هەڵسەنگاندنە باوەکانی سیستمی پەیوەندییەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمە بووین. دەروێشی سەرکردایەتیی سۆڤیەت بووین و پێمانوابوو ئەوان تێگەیشتووترن و بەگوێمان کردن، تا ئێمەی شیوعی وڵاتەکەمان لەدەست چوو. ملکەچی فەرمان بووین و دەستبەرداری دروشمی بەشداری لە دەسەڵات بووین. لە ئەنجامدا، دەستبەرداری ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات بووین لە هەموو ماوەی سەردەمی قاسمدا. پێموایە ئێمە داواکاریی سۆڤیەتمان ڕەت دەکردەوە، ئەگەر خاوەن ئەزموون و پێگەیشتوویی زیاتر بووینایە. بەڵام هەڵی تەمەنی مێژوویییمان لەدەست دا لە بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکەدا، کە لە پێناویدا هەر حیزبێکی

[٢٤٤]، بهاء الدين نوري، مذكرات بهاء الدين نوري، ل١٩٤.

سیاسی دروست دەبێت (ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆگرامی سیاسی و ئابووری، کە بڕوای پێیەتی و لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە..[٢٤٥]

سەبارەت بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ شای ئێران، لە نەریتی دەروێشایەتی تێپەڕی کردبوو، لە هەر سەردانێکدا دەستی شای ماچ دەکرد و وای نیشان دەدا کە لەژێر فەرمانی ئەودایە. دکتۆر مەحموود عوسمان ئەو سەرکردەیەیە، کە هاوەڵی مەلا موستەفا بووە لە هەموو سەردانەکانیدا بۆ دەرەوەی کوردستان و دەڵێت: پەیڕەوکردنی شێوازی ناڕاشکاوی لە قسەکردن لەگەڵ لایەنەکانی تر و قسەکردن لەگەڵیان بەو شێوەیەی کە ئەو لایەنانە پێیانخۆشە و تیشک نەخستنە سەر لایەنە سیاسییەکان. لەجێی ئەوە تیشک خستنە سەر توانای ماددی کە شێوازی خودی بارزانی بووە هەر لە کۆنەوە. بە هۆی ڕەوشتی پاشکۆیەتی بۆ لایەنەکانی تر بە هەموو جۆرەکانیانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەم خەسڵەتانە، بوونە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی شۆڕش. [٢٤٦]

ترسی مەلا موستەفا لە ناوخۆی خۆیان (کورد)، زۆر گەورەتر بوو لە مەترسیە دەرەکییەکان، هەوڵەکانی لە سەرەتادا بۆ دەستەمۆکردنی مەکتەبی سیاسی بە پلەی دووەم. بە پلەی یەکەمیش هەبوون و دەرکردنی هەردوو سەرکردایەتیی (ئیبراهیم ئەحمەد و حەمزە عەبدوڵڵا) بوو، ئەم ترسانەی بوو بە هۆی دروستبوونی خەیاڵ و دەمارگرژی، کە هەمیشە لەگەڵیدا ببوونە واهیمە. بەو هۆیەوە کاری کرد بۆ لەباربردنی هەر هێز و هزرێکی گەشەسەندوو لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا و پەیڕەوکردنی ناوەندێتییەکی سیاسی و سەربازی و دارایی خنکێنەر، کە حیزب و کۆمەڵگەی لە هەر داینامیکییەتێک بێبەش دەکرد، گورزی یەک لە دوا یەکی لە ناوخۆ دەوەشاند، چونکە مەترسییەکانی ناوخۆی بەوە دەزانی کە دەسەڵاتەکانی کەم دەکەنەوە و پلانەکانی میراتگری و ڕزگارکردنی بودجەی بزووتنەوەکە لە دەستی ئەو تێک دەدەن، بەتایبەت

---

[٢٤٥]، ه.س، ١٩٤.

[٢٤٦]، محمود عثمان، س.پ، ٥٣-٥٤.

هەستکردنی بەوەی کۆمەڵگەی کوردی تینووی گەشەسەندن و گۆڕانکارییە، لە کاتێکدا سەرکردایەتیەکەی قەتیس مابوون، گەلی کورد ئاواتیان بۆ ئازادییە گشتییەکان و کارکردن لە بواری ڕێکخراوەیی و سیاسەتی پێشکەوتووخوازی دەخواست بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگاکەیان، بەڵام سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو قورسایی خۆی خستەگەڕ بۆ لغاوکردنی ناوخۆ و لەناوبردنی ئەو کەسانەی ناڕازی بوون لە شێوازی حکومڕانییە تاکڕەوییەکەی، هەروەها دژی ئەوانەی کە پێیوابوو دەبنە بەربەست لە بەردەم میراتگریی مەسعوودی کوڕیدا. ئەمە لە کاتێکدا وەک پێویست خۆی ئامادە نەکردبوو بۆ دژایەتیکردنی پیلانی دوژمنان. بەلای مەلا موستەفاوە، دەرەوە کۆڵەکەی هێزەکەی بوو، پارە و چەک ڕاستەوخۆ بۆ خۆی دەهاتن و نەیدەهێشت ئەوە لە دەستی دەربچێت،.زۆر ورد بوو لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا، بە جۆرێک نوێنەرەکانی دەگۆڕین و چەندین کەسایەتیی بەتایبەت لەناو بازنەی کوڕەکانیدا خستە شوێنی عیسمەت شەریف وەک نوێنەری بزووتنەوەکە لە دەرەوە. [٢٤٧]

هەردوو فاکتەری جیۆپۆلیتیکی و عەقڵیەتی تەسکی سەرکردایەتیی کورد، ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە دابڕانی بزووتنەوەکەدا، دەوڵەتانی دەوروبەریان: ئێران، تورکیا، سوریا و عێراق دوژمنی بوون و چاوەڕێی هەلیان دەکرد بۆ لێدانیان، لێرەوە دەبوو بابەتی (پلانی ئەلتەرناتیف) بخرێتە پێشینەی ئەرک و کارەکانی سەرکردایەتییەوە، پلانی فریاگوزاریی وەها کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی هەبێت، کە دروست دەبن. بەتایبەت لە ئەگەری گۆڕانکاری لە هەڵوێستی شا بەرامبەر بزووتنەوەی کورد، نزیکەی پازدە ساڵ بەسەر ڕووخاندنی کۆماری مەهابادا تێدەپەڕی، کاتێک لە ساڵی ١٩٦١دا جارێکی تر بزووتنەوەی کوردی شۆڕشی هەڵگیرساند بە خۆڕسکییەکی تەواو و بێ پلان و هەڵسەنگاندنێک لەمەڕ بارودۆخی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، شای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) ئەو ناخۆشییانەی لەبیر نەکردبوو کە چەشتبووی لە لەناوبردنی کۆماری مەهاباد و ئەو شەڕانەی لەگەڵ بارزانییەکان لە ساڵانی ١٩٤٦ -

[٢٤٧]، شلومو نکدیمون، س.پ ل: ١١٦.

١٩٤٧ ڕووياندابوو، هەروەها زۆر نیگەران بوو لە ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبی و جەمال عەبدولناسر و بەعسییەکان، هەروەها زۆر دەترسا لە نانەوەی ئاژاوە لە خوزستان و کوردستان و ئەگەری هاوکارییان لەگەڵ (تودە) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دژ بە ڕژێمەکەی. ئەمانە لەلایەک و لەلایەکی تریش هاوکاریی ناسر و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا و سوریا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، فاکتەرێکی گرنگ بوو لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا.

لۆژیکی خێڵەکیی تاکڕەویی سەرکردایەتیی کورد، لەباتی لۆژیکی شۆڕشگێڕیی بەکۆمەڵ، بزووتنەوەکەی لە چوارچێوەیەکی چەقبەستوودا هێشتەوە، ئەمە ببووە جێگەی سڵکردنەوە لە تێوەگلان لەگەڵ کوردەکاندا: کوردەکان نە زۆر پەرۆشن بۆ فێربوونی شێوازەکانی جەنگی پارتیزانی و نە بۆ جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەیش. هەروەها تا ڕادەیەکی زۆر، خۆیان لە ئەنجامدانی ئەو جەنگ و شەڕانە دەپارێزن، کە مەترسیی گەورەیان تێدایە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەوان لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا بڵاوەیان کردووە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە کە ڕێڕەوی ئابووریی دەوڵەت لە ڕێگەی کردەوەی تێکدەرانەوە پەک بخەن، بەتایبەتی بیرە نەوتەکان و تۆڕی هێڵی شەمەندەفەر و پردەکان و شتی تر. ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیەیش بۆ ئەوان ئاسان بوو، بەڵام نەیانکرد. [٢٤٨]نامەیەکی نێردراو لە ڕاوێژکارە ئیسرائیلییەکان، هەروەها گوتیان: وەک دیارە کوردەکان، ئەودیوی ئەو چیایەی لە بەردەمیانە، هیچی تر نابینن. [٢٤٩]

قەتیسبوونی عەقڵیەتی سەرکردایەتیی کورد لە چوارچێوە دواکەوتووەکەیدا، هۆکار بوو بۆ ئەوەی شای ئێران سەرکەوتوو بێت لە بەکارهێنانی بزووتنەوەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی، سیاسەتی ئێران (یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئێران گوزارشتی لێ دەکات) دەڵێت: ئێمە دەمانەوێت کڵپەی ڕاپەڕینی کورد لە عێراق بەردەوام بێت، بەو مەرجەی ئەم کڵپەیە نەگۆڕێت بۆ ئاگرێکی گەورە. [٢٥٠]

---

[٢٤٨]، شلومو نکدیمون، س.پ، ١٠٥

[٢٤٩]، هـ.س، ١٧٩.

[٢٥٠]، هـ.س، ٩٤.

شای ئێران، توانیی خۆی لە دروستبوونی مەترسیی ناوخۆیی بپارێزێت و بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی سەرکردایەتیی کورد، بەپێی نەخشەکەی خۆی. شا، سەرکەوتوو بوو لە لێدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بە تفەنگی سەرکردایەتیی کوردی (پ.د.ك - عێراق) تا ئەو ئاستەی توانیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە کوردستانی ئێران لاواز بکات و بە ڕەزامەندی یان بە بەشداریی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتیی کورد (لە عێراق)[٢٥١] ژمارەیەک لە سەرکردەکانیانی لەناوبرد، هەروەها بارودۆخی خوزستانی بە هێمنی هێشتەوە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، نەیتوانی چالاکییەک بکات کە مەترسیی بۆ سەر ڕژێمی تاران دروست بکات، هەروەها توانیی ڕژێمی بەغدا ناچار بکات ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ئاداری ١٩٧٥دا واژۆ بکات و میانڕەوی لە سیاسەتی دەرەوەیدا بگرێتەبەر.

کەمتەرخەمیی سەرکردایەتیی کورد سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە بەها شۆڕشگێڕی و نیشتمانییەکانەوە هەیە، گەیشتبووە ئاستێکی ترسناک و لایەنی بازرگانیی بەسەریدا زاڵ بوو. گەیشتبووە ئاستێک، بەعس توانیی بە ئاسانی دزە بکاتە ناو سەرکردایەتیی حیزبەکەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە یەکێک لە سەرکردەکانی ناو سەرکردایەتیی کورد دەیڵێت: زانیاری لەناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردەوە بۆ سەددام حوسێن دزەی پێکراوە (نووسەر ناوی هەواڵدەرەکە ناهێنێت) کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەڕدا دەستوەردان ناکات بۆ بەرژەوەندیی شۆڕشی کورد و هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرا بۆ پشتگیریی لایەنی کورد وەرناگرێت، لە حاڵەتی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراق. ئەمەیش سەرکردایەتیی حیزبی بەعسی هان دا بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، بەتایبەت کە یەکێتیی سۆڤیەت و کەمپی سۆشیالیستی لە تەنیشت دەوڵەتی عێراقەوە وەستاون، لە شەڕیدا دژ بە شۆڕشی کورد. [٢٥٢]

---

[٢٥١]، کوژرانی سلێمان موعینی ئەندامی مەکتبی سیاسی حدك -ئێران و احمد توفیق(عبدالله اسحاقي) سکرتێری حدك.

[٢٥٢]، شکیب عقراوي، س.پ، ٣٦٢-٣٦٣.

سەرکردایەتیی کورد وا ڕەفتاری دەکرد، وەک ئەوەی دەوری ئیسرائیل و ئەمریکا دەورێکی سەرەکی بێت و دەوری ئێران دەورێکی لاوەکی و پاشکۆی ئەمریکا بێت، بێگومان ئەم هەڵسەنگاندنە ڕاست نەبوو، لە ڕاستیدا نە سەددام حوسێن بەکرێگیراوی مۆسکۆ بوو و نە شای ئێرانیش بەکرێگیراوی واشنتۆن، هەردووکیان خاوەنی ئاست و پانتاییەکی فراوان بوون لە مانۆڕی سیاسی، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، لە ماوەی هاوکاریی نێوان سەرکردایەتیی کورد و تاراندا، شا دەستبەرداری کۆنترۆڵی تەواوەتیی خۆی نەبوو لەو پەیوەندییەی کە واشنتۆن و تەلئەبیبی بە سەرکردایەتیی کوردەوە دەبەستەوە.

لە کاتی جەنگ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٧٤، یاداشتێکی CIA بەوپەڕی بێشەرمییەوە، تێڕوانینی تاران و واشنتۆنی دیاری کرد: ئێران، بەهەمان شێوە وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانیش مەبەستیان بوو، سوود لە دۆخێک وەربگرن کە هیچ دەرچەیەکی نییە. بە جۆرێک کە ببێتە هۆی لاوازیی بنچینەیی بۆ عێراق. ڕەتکردنەوە و دەستبەرداربوونی کوردەکان لە شتێک کە لە ئۆتۆنۆمی دەچێت (واتا نیمچەئۆتۆنۆمی). هەردووکیان، ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایانەوێت کێشەی کورد بە هیچ شێوەیەک چارەسەر ببێت، واتا کوردەکان تەنها بۆ سەرقاڵکردنی سوپای عێراق ڕاسپێردراون. ئەم سەرقاڵکردنەیش سوودی خۆی بۆ شا و کیسنجەر سەلماندووە، لە گۆڤاری فەڕەنسی L'Expre بڵاوکراوەتەوە.[٢٥٣]

ئەو لۆژیکەی سیاسەتی ئیمپراتۆریەتیی ئەمریکا دیاریی دەکات لە بیروهۆشی سەرکردایەتیی کورددا نەبوو. سیاسەتی ئەمریکا، تەنانەت لەگەڵ ئیسرائیلیشدا لەسەر لۆژیکی فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر دەرکردنی هەژموونی سۆڤیەت بونیادنرابوو، لە سەرەتای (جەنگی ڕۆژی لێخۆشبوون) یان (جەنگی ئوکتوبەری١٩٧٣)دا، کیسنجەر سەبارەت بە سەرکردە عەرەبەکان دەڵێت: لە سەرەتای جەنگدا، نامەم بۆ ناردن و پێمگوتن: ئێوە بە چەکی سۆڤیەتی جەنگتان هەڵگیرساند،

[253] L'Express. Comment les Kurdes ont été trahis. Emile Guikovaty8 – 14 Mars. 1976

بەڵام بۆ بەدیهێنانی ئاشتی پێویستتان بە دیپلۆماسییەتی ئەمریکی دەبێت. ئەمە لە یادەوەریتاندا بهێڵنەوە، چونکە ئەوە دواتر دەردەکەوێت. ئەوە ستراتیژییەتی ئێمە بوو.

کاتێک ئیسرائیل خەریکی ئاهەنگگێڕانی گەورەترین جەژنی ئایینی خۆیان بوون و جەژنی ڕۆژی لێخۆشبوونیان دەگێڕا، بە هێرشی سوپای میسر و سوریا تووشی شۆک بوون لە سینا و بەرزاییەکانی جۆلان، یەکسەر هێزە یەدەگەکانیان بانگهێشتی بەرەکان کرد. لە سەرەتای جەنگەکەدا وا دەرکەوت ئیسرائیل ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەربازیی سەخت دەبێتەوە، بەڵام وردە وردە توانیی هاوسەنگیی جەنگەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی وەربگێڕێت و سوپای سێیەمی میسری گەمارۆ دا و دایببڕێت لە گەیاندنی پێداویستییەکانیان، ئەو هێزە نیوەی ئەو هێزەی پێکهێنابوو کە لەبەرەی شەڕدا بوون ،دوای ئەوەی لە ڕۆژئاوای کەناڵی سوێسەوە پەڕیبوونەوە بەری ئیسرائیل. لەم ساتەوەختانەدا، ئیدارەی نیکسۆن گوشاری خستە سەر حکومەتی ئیسرائیل، بە جۆرێک نەیتوانی لێی دەرباز بێت و ناچار بوو ئاگربەست پەسەند بکات، بۆ ئەوەی دیپلۆماسییەتی ئەمریکی لە پێگەی هێزەوە دەست بکات بە کارکردن لەگەڵ هەموو لایەنە تێوەگلاوەکانی شەڕ؛ مۆسکۆ، قاهیرە، دیمەشق و تەلئەبیب.

ئیسرائیل، پێگە بەهێزەکەی خۆی قۆستەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە ئەنجامی جەنگەکەدا گۆڕا، ئەمریکا بەراورد بە جاران هاوکارییە دەرەکییەکانی بۆ ئیسرائیل بۆ چوار هێندە زیاد کرد، لە واشنتۆن بیرۆکەی پاراستنی باڵادەستیی سەربازیی ئیسرائیل بەسەر دەوڵەتە عەرەبییە دراوسێکانیدا هاتە ئاراوە، هەروەها واشنتۆن سەرکەوتوو بوو لە لەناوبردنی هەژموونی ڕووسیا لە میسر و بوو بە ئەکتەری سەرەکی لە دارشتنی سیاسەتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە نەوتی لێوە دەڕژێت بۆ جیهانی پیشەسازی، چونکە پاراستنی ڕەوتی بەرژەوەندیی نەوت لە کەنداوی فارس، بنەمای ستراتیژییەتی ئەمریکا بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە، تا ئێستایش هەر بەو شێوەیە ماوە.

دەبێت بگوترێت ئەو شکستانەی ڕووبەڕووی نەتەوە زیندووەکان دەبنەوە، لێپرسینەوەی تەواوەتیی لەسەر دەکرێت کە کێ بووە بە هۆکاری پاشەکشە و شکستەکە؟

لێژنەی لێکۆڵینەوەی ئیسرائیلی (The Agranat Commission) لێکۆڵینەوەی کرد لە هۆکارەکانی کەمیی ئامادەباشیی سەربازی لە کاتی هێرشە کتوپڕەکەی ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، لێژنەکە داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک ئەرکانی سوپای کرد (David Elaza)، هەرچەندە لێژنەکە موشێ دایانی بە بێتاوان ناساند، بەڵام لەبەر ڕەخنەی جەماوەری، دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆک وەزیران (Golda Meir) کرد و ئەویش ڕەتیکردەوە، دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، گۆڵدا مائیر تەواوی بەرپرسیارێتییەکەی گرتە ئەستۆ، هەرچەندە لێژنەکە ستایشی دەوری ئەوی کردبوو، لە ١١ی نیسانی ١٩٧٤ دەستیلەکارکێشایەوە و (Yitzhak Rabin) خرایە شوێنی، مەلا موستەفا کاتی پێویستی لە بەردەمدا بوو بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکان بۆ گەلی کورد، ئەمەیش ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵام ئەو بێدەنگیی تەواوی هەڵبژارد و هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەدا لەسەر ئەو بارودۆخانەی وایان لێکرد، ئەو هەنگاوە کتوپڕە بنێت لە دەستبەرداربوون لە بزووتنەوەکە و گەلی کورد. هەروەها ئیحسان نووری پاشا کە لە مەنفاکەی لە (کەج - عەزیمیە) سەردانی کردبوو، داوای لێکرد یاداشتەکانی بۆ نەوەکانی داهاتوو بنووسێتەوە، بەڵام ئامۆژگارییەکەی ڕەتکردەوە، بەمشێوەیە هەموو شتێک بۆ جەماوەری کوردستان بە ناڕوونی مایەوە، کەسانی سوودمەندی ناو جوولانەوەکە ئەو کارەساتە گەورەیە بە دووربینی و جێگەی سەرسامی دەزانن، لە کاتێکدا نەیارەکان بە سووکایەتیکردن بە چارەنووسی گەلی کورد و قوربانییەکانی لە قەڵەمی دەدەن.

سوود وەرنەگرتن لە وانەکانی مێژوو، دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی هەڵەکان، شۆڕشی ئارارات (Agridagh) بە سەرکردایەتیی (خۆیبوون) و لەژێر فەرماندەیی سەربازیی ئیحسان نووری پاشادا، زۆر پەندی مێژوویی تێدا بوو کە دەبوو سەرکردەکانی شۆڕشی کورد شیکاری بکەن و لەسەر بنەمای ئەو وانە و پەندانە ڕەفتار بکەن، ئەزموونی ئیحسان لەگەڵ باوکی شا (ڕەزا پەهلەوی) بوو، ئەزموونە دووبارەبووەکەی مەلا موستەفا لەگەڵ کوڕەکە (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) بوو، ئیحسان پشتی بە بێلایەنیی ئێران بەستبوو، تا ڕادەیەک و هاوکارییەکی کەمی لێ وەردەگرتن و جۆرە سۆزێک هەبوو کە گوایە هەردوو گەلی فارس و کورد سەر بە نەتەوەی ئارییەن و ئێران لە دۆخی ڕاپەڕیندا دژی

بەرژەوەندییەکانی گەلێکی برا کار ناکات، ئەنقەرە لەگەڵ تاران ڕێکەوت بۆ گەمارۆدانی شۆڕشی کورد لە هەموو لایەکەوە و لە ڕووی سەربازی و ئابووریییەوە بەرامبەر بە گۆڕانکاری لە کێشانی سنوور لە ناوچەکانی ئارارات، بە هەمان شێوە بەغدا ڕووی لە تاران کرد بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن بۆ کێشانی نوێی سنووری عێراق - ئێران بەرامبەر بە ڕاگرتنی هاوکارییەکان بۆ شۆڕشی کورد، تاران ئەوەی دەزانی کە چیی بەسەر ئیحسان نووری هات و چۆن دەکرێت هەمان سوود لەگەڵ ئەو شۆڕشەدا دووبارە بکرێتەوە کە مەلا موستەفا سەرکردایەتیی دەکرد. ئێران، کارتی کوردی لەگەڵ ئەنقەرە و بەغدا و لەسەر حیسابی گەلی کورد بەکارهێنا، لە هەردوو ئەزموونەکەدا دەبینین نە تورکیا و نە عێراق بە هەموو هێزیانەوە، نەیانتوانی شۆڕشی کورد لەناوببەن ئەگەر بە هاوکاریی دەرەکی نەبووایە، لە هەردوو دۆخەکەدا بەغدا و ئەنقەرە داوای هاوکاریی تارانیان کرد. بەمشێوەیە و سەرەڕای ئەزموونەکانی مێژوو، مەلا موستەفا خۆی هەر وەک ئیحسان نووری لە هەمان تەڵەدا بینییەوە، ئیحسان نووری پاشا لە کاتی بینینی مەلا موستەفا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥دا، جەختی لێکردەوە کە یاداشتەکانی بنووسێتەوە تا نەوەکانی داهاتووی کورد، هەڵە مێژووییە کوشندەکان دووبارە نەکەنەوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە.

ئەمە جێگەی سەرسوڕمانێکی زۆرە، چونکە دوای کارەساتە نیشتمانییە گەورەکە، هیچ لیژنەیەکی بێلایەن بۆ لێکۆڵینەوە پێکنەهێنرا و هیچ بەدواداچوونێک بۆ بارودۆخی هەرەسە کتوپڕەکە نەکرا. ئەوەی جێگەی سەرسامییە، ئەوە بوو کە بەرپرسەکان ململانێیان بوو بۆ گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتیکردنی گەلێک، کە سووکایەتییان پێکردبوو و بەجێیانهێشتبوو و ڕایانکردبوو بۆ دەرەوە. سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد دوای شکستەکەیان، پۆستە سەرکردایەتییەکان و ئیمتیازاتەکانی خۆیان پاراست وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت و تا ئەمڕۆیش ئەوان سەرکردە و پاڵەوانن لە گۆڕەپانی کوردیدا.

لە ڕێگەی کەناڵە نهێنییەکانەوە لە مانگی نیسانی ١٩٧٣ و ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان سەرۆکی میسر و شای ئێراندا ئەنجامدرا، ئەنوەر سادات جەختی لەسەر سەرکردەکانی دەسەڵات لە بەغدا کردەوە، کە وازهێنانی عێراق لە نیوەی شەتولعەرەب بۆ شای ئێران، دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان عێراق و

ئێران و داخستنی سنوورەکانی ئێران بە ڕووی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە عێراقدا، بەمەیش بۆ سەرکردەکانی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە بەغدا پشتڕاست بووەوە، کە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد لە عێراق، ڕۆڵێکی لاواز یان پەراوێزییە و بە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لەگەڵ ئێران، کۆتاییان پێدێت.[٢٥٤] ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام، دڵنیابوونەوە لەوەی ڕۆڵی ئەمریکا و ئیسرائیل لە پشتگیریکردنی شۆڕشی کورد، بەو ئەندازەیەیە کە شای ئێران ڕێگەی پێدەدات، یان بەو ئەندازەیەی کە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەیخوازن. ئەمەیش هۆکارێکی گرنگ بوو لە بڕیاری سەرکردایەتیی قوتری حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان. سەددام حوسێن، سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی لایەنگریی حیزبی شیوعی و چوونەپاڵ دەسەڵاتی دەوڵەت، هەروەها دەسەڵاتی بەعسیشی بەهێزتر کرد، لەوە بەدواوە و لە تشرینی یەکەمدا، حیزبی شیوعی ڕۆژنامەی (تەریقی شەعب)ی بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا چاپ و بڵاوکردەوە.[٢٥٥]

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا، بزووتنەوەی کورد تەواو پشتی بە دیواری ئێران و ئیسرائیل و ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) بەستبوو، پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت و حیزبی شیوعیی عێراق و لەگەڵ بەعس بە سەرکردایەتیی بەکر – سەددام، تێکچووبوو، ئیتر هیچ ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری نەمابوو، سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٧٤دا بە پشتگیریی چەک و دیپلۆماسییەتی سۆڤیەتی و کەمپی سۆشیالیستی و حیزبە شیوعییەکانی جیهان و بە حیزبی شیوعیی عێراقییشەوە، ئامادەسازی کردبوو بۆ شەر، ڕژێمی بەغدا هەستی بەبەهێزیی خۆی دەکرد و متمانەی زیاتری بە خۆی هەبوو، هاوکاتیش ژمارەیەک کەسایەتیی کورد سەنگەری بزووتنەوەکەیان بەجێهێشت و چوونە ڕیزی ڕژێمی بەغداوە.

---

[٢٥٤]، شكيب عقراوي، س.پ، ٣٦٣.

[٢٥٥]، ه.س، ٣٦٤

لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، پچڕا. لە ١٦ی نیساندا، مەلا موستەفا بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر پێگەکانی سوپای عێراق لە (سپیلک) بۆ داگیرکردنی شوێنەکە، هێرشە سەربازییەکان دەستیانپێکرد و هێرشەکە سەرکەوتوو نەبوو[٢٥٦]

یەکە سەربازییەکانی عێراق لە هەولێرەوە بەرەو (سپیلک) پێشڕەوییان کرد، یەکەکانی فیرقەی یەک و فیرقەی هەشت، توانییان بەرگریی شۆڕشگێڕانی کورد لەسەر ڕێگاکە لە نزیک شەقڵاوە و هەریر و چیای (زینە تیر) تێکبشکێنن، ئەم یەکانە بەرەو (سپیلک) پێشڕەوییان کرد، بەوەیش ڕێگا لە نێوان سپیلک و شاری هەولێر کرایەوە و سوپا کۆنترۆڵی ڕێگای پێشڕەویی ئۆتۆمبێلەکانی کرد[٢٥٧].

هێزی ئاسمانیی عێراق یەک لە دوای یەک لە ٢٣، ٢٤، ٢٥ی نیساندا ناوچەکانی (باڵەک) و شارۆچکەی (قەڵادزێ)یان بۆردومان کرد و کۆی ژمارەی کوژراوان گەیشتە ١٢٠ کەس و نزیکەی ٤٠٠ بریندار کە زۆربەیان خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بوون، هەروەها بەهۆی بۆردومانکردنی شارۆچکەی (هەڵەبجە) زیاتر لە ١٤٠ کەس بوونە قوربانی، بە کوژراو و بریندارەوە. پاشان شارۆچکەکانی (چوارتا) و (پێنجوێن) و شوێنەکانی تری کوردستان بۆردومانکران، کۆی قوربانییەکان لە مانگی نیساندا، گەیشتنە نزیکەی هەزار کەس بە کوژراو و بریندارەوە. [٢٥٨]

لە ٥ی ئایاری ١٩٧٤دا تیپێک لە فیرقەی چوار لە مووسڵەوە، پێشڕەویی کرد و بە ئاسانی دەستی بەسەر گەرووی زاخۆدا گرت، تیپێکی پیادەی فیرقەی چوار لە سوپای عێراق، فەوجێکیان لەگەڵ بارەگای تیپەکە لە شارۆچکەی زاخۆ جێگیر بوون، فەوجێکی تریان ناوچەی (عاسی)ی داگیرکرد و فەوجەکەی تریش ناوچەی (فیشخابوور)ی سەر سنووری سوریای داگیرکرد. [٢٥٩]

---

[٢٥٦]، شكيب عقراوي، س.پ، ٣٧٦

[٢٥٧]،ه.س٣٧٧.

[٢٥٨]، شكيب عقراوي س.پ، ٣٧٦-٣٧٧

[٢٥٩]، ه.س، ٣٧٨

شەکیب ئاکرەیی دەڵێت: دوای ئەوەی لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٧٤دا، سوپای عێراقی توانیی لە کەرتەکانی (ڕەواندز) و (ڕانیە) و (قەڵادزێ) پێشڕەوی بکات، هەروەها دوای گەیشتنی دوو کەتیبەی تۆپخانە و مووشەکی سوپای ئێران بۆ کوردستانی عێراق بۆ پشتگیریکردنی بەرەی ناوەندی، سەرکردایەتیی کورد هەستی بە مەترسیی بارودۆخی سەربازی و بوونی هەندێک خاڵی لاوازی و پشێوی لە ڕیزەکانی شۆڕشی کورددا کرد، لەبەرئەوە سەرکردایەتی بڕیاری دا لیژنەیەکی سەربازی بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی پێکبهێنێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان، بەڵام گرتنەبەری ئەم ڕێکارە درەنگکەوت، چونکە چەند مانگێک دوای دەستبەکاربوونی لیژنەکە، ڕێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا کرا کە بووە هۆی هەرەسی شۆڕشی کورد. [٢٦٠]

سیاسەتی شا وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی بزووتنەوەی کورد و بەکارهێنانی بوو، بەمەبەستی لاوازکردنی هەردوو لایەنی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کورد لە ڕوی سەربازییەوە، دەستوەردانی سەربازیی ئەو لە تەنیشت بزووتنەوەی کورد، بووە هۆی پاشەکشەی کارایی هێزی ئاسمانیی عێراق لە چەند ناوچەیەکدا، لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٧٤دا فڕۆکەیەکی مێگ، کەوتەخوارەوە و فڕۆکەوانەکەی بەدیلگیرا، هەروەها لە ٢ی تشرینی یەکەمدا دوو پاتری (دیارە جۆرە چەکێکە) ئێرانی لە مووشەکەکانی (ڕاپێر) گەیشتن و کاریگەرییان هەبوو لە بەرزکردنەوەی وڕەی سەرکردایەتیی کورددا، دوای ئەوە فڕۆکەیەکی تری جۆری (هەنتەر) دوای گەیشتنی پاتریە ئێرانییەکە، کەوتەخوارەوە. دواتریش فڕۆکەیەکی (TU16) لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤دا، کەوتەخوارەوە و سەرنشینەکانی کە لە چوار کەس پێکهاتبوون، ڕووحیان لەدەست دا، هەروەها لە ١٥ی کانوونی یەکەمدا فڕۆکەیەکی جۆری (سۆخۆی - ٧) کەوتەخوارەوە،[٢٦١] تۆپبارانکردنی پێگە و ڕەبایەکانی سوپای عێراق لە دیانا و ڕواندز لەلایەن کەتیبەی تۆپخانەی مەیدانیی ئێرانەوە، بووە هۆی تێکشکاندنی کۆگاکانی چەک

[٢٦٠]، شكيب عقراوي، س.پ، ٣٧٣.

[٢٦١]، ه.س، ٣٨٠.

و تەقەمەنیی سوپای عێراق و دابەزینی وردەی سەربازان و ناڕەزایی دەربڕین لە ڕیزەکانیاندا. بە گەیشتنی ژمارەیەک مووشەکی دژەتانک لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا، هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بەرگرییەکی باشتر بەرامبەر پێشڕەویی زرێپۆشەکانی عێراق لە کەرتی ڕواندز بکەن. [٢٦٢]

تێوەگلانی ئێران لە شەڕەکەدا زیادی کرد، بەهۆی پاشەکشەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی هێزە کوردییەکان بەرەو سنوورەکانی ئێران و داواکارییە بەردەوام و پڕکێشەکانی سەرکردایەتیی کورد لە ئێران، بۆ بەهاناوەچون و دەستوەردانی سەربازی و دارایی و لۆجستیی زیاتر. وا پێشبینی دەکرا کە ئەم هاوکاریانە، بزووتنەوەی کورد بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی گەڕانەوەی دانوستانەکان لە نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە و بەغدا.

هێرشی سەربازی لە ساڵی ١٩٧٤دا، هەردوو لایەنی سوپای عێراق و بزووتنەوەی کوردی لاواز کردن، بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد هانابردنی زیاتر بوو بۆ هاوکارییەکانی ئێران و بۆ سەددام حوسێنیش، ڕووکردنە ئێران بوو لەژێر فشاردا. لێرەدا توانای مانۆڕی شا بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەبینین، کە هەردوو لایەنی شەڕکەر (سەددام و مەلا موستەفا) پێویستیان پێی بوو، ئەمەیش قەناعەتی لای سەددام حوسێن دروستکرد بە گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ شادا، یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەری سەربازی، لەبەرئەوە جددی تر بەرەو مامەڵەکردن لەگەڵ تاران هەنگاوی نا. سەددام لە مانگی تشرینی یەکەمدا، لە کاتی بەڕێوەچوونی لووتکەی عەرەبی لە ڕیباتی پایتەختی مەغریب، ئامادە بوو و بە نهێنی لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتیی وڵاتان قسەی کرد، بەتایبەتی لەگەڵ میسر. [٢٦٣]

بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی کە ئاراستەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی (Joseph John Sisco) و (A. Atherton) یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا کراوە، لەژێر ناونیشانی: سیاسەتی

---

[٢٦٢]، شكيب عقراوي، ٣٨٠.

[263]، L'Express. Comment les Kurdes ont été trahis. Emile Guikovaty8 – 14 Mars. 1976

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ململانێی عێراق و ئێران، تیایدا هەست بە نیگەرانییەکی ڕوونی ئەمریکی دەکەین لە هەڵکشانی گرژیی نێوان تاران و بەغدا. ئەو لایەنەی ڕاپۆرتەکەی پێشکەش کردووە، کەمتر تەبایە لەگەڵ سیاسەتەکانی شا لە ناوچەکەدا، تیایدا هاتووە: خستنەخوارەوەی دوو فڕۆکەی عێراقی بە مووشەکی ئێرانی، وەک دەزانن بەرجەستەکردنی دەستوەردانێکی فراوان و وروژێنەر و ڕاستەوخۆی ئێرانە لە عێراق. وا دیارە ئەم دەستوەردانە بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانی عێراق لەمساڵدا بەسەر بارزانیدا، سەپێنراوە. بە بڕوای من کاتی ئەوە هاتووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهێزترین دەسپێشخەریی مومکین لەگەڵ شا بکات بۆ کۆتاییهێنان بەم تێوەگلانە، کە نە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە و نە لە بەرژەوەندیی سەقامگیری ناوچەکە.

لە ڕوانگەی ڕاپۆرتەکەوە، شا حکومەتێکی نوێی لە بەغدا دەوێت کە تەبا بێت لەگەڵ سیاسەتەکانی تاران. بەکر/سەددام جددین لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر کوردەکاندا. بەردەوامیی شەڕ، ڕەنگە ببێتە هۆی هەرەسی ڕژێم و هاتنی حکومەتێکی تر، بەڵام مەرج نییە ئەوە ڕووبدات و ڕژێمی داهاتوو باشتر بێت لەم ڕژێمە. هەندێک لە چاودێرانی فەڕەنسی و بەریتانی، پێیانوایە کە ڕژێمی داهاتوو، ڕەنگە ڕادیکاڵتر و تێکدەرتر بێت و ناچار بێت زیاتر پاڵ بدات بە سۆڤیەتەوە. ئەگەرێکی تر ئەوەیە، سوپا دەسەڵات بگرێتە دەست و دەکرێت دژەکۆمۆنیست بێت. بەڵام لە مێژوودا ڕژێمە سەربازییەکانی عێراق، ناسەقامگیریی ناوخۆییان دروستکردووە و ڕەنگە ئەم دۆخە، دووبارە ببێتەوە. ڕەنگە ئەوە بۆ شا گونجاو بێت. بەڵام

(. . . . . نهێنی)

(. . . . . نهێنی)

بەڵام زەحمەت دەبێت بزانرێت چۆن ئەوە لەگەڵ بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان یان بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوادا یەکدەگرێتەوە، لە ئەگەری سەقامگیریی ناوچەکەدا.

ڕاپۆرتەکە بەردەوامە لە باسکردنی بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا، لە ڕێگەی هێشتنەوەی ڕژێمی بەعس: ڕژێمی بەعس، لەگەڵ هەموو سیفەتە قێزەونەکانیدا، لە ماوەی شەش ساڵدا سەقامگیریی بە عێراق بەخشیوە، سەرەڕای ئەوەی جەخت لەسەر گەشەپێدانی ئابووری دەکاتەوە و بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنانی لێکتێگەیشتنی تەواو لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژئاوا و دەوڵەتە عەرەبییە پارێزگارەکان (بەغدا ٨٥٧). هەرچییەک بێت ئەو پاڵنەرانەی لە پشتی ئەم سیاسەتە دووفاقییەی پەیوەست بە (گەشەپێدان و لێکتێگەیشتنەوە هەن) و هاوکات (بەکارهێنانی هەر زمانێکی ڕادیکاڵ)، بۆ خۆشاردنەوەیە. ئەم دووفاقییە لە خەسڵەتەکانی ڕژێمی بەعسن. لەسەریان پێویستە سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەم سیاسەتەی ئێستا بگرنەبەر، چونکە بە دانپێدانانی زۆر کەس ڕژێمەکە خۆی وەک مشکێکی گەمارۆدراو دەبینێت.

ئەم ڕاپۆرتە، بارودۆخی شەڕی کورد بە سەرکردایەتیی مەلا موستەفا، بە کارێکی بێ ئومێد دەبینێت لە ساڵی ١٩٧٤دا: سەرکردایەتیی کورد، شەڕێکی بێ ئومێدانە دەکات و لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرکەوتنی ئەوانیان ناوێت. تەنانەت ئێرانییەکانیش دەڵێن هاوکاریی وایان پێنادەن کە بتوانن هێرش بکەن. وا دیارە تاکەئومێدیان دووبارە ڕووخانی ڕژێمی بەغدایە. کوردەکان هیوادارن کە گۆڕینی ڕژێم ببێتە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی گونجاوتر بەرامبەر کورد، بەڵام خەونی کورد گەورەتر لە خەونی ئێرانی. هەموو ڕژێمەکانی عێراق لە ڕابوردوودا، بە بەریتانی و پادشایەتی و سەربازییەوە تا ئەو شوێنەی من بزانم، خواستی ئۆتۆنۆمیی کوردیان ڕەت کردووەتەوە. بیرۆکە کۆنەکە کە خۆی لە هاوپەیمانیی کورد - شیعەدا دەبینێتەوە، بە بڕوای من هەردوو بیرۆکەکە وەهمین و ناواقیعیین. نە کورد و نە شیعە خاوەنی دامەزراوە و کاراکتەری پێویست نین دەسەڵات بگرنەدەست و بەردەوام بن لە پڕۆسەی نوێبوونەوە. زۆرینەی کورد و شیعە، هێشتا بە بنەڕەت لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدان لەسەر تەرزی سەدەکانی ناوەڕاست دەژین.[٢٦٤]

[264] R 230900Z DEC 74. Secret BAGHDAD 898. E.O. 11652: GDS.

باڵیۆزی بەریتانیا (GRAHAM) بە نهێنی پێی ڕاگەیاندم؛ کە وەزیری دەربار ئەسەدوڵڵا عەلەم بە بەریتانییەکانی ڕاگەیاندووە کە ئێران سوورە لەسەر بەردەوامبوونی شەڕ، بە پێدانی ئەوەی بارزانی پێویستییەتی. نەک تەنها ئەو پێداویستییانەی لە وەرزی زستاندا پێویستیانە، بەڵکو چەک و کەرەستەی تریش بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی تەواو لە وەرزی بەهاردا. ئەگەر ئەمە بیرکردنەوەی شا بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە شاهیدی ململانێیەکی ناوچەیی فراوان دەبین.

(. . . . نهێنی)

(. . . . نهێنی)

بۆیە پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کە بەهێزترین پێشنیاری دەستپێشخەری، پێشکەشی شا بکەین بۆ یەکلاییکردنەوەی دژیەکی و ململانێ و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران و چۆن دەتوانرێت بیانگۆڕین بۆ ڕێکەوتن و بەرژەوەندیی هاوبەش، وەک لە پێشدا پێشنیارمان کردووە. پێموایە باشترین هەوڵ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوەیە ئامۆژگاریی شا بکەین کە تاقی بکاتەوە تا چەند عێراق حەزی بۆ ئاشتەوایی جددییە. بەڵام بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی سەخت و دژمنکارانە نا، کە وا بزانرێت ڕژێمی بەعس چاک نابێت.

لەو بەڵگەنامانەی پێشوودا، ڕوون دەبێتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵی بە تاران و ئێراقەوە ناوە بۆ ئاشتی و تەنانەت لە ڕووی مرۆییەوە، گرنگیی بە چارەنووسی گەلی کورد و مەینەتییەکانیانی نەداوە، چ جای مافە نەتەوەییە ڕەواکانی. وەک لە ڕاپۆرتەکەی پێشوودا هاتووە، ڕوانینیان بۆ سەرکردایەتیی کورد باش نەبووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەرکردایەتیی کورد دەستی بە خەون و خەیاڵەکانیەوە گرتبوو و نەیدەویست ڕاستییەکان ببینێت، سەرکردایەتیی بەعس لە ڕێگەی هەڵمەتە سەربازییەکانی پێشتری کە لە ساڵی ١٩٦٣دا ئەنجامی دابوون و پاشان دوای ساڵێک لە شەڕی ١٩٧٤دا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە بە شەڕ کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد ناهێنێت، لەبەرئەوە دەبێت لەودیو سنوورەکانەوە بەدوای چارەسەردا بگەڕێت. لێرەوە ڕژێم ڕوویکردە شا، حکومەتی بەغدا پێشبینیی هەرەسی بزووتنەوەی کوردی نەدەکرد، تەنها

به واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر نەبێت، بەڵکو وایان دەبینی کە بزووتنەوەکە بەردەوامی دەبێت، چونکە لەلایەن گەلی کوردەوە پشتیوانیی دەکرێت و سەرکردایەتیی کورد پابەندە بە بەردەوامیدان بە بزووتنەوەکە و ئامادەی بەخشینی خوێن و قوربانیدانە، بەڵام بڕینی هاوکارییەکانی ئێران، یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەری سەربازی. گەلی کورد خۆیشی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە سەرکردایەتییەکەی پابەندە بە بزووتنەوەکەوە و بە هەر نرخێک بێت دەستبەرداری نابێت. دروشمی (کوردستان یان نەمان) کە واتاکەی (یان کوردستان یان مردن)ە، ئەو دروشمە شەو و ڕۆژ پڕوپاگەندەی پارتی دەیانوتەوە، لە ڕێگەی پڕۆسەی دووبارەکردنەوەی میدیایی و زارەکی و نووسراو بۆ ساڵانێکی زۆر، قوونڵ چوو بووە ناو ویژدانی گەلی کورد و هەرگیز گومانیان لە پابەندبوونی سەرکردایەتییەکەیان بەم دروشمە بنەڕەتییە نەبوو، بەڵام ئەو ڕووداوانەی دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر هاتن، سەلماندیان کە حکومەتی بەغدا و گەلی کورد هەردووکیان لە هەڵەدا بوون. پڕوپاگەندەی پارتی، جەختی لەسەر پاڵەوانێتی و گەورەیی و ئازایەتی و ئیرادەی سەرکردایەتیی دەکردەوە، کە شکست ناناسێت. تەنانەت کاتێک مەلا موستەفا شاندێکی نارد بۆ قاهیرە بۆ بینینی سادات، شاندی کوردی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان)، محەمەد حەسەنێن هەیکەلیان بینی و گفتوگۆ لەسەر بابەتی ئاشتەوایی نێوان بەغدا و تاران کرا. حەسەنێن هەیکەل لە چاوپێکەوتنێکیدا لە تاران، بە مەلا موستەفای گوتبوو: من لەبیرمە چەند ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەی جەزائیر لە نێوان شا و سەددام حوسێندا؛ کە تۆ یەکێک لە جێگرەکانت لە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد ناردبوو بۆ قاهیرە بۆ بینینی سەرۆک ئەنوەر سادات، هەروەها لەبیرمە نێردراوەکەی تۆم بینی لە قاهیرە و ئاگادارم کردەوە لە کۆبوونەوەی نێوان شا و سەددام حسێن، کە ڕێکەوتنێک لە نێوان هەردوولایاندا دەکرێت، ئەو پێیگوتم: هەر ڕێکەوتنێک لە نێوان هەردوولادا بکرێت کە شا و سەددام پێی دەگەن، ئێمە بەردەوام دەبین لە بەرگریی ساڵ

لە دوای ساڵ و چۆك دانادەین.... بەڵام بینیمان دوای چەند ڕۆژێک لە ڕێکەوتنی شا و سەددام، چۆکتان دادا. "[٢٦٥]

دەستپێشخەرییەکەی سەددام لە کاتی خۆیدا هات، چونکە کیسنجەر تازە گەیشتبووە ڕێکەوتنی نێوەندگیریی هێزەکان لە سینا لە نێوان میسرییەکان و ئیسرائیلییەکاندا، سوریا پشتگیریی ئەم ڕێکەوتنەی نەکرد، لەبەرئەوە پێویست بوو گۆشەگیر بکرێت و دەوری لە بانگەوازە نەتەوەییەکانیدا کەم بکرێتەوە. بۆ کیسنجەر و ئەنوەر سادات، ئەگەر توانیبایان عێراق لە دڕکی کورد ڕزگار بکەن، ئەوا ئەم عێراقە دان بەم چاکەیەدا دەنێت و ڕازی دەبێت بەوەی میسر بە بێدەنگی مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات. [٢٦٦]

لەلایەکی ترەوە شا ئاماژەی بۆ حکومەتی عێراق دەنارد، بە پەیڕەوکردنی - سیاسەتی گۆچان و گێزەر - کە خوازیارە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بگاتە چارەسەر، بەپێی مەرجەکانی خۆی. ئەم لایەنە پەنهانەی سیاسەتی شا، لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە بە بێباکی چاوی لێدەکرا. شا، پەیوەندیی باشی لەگەڵ سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات هەبوو، حکومەتی بەغدا هاتن و مانەوەی ملیۆنێک هاوڵاتی میسرییان لە عێراق بۆ کارکردن ئاسان کردبوو، بەمە بارگرانی لەسەر لاوازیی ئابووریی میسریی کەمکردەوە. سادات.[٢٦٧]ویستی یارمەتیی بەغدا و شا بدات، کە پەیوەندیی باشی لەگەڵ هەردوولا هەبوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ململانێی خۆیناویی نێوان بەغدا و بزووتنەوەی کورد.

دیپلۆماتکاری میسری ئەشرەف مەروان، دەستیکرد بە ڕاوێژ لەگەڵ تاران و بەغدا، تاران ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ وازهێنان لە یارمەتیدانی کورد بەرامبەر بە دەستبەرداربوون لە ناوچەی شەتولعەرەب لەلایەن عێراقەوە، بەغدایش ئاماژەی دا کە کۆتایی بە سیاسەتی دژایەتیی ئێران دەهێنێت و هاوپەیمانیی لەگەڵ دیمەشق ناکات دژ بە ڕێککەوتننامەی سینا. هەروەها باڵیۆزی جەزائیر لە بەیروت، پشتگیریی سەرۆکی

---

[٢٦٥]، جريدة الأنوار. ٦ أيلول ١٩٧٥ . أحاديث ٢ . مناقشات مع صقر عجوز . بصراحة. محمد حسنين هيكل.

[266]. L'Express. Comment les Kurdes ont été trahis. Emile Guikovaty, 8 – 14 Mars. 1976

[267] L'Express. Comment les Kurdes ont été trahis. Emile Guikovaty, 8 – 14 Mars. 1976

جەزائیر (هواری بومەدیەن)ی بۆ سەددام حوسێن سەبارەت بە ڕێکەوتن لەگەڵ شا دووپاتکردەوە. پێدەچێت حکومەتی جەزائیر ترسابێتن لە هەڵکشانی داواکاریی ئەمازیغییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، وەک هەمان بارودۆخی کوردەکان، ئەمەیش یەکێکە لە هۆکارەکانی گرنگیدانی جەزائیر بۆ کۆتاییهێنان بە مەسەلەی کورد لە بەرژەوەندیی بەغدا، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی هەستی ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیی عەرەبی.

هەردوولا، بە خێرایی و لە ڕێگەی دیپلۆماسیی نهێنییەوە، لە ڕێکەوتن نزیک دەبوونەوە. لەگەڵ بەردەوامیی بۆردومانی بەردەوام و وردی تۆپخانەی ئێران دژ بە پێگەکانی سوپای عێراق لە بەرەکاندا کە لە بارودۆخێکی خراپدا بوون، شا پێویستیی ئامادەیی مەلا موستەفای لە تاران بینی، لە دوای بانگهێشتنامەی فەرمی بۆی بەمەبەستی ئامادەبوونی لە لووتکەی (ئۆپیک) لە جەزائیر. مەلا موستەفا لە ٢٦ی شوباتی ١٩٧٥دا چوو بۆ تاران. شا، بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا و جیهانی عەرەبیدا زیاتر بینی وەک لە بزووتنەوەی کورد، کە ببووە بارگرانیی بەسەریەوە. شا و سەددام حوسێن، ڕێکەوتنێکی لەناکاویان بۆ جیهان و بەتایبەت بۆ سەرکردایەتیی کورد واژۆ کرد، کە بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناسراوە لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥، هەردوولا یەکیان لە ئامێز گرت و لەناو چەپڵەڕێزانی سەرۆکی دەوڵەتانی ئامادەبووی ڕێکخراوی ئۆپیك، وا دەرکەوت کە هەموو لایەك دڵخۆشن بەم دەستکەوتە. مەلا موستەفا و ژمارەیەک لە یاریدەدەرانی لە تاران، لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانییەوە هەواڵەکانیان بیست، لە کاتێکدا ئەوان میوانی ساواک بوون و لە پایتەختی ئێران بوون، بە نیگەرانییەوە سەیری ئەوەیان دەکرد کە لە لووتکەکەدا چی ڕووەدات، چاوەڕێی گەڕانەوەی شا بوون، تاوەکو لە زاری خۆیەوە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ڕێککەوتننامەکە ببیستن.

هەڵاتن و دەستبەردان لە گەلی کورد
(کۆتایی گەمەکە)

لەکاتێکدا کە ئێرانیەکان تۆپەکانیان دەکشـــاندەوە بۆ ئێران، دوای ڕێککەوتننـــامەی جەزائیر، شـــەڕ گەرم بوو و هێڵی بەرگری بە خۆگری مابووەوە، پێشـمەرگە ئازایانە، بێگوێدانە ژیان دەجەنگان، وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦و پێشتر دەیانکرد. لەبرو سکەیەکدا کە ئیـدریس بە دەنگی بەرز خوێنـدیەوە، هـاتبوو: ئێســـتـا ئێمە لە شۆڕشێکی ڕاستەقینەداین.
جەرجیس فەتحوڵا

تریتا پارسی، لە بارەی گرنگیی ڕۆڵی ئێران و پێگەی ستراتیژیی لە ناوچەکەدا، دەڵێت: بەدرێژایی سێ هەزار ساڵی ڕابوردوو، ئێران ڕۆڵی سەرەکیی لە ناوچەکەدا گێڕاوە، ئەمەیش هاوکێشەیەکی سروشتی بووە، نەک شتێکی دەگمەن. لە نێوان ساڵانی (٥٥٠ پ.ز تا ٦٣٠ ز) فارسەکان لە ڕیزی هێزە سەرەکییەکانی جیهاندا بوون و شکستیان بە سوپاکانی بابل، ئاشوور، میسر، ئاتینا و ڕۆما هێناوە. فارسەکان یەکەم ئیمپراتۆریەتیان لە جیهاندا دامەزراند، کە لە لیبیاوە لە ڕۆژئاوا تا ئەسیوپیا لە باشوور و لە بولگاریاوە لە باکوور تا هندستان لە ڕۆژهەڵات، درێژ دەبووەوە. ڕۆمای بەهێزیش، ڕووبەڕووی هەردوو ئیمپراتۆریەتی پارسی و ساسانی بووەوە، وەک دوو ڕکابەری خۆی. ئێران خاوەنی سەرچاوەی سروشتیی زۆر و پێگەیەکی جوگرافیی ستراتیژیی بێوێنە و کولتووری زیندووە. لەڕووی ژمارەیشەوە، دانیشتووانی لە دراوسێکانی زیاترە. بەهۆی ئاگاهییان لەو تایبەتمەندیانەی هەیانە، هەمیشە خولیای ئەوەیان هەبووە لە ڕیزی پێشەوەی بەڕێوەبردنی سیاسیی ناوچەکەدا بن. شای ئێران، ئاگاهی ئەم مێژوەی هەبوو،

لەبەرئەوە خەونی بە زیندووکردنەوەی ڕابوردووی مەزنی ئێران و بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز دەبینی، هاوشێوەی ئەوەی لە سەردەمە کۆنەکاندا هەبووە.[٢٦٨]

شا، لە ڕۆژئاوا خوێندبووی و بە ڕەوانی بە زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیی قسەی دەکرد، هەستی بە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئێرانیی دەکرد. لە سیاسەتی دەرەوەیدا، تەمای ئەوەی هەبوو خۆی لە ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان بەدوور بگرێت و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا بەهێز بکات. لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا، شا ڕووبەڕووی دوژمنایەتیی جەمال عەبدولناسر، بەعس لە سوریا و عێراق و شەپۆلی کۆمۆنیزم بووەوە. هەوڵی دەدا کێشە بۆ دەوڵەتە عەرەبییە نەیارەکانی و ڕکابەرەکانی ئێران دروست بکات، ئەوانەی ڕکابەرییان دەکرد لە هەژموونیان بەسەر ناوچەی کەنداوی فارس – عەرەبی. لێرەوە هەوڵی نزیکبوونەوەی لە ئیسرائیل دا و پەیوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دوای کۆدەتای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە عێراق گرێ دا. دەتوانرێت دوو هەلومەرج دیاری بکرێت لە هۆکار و پێویستیی پەیوەندیی نێوان تاران و تەلئەبیب: یەکەمیان دوژمنایەتیی دەوڵەتە عەرەبە ڕادیکاڵەکان (ناسری و بەعسییەکان) لە دژی شا، کە لە هەمان کاتدا دژی ئیسرائیل و ڕۆژئاوایش بوون و لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە پاڵپشتی دەکران. دووەم بە کۆتاییهاتنی دوژمنایەتیکردن لەگەڵ میسر دوای کۆچی دوایی جەمال عەبدولناسر و هاتنە سەرکاری ئەنوەر سادات. هەروەها ئاشتبوونەوە لەگەڵ عێراق، بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئاداری ١٩٧٥ دەستیپێکرد. پەیوەندییەکانی شا لەگەڵ ئیسرائیل، کەوتبوونە سەر ئاستی دوژمنایەتی یان ئاستی ئاشتەوایی ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبە ڕادیکاڵەکان. پەیوەندییەکانی ئیسرائیل - ئێران لە سەردەمی شادا، لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەک بوو کە ڕێگەی دەدان بەرەنگاری هەڕەشە دەرەکییەکان ببنەوە. ئێرانیش لەمەدا ئامانجی ئەوە بوو وڵاتانی عەرەب ڕۆڵی سەرەکیی ئێران لە ناوچەکەدا پەسەند بکەن. تریتا پارسی دەربارەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی

[268] Treacherous Alliance. Trita Parsi. Yal University press/new haven and London. 2007.p:39.

ئیسرائیل - ئێران دەڵێت: هەستی دژەئیسرائیل تەنها لە نێو جەماوەری ئێراندا نەبوو، بەڵکو لەناو حکومەتیشدا هەبوو. هەستی کاربەدەستانی حکومەت، زیاتر پاڵنەری سیاسی بوو نەک ئایینی. فەرمانبەرێکی پێشووی ئێران دەڵێت: ئەو تەکنۆکراتانەی هاوکاریی ئیسرائیلیان دەکرد، لە ڕاستیدا ناڕازی بوون لەو مامەڵەیەی ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکاندا دەیکرد. ڕەخنەگرتن لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل، لەناو حکومەت و وەزارەتی دەرەوەدا ئاشکرا بوو، لە کاتێکدا ساواک و سوپا خوازیاری پەیوەندیی پتەوتر بوون لەگەڵ ئیسرائیل، بەهانە و بەڵگەی وەزارەتی دەرەوە ئەوە بوو کە سەرژمێریی عەرەب لە زیادبووندایە و هەموو دەوڵەتە بێلایەنەکانیش لە دژی ئیسرائیل لەگەڵ عەرەبدان. بەڵام وەزارەتی دەرەوە کاریگەریی نەبوو لەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر تەلئەبیب، شا و ساواک ئەم بابەتانەیان لێ دەشاردنەوە.[٢٦٩]

بڕیارەکەی ئەنوەر سادات بۆ دەرکردنی شارەزایانی سۆڤیەت لە میسر لە ١٨ی تەمموزی ١٩٧٢، لەلایەن شاوە پێشوازیی لێکرا و لای خۆیەوە هەوڵی دا لە ئەنوەر سادات نزیک بێتەوە. پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت، بەرەبەرە بەهێز بوون و شا هەوڵی دەدا ئەم پەیوەندییە بەکاربهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی هەژموونی زیاتر لە جیهانی عەرەبیدا و دواتر چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ عێراق. سەبارەت بە ئیسرائیلیش، جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ ساتێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ دڵنیابوون لە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر ئەو هەڕەشە ڕاستەوخۆیانەی ڕووبەڕووی ئیسرائیل دەبوونەوە، ئیسرائیل بۆی دەرکەوت کە شا لە گۆشەنیگای بەهێزکردنی پێگە و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە لە ناوچەکەدا، سەیری جەنگەکەی کردووە و لە کاتی تەنگانەدا لە جەنگی ڕۆژی لێخۆشبون - یوم الغفراندا هاوکاریی ئیسرائیلی نەکرد، سەرەڕای هەبوونی ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە عێراق. هەروەها شا هیچ زانیارییەکی

[269] TreacherousAlliance. Trita Parsi. Yal University press/new haven and London. 2007.page: 62

دەربارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسر بۆ ئیسرائیل ئاشکرا نەکرد، ئێران سەرەڕای نزیکبوونەوەی لە بەرەی ڕۆژئاوا، بەڵام هەروەک هەڕەشە وا بوو بۆ سەر ئیسرائیل، وەک ئەوەی لە جەنگی ئۆکتۆبەردا لە سایەی دەسەڵاتی ساداتدا ڕووی دا و هەڵوێستی ساردی ئێران سەلێنرا. دەوڵەتی عیبری دوای جەنگ، بەراورد بە پێش جەنگ زیاتر پێویستی بە ئێران بوو. ئیسرائیل بەهۆی کەمیی بواری مانۆڕکردن و گرتنەبەری پلان یان هاوپەیمانیی جێگرەوە، هیچ بژاردەیەکی تری نەبوو جگە لە هەوڵی وەبەرهێنانەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاراندا. لە پێناو بونیادنانی پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئێران، تەلئەبیب (ئوری لوبرانی)ی کە کەسایەتییەکی شارەزا بوو، وەک سەرۆکی شاندی ئیسرائیل لە تاران لە ساڵی ١٩٧٣ دەستنیشانی کرد، ناوبراو چەندین پۆستی گرنگی هەبوون، لەوانە ڕاوێژکاری کاروباری عەرەبی (دەیڤد بن گۆریۆن). ئامانج لەم دەستنیشانکردنە، زیادکردنی گرنگیی دیپلۆماسی ئیسرائیل بوو لای ئیمپراتۆری ئێران، بەڵام بێ ئومێد بوون، چونکە هیچ دیپلۆماتکارێکی ئێرانی لە فڕۆکەخانەی میهراباد ئامادە نەبوو بۆ پێشوازی لە (لوبرانی)، هەروەها داواکارییەکەی بۆ بینینی ئیمپراتۆر، سێ ساڵ و نیوی خایاند.[٢٧٠]

دوای جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، ئێران دەستیکرد بە گەڕان بەدوای ڕێگەیەکی تردا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هێڵی لوولەی ئیسرائیلی بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ ئەوروپا، هێڵی (ئیلیات - ئەشکەلۆن) تا ڕادەیەک گرنگییە ستراتیژییەکەی لەدەست دابوو، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروستکرابوو کە ئێران بتوانێت خۆی لەو زەوییانە بەدوور بگرێت، کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتە دوژمنەکاندا بوون و لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە پاڵپشتی دەکران. ترسی ئیسرائیل لەوەی ئێران بەکارهێنانی هێڵەکە ڕابگرێت، وایکرد هەوڵی دیپلۆماسی بدەن بۆ ڕازیکردنی شا، کە هەنگاوێکی لەو شێوەیە نەنێت. لەم بارەیەوە پرۆفیسۆری ئیسرائیلی (سۆلی شەقار) دەڵێت:

---

[270] ،Treacherous Alliance. Trita Parsi. Yal University press/new haven and London .2007 .page:51

ئیسرائیلییەکان زۆر دەترسان، سەردانی سەرکردە ئیسرائیلییەکان وەک: یگال ئەلۆن، ڕابین و پێرێس بۆ ئەوە بوو، گەرەنتیی زیاتر لە شا وەربگرن سەبارەت بە بەردەوامیی ڕژانی نەوت. ئەمە گرنگترین بابەت بوو لە نێوان ئێران و ئیسرائیل لە دوای جەنگی ڕۆژی لێخۆشبوونەوە.[٢٧١]

شا، پێیوابوو لۆبیی جوولەکە، کۆنترۆڵی میدیاکانی ئەمریکای کردووە و زۆربەی وتارەکانی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لەلایەن ئیسرائیلەوە ئیلهامیان پێدەدرێت، بەو هۆیەوە هەوڵیان نەدەدا دوژمنایەتییان بکەن. کاتێک ناوبانگی دەسەڵاتی شا لە ئەمریکا لە ساڵانی حەفتاکاندا خراپ بوو، دوای زیادبوونی دەنگی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و تەسکبوونەوەی ئازادییە دیموکراسییەکان، پێویستی بە لۆبیی جوولەکە بۆ باشکردنی وێنەی شای ئێران زیادی کرد. ئەمەیش وای کرد ئیسرائیل پێشنیاری پاڵپشتی بکات لە بەرامبەر سازشکردنی (شا)دا. شەمعون پێرێس بەڵێنی ئەوەی پێدان، بەڵام وەک ئەوەی باڵیۆزی هەمیشەیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان (هوەیدا) باسی دەکات، پێرێس هیچ کارێکی نەکرد و بەڵێنەکە هیچ تێچوویەکی بۆ نەبوو، تەنها فێڵێکی هەرزان بوو.[٢٧٢]

نزیکبوونەوەی شا لە سادات، بەردەوام بوو. دوای ئاگربەست لە ساڵی ١٩٧٣ واشنتۆن دەستیکرد بە دانوستانی جیاکردنەوەی هێزەکان لە نێوان میسر و ئیسرائیل. ئێران ڕۆڵێکی چالاکی لەو دانوستانانەدا گێڕا، بۆ پاڵپشتیکردنی هەڵوێستی سادات، شا داوای گەڕاندنەوەی هەموو زەوییە داگیرکراوەکانی دەکرد لە بەرامبەر ئاشتیدا. شا ڕەخنەی لە ئیسرائیل گرت بەهۆی هەڵوێستە سەخت و دوور لە دانایییەکەی، بە هۆکاری ئەوەی ئیسرائیل داوای لە دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکرد دەبێت دان بە بونیاندا وەک دەوڵەتی ئیسرائیل بنێن، تاران فشاری خستە سەر تەلئەبیب بە سڕکردنی هاوکارییە سەربازییەکان و ڕاگرتنی کڕینی چەکی ئیسرائیلی. فەرمانبەرانی ئێرانی بە (لوبرانی)ی

[271] Treacherous Alliance. Trita Parsi. Yal University press/new haven and London. 2007.page:51

[272] Treacherous Alliance. Trita Parsi. Yal University press/new haven and London. 2007.page: 63.

نوێنەری تەلئەبیبیان لە تاران ڕاگەیاند؛ کە پەیوەندییەکان بە سڕکراوی دەمێننەوە بە درێژایی دانوستانەکانی نێوان میسر و ئیسرائیل. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی کە لە ڕۆژنامەی (الحوادث)ی بەیروتی کاری دەکرد، شا بە ڕاشکاوی ستراتیژی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە لەوەی گەڕان بەدوای ئاسایشی خۆیدا، لەسەر بنەمای داگیرکردنی زەوییەوە بونیادنراوە. شا وتی: ئیسرائیل هەڵەیەکی گەورە دەکات کە بۆ ئاسایشی خۆی، پشت بە زەوییە داگیرکراوە عەرەبییەکان دەبەستێت. لەم سەردەمەدا فڕۆکەکان لە بەرزیی ٨٠ هەزار پێ دەفڕن و مووشەکی زەمین – بە زەمین بەربەستەکان ناناسێت و چی تر شتێک نەماوە بەناوی سنووری ئارامیی ئیسرائیل. تاکە گەرەنتی بۆ ئیسرائیل، گەرەنتیی نێودەوڵەتییە بۆ سنوورەکانی پێشووی. ئایا ئیسرائیل پیاوی پێویستی هەیە بۆ داگیرکردنی هەموو زەوییە عەرەبییەکان؟ ئایا دەتوانێت بچێتە جەزائیر؟ ئایا دەتوانێت شەڕی عەرەبستانی سعوودی بکات؟ لەوەیش زیاتر، ئایا ئیسرائیل دەتوانێت تێچووی سەربازیی دە ساڵی داهاتوو لە ئەستۆبگرێت؟ کێ ئەو خەرجییانە دەدات؟ ئێوەی ئەمریکی خەرجییەکانی دەدەن؟ لە پێناو چیدا؟ ئایا بۆ پاڵپشتیکردنی پرسێکی نائەخلاقیی داگیرکردنی زەوی ئەوانی تر، بە زەبری هێز؟[٢٧٣]

تریتا پارسی لەسەر لێدوانەکەی شا دەڵێت: ئەم وشانە بۆ ئیسرائیل، مایەی نیگەرانی بوون، بەڵام خیانەتی ئێران بەرامبەر دەوڵەتی عیبری (لە گۆشەنیگای ئیسرائیلەوە) جارێ ڕووینەداوە و لەڕێیە، ئیسرائیل بڕوای تەواوی وابوو کە شا لەبەر خاتری عەرەبەکان (لە ئاشکرادا) بەردەوام دەبێت لە ڕەخنەگرتن لە ئیسرائیل، بەڵام ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەشارێتەوە و ناهێڵێت دەربکەون، تەلئەبیب تەنانەت لە تووندترین دەمەکانی ناکۆکیی نێوان ئێران و خۆیدا، چاوەڕوانی ئەوەی لە ئێران نەدەکرد کە بەو کتوپڕی و لە ناکاویە (پاڵپشتی و هاوکارییەکانی کە ئیسرائیل بۆ ڕاپەڕینی گەلی کوردی عێراقی دەنارد دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر ڕابگرێ، شا بۆ ئەو

[273] Ibid, page: 52

بڕیار و کردارەی، هەرگیز ڕاوێژی بە ئیسرائیل نەکردبوو[٢٧٤]). لە ڕاستیدا شا کە زۆر هەستیار بوو بەرامبەر پەیوەندییەکانی کورد و ئیسرائیل، لە نیازەکانی ئیسرائیل دڵنیا نەبوو بەهۆی سووربوونی ئیسرائیل لەسەر هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ تاران بۆ ئەو بابەتە، بۆیە دەبینین شا هەموو ڕایەڵەکانی پەیوەندیی لە دەست خۆیدا هێشتبووەوە و قبوڵی نەدەکرد هیچ شتێکی لێ بشاردرێتەوە.

دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر (ئاداری ١٩٧٥) کە گورزێکی بەهێز بوو لە ستراتیژی ئیسرائیل و متمانەی ئیسرائیلی بە شا لەقاند، هەروەها جارێکی تریش گورزێکی تری لە ئیسرائیل وەشاند، دەوڵەتە عەرەبییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا توانییان بابەتی زایۆنیزم وەک هاوواتای ڕەگەزپەرستی بخەنە دەنگدانەوە و کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٣٣٧٩ی پەسەند کرد، کە دەڵێت: زایۆنیزم، شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی ڕەگەزی و داوای کۆتاییهێنان بە هەموو شێوەکانی جیاکاریی ڕەگەزیی کرد لە ناویشیاندا زایۆنیزم. ئەم بڕیارە لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا درا، ٧٢ دەوڵەت دەنگیان پێدا و ٣٥ دەوڵەت دژی بوون و ٣٢ دەوڵەتیش بێلایەن بوون، ئێران بە (بەڵێ) دەنگی بۆ بڕیارەکە دا، ئەمەیش بێ ئومێدییەکی گەورەی بۆ ئیسرائیلییەکان دروستکرد، ئێران لە سیاسەتیدا لە دەوڵەتە عەرەبیەکان نزیک دەبووەوە و دەیویست سەربەخۆیی سیاسەتەکانی خۆی بسەلمێنێت و ڕۆڵی سەرەکیی لە ناوچەی کەنداودا بگێڕێت و بیسەلمێنێت کە پاشکۆی سیاسەتی واشنتۆن یان تەلئەبیب نییە. باڵیۆز هوەیدا دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی شا، کە نیازی ئەوەبوو هەژموونی خۆی بەسەر کەنداوی فارس بسەپێنێت، نەیدەتوانی دەنگ بەو بڕیارە نەدات و دەنگدان ڕەت بکاتەوە.[٢٧٥]

هەروەها سیاسەتی ئێران کە تەمای سەرکردایەتی هەبوو، ڕێگریی دەکرد لە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی دەنگدان. لە تارانیش، ئیسرائیلییەکان بێ ئومێدیی

[274] Ibid, page: 52

[275] ,Ibid,p:65.

خۆیان لەم هەڵوێستە دەربڕی، کاتێکیش سەرۆکی نێردەی ئیسرائیل چاوی بە شا، کەوت شا ڕەتیکردەوە باس لەو بابەتە بکات، بەو بیانووەی کە باسکردنی شتێک کە ڕابوردووە، هیچ سوودێکی نییە.

"یەکێک لە ئەنجامەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دوای جەنگی ١٩٧٣، ئەوە بوو کە ئێران و عێراق خولیای ئەوەیان هەبوو ڕۆڵی ناوچەیی گەورەتر بگێڕن، بۆ ئەم مەبەستە دەبوو گرنگیی بە دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزتر بدەن، چونکە گەشەکردنی خێرا لە بواری ئابووریياندا، زیادی کرد. بەهۆی هاوردەکردنی زۆری کەلوپەلی دەرەکی لەلایەن بەغداوە، گرنگیی بەندەرەکانی بەسرە و ئوم قەسر و کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر شەتولعەرەبدا هەڵکشا. ئێرانیش لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستیکردبوو بە بەکارهێنانی سەرچاوە نەوتییەکانی کەناراوەکانی کەنداوی فارس و ئاسانکاریی گەورەی لە بەندەرەکان بۆ بارکردن و داگرتنی کەلوپەل لە دوورگەی خەرەج دروستکرد. بەمەیش پشتبەستنی خۆی کەمکردەوە بە گواستنەوەی نەوتی پاڵێوراو لە پاڵاوگەکانی ئابادانەوە بۆ بەندەرەکانی خواروووی کەنداوی فارس، ئەمەیش ئەنجامی کاردانەوەی نیگەرانییەکانی ئێران بوو بەرامبەر دەستوەردان و ڕاوەدوونانی کەشتییە ئێرانییەکان لە شەتلعەرەب. بەندەری سەرەکیی ئێران خورەمشەهر کە هاوسێی ئابادانە، ببووە شادەماری هاوردەکردنی ملیۆنان تۆن کەلوپەل لە ساڵێکدا، جگە لە وەبەرهێنانی تری دەوڵەت و کەرتی تایبەت لە چەندین بواردا وەک (پێترۆشیمی، پۆڵا و پیشەسازیی لوولە و.... هتد). خوزستان گۆڕدرا بۆ ناوەندێکی پیشەسازیی گرنگ، بۆ هەردوولا گرنگیی شەتولعەرەب و کەنداوی فارس دوو هێندە بوو، بۆ نموونە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٣ هەوڵی دا کوەیت ڕازی بکات بە گۆڕینەوە یان بەکرێدانی هەردوو دوورگەی (بوبیان) و (وەرەبە) بە عێراق، ئەم دوو دوورگەیە دەڕوانینە سەر ئەو دەروازەیەی دەچێتە سەر بەندەری ئوم قەسری عێراقی لە کەنداو و ڕێگەی خاوەندارێتیی بە عێراق دەدا

بەندەرێکی ئاوی قووڵ لە کەنداودا پەرەپێبدات. کاتێک کوەیت ئەم داواکارییەی ڕەت کردەوە، عێراق هەوڵی دا بە زەبری هێز دەستیان بەسەردا بگرێت.[٢٧٦]

دروشمە نەتەوەییەکانی بەعس: (یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم) و دوژمنایەتییە ئاشکراکەی بۆ بەرەی ڕۆژئاوا، توندڕەویی شۆڕشگێڕیی دژی دەوڵەتانی کەنداو و ڕژێمە عەرەبە کۆنەپارێزەکان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و واژۆکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵیدا لە نیسانی ١٩٧٢ و هەروەها گرتنەبەری دروشمی ڕزگارکردنی (خوزستان) لەلایەن ڕژێمی دووەمی بەعسەوە، پاڵپشتیکردنی بۆ یاخیبوونی زەفار و شۆڕشگێڕە چەپەکان لە یەمەن، پاڵپشتیی بەرەی ڕزگاریی کەنداوی عەرەبی داگیرکراو و...هتد هەموو ئەمانە سەرچاوەی نیگەرانی و جێگای بایەخ و گرنگیپێدانی شا بوون. هەروەها ترسی ئەو لە شەپۆلی عەرەبی بە سەرکردایەتیی جەمال عەبدولناسر، پاڵی پێوە نا بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی بەهێزی نهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدا.

لە بەشەکانی پێشوودا، ئاشنای کەسایەتیی سەددام حوسێن و کەسایەتیی مەلا موستەفا بووین، پێویستە وتەیەکیش دەربارەی شای ئێران بڵێین. شا، تا ئەوپەڕی توانا سوودی لە وەڵامدانەوەی نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا وەرگرت، سەبارەت بە فرۆشتنی چەکە پێشکەوتووەکان. بە زیادبوونی قەبارەی سوپای ئێران لە ٢٢٥ هەزار سەربازەوە لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ ٣٨٥ هەزار تا ساڵی ١٩٧٥، پێویستیی بۆ پڕچەککردنی پێشکەوتوو بۆ سوپاکەی زیادی کرد. دەستکراوەیی شا لە کڕینی چەکدا، یارمەتیدەر بوو بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی ئەمریکا لە پاشماوەکانی قەیرانی نەوت لە سەرەتای حەفتاکاندا (دوای جەنگی ئۆکتۆبەر)، زۆربەی ئەو خەرجییە داراییانەی ئەمریکا کە لە قەیرانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجی کردبوون، دووبارە گەڕانەوە بۆ واشنتۆن لە ڕێگەی ئەو پارەیەی شا بۆ کڕینی چەکی ئەمریکی دەیبەخشی. لە ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٧ خەرجییەکانی ئێران، سێیەکی هەموو فرۆشی چەکی ئەمریکیی پێکدەهێنا، هەروەها بەردەوامیی

[276] Iran, Iraq, And The Legacies Of War. By Lawrence G. Potter and Gray G. Sick. Palgrave Macmillan,2004. P: 17-18

گەشەی ئابووریی ئێران، یارمەتیی شای دا کە سیاسەتی تاکلایەنانە بگرێتە بەر و وای کرد گومانی واشنتۆن و تەلئەبیبی لەسەر خولیا مەترسیدارەکانی خۆی دروستکرد[٢٧٧]. بودجەی هێزە چەکدارەکان بۆ ساڵی ١٩٧٣ - ١٩٧٤ بە ڕێژەی ٣٠٠٪ زیادی کرد و خەرجییەکان بۆ کڕینی چەک، زیاتر لە دوو هێندە بوو. شا خۆی بوو کە بڕیاری لەسەر پێداویستییەکانی سوپا دەدا بۆ جۆرەکانی چەک، بەبێ ڕاوێژکردن بە فەرماندە سەربازییەکان.[٢٧٨]

لە دیدارێکی لەگەڵ نێڵسۆن ڕۆکفێلەر (جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لە ٢٤ی ئازاری ،١٩٧٦ شای ئێران نیازەکانی خۆی درکاندن و وتی: سیاسەتی من، پاک و ڕاشکاوە و هیچ ئەجێندایەکی شاراوەم نییە. بە ئاشکرا دەیڵێم و دەمەوێت ئێران ڕۆڵ ببینێت لە زەریای هیندیدا. هیچ ناڕەزایەتییەکم نییە بەرامبەر بوونی ئەمریکا. لە ڕاستیدا بە پێداگرییەوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئێوە دەکەم[٢٧٩]. کەشتیگەلەکانی شا، دەستیانکرد بە گەڕان لە دەوروبەری هێڵی پانیی بیستەم و پاشان دوورتر بەرەو هێڵی پانیی دەیەم و دەستیانکرد بە تێپەڕبوون بە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا و نواندنی هێزی خۆیان. شا هەستی کرد کە ناتوانێت چاوپۆشی لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان سۆماڵ و ئەسیوپیا بکات، لەبەرئەوە لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە پاڵپشتیی سۆماڵی کرد. بە وتەی دیپلۆماتکارێکی ئێرانی کە دەڵێت: ئەنجامی شێتیی مەزنبوون (جنون العظمة) بوو لای ئەو و بۆ ئەو ڕۆڵەی کە بە شایستەی ئێرانی دەزانی. لە ڕوانگەی یەکێک لە پسپۆڕانی کاروباری عێراق (ئەندرو پاراسیلیتی)، زیادبوونی نیازمەندییەکانی شا دوای ساڵی ١٩٧٥، ڕەنگدانەوەی پاراستنی هەژموونی تاران بوو بەرامبەر زیادبوون و پڕچەکبوونی سوپای عێراق بە سەرکردایەتیی سەددام حوسێن کە خۆی لە پاشەکشەدا دەبینییەوە. شا دەستیکرد بە دەستوەردان لە هەموو کاروباری دەوڵەتدا، لەپڕ وای وێنا کرد کە ئەو لە هەمووان ژیرترە وەک ئەوەی وەزیرەکەی هوەیدا باسی کردووە و دەڵێت:

---

[277] Treacherous Alliance. Trita Parsi. Yal University press/new haven and London. 2007.p: 58.

[278] ،The Shah And I. Asadollah Alam. St. Martin's Press, New York. 1991. page: 13.

[279] ،Ibid,p:66

شا چی تر ڕاوێژی به شارەزایان نەدەکرد و پێداگریی دەکرد لەسەر شیکردنەوەکانی خۆی و بەتەنیا بڕیاری دەدا. بۆ خۆی کاری بە زانیاری و ئامارەکانی ساواک و وەزارەتی دەرەوە دەکرد، بەبێ شیکردنەوە. بەمەیش ڕەوتی بەڕێوەبردنی نهێنی و متمانە نەکردن بە کەسانی تر لای شا ڕەگی داکوتا و لە کۆتاییشدا بووە هۆی لەدەستدانی تەختی شاهێنشاهی. کاتێک دیاردەی ناسەقامگیری لە ئێراندا پەرەیسەند، ئەو زیاتر سزای ئەو ڕاوێژکارانەی دەدا کە ڕاپۆرتیان دەربارەی پێشهاتە خراپ و نەخوازراوەکان پێشکەش دەکرد، بەجۆرێک تەنیا ژمارەیەکی کەم مانەوە کە بتوانن شتێکی پێبڵێن. کاتێکیش لەگەڵ واقعدا بەریەککەوتن ڕووی دا، ئیدی کات زۆر درەنگ بوو.[٢٨٠]

سەرۆکی ئەمریکا ڕیچارد نێکسۆن، لەبارەی گرنگیی ڕۆڵی ڕژێمی شای ئێران بۆ ئەمریکا دەڵێت: دوای کشانەوەی بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩٧١، ئێران وەک هێزێکی سەربازی گەرەنتیدەری سەقامگیری لە کەنداو شوێنی ئەوانی گرتەوە. لە شەوی کشانەوەی بەریتانییەکاندا، هێزە ئێرانییەکان دوورگە ستراتیژییەکانی ئەبوموسا و هەردوو دوورگەی تومبی بچووک و گەورە کە دەڕوانن بەسەر گەرووی هورمزدا، داگیریکردن. لە ساڵی ١٩٧٣دا شا هێزی ئێرانیی نارد بۆ پارێزگای زوفاری عومانی. لەو شوێنەی کە گرووپە مارکسییەکانی ژێر چاودێریی یەمەنی باشووری دراوسێی، هەڕەشەیان لە ڕژێمی سوڵتانی عومان دەکرد. هەروەها فەرمانی بە پاراستنی گەرووی هورمز دا لە بنکەیەکی دەریایی لە (شا بەهار) لە بەلوچستانی ئێران. سەرەڕای ئەوەیش، ڕەتی کردەوە بەشداری لە بایکۆتی نەوتی عەرەبی بکات لە ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٧٣دا. شا بەردەوام بوو لە دانپێدانان بە ئیسرائیل. هەروەها نەوتی بۆ کەشتیگەلی ئەمەریکی لە دەریای ناوەڕاست دابینکرد و ڕێگریی کرد لەوەی عێراق ڕۆڵی گرنگ لە جەنگی (ئۆکتۆبەری ٩٧٣)دا بگێڕێت، ئەویش بە ناردنی هێز بۆ سەر سنوورەکانی عێراق و ئێران و لە ڕێگەی بەخشینی هاوکاریی نهێنی بە هێزە یاخیبووە کوردەکان. بەمە سوپای عێراقی بەستەوە و نەیهێشت بەشداریی جەنگی ١٩٧٣ بکات. لەو جەنگەدا، ئێران تەنیا

[280] Ibid,p:66.

وڵاتی ناوچەکە بوو کە ڕێگریی لە سۆڤیەت کرد، ئاسمانی ئێران بەکاربهێنێت. هەروەها سووتەمەنیی دابینکرد بۆ یەکێک لە فڕۆکەهەڵگرەکان لە زەریای هیندیدا، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کارەکانی. کاتێک داوامان لە هاوپەیمانەکانمان کرد هێز بنێرن بۆ ڤێتنامی باشوور، پێش ئەوەی ڕێککەوتننامەی پاریس قەدەغەی بکات، شا فڕۆکەکانی F-5sـی خۆی تەرخانکردن بۆ یارمەتیدانمان.

هەروەها پێشنیاری هێزی کرد بۆ یارمەتیدانی سعودیە، لەکاتێکدا ڕووبەڕووی فشار دەبوونەوە. هەروەها کێشەکانی پەیوەست بە ناکۆکییەکانی بەحرەین و عێراقی لەسەر زەوی چارەسەر کرد و هانی دەوڵەتانی تری ناوچەکانی کەنداوی دا بە ڕێککەوتننامە لە نێوان خۆیاندا، تایبەت بە ئاسایشی ناوچەکە. کاتێکیش هەوڵەکانی بەهۆی کۆدەتا کۆمۆنیستییەکەی ئەفغانستانەوە تووشی ئاستەنگ بوو، هەوڵی دا دڵی ئەوان بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی پشت بە هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکانی سۆڤیەت نەبەستن[٢٨١].

لە ماوەی ئەو دوو مانگەی دوای ڕاگەیاندنی نیازی بەریتانیا، بەمەبەستی کشانەوەیان لە کەنداو لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٨.

لە ماوەی دوو مانگ لە دوای ڕاگەیاندنەکە، یەکێتیی سۆڤیەت دەستیکرد بە ناردنی کەشتیگەلی دەریایی بۆ ناوچەکە و لە مانگی ئازاری ١٩٦٨ـەوە بە کردەیی.
بوونی هەمیشەییان لە زەریای هیندیدا پەیداکرد.

بۆ بەدبەختیی ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەنگی دژبەرانی جەنگی ڤێتنام بەرز ببوونەوە، ئەمەیش پرسیاری گرنگی وروژاند سەبارەت بەوەی ئایا ڕای گشتیی ئەمریکا ئەوە قبوڵ دەکەن وڵاتەکەیان تێوەبگلێت لە ململانییەکی درێژخایەن لەسەر کەنداوی فارس

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایشی کەنداو لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شوێنی بەریتانییەکان بگرنەوە کەچی بڕیاری دا پشت بە هێزە ناوخۆییەکانی ناوچەکە بە پلەی یەکەم ئێران و شانشینی عەرەبیی سعوودی ببەستن. لە

[281] Richard Nixon،The Real War. Warner book Edition. 1980. p: 83- 84

کاتێکدا هاوکارییەکانمان (ئەمەریکا) بریتی بوون لە دابینکردنی چەک و کەرەستەی تر، پلانەکەمان کە لەسەر ئەم دوو کۆڵەکەیە بنیاتنرابوو، بە باشی بەڕێوەچوو تا هەرەسهێنانی یەکێک لەم دوو کۆڵەکەیە ساڵی ١٩٧٩ واتە ئێران.[٢٨٢]

مامەڵەکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ شادا، وەک ئەوەی زلهێزێک بێت و - جگە لە هۆکارەکانی تر - لەناو دەروونی کەسایەتیی شادا هەستی هێز و گەورەیی گەشەپێدا، ئەمەیش یارمەتیدەر بوو لە تێرکردنی خەونە کوشندەکەی شێتیی مەزنبوون (جنون العظمة) کە دەکرێت ئەویش بەشی خۆی هۆکارێک بێت، کە بووە هۆی هەرەسی تەختەکەی لە بەردەم ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا.

ئاساییە کە گەلی ئێران بە گەشبینییەوە سەیری ئەو چاکسازییە کۆمەڵایەتییانەی شا بکەن، کە لە سەرەتادا ئەنجامیدان وەک یەکەم قۆناغی بزووتنەوەیەک بەرەو ئازادییە تاکەکەسییەکان و بەشداریی گەل لە ڕێژەسەی سیاسی و سەروەریی یاسا لە وڵاتدا، بەڵام بۆ شا ئەم ڕووحی گەشبینییە هانی دا بۆ گرتنەبەری ئاراستەیەکی پێچەوانە، ڕەوتی شێتیی مەزنایەتیی تێدا بەهێزکرد و خەونەکانی دواڕۆژێکی گەش بەشێوەیەکی ترسناک دوورکەوتنەوە و بووە هەڵم.[٢٨٣]

دوای ٢٢ ساڵی ڕۆ لە ڕووداو کە بەسەر تاجەکەی شادا هات، شا لە حکومڕانییەکەیدا گەیشتە دووڕیانێک لەبری ئەوەی وەڵامدەرەوەی پێداویستییە مەعنەوی و ماددییەکانی گەلەکەی بێت، کە ئەوە ڕێگەیەکە دەبێتە هۆی نەمریی و وەک چاکسازێکی مەزن، کەچی مەزنایەتیەکی کاتیی هەڵبژارد، لەبری ئەوەی سیستمێک دروست بکات ئێرانیەکان لە دواکەوتوویی و نەهامەتی ڕزگار بکات، کەچی دەستی لێ هەڵگرتن و سیستمەکەی هەرەسی هێنا. شا بەرگەی بیرۆکەی بەشداریی دیموکراتیانەی خەڵکی لە ڕۆژەسەی سیاسیدا نەدەگرت و ڕێگەی بە هیچ کەسێکی تریش نەدەدا خاوەنی جەماوەر بێت. تراژیدیای ئەو لێرەدایە، چونکە هەر مرۆڤێک سەرکەوتنی بەدەست بهێنابا و ڕێزی لێ

[282] Ibid,p:82.

[283] The Shah And I. Asadollah Alam. St. Martin's Press, New York. 1991. page: 82

بگیرابایە، ئەو وەک دوژمنێکی گریمانەکراو لێی دەڕوانی. بۆ ڕێگرتن لەم هەڕەشەیەی سەری، ئەوا گرنگیی دەدا بە داخستنی هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بە پێگەی جەماوەری و دەسەڵات بۆ هەر کەسێک هەوڵی بۆ بدایە. لە ڕوانگەی شاوە، دکتۆر مۆسەدیق هاوسۆزییەکی جەماوەریی لە نێوەندەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بەدەستهێناوە، بەهۆی سەرکەوتنی لە بواری خۆماڵیکردنی نەوت، بۆیە فەرمانی دا بە دووبارەڕێکخستنەوەی پیشەسازیی نەوت، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە کۆنترۆڵی هەر کەسێک لەم کایەیەدا.

کاتێک جەمشید ئامۆزگاری وەزیری دارایی، سەرکەوتنی لە دانوستانەکانی نێوان ئۆپێک و کۆمپانیاکانی نەوتدا بەدەستهێنا، شا گواستییەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، پێش ئەمەیش بە چەند ساڵێك وەک چۆن (ئارسانجانی) ئەوەی سەلماند کە لە وەزارەتێکی سادەی وەک وەزارەتی کشتوکاڵیشدا، دەتوانرێت زەمینەیەک بۆ جەماوەریبوون و دەسەڵات دابین بکرێت، کەچی شا دووری خستەوە و کردیە باڵیۆز، پاشان کارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی بەسەر پێنج وەزیردا دابەشکردن و بەمەیش هەڕەشەکەی بەتەواوی لەناوبرد.

شا زۆر هەستیار بوو، تەنانەت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خۆی دایمەزراندبوون، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە جەماوەریبوون و سەرکەوتنی ئەو سەرکردانەی لە پڕۆسەیەکی دیموکراتیدا هەڵبژێردرابوون، بەلایەوە قبوڵ نەدەکرا. بە تێپەڕبوونی ساڵان، وشەی دیموکراسی ئەوی تووشی هەستیاری دەکرد[٢٨٤].

شا هیچ ڕێزێکی بۆ وەزیرەکانی نەبوو، ئەسەدوڵڵا عەلەم وەزیری دەربار و دۆستی نزیکی شا دەڵێت: کاتێک لە ٢٣ی شوباتی ١٩٧٥ چاوم پێیکەوت: پێشنیارم کرد کە لە سەردانەکەیدا بۆ جەزائیر، تیمێکی ئاستبەرز یاوەری بکەن وەک: وەزیری دارایی، وەزیری ناوخۆ (کە لە هەمان کاتدا ناوبژیوانی سەرەکی بوو لەگەڵ ئۆپێک)، بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی و ژمارەیەک شارەزا، لەوانەیش دکتۆر فەلاح لەخۆبگرێت. بەڵام ئیمپراتۆر پرسیاری کرد: 'ئەم هەموو گوێدرێژە چی دەکەن؟' لە وەڵامدا وتم:

[284]،Ibid, p:10.

دەتوانن هەر ناوێکیان لێ بنێیت کە دەتانەوێت، بەڵام ئامادەبوونیان زۆر پێویستە. شا دانی بەوەدا نا کە ڕەنگە قسەکەی من ڕاست بێت.[٢٨٥]

لە یاداشتنامەکەیدا لە ٢ی ئازاری ١٩٧٥، دوو ڕۆژ پێش بەستنی کۆنگرەی وڵاتانی هەنارەکاری نەوت لە جەزائیر، ئەسەدوڵڵا عەلەم دەڵێت: دوای نیوەڕۆ، جەنابی ئیمپراتۆری مەزن وتارێکی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا پێشکەش کرد و تێیدا ڕای خۆی سەبارەت بە سیستمی سیاسی ڕاگەیاند و وتی: تێڕوانینی کۆن بۆ حیزبی ئۆپۆزیسیۆن، لە گیانکێشاندایە. لە ئەنجامدا تەنها یەک حیزب هەبێت کە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن، چەپ و ڕاست هەمووی تێیدا کۆدەبنەوە. گەنگەشەی سیاسی لە چوارچێوەی یەک حیزبدا، ئەنجام دەدرێت. ئەمەیش ئاسانکاری دەکات بۆ بیستنی ڕای ئۆپۆزیسیۆن و ئەگەر پێویستیشی کرد جێگەی سەرکردەکانی پارتەکە دەگرینەوە.[٢٨٦]

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی ئازاری ١٩٧٥، بومەدیەن (سەرۆکی جەزائیر) ڕایگەیاند کە ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عێراق، کۆتاییانهات. جەنابی ئیمپراتۆر و سەددام حوسێن، لە بەردەمی خەڵکدا باوەشیان بەیەکدا کرد و سوپاسی جەزائیریان کرد[٢٨٧].



باوەشکردنی شا و سەددام حوسێن دوای واژووکردن لەسەر ڕێککەوتنی جەزائیر، ٦ی ئازار ١٩٧٥

[285] Ibid,p:413.

[286] ،Ibid,p:415.

[287] ،Ibid,p:417.

هەینیی ٧ی ئازاری ١٩٧٥ کاتژمێر دووی بەرەبەیان، جەنابی ئیمپراتۆر گەیشتەوە. لە کاتێکدا لێوانلێو بوو لە گەشبینی. ئەو شایستەی ئەو سەرکەوتنە بوو کە بەدەستی هێنابوو. لە کاتی نیوەڕۆدا دانیشتنێکم لەگەڵیدا هەبوو، بە جەنابی ئیمپراتۆرم وت: کە بە بڕوای من ئەم سەردانەی، سەرکەوتووترین سەردانی بووە بەراورد بە هەموو سەردانەکانی تری. ئەویش وەڵامی دایەوە: وایە، هەرچەندە زۆر ماندووی کردم. هەموو شەوێک لە دوو کاتژمێر زیاتر نەخەوتووم. لەتەوالێتەکەدا لەسەر تەرازوو بینیم کە سێ کیلۆگرام کێشم دابەزیوە. سەبارەت بە (ئۆپێک)، هەموو شتێک بەو جۆرەیە کە دەمانەوێت. نزیکەی هەمان شت بۆ ڕێکەوتنەکە لەگەڵ عێراقیش ڕاستە. دەبوو مامەڵە لەگەڵ دوو کێشەی وەڕسکەردا بکەم کە لە باوکمەوە بۆم مابوونەوە. درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەی نەوت و پەیماننامەی شەتولعەرەب. ناتوانم سەرزەنشتی باوکم بکەم و ڕەنگە هیچ بژاردەیەکی تری نەبووبێت. بەڵام سوپاس بۆ خودا، سەرەڕای ئەوە گەیشتمە چارەسەرێکی ڕادیکاڵ بۆ کێشەی نەوت و ئێستا دوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر، توانیم پەیماننامەی شەتولعەرەب بدرێنم.

لێم پرسی: چارەنووسی کورد چی دەبێت؟ وا دیارە فەرمانی بە جەنەڕاڵ نەسێری کردووە، کە مافی پەنابەرێتییان لە ئێران بۆ پێشنیار بکات. بەڵام ئەی سەبارەت بە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان؟ جەنابی ئیمپراتۆر وتی: قسەی پڕوپووچە، ئەوان تووشی شکستی یەك لەدوای یەك هاتوون و ئەگەر بەهۆی پشتگیریی ئێمەوە نەبووایە، دە ڕۆژ بەرگەی عێراقیان نەدەگرت. چوار کاتژمێر و نیو لەگەڵ سەددام حوسێن دانیشتم، دانی بەوەدا نا کە تەنیا هۆکارێک ڕێگەی نەداوە سەرکەوتنی کۆتایی بەسەر کوردەکاندا بهێنن، بوونی هێز و تۆپخانەکانی ئێمە بوو. پێشنیازم کرد کە ڕەنگە داواکارییەکانی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کەڵکمان بێت؟ وەڵامی دایەوە: ڕەنگە وابێت، بەڵام گرنگ نییە ئەگەر ڕێکەوتنەکەمان لەگەڵ سەددام جێگیر بێت، دەکرێت بەغدا بەرەو پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لەگەڵ ئێمە هەنگاو بنێت و لە هەژموونی دەرەکی و بەتایبەت لەژێر کاریگەریی سۆڤیەت دوور بکەوێتەوە. وەڵامم دایەوە: بەڵام سااڵی ڕابوردوو، عێراقییەکان نزیک بوون لەوەی وەڵامی داواکارییەکانی کورد بدەنەوە. لە ڕاستیدا

کوردەکان لەسەر داوای جەنابتان وەڵامی ئەو پێشنیازەیان ڕەتکردەوە. ئەویش بە بەڵگەیەکی پێچەوانە وەڵامی دایەوە: نەخێر، هەردوولا دەیانزانی کە عێراق نیەتێکی جدیی نییە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکە. ئەوە بەڵێن نەبوو، بەڵکو تەنها فێڵێکی هەرزان بوو و هیچی تر.[٢٨٨]

ئەسەدوڵڵا عەلەم هیچ باسی ئەوە ناکات کە لە دیداری نێوان شا و مەلا موستەفا لە ١١ی ئازاری ١٩٧٥، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر چی ڕوویداوە، بۆیە لێرەدا دەقی وتەکانی دکتۆر مەحموود عوسمان دەگوازینەوە، کە لە ناو کۆبوونەوەکەدا ئامادە بووە: شا، بە بارزانیی ڕاگەیاند؛ کە ڕێککەوتننامەی جەزائیر پابەندی دەکات (واتە شا) بە بڕینی هاوکارییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد و هەروەها هەموو ئەو هاوکارییانەیش کە لە دەرەوە و لە ڕێگەی ئێرانەوە دەهاتن بۆ شۆڕشی کورد... هتد. ویستی ڕای بارزانی و پەرچەکرداری بزانێت. ئەویش بە کورتی وەهای وەڵام دایەوە: ئێمە گەلی تۆین و مادام تۆ بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ڕازیت و بەرژەوەندییەکانی ئێران (کە نیشتمانی دایکمانە) دەپارێزێت، ئێمەیش هیچمان دژی نییە و لەژێر فەرمانی تۆداین و ئەگەر بڵێیت بمرن، دەمرین و گەر بڵێی بژین، دەژین. ئێمە بۆ تۆ دڵسۆز بووین و ئێستایش هەروەهاین و لە داهاتوویشدا هەروا دەمێنینەوە. هیوادارین چاودێریی تۆ بۆ ئێمە و دۆزەکەمان بەردەوام بێت.. هتد[٢٨٩]

دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ئەسەدوڵڵا عەلەم لە مێژووی ١٢ی ئازار (چوارشەممە) ١٩٧٥دا نووسیویەتی و دەڵێت: جەنابی (شا)م لە دۆخێکی دەروونیی باشتردا بینی، بەراورد بە دوێنێ. هۆکارەکە سادەیە. دوێنێ دوای نیوەڕۆ نیگەران بوو بۆ دیداری موستەفا بارزانیی سەرکردەی کورد. سروشتییە تا ڕادەیەک هەست بە شەرمەزاری بکات کاتێک ڕووبەڕوو ئەو پیاوە دەبینێت، هەرچەندە کوردەکان زۆر پێش ئێستا تووشی شکست دەبوون ئەگەر پاڵپشتیی ئێمە نەبووایە. نزیکەی ١٠٠ تۆپی مەیدانی

---

[288] Ibid, p;:417-418.

[٢٨٩] محمود عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ٨٨-٨٩.

و بێشومار موشەکی SAMی دژەتانک لەژێر چاودێریی ئێران لە کوردستاندا هەبوون و ئەگەر هەلی گەڕانەوەیان نەبێت لە کاتی دیاریکراودا، دەبێت لە زووترین کاتدا لەناوببرێن. ڕای جیهانی، بەگشتی ئێمە بە ناپاک تۆمەتبار دەکەن. بەڵام بۆ ساتێکیش بیر لەوە ناکەنەوە کە بارودۆخی کورد بەبێ پاڵپشتیی ئێران، چۆن دەبوو. بەهەرحاڵ بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە.[٢٩٠]

لە مێژووی ٢١ی ئازار تا ٣ی نیسانی ١٩٧٥ عەلەم دەڵێت: باڵێۆزمان لە عەممانەوە نامەیەکی لە شا حوسێنەوە هێنابوو، تێیدا ناوی ژمارەیەک ناسیۆنالیستی کوردی تێدابوو، کە بەتەمای پیلانگێڕان بوون لە دژی ژیانی ئیمپراتۆری مەزن. بەپێی تایبەتمەندی، نامەکە پێشکەشی ساواک کرا.[٢٩١]

دووشەممە. ١٤ی نیسانی ١٩٧٥، دیدار لەگەڵ شا. ڕۆژنامەی (إطلاعات) نامەی یەکێک لە خوێنەرەکانی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا دەپرسێت: بۆچی دەستووری پارتە نوێیەکە، بایەخێکی کەم دەدات بە دیاریکردنی ئەندامانی حکومەت و شێوازی بەڕێوەبردنی؟ جەنابی ئیمپراتۆر زۆر تووڕە بوو، فەرمانی پێکردم پەیوەندی بەشوێنی پەخشەوە بکەم و پێیبڵێم کە ئەو شێتە، چونکە ئەم قسە پڕوپووچانەی بڵاوکردۆتەوە. بە ڕوونی پێیبڵێ: کە دیاریکردن یان دوورخستنەوەی وەزیرەکان لە دەسەڵاتی تاجە. من و جێنشینەکەم، وەک دەسەڵاتی باڵا لەسەروو دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەمێنینەوە. پێیبڵێ: ڕۆژنامەکەی بە بازاڕیکردن بۆ نەفامەکان، خزمەتی خوێنەرانی ناکات، بەڵکو دەبێت ئەم ڕاستییە دەستووریانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە[٢٩٢].

ئەو قازانجە خەیاڵییانەی کە دوای جەنگی تشرینی ١٩٧٣ لە داهاتی نەوتەوە دەڕژانە خەزێنەی دەوڵەت، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر شا هەبوو، خەیاڵی کوشندەی لا دروستکرد، بە پشتبەستن بەو هەواڵانەی کە دەزگای سەرکوتکەری (ساواک) بۆی دەهێنا، هەروەها بە پشتبەستن و پاڵپشتیی ئەمریکا، ئیتر بایەخی بە بارودۆخی نالەباری

---

[290] ، The Shah And I. AsadollahAlam. St. Martin's Press, New York. 1991.page: 418

[291]Ibid,p:420.

[292]،Ibid,420.

زۆرینەی گەلانی نیشتەجێی ئێران و لابردنی قەدەغەی سەر ئازادییە گشتییەکان نەدەدا، کاتێک خەیاڵ کۆنترۆڵی مێشکی دەسەڵاتدارێکی ستەمکار دەکات و تووشی شێتیی مەزنایەتی دەبێت، ئیتر بە هەنگاوی خێراتر بە دوای خەیاڵەکانیدا دەچێت و وا دەزانێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی و نەمریی مێژوویی نزیکتر دەبێتەوە، لە کاتێکدا ئەوە تەنها لە کەوتنی کۆتایی، نزیکی دەکاتەوە.

ئەوەی باسکرا، ڕەنگە تیشک بخاتە سەر کەسایەتیی نێرگسیی سیاسیی شا و تاکڕەویی لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا، کە دواتر بوونە ماڵوێرانی بۆ خۆی و وڵاتەکەی و ناوچەکە، وا دیارە شا لە مێژەوە پلانی دارشتبوو بەبێ ئەوەی بۆ وەزیرەکانی باس کردبێت، کە بەغدا ناچار بکات ڕێککەوتنامەیەک واژۆ بکات، بەجۆرێک خولیاکانی لە شەتولعەرەب و کەنداو بەدیبهێنێت، لە هەمان کاتدا کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد لە عێراق بهێنێت، سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیش، وەک کەسانی پێش خۆی بە بەکارهێنانی سەرکردایەتیی (پدك)ی عێراق لاوازی کردبوون.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی (کوردی - ئیسرائیلی) و (کوردی - ئەمریکی)، ڕەنگە لە ناخی خۆیدا ترسابێت لەوەی ئەم وڵاتانە پشتگیرییەکی ڕاستەقینەی گەلی کورد بکەن، کە بەرەو ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت بەرەو دەوڵەت بڕوات. لەبەر ئەم ترسە، هەموو ڕایەڵەکانی ئەم پەیوەندییانەی لای خۆی هێشتنەوە، کاتێکیش مەبەستی خۆی لە پشتگیریکردنی سەرکردایەتیی کورد بەدەستهێنا نە بایەخی بە ئەمریکییەکان دا و نە بە ئیسرائیل و ڕێککەوتنامەی جەزائیری لە ئازاری ١٩٧٥ واژۆکرد، لە ڕاستیدا ئیسرائیل هاوسۆز بوو لەگەڵ مەینەتییەکانی گەلی کورد: ئیسرائیل ترسی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو، نێردەی ئیسرائیلی (ئێلییزەر تەسافریر) دەڵێت: بە کوردەکانمان وت: ئێمە لە هەردوو باری شەڕ و ئاشتیدا، پشتگیریتان دەکەین[٢٩٣]. بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل، زیاتر هاوتەریب بوون لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد، بە

[293] Trita Parsi. Treacherous Alliance. Yal University press/new haven and London. 2007.page: 53

پێچەوانەی ئێران کە وەک پیلانگێڕێک مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا دەکرد و سوودی لە کەمتەرخەمی و نەزانیی سەرکردایەتیی کورد دەبینی. هەروەک چۆن شا بڕوای بە خەیاڵەکانی خۆی کرد و کەوت، مەلا موستەفایش بەهۆی بڕواکردن بە وەهمەکانی خۆی کەوت. محەمەد حەسەنێن هەیکەل دەربارەی مەلا موستەفا دەڵێت: لۆژیکی خێڵەکی لە بەڕێوەبردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا، ناتوانێت ئەو هاوسەنگییە پێویستانە بەڕێوە ببات کە لە دەوروبەری هەر بزووتنەوەیەکدا هەن. سەرکردەکانی دەگەنە ئاستێک کە هاوکاری لە هەر لایەک بێت، وەریدەگرن بە شێوەیەك کە لە کۆتاییدا لە کۆنترۆڵ دەردەچن، ئەمەیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەسەڵاتی ڕەها و دەکەونە داوی ئەوەی هێزگەلێک بەکاریان بهێنن کە نایانناسن و لە خەیاڵی خۆیاندا ئەوەیان لا بەرجەستە دەبێت، کە ئەمان دەتوانن ئەوان بۆ خۆیان بەکاربهێنن[٢٩٤]، لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی کورد خۆشحاڵ بوو کاتێک بینیی سوپای ئێران لە کۆتایی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥دا بنکەکانی سوپای عێراق بۆردومان دەکات و ئەمەیان بە لێزانینێکی دەگمەنی سەرکردایەتیی کورد دەزانی، لە بەڕێوەبردنی ململانێ و پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، واتا پاڵنانی ئێران و عێراق بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و وایان دەزانی ئەوان بەرهەمی سەرکەوتنەکە دەچننەوە، ئەوەیان لەبیرچوو کە چ لۆژیکێکە سوپای ئێران لەگەڵ سوپای عێراقدا بجەنگێت و پاشان دەرفەتی دانوستان لەگەڵ بەغدا لەدەست بدات، بۆ ئەوەی لایەنی کوردی بەرهەمی جەنگەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بچنێتەوە، لە ڕاستیدا سوپای ئێران بۆ بەرژەوەندیی ئێران دەجەنگا و دوژمنایەتیی مێژوویی خۆی لە گەلی کورد دەشاردەوە، هەروەها شا سوودی لە خۆبەدەستەوەدانی سەرکردایەتیی کورد بینی بۆ ئارەزووەکانی، تا ڕێکەوتنەکە بە مەرجەکانی خۆی بەسەر بەغدادا بسەپێنێت. شێوازی هەڵسوکەوتی مەلا موستەفا لەگەڵ شای ئێران، شێوازی مامەڵەی لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان لە چلەکانی سەدەی ڕابوردوو دەهێنێتەوە یاد، شێوازی سیاسەتی مەلا موستەفا لەگەڵ بەهێزەکاندا، بەدرێژایی ژیانی نەگۆڕا. مەلا موستەفا

[٢٩٤] محمد حسنين هيكل، بصراحة، جريدة الأنوار، السبت، ٦ أيلول، ١٩٧٥.

زیادەڕەویی زۆری دەکرد لە ملکەچکردن بۆ بەهێزەکان. دوای ئەوەی کار لە کار ترازابوو، مەلا موستەفا لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا لای ڕۆژنامەنووس جیم هۆگلاند (Jim Hoagland) دانی بە هەڵەی خۆیدا نا، ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە بۆ ڕووماڵکردنی شۆڕشی کورد بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست گەشتی کردبوو، بارزانی وتبووی: حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گەرەنتیی ڕەسمییان پێنەداین، بەڵام ئێمە وامان بیرکردەوە کە ئەوان هەرگیز دەستبەردارمان نابن. ئێستا دەبینین کە هەڵە بووین، هەروەها لە نامەکەیدا بۆ جیمی کارتەر لە ساڵی ١٩٧٧دا دانی بەوەدا نا: هیچ گەرەنتییەکی نووسراو لە ئارادا نەبوو.[٢٩٥]

هەموو ئەو کاربەدەستانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ دۆسیەکەدا کردبوو، لەوانە (هێنری کیسنجەر، هێڵمز، بەڕێوەبەری CIA و یلیام کۆڵبی) سەرسوڕمانی تەواوی خۆیان دەربڕی، لانی کەم بەرامبەر بە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ئەگەر بەو شێوەیە سەرسوڕماویش نەبووبن، ئەوا کۆڵبی دەڵێت: (CIA وای دەبینی کە ئەم بڕیارە، یەکێکە لە بڕیارەکانی شا). سەرەڕای داواکاریە بەردەوام و بێ ئومێدەکانی کورد، ئیدارەی ئەمریکا هیچ کارێکی نەکرد و بێدەنگیی هەڵبژارد، لە پاشدا کۆڵبی وتی: چیرۆکێکی تراژیدی بوو، چیرۆکێکی جوان نەبوو. ئەم بەهارە چەندین چیرۆکی تراژیدیی تر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوویان دا (مەبەستی هەرەسهێنانی کەمبۆدیا و ڤێتنامی باشوور بوو). هەروەها ڕێککەوتننامەکە بۆ وەزیرەکانی شای ئێرانیش، کتوپڕ بوو. وەک ئەوەی ڕیچارد هێڵمز، باڵێوزی ئەوکاتەی ئەمریکا لە تاران و بەڕێوەبەری پێشووی CIA باسی دەکات، ئەو لە نێو پێشوازیکەرانی شادا بوو لە فڕۆکەخانەی تاران، کاتێک لە ئێوارەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لە جەزائیر گەڕایەوە و نووسیوێتی: ئەو سەرسامییە زۆرەم لەسەر ڕوخساری وەزیرەکانی بینی، کاتێک فەرمانی دا بە ڕاگرتنی دەستبەجێی

[295] Jonathan C. Randal. P: 156 - 157

هەموو هاوکارییەکان بۆ کورد و داخستنی سنوورەکان لە زووترین کاتدا لە نێوان ئێران و کوردستانی عێراقدا.[٢٩٦]

هێڵمز دەڵێت: بەیانیی ڕۆژی دواتر، لەگەڵ شا کۆبوومەوە. وەک هەمیشە بە دیکتاتۆری بینیم، هیچ داوای لێبووردنێکی نەکرد لەسەر ئەو هەنگاوە کتوپڕەی کە بووە هۆی بڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و کوردیش. بێگومان ئەو دەبووایە داوای لێبووردن لە ئەمریکییەکان بکات، چونکە ئەو دەسپێشخەر بوو لە پێشنیارکردنی پێشکەشکردنی هاوکاریی ئەمریکی بۆ کورد. شا، پاساوی بۆ هەنگاوەکەی هێنایەوە و وتی: هۆکاری هەنگاوەکەم، ئەوەیە کە بارزانی شەڕێکی ڕاستەقینەی دژی عێراق نەکرد. لە جیاتی ئەوە هێزەکانی لە پشتەوە کۆکردنەوە و داوای لەوانی تر دەکرد لە جیاتی ئەو شەڕ بکەن.[٢٩٧]

بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان تاران و واشنتۆن، ئەوەندە فراوان و لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە گرنگ بوون، کە قوربانیدان بە بزووتنەوەی کورد کارێکی وەها نەبوو شایەنی بایەخپێدان بێت. سەبارەت بە ئیسرائیل، ئیسحاق حۆفی سەرۆکی مۆساد دەڵێت: وام دێتە بەرچاو بەرپرسانی ساواک کە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبوو، ئاگاداری ڕێکەوتنەکە نەبووبن[٢٩٨]. هەروەها یاقوب نیمرۆدی (پاشکۆی سەربازیی ئیسرائیل لە تاران) لەبارەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و کەسایەتیی شا دەڵێت: متمانەی تەواومان بە شا نەما، ئەو گەمژە و شێت بوو. نوێنەری مۆساد لە کوردستان، کە وەک بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکان بوو بەناوی (ئێلیێزەر تسەفریر) فەرمانی لە تارانەوە پێگەیشت کە کوردستان جێبهێڵێت و دەستبەجێ بچێتە پایتەخت، ئەو هەستی خۆی بەرامبەر بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەربڕی و وتی: بەدرێژایی ئەوکاتەی بەرەو تاران دەچووم، نەفرەتم لە ئێران دەکرد.[٢٩٩]

---

[296] ،Jonathan C.Randal. P: 163

[٢٩٧] شلومو نکدیمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١-٢٠٢.

[٢٩٨] هەمان سەرچوە،ل٢٠٢.

[299] Trita Parsi.p:49.

لە ١٩٧٥/٣/٨دا یەکێک لە پیاوە گەورەکانی ساواک و بەرپرسی مۆساد (ب)ی لە تاران بانگکرد بۆ نووسینگەکەی و بە کورتی پێیگوت: شا لە کاتی کۆنفرانسی جەزائیردا گەیشتە ڕێکەوتن لەگەڵ عێراق. بەو هۆیەوە چالاکییەکانمان لە کوردستان ڕادەگرین و لەسەر ئەم بنەمایە داوات لێ دەکرێت هەموو پیاوەکانت لە کوردستان ببەیتە دەرەوە. (ب) دەڵێت: بەو هەواڵە سەرم سوڕما. پاشان بەرپرسی ساواک پێیگوتووە: وەک دیارە ئێوە لە بەریتانییەکانەوە فێر نەبوون چۆن ئیمپراتۆرییەت بەڕێوەدەبرێت. دەبێت وەک بریکارێک مامەڵە لەگەڵ کورد بکەیت، کە کاتێک ئەرکەکەی تەواو دەبێت، چیرۆکەکەیشی کۆتایی دێت. کاتێک (ب) دژایەتیی خۆی بۆ ئەو قسانە دەربڕی، پیاوەکەی ساواک پێیگوت: خاڵی لاوازی ئیسرائیل لەوەدایە، کە سۆز و سیاسەت تێکەڵ دەکات. پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ کەمینەکان، نابێت وەک ئامانج سەیر بکرێت، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی سازش لە زۆرینە کە بۆ دۆخی ئێمە، ئەو زۆرینەیە عێراقە.[٣٠٠]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرکردایەتیی کورد، چەندە دوور بووە لە ڕاستییەکانی سیاسەت و لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی هاوکارییان دەکردن. ئێران، ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، ئەوەی دۆخەکەی خراپترکرد خەمساردییان بوو لە دروستنەکردنی هێزمەندی خۆیی و دابیننەکردنی هۆکارەکانی بەردەوامی لەناو گەلدا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی دەرەکی لە دەستبەسەرداگرتنی چارەنووسی گەلی کورد کەم بکەنەوە. سەرکردایەتیی کورد، لە ساڵانی کۆتاییدا بە تەواوی پشتی بە دەرەوە بەستبوو، لەو گۆشەنیگایەوە مامەڵەی لەگەڵ بەغدا، حیزبی شیوعی، یەکێتیی سۆڤیەت و تەنانەت گەلی خۆیشیاندا دەکرد. لە دوا دیداریدا لەگەڵ سەددام حوسێن، پێشنیاریان لەسەر پشکی کەرکوک و نەوتەکەی بۆ لایەنی کوردی کردبوو. ئیدریس بارزانی پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە و وتی: ئێمە لەوەی ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، بەهێزترین و ناچارتان دەکەین هەموو داواکارییەکانمان جێبەجێ بکەن[٣٠١]. سەددام حوسێن، درکی بە پاڵنەرەکانی

[٣٠٠] شلومو نکدیمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢.

[301] Jonathan C. Randal, p:159.

لایەنی کوردی کردبوو و دەیزانی چۆن ئەو شادەماڕە ببڕێت، کە سەرکردایەتیی کوردی لێوە تێر دەبوو. لێرەیشدا لایەنی کوردی ئامادە نەبوو سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی سەددام حوسێن بۆیان کە وتبووی: (ئەگەر شەڕ ڕووبدات، ئێمە سەردەکەوین. ئەگەر خۆمان لە بەردەم بژاردەی لەدەستدانی هەموو عێراق یان دەستبەرداربوون لە شط العرب ببینینەوە، ئەوا دەستبەرداری شەتولعەرەب دەبین بۆ پاراستنی عێراق بەو شێوەیەی دەمانەوێت)[٣٠٢].

ڕاندڵ، دەربارەی لایەنە نەرێنییەکانی سەرکردایەتیی کورد و لێنەوەشاوەییان لە ڕێبەرایەتیکردنی گەلدا، دەڵێت: ئەمە ڕوونە کە بارزانی، قوربانیی داخراوییەکانی خۆی بوو، پیاوێکی خوێندەوار یان خاوەن ئاسۆیەکی فراوان نەبوو، هیچ کام لە هەڤاڵە کوردەکانی بەشداری پێنەکرد لە بڕیاردانی پێش و کات و پاش هەرەسهێنانیش لە ساڵی ١٩٧٥دا [٣٠٣]. ئەو گەشتیارە بیانیانەی کە مەلا موستەفایان ناسی، بڕوایان بەو ڕادە ساویلکەییە نەدەکرد کە نیشانی دەدان و وایان دەزانی تەنها تاکتیکە، بۆ نموونە پێشنیاری دەکرد کوردستانی عێراق بکرێتە ویلایەتی ٥١ی ئەمریکا، یان پێشنیاری ئەوەی دەکرد کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان قازانجی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک ببەن. مەلا موستەفا بۆ دەرەوە گەشتی نەدەکرد، جگە لە (سۆڤیەت، ڕۆمانیا، ئێران و ئیسرائیل) و هیچ شتێک لە بواری جیۆستراتیژیدا فێر نەبوو[٣٠٤]. مەلا موستەفا، بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان و پاراستنی زانیارییەکانی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو، متمانەی بە کەس نەبوو جگە لە کوڕەکانی و تا سنووردێکی دیاریکراویش دکتۆر مەحموود عوسمان و سامی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان). گەلی کورد و سەرکردەی مەفرەزەکان دەجەنگان و قوربانییان دەدا و تێکۆشانیان دەکرد بەوپەڕی ئومێدەوە، کەچی دەستە و تاقمەکەی و بۆ خۆیشی تەواو بێئاگا بوون، لە سروشتی پەیوەندییە دەرەکییەکان و لەوەی دەگوزەرا و وێنایەکی هەڵەیان لەسەر جۆر و پتەویی ئەم پەیوەندییانە دابووە

[302] ،Jonathan C. Randal. P: 158 - 159

[303] Jonathan Randal C. p:155.

[304] Jonathan Randal. P: 154.

تێکۆشەرانی تر تا ئاستی چەواشەکاری. مەلا موستەفا شتە گرنگەکانی لێ دەشاردنەوە و بایەخی بە گەل یان ئەو سەرکردانە نەدەدا کە لە بەرەکاندا بوون. سەبارەت بە فەرامۆشکردنی گەلان و شاردنەوەی ڕاستییەکان لێیان، ئەبراهام لینکۆڵن دەڵێت: بڕوایەکی تەواوم بە گەل هەیە، ئەگەر ڕاستییەکانیان خرایە بەردەم، دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر قەیرانێکی نیشتمانی. ماڤی سەرەکی ئەوەیە کە ڕاستییە تەواوەکانیان پێ بوترێت، دۆخی کورد وا لێکرا هەموو شتێک لە پەنهانیدا و بە قۆرخی لە دەستی چەند کەسێکی دیاریکراوی خێزانی فەرمانڕەوادا مایەوە و سەرکردایەتییەکەیان گوزارشتی لە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلێکی ڕاپەڕیو نەدەکرد.

ڕاندڵ دەنووسێت: پەند لە ڕەفتاری بارزانی وەرنەگیرا، هەروەها چۆنیەتیی تێڕوانین لەو حکومەتانەی کە فێڵیان لێکردن. نموونەی لەو جۆرە ڕووی نەداوە دەوڵەتێکی زلهێز، فێڵ لە کەمینەیەکی بێ ئومێدی دابڕاو بکات. ئالوودەبوونی بە ساویلکەیی سەرکردە کە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیبوو، ئەمریکییەکانی شۆککردبوو. وەک کەسێکی گوماناوی یان ناواقیعی سەیریان دەکرد. دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ، کیسنجەر بۆ بەرگریکردن لە خۆی، پێیگوتم: نازانم چ جیاوازییەک دروست دەبوو، ئەگەر درکی بە وابەستەیی بارزانی بکردایە بە ئەمریکاوە، چونکە ئەودەم ئاگاداری نەبوو، بەڵام هێڵمز ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە ڕاشکاو بووبێت لە ڕوونکردنەوەی سروشت و سنووورداریی ڕۆڵی ئەمریکا لەگەڵ کورددا، ئەو وتی هەموو ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کرد، بارزانییان وەک (منداڵێکی گەورە) دەبینی سەرەڕای ئەوەی تەمەنێکی لە پیلانگێڕی و شۆڕشدا بەڕێکردبوو.[٣٠٥]

لە ڕاستیدا ئەمریکا تێگەیشت کە شا ئەو لێکتێگەیشتن و پەیمانەی شکاندووە، کە لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ کیسنجەردا کرابوو[٣٠٦] هەروەها لەگەڵ ئیسرائیلیش (سەبارەت بە

[305] Jonathan C.Randal. P: 158

[306] Jonathan C. Randal. P: 163.

پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ بزووتنەوەی کورد)، لەگەڵ ئەوەیشدا ناڕەزایەتییان دەرنەبڕی و هەوڵیان نەدا هیچ بکەن بۆ یارمەتیدانی بزووتنەوەی کورد لەو دەمی مەینەتییەدا، چونکە ئەوە شای خۆشنوود نەدەکرد، نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل نەیاندەویست لەبەر خاتری گەلی کورد، شا لە خۆیان تووڕە بکەن. تێڕوانینی مێژوونووس عیسمەت شەریف وانلی، دەربارەی هۆکارەکانی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد بە کورتی دەخەینەڕوو. (واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ سەددام حوسێن، خەنجەرێکی ژەهراویی شا بوو لە پشتی گەلی کورد درا)، کەچی مەلا موستەفا بۆ ڕازیکردنی ئێرانییەکان بە وشەی نەشیاو هێرشیکردە سەری، دواتر سەددام حوسێن پیاوەکانی نارد بۆ تیرۆرکردنی لە شوێنی نیشتەجێبوونیدا لە شاری لۆزانی سویسرا. شایەنی باسە ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا موستەفا، نامەیەکی داوای لێبوردنی بۆ نارد سەبارەت بەو هێرشەی باوکی کردبوویە سەری، عیسمەت پێیگوتم کە تا ئێستا نامەکەی ئیدریسی لا ماوە.

وانلی، ئەو پاڵنەرانە باس دەکات کە وای لە سەرکردایەتیی کورد کرد لە کشانەوەیاندا بەرەو ئێران و کۆڵیان دا لە بەرگریکردن لەوانە: (هانا بردنەکانی مەلا موستەفا، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەڕێی نامەناردنەوە بۆ کیسنجەر بێوەڵام مانەوە، بەعس داواکاریی سەرکردایەتیی کوردی بۆ دانوستان ڕەتکردەوە و داوای خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی لێکردن، کێشەی بژێوی و پاراستنی پەنابەران لە دۆڵی چۆمان و بادینان، چۆنێتی و جۆرێتیی دەستکەوتنی چەک و تەقەمەنی و پێداویستی بۆ شەڕی پارتیزانی، دژی سوپایەکی ڕێکخراو و گەورە و مۆدێرن).[٣٠٧]

عیسمەت زیاتر دەدوێت و دەڵێت: ئەم جۆرە لێکدانەوانە بۆ بابەتەکان و شکستەکان، چەواشەکردنی ڕاستییەکانە کە کوردەکان خۆیان کێشەکانیان بۆ خۆیان دروست کردووە. جۆرێک دەبێت لە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، کاتێک باسی ئەو هەڵە و کەمتەرخەمییانە نەکەین کە سەرکردایەتیی کورد ئەنجامیداون. سەرکردایەتیی دوو

[307] People Without A Country. Edited by Gerard Chaliand. Zed Press. London 1980. page:189.

هەڵەی ستراتیژی کرد. (هەڵەی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٢ بوو. پێش دەستپێکردنی جەنگی پێنجەم، کە بریتی بوو لە قبوڵکردنی یارمەتی لە شای ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پشتبەستن بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و کرێگرتەکەی، کە شا بوو لە ناوچەکەدا بۆ ئامادەکردن و دابینکردنی دارایی لە جەنگی ڕزگاری نیشتمانی). (هەڵەی ستراتیژیی دووەمیش، ئەو بڕیارە سیاسییە هەڵەیە بوو، کە لە مانگی ئازاری ١٩٧٥دا شۆڕشی ڕزگاریی کوردستان، لەلایەن سەرکردایەتییەکەیەوە کۆتاییپێهێنرا و ئەنجامەکەیش کشانەوە بوو بۆ ئێران و کۆتاییهێنانی بەرگریکردن)...

ئەم دوو هەڵە ستراتیژییە بنەڕەتییە لە ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٥دا بەدوای یەکدا کران. لەو دەمەدا، بارودۆخە نێودەوڵەتییەکان فشارێکی زۆریان دروست کردبوو. لە ڕاستیدا پەیماننامەی سۆڤیەت - عێراق لەلایەك و پەیماننامەی عێراق - ئێران لەلایەکی ترەوە، دۆخێکی ناهەمواریان دروستکردبوو. بەڵام ئەم ڕونکردنەوانە پاساو بۆ هەڵەکانی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی ناهێننەوە. [٣٠٨]

بەڵام نابێت تەنها جەنەڕاڵ بارزانی بە بەرپرسیاری هەموو هەڵەکان دابنرێت، بەڵکو دەبێت هەموو سەرکردایەتی، ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن. ئەمەیش بێگومان جەنەڕاڵ بارزانی و کوڕەکانی و خێزانەکەیشی دەگرێتەوە. هەروەها مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) و پاراستنیش کە دەزگای ئەمنیی کوردییەو دەگرێتەوە. [٣٠٩]

وانلی زیاتر دەدوێت و دەڵێت: سەرکردایەتیی شۆڕش، دەستی لە پرەنسیپی بڕیاری بەکۆمەڵ هەڵگرتبوو. بڕیارە گرنگەکان لەلایەن چەند کەسێکەوە دەدران، بەتایبەت لەلایەن بارزانییەوە. بەڵام هەڵەی ستراتیژیی ساڵی ١٩٧٢ بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی تەواوی تیمی سەرکردایەتی. ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، چەند هەنگاوێکیان نا کە بووە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ شا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. لە

[308] ,Ibid, 189.

[309]Ibid, p:189.

کۆتاییدا هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو 'نهێنییە' ئاگادارکرانەوە. بێجگە لە سالّح یوسفی، هیچ کەسێک ناڕەزایەتیی دەرنەبڕی. [٣١٠]

هەروەها وانلی ئاماژە بە هەڵەی سەرکردایەتیی کورد دەکات، لە ناردنی دەیان هەزار پەنابەری کورد و بەتایبەت خێزانەکان بۆ ئێران. بەو کارەیان کە دوور بوو لە ژیری، یارمەتیی هێزی ئاسمانیی عێراقیان دا لە دروستکردنی کێشەی پەنابەران لە ئێران. هەروەها شا دەیتوانی بۆ هەڕەشەکردن لە سەرکردایەتیی کورد، ئەو پەنابەرانە وەک بارمتە بەکاربهێنێت. [٣١١]

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی؛ کە ئایا سەرکردایەتیی کورد هەموو تواناکانی خۆی بەکارهێنا بۆ سەرکەوتن؟ وانلی بە (نەخێر) وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: چەندین هەڵەی جددی لەو بوارەدا هەبوون، جەنگی شۆڕشگێڕیی جەماوەری دژ بە حکومەتێکی سەقامگیر، تەنها لە بواری جەنگدا خۆی نابینێتەوە. بەڵکو دەبێت جەنگەکە سەرجەم بوارەکانی ئابووری، سیاسی، دەروونی و هێرشی ڕاگەیاندنیش بگرێتەوە و پێویستیی بە ژیرییەکی زۆر و توانای کۆکردنەوەی هەموو وزەکان هەیە. لەگەڵ کارکردنی ڕژد بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان بە پێداگرییەکی نموونەییەوە. ئەمەیش بەتایبەتی بۆ گەلی کورد ڕاستە، بەهۆی پێگە جیۆپۆلیتیکییەکەیەوە، کە وای لێدەکات زیاتر بەرەوڕووی مەترسییەکان ببێتەوە. پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ئەمریکا، متمانە بەخۆبونێکی زۆر مەترسیداری لەناو بزووتنەوەکەدا دروستکرد. ئەمەیش پێچەوانە بوو لەگەڵ مەیل و بەدەستهێنانی سۆزی چەپی عەرەبیی عێراقی، هەروەها جیهانی عەرەبی و پشتیوانیی حکومەتە عەرەبییەکان. ڕاستە حیزبی شیوعیی عێراق چووە پاڵ بەعس، بەڵام ئەو شیوعییە کوردانەیشی کە لە تەنیشت بزووتنەوەی نیشتمانییەوە دەجەنگان، لەلایەن پاراستنەوە دوورخرانەوە و فاخر مێرگەسۆریشیان کوشت، کە شیوعییەکی کورد بوو. ناوبراویان تۆمەتبار کرد بە سیخوڕیکردن بۆ بەعس، هەرچەند لە ئایاری ١٩٦٦ پاڵەوانی

[310] Ibid,190

[311] ,Ibid, 191

شەڕی چیای هێندرێن بوو، کە گەورەترین سەرکەوتن بوو شۆڕش بەدەستیهێنابێت. ئەو بەبێ دادگایی، لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا کوژران و هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر خیانەتەکەی پێشکەش بە هیچ دادگایەکی شۆڕش نەکرا[٣١٢].

ئەوەی زیاتر کوشتنەکەی دەکاتە تاوانێکی قێزەون، ئەوەیە کاتێک کوشتیان زیندانی بوو. ئەمە سەرەڕای کوشتنی ١٢ ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراق لە کورد و عەرەب کە لە وڵاتێکی سۆسیالیستیی ئەوروپییەوە گەڕابوونەوە و ڕێگەی کوردستانی ئازادیان هەڵبژاردبوو. لەو باوەڕەدا بوون کە وەک ساڵانی ١٩٦٣ پێشوازییەکی باشیان لێدەکرێت، بەڵام ئەوان لە زاخۆ بە شێوازی ساواکی ئێرانی لەلایەن پاراستنەوە کە ببونە نمونەیەک لەوان، لەسێدارەدران.[٣١٣]

وانلی زیاتر دەدوێت و دەڵێت: مۆنۆپۆڵی ڕای گشتی و پێشکەوتنخوازی، بۆ بەعس جێهێڵدرا و بە باشترین شێوە لە ناوخۆ و دەرەوەدا بەکاریانهێنا. هیچ هەوڵێک نەدرا بۆ ڕوونکردنەوەی دۆزی کورد لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. هەروەها هەوڵ نەدرا بۆ دۆستایەتی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ هێزە سۆسیالیست و پێشکەوتنخوازەکانی ئەورووپا. ئەو کوردانەی لە ئەورووپا هەوڵیان دەدا ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، بە دەست نەبوونی ئیمکانیاتەوە دەیاننالاند. هەروەها دەڵێت: گرنگی بە خۆژێنیی ئابووری نەدرا، کە زۆر پێویست بوو. کەس گرنگی بە جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی نەدا، کە لە بەرنامەی پارتیدا بەڵێن لە بارەیەوە درابوو. کاتێک دۆخی جەنگ بەرپا بوو، ئیتر بەرهەمهێنانی گەنم و برنج چ سوودێکی هەبوو، لە کاتێکدا شا زۆربەی پێداویستییەکانی بە بارهەڵگر دەنارد؟ هیچ هەوڵێک نەبوو بۆ کڕینەوەی ئەو تووتنەی لای جوتیاران مابووەوە. بێگومان ئەمە بە ناپێویست دەبیندرا، بەهۆی زۆریی جگەرەی ئەمریکییەوە کە لە ئەنجامدا بەروبوومەکان لە کێڵگەکاندا فەوتان و جوتیاران لە سەرچاوەی بژێوییان بێبەش بوون.[٣١٤]

---

[312] ibid.p:190-191.

[313] Ibid,p:284-285.

[314] Ibid,p:191.

دکتۆر عیسمەت؛ پرسیاری چارەنووسی هەزاران پەنابەر دەکات، کە هاتبوونە ناوچەکانی شۆڕش و دەڵێت: چۆن دەکرا لە جەنگی پێنجەمدا براوە بین، لە کاتێکدا وزەکانی گەلی کورد کۆنەکرابوونەوە و لەبری ڕێکخستنی سەرمایەی مرۆیی و بەشداری پێکردنیان لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا، کەچی کران بە بارگرانی؟پاشان ئاماژە بەوە دەکات: لەڕووی کردەییەوە شتێک نەبوو بەناوی کەمیی پارەوە، بەڵکو خزم خزمێنە و واستە و خاترانە لە لووتکەی هەڕەمی دەسەڵاتی پارتی و لەناو سوپای شۆڕشدا بڵاوببوونەوە و چینێکی نوێی خاوەن ئیمتیاز دەرکەوتن و هیچ هەوڵێکیش نەبوو بۆ ڕێگری لەو دیاردەیە. هەموو شتێک لەسەر بنەمای بڕوای هەڵە بونیادنرابوو، کە گوایە یارمەتییە دەرەکییەکان نابڕێن. [٣١٥]

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات: دواین هەڵەی سیاسی، پاشەکشە بوو بەرەو ئێران. پێموانییە لە جیهاندا نموونەیەکی هاوشێوەی تری جەنگی گەلی هەبێت، کە بەم شێوە تراژیدییە کۆتاییهاتبێت و شۆڕشێک بووبێتە قوربانیی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرکردایەتییەکەی، لە کاتێکدا گەل هێشتا دەیویست خۆڕاگر بێت و ئامرازەکانیشی لەبەردەست بوون. ئەم دەرئەنجامە کاتێک ڕوودەدات کە (ئەندامانی ئاسایی پارتێک، بە جۆش و خرۆشەوە بژاردە و بەرنامە بنەڕەتییەکانی پارت قبوڵ دەکەن، بەڵام لەلایەن سەرکردایەتییەوە ئەندامەکان بە ناچالاکی و ناکاریگەری دەهێڵنەوە و تەنها وەک تەکتیک بەکاریان دەهێنن و دەیانبینن و بایەخێکی ئەوتۆیان بۆیان نییە)[٣١٦]

پاشان ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆشنبیرە دەربارەکانی پارتی دەکات و دەڵێت: بەرپرسیارێتیی جەنەڕاڵ بارزانی بە واتایەک لە واتاکان کەمترە لە ڕۆشنبیرانی پ.د.ك لە کۆمیتەی ناوەندی، چونکە ئەوان نەیانتوانی لە ساتەوەختی بەدەرکەوتنی ڕاستیەکاندا (بەرەو هەڵدێرەکان) دەستپێشخەری بکەن و سەرکردایەتیکردن بگرنەدەست. کاتێک نسکۆ ڕووی

[315]Ibid, 192

[316] Ibid,p:192.

دا، پ.د.ك به تەواوی دارما و ئەوانیش پشتیان لە بزووتنەوەی گەلەکەیان کرد و 'بێ سەرکردە' مانەوە، تا بەتەنیا ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆیان ببنەوە.[٣١٧]

لە ناو سەرکردەکانی (پ.د.ك) کە خۆبەدەستەوەدانیان بۆ هێزەکانی عێراق هەڵبژارد، سالّح یووسفی بوو. سەرکردەی باڵی چەپ لە مەکتەبی سیاسی، کە دژی هاوپەیمانی لەگەڵ شا و ئەمریکا بوو. بەڵام بێسوود بوو، چونکە چەپڕەوەکانی ناو بزووتنەوە زۆرینەیان خۆیان لە دەستدابوو لە دوای ساڵی ١٩٧٢وەوە. ئەو دەیویست ئەوەی ماوە ڕزگاریان بکات، بەڵام بێهوودە بوو.[٣١٨] پاشان دەسەڵاتدارانی بەعس لە بەغدا، لە ڕێگای پۆستێکی بۆمبڕێژکراوەوە سالّح یوسفییان تیرۆرکرد.

هەموو ئەنجامەکان، ڕەنگدانەوەی هەژاری و کورتبینیی سەرکردایەتیی کوردە لە بواری جیۆستراتیژی. چۆن دەکرێت چارەنووسی بزووتنەوەی کورد و گەلی کورد ببەسترێتەوە بە گریمانەیەکەوە، کە لە ڕاستیدا بوونی نییە. ئەویش ئەوەیە کە تاران و بەغدا هەرگیز ڕێک ناکەون! لێرەوە هانی هەزاران هاوڵاتیی شارەکان درا، بۆ پەیوەندیکردن بە بزووتنەوەکە و پەنابردن بۆ ناو خاکی ئێران، بۆ پاراستنیان لە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق. بەلای سەرکردایەتیی کوردەوە و بە دانپێدانانی مەسعوود بارزانی، ئەو پەنابەرانە دەبنە سەرچاوەی کاریگەریی ئەرێنی. وەك ئەوەی کاتێک ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە بەنگلادیشەوە ئاوارەی هیندستان بوون. حکومەتی هیندستان لە ساڵی ١٩٧١دا گەڕاندنییەوە و دەوڵەتی بۆ دامەزراندن، گوایە ئێرانیش هەمان ڕۆڵی هیندستان دەگێڕێت!

سێ کەسایەتییەکە؛ سەددام حوسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، مەلا موستەفا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکانی بزووتنەوەی کورد، هیچیان ڕێزیان بۆ پرەنسیپە دیموکراسییەکان نەبوو، بڕیاری بەکۆمەڵ هیچ جێگایەکی لەناو مێشکیاندا نەبوو، لەو

[317] ،Ibid,p:209.

[318]Ibid,p:189.

کەسایەتییە بەتوانایانە دەترسان کە سۆزی جەماوەرییان بەدەستهێنابوو، بەهۆی دەستکەوتەکانیان بۆ گەلەکەیان، هەروەها لە سەرکەوتنی ئەوانەیش دەترسان کە خۆیان دایاننابوون. سەددام حوسێن، هاوڕێکانی خۆی و وەزیرەکانیشی کوشتن، ئەوانەیشی کوشتن کە گومانی ئۆپۆزسیۆنبوونی لێ دەکردن. مەلا موستەفایش هەموو ئەندامانی خێزانی محەمەد ئاغای مێرگەسۆریی لەناوبردن، لەناویاندا پاڵەوانی هێندرێن (فاخر)، چونکە دوای تۆمارکردنی داستانی قارەمانانەی هێندرێن، ناوبانگی زۆری پەیداکردبوو. مەلا موستەفا، کۆمەڵگەی کوردیی بە تەواوی تێکشکاند، تا هیچ سەرکردایەتییەک لە دەرەوەی خێزانەکەی دەرنەکەوێت، هەرسێکیان پشتیان بە کەسانی گوێڕایەڵ دەبەست و دەسەڵاتی سیاسی و دارایی و سەربازییان بۆ خۆیان و کوڕەکانیان قۆرخ کردبوو.

مەلا موستەفا لە نێوان شا و سەددامدا، گەمارۆدرابوو. جارێک ڕووی لە سەددام دەکرد و جارێک لە شا، نەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان بکات، پاشان دەستی بە پشتگیرییە درۆیینەکەی ئەمریکاوە گرت، بۆ ڕزگارکردنی. هەرسێکیان هەنگاوەکانیان بەرەو گەورەکردنی خود و کۆکردنەوەی سامان بۆ میراتگرەکانیان نا، هەرسێکیان پارەی گشتییان بۆ کڕینی سۆز و گەندەڵکردنی کۆمەڵگە بەکارهێنا، بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان، بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک لەلایەن لیژنەی دادوەری یان پەرلەمان یان دامەزراوە شەرعییەکان. مەلا موستەفا، زۆر پێداگربوو لەسەر ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو سەرچاوە دارایییەکان بکات، تەنانەت پارەی بزووتنەوەکەی لە ماڵی خۆیدا دەهێشتەوە، ئەمە شتێکی نامۆ بوو لە زۆربەی شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، سەددام حوسێن لە ڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازارەوە، هەستی سەرکەوتنی لای مەلا موستەفا دروست کرد. بەچی؟ (بەوەی کە ئەو وێنە گەورەکەیە و لەگەڵ بزووتنەوەکەی بوونەتە هۆکاری ڕێککەوتننامەیەکی گەورەی نێوان دوو وڵات دژی ئەو و لەدەستدانی شەتولعەرەب و دەنگدانەوەی لە میدیاکانی جیهان. تا دەگات بەوەی ئەو وەک سەرکردەیەکی گەورەی نیشتیمانی و نەتەوەیی کورد، پلانی گەورەی لە دژ گیراوەتە بەر و لە ئەنجامدا مەزنیی ئەو بۆ دونیا و کورد دەسەلمێنێت..هتد). هەروەها لای ئەوەی دووهەمیان (سەددام)

مەیلی وێرانکەری و دیکتاتۆری و خۆبەگەورەزانینی بەهێز کرد، هەروەها لە ڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ هەستی سەرکەوتنی گەورەی لای شای ئێران دروستکرد، سەددام لە ناخی خۆیدا هەردوو ڕێککەوتنامەکە ساختە بوون (ڕێککەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠) کە دوای نزیک بە چوار ساڵ (ساڵی١٩٧٤) کە هەستی کرد بەهێزە، هێرشی سەربازیی کردە سەر کوردستان، هەروەها پاش دروستبوونی پشێوییەکان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی شای ئێران لە مانگی شوبات ی ساڵی ١٩٧٩، واتا بە نزیکی دوای پێنج ساڵ لە ڕێککەوتنامەی ١٩٧٤ی جەزائیر، هێرشی کردە سەر ئێرانی دوای ئینقیلاب و ڕێککەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە.

لەو نامیلکەیەی دکتۆر مەحموود عوسمان نوسیویەتی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرگری لە توانادا هەبوو. دەکرا ڕێگەیەکی تر بگیرێتە بەر، لە بری ئەو خۆبەدەستەوەدانە شەرمەزارکەرەی سەرکردایەتیی کورد هەڵیبژارد. لەلایەن مەلا موستەفاوە، دکتۆر مەحموود عوسمانی هەڵبژاردبوو بۆ پڕکردنەوەی چەندین کەلێن لە کەسایەتیی خۆیدا، لەوانە لایەنی زمانەوانی، دیپلۆماسی، مێژوویی و سیاسی. لە ڕاستیدا لایەنی باش و سەرکەوتووی دکتۆر مەحموود بوو، کە وێنەیەکی شارستانیتری بە کەسایەتیی ڕاستەقینەی مەلا موستەفا بەخشیبوو. دکتۆر مەحموود دەڵێت: سەرکردایەتیی بارزانی و شۆڕشەکەوتوانی، بودجەی شۆڕش و داهات و دارایییەکی زۆریان لەبەردەست بوو، کە دەیانتوانی پێداویستیی بەرگری بۆ چەندین ساڵ دابین بکەن. بڕە پارەیەکی نەختینەی زۆریان پێ بوو، کە بە ملیۆنان دەخەملێنرا.

شۆڕش، لانی کەم (١٥) ملیۆن فیشەکی تفەنگ و ڕەشاش و نزیکەی (٥) هەزار گوللەهاوەن و مووشەکی بازووکای هەبوو. جگە لە هەبوونی شەست هەزار چەکداری ڕێکخراو و هەزاران میلیشیا لەژێر فەرمانیاندا و کۆنترۆڵکردنی ناوچەی ئازادکراو، کە ڕووبەرەکەی دەگەیشتە (٤٠) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە چیا و دۆڵ و دەشت کە بۆ بەرگری گونجاو بوون. هەروەها بڕێکی زۆر لە ئازووقە کۆکرابووەوە، کە لانی کەم بەشی پێداویستیی شۆڕشی دەکرد. گرنگتر لە هەموو ئەمانە، ئامادەیی ڕۆڵەکانی گەل و پێشمەرگە بوو بۆ قوربانیدان. بەڵام بۆچوونی مەلا موستەفا ئەوە بوو: (نەبوونی توانای

بەردەوامبوون لە بەرگری و پێویستیی پەنابردن بۆ ئێران)، بارزانی و کۆڕەکانی و بەرپرسە دڵسۆزەکانی دەوریان، دەیانویست بە گەلی کورد بڵێن کە ئەوەی ڕووبداوە، پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتییە (واتە ئەگەر بجووڵێنەوە، هەموو جیهان دژایەتییان دەکات)، دکتۆر مەحموود لێرەدا دەڵێت: ئەمە هەرگیز وا نەبوو. [٣١٩]

هەروەها دەڵێت: دەیانگوت ناتوانرێت هیچ جووڵەیەک لە ناوخۆدا بکرێت مادام یارمەتیی دەرەکی بڕاوە. هەموو ئەو شتانەیان بە گەل دەگوت، کە بێئومێدیی لە دڵی ڕۆڵەکانیدا دەچاند. بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی، ڕەفتاریان کرد و ئامادەیی قوربانیدانیان نەبوو. بەدڵنیایی قسەی ئەوان کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر دەروونی خەڵك. چونکە ئەوان سەرکردایەتیی خەڵکیان دەکرد. ئەوان خەڵکیان بەقسەی بێواتا خەڵەتاند و خەڵکیش وایدەزانی سەرکردەکەیان زانیاریی تەواوی لەبەردەستە[٣٢٠]. وەک ئەوەی لە بادینان ڕووی دا.

بۆ ئەوەی سوورببوونی سەرکردایەتی لەسەر ڕووخاندنی وڕەی بەرزی هێزەکانی (پێشمەرگە) ببینین، پەنا دەبەینە بەر گەواهیدەرەکان، سەلیم ئەسعەد کە کرایە بەرپرسی کاتیی لە جێی عەلی خەلیل لە بەرەی دهۆک. سەرکەوتوو بوو لە شەڕەکانی بەرەی (زۆزک)، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی سەربازی و مەدەنی بەتایبەت لە ناوچەی (مانکێشک) ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ئەسعەد خۆشەوی داوای کرد بروسکەی دووەم بخوێندرێتەوە، کە ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو ناوچەی بادینان یاخی بوون لە بڕیاری سەرکردایەتی، بۆ کۆتاییهێنان بە بەرگریی کورد. ئەسعەد بە ئامادەبووانی گوت: ئەگەر پشتیوانیم بکەن، من بەردەوام دەبم لە شەڕ. وەڵامی نەجمەدین کە ئەندامی لق بوو لەگەڵ عوسمان قازی بەرپرسی لیژنەی ناوخۆیی (زاخۆ) بوو، لەگەڵ نزیکەی سەد بەرپرسی دیکە ئەوە بوو: (بە کۆی دەنگ پشتگیریی بڕیاری بەرگرییان کرد). بروسکەی دووەمیان بۆ سەرکردایەتی لە حاجی ئۆمەران نارد و تێیدا بڕیاری خۆیان بۆ

[٣١٩] محمود عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

[٣٢٠] محمود عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦

بەردەوامبوون لە شەڕ دەربڕی. بەڵام لە حاجی ئۆمەرانەوە وەڵامی ڕەتکردنەوە هات و گوتیان کە سوپای تورکیا بەشداری دەکات لە لێدانیان و پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ پانکردنەوەی گەلی کورد، ئەگەر بەردەوام بێت لە بەرگری! لێرەدا ترسێکی زۆر هەبوو لە ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگەکان بەو هەواڵە و ئەوەی کە سەرپشککراون لە نێوان خۆبەدەستەوەدان بە هێزە عێراقییەکان، یان ڕۆیشتن بۆ ئێران و دانانی چەک. (مەلا ئەحمەد نێروەیی) بە تەواوی درکی بە کاردانەوەی پێشمەرگە کردبوو، کە ئەوان ئەمە بە خیانەت دەزانن و بڕیارەکە قبوڵ ناکەن و ئەگەری هەیە کاردانەوەی توند بەرامبەر بەرپرسان بنوێنن. لەبەرئەوە بە ئەسعەد خۆشەویی گوت: لەو بارودۆخەدا، نە سەلیم ئەسعەد و نە عیسا سوار مەنێرە بۆ ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگە، بە کۆتاییهاتنی شۆڕش. بەڵام ئەسعەد گوتی: پێویستە هەموویان ئاگادار بکرێنەوە.[٣٢١]

ڕێککەوتنامەی جەزائیر، پێشمەرگەی زیاتر جۆش دا بۆ بەرخۆدان. جەرجیس فەتحوڵڵا لەم بارەیەوە دەڵێت: وا دیار بوو کە هەواڵی ڕێکەوتنی جەزائیر لە هێڵەکانی پێشەوە، زانرابوو. بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لە بڵاوبوونەوەی ڕووحی شکستخواردوویی یان داڕمانی وەرە. کەچی دەرکەوت کە گیانێکی جەنگاوەریی نوێ لە دەروونی پێشمەرگەدا زیندووبووەتەوە. بروسکەکان دەگەیشتن و باسیان لە خۆڕاگریی بێوێنە و بەرگری لە پێگەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پەرجووئاسا دەکرد، لە بەردەم یەکەکانی سوپای عێراق کە دەیانویست پێشڕەوی بکەن. تێکشکاندنی هێرشە یەک لە دوای یەکەکان، بەتایبەت لە کەرتی {سەری حەسەن بەگ} - لەو کاتەی ئێرانییەکان تۆپەکانیان بەرەو ئێران دەکێشایەوە - گەرمەی شەڕ لەوێ بەردەوام بوو و هێڵی بەرگری بە پتەوی مایەوە. پێشمەرگەکان بە سووربوون و بێ گوێدانە ڕووحی خۆیان، دەجەنگان. ڕێک وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦ و ساڵانی پێشتریش دەیانکرد. لە یەکێک لە بروسکەکاندا، دەستەواژەیەک هاتبوو کە ئیدریس (بارزانی) بە ئاشکرا دەیگوتەوە: ئێستا

[٣٢١] چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ سەلیم اسعد خۆشەوی لە ١٩٨٦/٢/٤.

ئێمە لە شۆڕشێکی ڕاستەقینەداین[٣٢٢]. بەڵام دواجار سەرکردەکان، هیچ بایەخێکیان بە ڕووحی جەنگاوەری پێشمەرگە نەدا. چونکە لای ئەوان، دەرەوە بنەمای هەموو شتێک بوو.

بە باشی بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانەم بیرە کە لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە دروستکرابوون، بەوەی کە لە حاڵەتی بەرگریدا گەلی کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەبێتەوە، وەک ئەوەی بەسەر گەلی ئەرمەن و گەلی کورد لە تورکیا لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا هات. سوپای تورکیا و ئێران و عێراق، کورد لەناو دەبەن و ڕەنگە دەوڵەتانی دیکەیش بەشداری بکەن. ئامانجی ئەم دەنگۆیانە، تێکشکاندنی ڕووحی بەرگری بوو. ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر دەروونی خەڵکی سادە، کە هیچیان دەربارەی ئامانجەکانی ئەم هەڵمەتە پڕوپاگەندەییە نەدەزانی. سەرکردایەتیی کورد جەنگێکی دەروونیی گەورەی دژی گەلی خۆی بەرپا کرد، بۆ کوشتنی ئیرادەی بەرگری و سەپاندنی بژاردەی خۆبەدەستەوەدان. بەردەوامبوونی بزووتنەوەی چەکداری، لەژێر سەرکردایەتیی توخمە نیشتمانییە نوێیەکان لە دەرەوەی سەرکردایەتیی مەلا موستەفا، دەبووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەکە ببێتە قارەمان بە هەموو واتایەک و جەماوەرییەکی بێوێنەی دەبوو لە پاشدا. ئەمەیش بە واتای ئیفلاسی تەواوی سەرکردایەتییە کۆنەکە و ناوزەندکردنیان بە ترسنۆک و کەمتەرخەم دەهات و دەبووە هۆی لەناوچوونی پاساوەکانی قۆرخکاریی ئەوان، بۆ بزووتنەوەی کورد. ئەمە شتێک بوو کە سەرکردایەتیی خۆسەپێن قبوڵی نەدەکرد. لەبەر ئەم هۆیانە، وێرانکردنی هەموو شتێکیان هەڵبژارد و لە بەرپرسیارێتی مێژوویی ڕایانکرد.

د. مەحموود عوسمان، دەربارەی سەرکردایەتیی کورد دەڵێت: ئەو سەرکردایەتییەی کە خاوەنی ئیمکانیاتی ئەم گەلە بوو و بەرپرسیارێتیی سەرەکیی لەسەر شان بوو بۆ گەیاندنی بە ئامانجەکانی، تا قوربانیی ڕۆڵە پاڵەوانەکانی بەفیڕۆ نەچێت، ئامادەیی بچووکترین قوربانیدانی نەبوو. ئاسانترین بەڵام شەرمەزارترین بڕیاری دا و

[٣٢٢] جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو،ل١١٤.

سەپاندیشی، کە ئەویش پەنابردن بوو بۆ ئێران. نەک هەر ئاماده نەبوو ئیمکانیاتەکانی کە لەلای بوو بیداتە کەسانی دیکە بۆ بەرگریکردن، بەڵکو ئەگەری ئەوەیش هەبوو شەڕی هەر کەسێک بکات کە بیەوێت بەردەوام بێت لە بەرگری. سەبارەت بەو بڕە پارە زۆرانەی کە بنەماڵەی بارزانی دەستیان بەسەرداگرتبوو، بە نهێنییەکی تەواوەوە گواستیانەوە بۆ ئێران، پێش ئەوەی خۆیان بپەڕنەوە[٣٢٣]. لێرەدا پێویستە هەندێک پرسیار دەربارەی سروشتی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سەرکردایەتیی کورد بوروژێندرێت، وەک: ئایا مەلا موستەفا و سەرکردە نزیکەکانی، ئاگاداری سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان تاران، واشنتۆن و تەلئەبیب بوون؟ ئایا بیریان لە ئەگەری ڕاگرتنی هاوکارییە دەرەکییەکان کردبووەوە؟ ئایا شا دەیتوانی تەواوی پڕۆسەکە پەك بخات؟ وەڵامەکە ئەوەیە: ئەگەر هۆشیار بووبێتن، ئەی بۆچی ڕێکاری پێویستیان نەگرتەبەر بۆ ڕێگری لە کارەساتەکە؟ ئەگەر وا دابنێین کە تەواو هۆشیار بوون لەم دۆخەدا، ئایا دەکرێت نەگرتنەبەری ڕێکاری پێشوەختە بە تاوان بەرامبەر بە گەلی کورد دابنرێت؟ تاقە لێکدانەوە و خوێندنەوە ئەوەیە کە سەرکردایەتی ئەو کارەی نەکرد، بەهۆی ڕقلێبوونەوەی لە بژاردەی (ئەلتەرناتیڤی) ناوخۆیی بونیادنانی خودی، بەمەبەستی جێگیرکردن و سەپاندنی سەرکردایەتیی تاکەکەس و قۆرخکاریی دەسەڵات و ئیمتیازات لە ناو شۆڕشەکەدا. لێرەدا لە بەردەم هەڵوێستی یەکجار گەورەی خۆپەرستانە و چەواشەکارانەین بەسەر گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیدا.

هەروەها گەر وا دەربیخەن کە بێئاگا بوون لە سروشتی ئەم پەیوەندییە، ئەوا ڕێگایان پێ دەدات بەرپرسیارێتیی هەرەسەکە بخەنە ئەستۆی خیانەتی کیسنجەر، ئەمریکا، شا، ئیسرائیل و ئەوانی تر و لە ڕووی قسەوە کەمترین بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن. واتا ئەوان قوربانیی دەستی خەڵەتاندنی لایەنەکانی ترن. بەڵام لە سیاسەتدا و لە کاتێکدا کە چارەنووسی گەلێک لە تەرازوودا بێت، ئەوا کەلێنێک بۆ کەوتنە ناو تەڵەی تەفرەدان، بە هیچ جۆرێک نابێت بوونیان هەبێت لەلایەن سەرکردایەتییەکەیەوە. چونکە

[٣٢٣] د محمود عثمان، سەرچاوەی پێشوو،٦٧.

سەرکردایەتیی دڵسۆز، دەبێت هەموو کارێک بکات بۆ ئەوەی نەبێتە نێچیری هیچ لایەن و کەسێک. بەڵام بەداخەوە ئەمە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کورد نەیانکرد و تەنانەت بیریشیان لێنەکردەوە. بیرنەکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤ و خراپترینی ئەگەرەکان، خۆی لە خۆیدا کارەساتە و سووکایەتیکردنە بە چارەنووسی ئەو گەلەی کە متمانەی پێبەخشیون و قوربانییان لە پێناوی ئامانجەکانیاندا داوە. بەڵکو ڕاستتر وایە بڵێین؛ مەترسییەکەیان دەزانی، بەڵام ڕاستییەکەیان شاردەوە تاوەکو گەل بەئاگا نەیەتەوە و داوای پلانی جێگرەوە نەکەن. هەر لەبەر ئەمەیش بوو سەرکردایەتیی کورد بە ئەنقەست وازی هێنا، کەشتیی سەرلێشێواوی بزووتنەوەی کورد وردە وردە لە لەنگەری خۆی لایدا و خۆی کێشا بە بەردەکەدا و تێک و پێک شکا و سەرنگومی دەریا بوو. کاپتنەکانی بە پەلەپڕوزێ و هەڵەداوان، خۆیان لە خنکان ڕزگارکرد، لەگەڵ ئەو سەروەتەی کۆیانکردبووەوە و گەلیان بەجێهێشت تا بە تەنیا ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە!

ئەگەریش وا دابنێین کە ئەوان بەتەواوی بێئاگا بوون لە سروشتی ئەم پەیوەندییە دەرەکییانە و ئاڵۆزییەکانی، ئەوا لێرەدا گەلەکەمان لە بەردەم سەرکردایەتییەکی نەشیاو و نەزاندا بووە، کە دەستیگرتووە بەسەر چارەنووسیاندا و بێ ئاگا لە بەردەم جەوهەری ڕاستەقینەی سەرکردەکانیاندا ماونەتەوە لە بارودۆخێکی یەکجار مەترسیداردا. بەڵام جێی پرسیارە بەم بارودۆخەوە چۆن ئەمانە دوای ساڵی ١٩٩١ گەڕانەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ملی هەمان گەلکدا، کە سووکایەتییان پێکرد و بێڕێزییان پێکرد و ڕادەستی دوژمنیان کرد، لە کاتێکدا بەو دەردەیان برد؟

ئایا بڕینی پارە لە بزووتنەوەی کورد، ڕۆڵی هەبوو لە بڕیاری سەرکردایەتیی کوردا؟ لە کاتێکدا چەک، زۆر و زەوەندە بوو. خۆبەخشەکان زیاد لە پێویست بوون و ناوچە ئازادکراوە فراوانەکان، هێشتا مابوون و ئیرادەیەکی میللیی گەورە بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ و بەرگری، بوونی هەبوو. هاودەم سوپای عێراقیش بەدەست ماندوێتی و ناڕەزایەتییەوە، دەینااڵند. بەڵام گرنگی و ئامانجە یەکەمینەکان پارە بوو، کە بۆ سەرکردایەتی و حەزە ڕانەگەیەندراوەکانیان زاڵ بوو. چ سوودێکی هەیە شۆڕشێک ملیۆنان دۆلار نەهێنێت! داخستنی سنوورەکانی ئێران، واتە ئەو پارانەی لە ئێران و

ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەهاتن، ڕادەوەستن. ڕەنگە ئەمە کارێکی تاقەتپڕووکێن بووبێت دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر بۆ سەرکردایەتی.

دەکرێت کۆتایی بزووتنەوەی کورد کە مەلا موستەفا سەرکردایەتیی دەکرد، لە چەند وشەیەکدا کورت بکرێتەوە: مەلا موستەفا گەلی کوردی بەزاند، نەک دوژمنەکان. ڕێککەوتنامەی جەزائیر، بیانووی کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد و وازهێنان لە گەلی کوردی بۆ ڕەخساند و هەڵاتنی بەکارهێنا، بە پاساوی پاراستنی گەلی کورد لە قڕکردن و هێشتنەوەی بۆ دەرفەتێکی تر، کە دەبێت هەر بێت! کەسانێک هەن دەڵێن ئەگەر تەمەنی کەمتر بووایە و تەندروستیی باش بووایە، بەردەوام دەبوو لە شەڕ؛ بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا غەدر نییە چارەنووسی بزووتنەوەیەکی میللیی ڕزگاریخوازی، بە یەک کەسەوە ببەسترێتەوە و هەموو شتێک کۆتایی بێت، ئەگەر ئەو نەخۆش بکەوێت یان تەمەنی هەڵبکشێت؟ گومان لەوەدا نییە کە نەخۆشی کاریگەری دەخاتە سەر جۆری بڕیاری سیاسی لای هەر سەرکردەیەک، کە خاوەن دەسەڵاتی ڕەها بێت. (شا بە خۆی زانیی کە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە، کاتێک پزیشکی نەمسایی دکتۆر فێلینگە پشکنینی بۆ کرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا. پاشان پزیشکی فەڕەنسیی پسپۆڕ جۆرج فلادرین لە مانگی ئایاری ١٩٧٤دا ئەوەی پشتڕاستکردەوە. یەکێک لە جێگەوتەکانی دەرکەوتنی نەخۆشییەکەی شا، گۆڕانی ڕەفتارە سیاسییەکانی بوو، بەشێوەیەك کە پەلەی دەکرد لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و وەسیەتی دەکرد بۆ ئامادەکردنی زەمینە بۆ جێنشینەکەی و چی تر گرنگییەکی زۆری نەدەدا بە تێڕوانینەکانی واشنتۆن دەربارەی سیاسەتەکانی). بە ئەگەرێکی زۆرەوە، مەلا موستەفایش هەستی بە نەخۆشییەکەی خۆی کردووە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧٤دا. ئەمەیش دەردەکەوێت لە پاشەکشەی بایەخدانی بە دۆزی نیشتمانی و هاوڕێ چەکدارە دێرینەکانی و بەهاکانی شۆڕش و ڕاکردن بەدوای چارەنووسی خۆیدا. زیاتر ڕۆچوو لە بایەخدان بە سەلامەتیی خێزانەکەی لە ڕووی ئەمنی و دارایییەوە. هەروەک چۆن شا، جێنشینەکەی لە لێکەوتەکانی بەردەوامی ململانێی عێراق - ئێران پاراست، لە ڕێگەی ڕێککەوتنامەی جەزائیرەوە. مەلا موستەفایش بە هەمان شێوە میراتگرەکانی لە هەڵگرتنی باری قورسی

بەردەوامی بزووتنەوەی چەکداری کورد، پاراست بە بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕش و پەنابردن بۆ ئێران. گوێم لێبووە کە جەختی دەکردەوە لەسەر دڵسۆزی نواندن بۆ هەردوو کوڕەکەی.

کۆتا نیگەرانیی مەلا موستەفا پێش جێهێشتنی کوردستان کە مابووەوە و تەواوی نەکردبوو، پەیوەندیی بە پڕۆسەی میراتگرییەوە هەبوو، واتا لادانی ڕێگرەکان لە بەردەمیدا بە هەر نرخێک بێت. بەم هۆیەوە، فەرماندەی بزووتنەوەکە فەرمانی دا بە قڕکردنی هەموو نێرینەکانی بنەماڵەی فاخیر مێرگەسۆری، چونکە زۆر دەترسا لە هاوکارییان لەگەڵ عوبەیدوڵای کوڕی کە لە بەغدا بوو! ئەوانەی لە ئەندامانی خێزانەکە مابوونەوە، کە بۆ چەندین ساڵ لە زیندانی ڕایات بەبێ دادگاییکردن دەستبەسەری کردبوون، بە پەلە و پێش هەڵاتن، گوللەبارانی کردن و بە پەلە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا، لەگەڵ کۆت و زنجیرەکانیان نێژران، لە ناویاندا نە (ڕەشید) و نە (ئەسعەد)ی کوڕانی محەمەد ئاغا پەیوەندییان بە سیاسەتەوە هەبوو، کەچی هەر کوژران. دوای ئەوە سەرۆکی پارتەکە، بنکە سنووریەکەی بەرەو ئێران بەبێ دەنگی و بۆ هەمیشەیی بەجێهێشت.

ژمارەیەک لە سەرکردە کوردەکان، سەبارەت بە قەبارەی بودجەی بزووتنەوەی کورد و ئەوەی دوای نسکۆ مابووەوە، باسیان کردووە. خوێنەر جیاوازییەکی گەورە دەبینێت لە نێوان ئەوەی مەسعوود باسی کردووە و ئەوەی سەرکردەکانی تر کە ئاگاداری بودجەکە بوون، باسیان کردووە:

مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان	مەسعوود مەلا موستەفا
بودجەی شۆڕش لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ بۆ ١٩٧٥) نزیکەی چل و هەشت ملیۆن دینار بووە. داهاتە ناوخۆییەکانی شۆڕش تەنها نزیکەی پێنج لەسەدی ئەو بڕەی پێکهێناوە بە داهاتەکانی فرۆشگایشەوە، ئەمەیش ئەو کەرەستە بەرچاوە ناوخۆییانە یان هاوکارییە بەرچاوە دەرەکییانە ناگرێتەوە، کە شۆڕش دەستیکەوتووە. سەبارەت بە بوارەکانی خەرجکردنیش کە بریتی بوون لە هاوکاریی پێشمەرگە و دابینکردنی پێویستیی بەرەکان و دامەزراوەکانی شۆڕش و هاوکارییە جۆراوجۆرەکانی تر. خەرجییەکان چەک یان پێداویستییە سەربازییەکانی تری نەدەگرتەوە، چونکە شۆڕش هیچ بڕە پارەیەکی بۆ کڕینی چەک لەم بودجەیە خەرج نەکردووە، لەبەرئەوەی چەک و تەقەمەنی هەر لە سەرەتاوە وەک هاوکاری بۆ شۆڕش دەهاتن، هەروەها زۆربەی خەرجییەکان دەزگای (پاراستن)یشی نەدەگرتەوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە زیادبوونی تواناکانی شۆڕش لە ڕووی دارایییەوە، بەم شێوە بەرجەستەیە دەورێکی گەورەی بینی لە لاوازکردن و	مەسعوود مەلا موستەفا دەڵێت: دوای نسکۆ، ئەوەی لە بەردەستی شۆڕشدا مابووەوە - (نووسەر لە پەراوێزدا دەڵێت: دوای نسکۆ هیچ شۆڕشێک نەمابوو تا شتێکی لەبەردەستدا مابێت، (لە ڕاستیدا بڕە پارەکە لە بەردەستی خۆیدا مابووەوە) - بڕی نزیکەی سێ ملیۆن دینار و یەک ملیۆن دۆلار. بەشە هەرە زۆرەکەی ئەم دوو بڕە پارەیە، خەرجکرا بۆ ئەو کەسانەی پێش جێگیربوونیان پەنابەر بوون و بڕە پارە ماوەکەیش تەرخانکرا بۆ شۆڕشی گوڵان و چالاکیی دەرەکی و کڕینی چەک. (بەشی سێیەم، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ١٩٦١ - ١٩٧٥. هەولێر ٢٠٠٢، ل: ٣٩٦). لە هەمان کتێبدا ئاماژە بە هاوکارییە دارایییەکانی سۆڤیەت دەکات و دەڵێت: بە بەخشینێکی نزیکەی چارەکە ملیۆنێک دۆلار، دەستپێکرد، پاشان زیادکرا تا لە ساڵی ١٩٧٢دا گەیشتە یەک ملیۆن دۆلار. (ل: ٣٧٥). پاشان دەربارەی هاوکارییەکانی سۆڤیەت زیاد دەکات و دەڵێت: دابینکردنی هاوکارییە دارایییەکان، دوای چەند مانگێکی کەم لە

گەندەڵکردنی شۆڕشدا و وای لێکرد لەبیری بچێت کە پێش هەموو شتێک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییە. (لاپەڕە: ٦٣) دکتۆر مەحموود ئەوەیش زیاد دەکات کە سەرەڕای ئەو پارانەی پێش نسکۆ لای مەلا موستەفا کۆبووبوونەوە، ڕاستەوخۆ دوای نسکۆیش بڕی دوو ملیۆن دیناری لە ئێرانەوە وەرگرتووە. (هەڵسەنگاندنی ڕەوتی شۆڕشی ئەیلوول – ل: ٧٧). سامی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان) وازهێنان لە شەڕ، بۆ هەڵکشانی تەمەنی مەلا موستەفا و دەوڵەمەندیی خێزانەکەی دەگەڕێنێتەوە: ئەگەر خێزانەکەی هەژار بووایە بەردەوام دەبوو لە شەڕ، ئێرانییەکان ملیۆنان پارەیان پێدابوو. جۆناتان ڕاندڵ سەبارەت بە ڕەخنەکانی کورد لە مەلا موستەفا، دەڵێت ئەوان دەڵێن مەلا موستەفا نزیکەی ٧٠ ملیۆن دۆلاری لەگەڵ خۆی بردووە (ل١٧١)	سەرەتاوە دەستپێکرد، واتا لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ەوە کە بڕەکەی ٣٦٠ هەزار دۆلار بووە ساڵانە - کە بەپێی نرخی ئاڵوگۆڕی ئەوکاتە یەکسان بووە بە ١٢٠ هەزار دیناری عێراقی - و ئەم بەخشینە بەو بڕە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٦٨، پاشان لە ساڵی ١٩٦٩ەوە زیادکرا بۆ نیو ملیۆن دینار تا ساڵی ١٩٧٢، دواتر بەتەواوی بڕدرا دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە ناو مەیدانەکەوە. (ل: ٣٩٥).

دوای ئەوەی کۆتایی بە بزووتنەوەکە هێنا، مەلا موستەفا سوور بوو لەسەر هێشتنەوەی پارەکانی شۆڕش لای خۆی و ڕادەستی لیژنەیەکی پاک یان دەستەیەک لە تێکۆشەرە دێرینە ناسراوەکانی نەکرد. ئەو هەر لە سەرەتاوە بڕیاری دابوو کە لای

کوڕەکانی و خێزانەکەی بیهێڵێتەوە. ئەمەیش بابەتێک بوو کە گفتوگۆ یان سازشی لەسەر نەدەکرد. لێرەدا بێباکییەکی سەیر دەبینین بەرامبەر بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی لەسەری. نایشارمەوە کە من تووشی شۆک بووم، کاتێک بۆم دەرکەوت هەموو ئەم پارانە وەک مووڵکی تایبەت پارێزراون. ئەمە وایکرد ئەو تێڕوانینە نەرێنییەی کە لە چەند دەیەی ڕابوردوودا بۆ سەرکردایەتییەکەم هەبوو، زیاتر و بەهێزتر لێی دڵنیا بم.

ئەو ڕێکەوتنانەی واژۆکران لە نێوان کەسایەتییە دیکتاتۆرەکاندا بوو (سەددام حوسێن، محەمەد ڕەزا پەهلەوی و مەلا موستەفا) نەک لە نێوان دامەزراوە دیموکراسییە چەسپاوەکاندا. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و پاشان هەڵوەشاندنەوەی، نیشانی دەدات تا چەند تاکەکان کۆنترۆڵی بڕیارە چارەنووسسازەکانیان کردبوو، لە کاتێکدا گەلان باجەکەیان دەدا. شا، ڕێککەوتننامەی جەزائیری لە ساڵی ١٩٧٥دا پەسەندکرد و لە ئەنجامدا بزووتنەوەی کورد لە عێراق هەرەسی هێنا و بەعس بەشێوەیەکی کاتی، لە کێشەی کورد ڕزگاری بوو. هەروەها بڕیاری کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد، نیشانی دەدات تا چەند مەلا موستەفا کۆنترۆڵی بڕیاری چارەنووسسازی گەلی کوردی کردبوو لە ئازاری هەمان ساڵدا. سەددام حوسێنیش لە هێرشکردنە سەر ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ و داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩١دا بە هەمان شێوە بوو.

شای ئێران لە واژۆکردنی ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٥ هەڵەی کرد، چونکە ئەو لە جیاتی لاوازکردنی نەیارەکەی کە دەسەڵاتی بەعس بوو، کەچی لە کۆت و بەندی بزووتنەوەی کورد ڕزگاری کرد. بەمەیش ڕژێمی بەعس لە ڕووی سەربازییەوە، تا ئاستێک بەهێز بووەوە. ئەوەیش کاریگەریی دروست کرد لەسەر هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی عێراق. کاتێک ڕژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕووخا، سەددام حوسێن هەوڵەکانی دوو هێندە زیادکرد بۆ پێکهێنانی سوپایەکی بەهێز. بۆ ئەوەی هەرکاتێك ویستی، توانای هێرشکردنی هەبێت بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ. پاڵنەرەکانی شا لە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ ئیسرائیل و کوردەکان، بۆ لاوازکردنی نەیارەکانی بوو لە ڕێگەی هەردوو هاوپەیمانییەکەوە. بەڵام پلانەکەی پێچەوانە کردەوە و نەیارەکەی دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، بەهێزتر بوو.

لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، هاوکاری لەگەڵ شا و کوردەکان، دەرگای بۆ دەوڵەتی عیبری دەکردەوە بۆ گەڕانەوەی جووە عێراقییەکان بۆ ئیسرائیل. یەکێک لە ئامانجە جەوهەرییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە ڕەهەندی دیمۆگرافیدا دەبینرێتەوە، چونکە کەمیی ژمارەی دانیشتووانی ئیسرائیل بە بەراورد بە دراوسێ عەرەبەکانی، مۆتەکەیەکی ترسناکە لە هەمبەر سەرکردەکانی دەوڵەتی عیبریدا. لەبەرئەوە تەلئەبیب هانی کۆچی جووەکانی دا بۆ ئیسرائیل. سەبارەت بەم بابەتە، ساواکی ئێرانی هاوکاریی تێپەڕبوونی جووە عێراقییەکانی کرد لە ڕێگەی کوردستانەوە، بۆ گەیاندنیان بە شاری ورمێ لە ئێران و دواتر ڕێکخراوە جووەکان لە ئیسرائیل نیشتەجێیان دەکردنەوە.[٣٢٤] هەمووان (تاران، تەلئەبیب، واشنتۆن، مۆسکۆ و بەغدا) ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، بەرژەوەندییەکانی خۆیان یان بەشێکیان بەدەستهێنا و گەورەترین دۆڕاویش گەلی کورد بوو. سەرکردایەتییەک کە شیاو نەبێت بۆ هەڵگرتنی باری تێکۆشانی مێژوویی و لە دەمێکی چارەنووسسازدا کۆڵ بدات، ئەوا دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی تێکۆشان و قوربانیی گەلەکەی.

[324] ,Trita parsi,p:54.

دیپلۆماسیەتی دەروەستکردنی وەهم

زۆر وڵات لە ئاستی جیاوازدا تێوەگلابوون، لە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردیدا، لەوانە لەسەر ئاستی ناوچەیی: ئێران، ئیسرائیل، ئوردن، شانشینی عەرەبی سعوودیە، کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (میسر) و کوێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش: یەکێتیی سۆڤیەت، مەنگۆلیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، نەمسا و بەریتانیا. هەروەها پارتە نەتەوەییە کوردییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیان هەبوو لەو ململانێ چەکدارییەی کە بزووتنەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا هەرەسهێنانی سەرکردایەتیی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ نوێنەرایەتیی دەکرد، بەڵام سەرکردایەتیی پارتەکە و بزووتنەوەکە فشاریان خستە سەر هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی پارچەکانی تری کوردستان، کە چالاکییەکانیان ڕابگرن و تەنها بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کوردی دژی ڕژێمی بەغدا کار بکەن، کاتێک ئەوان پابەندی ئەم داوایە نەدەبوون، ئیتر سەرکردایەتیی پارتەکە هێزەکانی خۆی (پێشمەرگە)ی بەکاردەهێنا بۆ ڕاگرتنی ناڕەزایەتییەکانیان، نمونەی ئەوەی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕووی دا و شان بەشانی هێزەکانی ئێران، دژی حیزبی دیموکراتی ئێران وەستانەوە.

نەبوونی ستراتیژییەتێکی کوردستانی، کە هەموو لایەنە کوردییەکان لەخۆبگرێت، بووە هۆی لاوازیی بزووتنەوەی کوردی و گۆشەگیرکردنی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا، وایکرد لەلایەن شاوە دەستەمۆ بکرێت و بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەکاریانبهێنێت. عیسمەت شەریف چەندین جار ئاماژەی بەمە کردبوو، بەڵام بێسوود بوو. حیزبی شیوعیی عێراق لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بەشداربیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کرد و لە سەرەتایشەوە ئاشووری و کلدانییەکان بەشداربیان کرد و ڕۆڵێکی گرنگیان تێدا گێڕا. سەرکردایەتیی کورد، هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دروست بکات، بەڵام تورکیا وەڵامی نەدانەوە، لەبەرئەوە پەیوەندییان لەگەڵ تاران مایەوە کە

گرنگییان پێ دەدا. لە ڕێگەی دەروازەی تارانەوە، ئیسرائیل بە ڕاوێژ لەگەڵ ئێران و بە پەرۆشییەوە هاتە ناو کایەکەوە، هەروەها (شا) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشی کێشکرد بۆ ناو یارییەکە، ئەمریکا دوودڵ بوو بەڵام بەهۆی سووربوونی شا بە وریاییەوە قبوڵی کرد. تەنانەت دوای قبوڵکردنیشی، ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕەوتی ئەنجامەکانی ململانێی نێوان بزووتنەوەی کوردی و حکومەتی بەغدا بێبایەخ و بێ گرنگی مایەوە، بەڵام بەس بوو بۆ ئەوەی خەیاڵێکی کوشندە لای سەرکردایەتیی کورد دروست بکات، کە ئەویش پشتبەستنی بێسنوور بوو بە هێزە دەرەکییەکان.

کارێکی ئاساییە، تەنانەت پێویستە سەرکردایەتی لە پڕۆسەی ململانێی چەکداریی گەلدا، بەپێی بارودۆخ و تواناکان بەدوای هاوپەیمانی ڕاستەقینە یان کاتیدا بگەڕێت، لە دۆخی بزووتنەوەی کوردیدا، هاوپەیمانی سەرەکی شا بوو، کە دژایەتیی ئازادییەکانی لە وڵاتی خۆیدا دەکرد چ جای دژایەتیی مێژوویی بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، وا دیارە شا کەسایەتیی مەلا موستەفا و شێوازی کاریگەری لەسەری و چۆنێتیی پلانەکانی باشتر دەناسی، وەک لەوەی مەلا موستەفا دەربارەی شا بیزانێت. سەرەڕای نەبوونی متمانەی دوولایەنە، بەڵام شا توانیی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەتی دروستکردنی خەیاڵپڵاوییەوە، کاریگەریی لەسەر دابنێت. توانی لای مەلا موستەفا وێنایەك دروست بکات، کە لەسەر هەندێک ڕاستی بونیادنرابوو، بەوەی کە (ئێران سااڵنێکە پشتگیری لە سەرکردەی بزووتنەوەکە دەکات و پارەی ڕاستەوخۆی بۆ دەنێرێت و چەک و مەشقی سەربازی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین دەکات و هەزاران کورد لە نەخۆشخانەکانی ئێران چارەسەر دەکرێن. هەروەها ئێران بەشدار بووە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل، ئەمریکای قایل کردووە پشتگیریی بزووتنەوەکە بکات، هەروەها دەیان هەزار پەنابەری لە خاکی خۆیدا دااڵدەداوە، بە خێزانی سەرۆکی پارتەکە و کوڕەکانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسییشەوە. لەلایەکی تر هێزەکانی ئێران، هاتوونەتە کوردستان بۆ شەڕ دژی سوپای عێراق بۆ بەرگری لە کوردە ئارییەکان، هەروەها دژەفڕینەکانی ئێران چەند فڕۆکەیەکی عێراقییان خستووەتە خوارەوە، لەگەڵ ناردنی تەقەمەنی و ئازووقە بۆ ناوچە دوورەدەستەکان و بە زارەکییش بەڵێنی

بەردەوامیی پشتگیری دەدات). ئەگەرچی ئەمانە هەمووی ڕاستی بوون، بەڵام سەرکردایەتیی کورد پاڵنەرە سەرەکییەکەی پشت ئەم پشتگیرییە دارایی و سەربازی و مرۆییەی هەست پێنەدەکرد. سەرکردایەتیی کورد، تێگەیشتنی جیۆستراتیژیی نەبوو، جیاوازیی نەدەکرد لە نێوان ئەو دوو دژەی کە شا لە یەک کاتدا بەرجەستەی دەکردن، ئەو دۆستێکی کاتی و دوژمنێکی ناو سەنگەر بوو، کە یەکەمیان لە خزمەت دووەمیاندا بوو نەک بە پێچەوانەوە. سەرۆکی (پ.د.ك) مامەڵەی لەگەڵ بەشی یەکەمی سیاسەتی شا کرد، کە دۆستی کاتی بوو و بە سادەییەکی بێ کۆتاییەوە بەشی دووەمی سیاسەتەکەی فەرامۆش کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکە بوو وەک دوژمنێکی سەنگەر، دوای گەڕانەوەی شا لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، شا پەردەی لەسەر ڕووخساری خۆی لادا، ئینجا سەرکردە کوردەکان هەستیان بە ئاستی بێ دەسەڵاتی و دواکەوتوویی خۆیان لە بواری دیپلۆماسیدا کرد، بەڵام ئیتر کات بەسەر چووبوو.

سیاسەتی دروستکردنی خەیاڵپڵاوی کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، کە وەرگر ئامادە بێت بۆی و کەمایەسی هەبێت لە تێگەیشتن و لە یاساکانی ململانێی سیاسی و بەڕێوەبردنیان و بێ ئاگا بێت لە وانەکانی مێژوو، هەروەها متمانەی بەخۆی لاواز بێت لە بەدەستهێنانی هۆکارەکانی هێز و کاریگەریی سیاسی و گوێ نەداتە بەڵێنە پابەندکەرەکان و گەندەڵیی بەربڵاوی بەرەی ناوخۆیی و لاوازیی پابەندبوون بە بەرژەوەندیی گەل و داهاتوویەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە پێچەوانە دەبێتەوە و سیاسەت شکست دەهێنێت، ئەگەر وەرگر ستراتیژیەکەی لەسەر ڕاستییە جێگیرەکانی سەر زەوی داڕێژرابێت و بە ئاگاهییەوە گەلەکەی بۆ خراپترین ئەگەرەکان ئامادە کردبێت، بە وردی پاڵنەری ئەو هاوکارییانەی وەری دەگرێت، دەستنیشان بکات، پلان و جێگرەوەی هەبێت بۆ کاتی بڕینی هاوکارییەکان و چەندین تەوەری هەبێت بۆ مانۆڕە سیاسییەکان لەپێناوی ئەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی بە سەربەخۆیی بمێننەوە... هتد.

ستراتیژییەتی دۆزی کوردی لەسەر بنەمایەکی ڕوون و لێکۆڵینەوەبۆکراو دانەمەزرابوو، دیدگا و تێگەیشتنی نەبوو بۆ دونیابینیی سیاسەتی شا بەرامبەر بزووتنەوەی کوردی و زانینی ئەوەی تا چ ئاستێک، دەکرێت هاوکارییەکانی شا وەک

هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی جەماوەریی چەکداری و توندکردنی بەرەی ناوخۆیی تەماشا بکرێت، هاوکات ئەگەر و هەڵسەنگاندنی دوژمنایەتییەکەی و زانینی ئەوەی لە چ بارودۆخێکی سیاسیدا دەگۆڕێت بۆ دوژمنێکی ئاشکرا! پشتبەستنی زیاد لە پێویستیی سەرکردایەتیی کورد بە شا، لەسەر حیسابی پشتگوێخستنی بەرەی ناوخۆیی و تێکدانی پەیوەندییە کوردستانییەکان بوو.

سەرکردایەتیی کورد درکی بەو ڕاستییە نەکرد؛ کە شا وانەی گرنگی لە ڕێککەوتنامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠) وەرگرتووە کە لە نێوان لایەنی کوردی و بەعسی عێراق واژۆکرا، بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی. هۆکاری گەڕانەوەی مەلا موستەفا بۆ لای شا، بۆ داوای یارمەتی و پشتگیری بوو لێی، بەتایبەت دوای هەوڵی تیرۆرکردنە سەرنەکەوتووەکەی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی بەعسەوە. بەو هۆیەوە پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی (پ.د.ك) و ئێران فراوانتر بوو. شا هەوڵی دا نەهێڵێت مەلا موستەفا لەژێر دەستی دەربچێت و ڕێگەی پێنەدات ڕێکەوتنی تر لەگەڵ بەغدا بکات، فێربوو کە حکومەتی عێراق ڕابکێشێت بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ خۆی، هاوکات مەلا موستەفای بە توندی بە خۆیەوە بەستەوە و سەرقاڵیکرد بۆ ئەوەی لە هەر لێکتێگەیشتنێکی داهاتوو لەگەڵ بەغدا، دووری بخاتەوە.

شا دەیزانی سیاسەتی گەندەڵکردنی کۆمەڵگە، چەند گرنگە بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکەی، هەروەها دەیزانی کە مەلا موستەفا هەمان ئەم سیاسەتە بەرامبەر گەلەکەی پەیڕەو دەکات، سیاسەتی گەندەڵکردن دەکرێت بەرامبەر تاک و کۆمەڵگەکانیش وەک یەک پەیڕەو بکرێت، ئەمەیش لە بەرژەوەندیی شادا بوو هەر بۆیە ملیۆنان دۆلاری بەسەر مەلا موستەفادا باراند و ئەویش لای خۆیەوە بەشداربوو لە دروستکردنی گەندەڵیی زیاتر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەسەر حیسابی پاکیزەیی شۆڕشگێڕی. مەیلی سەرکردە سەرەکییە کوردەکان بۆ پشتگیریکردنی سیاسەتەکانی شا لە ناوچەکەدا، گەشەی کرد و خۆیان بە بەشێک لە پلانی ئەمریکی – ئێرانی - ئیسرائیلی

دەزانی[٣٢٥]، مەلا موستەفا ڕێگەی بە زۆرێک لە سەرکردەکانی دا کە دڵسۆزی شەخسی خۆی بن، تا نوقمی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی ببن و لە ماوەی نزیکەی چوارده ساڵدا هیچ سەرکردە یان بەرپرسێک بە تۆمەتی دزی یان گەندەڵیی دارایی، زیندانی نەکرا یان دەرنەکرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکرا، گەندەڵی بە ڕوونی جەستەی کۆمەڵگەی خواردبوو، لە لووتکەی سەرکردایەتییەوە دەستیپێکردبوو تا دەگەیشتە هەموو دامەزراوەکانی بزووتنەوەکە و پارتەکە و سوپای شۆڕشگێڕ، ئەمە گەورەترین مەترسی بوو کە لەناو شۆڕشدا بڵاوبووەوە. (بەم جۆرە بەرگریی کۆمەڵگە دەڕووخێت و لە بەهاکانی قوربانیدان و دەسپاکی و ڕەوشتە شۆڕشگێڕییەکان و پابەندبوون بەو پرەنسیپانەی پەیوەستن بە چارەنووسی نەتەوەیەکەوە، دەدرێن). سەرکردەکان، ئەوەیان لەبیرچوو کە گەلی کورد لە شۆڕشی چەکداریدایە و دوژمنان لە هەموو لایەکەوە دەوریانداون، بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان گەل و سەرکردایەتی، دەبوو سەرکردایەتی جوانترین نموونەی پابەندبوون بە بەها شۆڕشگێڕی و نیشتمانییەکان و قوربانیدان و دادپەروەری پێشکەش بکەن، بەڵام سەرکردایەتیی کوردی ئەوەیان لەبیرچوو کە ڕابەرایەتیی شۆڕش دەکەن و ڕێگەیان بە خۆیان دا بەرەو ژیانی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی و کۆکردنەوەی پارە ڕابکێشرێن. شا، خاڵە لاوازەکانی لایەنی کوردی دەزانین و قۆستنیەوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی کورد، بخاتە ناو چوارچێوەیەکی سیاسیی دیاریکراوەوە، کە خۆی کۆنترۆڵی بڕیارە سیاسییە چارەنووسسازەکانیان بکات.

بۆ ئەوەی سەرکردەی بزووتنەوەکە خۆی لە مەترسییەکانی قەفەسی ئێرانی بپارێزێت، چووە ناو قەفەسی ئیسرائیلییەوە، بۆ پاراستنی زیاتریش چووە ناو قەفەسی (C. I. A)یەوە، ئەو بایەخی لە ڕادەبەدەری بە دەزگا هەواڵگرییەکان و ئامێرە نهێنییەکانی سیخوڕی دەدا و وەک گەرەنتییەک بۆ سەلامەتیی کەسی و خێزانیی خۆی تەماشای دەکردن و هەمیشە داوای هاوکاریی هەواڵگریی لێ دەکردن، هەر لەبەر

[325] From Embassy BEIRUT. To the Department of State. July 16, 1971. Request from Mustefa Barzani for Clandestine Contact with USG

ئەمەیش بوو کە دەیویست مەسعوودی کوڕی پێشکەش بە دەزگای (C. I. A) بکات، وەک ئەوەی لە زۆرێک لەو یاداشتنامانەدا هاتووە کە بۆ باڵیۆزخانەکانی ئەمریکای ناردوون، یان لە ڕێگەی نێردراوەکانییەوە کە چاویان بە دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان کەوتووە.

چوونە ناو (C. I. A)، بەشێک بوو لە گرێبەستێکی فێڵبازانە کە شا ئامادەی کردبوو بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی مەلا موستەفا، لە بەرامبەر ئەوەی سەرکردایەتیی کورد هەموو کەناڵەکانی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و حکومەتی بەغدا و حیزبی شیوعیی عێراق بپچڕێنێت و نەچێتە ناو بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازەوە، بە هاتنە ناوەوەی (C. I. A) بۆ ناو یارییەکە، وەرەی سەرکردایەتیی کورد بەرزبووەوە و وایانزانی پشت بە دەوڵەتێکی زلهێز دەبەستن کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و پێگەیەکی گرنگیان لە ناو هاوکێشەکانی کەمپی ڕۆژئاوادا هەیە، بێ ئەوەی درک بەوە بکەن کە ئێران خۆی سەرەداوی چوونەژوورەوە و هاتنەدەری ئەم پەیوەندییەی بەدەستەوەیە.

لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە و لە کاتی جەنگی ساردا، واشنتۆن نەیدەویست هیچ کێشەیەک بۆ هاوپەیمانەکانی لە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دروست ببێت. لە دیدی ئەواندا هەر جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بۆ کورد لە عێراقدا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە هەموو پارچەکانی تری کوردستاندا دەخولقاند، ئەمەیش دەرفەتی دەدا بە حکومەتی ڕادیکاڵی عێراقی یان یەکێتیی سۆڤیەت> کە وەک کارتێک دژی دوو گرنگترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا (تاران و ئەنقەرە) بەکاربهێنێت، لەبەر ئەم هۆیە وەک هێڵێکی سوور بوو و نەدەبوو ببەزێنرێت و واشنتۆن بە تەواوی ڕەچاوی دەکرد.

هیچ لێکۆڵینەوەیەک و توێژینەوەیەک نەکرا، بۆ ئەوەی ڕوون بێت و بزانرێت بەرژەوەندیەکانی کورد تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێراندا بەریەك دەکەون یان دەگونجێن، پەسەندکردنی چوونە ناو هاوپەیمانیی نەنووسراو کە لەسەر بنەمای هێزی ڕاستەقینەی ناوخۆیی بونیاد نەنرابوو، بزووتنەوەی کوردی کردە لایەنێکی پاشکۆ لەبری لایەنێکی سەربەخۆ، کە هەڵوێست و پرەنسیپی جێگیری خۆی هەبێت، ئەگەر هەندێک بەرژەوەندیی هاوبەشی کاتی؛ لە نێوان بزووتنەوەی کوردی و تاراندا هەبووبێت سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بەڵام پێکدادانی

بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ ئێراندا، زۆر توند و مەترسیدار بوو، نە شا و نە دەزگای ساواک لە گرنگیی کاریگەرییە سۆزداریيەکان و هاوپشتیی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەردوو دیوی سنوورەکانی کوردستانی دابەشکراو بێئاگا نەبوون، لەبەرئەوە سیاسەتی شا لە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، بەمەبەستی لەخۆگرتن و پاشان کۆنترۆڵکردنی بوو، بەڵام سەرکردایەتیی کورد تەنها هاوکارییەکانی دەبینی و لێکەوتەکانی ئەو سیاسەتی کۆنترۆڵکردنە وردەی نەدەبینی، سەرکردایەتیی کورد تەنها یەک لایەنی یارییەکەی دەبینی، کە لایەنە درەوشاوەکەی بوو و چاوی لە ئاست لایەنە تاریک و مەترسیدارەکە نوقاندبوو، تا ئەوکاتەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا سوپرایزی پێکردن. لە گەرمەی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و شای ئێراندا، شا بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو کاری کرد بۆ کەمکردنەوەی بژاردەکانی لایەنی کوردی، تا ئەو ئاستەی هەموو بژاردەکانی تر لەناوچوون، تەنها لە بەرژەوەندیی بژاردەی ئێرانی نەبێت.

لە سیاسەتدا؛ شتێک نییە بەناوی کارئاسانی و بەزەیی پیاهاتنەوە و دەرۆزەکردن، بەڵکو خۆڕاگری و ئیرادەی پۆڵایین و پێداگری، دەبنە هۆکاری ڕاستەقینەی مامەڵەی دیپلۆماسی. شا، بۆ خۆی باش دەیزانی چۆن لاوازیی سەرکردایەتیی کورد زیاد بکات، چونکە تێڕوانینی ئەو بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی جەنگی ساردا، لەسەر بنەمای دابینکردنی هۆکار و بنەماکانی هێز و بوێری و بەرپەرچدانەوە بوو. لە دیدی ئەودا، کەسی لاواز ناتوانێت هەڵوێستی هاوسەنگ و ژیرانە وەربگرێت، یان سیاسەتێکی سەرکەوتوو پەیڕەو بکات. با لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەی خوارەوەوە؛ تێڕوانینی ئەو بۆ هێزی ڕاستەقینە ببینین. (کیسنجەر و شای ئێران).

کیسنجەر بە شا دەڵێت: ڕەنگە سوودبەخش بێت بزانن کە باڵیۆزی سۆڤیەت (دۆبرینین)، سەرنجی یەکێک لە لێدوانەکانی ئێوەی داوە، لە کاتی شێوان و ئێوارە لە کۆشکی سپی شەوی سێ شەممە. دۆبرینین بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە وتەکانی جەنابتان لە منەوە وەرگیراوە، کاتێک باست کرد. تەنها کەسی بەهێز دەتوانێت دانا بێت. بە دۆبرینینم وت: بەپێچەوانەوە من تەنها قوتابییەکی جەنابتانم.

شا: هەمان شتم بە سیناتۆر وەین هایس وت و لەسەری دواین. بە ڕووسەکانم وت ئەوەی بۆ ئێوە باش بێت، بۆ منیش باشە. لێمپرسین (کاتێک لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان گفتوگۆ دەکەن، ئایا لە پێگەی لاوازییەوە گفتوگۆ دەکەن یان لە پێگەی هێزەوە؟) بێگومان لە پێگەی هێزەوە دەیکەن. تەنها لە پێگەی هێزەوە دەکرێت هەڵوێستی ژیرانە هەبێت. کەسی لاواز، زۆر شڵەژاو دەبێت. ئەمەیش ڕێگری لێ دەکات کە ژیری و وردبینی هەبێت.

کیسنجەر: مرۆڤ پێویستی بەوەیە بژاردەی هەبێت، کە ئەویش لە ژیرییەوە سەرچاوە دەگرێت.

شا: ئەگەر بەهێز بیت، دەتوانیت ئارامگریت هەبێت.

کیسنجەر: بەڵێ لەو بارودۆخەدا، مرۆڤ دەتوانێت کات بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت.

شا: بەڵێ لەو بارودۆخەدا مرۆڤ دەتوانێت پەلە نەکات. ئایا باڵیۆزی ڕووسیا حەزی لەو سەرنجە بوو؟

کیسنجەر: ڕێزی لێگرت، ئەمەیش لەوە گرنگترە کە حەزی لێی بێت.

باڵیۆز هیلمز: تێبینییەکی لەسەر نووسی.

کیسنجەر: جەنابتان سەرنجتان ڕاکێشا.

شا: بە باڵیۆزی ڕووسیام لە تاران وت، هەمان ئەو ستراتیژییەی بۆ ئێوە گونجاوە، بۆ ئێرانیش گونجاوە. دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێراندا، وەک هەڵسوکەوت بێت لەگەڵ وڵاتە گەورەکانی جیهاندا. ئایا باڵیۆزی ڕووسیا دەربارەی ئێران شتێکی تری وت؟

کیسنجەر: ئەو هەستەم لا دروست بوو کە ئەوان پێیانباشە ئێوە کەمتر پڕچەک بن.

شا: گرنگ ئەوەیە ڕووسەکان تێبگەن کە ئێمە لێیان ناترسین و خۆمان بەدەستیانەوە نادەین. دەبێت ڕووسەکان لەوە تێبگەن.

کیسنجەر: ئەمە هەڵوێستێکی بەهێزە.[٣٢٦]

[326] Memorandom of Conversation. Friday, July 27. 1973. 5:00 p.m. In the Shah's Reception

لە دۆخێکی ئاوەهادا، زیرەکی و توانای مانۆڕکردن و بەکارهێنانی هۆکارەکانی هێز و لاوازی، لە کایە و ململانێ سیاسیەکاندا دەبێتە تاقیکردنەوەیەک بۆ ئەوەی هەر لایەنێک ئامانجەکانی بپێکێت و گرنگە نەکەوێتە داوەوە، ئامادەکاری بۆ قەیرانەکان پێش ڕووداندیان ناوەرۆکی سیاسەتی سەرکەوتووە، بەڵام بەئاگاهاتنەوە دوای ڕووداندی قەیران (وەک ئەوەی لە سەرکردایەتیی کورددا ڕووی دا) هیچ سوودی نییە، چونکە ئیتر کات زۆر درەنگ بووە.

پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان ئەو دوو پیاوە (شا و مەلا موستەفا) گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو، چونکە شا هیچ بایەخێکی بە ڕاوێژکارەکانی یان حکومەتەکەی نەدەدا لە کاتی بڕیاردان یان ڕاوەرگرتندا، ئیتر هەر بڕیارێکی سیاسی ببووایە. هەمان شتیش بۆ مەلا موستەفا ڕاست بوو، ئەو ڕاوێژی بە مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی و هێزی (پێشمەرگە) نەدەکرد. ئەو، سەرۆکی پارتەکە و فەرماندەی باڵای هێزەکانی پێشمەرگە بوو، ئەم پەیوەندییە خۆ بەخۆ و دووقۆڵییە بوو، کە ڕەهەندەکانی سیاسەتی نێوان تاران و بزووتنەوەی کوردی دیاری کرد. ئەگەر شا، پارە و چەکی هەبوو ئەوا مەلا موستەفا هەزاران چەکداری لەسەر خاکێکی ڕزگارکراو هەبوو، کە ڕووبەرەکەی لە بەلجیکا گەورەتر بوو. خاکێکی شاخاوی و سەخت، کە سەنگەرێکی سروشتی بوو بۆ شەڕی (پارتیزانی)، سەرەڕای پاشەکشە جەماوەرییەکەی، بەڵام مەلا موستەفا دەیتوانی لە کاتی قەیرانەکاندا کە گەلی کورد هەستی بە مەترسی دەکرد، پشت بە گەلەکەی ببەستێت و دووبارە لە دەوری کۆببنەوە، هەروەها دەیتوانی پشت بە ستراتیژییەتی کوردستانی ببەستێت، بۆ زیادکردنی پێگەی بزووتنەوەکە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، ئەمەیش دەرفەتی دەدا بتوانێت فشاری زۆر بخاتە سەر چەند حکومەتێک.

لە کاتێکدا شا خاڵە لاوازەکانی مەلا موستەفای قۆستەوە، بەڵام مەلا موستەفا نەیتوانی مەترسیی شا بەکاربهێنێت، بۆ بەهێزکردنی پایەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ناوخۆدا و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری کورد، هەڵەیەکی

Room Blaire House.

کوشندە بوو کە هەموو کارتەکانی بخاتە ناو سەبەتەکەی تارانەوە، ئەمەیش ڕێک ئەوە بوو کە شا دەیویست. شا بۆ مەلا موستەفای سەلماند کە ئەو لە هەمووان بەخشندەترە لە (ڕووس، عێراقی، ئیسرائیلی و ئەمریکییەکان) لە ڕووی بەخشینی پارەوە، سەرکردایەتیی کورد نەیزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بەخششە لەناکاوەدا بکات، کە بەسەریدا باریبوو. هەموو جۆرە سەرنجڕاکێشییەکی دەسەڵاتخوازیی تێدابوو، بەمە شا توانیی لە ڕێگەی تەفرەدانیەوە بە پارە، ئیرادەی شۆڕشگێڕیی لاواز بکات و لە بەردەم سێبەری پارەدا ملی پێ کەچ بکات، لەمانە گرنگتر (مەترسیی ئالوودەبوون بە پارە، ڕۆڵی شۆڕشی کوردی لە ئامانجی سەربەخۆیی و بڕیاردانەوە گۆڕی بۆ ناوەندێکی وەزیفی، کە خزمەتی پارەبەخشەکە دەکات)، ئەو کە لە تەڵەنانەوەدا شارەزایە و وەرگری پارە (کورد) دەبینێت کە لە شۆڕشگێڕێکەوە گۆڕاوە بۆ فەرمانبەرێک کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی پێ سپێردراوە.

مەلا موستەفا دوای بەیانی ئاداری ١٩٧٠، پێیوابوو ڕێکارە زۆرەکانی پاراستنی ڕووحی، بەس بوون بۆ سەلامەتیی خۆی و لەسەر سنووری ئێران - عێراق و ژیانی دوور لە بەرەکانی شەڕ و دەورەدراو بە پیاوەکانی و هەزاران پاسەوان و دژەئاسمانی لەسەر گردەکانی دەوروبەری بارەگاکەی، بەڵام بینی کە دوژمنان بۆی لە کەمیندان و توانیویانە بە فێڵ و تەڵەکەبازی، هەموو ئەو بەربەستابە ببڕن کە بۆ سەلامەتیی خۆی دروستیکردبوون و لەناو ماڵەکەی خۆیدا پێی بگەن. پاراستنی خودایی، لە مردنێکی سەدا سەد ڕزگاری کرد، ئەمە وای لێکرد ترسێکی ناوەکیی قوواڵی لا دروست ببێت و هەمیشە هەست بە نائارامی و نەمانی سەلامەتی لەسەر ژیانی بکات، وەک ئاماژەمان پێ دا هەوڵی تیرۆرکردنی لەلایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە، وای لێکرد توانای بیرکردنەوەی هاوسەنگی لە بژاردە سیاسییەکان و هاوپەیمانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیدا لەدەست بدات.

شا ئەم نیگەرانییانەی مەلا موستەفای بە باشترین شێوە قۆستنەوە، بەڵام لە هەمووی کارەساتبارتر، دابڕانی سەرۆکی پارتەکە بوو لە ئاوات و ئامانج و قوربانییەکانی گەلەکەی و دەستگرتنی بوو بە هێزە کۆنەپەرست و بەکرێگیراوەکان و ڕێگریکردنی لە

کەسانی لێهاتوو، هەروەها قۆرخکاریی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و دارایی لەلایەن خێزانەکەیەوە، ئەوەیش لە مەترسیدارترین ئەو بارودۆخانە بوو کە شۆڕشی گەلی کوردی پێدا تێدەپەڕی. سەرکردایەتییە نیوە ئیفلجەکە، سوودی لەو نوخبە و ڕەگەزە نوێیانە وەرنەدەگرت، کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردەوە کردبوو، چونکە توانای ڕێکخراوەیی و بەهرەی لەخۆگرتنی ئەندامە نوێیەکان (چ سەربازی و چ مەدەنی)ی سفر بوو، کە لە پاشاندا بەبێ ویستی خۆیان بوونە بارگرانی بەسەر بزووتنەوەکەوە، ئەمەیش جێگەی ڕەخنەی خودی نوێنەرە ئێرانییەکان بوو، دکتۆر عەبدولەسەوەر بارزانی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا سەرۆکی لیژنەی باڵای کاروباری پەنابەران بووە، بە ڕوونی ئاماژە بە دیاردەی بەڕەڵایی دەکات لە ناو خاکی کوردستاندا - ئێراندا، کەمپی نیشتەجێبوونی پەنابەرە کوردەکان زیادی کرد، کە لە دەست جەنگی پێنجەمی کوردستان هەڵاتبوون، لە سەردانێکی لەناکاوی (تیمسار / مەنسوور دوور) بۆ کەمپی (نێلیوان) لە نزیک شاری شنۆ، چاوی بە (عەبدولەسەوەر بارزانی) کەوت و بە ڕاشکاوی پێیگوت: زانیاریی باوەڕپێکراومان پێگەیشتووە، کە زۆرێک لەوانەی سەر بە پێشمەرگەن لەناو کەمپەکاندان، لە کاتێکدا دەبێت لە بەرەکانی شەڕدا بن. ئەم جۆرە، بەرەکانی جەنگ لاواز دەکات، ئەمە شتێکی وایە نابێت ڕووبدات.

نموونەی داهاتوو، چۆنێتیی لووتکەی هەڕەمی بزووتنەوەی کوردی بۆ حاڵەتە کتوپڕەکان و بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئامادەبوون نیشان دەدات، سەرۆکی دەزگای پاراستن (مەسعوود) کوڕی مەلا موستەفا بوو، کە دەبوو نەسیری بۆ ساواکی ئێرانی و مائیر عەمیت بۆ مۆسادی ئیسرائیلی و ڕیچارد هیلمز بۆ C. I. A چۆن بوون، ئەویش بۆ بزووتنەوەی کورد وا بووایە. دکتۆر عەبدولەسەوەر بارزانی، نموونەیەکی زیندووی پڕ مانا دەگێڕێتەوە: لە مانگی ئاداری ١٩٧٥دا، سەرۆکی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەسعوود مەلا موستەفا) کە باوکی لەو پۆستەدا دایمەزراندبوو و دەبوو ئاگاداری نهێنییەکان بێت، دەمانبینی کە دووڕە لە دڵەڕاوکێ و بەهێزەوە دەستیگرتووە بە پشتگیریی دەرەکییەوە، لە ئێران لە لای خێزانەکەی پشووی بەسەر دەبرد و لە هەموو شتێک دڵنیا بوو. عەبدولەسەوەر بارزانی نیگەرانیی خۆی بۆ دەربڕی، سەبارەت بە

ئەگەری لێکتێگەیشتنی لە نێوان بەغدا و تاران، بەڵام وەڵامەکەی ئەمە بوو: عەبدولمەسەوەر! تۆ کارت نییە و بێزار نابیت لەوەی لە من یان لە ئیدریس بپرسیت لەسەر ئەم بابەتە؟ بەڵام ئەگەر ئەوە بزانیت کە من دەیزانم، ئەم پرسیارەت هەر نەدەکرد، هەروەها وتی: ئێمە تەنها مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی بچووکی وەک عێراق و ئێران ناکەین. بەڵکو پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانیش هەیە، لە هەمان کۆبوونەوەدا پاش کەمێک کە عەبدولمەسەوەر هێشتا دانیشتبوو، نێردراوێک هات و نامەیەکی لە ئیدریس بارزانییەوە (کە هێشتا لە کوردستان بوو) بۆ مەسعوود هێنا و تێیدا هەواڵی دەستپێکردنی کشانەوەی تۆپخانەکانی ئێران و وازهێنانی ئێرانی لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کوردی پێگەیاند.[327]

دەزگاکانی پڕوپاگەندەی پارتی، نەریتی پیاهەڵدان و گەورەکردنی مەلا موستەفایان تا سنووری زیادەڕۆیی پەیڕەو دەکرد، شیعر و گۆرانییان بۆ شکۆ و مەزنایەتییە بەرزەکەی دادەنا، ئەو خۆی بە شێر دەچووواند و لەمێژ بوو کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو گەورەکردنە زیادەڕۆیانەوە، یەکێک لە ئەنجامە هەرە گرنگەکانی ئەوە بوو، کە هیچ بە پێویستی نەدەبینی گوێ لە کەس بگرێت یان داوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لە کەسانی تر بکات، چونکە خۆی بە زاناتر و زیرەکتر لە هەمووان دەزانی، هەروەها هەستی دەرککردن بە مەترسییەکان تێدا مردبوو. سەددام حوسێنیش دوای سەرکەوتنی پڕۆسەی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق و شکستی بزووتنەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥دا، تووشی هەمان نەخۆشی بوو. بڕوای بە مەزنیی کەسایەتیی خۆی لە لا دروست بوو، کە توانیویەتی ئەو شتە بەدیبهێنێت کە هیچ حکومەتێکی پێشووی عێراق نەیکردووە (خۆماڵیکردنی نەوت و کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد). شای ئێرانیش تووشی هەمان نەخۆشی ببوو، پێی وابوو ئەو نوێنەرایەتیی زلهێزێک لە ناوچەکەدا دەکات و ئەمریکییەکان پێویستیان پێیەتی. ئەویش بە تەنها، بڕیارە چارەنووسسازەکانی دەدا و تا کات بەسەر نەچوو، بەئاگا نەهاتەوە. کاتێک بینیی چەندە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی دوورە و تەختی

[327] الدكتور عبدالمصور بارزاني، المسألة الكوردية. البديل الديمقرطي. تجارب سياسية: ١٩٧٤ — ٢٠٠٩ .

پاشایەتییەکەی دەڕووخێت، لە دۆخێکی وەهادا گەل لەلایان بچووک دەبنەوە و پەراوێز دەخرێن و دەوری دیکتاتۆر، مەزن دەبێت و دەچێتە سەرووی گەل و یاساوە و لە ڕێگەی دەزگاکانی سەرکوتکردن و ڕاگەیاندنەوە، بەکرێگیراوانی میدیا خەریکی بڵاوکردنەوەی کولتووری کەسایەتیپەرستی دەبن. سەرکەوتنی هەر دیکتاتۆرێک، باشترین نیشانەیە بۆ شکستی گەلەکانیان، هاوڵاتیان وەک خزمەتکاری زەلیل دەمێننەوە، فەرمانڕەوای ستەمکار پشت دەکاتە هاوسەنگەرەکانی و گوێ بە بەرژەوەندییەکانیان نادات، چونکە تەنها خەمی ئەو؛ مانەوە و بەردەوامیی میراتگریی خۆیەتی. دەوروبەری دەسەڵاتدارانیش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە بەهێزکردنی ستەمکاریدا، چونکە خاوەن دەسەڵات ئەم دەوروبەرەی بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی دروستکردووە، یەکێک لەلایەنەکانی ئەم دەوروبەرە، پیاهەڵدەرە ڕۆشنبیرە دەرفەتخوازەکانن (ئینتیهازییەکانن) کە لە بازنەی خزمەتی دەسەڵاتدا بەرجەستە دەبن.

(سەرکردە ڕاستەقینەکان) لە کاتی سەرکەوتندا، خاکەڕا دەبن و لە سیاسەتەکانیاندا بە حەزمرتر دەبن و زیاتر نزیک دەبنەوە لە ئازار و ئاواتی گەلەکەیان، بەڵام (سەرکردەکانی ئێمە) لە کاتی سەرکەوتندا، لەخۆباییدەبن و بێڕێزی بە خەبات و مەینەتی و کەرامەتی گەلەکەیان دەکەن و ستەمکاریی زیاتر دایاندەگرێت. هەروەها سەرکردەی نالێهاتوو، پێویستیی بەردەوامی بەوە هەیە ڕۆژانە وێنەکەی گەورە بکرێت و پاڵەوانێتییەکان تەنها بۆ ئەو بگەڕێنرێنەوە، بەکرێگیراوانی بەناوڕۆشنبیری دەسەڵاتیش لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕۆوپاگەندەوە کە لەژێر ڕکێف و لەناو بازنەی دەسەڵاتدان، وێنەی سەرکردەی ڕزگارکەر بە جۆرەها درۆ و بەشێوەیەکی ڕۆتینی و بەردەوام جوان دەکەن. سەرکردایەتیی کورد نەیویست چاوی بکاتەوە بۆ بینینی ڕاستییە گریمانەکراوەکان لەسەر زەوی تا خۆی بۆ ئامادە بکات، سەرەڕای هەبوونی نیشانەی ڕوون لە حوزەیرانی ١٩٧٣وە کە بەدەرکەوتبوون. سەرکردایەتی، هەستێکی قوڵی بۆ دروست ببوو کە ئەستەمە دەسەڵات لەدەست بدات و چی دەکات با بیکات، ئەوەیش بەهۆی شتێکەوە کە وەک ئالوودەبوون وابوو، بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی درێژی تاکڕەوی و قۆرخکردنی دەسەڵاتی ڕەهای بەبێ لێپرسینەوە لە کۆمەڵگەیەکدا چەسپاندبوو، کە سەرکردایەتییەکەی فێری

بێدەنگی و سووکایەتی و ملکەچی کردبوو. هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کوردی، نموونەیەکی زیندووە کە بزانین پەراوێزخستنی هێزە کاراکانی گەل لەلایەن سەرکردایەتییەوە، چی لێ دەکەوێتەوە کاتێک سەرکردایەتی پشتی بە دەرەوە بەستبوو، لە ڕێگەی دیپلۆماسییەتی لاواز و سادە کە ئەرکەکانی تەنها لە کۆکردنەوەی پارەدا کورت کردبووەوە، بینیمان شکستیهێنا لە ئەرکی دروستکردنی هۆکارەکانی بەردەوامی و چەسپاندن و مانەوەی هێزە ناوخۆییەکان لە کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕدا، چونکە دیپلۆماسییەتی سەرکەوتوو لە خەباتی سیاسیدا، لەسەر بونیادنان و توندکردنی بەرەی ناوخۆیی وەستاوەتەوە. کاتێک سەرکردایەتی، خۆی بەرامبەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر بینییەوە، کاری نەکرد بۆ دیاریکردنی لێکەوتەکانی ئەو شکستە دیپلۆماسییە، بەڵکو زیاتر لە ناو سەرگەردانی و ونبووندا خۆی نقوم کرد و دواجار کۆڵی دا، دواجاریش هەوڵەکان گشتگیرکران بۆ کۆڵدان و وازهێنان بۆ فراوانترین بازنەی گشتی لەناو بزووتنەوەکەدا. ئەو خەیاڵانەی هەڵچنرابوون، بوونە هۆی شکستێکی دیپلۆماسی و شکستە دیپلۆماسییەکەیش بووە هۆی شکستێکی سەربازیی تێکشکێنەر کە قوربانیی یەکەمی گەلی کوردستان بوو. سەرکردایەتیی کورد، ڕاوێژی بە گەلی کورد نەکرد و هەست و سۆز و چارەنووس و کەرامەتی ئەوانی لەبەرچاو نەگرت، گەل هیچ کێش و بایەخێکی لە بڕیارەکانی سەرکردایەتیی کورددا نەبوو، لەکاتێکدا ئەو سەرکردانەی کە بوونە خاوەنی دەوڵەمەندییەکی زۆر، بۆ شوێنە ئارامەکان ڕزگاریان بوو.

لێرەدا ئاماژە بە ئەرشیفێکی گرنگ دەکەین، کە نهێنییەکانی دەستگرتن بە پەتی شا و پچڕاندنی هەموو ڕایەڵەکان لەگەڵ (یەکێتیی سۆڤیەت و عێراق و حیزبی شیوعیی عێراق) وەک تاکتیک ئاشکرا دەکات، وەک دەرکەوتووە ساڵح یوسفی تاقە کەسی ناڕازی بوو کە نیگەران بوو لە پەیوەندیی زۆرو پتەو لەگەڵ تاران و هاوپەیمانەکانی و دوورکەوتنەوەی تەواو لە یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام لەناو هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا، کەسێکی تری نەدۆزییەوە هاوڕای بێت بۆ پەشیمانکردنەوەی سەرکردەی بزووتنەوەکە لەم ڕێڕەوە مەترسیدارە. ئەرشیفێکی ئەمریکی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١١ی حوزەیرانی ١٩٧٣، کە بۆ هیلمز نێردراوە (کە ئەوکات باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە

تاران و ناوی نێرمرەکە سڕاوەتەوە)، ڕوونی دەکاتەوە کە سیاسەتی واشنتۆن بە تەواوی لەگەڵ پلانەکانی شادا گونجاوە، تا ئەو ئاستەی کە کورد قوربانیی بەرژەوەندییەکانی ئەو دووانە بن لە ناوچەکەدا، ئەو دیدارەی کە ئەرشیفەکە ئاماژەی پێ دەکات، لەگەڵ دوو نێردراوی سۆڤیەتیدا بووە و سەرکردایەتیی کورد شانازیی بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ (C. I. A) ی کردووە.

ئەرشیفەکە لەژێر ناونیشانی: یاداشتنامەی ئێوە دەربارەی تێبینییەکانی شا بۆ مەلا موستەفا دەنووسێت:

سوپاس بۆ ئاگادارکردنەوەم لە ئامۆژگارییەکەی شا بۆ بارزانی، سەبارەت بە چوونە ناو هاوپەیمانیی بەعسی – شیوعی. گەر دەتەوێت خۆت بکوژیت، هاوپەیمانیی بەعس و شیوعی بکە! کوردەکان ڕاپۆرتێکیان بۆ ئێمە و ئێرانییەکان ناردووە دەربارەی سەردانی دوو فەرمانبەری باڵیۆزخانەی سۆڤیەت، ئێمە بەردەوام ئامۆژگاریمان کردوون کە هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤیەت بە خێرایی و بە تەواوی بۆ ئێرانییەکان بنێرن، تاوەکو ئەو گومانانە کەم بکەنەوە کە لای ئێرانییەکان دروست دەبێت، کە گوایە بارزانی گەمەیەکی دووسەرە دەکات. پاشان (نامە) پەیامنێر باس لەوە دەکات کە ئەو ڕاپۆرتەی سەرکردایەتیی کورد پێشکەشی کردووە، بە زمانی عەرەبی نووسراوە و پێویستی بە وەرگێڕان بووە.

لێرەدا گرنگترین خاڵەکانی ناو ڕاپۆرتە کوردییەکە، بەپێی دەقە ئینگلیزییەکە دەخەینەڕوو:

لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣ ڤیکتۆر ئەبوسوڤ ئەلبوک (سکرتێری یەکەم لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت) و ئیگۆر پێتریکۆڤ (سکرتێری دووەم) گەیشتنە ناوچەی کوردستان، ڕایانگەیاند لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتیی سۆڤیەت (برێژنێڤ کۆسیگین و پۆدگۆرنی) هاتوون. ئامانجی سەردانەکەیان دڵنیابوونەوە بووە لە هەڵوێستی مەلا موستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك). بەڵام ئامانجە ڕاستەقینەکە، فشارخستنە سەر بارزانی بووە، بۆ هاوکاری و ئاشتبوونەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق... (ناخوێندرێتەوە). سۆڤییەت پێیوابوو ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، دژی ئیمپریالیزم و دۆستی یەکێتیی سۆڤیەتە.

جەختیان لەسەر پشتگیریکردنی سەددام حوسێن کردەوە و داوایان کرد کورد لە هەموو بارێکدا هاوکاری بکات. مەلا موستەفا و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بە درێژی باسی هەڵوێست و کردارەکانی حیزبی بەعسیان بۆ کردن، وەک: پڕۆسەی تەعریب، دیارینەکردنی سنووری ناوچەی کوردستان، کەمیی بەشداریی کورد لە حکومەتدا، هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی و نەبوونی نیازپاکی لای بەعس. هەموو ئەمانە، بوونە هۆی نەمانی متمانە بە ڕژێمی بەعس، نێردراوە سۆڤییەتییەکان بەڵێنیان دا ئەم تێبینییانە بگەیەننە سەرکردایەتیی وڵاتەکەیان.

یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی (پ.د.ك)، ڕووبەڕووی نێردراوە سۆڤییەتییەکان بووەوە، بەو تۆمەتەی کە سۆڤیەت مەشق بە سوپای عێراق دەکات بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی، تا گەلی کوردی پێ لەناو ببات. نێردراوەکان نکوڵییان لەوە کرد و داوای بەڵگەیان کرد و پێیان ڕاگەیاندن؛ بەڵگەی ڕاستیمان بۆ بهێنن. بەڵام ئەندامە کوردەکە ڕایگەیاند بەڵگەی تەواومان هەیە بۆ ئەمە، بەڵام نامانەوێت ئەو سەرچاوەیەی هەمانە بۆ ئێوەی ئاشکرا بکەین، بەڵکو خۆتان دەتوانن بەدواداچوونی ورد لەو بارەیەوە بکەن. بارزانی، نیگەرانیی خۆی دەربڕی کە سۆڤیەت هەموو هاوکارییەک دەداتە ڕژێمی عێراق، بەمەبەستی هێرشی سەربازی دژی کورد. نێردراوە سۆڤییەتییەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە عێراقی و ئێرانییەکان، دەستیان بە گفتوگۆی دیپلۆماسیی نهێنی کردووە، ئایا کورد بیری لەوە کردووەتەوە کە ئەمە چی دەگەیەنێت بۆیان؟ سەرکردەکانی (پ.د.ك) وتیان ئەمە پەیوەندیی بەو دوو حکومەتەوە هەیە و پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، لە ڕاستیدا ئەوان ئاگاداری گفتوگۆکە بوون، بەڵام پێیانوابوو تا ئەوکاتەی ئێران داواکارییەکانی لە شەتولعەرەب دەست نەکەوێت، پشتگیرییەکانی بۆ بارزانی نابڕێت. ئەمریکییەکان؛ پێش ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ئاگاداری یارییەکانی شا بوون، دەیانزانی هێرشە میدیاییەکانی ئێران دژی بەعس، تەنها بۆ چەواشەکردنی سەرکردایەتیی کوردە، تا خەیاڵی ئەوەیان بۆ دروست بکات کە ئێران پشتیان بەرنادات. لەکاتێکدا گفتوگۆ لە نێوان بەغدا و تاران بەردەوام بوو، سەرکردایەتیی کورد درکیان بە یاساکانی ئەم یارییە دیپلۆماسییە مەترسیدارە نەکرد، واشنتۆنیش ڕەزامەند بوو لەسەر ئاراستەی سیاسەتی

شا بۆ بەکارهێنانی بزووتنەوەی کوردی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و گرنگ نەبوو چی بەسەر گەلی کورددا دێت.

لە ئەگەری زاڵبونی تاقمێکی سەر بە بەعس و سۆفیەت بەسەر کوردستانی عێراقدا، بە دڵنیاییەوە دەتوانن فشار بخەنە سەر ئێران و تەنانەت ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی تورکیایشدا دروست بکەن، لە ڕاستیدا وا دیارە ئەمە یەکێکە لە پاڵنەرەکانی سەرکردایەتیی عێراق – نەک سۆفیەت – بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کوردستانی عێراق، لای ئەمریکییەکان ترسێک هەبوو لەوەی کە تێگەیشتن لەگەڵ کورد، ئەگەری ئەوەی هەبێت لە داهاتوودا لەلایەن حکومەتە ڕادیکاڵەکانەوە (کە عێراق پێی ناسراوە) دژی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا (ئێران و تورکیا) بەکاربهێنرێن. هەر بۆیە پێمانوایە ئەمریکا نیگەران بێت بە لێکتێگەیشتنێکی جدی لە نێوان بزووتنەوەی کوردی و حکومەتەکانی بەغداددا. ئەو بونیادەی ١٤ ساڵی خایاند، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەرەسی هێنا. بێ گومان ئەو ئەندازیارانەی بەرپرسیارێتیی ئەم بونیادەیان لە ئەستۆ گرتبوو، لە ئاستی ئەو ئەرکە مێژووییەدا نەبوون، زۆربەی ئەندازیارەکان ڕێگەیان دا بونیادەکە بەسەر سەری ئەوانەدا بڕووخێت کە لە ناوەوە بوون، لەکاتێکدا خۆیان بە سەلامەتی ڕزگاریان بوو، سەرۆکی پارتەکە بە توندی ڕێگری لە هەر هەوڵێک کرد بۆ بەردەوامبوونی شۆڕش. ئەسعەد خۆشەوی، داوای بەردەوامبوونی شەڕی کرد و سەرەڕای ئاستەنگەکان؛ وتی: باڵانسی هێز وردە وردە بە قازانجی خۆمان دەگۆڕین. بەڵام سەرۆکی پارتی، سەرەڕای ئەوەی لە دەمی ئەسعەد خۆشەوییەوە گوێی لێ بوو کە سوورە لەسەر بەرگریکردن و بەردەوامیدان و هەروەها دەشیزانی کەموکوڕیی جبەخانە و خواردن و پانتایی زۆری ئازادکراو و وردی بەرزی ناوچەی بادینان فەراهەمن، تەنانەت ژنانیش دەیانەوێت بەردەوام بن لە خەبات، بەڵام بێ سوود بوو.[٣٢٨]

ئەگەر هەڵوێستی سۆفێتو هێزەکانیتر لەبەرچاوبگرین ، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: پێش کۆتاییهاتنی بزووتنەوەکە، لە بەیروت چاوم بە پریمۆکۆڤ کەوت و داوای لێکردم

[٣٢٨]،شكيب عقراوي، سەرچوەی پێشوو، ل٤١٦.

بەردەوام بین لە شەڕ و خۆمان ڕادەستی داواکەی شا نەکەین. وتی ئەگەر خۆتان ڕادەست بکەن، ئەوا وەک بزووتنەوەیەکی پاشکۆ و بەکرێگیراو دەناسرێن. بەڵام بە خۆڕاگریتان، دەتوانین ناوبژیوانی بکەین لە نێوان ئێوە و بەغدا و پێیان دەڵێین ئێوە مولکی ئێران نین، بەڵکو جوولانەوەی سیاسیی کوردن. منیش نامەم بۆ بارەگای بارزانی نووسی، وەڵامەکەیان ئەوە بوو: واز لەمە بهێنن، ئەو دەیەوێت فێڵمان لێ بکات[٣٢٩]. زیاتر دەدوێت و دەڵێت: ئەگەر بەردەوام بووینایە، دەمانتوانی هاوکاری وەربگرین لە کۆمەڵەی عێراقی لە دیمەشق. هەروەها لە سوریا و لیبیا. شایانی وتنە، قەزافی دژی ئاراستەکانی بارزانی بوو، سەبارەت بە هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ ئێران. گەلی کورد و بزووتنەوەکەی، دوای سەرکەوتنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئاداری ١٩٧٥دا، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستیان بە سەرکردایەتییەکەیان بوو، گەل چاوەڕوانی بەردەوامی و بەرگری و هەستانەوە بوو، بەڵام بێ ئومێدی ڕووی دا، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان سەرکردایەتییەکی قوربانیدەر، کە لە کاتی تەنگانەدا ڕەسەنایەتیی خۆی دەسەلمێنێت، لەگەڵ سەرکردایەتییەکی بێباک لە ئاست ئازارەکانی گەلەکەی و مێژوودا، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوودا، نەبوونی لێهاتوویی سەرکردایەتی و بەکارنەهێنانی هاوکارییە دەرەکییەکان بوو، بۆ تووندوتۆڵکردنی بەرەی ناوخۆیی کوردستان.

ئەم شکستە، نەبوونی توانای بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان و نەبوونی پلانی ئەلتەرناتیڤمان پیشان دەدات. ئایا ئەمە زرنگی بوو؛ بزووتنەوەکەت بخەیتە ژێر ڕەحمەتی هێزگەلێکی دەرەکی، کە جگە لە دوژمنایەتیکردنت یان لە باشترینیان کە ئیسرائیل و واشنتۆنە لە بێباکیی بەرامبەرت، هیچی تریان بۆ کورد پێ نەبوو؟ گرژییەکانی نێوانیان، دەگەنە ئاستی هەڕەشە لە بەرژەوەندییە باڵاکانیان، بەڵام دەوڵەتان پێکەوە ئاشتی دەکەن و دوژمنایەتییان بەردەوامی پێ نادەن. وەک دەبینین ئەوەی نێوان بەغداد و تاران، بە ڕێکەوتن کۆتاییهات. هەروەها بینیمان لە گرنگیی سازشکردنی کاتی بۆ

[٣٢٩]، مجلة الوسط، ژمارە ٣٥٥، ١٩٩٨/١١/١٦.

یەکتری، لە پێناوی ئەوەی لایەکیان مەترسیی ناوخۆیی لەسەرە. لایەنی ئێرانی دواتر لەوە تێگەیشت کە هەڵەی کردووە لەوەی عێراقی ڕزگار کردووە لە کێشەی کورد، چونکە ئەمە وایکرد عێراق زیاتر پڕچەک بێت و ڕکابەریی ئێران بکات، بەڵام تازە کات بەسەرچوو بوو. سەددام حوسێن لە ڕێگەی ڕێکەوتنەکانییەوە، دەیویست کێشە کاتییەکانی چارەسەر بکات و کاتێک ڕزگاری بوو، لە کاتێکی گونجاودا هێرشی کردەوە سەر هەردوولایان. ڕێککەوتننامەی جەزائیر لای ئیسرائیل، وا لێکدرایەوە کە ناکۆکیی لە نێوان تاران و تەلئەبیب دروستکردووە، ئیسحاق ڕابین خۆی گەشتی کرد بۆ تاران، بۆ ئەوەی لە دەمی (شا) خۆیەوە بابەتی ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراق ببیستێت، شا پێیگوت: پێموایە جەنگ لەگەڵ عێراق، شتێکی حەتمییە و ئەم ڕێکەوتنە کاتمان بۆ دەگەڕێنێتەوە[۳۳۰]. بەڵام ئیسرائیل پێیوابوو شا هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەی کردووە، چونکە کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد هێنا و خاڵێکی لاوازی گەورەی لە کۆڵی بەغدا کردەوە. سەددام حوسێن توانیی کات بەدەست بێنێت بۆ کارەکانی خۆی، نەك شا[۳۳۱]. پیاوانی مۆساد، هەستیان دەکرد بەوەی شا نیگەرانە لەوەی عێراق سەرقاڵی خۆپڕچەککردنە، لەبەر ئەو هۆیە لەگەڵ دەزگای ساواکدا باسی بابەتی دووبارە هەڵسانەوەی کوردانی عێراقیان کردەوە، ئێرانییەکان دانیان بەوەدا نا کە کۆتاییهاتنی هاوکارییان لەگەڵ کورد، ڕێگەی خۆشکرد بۆ بووژانەوەی عێراق لە بواری هێزی سەربازیدا، ئومێدێکیان لای ئیسرائیل دروستکردەوە بۆ ئەگەری دووبارەکردنەوەی دەرچەیەک بۆ کورد، سەرەڕای ئەوەی پێشنیارەکە وەرگیرا، بەڵام ئێران بە تەواوی ڕەزامەندیی لەسەر قسەی ئیسرائیلییەکان دەرنەبڕی، بەڵام فەرمانبەرێکی پێشووی حکومەتی ئێران دەڵێت: کە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ساواک، شاهیدیی ئەوە دەدەن کە هاوکاری لە نێوان ئیسرائیل و ئێران و گرووپی بارزانیدا لە ساڵی ۱۹۷۸دا ڕوویداوە، بەڵام لە بواریکی زۆر تەسکتردا. تەنها چوار لە کارمەندانی ساواک ئاگاداری ئەو پڕۆسەیە بوون، وێڕای ناڕەزایی ئیسرائیل لە

[330] Trita parsi, p:58.

[331] Ibid,P:58

داشکاندنەوەی شا بە لای وڵاتە عەرەبییەکاندا، بەڵام پەیوەندییەکانی ئیسرائیل - ئێران لە ڕووی هاوکاریی ستراتیژیی نێوانیانەوە، هەر ئەکتیف بوون.[332]

نەبوونی پلانی ئەلتەرناتیف لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە و لە کاتی بڕینی هاوکارییەکان لەلایەن دەوڵەتانی کۆمەککارەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی لەسەر زەمینەیەکی شڵۆق و لەرزۆك وەستابوو، ئەوەیش وایکرد وڵاتانی تر بەئاسانی کارتی کورد بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە، هەر لێرەیشەوە کەوتنە ناو مەترسیی گەمەی سەوداوە و مامەڵە دروست بوو. لە مێژەوە دۆزی کورد بەشێوەیەکی بەردەوامی تراژیدی بەدەست ئەم بنبەستیەوە نااڵندوویەتی، پەنابردنی سەرکردایەتیی کورد بۆ ئێران، وایکرد کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی زیاتری ئێران و نەدەتوانرا بزووتنەوەکە زیندووبکرێتەوە، مەگەر بە مۆڵەتی ئێران نەبووایە، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەکە لە ناو هەمان ئەو خولگە مەترسیدارەدا بسووڕێتەوە، کە لە پلەی یەکەمدا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئێرانی دەکرد، چونکە ئێران لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا دەکرد، تێڕوانینی بەرامبەر بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دوژمنکارانە بوو، پشتگوێخستنی ئەم ڕاستییە، هەڵەیەکی ستراتیژیی کوشندە بوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕوانگەی جیۆستراتیژییەوە، بایەخی بە ڕێککەوتننامەکە دا، ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) بە هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک (OCI) فەرمانگەی هەواڵگریی هەنووکەیی و (INR) نووسینگەی توێژینەوە و هەواڵگری و (DIA) ئاژانسی بەرگری و هەواڵگری، ڕاپۆرتێکیان دەربارەی ئەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر (کە لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ واژۆکرابوو) ئامادەکرد. ڕاپۆرتەکە، لە ڕێکەوتی ١ی ئایاری ١٩٧٥ بۆ لێکۆڵینەوە لە (دەرئەنجامەکانی پاش ڕێکەوتنەکە لەسەر بەشداربووان و وڵاتانی تری ناوچەکە و زلهێزەکان، چییە) نووسراوە، کە لە ١١ لاپەڕە پێکدێت و دەقی وەرگێڕدراوەکەی لە پاشکۆدا دەبینن.

[332] Ibid,p:77.

پڕۆپاگەندەی پارتی لە ماوەی قۆناغی شەڕدا، ڕاستییەکانی لەبەرچاوی گەل شاردبووەوە و وێنای شۆڕش و سەرکردەکەی بە جۆرێک چواندبوو، کە خاوەن خۆڕاگریی بێ وێنەن و سەرکەوتنی مێژوویی بۆ نەتەوە بەدەستدەهێنن. ئەم خەونە کوشندەیە، لە خەیاڵدانی جەماوەریدا زۆر بەهێز بوو (کە هەموو شتێک لەسەر ڕێچکەی خۆیەتی)، هەر ئەمەیش هەرەسە شۆکهێنەرەکەی بزووتنەوەی کوردی و هاودەم دەرنەکەوتنی نوخبەیەکی نوێ، ڕاستەوخۆ لە دوای هەرەسەکە ڕوون دەکاتەوە. چونکە کەوتن (سقوط) دەکرێت بە دوو ئاراستەدا بڕوات، ڕێک وەک نەخۆشی. مرۆڤ دەکرێت تووشی نەخۆشییەک بێت کە بەرەبەرە و لە قۆناغی وردە وردەی درێژخایەندا لەناوی ببات، کە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ ئاگاداری نزیکبوونەوەی مەرگیەتی و خێزان و کەسوکاری بۆ بیستنی هەواڵی مردنەکەی ئامادە دەبن، کاتێک کۆتاییەکە دێت، کەس تووشی شۆکی کتوپڕ نابێت، چونکە ڕێکارەکانی کۆچی دوایی پێشوەختە ئامادەکراون، بەڵام دۆخی دووەمیش هەیە کە بریتیە لە وەستانی دڵ. دڵوەستانێک، بەبێ بوونی فریاگوزاریی سەرەتایی، (وەک ئەو دۆخەی بەسەر کورددا هات)، هەواڵەکە هێندە شۆکئامێز بوو، کە خوێنی لەشی هەموو کوردێکی دڵسۆزی دەوەستان و ئیفلیجی دەکرد، بەجۆرێک هەموو کەسێک لە بەردەمی ئەو هەواڵەدا چۆکی دادەدا و بێ جووڵە دەمایەوە، ڕاستییەکی زۆر تاڵ و هەژێنەر، کۆتاییپێهێنانی شۆڕشی کوردی بەو شێوازەی سەرکردایەتیی کورد بەسەریهێنا، پێموایە (پەرەپێدانی گەندەڵی و بێباکی بەرامبەر بە پەرەنسیپی دادپەروەری و بەهاکانی شۆڕش). { متمانە و لێهاتوویی سەرکردایەتییان لە ڕابەرایەتیکردنی گەلی کورددا، خستبووە ژێر پرسیارەوە}، تەسلیمکردنی گەلەکەیان بە ڕژێمێکی دوژمن و ستەمکار، بەو شێوازەی سەرکردایەتیی کورد نەخشەی بۆ کێشا، خەیاڵکردنی زۆر سەخت بوو، چونکە خۆبەدەستەوەدان بە ڕژێمی بەغدا بە واتای ئاراستەکردن و ناچارکردنی گەلێکی تەواو دەهات، بەرەو کۆیلەیی و زەلیلی، دوای ئەو هەموو قوربانییەی بەخشیبووی، هەنگاوی سەرکردایەتیی کورد لە کۆتاییهێنان بە شۆڕش و هەڵاتنیان، هاوشێوەی وەستانی دڵ بوو، بۆیە هەواڵەکە سەرسامی و ئیفلیجی و بێدەسەڵاتی لە جووڵەدا دروستکرد.

سەرکردایەتیی کورد، بۆ زیاتر لە دە ساڵ وای دەبینی ئەستەمە تاران و بەغداد پێکەوە ڕێکبکەون و لەسەر ئەم بنەمایەیش، سیاسەتی خۆیان بونیاد نا. هەرگیز بە ڕێزەوە و لەسەر بنەمای دادپەروەری و تووندکردنی بەرەی ناوخۆیی، مامەڵەیان لەگەڵ گەلەکەی خۆیاندا نەکرد، ئەوکاتانەی سەرکردایەتی پەنای دەبرد بۆ بەشداری پێکردنی هێزە ئەکتیڤەکانی ناو شۆڕش، تەنها لە دۆخ و بڕیارە چارەنووسسازەکاندا کە دەروازەکانی هاوکاریی دەرەکی داخرابوون، ئەم ئەستەمیی لێکتێگەیشتنە کە لە دەماغی سەرکردایەتیی کورددا هەبوو، بۆ شا تەنها چەند کاتژمێرێکی خایاند لە جەزائیر و توانیی ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێکەوتنی هاوبەش لەگەڵ بەغدا لابدات، هەروەها بۆ کیسنجەریش تەنها یەک کۆبوونەوەی پێویست بوو، بۆ شکاندنی بەستەڵەکی نێوان واشنتۆن و بەغدا هەر لە هەمان ساڵی ١٩٧٥دا، لە ڕاستیدا هەر کە پەیوەندییەکانی بەغدا و تاران باش بوون، ئیتر واشنتۆنیش پەلەی کرد لە کارکردن بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا.

ڕژێمی بەعس لە هەمان ساڵی پاش هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کوردیدا، بەشێوەیەکی چڕتر دەستیکرد بە دروستکردنی پردی پەیوەندی بەرەو ئەورووپای ڕۆژئاوا، لە ڕۆژێکی هەینیی ئێوارەیەکی جوانی ١٩٧٥/٥/٩ پاییزێکی زوودا، فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٠٧ لە فڕۆکەخانەی ئۆرلی لە پاریس نیشتەوە، کە بە نەخشی شاهۆی سەڵاحەدین (هێمای نیشتمانیی عێراق) ڕازابووەوە و سەددام حوسێنی هەڵگرتبوو، ژاک شیراکی سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا لە پێشوازییدا وەستابوو، فەرشی سوور تاوەکو هۆڵی VIP ڕاخرابوو، تاوەکو ڕۆژی ئەم سەردانە گرنگە بۆ فەڕەنسا، یەکێتیی سۆڤیەتی دابینکەری سەرەکیی چەک بوو بۆ عێراق، بەڵام فەڕەنسایش تامەزرۆی فرۆشتنی چەکەکانی بوو. کڕینی چەکی فەڕەنسی، بژاردەی سێیەمی بۆ عێراق کردەوە لە دەرەوەی هەژموونی زلهێزەکان و بەبێ مەرجی سیاسی، کە کۆت و بەندی بکات، کە ئەمەیش لای سەددام حوسێن پەسەند بوو، کە دەیویست پشتبەستن بە سۆڤیەت کەم بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی تەمەنی سەددام ٣٨ ساڵ بوو و کەسی دووەمی دەسەڵاتی بەعس بوو، بەڵام فەڕەنسییەکان هەموو ڕێوڕەسمێکی پێشوازیی سەرۆک دەوڵەتییان بۆ سازکرد، سەددام

چەند پێویستی بە فەڕەنسیەکان بوو، ئەوانیش هێندە پێویستیان بە سەددام بوو. عێراق شتێکی هەبوو؛ کە ئابووریی ئەوانی بە زیندوویی ڕادەگرت، ئەویش نەوت بوو. بەرەبەرە فەڕەنسا لە فراوانترین دەرگاوە چووە ناو عێراق و ڕۆژێمی بەعسیش هەوڵەکانی بۆ دەستکەوتنی بۆمبی ئەتۆمی، دەستپێکرد. چاوچنۆکیی فەڕەنسایش بۆ پارە (بەمەبەستی بۆمبی ئەتۆمی بۆ عێراق) زۆربەی داواکارییەکانی دیکتاتۆری عێراقی جێبەجێ دەکرد، کە دواتر بە فەرمانی مێناحیم بێگن هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ ئەنجام درا، بۆ سەر کوورەی تەمموزی ئەتۆمیی عێراقی و پڕۆژەکەی وێران کرد.

پەرەپێدانی توانای سەربازیی عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان وەستابوو، کێنس ڕ. تیمەرمان شارەزای کاروباری چەک، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر سەرچاوەکانی پڕچەککردنی عێراق کردووە و دەڵێت ٤٤٥ کۆمپانیا بەشداربیان لە دروستکردنی ماشێنی مەرگی عێراقیدا کردووە، لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتییە مەترسیدارەکاندا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە پلەی یەکەم دێت. هەمان ئەو ئەڵمانیایەی دوای جەنگی دووەمیی جیهانی، بەڵێنی دابوو هەرگیز نەبێتە هەڕەشە بۆ ئاشتیی جیهانی، بەڵام بەبێ هاوکاریی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان و پشتگیریی حکومەتی بۆن، سەددام حوسێن نەدەیتوانی پیشەسازیی سەربازیی کیمیایی بونیاد بنێت.[٣٣٣] ڕێککەوتنامەی جەزائیر، ئاسانکاریی کرد بۆ دووبارە لێکتێگەیشتن لە نێوان واشنتۆن و ڕۆژێمی بەعس، پێش کۆتایی ساڵ و لە ١٩٧٥/١٢/١٧دا لە شوێنی مانەوەی باڵیۆزی عێراق لە پاریس، کیسنجەر لەگەڵ شاندێکی عێراقی بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوە سەعدون حەمادی، کۆبوونەوە. کیسنجەر دەڵێت: لە ساڵانی ڕابوردوودا، پەیوەندییەکی زۆرمان نەبووە و دەمەوێت ئەم دەرفەتە بڕەخسێنم بۆ دروستکردنی پەیوەندی. دەزانم هەموو کێشەکانمان لە یەک کۆبوونەوەدا چارەسەر نابن، لانی کەم پێویستی بە دوو کۆبوونەوە دەبێت (بە پێکەنینەوە). پێموایە ئاڵوگۆڕی کورت و پوختی بۆچوونەکان، سوودبەخش

[333] Death Lobby. KENNETH R. Timmerman. How the West Armed Iraq. Houghton Mifflin Company.1991.Page: 394-397

دەبێت. حەمادی دەڵێت: خۆشحاڵم بە بینینتان، بەهۆی ئەو ڕووداوانەی ئێوە و ئێمەیش دەیزانین، نەمانتوانیوە پەیوەندی دروست بکەین، بەڵام ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان هەمیشە بەسوودە. حەمادی زیاتر دەدوێت و دەڵێت: ڕۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان، چەک دەدا بە بزووتنەوەی کورد لە باکووری عێراق. هەڵوێستی ئێمە لەوبارەیەوە تەنها لەسەر ئەوە بونیاد نەنراوە، بەڵام هۆکارمان هەیە باوەڕ بکەین کە ئەمریکا لەوە بێئاگا نەبووە، تکایە ڕای ئێوە چییە؟

وەڵامی کیسنجەر: ئێمە پێمانوابوو ئێوە پاشکۆی سۆڤیەتن. بۆیە دژایەتیی ئەوەمان نەدەکرد، کە ئێران لە ناوچە کوردییەکاندا دەیکرد. ئێستا کە ئێوە و ئێرانییەکان کێشەکانتان چارەسەر کردوون، ئێمەیش لەوەودوا هیچ پاڵنەرێکمان نییە بۆ دەستتێوەردان و هیچ چالاکییەک دژی یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئەنجام نادەین.

حەمادی: ئایا ئەمە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو، کە وای لێکردن بیر بکەنەوە کە ئێمە پاشکۆ نین؟

کیسنجەر: ئێستا تێگەیشتنی فراوانترمان هەیە، ئێوە دۆستی سۆڤیەتن، بەڵام بەپێی پرەنسیپەکانی خۆتان کار دەکەن.

حەمادی: لە کۆتاییدا، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە کێشەی کورد بۆ ئێمە، پرسی ژیان و مانە.

کیسنجەر: دڵنیات دەکەمەوە و پێویست بە نیگەرانی ناکات، بەڵام ناتوانرێت هیچ شتێک دەربارەی ڕابوردوو بکرێت.

(پاشان وەزیری دەرەوەی عێراق ڕێوڕەسمی ماڵاوایی بۆ کیسنجەر و هاوەڵانی ڕێکخست).[٣٣٤]

[334] Memorandum of Conversation. Participants: Saadun Hammadi, Minister of Foreign Affaires of Iraq. Falih Mahdi Ammash, Iraq Amb. To France. Dr. Henry W. Kissinger, NSC staff. 17.12.1975. 12:20 - 1:18 p.m. The place: Iraqi Ambassador's Residence. Rue d'Andigne. Paris XVI.

لەوکاتەدا، هەزاران گوند لە کوردستان ڕووبەڕووی پڕۆسەی چۆڵکردنی زۆرەملێ ببوونەوە و دانیشتووانەکەیان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق ڕادەگوێزران، سیاسەتی تەعریب لە ترۆپکیدا بوو. پلانی بەعس، بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد و تەعریبکردنی کوردستان بوو، ڕێک وەک ئەوەی تورکیای کەمالی لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا ئەنجامی دەدا. هەرەسی گەلی کورد، بەرەو هەڵدێر نەوەستا، هەتا ئەوکاتەی سەددام حوسێن لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ کوێتی داگیرکرد و لکاندی بە عێراقەوە، ئەو پێشهاتەی دواتر کە بووە هۆی جەنگی کەنداو لەگەڵ هێزە هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان و دەرکردنی سوپای عێراق لە کوێت و ڕاپەڕینی شیعە لە باشووری لێکەوتەوە و پاشان ڕاپەڕینی گەلی کوردستان و ڕزگارکردنی زۆربەی خاکەکەی لە دەست هێزە شڵەژاو و تێکشکاوەکانی بەعس.

سەپاندنی خۆبەدەستەوەدان

دەمی دەرکەوتنی ڕاستی (کوردستان یان نەمان) هات، ئەو دروشمەی سەرکردایەتیی کورد، ماوەی چەندین ساڵ شانازیی پێوە دەکرد، ئێستا لە بەردەمی گەلەکەیدا هەڵوێستی چی دەبێت؟ بەتایبەتی دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر؟

زرارا؛ گوندێکی هەژارە، وەک زۆرێک لە گوندەکانی تری کوردستان، لە دوو بەش پێکدێت: سەروو و خواروو (زرارای سەروو و زرارای خواروو)، کەمێک لە یەکتریش دوورن. دانیشتوانی ئەم گوندە، بەشێکن لە هۆزی (شێروانی) و لە قوواڵایی دۆڵێکی تەسکدا هەڵکەوتووە، لە ڕۆژهەاڵتەوە چیای (هەڵبت) دەوری داوە، کە زۆر سەخت و هەڵدێرە و وای کردووە ببێتە بەهەشتێک بۆ بزنە کێوییەکان. لە باکوورەوە ڕووباری (ڕووکوچک)ـە کە پێشی دەوترێت (ڕوێ شین - ڕووباری شین)، لە ڕۆژئاواوە چیای (لێڕەبیر)ی پڕ دارستانە کە لە پشت ئەوەوە بەرەو ڕۆژئاوا، گوندەکانی (سەرێ مەزنا) هەڵکەوتوون. لە باشووریشەوە، گردی نزم هەن کە دۆڵی زرارا پێکدەهێنن و دەگەنەوە بە ڕووباری شین. دۆڵەکە بەهۆی نزیکیی هەردوو چیای (هەڵبت) و (لێڕەبیر)، تا ڕادەیەک تەسکە، ئەمەیش بۆردومانی ئاسمانیی تا ڕادەیەک سەخت کردووە، لە شوێنێکی دیاریکراوی ئەم دۆڵەدا، کۆگاکانی چەک هەبوون کە تەنها کەمینەیەک ئاگاداری بوون، لەوێوە لە کاتی شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ تا کۆتایی ئاداری ١٩٧٥ هەندێک لە پێداویستییەکانی بەرەی حەوزی ڕواندز، لێرەوە دابینیان دەکران. هەروەها لەم دۆڵەدا بارەگای (محەمەد خالید بارزانی) لێبوو، کە گەورەترین کوڕی شێخ ئەحمەد بارزانییە. لە ١٧ی ئاداری ١٩٧٥، حکومەتی عێراق وەڵامی داواکاریی سەرکردایەتیی (پ.د.ك)ی دایەوە، بۆ ئەنجامدانی دانوستان و لە ئاژانسی دەنگوباسی عێراقیش بڵاوکرایەوە، وەڵامەکە یەکلاکەرەوە و بێ ئومێدکەر بوو بۆ وەرەی سەرکردایەتیی کورد، ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو: تەنیا خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجیان لە بەردەمدایە، لێرەدا سەرکردایەتیی کورد زیاتر کۆڵی دا و دەستی لە گەلەکەی هەڵگرت و پەنابەریی ئێرانی هەڵبژارد، بۆ

ئەوەی ڕووحی خۆیان و ئەو پارانەی بەناوی گەلی کوردستانەوە کۆیان کردبووەوە، ڕزگار بکەن!

لە ١٩ی ئاداری ١٩٧٥دا ئێمە لە ناوچەی (سەرێ مەزنا) بووین و بە دیاریکراوی لە (کەلۆک)، بەمەبەستی خۆپاراستن لە بۆردومانی فڕۆکە. کەلۆك، دۆڵێکە لە نێوان گردەکانی سەرێ مەزنا. کات نزیکەی نیوەشەو بوو، کاتێک نێردراوێک لەلایەن (شێخ محەمەد خالید)ەوە هات کە لە دۆڵی زرارا نیشتەجێ بوو، هەواڵێکی بەپەلەی زارەکیی بۆ باوکم پێ بوو: سەرکردەی بزووتنەوەی کورد (مەلا موستەفا) کە لەگەڵ محەمەد خالید لە پەیوەندیدا بووە، لە بڕیارەکەی بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ، پەشیمان بووەتەوە و بڕیاری داوە پەنا بۆ (ئێران) ببات و هەر کەس سەرپشکە لەوەی خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکات یان پەنا بۆ ئێران دەبات. نێردراوەکە وتی: بەڵام ئەو پێیباشە پەنا بۆ ئێران بەرین، چونکە لە مانەوە لەژێر دەسەڵاتی بەغدا باشترە. هەروەها وتی: پێویستە بەیانی ئامادەی بارەگای شێخ محەمەد خالید بن لە زرارا بۆ گفتوگۆ، چونکە کات زۆر کەمە. نێردراوەکە قسەی وای کرد کە خەڵک بترسێنێت و وڕەیان بڕووخێنێت، تا بڕیارەکەی سەرۆکی پارتی قبوڵ بکەن و وتی: پلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی لە دژی گەلی کورد هەیە و سوپاکانی ناوچەکە هاوکاریی یەکتر دەکەن، بۆ پانکردنەوەی کورد ئەگەر بەرگری بکەن. هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تری نەبوو، گرنگ ئەوە بوو سەرکردەی بزووتنەوەکە بڕیاری وازهێنانی شەڕی دابوو و دەبووایە هەمووان خۆیان لەگەڵ بڕیارەکە بگونجێنن، بێ گومان بۆ مەلا موستەفا کێشە نەبوو بچێتە ئێرانەوە، چونکە لە دە ساڵی ڕابوردوودا لەسەر سنوور دەژیا و بە کەمتر لە سێ خولەک دەیتوانی بپەڕێتەوە، خێزانەکەی و خێزانی کوڕەکانی و خێزانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە هاوینی ١٩٧٤ەوە دوور لە بۆردومان و گەمارۆی ئابووری، لە ئێران دەژیان. ئەم سەرکردانە، لە ڕاستیدا لە کوردستاندا میوان بوون، کە شەڕێکی سەختی تێدا بوو، تەنها ئەوەیان لەسەر بوو دووبارە لە سنوور بپەڕنەوە و بگەنەوە بە خێزانەکانیان. ئەوان پێشتر هەموو

شتومەک و کەلوپەلێکی خۆیان گواستبووەوە بۆ ئێران، بە وتەی جەرجیس فەتحوڵا تەنانەت گسکەکەشیان بردبوو.[٣٣٥]

مەلا موستەفا لە هاوینی ١٩٧٤ەوە، هانی دەداین خاکی بارزان چۆڵ بکەین و بەرەو ئێران بڕۆین، بەڵام باوکم وەک هەر کوردێکی تر کە نەیاندەویست خاکەکەیان جێ بهێڵن، ڕەتی کردەوە و لە نیشتمان ماینەوە، تا ئەوکاتەی سەرکردایەتی پشتی لە گەل کرد و بڕیاری دا پەنا بۆ ئێران بەرێت؛ ئەوکات ئێمەیش کۆچکردنمان هەڵبژارد لە بری مانەوە لەژێر دەسەڵاتی سەددام حوسێندا. بەڵام ئەی چی لەو دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیرە بکەین، کە لە گوندە دوورەدەستەکانی کوردستان بوون و دوور بوون لە سنووری ئێران؟ هیچ ڕێگایەکی ئۆتۆمبێل نەبوو ڕاستەوخۆ بە ئێرانیانەوە ببەستێتەوە. گەل لە هەژاری و گەمارۆ و بۆردومانی بەردەوامدا دەژیا، چەند ئاسانە بڕیاری مەترسیدار بدرێت کاتێک گەلێکی دیل، باجەکەی دەدات!

جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان کۆچی بەکۆمەڵی ساڵی ١٩٧٥ و کۆچی پێشووتری بارزانییەکان لە ساڵانی ١٩١٣، ١٩٣٢ و ١٩٤٥. لە کۆچەکانی پێشووتردا، بارزانییەکان یەکگرتوو بوون لەژێر سەرکردایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانیدا و شوێن سومبولە ڕۆحییەکەیان دەکەوتن، بەڵام ئەم جارەیان بەهۆی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵ بەی مەلا موستەفا بەرامبەر خودی بارزانیەکان، زۆربەی خەڵکەکە نەیانویست لەگەڵ مەلا موستەفا بڕۆن و لە بارزان مانەوە و وایان دەزانی ڕژێمی بەعس ئازاریان نادات، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بکەونە دەست ڕژێم و وەک بارمتە دەستبەسەرکران و زۆربەیان لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەنفال و بێسەروشوێنکران. سوپای عێراق، ڕێگای هاملتۆنی کۆنترۆڵ کردبوو و گەیشتبووە (گەڵاڵە)، پێش کۆتاییهاتنی وادەی لێبووردنی حکومەت لە کۆتایی ئاداری ١٩٧٥دا، گەیشتن بە سنووری ئێران بەبێ مەترسیی گەورە، ئەستەم بوو. سنووری تورکیایش داخرابوو، ئەنقەرە هیچ پەنابەرێکی کوردی وەرنەدەگرت، لە ڕاستیدا تورکیا زۆر دڵخۆش بوو بە بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ چەکدانان.

---

[٣٣٥]، جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

زیاتر لە ملیۆنێک کەسی مەدەنی، خۆیان لە ناو تەڵەیەکدا بینییەوە کە ڕێگای دەربازبوونی نەبوو، کارەساتێک توانای بیرکردنەوەی شڵەژاندن، کەشێکی بێ ئومێدی و سەرگەردانیی باڵی کێشا بەسەریاندا، ئەم بڕیارە لەناکاوەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد کە بێباک بوو بەرامبەر گەلی کورد، ڕەنگدانەوەی سروشتی بڕیارە هەڕەمەکییەکان بوو، کە لەم سەرکردایەتییەوە دەردەچوون، هیچ ڕێکخستنێک بۆ کشانەوە و شکستەکە نەکرابوو، گرنگ ئەوە بوو خەڵک خۆی بجوولێتە. هەمووان خۆیان لە بەردەم ئەم ڕاستییەدا بینییەوە. ٦٠ هەزار پێشمەرگە و هەزاران هێزی یەدەگ، کە کۆنترۆڵی ٤٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیان دەکرد لە ناوچەیەکی پڕ لە چیا و دۆڵی گونجاو بۆ شەڕی پارتیزانی، پزیشکی خۆبەخش و ئەندازیار و مامۆستای زانکۆ و ئەفسەر و دەزگای ئەمنی (پاراستن) هەبوون. ئایا سەرکردایەتی بیری لە چارەنووسی ئەمانە کردبووەوە؟ لە کاتێکدا هەموویان لە چاوی بەعسدا تاوانبار بوون؟ ئەم پرسە لەلایەن سەرکردایەتییەوە لە چەند چرکەیەکدا بڕیاوە و گەلیان بە تەنیا بەجێهێشت، تا ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆیان ببنەوە.

هەواڵی کۆتاییهاتنی شۆڕش گەیەندرایە (لوقمان بارزانی) لە ڕێزان و (شێخ خورشید بارزانی) لە شێری و (مەجدەدین و شەفیق و وەحید و شێخ عەبدوڵا) کە لە بارزان بوون. ڕۆژی دواتر لە ٢٠ی ئادار، هەموو لە زرارا کۆبوونەوە (باوکم بەهۆی نەخۆشییەوە نەهات). زۆرێک لە سەرکردەکانی بارزانیمان بینی کە بانگهێشتی کۆبوونەوەکە کرابوون. خەم و پەژارە و ترس، بە سیمای هەمووانەوە دیار بوو. کۆمەڵێک خەڵکی بارزانیش لە دەرەوە چاوەڕێ بوون، بۆ ئەوەی بزانن بڕیاری چی دەدرێت. هەموو نیگەران بوون، چونکە گواستنەوەی ژن و منداڵ و پیر لەو ڕێگا دوور و پڕ بەفرەدا بەرەو ئێران، زۆر ئەستەم بوو. تەنها نۆ ڕۆژ لە لێبووردنی حکومەت مابوو. لە نێوان ئامادەبووانداً، کەسانێک هەبوون داوای بەردەوامبوونی شەڕیان دەکرد. لە ناویاندا ئامۆزایەکم بەناوی (عەبدوڵا محەمەد سدیق)، کە زۆر نیگەران بوو لەو چارەنووسە نادیارەی چاوەڕێمان دەکات، وتی: تکایە لەبیرتان بێت ئێستا کاتی خۆبەدەستەوەدان نییە. لەبیرتانە ساڵی ١٩٦٣ چۆن ڕووبەڕووی دۆخەکە بووینەوە؟

هەموو دەزانین بەرامبەر دوژمنی دڕندەی بەعس تەنها بووین. هەمان بەعسییەکانی ئەمڕۆ. لە زۆربەی بەرەکان شەڕ وەستابوو و هەموو هێرشەکە لەسەر ئێمە بوو. دوژمن لە (سەرێ پێرس)ەوە هاتە ناو بارزان و داگیری کرد. لە (دۆڵی مێرگەسۆر)ەوە سوپا بە تانک و فڕۆکە و جاشەوە، بەرەو شێروان دەهات و گوندەکانیان سووتاندن و کێڵگەکانمانیان تێک دا، تورکیا و ئێران و سوریایش پشتگیرییان لەو هێرشە کرد. لەبیرتانە شێخ ئەحمەد بارزانی فەرمانی دا بەرگری بکەین، شەڕی دەستەویەخە و بە چەکی سپی لە نێوان (چامەیی) و (شێروانی مەزن) و دوژمن ڕووی دا و پێشڕەویی دوژمن وەستێنرا؟ دەربارەی دەستوەردانی سوپاکانی ناوچەکەیش، ئەوە ڕوون و دیارە کە دوو ئەرتەشی سوپای عێراق بە هاوکاریی سوپای سوریا لە ١٩٦٣ هاتنە ناوچەکە و لەسەر دەستی شەڕڤانانی بادینان تێکشکێندران.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ڕێکەوتن لە جەزائیر دەکرێت، ئێمە لێرە کۆڵ دەدەین و ئەمە دووڕە لە لۆژیک و کارێکی ژیرانە نییە. پێویستە چاوەڕێ بکەین بزانین دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت. شێخ ئەحمەد لێرە بووایە، فەرمانی بەرگریی دەدا و خۆبەدەستەوەدانی قبوڵ نەدەکرد، لە کاتێکدا ئێمە هێندە چەک و تەقەمەنی و خاکی ڕزگارکراومان هەیە. سەرکردایەتیی کورد، مەترسییەکان گەورە دەکات بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بسەپێنێت و ئەمە ڕاست نییە. ساڵی ١٩٦٣ تەنها لە بارزان دەجەنگاین، بەڵام ئەمڕۆ هەزاران شەڕڤان لە هەموو کوردستان هەن کە دژی دوژمن دەجەنگن، هەندێک کەس قسەکانیان بە عەبدوڵا بڕی و پێیانوت: ئەمە شێتییە و چۆن بەردەوام بین؟ چارەنووسی ژن و منداڵەکانمان چی لێ دێت، کاتێک ئێران سنوور دادەخات؟ کێ چەک و تەقەمەنیمان بۆ دابین دەکات؟ عەبدوڵا وتی: ئێمە لاوازیی خۆمان دەبینین و لاوازیی دوژمن نابینین. سەددام حوسێن لەبەر لاوازیی خۆی، ڕێکەوتنی لەگەڵ شا کرد. تکایە پەلە مەکەن و وڵات بەجێ مەهێڵن. ڕۆژێک دێت پەشیمان دەبینەوە کە دواتر پەشیمانی سوودی نابێت. ئەگەر وڵاتمان جێبهێڵین، دوژمن دێت و لەسەر گۆڕی باب و باپیرانمان شایی و لۆغان دەکەن، ئەمە لە مردن خراپترە. دۆخێکمان بەسەر دێت کە ئاوات بە

مردن بخوازین و دەستمان نەکەوێت. لەبیرتان بێت شێخ ئەحمەد بارزانی هەمیشە ڕقی لە پەنابردن بوو بۆ ئێرانی شا. با لێرە بمێنینەوە و خاکی پیرۆزی خۆمان جێنەهێڵین.

کەسێکی تر وتی: ئێمە چەندینجار تەنها و بەبێ پشتیوانیی ئێران و هیچ وڵاتێکی تر، دژی حکومەتەکانی عێراق جەنگاوین و خاکمان پاراستووە.

قسە و مشتومڕ، بۆ چەند کاتژمێرێک بەردەوام بوو، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاردرا بەرگریی چەکداری وەلابنرێت، (شێخ خورشید بارزانی) مەیلی بۆ مانەوە لەناو دڵەڕاوکێدا هەبوو. زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی، بڕیاریان دا بە ناچاری و لەناو کەشێکی پڕ لە بێ ئومێدیدا، بەرەو ئێران کۆچ بکەن.

ئەسعەد خۆشەوی بارزانی (برای خەلیل خۆشەوی)، بەرپرسی گشتیی ناوچەی بادینان، داوای لە مەلا موستەفا کرد کە ڕێگەی پێ بدات بەردەوام بێت لە شەڕ، بەڵام مەلا موستەفا بە توندی پێشنیارەکەی ڕەتکردەوە، ئەسعەد دووبارە دەستیکردەوە بە پاڕانەوە بۆ ڕازیکردنی و پێی گوت: لێرە شەڕکەرەکان و تەنانەت ژنانیش، هەموویان لەگەڵ بەردەوامیدانن بە بەرگریکردن. هەموو هۆکار و توانایەکمان هەیە بۆ بەردەوامبوونی شەڕ، بۆ ماوەی دوو ساڵ. وەرەمان بەرزە و بارودۆخمان باشە و بێگومان دەتوانین بەرگرییەکی سەخت بکەین. ئێمە هیچتان لێ داوا ناکەین، تەنها لێمانگەڕێن بەرگری بکەین. دەتوانن لە بەردەم دەسەڵاتی ئێراندا پاساو بهێننەوە کە هێزەکانی بادینان لە فەرمانی ئێوە دەرچوون و من خۆم لە گوێڕایەڵیی ئێوە دەرچووم.

من خۆم، لە زاری خودی ئەسعەد خۆشەوی لەو کاتەی لە (عەزیمییە - کەرەج) بووین لە بەهاری ١٩٧٦، لە ڕاستیی ئەم قسانە دڵنیابوومەوە. کاتێک خۆشەوی بانگهێشتیکردم بۆ ماڵی خۆی بۆ ڕاوێژ دەربارەی بارودۆخی ئەوکاتە. هەروەها دواتریش لە سەلیم - کوڕی ئەسعەد خۆشەوی - وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا. هەروەها ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (کریس کۆچێرا) و کەسانی تریش جەختیان لەسەر کردووەتەوە.[٣٣٦]

[336] ،Chris Kutsera, Le movement national kurde. 1979. Flammarion. Paris. P:330

بەڵام مەلا موستەفا بە توندی قسەکانی ئەسعەد خۆشەوی ڕەت کردەوە، دەبوو دەستبەرداری بیری بەرگری ببێت و چەکەکەی دابنێت و بێ دواکەوتن و دەستبەجێ لە ئێران پەیوەندیی پێوە بکات.

حکومەتەکانی بەغدا لە ماوەی چواردە ساڵدا، نەیانتوانی سەرکەوتن بەسەر گەلی کورددا بەدەستبهێنن، لەکاتێکدا سەرکردایەتیی باڵای کورد لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەوەی ئەنجام دا. ئەوەی سەددام حوسێن خەونی پێوە نەدەبینی سەبارەت بە شکستی بزووتنەوەکە - سەرەڕای سازشەکانی بۆ شای ئێران لە جەزائیر - مەلا موستەفا بە ئاسانی کۆتاییپێهێنا، ئەمەیش مژدەیەکی خۆش بوو بۆ سەرکردەکانی ڕژێمی بەعس لە بەغدا و سوپرایزێکی کارەساتبار بوو بۆ گەلی کورد. ئەنجامی پراکتیزەکردنی درێژخایەنی حوکمی ڕەها (Despotism)، لەلایەن مەلا موستەفای سەرکردەی بزووتنەوەکە لە سەرکوتکردنی ئازادییەکان و ڕووخاندنی بەها شۆڕشگێڕییەکان و گەندەڵکردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتسەپێنی بە ترساندن، وای کرد کە توێژە گەورەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە تەواوی بهاڕدرێن، ئەمەیش هەمان ئەو شتە بوو کە لە سەرەتای وەرگرتنی سەرکردایەتییەوە لە کوردستان هەوڵی بۆ دەدا؛ واتا دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نەزۆک کە جگە لە کەسانی گوێڕایەڵ و ملکەچ، کەسی تری تێدا نەبێت. کۆمەڵگەی لە هەموو جێگرەوەیەکی دینامیکی چۆڵ کرد، کە بتوانێت لە ساتەوەختێکی مێژوویی یەکلاکەرەوەدا، قەرەبووی سەرکردایەتییە شکستخواردووەکە بکاتەوە بە سەرکردایەتییەکی ئازا و دڵسۆز، کە بە وەرە و ئیرادەوە بەردەوام بێت لە خەبات.

دەسەڵاتی ڕەهای ئەو، دژایەتیی هەموو شتێکی دەرەوەی خۆی کرد و لەناوی برد، مەیدانی ململانێی چەکداریی جێهێشت، دوای ئەوەی بە تەواوی دڵنیا بوو کە تەنانەت نیشانەی سەرکردایەتییەکی ئەگەری (Potential leadership) بوونی نییە جگە لە خۆی، لەو بارودۆخەدا چاوەڕوانی لەدایکبوونی سەرکردایەتییەکی نوێ، کە ئەرکی بەردەوامبوونی شەڕ بگرێتە ئەستۆ، بێسوود بوو. گەلێکی بێ توانا کە لەپڕ خۆی لەناو تەڵەی خۆبەدەستەوەداندا بینییەوە، نەدەتوانرا هەستێتەوە، مەگەر دوای دەرکەوتنی نوخبەیەکی نوێ لە تێکۆشەرانی دڵسۆز کە ئەرکە سەخت و درێژخایەنەکە بگرنە ئەستۆ،

که ئەویش ئەرکی گێڕانەوەی متمانەی نەتەوە بە خۆی بوو، بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی، بە دیوێکی تریشدا سەرکردایەتییەکی شکستخواردوو لای توێژێکی گرنگی گەلی نائومێد، وەک سەرکردایەتییەکی پاڵەوان دەمێنێتەوە بەو خەیاڵەی هۆکارە دەرەکییەکان و پیلانی دوژمنان هۆکاری سەرەکیی ڕووداوەکانن و سەرکردایەتی، قوربانیی ئەم پیلانگێڕییە دەرەکییە چەپەڵەیە. مەترسیدارترین شت دەربارەی گەلی کوردی دابەشکراو و داگیرکراو و هۆشیاریی خنکێنراودا، ئەوە بوو کە دۆخی بەئاگاهاتنەوەی مێژوویی بەشێوەیەکی دارێژراو لەلایەن دوژمنە داگیرکەرەکانەوە ڕووبەڕووی چەواشەکاری و چەسپاندنی بێ ئومێدی بووەوە. هەروەها سەرکردایەتییە نەتەوەییەکەی، فێڵی لە ڕاستییەکان کرد بۆ وەرگرتنەوەی دووبارەی دەسەڵات، کە بووە هۆی دروستکردنی شێواوییەکی فکری گەورە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە باشووری کوردستان، بەدەست کورتهێنانی هۆشیارییەوە دەینااڵند و ئێستایش بە دەستیەوە دەناڵێنێت، دیدگا سیاسییەکانی ڕوون نەبوون و سەبەبکارانی شکست دیاری نەکران، بۆ ئەوەی وەال بنرێن، چونکە دادگاییکردنیان ئەستەم بوو. بەو هۆیەوە جەماوەری کورد، دووبارە کەوتنەوە ناو تەڵەی ئەو سەرکردایەتییەی کە سەرچاوەی شکست و سووکایەتی بوو بۆیان.

ڕۆژی ٢١ی ئازار و نەورۆز، بە جەژنێکی نەتەوەیی گەورە لای نەتەوەی کورد و هێمای بەرگری دژی ستەم و سەرکەوتن بەسەریدا دادەنرێت، بەاڵم ئەم بۆنەیە گۆڕڕا بۆ شکست، بە پێچەوانەی ئەوەی جەژنەکە گوزارشتی لێ دەکات. کاتێک سەرکردەی بزووتنەوەکە لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٢٥ بۆ دواییجار کوردستان جێدەهێڵێت و پاسەوانەکانی لەگەڵدایە و سواری ئۆتۆمبێلەکەی (ڕانج ڕۆڤەر) دەبێت و بەرەو بورجە ئێرانییەکە ڕۆشت (ئەو بورجەی کە سنووری نێودەوڵەتیی نێوان دوو وواڵت بوو)، ئەگەر سەرکردە لەسەر گردەکە بوەستایە و سەیری دواوەی بکردایە، پێش بڕینی سنوور بەرەو ئێران و تێڕامایە کە کوردستان و گەلەکەی لە چ دۆخێکدا جێهێشتووە دوای نزیکەی ١٤ ساڵ لە خوێن و فرمێسک و قوربانیدانی گەورە، دەبوو ببینیایە کە لە یەک کاتدا و تەنها

لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەموو ئەو کۆڵەکانەی ڕووخاندووە کە بوونی گەلی کوردی لەسەر ڕاوەستابوو:

- ئایا بیری لەو هەزاران هاوڵاتی - ژن و پیر و منداڵ – دەکردەوە، کە دوور بوون لە سنووری ئێران و بە چ شێوەیەک دەگەنە ئەوێ؟
- ئایا بیری لە چارەنووسی سەرکردە و مەفرەزەکانی (پێشمەرگە) کردەوە، کە ساڵانێکی زۆر لە خەباتی سەختدا دژی سوپای بەعس جەنگاون؟
- ئەی ئەو پارانەی لەگەڵ خۆی بردی؟ ئەی دادگای مێژوو؟
- دۆخێکی لە هێستریای بەکۆمەڵ دروست کرد، کە تا ئێستایش کۆمەڵگەکەمان بەدەست ئەنجامە دەروونییە خراپەکانییەوە دەناڵێنێت.
- سوپای ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیی کوردی (پێشمەرگە)ی بە تەواوی لەناوبرد و ڕادەستی سوپای عێراق یان ئێرانی کرد.
- بارزان و یەکێتی بەها ڕووحییەکانی و سیستمە ئەخلاقییەکەی لەناوبردن، لەناوبردنێکی نزیک لە یەکجاری و بارزانی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی ئاغای زۆردار، هەموو ئەوەی بارزانییەکان لە ماوەی نزیکەی ١٥٠ ساڵ لە خەبات و کۆچ و مەینەتی بونیاتیاننابوو، ئەو ڕووخاندی.
- پارتی دیموکراتی کوردستانی گەندەڵ و زەلیل کرد و گۆڕیی بۆ ئامرازێک، لەژێر دەستی ئاغا جاشەکان و منداڵانی بنەماڵەدا.
- گەلی کورد، دوای داماڵینی چەکەکەی، ڕادەستی دڕندەترین دیکتاتۆری کرد کە مێژووی نوێی عێراق ناسیویەتی، بڕیاری شکستەکەی بەنرختریـن دیاری بوو کە سەددام حوسێن لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا وەریگرتبێت، چونکە یارمەتیدەری بوو بۆ گرتنی هەموو جڵەوەکانی دەسەڵات بەسەر عەرەب، کورد، تورکمان، ئاشووری و کلدانەکاندا.

پێش دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاکردن بۆ ئێران و بگەڕێتەوە بۆ ناو منداڵ و خێزانی خوی، تەنها یەک آرەزو لای سەرۆکی پارتی و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی بزووتنەوەی کورد مابوو، کە دواین کارەکانیشی بوو لە شورش وکۆردستانی ئازاد، پێش ڕادەستکردنی خاکی آزادی نیشتیمان بە سەددام حوسێن، ئەویش پاکتاوی هەموو

ئەندامانی بنەماڵەی (فاخر مێرگەسۆری) بوو، و لە ١٠مایس ١٩٧٥ لە گەل آمیر تاهری سەر نۆسەری رۆژنامەی کیهان ایرانی راگەیاند : (کارێ ما تەمام است) . لەوانە باوکی فاخر (حەمەد ئاغای مێرگەسۆری کە تەمەنی لە سەروو حەفتا ساڵ بوو) و لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا نێژران، مەسعوود لای باوکی هاتە دەرەوە و فەرمانی کوشتنی ئەوانەی دا کە لە زیندانەکاندا مابوونەوە لە بنەماڵەی محەمەد ئاغا.

فاخر بەبێ ئەوەی ڕابگەیەنرێت کوژرا و شوێنی ناشتنەکەی شاردەوە. دایکی (هەمین خانم) هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ زانینی چارەنووسی کورە کانی ئەنجامدا و بێ سوود بوو. لە ماوەی حەوت گەشتدا بۆ بارەگای مەلا مستەفا، نەیتوانی نە مەلا مستەفا ببینێت و نە یەکێک لە کورە کانی. لەلایەن پاسەوانەکانەوە دەرکرا یان زەلیل دە کرا، بەڵام ڕەتیکردەوە بێهیوا بێت. لە سایەی ئەودا، دوای داڕمانی بزووتنەوەی کورد، تەرمی هاوسەرەکەی محەممەد ئاغا و کەسانی دیکەی دۆزیەوە. بەڵام تا ئەمڕۆش شوێنی ناشتنی (فاخر) بە نهێنی ماوەتەوە، کە تا ئێستا مەسعود ڕەتیدەکاتەوە ئاشکرای ناکات.

لەو ساتانەدا تەنها (٥ ساڵ) مابوو بۆ کۆمەڵکوژیی فەیلییەکان و (٩ ساڵ) بۆ کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان و (١٢ ساڵ) بۆ پڕۆسەکانی ئەنفال و (١٣ ساڵ) بۆ کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ زۆربەی گوندەکانی کوردستان ڕووخێنرابوون و گەورەترین کۆچی کورد لە مێژوودا ڕووی دا، کە سەدان هەزار هاوڵاتیی گرتەوە، پڕۆسەی تەعریبی بەرفراوان دەستیپێکرد کە بە سوپایەکی بەهێز و دەزگایەکی ئەمنیی سەرکوتکەر و پارەیەکی زۆری نەوت پاڵپشتی دەکرا. مەلا موستەفا، شۆڕشی کۆتاییپێهێنا و سامانەکەی بۆ خۆی هێشتەوە، لە سنوورەکانەوە (٢٤ ملیۆن دینار)یان هاوتای (٧٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) گواستەوە، بە وتەی یەکێک لە نزیکترین کەسەکانی کە دکتۆر مەحموود عوسمانە باسی کردووە کوردستانەکەی بۆ هەمیشە جێهێشت، سەرەتا چەند هەفتەیەکی لە (نەغدە) بەسەربرد، پاشان چەند مانگێک لە (عەزیمییە - کەرەج) نزیک تاران مایەوە، دواتر بۆ واشنتۆن کە ساڵانی کۆتایی ژیانی لەوێ بەسەربرد تا کۆچی دواییکرد.

سەرکردایەتی، تەنانەت ئەو کەسانەیشی پشتگوێخست کە چارەنووسی خۆیان بەوانەوە گرێدابوو و لە ناوچەیەکی دوو کیلۆمەتری سنووری ئێران دەژیان و لە کاتی تەنگانەدا فەرامۆشکران، جەرجیس فەتحوڵا یەکێک لەوانەیە و بە ڕاستگۆیی گوزارشت لەو ساتە یەکلاکەرەوانە دەکات و دەڵێت: کۆچی گەورە بەرەو ئێران دەستپێکرد. هەروەها لە لای ڕۆژئاواوە کۆچێکی تر هەبوو. هەزاران مەدەنی و پێشمەرگە بە چەک و تەقەمەنی و بارەکانیانەوە بە خاڵە سەربازییەکانی عێراقدا تێدەپەڕین و چەکەکانیان ڕادەست دەکرد، بۆ ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ شوێنە ئامادەکراوەکان کە تێیدا زانیاری و ناسنامەی هەر کەسێک لەسەر فۆرمێکی تایبەت تۆمار دەکرا. هەموو ئەمانە، بە سیستمێکی ورد و لەژێر بروسکەی کامێرا و تەلەفزیۆنەکاندا ئەنجام دەدرا. بەڵام لەلای ڕۆژهەڵاتەوە پاشاگەردانییەکی تەواو بوو. چی تر کەسێک نەمابوو فەرمان بدات بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، نە گوێیەکی ئامادەیش مابوو بۆ بیستن و ملکەچی. هەر کەسە و سەرقاڵی ڕەوی خۆی بوو. ئەو بورجە بچووکە خڕەی ئێران کە لەسەر گردەکە بوو، نیشانەی هێڵی سنووری نێودەوڵەتی بوو. دوای ئەوێ، ڕێگای ناوخۆی ئێران دەستپێدەکرد بە شۆڕبوونەوە بۆ دەشتێکی پان و بەرین، کە درێژییەکەی لە پێنج کیلۆمەتر زیاتر بوو، تا ڕێگاکە لە پشتی گردەکانەوە ون دەبوو. لەسەر ئەم گردە و لە خاڵی بەرەوخواربوونەوەکەدا وەستام و لە تەنیشتمەوە دواین ڕۆژنامەنووسی بیانیم بینی، کە سەردانی ناوچەی شۆڕشی کردبوو لە کوردستان و بۆ ئەوەی گەواهیدەر بێت و دواین دیمەنی شۆڕش تۆمار بکات. ئەوکاتە سەرقاڵی ئاگادارکردنەوەی وێنەگرەکەی بوو، بۆ ئەوەی باشترین چرکەساتی ئەو دیمەنە تراژیدیە بگرێت لە سەرەتای کاروانەکەوە، کە بەبەردەمیدا تێپەڕ دەبن. پەنجا هەزار؟ حەفتا هەزار؟ کەس نەیدەزانی چونکە کەس نەبوو تۆماری بکات. هێڵێکی درێژ تا چاو بڕ بکات لە مرۆڤ، کە ڕێگاکە و دەوروبەرییان پڕ کردبوو. لە دوورەوە وەک ڕیزە مێروولەیەکی درێژ دەهاتنە بەرچاو، کە ماڵەکەی خۆیان جێهێشتبێت بۆ ماڵێکی تر، بەڵام بە سیستمێک کە ئەم ڕیزە مرۆییە نەیبوو. جاروبار چاو دەکەوتە سەر ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە کەلوپەلی یەکێک لە پیاوانی شۆڕش، یان ئەو بەختەوەرانەی کە بەخشندەیی بەغدا ڕێگەی پێدابوون یەکێک بکڕن.

(.....)

بڕیارم دا تێکەڵ بەم ئاپۆڕایە ببم و بە پێ بڕۆم، لەگەڵ ئەو شتانەی خۆم کە هەڵمگرتبوون. نووسراوە تایبەتەکانم پێ بوون. ئەو تۆمار و کاغەزانەی تۆمارم کردبوون لەو ماوەیەی لە خاکی ڕزگارکراوی کوردستاندا نوسیبوومن و هەندێکیشم نەنوسیبوون. هەروەها چەندین کتێب و سەرچاوە و جلوبەرگی پێویستم پێ بوون. کاتێک دەستمکرد بە هەڵبژاردنی ئەو پێداویستییانەی سووکن و گرانبەهان، چاوم کەوتە سەر پەیکەرێکی نیوەی خۆم کە لە گەچ دروستکرابوو، کە بەرزییەکەی پێ و نیوێك بوو - یەکێک لەو هونەرمەندانەی پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو بۆی دروست کردبووم - هەڵمگرت و کێشام بە زەویدا و وردوخاش بوو. لەکاتێکدا دانیشتبووم و ئەوانەم جیادەکردنەوە کە نەدەکرا دەستبەرداریان ببم و ئەوانەیشم دەدڕاند کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو، لەپڕ یارمەتیدەر و ڕزگارکارێکم دۆزییەوە کە خەیاڵ هەرگیز بۆی نەدەچوو، ئەویش بەڕێز یونان هورمز بوو. مانگێک پێشتر بە بڕە پارەیەکی کەم، ئۆتۆمبێلێکی جیپی بچووکی مۆدێل کۆنی بێ سەقفی کڕیبوو، بەڵام کارا بوو. پێشنیاری کرد کە بمانبات، بەمشێوەیە من و هەندێک لە کتێبەکانمی لەو گەشتەدا ڕزگارکردن.

"لەو ماوەیەی دواییین دیدارم لەگەڵ ئیدریس و مەسعوود لە حاجی ئۆمەران و گەیشتنم بە (نەغەدە) هیچ کام لە هاوڕێکانم نەبینی. لە ماوەی ئەو ١٣ ساڵەی لە ئێران بووم و بە بەردەوامی پەیوەندیم لەگەڵ ناوبراوان و سەرکردەکانی تردا هەبوو، کەس پرسیاری لێنەکردم چۆن گەیشتم؟ یان چۆن لە چەند هەفتەی یەکەمدا دەژیام و لەلای کێ بووم، پێش ئەوەی ئاگاداری بوونم بن. هیچ پێویستییەک یان ئارەزوویەکم نەدۆزییەوە لەگەڵ کەس، لە کەشێکی مامەڵەی خنکێنەردا دەژیام".

کاتێک دانیشتوانی گوندەکانی سەرێ مەزنا (Seremezna) زانییان باوکم بڕیاری داوە کۆچ بکات بۆ ئێران، ئیتر ئەوانیش بڕیاریان دا لەگەڵیدا کۆچ بکەن. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٢ باوکم ویستی ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی لە گوندی (ڕێزان) بکات، کە نەیاندەتوانی ڕێگایەکی دوور بۆ ئێران ببڕن. لە نێوانیاندا، (زوبێر کال) هەبوو، کە یەکێک بوو لە هاوڕێکانی و لە کۆچ و ڕەوی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩١٣ لەگەڵ شێخ

عەبدولسەلامدا بووبوو، دەگریا و بەختی ناپاکی خۆی بەسەر دەکردەوە کە ناتوانێت بڕوات. ئەو یادەوەرییەکی باشی هەبوو دەربارەی ڕووداوە مێژوویییەکان و هاوڕێیەتیی شێخ عەبدولسەلامی کردبوو لە کوردستانی ئێران، لە ژێر داگیرکاریی ڕووسیادا. گریانی بەکۆمەڵی ژن و پیاو و منداڵ بەرزبووەوە. هەستێکی زۆر ناخۆش هەبوو، بەوەی کارەساتێکی گەورە ڕوویداوە و هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. ساتەکان وەک مەراسیمی ناشتنی ئومێد و قبوڵکردنی ژیانی سووکایەتی و تەسلیمبوون بوو بە ناچاری.

ڕۆژی دواتر، بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە (دۆڵی گەلوک)مان جێهێشت و هەموو شتێکمان لەپشت خۆمانەوە، بەجێهێشت. کاتێک لە گوندی (دۆرێ) نزیک بووینەوە، باوکم داوای کرد لە لای گۆڕستانی گوندەکە بوەستین و چەند ساتێکی قووڵ تێڕاما. ڕەنگە لە ناخیدا هەستی کردبێت، جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی. ئەمەیش وەک ماڵئاواییەک بوو بۆ ئەو بارزانییانەی کۆچیان کردبوو بۆ جیهانەکەی تر. ئەوەی لە هەمووی بەئازارتر بوو، بارودۆخی گوندی (دۆرێ) بوو، کە بە تەواوی چۆڵ کرابوو. ماڵەکان و کەلوپەلەکان وەک خۆیان مابوون. گاگەل و مێگەلەکان لە ناو گوندەکەدا بە پەرش و بڵاوی مابوونەوە. سەگەکان، پابەند بوون بە ئەرکی پاسەوانیی خۆیانەوە. شوانی گوندەکە و دانیشتووانەکەی، بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتبوون. دیمەنی بەرخە بچووکەکان تا ئێستا لە یادەوەریمدا ماوە، کە بەدوای مەمکی دایکیاندا دەگەڕان و بە دەنگێکی خەمناک دەیانبارِاند، یان من وا لە خەیاڵمدا بوو. دانیشتوانی گوندەکە، هەموو ئەوەی بە ئارەقەی نێوچەوانیان لە ماوەی دوو دەیەدا بەدەستیانهێنابوو، لە ساتێکی بێ ئومێدیدا دەستبەرداری بوون و گوندەکەیان جێهێشت، لەکاتێکدا جگە لەو بڕە خۆراکەی تەنها بەشی گەیشتنیان بکات بۆ سنوورەکانی ئێران، هیچی تریان پێنەبوو. بە ڕێگایەکی درێژ و سەختدا، بە پێ بەسەر بەفر و لە ناوەندی باوبۆرانی سارددا ڕێگەیان دەبڕی بەرەو چارەنووسێکی نادیار.

ئەم دۆخە، دوای هەرەسهێنانی سەرکردایەتیی کورد و ڕاکردنیان بۆ ئێران، بەسەر زۆرێک لە دانیشتووانی گوندەکانی کوردستاندا هاتبوو. هەمان دیمەن لە گوندی (لێرەبیر) و گوندەکانی تری سەر هەمان ڕێڕەوە دوور و پێچاوپێچەکە دووبارە دەبووەوە،

لە ڕێگەی ئەو لێڕەوار و چیایانەی لووتکەکانیان بە بەفر داپۆشرابوون و بەرەو (گادەر) دەچوو. باوکم چەند ساتێک لەسەر لێواری زۆربەی گۆڕستانەکان دەوەستا و پاشان بەردەوام دەبوو لە ڕۆیشتن. ئێوارەی ١٩٧٥/٣/٢٧ گەیشتینە شاری (شنۆ)ی کوردستانی ئێران. پاسەوانانی سنووری ئێران، ئێمەیان برد بۆ مزگەوتی شنۆ. مزگەوتەکە ئاخنرابوو لەو پەنابەرانەی لە پشت چیاکانی ڕۆژئاواوە هاتبوون. چەندین ڕیز لە ژن، پیرەمێرد، منداڵ، نەخۆش و ژنانی دووگیان ڕاوەستابوون. ڕۆژی دواتر پۆلیسی ئێران، ئێمەیان گواستەوە بۆ شاری (نەغەدە).

لە یەکەم دیدارماندا لە (نەغەدە) لەگەڵ مەلا موستەفا، دوای شکست کە پێش کۆتایی مانگی ئازار ئەو گەیشتبووە ئەوێ، من لەگەڵ باوکم بووم. ئەو باسی خۆشحاڵیی خۆی دەکرد، چونکە لەو گەندەڵییە ڕزگاری بووە کە لە کوردستان بڵاو ببووەوە، پەرینەوەی لە سنوور و کۆتاییهێنان بە شۆڕشی، وەک میهرەبانییەکی خودایی و پاراستنێکی خودایی دەزانی! دەستبەجێ هەستم کرد کە ئەو هیچ پەیوەندیی بە ڕاستیی ڕووداوی ئەو مەینەتییەوە نەدەزانی، کە گەلی کورد تێیدا دەژیا و هیچ بەرپرسیارێتییەکی تراژیدیا و کارەساتەکانی نەدەگرتە ئەستۆی خۆی. ئەو لە جیهانی تایبەتی خۆی و بەپێی لۆژیکی تایبەتی خۆی دەژیا. ئەو وا ڕاهاتبوو لە هەموو شتێکدا هەر خۆی بە ڕاست بزانێت و هەر شکستێکی بە سەرکەوتن دەبینی، سەرەڕای ئەو دژبەرییە پێچەوانە سەیرەی کە بەڕاستی لە بەردەمیدا هەبوو.

تیمی سەرکردایەتیی ڕوخاوی کوردی کە لە (نەغەدە) بوون، دەیانزانی چ کارەساتێکیان بەسەر گەلدا هێناوە. چاوەڕێی کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەی گەلی کوردیان دەکرد، بەرامبەر بە خۆیان. بۆیە لە ناو شاردا خۆیان قایم کردبوو، پاسەوانەکان دەوری مەلا موستەفا و کوڕەکانیان دابوو و لە ئامادەباشیی تەواودا بوون. ترسیان لە کاردانەوەی گەلی کورد هەبوو، چونکە هەستیان دەکرد سەرکردایەتی فێڵی لێکردوون و خەمساردییان نواندووە و ڕایانکردووە بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن. هەروەها ترسیان لە دەستوپێوەندەکانی ڕژێمی بەغدایش هەبوو، بەڵام ترسی زیاتری سەرکردایەتیی کورد، تۆڵەی جەماوەری بوو، لەبەرئەوە هەنگاوی تەواویان بۆ

سەلامەتیی خۆیان نابوو. ئەویش لە ڕێگەی پاڵنانی خەڵك بوو بۆ ناو دوو قەفەسی عێراقی و ئێرانی، بە جۆرێک میللەت نەتوانێت دژیان بجوڵێتەوە. ڕێوشوێنی سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر گەلی کورد و جووڵانەوەکەیدا، دوای بڕیاری شکستەکە لە هەردوو لای سنووری حکومەتی تاران و بەغداد ئامادەکردبوو. واتا بڕیاری شکست بەو خێراییە، دەرفەتی نەدا بەوەی جەماوەری تووڕە دژی سەرکردایەتی جووڵە بکات و بتوانن سەرکردایەتیەکی نوێ پێکبهێنن بۆ ڕابەرایەتیکردنی شۆڕش.

ڕاگەیاندنی پارتی کە لایەنگری مەلا موستەفا بوون، ڕەوشێکی ڕەزامەندیی خەیاڵی درۆیینەی بۆ خۆی دروستکردبوو، کاتێکیش ڕاستیی ڕووداوەکان شتێکی تریان پیشان دا، کەچی ئەوان هەر لە خەیاڵی خۆیاندا مابوونەوە و ئامادە نەبوون بێنە ناو جیهانی ڕاستیی ڕووداوەکان، بەڵکو پێداگرییان دەکرد لەوەی شکستی ١٩٧٥ ڕزگاربوون و بەخششی خواییە. ڕاگەیاندنی چەواشەکاری پارتی، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی کارەساتی نەتەوە و شکستەکانی، ڕێگر بوو لە بەردەم گەشەکردنی هۆشیاری و ڕووحی ڕەخنەگرانە، ڕاگەیاندنێک بوو لەسەر بنەمای ماستاوکردن و زێدەڕۆیی بۆ ملکەچکردنی جەماوەر بۆ سەرکردایەتییەکی دیکتاتۆر، کە پابەند نەبوو بە پرەنسیپە نیشتمانییەکانەوە.

شاری (نەغەدە)، پڕ بووبوو لە پەنابەر. لەوێ من و باوکم و خێزانەکەم لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٥/٢٧ ڕووبەڕووی هەوڵێکی تیرۆرکردن بووینەوە. ئێمە لە خانوویەکدا لە کەناری شار نیشتەجێ بووین، لە دووری نزیکەی ١٥ مەترەوە و لەگەڵ داهاتنی تاریکی، کەسێکی نەناسراو تەقەی لێکردین و ٣٠ فیشەکی کلاشینکۆفی بەسەریەکەوە بە ئاراستەی ئێمە تەقاند. زانیارییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە (فارس باوە) لە پشتی هەوڵی تیرۆرکردنەکەوە بووە، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق دوای بەیانی ئازاری ١٩٧٠ وەک زۆرێکی تر کڕیبوویان. ئێمە لە ماڵێکدا دەژیاین، کە پەنجەرەی ژوورەکانی پێشەوەی گەورە بوون و پەردەیان پێوە نەبوو، گلۆپەکان داگیرسابوون. ئەو کەسەی ڕاسپێردرابوو بە تیرۆرکردنەکە، ئێمەی دەبینی لە کاتێکدا ئەو لە تاریکیدا بوو و ئێمە نەماندەبینی. لە پشتی ئێمەوە کەمپێکی قەرەباڵغی پەنابەران هەبوو، فیشەکێک بەر ژنێکی بارزانی کەوت و کوشتی و بکوژەکەیش ون بوو.

کاروانی ئۆتۆمبێل بەیانییان لە (نەغەدە)وە بەرەو (عەزیمیە - کەرەج) لە نزیک تاران بەڕێدەکەوتن، ئێمە لەگەڵ ئەو کاروانەدا کەمێک دوای نیوەشەوی ١٩٧٥/١٠/١٢ گەیشتینە ئەوێ، ژیانی سەرشۆڕی لەناو کۆشکە ڕازاوەکان و بە مووچەی حکومەتی شای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) بەردەوام بوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤دا پەرتووکێکم تەواوکردبوو دەربارەی سەرەتاکانی دەرکەوتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە بارزان. داوام لە مەلا موستەفا کرد؛ پەرتوکێکی دەستنووسی لایە پێم بدات، کە باپیرەی باوکم بە دەستی خۆی و بە خەتێکی جوان نووسیبوویەوە، یان تەنها فۆتۆکۆپی یەک لاپەڕەم بۆ بکات وەک نموونە، پێمگوت کە دەمەوێت پەرتووکێک دەربارەی مێژووی بارزان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەم چاپ بکەم. ئەو زۆر بێزار بوو و بیرۆکەکەی وەرنەگرت، بۆ ئەو شۆک بوو. بەو پێیەی ڕاگەیاندنی چەواشەکاری پارتی پیاهەڵدانی بۆ دەکرد وەک سەرکردەی نیشتمانی، پێشکەوتنخواز، شۆڕشگێڕ و ڕزگاریخواز، کەچی خۆی بەدوورەدەگرت لە پیشاندانی دوژمنایەتیی ئاشکرای خۆی لە نووسینەوەی مێژوو. نیازە ڕاستەقینەکانی بە بیانووی ڕێزگرتن لە ئارەزووی باب و باپیران و پابەندبوونیان بە دابونەریتەکانەوە، دەشاردەوە. ئەوەیش پاساوێکی ئاشکرا بوو لام، کە پێشتر نەمبیستبوو. پێیگوتم تۆ نازانیت نووسین لەسەر ئەندامانی خێزانەکەمان حەرامە؟ ئەمەی بە تۆنێک گوت، کە دەریدەخست چەند ڕقی لەم پەرتووکەی منە. تەنانەت داوای نەکرد سەیری بکات یان بزانێت ناوەڕۆکەکەی چییە و هەر گرنگیی بە بابەتەکە نەدا. کێشەی ئەو، ئەوە بوو من پەرتووکێکم نووسیوە و ئەمەیش لە خۆیدا تاوان بوو، شتێکی قبوڵنەکراو بوو. کاری دەکرد بۆ هێشتنەوەی هەمووان لە قەفەسی نەزانیدا و نەزانییەکی ڕەهای بەسەر بارزانییەکاندا سەپاندبوو. تەنها شتی قبوڵکراو لای ئەو، ئەوە بوو کە لە خۆیەوە دەردەچوو، ئیتر ئەوەی تر حەرام بوو. شۆکی دوای شکستی نیشتمانی نەیگۆڕی، بەڵکو زیاتر لە نەرێنییەکانیدا ڕۆچووبوو. ئەو زۆر ڕقی لە هەڵدانەوەی ڕابوردوو بوو، چونکە دەیزانی هەڵدانەوەی ڕابوردوو، شتانێک ئاشکرا دەکات کە ئەو دەیەوێت بیانشارێتەوە. ئەو هەر بەو شێوەیە و وەک سەرکردەیەکی بێ وێنە لە هەموو بوارەکاندا مایەوە. یەکێک لە حەرامکراوەکانیش ئەوە بوو کە گفتوگۆ

و چەند و چوونی لەسەر شتێک لەگەڵدا بکرێت. بە ئەنقەست لە چەند خزمێکی نزیکم پرسی (چونکە دڵنیابووم لە نادروستیی قسەکانی) ئایا ڕاستە حەرامە لەسەر بنەماڵەکەمان بنووسین؟ ئەوان زەردەخەنەیان کرد و گوتیان: هەرگیز گوێیان لەم تێڕوانیە نەبووە و بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە. زانیم ئامانجەکە تەنیا چەسپاندنی نەزانی بوو بەسەر هەمووانداا.

دڵنیابووم کە ئەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات، جێبەجێکردنی پلانێکی نەزۆکی ڕۆشنبیریی گشتییە، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. ئەم نەزانیە، لە ناوچەکانی بادینان زیاتر بوو بەراورد بە ناوچەکانی سۆران، چونکە بادینان بۆ چەندین دەیە لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەودا بوو، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ناوچەکانی سۆران تا ڕادەیەکی باش ڕزگاریان ببوو و توانیبوویان ڕۆشنبیرییەکی تەواو سەربەخۆ، لە شێوازی فکری ڕێکخراوەیی سیاسیی بەرهەمبهێنن، هەر لەبەر ئەمەیشە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە سلێمانییەوە دەستپێدەکەن و دواتر دەگوازرێنەوە بۆ شارە کوردییەکانی تر. ئەم هەژارکردنە شارستانییەی کە لە سەرەوە پلانی بۆدارێژراوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی گەندەڵی (کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی ڕەها و نابەرپرسیارەوە دروستکراوە) یەکێک لە مەترسیدارترین لێکەوتەکانی لێدانە لە بەهاکانی نیشتمانپەروەری و دەستپاکی و متمانە بە دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا، دەرەنجامی ناشارستانیبوون و گەندەڵیی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هەلپەرست و دەستەمۆیە، کە بە توندی خواستی بەرەو جاشایەتی و بەکرێگیراوی هەیە، ترسی نوخبەی دەسەڵاتدار لە فکری سەربەخۆ، وایان لێدەکات تا سنووری دوژمنایەتی هەستیار بن بەرامبەر بە هەر توێژینەوەیەکی مێژوویی بۆ دەرخستنی پەنهانییەکانی ڕابوردوو، هەر دەسەڵاتێک بیرۆکەی نوێی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لە دەرەوەی کێڵگەی دەسەڵاتی خۆی ڕەت بکاتەوە، ئەوا بەرەو تووندوتیژی و ملکەچکردنی گشتی و دژایەتیی ئازادییەکان هەنگاو دەنێ.

ڕەنگە سەرەتای مانگی شوبات بووبێت، تەواو بیرم نیە، ئێوارەیەک یەکێک لە پاسەوانەکانی مەسعوود (خدر دۆلری) هات و گوتی: مەسعوود پێی ڕاگەیاندووە کە (ئیبراهیم گاباری) شەوێک لە ماڵەکەی من بێت و بەیانی بە ئۆتۆمبێلەکەم، بیبەم بۆ

کەرەج بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سوریا. ناوبراو بە ئەرکێکی سیاسیی تایبەت لەلایەن حافز ئەسەد و جەلال تاڵەبانییەوە نێردراوە. بیانووەکەیش بە قسەی مەسعوود ئەوە بوو، کە ماڵەکەی چاودێری دەکرێت، بۆیە نایەوێت لە ماڵەکەی خۆی بیخەوێنێت. من تێنەگەیشتم کە ماڵەکەی من و ئەو، دیوارمان یەك بوو. دووریی نێوان دەرگاکانمان، لە هەشت مەتر زیاتر نەبوو. ئیبراهیم گاباری لەگەڵ چەندین دەزگای هەواڵگری کاری کردبوو لەوانە (پاراستن)، گرێدان و تێکەڵکێشی پەیوەندییەکانی نێوان (پاراستن) و (ساواک) بوو. بەیانی زوو لەگەڵ خۆم بردم بۆ کەرەج و لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی و من گەڕامەوە ماڵەوە. وا بڕیار بوو بگەڕێتەوە بۆ سوریا وەک خۆی و مەسعوود دەیانگوت. چەند هەفتەیەک تێپەڕی، ڕێک لە بەرواری ١٩٧٦/٢/١٩ لەماڵەوە بووم و نانی نیوەڕۆم دەخواردو پیاوێکی ساواکی ئێرانی کە بە ڕەچەڵەک کورد بوو بەناوی (بەیاتی) - بەرپرسی لقی کەرەجی ساواک تایبەت بە پەنابەرە کوردەکان - لە دەوروبەری کاتژمێر دوازدە و نیوی نیوەڕۆ لە زەنگی دا و منی بە پەلە دەویست، پێمگوت نانی نیوەڕۆ دەخۆم و پێشنیارم کرد بێتە ژوورەوە و لەگەڵم نان بخوات، بەڵام ڕەتیکردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی دەستبەجێ لەگەڵی بڕۆم و گوتی فەرمانمان لە تارانەوە بۆ هاتووە، کە دەبێت هەر ئێستا ئامادە بیت و کات بۆ نانخواردن نییە. هەستمکرد شتێک ڕوویداوە. بە پەلە خۆم گۆڕی و هاتمە دەرەوە، پیاوەکەی ساواک ڕەتیکردەوە کەس لەگەڵمدا بێت، لە ئۆتۆمبێلەکەیدا تەنها بوو. دوای ڕۆیشتنی نزیکەی کیلۆمەترێک بەرەو خوارەوەی کەرەج، ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم شۆستەیەک ڕاگرت و پیاوێکی تری ساواک کە پێشتر نەمبینیبوو و چاوەڕێ بوو، ئەویش سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو و لە کورسیی دواوە دانیشت. پاشان ساواکەکە بەردەوام بوو لە لێخوڕین و لە کەرەج دەرچوو بە ئاراستەی ڕێگای خێرا، کە بەرەو تاران دەچوو. پێی نەگوتم بۆچی منی دەوێت و ڕەنگە خۆیشی ڕاستیی بابەتەکەی نەزانیبێت. پۆلیسی نهێنی (ساواک)، تا ڕادەیەکی زۆر ترسناک بوون، وای لە ژمارەیەک پەنابەری کورد کردبوو توانای بەرگریی دەروونییان نەمێنێت لە سام و ترسیان یان لە چاوچنۆکییان، کە بەرامبەر ومرگرتنی پارە دەبوونە سیخوڕی ئەم دامەزراوە داپڵۆسێنەرە.

ئۆتۆمبێلەکە ڕێگای خێرای نێوان کەرەج و تارانی بڕی، پاشان بەرەو باکووری تاران چوو، دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە لە سووچێکی بێدەنگی شەقامەکەدا وەستا، پیاوەکەی ساواک پێیگوتم ئێستا دەبێت دابەزیت و سواری ئەو ئۆتۆمبێلە ڕەشە بیت کە وەستاوە، بە دەست ئاماژەی بۆ کرد. لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم و شۆفێری ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە دەرگاکەی بۆ کردمەوە، پاشان بە ئاراستەی باکوور ڕۆیشتین، تا لە بەردەم دەرگای خانوویەکدا وەستا و دابەزی و لە زەنگی ماڵەکەی دا. دەرگایەکی ئاسنین کرایەوە و پیاوەکە ئاماژەی بۆ کردم بچمە ژوورەوە، منی برد بۆ ژوورێک لە نهۆمی یەکەمی خانووەکە، کە کەسی تێدا نەبوو. گوتی لێرە چاوەڕێ بکە، ڕوون بوو کە پیاوانی ساواک لەو خانووەدان. دوای چەند خولەکێک، پیاوێکی ساواکی ناسراو بەناوی (تاجداری) کە خەڵکی ئازەربایجان بوو، هاتە ژوورەوە و داوای لێکردم بچمە ژوورێکی تر لە هەمان نهۆم. چوومە ژوورەکەوە و لە بەردەم پێنج پیاوی ساواکی ڕووگرژدا خۆم بینییەوە، کە بە دەوری مێزێکی لاکێشەییدا دانیشتبوون. لەسەر کورسییەک لە ناوەڕاستدا دانیشتم، بێگومان ئەمە لێکۆڵینەوە بوو، پرسیارەکان لەسەر ئەوە بوون کێ سەردانم دەکات و هاوڕێکانم کێن و ئایا چالاکیی سیاسیم هەیە؟ کاتێک ڕەتمکردەوە، ڕووخسار و تۆنی دەنگیان گۆڕا بەتایبەت (تاجداری)، وەک دیار بوو پلە بەرزەکەیان بوو. دەستیکرد بە هاوار و قیژەقیژ و خۆی تووڕەکرد. من بە تەواوی بە ئاگا بووم و دەستبەجێ هەستم کرد کە پەنا بۆ ترساندن دەبەن، بۆ ئەوەی دانپێدانانم لێ وەربگرن. منیش بابەتەکەم لە سیاسەت دوورەدەستەوە. لێرەدا پیاوانی ساواک زیاتر تووڕە بوون و تاجداری بە تووڕەیی لە کورسییەکەی هەستا و دەستیکرد بە هەڕەشەکردن و بە دەوری مێزەکەدا سووڕایەوە و لێم نزیک دەبووەوە، بۆ ئەوەی لێم بدات. بەڵام من بەبێ دەنگی مامەوە و سووربووم لەسەر ئەوەی زانیاریم لەسەر کاروباری سیاسی نییە. لێی نەدام، بەڵکو بە هەڕەشەوە ژوورەکەی جێهێشت و دوای چەند خولەکێک گەڕایەوە و پرسیاری وردتری ئاراستە کردم. بەڵام من دیسانەوە هەر جۆرە پەیوەندییەکی خۆم بە سیاسەتەوە ڕەتکردەوە. لێرەدا هەمووان تووڕە بوون، بەتایبەتی تاجداری کە دیسانەوە هەستا و زیاتر لە جاری یەکەم خۆی وا پیشان دەدا کە پەلامارم دەدات. کاتێک دەگەیشتە پشتی

کورسییەکەم، دڵنیا بووم کە لێدانێکی زۆرم لێ دەدات. بەڵام کاتێک لە پشتی کورسییەکەم دەوەستا، هەڕەشەکەی جێبەجێ نەدەکرد. پاشان دیسانەوە بە وتنی وشەی پیس، ژوورەکەی جێهێشت و دوای نزیکەی دوو خولەک بە تورەییەوە گەڕایەوە و وتی: هیچ شتێک لە ئێمە ناشاردرێتەوە و تۆ درۆ دەکەیت، تۆ دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی شاهانشاییت کە پەنای داویت و ڕێزی لێگرتوویت. ئەگەر ڕاستی نەڵێیت، دەبینیت چۆن مامەڵەت لەگەڵ دەکەین. پرسیاری وردی ئاراستە کردم، دەربارەی ئەرکی نێردراوێکی کورد کە لە سوریاوە هاتبوو (ئیبراهیم گاباری). دیسانەوە بێ ئاگایی خۆم ڕاگەیاند، هەمووان زۆر تووڕە بوون و دەستیان کرد بە ئاراستەکردنی پرسیاری دژبەیەک و هەڕەشەی زۆر بەسەریەکەوە، بەمەبەستی ترساندنم و دروستکردنی دۆخێکی شڵەژانی فکریی سەخت، بە جۆرێک بوو نەمدەزانی وەڵامی کێ بدەمەوە. بەڵام بە تەواوی دەمزانی کە ئەمە شێوازی ساواکە بۆ وەرگرتنی دانپێدانان. تاجداری، دیسانەوە بە ڕوخسارێکی تووڕەوە هات بۆ لێدانم و وتی: ئەم جارە لێدان دەخۆیت، چونکە بەبێ لێدان دان بە هیچدا نانێیت. دڵنیابووم ئەم جارە لێم دەدات، بەڵام کاتێک گەیشتە پشتی کورسییەکەم، لێی نەدام. بێدەنگی و سووربوونی من لەسەر دەستوەرنەدان لە کاروباری سیاسی، بەردەوام بوو.

لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا تا نیوەشەو بێ پچڕان بەردەوام بوو، (تاجداری) سیناریۆی جێهێشتنی ژوورەکە و گەڕانەوەی دوای چەند خولەکێک دووبارە دەکردەوە، بۆ ئەوەی پرسیاری زۆر ورد ئاراستە بکات. کاتێک دەچووە دەرەوە و بێدەنگییەکی ڕێژەیی بۆ چەند خولەکێک باڵی دەکێشا بەسەر ژوورەکەدا، ئەو قسانەم بیردەکەوتەوە کە ئامۆزایەکم لە کوردستان لە گوندی (زرارا) پێی دەگوتم: "ئەم خاکە جێ مەهێڵن، ئەگەر خاکەکەمان جێبهێڵین، ڕووبەڕووی دۆخێک دەبینەوە کە ئاواتی مردن بخوازین و دەستمان نەکەوێت". لە ناخی خۆمدا دەمگوت؛ چەند لەسەر هەق بوویت. منیش بڕیارم دابوو دان بە هیچدا نەنێم، بۆ ئەوەی کەس نەبێتە قوربانی بەهۆی دانپێدانانەکانی منەوە! بڕوام نەدەکرد کە کەسانی تر لەسەر ئەم بنەمایە کار ناکەن، چونکە ناوی منیان دابوو بە ساواک و هەموو زانیارییەکیان پێدابوون. کاتێک پیاوانی ساواک بێ ئومێد بوون

لەوەی دەستیان بکەوێت و کاتژمێر ئاماژەی بۆ نیوەشەو دەکرد، دوای هەموو ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە کردیان و هیچیان دەست نەکەوت، دواجار (تاجداری) پەلاماری دام و قۆڵی گرتم و بە تووڕەییەوە گوتی: "نەتبینیوە چۆن ئەشکەنجەت دەدەین، ئێستا پیشانت دەدەم" دڵنیابووم دەمبات بۆ ژووری ئەشکەنجەدان. منی برد بۆ بەردەم دەرگایەک و دەرگاکەی کردەوە بۆ سەرسوڕمانی من. مەسعوود مەلا موستەفا لە تەنیشتی پیاوێکی ساواکی ئێرانی کە بەرپرسی دۆسیەی کورد بوو بەناوی (موبینی)، دانیشتبوو. دەستبەجێ مەسعوود بە دەق پێیگوتم: من هەموو شتێکم پێگوتن، تۆیش پێیانبڵێ، (ئەو ئاگاداری هەموو ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو کە لەگەڵم دەکرا، وەستانی من تەنها چەند چرکەیەکی خایاند). هەر کە مەسعوود قسەکەی تەواو کرد، (تاجداری) بە توندی ڕایکێشام و دەرگاکەی داخست. ئیتر ڕێگەی نەدا قسە لەگەڵ مەسعوود بکەم. بە تووڕەییەوە گوتی: ئێستا درۆمان لەگەڵ بکە، تۆ درۆزنی، تۆ دوژمنی ئێمەی، تۆ چاوچنۆک و سپڵەی، ئێمە هەموو شتێک دەزانین و تەنها ویستمان تاقیت بکەینەوە، بزانین چەند دڵسۆز و سوپاسگوزاری بەرامبەر ئەو چاکەیەی حکومەتی شای مەزن، کە بەسەرتدا ڕژاندوویەتی، بەڵام ئێستا زانیمان کە تۆ دوژمنی ئێمەیت و بەردەوام بوو لە هەڕەشە و گوڕەشە.

بۆم دەرکەوت کە (تاجداری) کاتێک ژووری لێکۆڵینەوەکەی منی جێدەهێشت و دەرگاکەی دادەخست و دەچووە دەرەوە، بۆ هەمان ئەو ژوورەی مەسعوودی تێدابوو چووە و زانیارییەکانی لە مەسعوود وەردەگرتن دەربارەی من و پاشان دەگەڕایەوە و ئەو پرسیارە وردانەی ئاراستە دەکردم، من نەمدەزانی مەسعوود لە ژوورێکی تر لە هەمان نهۆم دانیشتووە و ئەو زانیارییانەیان پێدەدات، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکەن. بەڵێ ساواک ئاگاداری ئەرکی نێردراوە کوردەکە بوو کە لە دیمەشقەوە هاتبوو (ئیبراهیم گاباری)[٣٣٧] کە مەسعوود ناردبووی بۆ ئەو ماڵەی من تێیدا دەژیام و زانیارییەکانیشی لە

[٣٣٧] بەپێی ڕای مەسعود مەلا موستەفا؛ (ئیبراهیم گاباری) دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ هاتبووە عێراق، ئەو لەلایەن هەواڵگریی سوریاوە نێردرابوو و ئەرکەکەی دیاریکرابوو، کە بریتی بوو لە تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و شۆڕش. ل: ٢٦٩ لە کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد

سەرچاوە سەرەکییەکەوە وەرگرتبوو، پاشان ساواک ڕێگای دا بگەڕێمەوە، بەڵام هەڕەشەکانیان بەردەوام بوون. ئێوارەی ڕۆژی دواتر مەلا موستەفام بینی و لە قسەکانی و هەڵوێستە سەیرەکەی سەرسام بووم، هەستم بە بۆشاییەکی قووڵ کرد، کە جیای دەکردەوە لە پرسی هەڕەشەکانی ساواک، ئەو باسی متمانەی بێ سنووری ئێرانییەکانی بە کەسایەتیی خۆی دەکرد و منی بە بەرپرسیار دەزانی و چەند شتێکی دەگوت، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستییەوە نەبوو، بۆ نموونە: نابێت زۆر لە ماڵ بچیتە دەرەوە، دەرکەوت کە نایەوێت ڕاستییەکان لەسەر زەوی ببینێت و هیچ شتێکی نەگوت دەربارەی هەڵوێستی خەمساردانەی مەسعوودی کوڕی و تا کۆتایی بێدەنگیی هەڵبژارد.

دواتر دیسانەوە، (ئیبراهیم گاباری) دەرکەوتەوە و گوتی: کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەستگیریان کردووە و ئێستا ئازادیان کردووە و دەگەڕێتەوە بۆ سوریا، کاتێک گەڕایەوە سوریا، دەسەڵاتدارانی سوریا زیندانییان کرد، مەسعوود داوای لێکردم ئەوەی ڕووبداوە بۆ کەسی باس نەکەم، کاتێک پێمگوت: قسە لەگەڵ محەمەد خالید دەکەم، بە خێرایی وەڵامی دایەوە: نەخێر. نەخێر. هەرگیز. سەرەڕای دوژمنایەتیی ساواک بۆ من و هەڕەشە بەردەوامەکانی، بەڵام مەلا موستەفا ڕەتیکردەوە من لە ئێران بڕۆمە دەرەوە، چونکە پێی باش بوو لە قەفەسەکەدا بمێنمەوە، ئەوە خوویەکی ئالوودەبووی ئەو بوو، ئازایەتی و سوپاسی دەرچوونم لە ئێران بۆ (ئیدریس مەلا موستەفا) دەگەڕێتەوە، کە جیاواز بوو لە باوکی و مەسعوودی برای، بەوەی هەستی بەو ئازارە گەورەیە دەکرد کە ساواک بۆ پەنابەران بەگشتی و بۆ ژمارەیەکی کەمیان بەتایبەتی، دروستی دەکرد. ئەو، دوای هەوڵێکی زۆر، ساواکی قایل کرد بە پێدانی بەڵگەنامەی چوونە دەرەوەم لە ئێران، بە بیانووی چارەسەری پزیشکی، لە کاتێکدا مەسعوود لەگەڵ باوکی کە نەخۆش بوو، لە

- شۆڕشی ئەیلوول). بەڵام دواتر چووە ناو "پارتی"یەوە. دوای ڕووخانی شۆڕش، پەنای برد بۆ ئێران و تا ئەمڕۆیش هەر لەوێیە، پاشان گەڕایەوە بۆ سوریا و دواتر گەڕایەوە بۆ ئێران و پاشان گەڕایەوە بۆ سوریا و لەوێ بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە زیندانیکرا و لە کاتی ئازادکردنییەوە لە هەولێر نیشتەجێیە. (ئەم تێبینییە لایەنی نووسەرە).

واشنتۆن بوون به پاسپۆرتی ئێرانییەوە. پێش جێهێشتنی ئێران، پیاوەکەی ساواک (تاجداری) بانگی کردم و هەڕەشەی لێکردم و گوتی: دەبێت بزانیت حکومەتی ئێران، دەستی درێژە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەگەر چالاکیی دوژمنکارانە دژی ئێران لە دەرەوە ئەنجام بدەیت، ئەوا بزانە لە هەر شوێنێک بیت دەستمان پێت دەگات. منیش پێمگوت: بۆ چارەسەری نەخۆشی دەڕۆم و نیازی چالاکی سیاسییم نییە.

بە لیزەپاسێکی ئێرانییەوە (Laissez-passer) لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ گەیشتمە لەندەن و لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٧٧ بەبێ دواکەوتن داوای مافی پەنابەری سیاسییم کرد و تا دوای ڕووخانی تەختی شا و دەرکردنی لەلایەن گەلانی ئێرانەوە، نەگەڕامەوە بۆ ئێران. ڕوونترین دیاردە لە ڕەفتاری سیاسیی مەلا موستەفادا لە ساڵی ١٩٧٠وە تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٧٩، ئەوە بوو کە زەمینەی بۆ بەردەوامیی دوای ڕۆیشتنی خۆی خۆشکرد، ئێستا لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو و نووسینەوە دەبینین میراتگرییەکەی بەردەوامی هەیە لەسەر ئەو کوردستانەی کە لەژێر نفووزی مەسعوودی کوڕیدایە، ئەم میراتە هێشتا زیندووە و لە هەموو بۆنەیەکدا بۆ ناو یادەوەریی جەماوەری کورد، وەک میراتێکی پیرۆز بڵاودەکرێتەوە، ئەم میراتە کارتێکەری سەپاندنی دۆگمایی مێشکی جەماوەر دەکات و ڕێگرە لە دروستبوونی ڕۆشنگەرییەکی کۆمەڵگا، کە ئاگاداری ڕاستی ئەو کارەساتانە بێت بەسەر بزووتنەوەی کورددا هێنران تا دەگات بە شکستی ساڵی ١٩٧٥ و نهێنییە دارایی‌یەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانی، هەروەها سەرچاوەیەکە بۆ بەردەوامیی گەندەڵی بە دامەزراوەبوون و تێکدانی کۆمەڵگاکەمان لە ئێستادا، بە جۆرێک کە ڕێچکەی کۆمەڵگەی کورد دەگۆڕێت بۆ ترس لە ڕووبەڕووبوونەوەی بوێرانە و ڕاشکاوانە لەگەڵ ڕابوردووی خۆیدا و کوشتنی ڕووحی ڕەخنەگریی گەلەکەمان و پەرەپێدانی میراتێک، کە سەرشۆڕی و شکستی بۆ گەلی کورد هێناوە و پیشاندانی وەک نموونەیەکی باڵا، کە ئەمە دەرهاویشتەیەکی مەترسیدارە و بێگومان خزمەت بە بێدارکردنەوەی هۆشیاریی مێژوویی گەلی کورد ناکات، لەو قۆناغانەی ساڵانی ١٩٦١وە تا بە ئەمڕۆ دەگات. لێرەدا سەیر ئەوەیە کە ژمارەیەک لەو نووسەرانەی دەربارەی مەلا موستەفا نووسیویانە و زیادەڕۆییان کردووە لە

شکۆدارکردنی مەلا موستەفا و کۆڕەکەیدا (لە دوای ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانی ڕۆژئاواوە بۆ هەرێمی کوردستان)، دەرکەوت کە ئەوان لە بەکرێگیراوە پیشەگەرەکانی ڕژێمی سەددام حوسێن بوون و پەردە لەسەر ڕوویان لادرا، دوای دۆزینەوەی تۆمارەکانیان کە بەکرێگیراوییان بۆ ڕژێمی بەعس دەسەلێنێت.

هاوپەیمانیی نهێنی و ژێربەژێری (سەددام - مەسعوود) کاری کرد بۆ بەهێزکردنی نفووزی مەسعوود و حیزبەکەی لە کوردستان، لە ماوەی سێزدە ساڵدا پارە و چەکی بۆ دابینکردن، لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا تانک و سەربازانی عێراقی ناردن بۆ سەرخستنی هاوپەیمانەکەی لە دژی نەیارەکانی و لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا کلیلی هەولێری پایتەختی ڕادەستی سوپای عێراق کرد و هەولێریان لەژێر دەستی نەیارەکانی بەعس و مەسعوود دەرهێنا و ڕادەستی مەسعوودیان کردەوە.

هەڵسەنگاندنی (CIA) بۆ
ئەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥

ئەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر[٣٣٨]

دەمێکە شای ئێران، هەوڵ دەدات عێراق قایل بکات بە بۆچوونەکانی خۆی، بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵات، بەتایبەت لەوەی پێوەندیی بە ڕێڕەوی ڕووباری شەتولعەرەبەوە هەیە. شا، دەیویست هەژموونی خۆی لە ناوچەکە جێگیر بکات و کاریگەریی عێراق سنووردار بکات و دەستتێوەردانەکانی لە وڵاتانی دراوسێی پێ ڕابگرێت، هەروەها لە لەناوبردنی هەژموونی هێزە چەپە دەرەکییە چالاکەکان لە بەغدا، وا دیارە ڕێککەوتننامەی جەزائیر، هەنگاوی یەکەمینی ئەم ئامانجانەی هەڵناوە، بەڵام گومان لە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی تریان هەیە. عێراق بەم هەنگاوەی، لە گیرۆدەیی بەدەست یاخیبوونی کورد و ئەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران ڕزگاری بوو، بەمەیش بژاردەکانی پلانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، لێرەدا پێشبینییەکانمان دەربارەی شوێنەوارەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر بۆ بەشداربووان و وڵاتانی تری ناوچەکە و بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان دەخەینە ڕوو.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر

١. شای ئێران و کارەکتەری بەهێزی عێراق (سەددام حوسێن تکریتی)، لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد، کە ئامانج چارەسەرکردنی کێشە سنوورییە درێژخایەنەکانی نێوانیان بوو. ئەم کێشانە، لە ساڵی ڕابوردوودا لە چەندین بۆنەدا ببوونە هۆی پێکدادانی جدی. بە ڕێکەوتنیان، هەردوولا دەستکەوتی گرنگیان بەرکەوت. لە کاتێکدا گەورەترین دۆڕاو، یاخیبووە کوردەکانی عێراق بوون.

---

[٣٣٨] ئەم ڕاپۆرتە لە ١ مایسی ١٩٧٥ پێشکەشکراوە.

٢. ڕێککەوتننامەکە، لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتیی هاوبەش لە دوو خاڵدا دامزراوە:
- دیاری کردنی هێڵی سنووری وشکانی و ئاوی.
- کۆنترۆڵی تەواوی سنوورەکان و ڕێگریکردن لە دزەکردنی تێکدەران.

هەردوولا ڕێککەوتننامەکەیان بەوە ناوزەندکرد کە ناکرێت بەش بەش بکرێت، شکاندنی یەک ماددە تێیدا، تەواوی ڕێککەوتننامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

٣. لێدوان و کردەوەکانی هەردوولا لە دوای ٦ی ئازارەوە، ئاماژە بە هەبوونی لێکتێگەیشتنی نهێنی دەکەن، کە هێشتا ناوەڕۆکەکەی ئاشکرانەکراوە. شا، بە ڕوونی بەڵێنی دا هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران بۆ کوردەکان بکشێنێتەوە. بەڵام لە ڕێککەوتننامەکەدا، بە ئاشکرا ئاماژە بەوە نەکراوە بە نکوڵیکردنی بەردەوامی تاران لە پێدانی ئەو جۆرە هاوکارییانە. هەروەها پرسی پەنابەرە کوردەکان لە ئێران، بە فراوانی تاوتوێکرا. هەردوولا وەک ئەوەی ڕوون و دیارە، ڕێکەوتن لەسەر ڕاگرتنی پڕوپاگەندە دژی یەکتر. هەروەها چالاکیی هێزە دەرەکییەکان لە کەنداو، لە ڕێکەوتنەکەدا باس کرا. ئەم بابەتەیش لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکەوە، بووەتە ئامانجی لێدوانی بەرپرسانی هەردوو حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو وڵات.

٤. سازشی سەرەکیی بەغدا، بریتیە لە ڕەزامەندی لەسەر هاوکێشەکەی تاران، بۆ دیاریکردنی هێڵی سنووری جێ ناکۆک لە باشووری ڕووبارەکە، بەپێی بنەمای (Thalweg - ناوەڕاستی ڕێڕەوی کەشتیڕانی). لە ڕابوردوودا عێراق پێداگریی لەسەر پەیماننامەی ١٩٣٧ دەکرد، کە نەخشەی هێڵی سنووری لەسەر کەناری (ئێرانی – شەتولعەرەب) دیاری دەکرد، کە کۆنترۆڵی تەواوی کەشتیڕانی لە ڕووبارەکەدا دەدا بە عێراق، هەروەها گەیشتن بە پاڵاوگەی ئابادانی ئێرانی و بەندەری خوڕەمشار. بەڵام بەغدا لە هیچ بارودۆخێکدا نەیتوانی بەپێی ئەم داواکارییە، کار بکات.

٥. ئەو ماددەیەی پەیوەندیی بە چاودێریی وردی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانەوە هەیە، لە بەرژەوەندیی هەردوولایە. بەو پێیەی ناردنی ئەو تێکدەرانە بۆ ئێران ڕادەگیرێت، کە لە عێراق مەشقیان پێکراوە، بەمەبەستی هاندانی هەستی دژەحکومەت لە نێو کەمینەکاندا، بەتایبەت لە نێو دانیشتوانی عەرەبی خوزستاندا. هەروەها نەیارانی ئێرانی

ناتوانن چالاکییەکانیان لەناو خاکی عێراقەوە پەرە پێ بدەن. یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکەی ئەم ماددەیە، ڕاگرتنی هاوکارییە سەربازییەکانە بۆ کورد، کە ئەمەیش ئامانجی عێراق و سازشە سەرەکییەکەی ئێران بوو.

٦. بژاردەکانی کورد، دوای کشانەوەی هاوکارییەکانی ئێرانی، کەم کردەوە بۆ تەنیا پاراستن و ئاستێکی نزمی ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی پارتیزانی یان خۆبەدەستەوەدان بە بەغدا، یان چوون بەرەو مەنفا. لە کاتێکدا ڕێککەوتننامەکە بۆ بەغدا، دەرفەتی وەبەرهێنانی سەرچاوەی زیاتری بەمەبەستی گەشەپێدان ڕەخساند و لە ململانێی ناوخۆیی ماندووکەر، ڕزگاری کرد.

٧. هەندێک ئاماژە دەریدەخەن، کە شا پێیوابووە (ڕێکەوتنەکە گەرەنتییەکی سەددام حوسێنی تێدایە، کە لانی کەم و بەشێوەیەکی کاتی، داوای سڕکردنی دۆخی سەربازی لە عێراق دەکات بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ کوردەکان). بەڵام دەستبەجێ دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، بەغدا فەرمانی دەستپێکردنی هێرشی گشتیی دا. هێرشەکە نزیکەی هەفتەیەکی خایاند. دواتر شا دوو ڕۆژ پێش کۆبوونەوەی بڕیارلێدراوی وەزیرانی دەرەوە لە تاران لە ١٥ی ئازار، بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە توانیی ئاگربەستێکی دوو ڕۆژە ڕێک بخات. ماوەی ئاگربەستەکە لەگەڵ پێشنیاری لێبوردنی بەغدا بۆ یاخیبووە کوردەکان لە ١ی نیسان کۆتایی دەهات. کاتێک عێراق تەواوی کوردستانی بێ بەرگریکردن گرتەوە، بەغدا لەسەر داوای تاران ماوەی لێبوردنەکەی تا کۆتایی مانگی نیسان درێژکردەوە - پاشان بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژی تریش درێژی کردەوە - لەو ماوەیەدا کوردەکان دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

٨. پلاندانان و کۆنترۆڵی سنووورەکان، بە باشی لەژێر سەرپەرشتیی لیژنەیەک لە وەزیرانی دەرەوە بەڕێوەچوو. ڕووپێوی شەتولعەرەب لەژێر سەرپەرشتیی هەردوولا ئەنجامدرا و خاڵەکانی کۆنترۆڵی هەردوو وڵات، دووبارە جێگیرکرانەوە بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر. کۆبوونەوەی دووەمی وەزیرانی دەرەوە لە ناوەڕاستی مانگی نیسان و کۆبوونەوەی سێیەمیش، بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی مایس ئەنجام بدرێت. کێشەی پەنابەران و ئەگەری هاوکاریی فراوانتر، تاوتوێکران. سەددام حوسێن لە کۆتایی مانگی نیسان، سەردانی تارانی کرد و پێشبینی دەکرێت شا لە کۆتایی ئەم بەهارەدا سەردانەکە بکاتەوە.

پاڵنەرەکانی ڕێککەوتننامەکە

٩. بۆ ماوەیەکی درێژ، عێراق جێگەی گومان و دوژمنکاریی ئێران بوو، بەهۆی جیاوازییە نەتەوەیی، ئایینی و سیاسییەکانەوە. شا بەغدای وەک هاوکارێک بۆ تەماحەکانی سۆڤیەت لە کەنداو و سەرچاوەی تێکدانی ناوچەکە دەبینی. بۆ ماوەیەک شا، کوردەکانی بەکارهێنان بۆ لادانی سەرنج و سەرچاوەکانی بەغدا لە سیاسەتەکانی کەنداو و هاندانی پشێویی سیاسی، بەشێوەیەکی نارِاستەوخۆ بۆ بەرزکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە هەموارکردنەوەی سنوورەکاندا. شا، هەرگیز هاوکاریی کوردەکانی وەک پابەندییەکی جدی نەبینیوە و پشتگیریی ئامانجی ئۆتۆنۆمی نەکردوون، بەهۆی ترسی لە سەرهەڵدانی هەمان هەست لە لای کوردەکانی ئێران.

١٠. هاوینی ڕابوردوو، هاوکێشەی کورد ڕەهەندێکی نوێی وەرگرت، کاتێک بەغدا بڕیاری دا سوپاکەی (کە بە چەکی ڕووسی پڕچەککرابوو) بەکاربهێنێت بۆ بەدیهێنانی چارەسەری کۆتایی کێشەی کورد. بەغدا هەڵمەتەکەی دژی مۆڵگەکانی یاخیبووە کوردەکان دەستپێکرد و ٨٠٪ ی هێزەکانی سوپای عێراقی دژی کورد، خستەگەڕ.

١١. بەمەبەستی ڕاگرتنی هێرشی عێراق و پاراستنی کارتی کورد لەدەستی خۆیدا، شا لە مانگی ئابدا تۆپخانەکانی ئێران و یەکەکانی بەرگری، ڕەوانەی ناو عێراق کرد بۆ شەڕکردن. دەستوەردانی ئێران و کەشوهەوای نالەبار، پێشڕەویی عێراقی ڕاگرت، بەڵام کوردەکان نەیانتوانی کۆنترۆڵی ئەو زەوییانە بکەنەوە کە لە زستاندا لەدەستیاندابوو، وەک ئەوەی لە ساڵانی ڕابوردوودا باو بوو.

١٢. شکستی کورد، سوپای عێراقی خستە دۆخێکی لەبار بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی هێرشەکان لە بەهاردا. شا زیاتر پابەند بوو لە پشتگیرییەکانی پێشووتری و پابەندیی سەربازی بۆ کورد، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە. هاوکات شا نیگەران بوو لە ئەگەری هەڵکشانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی سەرتاسەری لەگەڵ عێراق و ترس لەو لێکەوتە گەورانەی کە لەئەنجامی ئەم سیاسەتەوە دەکەونەوە. لێرەدا بڕیاری دا لەوە زیاتر تێوەنەگلێت.

١٣. شا گەیشتە ئەو بڕیارەی، کە گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لەگەڵ عێراق لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا لاوازتر دەبێت، لەگەڵ دەست پێکردنی هەڵمەتی چاوەڕوانکراوی عێراق لە بەهاردا. لێرەدا لە جەزائیر کارێکی کرد، کە بەلای خۆیەوە باشترین بژاردە بوو. سازشی عێراق لە شەتولعەرەب کە خۆی لە خۆیدا شتێکی کەم نەبوو، کەمترین شت بوو کە پێویست بوو بۆ ئەو بارگۆڕانە لەناکاوە بۆ گەیشتن بە چارەسەر، لەگەڵ نەیارێکی سەرسەختدا.

١٤. شا، هەستیکرد کە تێوەگلانی زیاتر لە شەڕ و هاوکاری لەپاڵ کوردەکان، ئامانجێکی زۆر گرنگتر دەخاتە مەترسییەوە، ئەویش نزیکبوونەوە و هاوکارییە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی میانڕەو. فراوانبوونی دەستوەردانی سەربازیی ئێران دژی عێراق، کێشەی بۆ دەنێتەوە لە جیهانی عەرەبیدا، لە کاتێکدا ئەو هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر و سەرکردە میانڕەوەکانی دیکەدا باشتر بکات. حکومەتە عەرەبییەکان، هەستیان بە فشاری سەر عێراق دەکرد، سەبارەت بە دەستوەردان و پێویستی کۆتاییهێنان بە دەستوەردانی ئێران. بەتایبەتی قاهیرە دەیگوت: کۆتاییهێنان بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران، یارمەتیدەر دەبێت بۆ کێشکردنی عێراق بۆ ناو ڕەوتی سەرەکیی سیاسیی عەرەبی و پشتبەستنی عێراقیش بە یەکێتیی سۆڤیەت کەمدەکاتەوە. شا نیگەران بوو لە زیادبوونی هەژموونی مۆسکۆ لە بەغدا، ئەگەری هەیە پاساوەکانی قاهیرە کاریگەرییان لەسەر شا هەبووبێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی عێراق:

١٥. بەردەوامبوونی هەڵمەتی سەربازی دژی کورد، مەترسیی بۆ سەر سەددام حوسێن تێدا بوو و ڕەنگە ببایە هۆی ڕووخانی، وەک لە ساڵانی ڕابوردوودا ڕووی دا. ئەو سیاسەتەی بەرامبەر کورد پەیڕەوکرا، درزی خستبووە نێو دەسەڵاتدارانی بەغدا. پیاوە بەهێزەکەی عێراق (سەددام)، خۆی پابەندکردبوو بە چارەسەری سەربازی و ناوبانگی ئەو لە مەترسیدا بوو. کێشەی جددی لەناو سوپادا، سەبارەت بە زیانە گەورەکان و ناهەڵوێستی و ناکارامەیی بەرامبەر دەستوەردانی ئێران، دەردەکەوتن.

هەرچەندە هەڵمەتە سەربازییەکە سەرنجی نیشتمانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. بەڵام بەهۆی مامەڵەکردنی تەواوەتییان لەگەڵ مۆسکۆ بۆ دابینکردنی پێداویستی و کڕینی چەک، ئەوا ئازادیی پەیداکردنی سەرچاوەی تریان، سنووردار بووبوو.

١٦. سەددام حوسێن، هەستی کرد کە ناتوانێت کۆتایی بە هەڵگەڕاوەکانی کورد و هەڵمەتەکە بهێنێت و دان بە شکستی خۆیدا بنێت، لەبەرئەوە خواستی چارەسەری هەنووکەیی ئەوە بوو، جارێ ئێران بێلایەن بکرێت. لێرەدا بڕیاری دا ئەو باجە بدات کە دەبوو بیدات و دیدگای شا سەبارەت بە شەتولعەرەب پەسەند بکات.

سەبارەت بە پێشبینییەکان بۆ بەردەوامیی ڕێکەوتنەکە. یاداشتنامە نهێنییەکە ئاماژە دەکات بە:

١٧. هەردوو لایەن لەلای خۆیانەوە، خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ دەکەن و لە ئێستادا بەرژەوەندییان لە ڕێزگرتن لە مەرجەکانی ڕێکەوتنەکەدا هەیە.

١٨. بەڵام ڕەنگە کێشە سەرهەڵبدات، لە ڕاستیدا شا لە جەزائیر تەنها بەڵێنی ئاڵوگۆڕ کردووە. بەڵام هەرکاتێک عێراق کێشەی کوردی لەباربرد، ئیدی گەرەنتییەکی کەم دەمێنێتەوە بۆ پابەندکردنی بە هەموو بەڵێنەکانەوە.

١٩. کاتێک ئێران هێزەکانی کێشایەوە و هاوکارییەکانی بۆ کورد ڕاگرت و سنووڕەکانی داخست، ئیتر ئەو میکانیزمە کاریگەرەی کە بەسەر عێراقەوە هەیبوو، لەدەستی دەدات. ئەگەر بەغدا بڕیاری پاشگەزبوونەوە لە ڕێکەوتنەکە بدات، ئەوا بۆ تاران قورس دەبێت جارێکی تر و بەشێوەیەکی کارا، بەرگریی کورد لە ناوخۆی عێراقدا زیندوو بکاتەوە.

٢٠. ئێمە گومانمان هەیە لە بەردەوامیی ئەم ئاشتەواییە، ئێران و عێراق ڕکابەری سروشتیین لە ناوچەی کەنداودا:

- ئەوان، دوو وڵاتن کە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانیان هەیە.
- هەردووکیان لە سەرچاوە سروشتییەکاندا دەوڵەمەندن و هەر لایەک خاوەنی سوپایەکی پڕچەککراوە.

- هەر لایەکیان (شا و سەددام حوسێن)، تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی لە ناوچەکەدا و هەردووکیان ئاواتەخوازن بۆ گەیشتن بە پێگەی سەرکردایەتی و سەروەری لە ناوچەکەدا.

٢١. ڕەنگە ئەگەر عێراق سوور بێت لەسەر دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی کەنداو، ئەوا پێکدادانەکان بگەڕێنەوە. بەتایبەت ئەگەر بەردەوام بێت لە فشارخستنە سەر دراوسێکەی (کوێت)، بۆ دەستبەرداربوون لەو زەوییانەی کە هاوسنوورن لەگەڵ بەندەری ئوم قەسری عێراقی. لە هەموو بارودۆخێکدا، هەردوو وڵات لە نێوان ڕکابەرییەکاندا هەوڵی بەدەستهێنانی هاوپەیمان لە کەنداودا دەدەن، بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەربازیی خۆیان.

یادداشتنامەکە بەردەوام دەبێت لە ئاماژەدان ئەنجامەکانی ڕێکەوتنەکە بۆ ئێران:

لەسەر ئاستی ناوخۆ:

٢٢. ڕێککەوتننامەی جەزائیر، یەکێک بوو لەو دوو بڕیارە سەرەکی و گرنگەی، کە شا لە سەرەتای مانگی ئازاردا دای، کە ئاماژەیە بۆ هەڵکشانی شێوازی دەسەڵاتی تاکڕەویی ئەو. بڕیارەکەی تری، پەیڕەوکردنی سیستمی تاکحیزبی بوو لە ئێراندا. هەروەها وا دیارە پێش ئەوەی کوردەکان بکاتە قوربانی، ڕاوێژی بە کەس نەکردووە. زۆربەی ڕاوێژکارەکانی، تەنیا پیاوی بەڵێکردنن و لە ڕاستیدا هیچ گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر بابەتە سیاسییەکان بوونی نەبووە. گەرەنتییەکی کەم هەیە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵە، هیچ ڕێگایەک نییە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەبێ تێڕوانینەکانی ئەو.

٢٣. بڕیاری شا سەبارەت بە کورد، کاریگەریی ئاسایشی ناوخۆیی هەیە. وەک باس دەکریت زۆرێک لەو پەنابەرانەی کە مەزەندە دەکرێت بە١٥٠ هەزار پەنابەری کورد کە لە ئێرانن و تاڵاوی خیانەتی شایان چەشتووە، بەشێکیش لە کوردی ئێران کە ژمارەیان یەك ملیۆن و نیو دەبێت، ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە بڕیاری لەناکاوی ئێران، بۆ کێشانەوەی پشتگیری لە هاوزمانەکانیان لە عێراق.

٢٤. پێمانوایە هێزە ئاسایشییەکانی ئێران، دەتوانن چارەسەری کێشە گریمانەکراوەکان بکەن، کە لە دوو سەرچاوەوە سەرهەڵدەدەن. ئێران هەر لە سەرەتاوە هەنگاوی خۆپارێزیی گرتەبەر. ئەویش بە داماڵینی چەکی شەڕڤانە کوردەکان کە پێش داخستنی سنوورەکە پەڕینەوە و جیاکردنەوەیان لە پەنابەرە مەدەنییەکان. تاران نایەوێت پەنابەران لە کەمپەکاندا بهێڵێتەوە و هەوڵ دەدات ئاوێتەیان بکات لەناو کۆمەڵگەی ئێرانیدا و بەزۆری لە ناوچە غەیرە کوردییەکاندا. ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک کەس، بەرەنگاری ئەو هەوڵانە ببنەوە کە ئامانجیان نیشتەجێکردنیانە لەو ناوچانەدا، کە زۆر جیاوازن لە سروشتی نیشتمانە شاخاوییەکەی خۆیان.

٢٥. تاران لەسەر داوای بەغدا، کارمەندانی خۆی ناردووە بۆ کەمپی پەنابەرە کوردەکان، بۆ ئەوەی دڵنیایان بکاتەوە کە ئەگەر بگەڕێنەوە عێراق، لێبوردن دەیانگرێتەوە. چەندین خەملاندنی جیاوازمان پێگەیشتووە، سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی گەڕانەوە بۆ عێراق، هەڵدەبژێرن. بەغدا وەک تاران دەزانێت، کە کورد ئەگەری کێشەی ئەمنی و ئاساییشە بۆ ئێران و ڕەنگە عێراق زۆر ئارەزووی ئەوە نەکات، ئەم بارگرانییە لەسەر شانی شا لابدات.

لەسەر ئاستی دەرەوە:

٢٦. ڕێکەوتنەکە، ڕکابەری سەرەکی و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی عێراقی دژی ئێران لە کەنداودا بەهێزترکرد. عێراق وەک ڕژێمێک یارمەتیی ئۆپەراسیۆنەکانی شۆڕشگێڕی و وێرانکاری دەدات و لەگەڵ هەژموونی سۆڤیەتدا هاوئاهەنگە. لە مێژە شای ئێران ئەم ڕژێمە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئێران دەبینێت. ڕەنگە ئێران سوودمەند بێت لە بەدەستهێنانی پشتگیریی هەندێک لەو سەرکردە عەرەبانەی، کە لەو باوەڕەدا بوون، ئەم ڕێکەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی بەغدا لەهەڵویستەکانیدا میانرەوتر بێت. بەڵام هەندێکی تریان - وەک کوێتییەکان، سوورییەکان و عومانییەکان - نیگەرانن لە ئەگەری ئەوەی بەغدا سەرنجی خۆی بخاتە سەر دوژمنایەتی و ناکۆکییە سنوورییەکانی لەگەڵ ئەواندا. سەرکردە تورکەکان، پێشوازییان لە ڕێکەوتنەکە کرد، چونکە کۆتایی بە هاوکارییەکانی

ئێران بۆ کورده جوداخوازەکان هێنا، ئەنقەرە دەترسا شەڕەکە فراوانتر بێت یان ٣ ملیۆن کوردەکەی تورکیایش، داوای ئۆتۆنۆمی بکەن.

٢٧. شا (بە یارمەتیی سەرکردە عەرەبەکانی دیکە) بە کۆتاییهێنان بە هاوکارییەکانی لەگەڵ کورد و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، هەوڵ دەدات سیاسەتەکانی بەغداد میانرەوتر بێت. پێگەی ئەو سەرکردە عەرەبانەی بەهێزترکرد، کە فشاریان لەسەر سەددام دەکرد، بۆ کەم کردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ مۆسکۆ. هەروەها ڕێکەوتنەکە یارمەتیدەرە بۆ بڕینی پڕوپاگەندەی سەرکردە عەرەبە ڕادیکاڵەکان، کە دەیانگوت ئێران دوژمنی سەرسەختی عەرەبە.

٢٨. شا، بۆ ئەوەی بتوانێت هەژموونی سۆڤیەت لە عێراق کەم بکاتەوە، پێویستە بۆ بەغدا و عەرەبەکانی تری بسەلمێنێت کە ئەو ئامرازێک نییە بۆ خزمەتکردنی پلانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و تەواو سەربەخۆیە. پێشتریش لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا داوای کردبوو پاراستنی ئاسایشی کەنداو بکرێتە ئەرک و بەرپرسیارێتیی وڵاتانی کەناراوەکە. ڕەنگە ئێستا ئارەزووی فراوانکردنی ئەم هێڵە بکات. بەتایبەتی کە شا پێیوایە مەلیک فەهد لە بواری ئاسایشی ناوچەکەدا، زیاتر هاوکارە لە مەلیک فەیسەڵ و کاریگەریی زیاتری لە سعودیەدا هەیە.

٢٩. سەددام حوسێن لە چەندین چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا، لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکەوە، ئاماژەی بە ئەگەری ڕێکەوتنێکی ئاسایشی بەکۆمەڵ لە کەنداودا کردووە. هەروەها ئاماژەی بەوەیش کردووە کە ڕێکەوتنەکە پێشبینیی جۆرێک لە هاوکاری و هەماهەنگیی ئاسایشی نێوان ئێران و عێراقی کردووە. ئەم لێدوانانە، زۆر زیاترە لەو ڕاگەیەندراوانەی ئێران کە تا ئەمڕۆ بڵاونەکراونەتەوە. بەیاننامەیەک، کە دوای سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئێران بۆ بەغدا لە کۆتایی مانگی ئازاردا بڵاوکرایەوە، تێیدا جەخت لەسەر پاراستنی کەنداو لە هەموو دەستوەردانە دەرەکییەکان دەکاتەوە، ڕۆژنامە ئێرانییە حکومییەکانیش چەندین جار ئەم تێڕوانینەیان دوای ڕێکەوتنەکە دووبارە کردۆتەوە. پاشەکشەی کەشتیگەلی دەریایی سۆڤیەت و ئەمریکا، هێزی دەریایی ئێران وەک تاقە هێزی گرنگ لە کەنداودا دەهێڵێتەوە.

٣٠. ڕەنگە شا بیەوێت بە توندی دژایەتیی خۆی؛ بۆ ڕۆڵی هێزی دەریایی ئەمریکا لە کەنداو ڕابگەیەنێت، لە بەرامبەر هاوکاری و هەماهەنگیی ناوچەیی و بەتایبەت لە پرسە ئاسایشییەکاندا لە نێوان دەوڵەتانی کەنداو. هەروەها نیشاندانی هەڵوێستی ڕوون بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی سۆفیەت لە عێراق. بەڵام جێی گومانە لەم کاتەدا بتوانێت کار و گرەنتیی نەمانی تەواوی بوونی ئەمریکا لە بەحرەین بکات.

٣١. شا گومانێکی قووڵی لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق هەیە و دەترسێت عێراق بەردەوام بێت لە دروستکردنی بەرەیەکی دژەئێران، لە کەنداوی فارسدا. ئەگەر بەغدا بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی سیاسەتە تێکدەر و ڕادیکاڵە عەرەبییەکان، ڕەنگە شا خۆی لە پێگەیەکی باشدا ببینێت؛ بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر میسر و جەزائیر. بەو هۆیەی هەردوو حکومەتەکە هانی ئاشتەوایی ئێرانیان لەگەڵ بەغداد دا و چوونە پاڵ هەوڵەکانی ئێران، بۆ ڕاگرتنی سەرکێشیە سیاسییەکانی عێراق. ئەو دەترسێت لەوەی میانڕەوە عەرەبەکان لەگەڵ عێراق بگەنە لێکتێگەیشتن و هاوکاریی یەکتر بۆ سنووردارکردنی هەژموونی ئێران لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا.

٣٢. بڕیاری شا بۆ کۆتاییهێنان بە پشتگیریکردنی کورد، گومانی لای هەندێک لەو سەرکردە کۆنەپارێزە عەرەبانە دروستکرد کە پەیوەندیی باشیان لەگەڵ شادا هەیە. بۆ نموونە عومان کە پرسیاری دەکرد دەربارەی جددییەتی پشتگیرییەکانی ئێران لە شەڕی زەفاردا، ڕەنگە مەسقەت (عومان) کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەو دەنگۆیانەی؛ کە دەڵێن پاشەکشەی ئێران لە زەفار لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆڵێکی نهێنیدایە لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا. عومان بەتایبەتی جەختی لەسەر پێویستیی هاوکارییەکانی ئێران بۆ عومان کردووەتەوە. هیچ ئاماژەیەک لەلایەن شاوە دەرنەکەوتووە؛ کە ئاماژە بە پاشەکشە لە عومان بکات.

٣٣. مەلیک حوسێن پادشای ئوردن، گرنگییەکی تەواو بە ڕێکەوتنەکە دەدات و هیواداڕە ئەو ڕێکەوتنە عێراق قایل بکات، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی میانڕەوی بەرامبەر کورد و گەیشتن بە چارەسەرێک، کە بەهۆیەوە بارزانی بتوانێت پێگەی خۆی وەک سەرکردە لە ناو گرووپە کوردییەکەیدا بپارێزێت. ئێستا حوسێن لە هەوڵە تێکدەرەکانی

عێراق دەترسێت و دەپرسێت؛ ئایا ئەم نزیکبوونەوەیە لەگەڵ تاران، مۆڵەتی ئەوە بە عێراقییەکان دەدات، کە هەرچییەکیان بوێت لە کەنداودا، ئەنجامی بدەن؟

٣٤. ڕێککەوتنامەی جەزائیر کە لە کاتی یەکێک لە کۆبوونەوەکانی لووتکەی ئۆپیکدا ئەنجامدرا، دەتوانێت هەوڵەکانی دیکە بۆ بەردەوامیی یەکڕیزی لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەدا بەهێزتر بکات، چونکە ئەو کێشانە لادەبات کە ڕەنگە ببنە هۆی لێکترازان. ڕەنگە شا پێیوابێت کە ڕێکەوتنەکە ڕۆڵی ئەوی لە ڕێکخراوەکەدا بەهێزتر کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیی بەرهەمهێنەری نەوت، کە پێشتر بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقەوە ڕەنگە لە ڕووی سیاسییەوە بە سوودیان زانیبێت، دژایەتیی سیاسەتەکانی تاران لە ناو ئۆپیکدا بکەن.

دەرەنجامەکان سەبارەت بە بەغداد

٣٥. کۆتاییهاتنی یاخیبوونی کورد، پێگەی سەددام حوسێنی بەهێزترکرد، چونکە ئەو دەرفەتەی لەناوبرد کە نەیارەکانی دەیانتوانی بیقۆزنەوە. حکومەتی ئێستای بەعس کە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، حکومەتێکی هاوپەیمانییە کە مامەڵەکردن، لە نێوان توخمە سەربازی و مەدەنییەکانیدا ئەستەمە. سەددام حوسێن کە بڕیاری بەکارهێنانی ڕێگەی سەربازیی بۆ کێشەی کورد دا، سەرکردایەتی باڵیی مەدەنیی حیزبی بەعس دەکات. هەروەها سەرۆک بەکر، نوێنەرایەتیی باڵی سەربازی دەکات لە ئاستی سەرکردایەتیدا، بەڵام بەدەست نەخۆشییەکی کوشندەوە دەناڵێنێت و ناچالاکە و لەژێر ڕکێفی سەددامدایە. لەگەڵ خەستبوونەوەی دۆخی شەڕەکاندا، بڕیاری شەڕ لەسەر سەرکردایەتیی سەربازی ڕووبەڕووی ڕەخنەی تووندتر بووەوە و ململانێکان بە شەڕی سەددام ناسران.

٣٦. سازشکردن بۆ داواکارییەکانی شا سەبارەت بە کەناراوەکانی شەتولعەرەب، کارێکی زیانبەخش بوو بۆ شکۆی نیشتمانی، بەڵام بە (ڕزگاربوونی حکومەت لە کێشەی کورد) و (کەمبوونەوەی ئەگەری شەڕ لەگەڵ تاران)، عێراقییەکان قازانجیان کرد زیاتر لەوەی لەدەستیان دا. هیچ پەرچەکردارێکی جەماوەریی ئاشکرا دژی سازشەکانی سەددام حوسێن

بۆ ئێران بەدیار نەکەوت. هەروەها ڕەخنە لەناو سەرکردایەتیدا بۆ قۆستنەوەی ئەم بابەتە، سەریهەڵنەدا. بەڵام دەرئەنجامی ڕووداوی کێشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە دوای ئەوە لە ئەگەری شکستهێنانی لە پرسەکانی دیکەدا، ئەوا ڕەنگە (سازشەکەی لە پرسی لەدەستدانی شەتولعەرەب) ڕەنگە بێتەوە پێشەوە و وەک چەکێک دژی بەکاربهێنرێت.

٣٧. هەرچەندە پێویستە ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکانی پرسی کورد ببنەوە، بەڵام ئێستا سەددام حوسێن دەتوانێت وزەی ڕژێمەکە لە ناوخۆدا دووبارە ئاراستە بکاتەوە. سەددام حوسێن، سەرنج دەخاتە سەر چاککردنەوەی ئەو زیانانەی بەهۆی شەڕەوە بەر ئابووریی عێراق کەوتوون و دانی بە کوژرانی ١٠ هەزار سەربازی عێراقیدا ناوە. ناردنەوە (تەستیعکرد) ی هێزە یەدەگەکان، دەستی کار ئازاد دەکات بۆ گەڕانەوەی ئەوانە بۆ سەر کارە مەدەنییەکان و یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی کەمیی خۆراک و کاڵا بەکاربەرەکان. ئێستا بەغدا دەتوانێت سەرچاوە دارایییەکانی بۆ خێراکردنی گەشەپێدانی پیشەسازی و هەوڵە تێکدەرانەکانی لە وڵاتانی کەنداو و سوریا تەرخان بکات.

کورد

٣٨. سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد، عێراق تا ڕادەیەک ئازادە بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەریاندا. بەغدا هیچ سازشێک بۆ خواستەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی ناکات. جگە لە ئەنجومەنێکی یاسادانان و جێبەجێکردنی کارتۆنی، وەک ئەوەی لە هاوینی ڕابوردوو پێکهێنرا. بەغدا هەوڵی داوە بۆ تەعریبکردنی کوردستان لە ڕێگەی گواستنەوە و نیشتەجێکردنەوە. ئەمە وەک چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کێشەکە دەبینێت.

٣٩. بەرگریکردنی کورد بەو قەبارەیەی ساڵی ١٩٧٤ لە ئێستادا، چاوەڕواننەکراوە. بەڵام ئاماژە سەرەتاییەکان دەریدەخەن کە سێیەکی هێزە ڕێکخراوەکانی کورد کە لە ٣٠ هەزار کەس پێکدێت، بەنیازن بەردەوام بن لە شێوازی شەڕی پارتیزانی. لەو بڕوایەداین کورد بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی لە چیاکاندا پێش هەڵمەتەکەی عێراق لە مانگی ئازاردا شاردبێتەوە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە بڕێکی زیاتری چەک و پێداویستییان لە ئێرانەوە، پێش داخستنی سنوورەکان لە یەکی نیساندا هێنابێت و شاردبێتەوە. کورد

ڕەنگە هەوڵ بدات ئەم جارە هێڵەکانی دابینکردن لە سنووری سوریاوە دروست بکات، هەرچەندە دیمەشق ڕێکار و ئامرازی ڕاستەوخۆی خۆی هەیە، بۆ فشارخستنە سەر بەغدا لەبری پڕچەککردنی کوردانی عێراق.

٤٠. هەندێک لەو کوردانەی دوای خەباتێکی درێژخایەن، خۆیان ڕادەست کردووە، هیوادارن لە ئەگەری شکستهێنانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ئێران دووبارە هاوکاریی سەربازییان پێ بداتەوە. بەڵام ئەم پێشبینییە بەدوور دەزانرێت. سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاپۆرتانەی ئاماژە بەوە دەکەن ئێران مەشق بە هەندێک کورد دەکات، لە ئەگەری هەرەسی ڕێککەوتننامەکە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی گومان و ئەگەرە دوولایەنەکانی تر کە دەبنە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق. بەڵام لە ئێستادا هەردوولا بەرژەوەندیی گرنگیان لە پاراستنی پەیوەندییە نوێیەکانی نێوانیان هەیە، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورتخایەنیش بێت.

٤١. ئاوابوونی بەختی کورد، هاوکاتە لەگەڵ پشێوی لە ناو سەرکردایەتیدا. مەلا موستەفا بارزانی کە لە سەرەتای حەفتاکانی تەمەنیدایە و بەرجەستەکەری خواستی ئۆتۆنۆمی بوو، ئێستا کەنارگیر بووە. ڕێکەوتنەکەی شا، ناوبانگ و دەسەڵاتی ئەوی بەشێوەیەك شکاند، کە گەڕانەوەی بۆ نییە. لەناو ئەو کەسانەی لە پێگەی سەرکردایەتیی یاخیبوونەکە ماونەتەوە، کەس نییە خاوەنی ئەو پێگەیە بێت کە جێگەی بگرێتەوە. ناوەندی سەرکردایەتیی کورد، ڕەنگە بە سادەیی ون بن و چەندین گرووپی یاخیبووی سەربەخۆ هەوڵ بدەن بەردەوام بن لە بەرگری دژی بەغدا.

٤٢. دیارە بەبێ پشتگیری و هاوکاریی گەورە بۆ یاخیبوون دژی بەغدا، ئەوا ئۆپەراسیۆنەکانی کوردەکان بچوک دەبنەوە. دەتوانن لە چوارچێوەی پەکخستنی یەکە حکومییەکان و لێدانی ئامانجە ئابووورییەکان بەشێوەیەکی سنووردار، چالاکی ئەنجام بدەن. لەم بارودۆخە دەروونیەی ئێستایاندا، ڕەنگە کوردەکان لە دامەزراوە نەوتییەکان بدەن، کە پێشتر بەهۆی ڕێگریی ئێرانییەکانەوە لە لیستی ئامانجەکان لادرابوون، چونکە ئێرانییەکان دەترسان تیرۆریستە عێراقییەکان ئۆپەراسیۆنی تۆڵەسەندنەوە دژی دامەزراوەکانی عەبادان ئەنجام بدەن.

پەیوەندیی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان

٤٣. کۆتاییهاتنی یاخیبوونی کورد، بەربەستەکان لە بەردەم باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان لادەبات. عێراقییەکان پێیانوابوو ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل هاوکارە لە دابینکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ کورد.

٤٤. بەغدا وای دەبینێت؛ کە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک پشتیوانی سەرەکیی ئیسرائیل، ڕێگری سەرەکییە بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی باشتر لەگەڵ واشنتۆن. ڕێککەوتننامەی جەزائیر بە بارێکدا کاریگەریی لەسەر ئەمە نەبووە. ڕەنگە عێراق لە هەڵوێستی ئێستایدا، هیچ بەرژەوەندییەک نەبینێت لە کۆتاییهێنانی تەواوەتی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا، کە بەهۆی شەڕی عەرەب - ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٧ ئەو پەیوەندییانەی پچڕاندن، وەک تاکە دەوڵەتی عەرەبی و تا ئێستایش پەیوەندیی نێوانیان دەستی پێ نەکردووەتەوە.

٤٥. نەبوونی پەیوەندیی دیپلۆماسی، ڕێگری لە گەشەی خێرای بازرگانیی نێوان عێراق و ئەمریکا نەکردووە. بۆ نموونە لە مانگی شوباتدا عێراق گرێبەستێکی بە بەهای ٢٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی فڕۆکەی بۆینگ واژۆ کرد. عێراق پەیوەندییە فەرمییەکانی لەگەڵ دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکانی ناو بەشی بەرژەوەندییەکان لە باڵیۆزخانەی بەلجیکا سنووردار کردووە. لە ڕاستیدا گومانمان هەیە عێراق وەڵامی هیچ هەوڵێک بداتەوە، بۆ باشترکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی، مەگەر گۆڕانکارییەکی ڕوون لە سیاسەتی گشتیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو بدات.

تێڕوانینی سۆفیەت

٤٦. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، سۆفیەت هیچ ڕۆڵێکی لە ڕێکەوتنی ئێران و عێراقدا نەبووە. ڕەنگە مۆسکۆ هەستی دژبەری هەبێت؛ بەرامبەر ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی جەزائیر، هەرچەندە یەکێتیی سۆفیەت چەندین جار پێشنیهادی چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عێراق و زامنکردنی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردەکان کردبوو. بەڵام

ئەگەری ئەوە هەیە ئێستا مۆسکۆ لە کاریگەریی ڕێکەوتنەکە لەسەر پەیوەندی بەغدا و سۆفیەت، نیگەران بێت.

٤٧. مۆسکۆ هەست بەوە دەکات؛ کە ئەگەری هەیە عێراق سوود لە کەمبوونەوەی گرژییەکان لە ناوچەکەدا وەربگرێت، بۆ کڕینی کاڵای ڕۆژئاوایی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو. لە هەمان کاتدا پشتبەستن و هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی سۆفیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کەم بکاتەوە. تەنانەت پێش ڕێکەوتنی جەزائیریش، ئەم هەستەیان هەبوو. سۆفیەتەکان ئاماژەیان بەوە کرد وەک نیشانەیەک دەیبینن کە عێراق بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو دەنێ. مۆسکۆ دەزانێت شا دەیەوێت عێراق لە یەکێتیی سۆفیەت دوور بخاتەوە و ڕێگری لە گەشەی هەژموونی سۆفیەت لە ناوچەی کەنداودا بکات.

٤٨. لەلایەکی ترەوە، ڕێکەوتنی جەزائیر لایەنی ئەرێنیی هەیە لە ڕوانگەی مۆسکۆوە. کۆتاییهاتنی شەڕی کورد لە عێراق، ئەو مەترسییەی لەسەر ئەو ڕژێمە لابرد، کە مۆسکۆ بەرژەوەندیی زیندووی لەگەڵیدا هەبوو. هەروەها مۆسکۆ ڕووبەڕووی ئەو ئەگەرە ناخۆشە نابێتەوە، کە ناچار بێت پشتگیریی عێراق بکات لە شەڕێکی گشتگیردا دژی ئێران. کە هاوکات مۆسکۆ پەیوەندیی بازرگانیی پڕ قازانجیشی لەگەڵ ئێراندا پەرەپێداوە.

٤٩. سۆفیەتەکان دەزانن بۆ ماوەیەکی کورتی زوو بە زوویی، عێراق ناتوانێت دەستبەرداری پارچەی یەدەگی چەکەکانی سۆفیەت بێت، کە سوپای بەغدا نزیکەی بە تەواوی پشتی پێ دەبەستێت لە ئێستادا. عێراق بە پشتبەستن بە یەکێتیی سۆفیەت بۆ پێداویستی، پارچەی یەدەگ، هاوکاریی تەکنیکی و مەشقکردن دەمێنێتەوە. نزیکەی ٥٠٠ ڕاوێژکاری سۆفیەت مەشق بە سوپا دەکەن و ٤٠٠ بۆ٥٠٠ کەسیش لە بواری هێزی ئاسمانیی عێراقدا کار دەکەن. کڕینی فڕۆکەی میگ -٢٣ و مووشەکی جۆراوجۆر نیشانەی ئەوەیە، بەغدا بەنیازی بەردەوامبوونە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مۆسکۆ، بۆ دابینکردنی چەکی پێشکەوتوو.

٥٠. بەو جۆرەیش، سۆفیەتیەکان ئارەزووی جێبەجێکردنی هەموو داواکارییەکانی عێراقیان پیشان نەداوە. سااڵی ڕابوردوو سۆفیەتیەکان بۆ ماوەی دوو مانگ،

ڕەزامەندییان لەسەر داواکاریی بەغدا بۆ کڕینی تەقەمەنی دواخست. ئەمەیش وایکرد بەغدا نیگەران بێت لە پشتبەستن بە تاقە دەوڵەتێک، بۆ پێداویستییە سەربازییەکانی و ئەمە کاریگەریی هەبوو لەسەر بڕیاری بەغدا بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی چەک و لەو کاتەوە هەوڵیداوە چەک لە ڕۆژئاواوە بەدەست بهێنێت. بە نمونە وەک فەڕەنسا.

ئەنجامەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی عەرەب - ئیسرائیل

٥٣. ئێران پێیوایە ڕێکەوتنەکە یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی هەوڵەکانی، سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە دەوڵەتە عەرەبییەکان. شا کە ئاواتەخوازە ببێتە سەرکردەی ناوچەیی، نایەوێت وەک دوژمنی عەرەب و لایەنگری ئیسرائیل بناسرێت.

٥٤. پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابووری و هەواڵگرییەکانی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پراکتیکییە و لەسەر بناغەی سۆزداری یان ئایدۆلۆژی بنیات نەنراون. یەکێک لەو بنەمایانە ئەوەیە شا کەڵک لە پەیوەندیی ئیسرائیل دەبینێت بەرامبەر وڵاتانی عەرەبی، وەك چۆن کەڵکی لە کورد وەرگرت بەرامبەر عێراق، چونکە ئیسرائیل عەرەبەکانی بە لاوازی و سەرقاڵی هێشتووەتەوە. هەتا ئەوکاتەی ئیسرائیل لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز بێت، ئەوا شا پەیوەندیی لەگەڵیدا بە بەرژەوەندیی خۆی دەزانێت.

٥٥. بۆ تەلئەبیبیش بنەمای پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران؛ ئەوەیە کە نەوتی ئێران بە بەردەوامی بڕژێتە ئیسرائیلەوە، لەو ڕێیەوە نیوەی پێداویستیی ناوخۆیی دابین دەکات. ئاشتەوایی تاران و بەغدا، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل نییە، هەرچەندە گومانی ئیسرائیلی زیاد کردووە سەبارەت بە خواستی شا بۆ دابینکردنی نەوت؛ لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل.

٥٦. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە ئێران، ئیسرائیلی هانداوە بۆ یارمەتیدانی یاخیبوونی کورد. ئیسرائیل هاوکاریی دارایی و مادی و پسپۆڕی سەربازیی نارد بۆ مەشقکردن بە

کوردەکان لە کوردستان و ئێراندا. ئەم هاوکارییە، بەهۆی هاوئاهەنگیی ئێرانەوە بوو و بەبێ ئەو، تەلئەبیب نەیدەتوانی بەردەوام بێت لە پشتگیری و هاوکاریکردنی کورد.

٥٧. هەرەسی یاخیبوونی کورد و کەمبوونەوەی گرژییەکانی ئێران و عێراق، زۆرێک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق دەستکراوە دەکات بۆ ئەوەی دژی ئیسرائیل لە ئەگەری جەنگێکی تردا، بەکاربهێنرێن. پێمانوایە لەم هاوینەدا عێراقییەکان دەتوانن بە دوو فیرقەی زرێپۆش و ژمارەیەک فڕۆکە، بەشداریی هەر شەڕێکی نوێی عەرەب و ئیسرائیل بکەن.

٥٨. ڕەنگە بەشداریی عێراق کاریگەرتر بێت لەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٣دا هەبوو. لەوکاتەدا کەمیی گوێزمرەوەی تانک (ناقلات الدبابات)، ڕێگر بوو لە بەردەم هەوڵەکانی عێراق لە بەرەی شەڕی سوریا. ئەمە سەرەڕای ناکارامەیی سیستمی لۆجستی و سەختیی هەماهەنگی لە ئۆپەراسیۆنەکاندا لەگەڵ سوریەکان. بەغدا، ڕاستەوخۆ دوای جەنگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)، هەنگاوی نا بۆ زیادکردنی پێداویستییەکانی پەیوەست بە گواستنەوەی زرێپۆش و تانك و باشترکردنی فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردنی ئۆپەراسیۆنەکان. لە ئێستادا وا دیارە سیستمی لۆجستی کارامەتر بووە. ئەمەیش بە پلەی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونەی کە لە شەڕی دژ بە کوردەکان بەدەستیهێناوە.

٥٩. لە هەر ڕەوشێکدا و سەرەڕای هاوکاریی ئێستای نێوان هەردوو لایەن، پێویستە بەغدا ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە ئێران هەڕەشەی سەربازیی جدییە لەسەریان و لەسەر ئەم بنەمایە هێزەکانی جێگیر دەکات. یەکە سەربازییەکانی عێراق، دەگەڕێنەوە بۆ ناوچە ئاساییەکانی خۆیان. سوپای عێراق زیانی ڕووحیی قورسی بەرکەوتووە. لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە شەڕی لەگەڵ کوردەکاندا کردووە، بڕێکی مامناوەند لە پێداویستییە سەربازییەکانی لەدەستداوە، بەڵام بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی یەکە سەربازییەکان و ئامادەکردنیان دژی ئیسرائیل، ڕووبەڕووی سەختییەکی کەم دەبنەوە.

٦٠. لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ هێزەکانی تری عەرەب، قەبارەی ئەو هێزانەی کە عێراق لە بەرەی دژ بە ئیسرائیلدا بەشداریان پێ دەکات، دیاری دەکرێت. بانگەشەی بەغدا بۆ ڕزگارکردنی ئەو زەوییانەی کە ئیسرائیل داگیریکردوون، نابێت وەک پابەندییەکی جددی بۆ خولێکی تری شەڕ سەیر بکرێت. ئەگەر عێراقییەکان بڕوایان بە

پێداگریی دەوڵەتانی عەرەبیی بەرەنگاری نەبێت بۆ چوونە ناو شەڕ، بەغدا ئامادە نابێت زۆرترین هاوکاریی سەربازی ببەخشێت. وەک چۆن لە ساڵی ١٩٧٣دا ڕووی دا. ئاستی متمانە و پابەندبوونی عێراق، دەکەوێتە سەر ئاستی کاریگەریی پەیوەندییە سیاسییەکانیان لەگەڵ لایەنە عەرەبە بەشداربووەکان.

کاریگەریی هەرێمی عێراق

٦١. ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ ئەو شێوازەدا دەگونجێت، کە ساڵی ڕابوردوو عێراق هەوڵی دا وێنەیەکی میانڕەویی سیاسی لە ناوچەکەدا و دەستوەرنەدان لە کاروباری دراوسێکانی، پیشان بدات. بەڵام ئێمە ئێستا ناتوانین پێشبینیی ڕاستیی ئەم ڕەوتەیان بکەین. تێگەیشتنی سەرەتاییمان ئەوەیە کە نزیکبوونەوەی بەغدا لە هەندێک دەوڵەتی عەرەبی و لە ئێستایشدا لە ئێران، دەرئەنجامی وەڵامدانەوەی فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە لەسەری و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی نیە لە سیاسەتی دەرەوەیدا.

٦٢. کارەکانی عێراق لە ڕابوردودا، وامان لێ دەکات باوەڕ نەکەین بەوەی سەددام حوسێن ڕەوشی نوێ پەسەند بکات. هەروەک دەبینین کاریزماتیکی و دینامیکیەتی ئەو، بەشێوەیەکی ئەرێنیی بەرچاو کاریگەریی داناوە لەسەر هەندێك سەرکردەی پارێزخوازی عەرەب و لە ناویشیاندا شای ئێران. دەرکەوتنی سەددام وەك بەعسیەک، دەری دەردەخات کە ڕادیکاڵێکی چالاکە و لە داهاتوودا دەست لەکاروباری وڵاتانی تر وەردەدات.

٦٣. پێمانوایە سەرکردایەتیی بەعسی عێراق؛ بە ڕادیکاڵی دەمێنێتەوە و پابەند دەبێت بەپیلانگێران بۆ لەناوبردنی ڕژێمە میانڕەو و پارێزخوازەکان لە نیمچەدوورگە و کەنداودا. ڕەنگە عێراق لە تاکتیکەکانیدا فێڵبازتر بێت و سیاسەتێکی دوو ڕەهەندی پەیڕەو بکات. نزیکبوونەوەی دیپلۆماسی لەگەڵ دراوسێکانی، بەڵام بەردەوام بێت لە دەستوەردان لە کاروباریان. لەئێستادا هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕووحی ئاشتبوونەوە کە لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا هاتووە، ڕەنگە بەغدا ڕاستەوخۆ تێوە نەگلێت وەك ساڵی ڕابوردوو لە پشتیوانیکردن لە هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتی یەمەنی باکوور و دامەزراندنی حکومەتێکی بەعسی لە شوێنی.

سیاسەتی تێکدان و دیپلۆماتیک

٦٤. دوای دەربازبوون لە شەڕی دژ بە کورد، ڕەنگە عێراق بڕیار بدات وزە و تواناکانی لەئۆپەراسیۆنی نهێنیدا چڕ بکاتەوە، کە ئامانج لێی فراوانکردنی هەژموونی خۆیەتی لەناو وڵاتانی نیمچەدوورگە و کەنداودا. پێشتر بەغدا بەم ئاستە توانای دارایی نەبووە بۆ پلاندانان بەم ئاراستەیە. داهاتە نەوتییەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٤دا گەیشتە ٦. ٥ ملیار دۆلار و بەشێوەیەکی بەردەوامیش لە گەشەسەندنداید. چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی ئەم دەیەیە، عێراق لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا؛ پێش ئێران بکەوێت.

٦٥. هاوتەریب لەگەڵ هێڵی نوێی میانڕەوی، ڕەنگە بەغدا لە سەرەتادا هەوڵ بدات لە ڕێگەی شانە بەعسییەکانی ناو وڵاتە بچووکەکانی کەنداو و زیادکردنی پاڵپشتی بۆ نەیارە ناوخۆییەکانیان، هەژموونێکی نهێنی بونیاد بنێت. جگە لەوەیش عێراق دەتوانێت بڕە پارەیەکی زۆر بۆ کاریگەریخستنە سەر فەرمانبەران و سیاسییە ناوخۆییەکان خەرج بکات، هەروەک چۆن باڵیۆزخانەکانی عێراق کارمەندی زیادە لە بوارەکانی هەواڵگری و ئاسایشیدا دادەمەزرێنن.

٦٦. لە هەمان کاتدا، پێشبینی دەکەین سەددام حوسێن بڕوای وا بێت کە ڕێککەوتنامەی جەزائیر هەڵوێستی بەرهەڵستکاریی پێشووی ئێرانی بێلایەن و سنووردار کردووە. هەر بۆیە هەوڵی نوێ دەدات بۆ دروستکردنی جۆرە ڕێکەوتنێکی سەربازیی هاوبەش، لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداوی عەرەبی (فارس). پێمانوایە پێشبینیی و ئەگەرێکی لەو شێوەیە ڕووبەڕووی هەمان هەوڵی ئێران و سعودیە دەبێتەوە. ئەمە سەرەڕای دوودڵی و خۆبەدوورگرتنی وڵاتە بچووکەکانی کەنداو.

٦٧. بەغدا لە ڕێگەی چۆنێتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ دراوسێکانی، دەردەکەوێت. تاقیکردنەوەی سەرەکییش لەسەری، بریتییە لە شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کوێت و سوریا. هەروەها ڕۆڵیان لە پاڵپشتیکردنی یاخیبووانی عومانی و نەیارەکانی دیکە.

هێزەکانی عێراق تا ئێستایش شریتێکی خاکی کوێتیان لەژێر دەستدایە، کە لە ئازاری ١٩٧٣دا دەستیان بەسەردا گرت. کوێتییەکان دەترسن بەغدا لە دوای ڕزگاربوونی لە دۆخی کورد، گوشارەکانی زیاد بکات بۆ دەستبەرداربوونی کوەیت لە سەر دوو دوورگە لە نزیک

بەندەری ئوم قەسر. کۆتییەکان چاوەڕێی هەردوو ئاراستەی (دەسپێشخەرییەکی دیپلۆماسی) و (نیشاندانی هێز لەسەر سنووورەکان) دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە. هەندێک لە سەرکردە عەرەبەکان. لەوانە سادات و بومەدیەن، ئارەزووی خۆیان بۆ نێوەندگیری نیشانداوە و شێوازی وەڵامدانەوەی بەغدا، ڕاستیی هەڵوێستەکەی دەردەخات.

بەغدا، هیچ ئارەزوویەکی نیشان نەداوە بۆ ڕاگرتنی کارە تێکدەرەکانی دژ بە ڕژێمی بەعسی ڕکابەر لە سوریا. ئەم جۆرە کارانە، بوونە هۆی ئەوەی سوریا لەم دواییانەدا ڕێژەی بەردانەوەی ئاوی کەم بکاتەوە و گەشتی دەریایی عێراق لە ڕێگەی بەندەری لازقییەوە سنووردار بکات. بۆ نیشاندانی پابەندبوونی بە پرەنسیپی تێوەنەگلان لەکاروباری وڵاتان، عێراق دەتوانێت پاڵپشتییەکانی بۆ یاخیبووانی هەرێمی زەفاری عومانی ڕابگرێت. بەڵام ئێمە پێمانوایە عێراقییەکان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە بە زیندووهێشتنەوەی یاخیبوونەکانی عومان، لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ یاخیبووانی یەمەنی باشوور، لە کاتێکدا خۆیان بەپەنهانی دەمێننەوە. عێراقییەکان پێیانوایە دەتوانن نکوولّی لە پاڵپشتیی دارایی و چەک و مەشق و ڕاهێنانەکان بکەن، بەڵام ڕەنگە تاکتیکی خۆیان بگۆڕن بەرەو تێکدانی سیاسی و تیرۆر لە باکووری عومان. ئەگەر ڕێککەوتنامەی جەزائیر پێوەر بێت بۆ سەرکەوتنی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران، ئەوا دەبێت بەغدا پاڵپشتییەکانی بۆ جوداخوازە ئێرانییەکان بوەستێنێت، لە کاتێکدا پێشتر بەغدا چاودێریی بەرەی ڕزگاریی خوزستانی دەکرد، بۆ هاندانی هەستی جوداخوازی لەناو عەرەبە ئێرانییەکاندا. هەروەها هاندانی بەرەی ڕزگاریی بەلووچ بۆ هۆزە بەلووچییەکانی نیشتەجێی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران. عێراق تەنانەت دەستی خستووەتە ناو کاروباری بەلووچەکانی ناو پاکستانیش.

دەرئەنجامەکان سەبارەت بە سوریا

٦٨. مامەڵەی بەغدا لەگەڵ سوریا، لە ژێر چاودێرییەکی وردا دەبێت. ئێستا پەیوەندییەکانیان لە خراپترین ئاستدایە. دیمەشق و بەغدا ڕکابەری دەکەن بۆ سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی بەعس. هەواڵی ڕێکەوتنی ئێران و عێراق بەلای سوریاوە ناخۆش بوو. سوریا پێی باش بوو بەغدا سەرقاڵی کورد بێت. سوریەکان چاودێری دەکەن، عێراقیەکان هێرشی پڕوپاگەندە دژی بەشداریکردنی سوریا لە

پڕۆسەی ئاشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن، کە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت. وا هەست دەکەن عێراق ئامادەیی زیاتری هەیە بۆ کۆدەتاکردن بەسەر ڕژێمی سوریدا.

٦٩. وا دەردەکەوێت کە سوورییەکان؛ پاساوی نیگەرانییان هەبێت لە ڕژێمی عێراق، چونکە لە ناوەڕاستی مانگی ئادارادا کارمەندێکی گرنگی حیزبی بەعسی عێراقی وتی: ڕەنگە ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەستی بەغدا والا بکات، بۆ پلاندارشتن بەمەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێك. یەکێک لەو ئامانجانە، هێنانی حکومەتێکی نوێ بۆ دیمەشق کە زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ بەغدا لەڕووی ئایدیۆلۆژیەوە.

٧٠. سەرەتای مانگی نیسان، عێراقیەکان بابەتێکی پێشووتریان وروژاندا کە گوایە دیمەشق ڕێکەتننامەی ئاویی پێشێلکردووە، کاتێك هەڵساوە بە گۆڕینی ئاراستەی ئاوی ڕووباری فورات. سوریەکان ئەو تۆمەتەیان ڕەتکردەوە، بەڵام بەنهێنی ئەوەیان وروژاند کە ئەوان ئەو هەنگاوەیان ناوە بۆ ئەوەی بەغدا دەست لەکاروباری وڵاتەکەیان وەرنەدات. چەند هەفتەیەك لەوەوپێش دەسەڵاتی سوری نزیکەی ٢٥٠ - ٣٠٠ ئەندامی حیزبی بەعسیان دەستگیرکرد، بەتۆمەتی پلانگێڕی بە یارمەتیی عێراق بۆ وەدەرنانی حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا.

شانشینی عەرەبی سعودیە.

٧١. پێگەی سعودیە.

ڕێککەوتننامەکە ئازادییەکی زیاتر دەبەخشێتە سەرکردایەتییە نوێیەکەی ڕیاز، بۆ گەڕان بەدوای پەیوەندییەکی باشتر و ئاڵۆزتر لەگەڵ ئێران. لە ساڵی ڕابوردوودا و لە کاتی گرژییەکانی نێوان تاران و بەغدا، عێراق هەر جووڵەیەکی لەو شێوەیەی سعودیەکانی وەک نیشانەی تێکدانی یەکڕیزی عەرەبی لە قەڵەم دەدا. سەرەڕای نیشانەکانی گەرمبوونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و سعودیە، وەک دەوترێت (سەددام حوسێن و شازادە فەهد بەم زووانە سەردانی یەکتری دەکەن و کێشە سنوورییەکان چارەسەر دەکەن)، بەڵام سعودیەکان دەترسن عێراقێک کە لە شەڕی کورد ڕزگاری بووە، ئێستا بتوانێت سەرنج و تواناکانی بخاتە سەر کاروباری کەنداوی عەرەبی (فارس).

گرەوی میسر

٧٢. ڕۆڵ و هەوڵی میسر لە چەسپاندنی ڕێکەوتنەکەی عێراق و ئێران، بە ئامانجی ئەوەیە هەوڵی زیاتر بدات بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی میسر لەگەڵ تاران و بەغدا. سادات زۆر پشت بە هاوکارییە ئابوورییەکانی هەردوو وڵات دەبەستێت، بەتایبەتی ئێران. میسر زیاتر لەوەیش ئێران وەک هاوبەشێکی گرنگ دەبینێت و عێراقیش وەک ئامانجێکی سەرەکی بۆ هەوڵەکانی، بەمەبەستی چەسپاندنی میانڕەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٧٣. ناکۆکیەکانی نێوان ئێران و عێراق، کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم هەوڵەکانی هەردوولا (ئێران و میسر). بێگومان سادات هەستی دەکرد کە پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ تاران، دەبێتە مەترسی بۆ سەر هاوکارییەکانی عێراق و ڕێگر دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ چەسپاندنی میانڕەوی لە ناوچەکەدا. بەتایبەت دژایەتیەکانی عێراق بۆ دانوستانەکانی ئاشتیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل. هەرچۆنێک بێت تا ئەوکاتەی تاران لەگەڵ دەوڵەتێکی عەرەبیدا لە کێشەدا بێت، ئەوا میسر لەلایەن ڕادیکاڵەکانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە، بەهۆی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ئێرانێکی نا-عەرەبی. سادات باش دەزانێت کە چارەسەری کێشەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و کۆتاییهاتنی شەڕی کورد، هێزەکانی عێراق ئازاد دەکات و دەتوانن بەشداری لە هەر شەڕێکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن. ڕەنگە هیوای ئەوەیشی هەبێت کە باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا، عێراقییەکان قایل بکات بەشداری لە بایکۆتی نەوت بکەن، ئەگەر شەڕ هەڵگیرسایەوە. (سەرەڕای دەنگۆی زۆر، بەڵام بەغدا لە ساڵی ١٩٧٣دا زۆر پابەندی بڕیاری بایکۆتی ئۆپێک نەبوو).

٧٤. هیوای سادات هەرچییەک بێت، وا دیار نییە بەغدا پاداشتی نێوەندگیرییەکەی قاهیرە بداتەوە، بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی نەرم بەرانبەر دانوستانەکانی عەرەب و ئیسرائیل. بەغدا سوود لە هەڵوێستە تونdeکەی دەبینێت و لە هەمان کاتیشدا هیچ زیانێکی ڕاستەقینەی پێ ناگات، لانی کەم تا ئەوکاتەی دانوستانەکان چەقبەستوون. ڕەنگە عێراقییەکان وا بزانن کاتێک هەستیان بە بەرەوپێشچوون کرد لە چارەسەرەکاندا، ئینجا دەتوانن پەیوەندی بە تیمی دانوستانکارەوە بکەن.

٧٥. لە ئێستادا، عێراقییەکان هاوپەیمانی ئەو گرووپە گیانبازانەن (فیدائی)، کە بەشداری لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین (PLO) ناکەن و دانوستان ڕەت دەکەنەوە. بەڵکو پێیان باشە ڕۆڵی پێچەوانە بگێڕن. ئەم هەڵوێستە، بەوە پاساو دەدەن ئەگەر میسر یان سوریا دەستبەرداری ڕێگەی ئاشتی بن بۆ گەیشتن بە چارەسەر لەگەڵ ئیسرائیل، ئەوا ئەو هەڵوێستەیان دەیانکاتە پێشەنگی جیهانی عەرەبی و ووەک نوخبەیەک دەردەکەون، کە سازش لەگەڵ دوژمندا ناکەن. ئەگەر ئەمەی بۆ چووە سەر، ئەوکات عێراق بە عەرەبەکانی تر دەڵێت هەڵوێستە ڕادیکاڵەکەی دروست بووە. ئەو دەم بەغدا سواری شەپۆلی ڕادیکاڵیزمی چاوەڕوانکراوی ڕای گشتیی عەرەبی دەبێت، دژ بە ئیسرائیل و ڕۆژاوا.

هیواکانی جەزائیر

٧٦. بەهۆی ڕۆڵی بومەدیەن لە ڕێکخستنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر و سەرەڕای دووریی لە بەرەکانی جەنگ، بێ گومان ئەو چاوەڕێی هاوکاریی دارایی و پاڵپشتیی سیاسی دەکات، بۆ پێشنیازەکانی سەبارەت بە سیستمێکی نوێی ئابووری. ئەو، پێویستی بە پارەیە بۆ دابینکردنی بودجەی پلانی گەشەپێدانی چوار ساڵەی وڵاتەکەی. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن جەزائیر داوای ٥٠ ملیۆن دۆلاری لە عێراق کردووە و ڕەنگە هەمان هەوڵی لەگەڵ ئێرانیش دابێت. بومەدیەن، هیواداڕە عێراق و ئێران پاڵپشتیی دیدگاکانی بکەن لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، سەبارەت بە گفتوگۆکانی نەوت لەگەڵ بەکاربەران، بەجۆرێک کە گفتوگۆکان هەموو کەرەستە خاوەکانی تریش بگرێتەوە نەک تەنها نەوت. نرخەکانیش ببەسترێنەوە بە ڕێژەی بەرزبونەوەی نرخ و هەڵئاوسانی دراوی جیهانییەوە. هەروەها داوا دەکات هەموو وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان، کار بکەن بۆ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵ لە سیستمی ئابووریی جیهانیدا لە مانگی ئەیلوولی داهاتوودا، لە میانی خولی حەوتەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کۆتایی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی (CIA).